کۆماری فیدراڵی عیراق
حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی کۆیە

# بنیات و ناسنامەی نەتەوەیی
# لە ڕۆمانەکانی یەشار کەمال دا

تێزێکە پێشکەش بە فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیی و کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی کۆیە کراوە
وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا

**کارزان محسن قادر علی**

لەساڵی ( ٢٠٠٨ ) لە کۆلێژی زمان / زانکۆی سەڵاحەددین
ماستەری لە ( ئەدەبی کوردی دا ) وەرگرتووە

بەسەرپەرشتی :

**پ.د. هیمداد حسێن بکر**

نەورۆزی ٢٧١٢

# دەروازە

## پوختەی ژیانی کۆمەڵایەتیی یەشار کەمال

یەشار کەمال، ناوی تەواوی ڕاستەقینەی (کەمال صادق گوێچکەلی)یە، لە ساڵی ١٩٢٣ لە دایکبووە و دایك و باوکی لە ڕەسەندا خەڵکی گوندی ئەرنیسی سەر بە شارۆچکەی مورادییەی سەر بە پارێزگای (وان)ە. ڕۆماننووس، کوڕی یەکێکە لەو کوردانەی باکووری کوردستان کە لە دەڤەرەکەدا بە موڵکدارێتی زەوییەوە دەناسرێنەوە. لەتەمەنی چوارساڵیدا باوکی لە کاتی نوێژکردنی شێوان، لەنێو مزگەوتدا لە لایەن کەسێکەوە بە خەنجەر دەکوژرێت. ئا لەم کاتەدا یەشار کەمال لە تەنیشت باوکییەوە وەستابوو، بۆیە کارەساتێکی لەم چەشنە بە درێژایی شەو ڕۆماننووس دەگریەنێت و دەیکرووزێنێتەوە، و دڵی گڕدەگرێت و دەسووتێت، لە هەمانکاتدا ئەم کارەساتە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕۆماننووس لە زمان بکەوێت و تا تەمەنی دوانزە ساڵان نەتوانێت قسە بکات و بدوێت.

ناخۆشی و چەرمە سەرییەکانی منداڵێتی ڕۆماننووس درێژەی دەبێت و بەردەوام دەبێت، بە تایبەت ئەو کاتەی پێش مردنی باوکی، ساڵانە باوکی قوربانیی بۆ کردووە و لە کاتی قوربانیکردنەکە لە حەوشەی ماڵەکەیاندا، مێردی پووری مەڕێکی سەربڕیبوو و خەریکبوو پێستی دەگوراند و چەقۆ لەسەر پێستەکە دەخزێت، و شوێنی یەشار کەمالیش بەردەمی مێردی پوورییەتی، بۆیە چەقۆیەکە کوێرانە بەرچاوی دەکەوێت و ڕۆشنایی لە چاوی ڕاستی دەسەنێتەوە و ئێستاشی لەگەڵدابێت بەم شێوەیە ژیان دەباتەسەر.

مامۆستا هەرە سەرەتایی و گرنگەکانی ڕۆماننووس ئەو شاعیر و بەیتبێژ و داستانگێڕەوە و ئەفسانگێڕەوە میللییانەن کە گێڕانەوەی بابەت و بەسەرهات و ڕووداوەکانییان چەند ڕۆژێك دەخایەنێت. بێگومان ئەم مامۆستایانەش ڕۆڵی پڕ بایەخییان بینیووە لە ناسراوی و هونەرمەندێتی و دەسترەنگینی لە بواری گێڕانەوە و نووسیندا.

ڕۆماننووس، کەسێك بووە خودی خۆی، ڕۆڵی هەبووە لە پێگەیاندنی خۆیدا، نەوەك هەندێك کەس دەستییان هەبێت و جێ پەنجەیان دیار بێت لە پێگەیاندنی ئەودا، بۆیە باوەڕێکی پۆڵایینی بە توانا و لێهاتوویی خۆی هەبووە و هەرگیز سڵی لە هیچ شتێك نەکردۆتەوە، و گوێی سووك بووە بۆ ئەو شتانەی کە گوێبیستی بووە، و چاوی تیژ بووە بۆئەوشتانەی کە بەرچاوی کەوتوون و لەگەڵ خەیاڵی بەرزە فڕانەی خۆیدا توانیوویەتی بە ئاسانی بیانگونجێنێت.

یەشار کەمال، هەر لە زوودا دڵی بۆ خوێندن و خوێندنگە لێدەدات و دەڵێت : لە خەیاڵی خۆمدا دەمگوت خۆم لە قوتابخانە ناونووس دەکەم، بەسێ مانگ دەبم بە خوێندەوار و ئیدی هەرگیز شیعر و بەیت و باڵۆرەکانم لە بیر ناچێتەوە، چونکە دەیاننووسمەوە. گوندی ئێمە کەسی خوێندەواری تێدا نەبوو تەنانەت مەلای گوندیش نووسینی نەدەزانی.

ڕۆماننووس، بە هۆی ئەوەی لە تەمەنێکی زۆر زووی منداڵیدا، باوکی لە ژیاندا نامێنێت و بۆشایی و کەلێنێك لە ژیانیدا دروست دەبێت، بۆیە بەردەوام لە هەوڵی ئەوە دەبێت ئەو کەلێن و بۆشاییەی کە لە ژیانیدا هەیەتی لە ڕێگەی زیاتر هۆگری و متوو بوون بۆ دایکی پڕیان بکاتەوە، بە تایبەت دایکی کە بە ئازایی و بوێری و بەیتبێژی و سەنگینی ناوی دەرکردبوو. بۆیە لە بارەی دایکییەوە دەڵێت : تورکی باش نەدەزانی و دەتوانم بڵێم لە چیرۆکبێژێك جوانتر بە کوردی قسەی دەکرد. ئەو هەر کاتێك چیرۆك، یا بەسەرهات، یان ڕووداوێکی دەگێڕایەوە هەمووانی کەڕ و لاڵ دەکرد و وای لێیان دەکرد سەیری دەمی ئەو بکەن، منیش شەیدای گێڕانەوەکانی بووم و دەکەوتمە بەر ئەفسوونییان. ئێستاش دووای ئەم هەموو ساڵە دابڕانم لە زمانی کوردی، توانای تێگەیشتنم لە کوردی و کەمێك کوردی زانینم لە سایەی دایکمەوەیە.

قۆناغی ژیانی گەنجی ڕۆماننووس، لە ڕووی ناخۆشی و چەرمەسەری و هەژارییەوە چی کەمتر نەبووە لە قۆناغی منداڵیی و هەرزەیی بۆیە لەم قۆناغەدا بەس خودا دەزانێت چەند جۆرە کاریکردووە هەندێك لەوکارانە ( بۆیەچی، شوفێری تراکتۆری، کرێکاری نێو مەزراکانی کشتوکاڵی، سکاڵانووسی، پسوولەگێران، ماسیگری، ڕاپۆرتنووسی، ڕۆژنامەنووسی... هتد ). سەرەڕای ئەم هەموو ناخۆشییە و بەدبەختییە، ڕۆماننووس زیندانەکان دەبنە ماڵی دووەمی و پێیەکی لە ژیان دادەبێت، و پێیەکیتری لە زیندان دادەبێت. ئەویش بە هۆی بیروباوەڕی و سیاسییەوە.

بۆیە لە بارەی کەسایەتیی خۆیەوە دەڵێت : من کەسێکی برووسکئاسام، بەڵام وەك کۆمەڵانی خەڵك ناتوانم لە بەرامبەر ترسەکانم ڕابکەم و خۆم قوتاربکەم. نزیکەی نیو سەدە لەگەڵ ( تیلداسێرۆی) هاوسەری، لانەی ژیانی پێکهێناوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠١، هاوسەرەکەی کۆچی دوایی دەکات. یەشار کەمال وەك کوردێك، هەمیشە ئارەزووی ئەوەی هەبووە کە باڵدارێکی وەکو کەو بەخێو بکات و لەمەشدا کەو ڕەمزێکی نەتەوەیی کوردانە، و وەك چۆن تاکی کورد تایبەتمەندی مرۆڤ دۆستانەی هەیە، ئەوە ئاواش باڵدارێکی وەکو کەو حەز بەوە دەکات پەیوەست بێت بە مرۆڤەکانەوە. بۆیە دەڵێت : کەو لە باڵندەکانیتر ناچێت، هەر ئەوەندەی ئالۆودەی مرۆڤ بوو ئیدی لێی جیا نابێتەوە. کەوی من چ لە کێڵگە و چ لە ناو گوند هەمیشە بە دووامەوە بوو هەندێکجار خۆم لە پشت دارەکانەوە دەشاردەوە بۆ ئەوەی سەر لە کەوەکەم بشێوێنم، بەڵام دواجار ئەو منی دەدۆزیەوە. زۆر کەوم بەخێوکرد، بەڵام مردار بوونەوەیان ئازارێکی سەختی پێدەگەیاند.

ڕۆماننووس، لەسەر زاری خۆیەوە دان بەوە دەنێت گەورەترین خەون و خەیاڵی ئەوە بووە ببێت بە زانا. بۆیە دەڵێت : گەورەترین خولیا و خەیاڵم ئەوەبوو ببم بە زانا و بتوانم توێژینەوە لەسەر فۆلکلۆر و ئەتنۆگرافیای دنیای ڕۆژهەڵات بکەم. دەمویست بۆ ئەم مەبەستە ئامادەیی و زانکۆ تەواو بکەم و فێری زمانێکی ڕۆژئاوایی ببم. زۆر هەوڵمدا لە خوێندن بەردەوام بم. بەڵام کردم نەمکرد هەلم بۆ نەڕەخسا و خۆم لە کێڵگەکانی چکورئاوا دۆزیەوە.

خاڵی وەرچەرخان لە کۆی جومگەکانی ژیانی یەشار کەمال، لەو کاتەوە دەستپێدەکات، بە سەرکەوتوو دەناسرێت بە تایبەت دووای بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی (حەمەدۆك) بە شێوەی زنجیرەیی لە ڕۆژنامە و دواتر چاپکردنی بە کۆکراوەیی. لەم ڕووەوە ڕۆماننووس شانازی بە بەرهەمەکانییەوە دەکات و دەڵێت لە دوای نووسینی

ڕۆمانی (حەمەدۆك) موە تا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت بە داهاتی بەرهەم، یاخود ڕۆمانەکانم ژیان دەگوزەرێنم، بوون بە سەرچاوەی بژێوی ژیانم. لەساڵی ٢٠٠٢ ڕۆماننووس بۆ دووەمین جار ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ (ئایشە سەمیحە بابانی نەوەی عەبدوڵرەحمان پاشای بابان) پێکهێناوە. لە ئێستاشدا هەردووکیان لە ماڵێکی دڵگیری کەناری تەنگەی بۆسفۆردا لە (ئیستەنبۆڵ) دا ژیان بەسەر دەبەن.

## هەڵوێستە نەتەوەییەکانی یەشار کەمال لەبارەی دۆزی ڕەوای نەتەوەکەیەوە

ئاشکرایە زۆربەی بەرهەمەکانی یەشارکەمال، بە شێوەیەك لە شێوەکان گوزارشتی لە تاك و نەتەوەی کورد کردووە، و ناسنامەی بەشێك لە کارەکتەرەکانی ناسنامەیەکی ناسراوی کوردانەیە. کوردێك کە بە درێژایی مێژوو لە باکووری کوردستان ڕووبەڕووی ململانێیەکی خوێناوی بۆتەوە و گەلێك قوربانی لە پێناو دۆزە ڕەواکەی داوە. واتە لەگەڵ ئەوەی بەرهەمەکانی ڕۆماننووس بە زمانی کوردی نین و بە تورکی نووسراون، بەڵام هەرگیز پەرۆشی و خەمی بۆ نەتەوەکەی فەرامۆشنەکردووە و نەیشاردۆتەوە، و بە قووڵایی چۆتە نێو ناخی کۆمەڵگەی کوردییەوە.

سەرەتای بەرەنگاربوونەوەی دەوڵەتی تورك لە هەمبەر ماڵبات و بنەماڵەی یەشار کەمال لەو کاتەوە دەستپێدەکات کە ماڵی باوکی بە زۆری دووچاری ڕاگوێزان دەبنەوە لەسەر دەستی دەوڵەتەوە، بە بیانووی ئەوەی بەشداری شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانی ـ یان کردووە. بۆیە لە ( وان ) موە بۆ (ئەدەنە) بە زۆرەملێ دەگوێزرێنەوە.

بۆیە ڕەخنەگران، دەنگی یەشار کەمال بە دەنگێکی هەرە بەرز و ناڕازی هەژماردەکەن دژی دەسەڵاتی زەوتکەری تورك، نەك هەر دەرهەق بە کوردەکان، بەڵکو دەرهەق بەو نەتەوە و کەمەنەتەواییانەی لە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکیدا دەچەوسێنرێنەوە. هەروەها پێیانوایە ڕۆمانەکانی جەخت لەپێوەلکانی مرۆڤ و خاکەکەی دەکاتەوە، و لەڕێی وەسپەکانییەوە ئەو خۆڵ و قوڕەی خاك لە سەر جلوبەرگی کارەکتەرەکان دەبینرێت. خوێنەریش دەتوانێت لە ڕێی ئەو کارەکتەرانەوە بۆنی ئەو خۆڵ و خاك و قوڕە بە ئاسانی هەڵمژێت. لەئەنجامی ئەو سیاسەتە چەوتەی دەرهەق بە ڕۆماننووس گیراوەتە بەر، ڕۆماننووس خۆی بە سەگێکی بەرەڵا بەراوورد دەکات و دەڵێت : منیان وەك سەگ لە چقورئاوا وەردەرنا و ماوەی چەندین ساڵ لێی دووربووم، کارێکم دەدۆزییەوە و شوێنپێی خۆم وون دە کرد. هەفتەیەك دە ڕۆژ دواتر، پۆلیس، جەندرمە یان هەر زەقنەبووتێکیتر دەهات و منی لە کار بە دەرکردن دەدا. ڕۆژی دە دوازدە سەعات و لە ژێر چل – چل و پێنج پلەی گەرمادا پاڵەییم دەکرد. تەنانەت نەیان دەهێشت لەوێش ئاسوودە بم.

ڕۆماننووس، دەوڵەتی تورکیای ئێستا بە دەوڵەتی عوسمانی نوێ ناودەبات و جەخت لەوە دەکاتەوە ئێستاشی لەگەڵدابێت هیچ گۆڕانێکی ڕیشەیی لە چوارچێوەی ئەم دەوڵەتە دا بە دیناکرێت و کوردیش بە بەردەوامی دەچەوسێنرێتەوە، بۆیە لای وایە کە سیاسەتی تووڕەیی و زەبر و زەنگ و توندوتیژی و ڕەتکردنەوە لە تورکیادا،

هەواڵنامەی کتێب

هەرگیز ناتوانێت نەتەوەیەکی زیندووی وەکو کورد لە نێو ببات. بە واتای با دەریاچەکانیش وشکبن، بەڵام ماسییەکانی نێویان هەر زیندوون و نەمردوون.

لێدوان و دیدار و گفتوگۆ و دەرکەوتنەکانی یەشار کەمال، هەمیشە بە ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی و بوێری و ڕوونی دەناسرێتەوە، کەچی دەوڵەتی تورکیا بە هەستیارییەکی زۆرەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. بە تایبەت ئەو کاتەی باس لە چارەنووسی دەوڵەتی تورکیا دەکات لە چوارچێوەی یەکێتی ئەورووپادا. پێیوایە تورکیا هیچ هیوا و ئاواتێکی نەماوە بۆ گەیشتن بە یەکێتییەکە، و خودی یەکێتییەکەش پاشکۆی دەوڵەتە زلهێزەکانە. چونکە وایدەبینێت کە دەوڵەتی تورکیا هەر دژی کورد ناجەنگێت، بەڵکو دژی هەموو ڕۆڵەکانی وڵاتەکەی دەجەنگێت بە شێوە و شێوازی جیاجیا. بۆیە دەڵێت : هەردەم دەبینە چەنگاڵێك لە نێوی چاوی ئەوانەی کە خۆیان بە بەهێز دەزانن.

یەشار کەمال، ئەزموونی دیموکراسی تورکیا دەخاتە ژێر پرسیار و گومانی خراپەوە کە خۆیان بانگەشەی بەدیموکراسیبوون و بە دامەزراوەیبوونی دەوڵەتەکەیان دەکەن. لەم ڕووەوە دیموکراسیخوازانی تورکیا لە تێکۆشانی چەندین ساڵەی ڕابردوویاندا لە پێناو دیموکراسیدا تێکشکاو بوون و نەیانتوانی ئەدای دیموکراسی بکەن. ئەگەرچی خۆیان وا پیشانداوە دەوڵەتەکەیان لەسەر بنەما و بنەڕەتی دیمەکراسییەوە بەڕێوەدەڕوات. بەڵام تورکیا هیچ کاتێك نەیتوانیووە خۆی لە مۆتەکەی گوتاری فاشیزمی ڕزگاری ببێت، ئارێشە و کێماسییەکان ئەم وڵاتەش بۆ گوتارێکی لەم شێوەیەو هاوچەشنەکانی دەگەڕێتەوە. لە هەمانکاتدا ئەو ئابڵووقە هزری و ڕۆشنبیری و ئەدەبییانە بۆ نائامادەیی و نە بوونی دیموکراسی و ئازادی ڕادەربڕین دەگەڕێنێتەوە.

ڕۆماننووس، ڕەخنەیەکی توند ڕووبەڕووی میدیا و میدیاکارانی تورك دەکاتەوە پێیوایە ئەوان هەمیشە ڕێبازێکی چەواشەکارانە دەگرنە بەر بۆ وازیکردن و شێواندنی دۆزی ڕەوای کورد لە تورکیادا، و هەموو کات لە هەوڵی ئەوەدان دادپەروەری و ڕاستییەکان بە لا ڕێدا ببەن و دۆخەکە هێندەیتر ئاڵۆز و پڕ تەمومژ بکەن.

یەشار کەمال، بە ئەدیب و ڕۆشنبیرێکی ئاشتیخواز ناسراوە، و بەردەوام لە هەوڵ و تێکۆشان دابووە بۆ ئەوەی ئاشتی باڵبکێشێت بە سەر دەوڵەتی تورکیادا، و لەم سۆنگەیەشەوە کوردە بێتاوان و خێر لە خۆ نەدیوەکان چیتر نەبنە سووتەمەنی سیاسەتی شەڕانگێزی چەند کەسانێك کە بەرژەوەندییە تەسکەکانییان لە شەڕ و شۆڕ و کوشتن و بڕین دەبیننەوە. بۆیە گوتاری خۆی ئاڕاستەی دەوڵەتی تورکیا دەکات و پێیاندەڵێت: داوا لە دەوڵەتی تورکیا دەکەین، هەل ودەرفەتەکان بقۆزێتەوە و بوار بۆ کورد بڕەخسێنێت، بۆ ئەوەی ئەوانیش چیتر وەك دوژمن سەیر نەکرێن، و ببنە هاونیشتمانییەکی ئاسایی لەو وڵاتەدا. واتە چارەسەرکردنی کێشە و دۆزی ڕەوای کورد بە پێویستییەکی هەنووکەیی دەزانێت، و بە مەرجێك بە یەکجارەکی کۆتایی بەسەر لەبەری نەهامەتییەکانی گەلی کورد بهێنرێت، و ململانێ و شەڕە خوێناوییەکان ببڕای ببڕ ببڕێتەوە.

لەدرێژەی گوتارەکەیدا دەڵێت : هیچ ماقووڵ نییە مافی چەندین ملیۆن لە کورد پێشێل بکرێت و کێشە و دۆزە ڕەواکەی بە هەڵواسراوی بمێنێتەوە. بەڵێ ئەم بیر و بۆچوونانەی ڕۆماننووس بە ئاشکرا لە ڕۆژنامەی (ڕادیکالی) تورکییدا بە ڕاشکاوی و بە بێترس و دڵەڕاوکێ بڵاوکرایەوە و دەنگیدایەوە. ڕۆماننووس بەردەوام دەبێت و دەپرسێت: بۆ ئیتر کوردەکان نەگەڕێنەوە زێدی باوباپیرانی خۆیان ناوچە پان و فراوانەکانییان ئاوەدان نەکەنەوە؟

تاکەی کوردەکان لەسەر لووتکەی چیاکان بمێننەوە و هەر لەوێدا ژیان بگوزەرێنن ؟ بۆ کورد لەمەودا بە ئازادانە هەناسە هەڵنەکێشێت و بە ئازادی زمان و رۆشنبیریان بڵاونەکەنەوە؟ بێگومان ئەم گوتار و هەڵوێستەی یەشار کەمال بە ئاسانی و ئاسایی لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە پێشوازی لێناکرێت و ناتوانن بە گیانێکی تەباییانە وەریبگرن، بۆیە لەمبارەیەوە کاردانەوەی توندییان دەبێت و ئەمە بە گیانێکی جوداخوازی و دەوڵەتداری بۆ بەرژەوەندی کورد لێکدەدەنەوە. بۆ ئەمەش چەند سەرکردەیەکی تورك دێنە وەڵام و دەڵێن : ئەگەر داواکاری و مافەکانی کوردمان جێبەجێکرد، ئەوا دواتر سەربە خۆیی دەبێتە ئامانجییان.

لێرەدا داواکاری و مافەکانی کورد دەتوانین لەمەدا چڕ بکەینەوە، کورد هەوڵ بۆ ئەوە دەدات ببێتە داکۆکیکار لە زمانەکەی و چیتر لە خاکەکەی هەڵنەکەنرێت و بە چاوێکی دوژمنکارانە لێینەڕوانرێت.

هەروەها یەشار کەمال دەوڵەتی تورکیا بە نموونەیەکی خراپی ئەو وڵاتانە دێنێتەوە کە بانگەشەی دیموکراسی و ئازادییەکان دەکەن. لەم ڕووەوە ئەمە ڕووندەکاتەوە و دەڵێت : سەیرە وڵاتێکی وەك تورکیا خۆی بە وڵاتێکی دیموکراسی دەناسێنێت، کەچی کوردەکان داوای کۆمەڵێك مافی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ئاسایی خۆیان دەکەن، لە کاتێکدا تورکیا بە دوژمن لێیاندەڕوانێت و بە داواکاری ناڕەوا و نا بەجێیان دادەنێت. بە ڕاستی مایەی پێکەنینە و هیچ دەوڵەتێك لە جیهاندا نییە کە مافی چەندین ملیۆن لە مرۆڤەکان پێشێڵ بکات جگە لە دەوڵەتی تورکیا نەبێت.

توانا و توانستی ڕۆماننووس، بە ڕادەیەکە دەتوانێت لە ڕێگەی چەند وتار و گوتارێك سەرلەبەری حوکمەتی تورکیا ڕابچەڵەکێنێت و بیانهەژێنێت. بە تایبەت هەردوو وتاری (مەزراکانی مردن) کە لە گۆڤارێکی ئەڵمانی بە نێوی (دێر شپیگڵ) کە گۆڤارێکی پڕ فرۆش و خوێنەرە، و هەروەها وتارێکیتر بە ناوی (هەورە ڕەشەکانی ئاسمانی تورکیا)، بە تەواوەتی و ڕاشکاوی پەنجە بۆ تاوان و کوشتن و بڕینی تورکەکان درێژ دەکات کە دەرهەق بە کوردەکان ئەنجامییانداوە و ئەنجامییدەدەن. ئەم وتارە پڕ لە بڵێسانەی یەشار کەمال، ناوەندە ڕۆشنبیری و کولتووری و ڕاگەیاندنەکانی تورکیا و ئەڵمانیا بێدار دەکاتەوە و دەیانهەژێنێت، چونکە نێوەڕۆکی ئەم وتارە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە نەتەوەی کوردەوە لە باکووری کورستان. ڕۆماننووس لەم وتارە سیاسییەدا کۆمەڵێك پرسی هەستیاری تایبەت بە گەلی کورد دەوورووژێنێت لە وڵاتی تورکیا، و کە لەگەڵ ئەوەشدا وڵاتانی جیهان لە هەمبەریدا خامۆشییان هەڵبژاردووە و بەڵکو زۆرجار دەچنە بەرەی ناهەق و ناڕەواییەوە. دەکرێت نێوەڕۆکی ئەم وتارانەی ڕۆماننووس لە چەند خاڵێکدا چڕ بکەینەوە

- ڕۆماننووس ئەوە ڕووبەڕووی تورکیا دەکاتەوە کە مافی کوردەکان لەم وڵاتەدا تا سەر ئێسقان خوراوە و زەوتکراوە.

- زمان و ڕۆشنبیر و کولتوورییان بۆ ماوەیەکی زۆر بەر لێدان و گورزی کاریگەر بۆتەوە تاڕادەی تێکشکاندن.

- ڕۆماننووس، کار و چالاکییە وێرانکارییەکانی سوپای تورکیا بە شتێکی قێزەون و ئابڕووچوون دادەنێت، و نموونەی بۆ قێزەونی و بێ ئابڕوویی کاوڵکردن و سووتاندنی نزیکەی دووهەزار گوندە لە باکووری کوردستان.

-   نزیکەی حەفت تا هەشت ملیۆن، هاونیشتمانییانی کورد لەم وڵاتەدا کۆچییانکردووە و ڕەهەندەی وڵاتانی جیهان بوونە. ئەویش بە هۆی ئەو سیاسەتە نا هاوسەنگ و توندوتیژەی کە وڵاتێکی وەك تورکیا پێڕەوی دەکات.

-   ڕۆماننووس لەم وتارانەیدا، باس لەو تاوان و کوشتن و بڕین و تیرۆرە دەکاتەوە کە ڕووبەڕووی نەتەوەیەکی بێتاوان و ستەمدیدە بۆتەوە. بارودۆخێکی خراپ و ترس و دڵەڕاوکێ و پڕ لە هەڕەشەی لەم شێوەیە، هەر خەڵکە ڕەشۆك و هەژار و ئاساییەکەی نەگرتۆتەوە، بەڵکو بەشێك لە نووسەر و پارێزەر و ڕۆژنامەنووس و ئەدیب و پەرلەمانتارانی کوردیش لەم ڕووەوە بوونەتە قوربانی سیاسەتە چەوتەکانی تورکیا.

-   کوردەکان، لە ماڵ و حاڵی خۆیان بێبەشکران و بوون بە بێگانەی ماڵی خۆیان، و چەندییان بە هۆی برسێتی و تێنووێتی و خراپی باری تەندرووستی و گوزەرانێکی خراپ بە هەناسە ساردی سەرییان نایەوە، هەروەها هەندێکیشیان ڕفێندران و شوێنبزرکران و چارەنووسییان بە نادیاری ماوەتەوە.

-   بەشێکی زۆری سروشتی باکووری کوردستان شێوێندراوە و سووتاوە چەندین دارستان و ڕەز و باغ سووتاو و بڕاون، کۆمەڵێك سەرچاوەی ئاو کوێر کراونەتەوە.

-   لە کۆتاییشدا ڕۆماننووس، تیشك دەخاتە سەر ئەوەی داننانی تورکیا بە کۆی مافی دانیشتوان و داننان بە مافی نەتەوە و کەمە نەتەوەییەکانیتر، خاڵێکی گرنگە بۆ پێکهاتەی مانەوەی تورکیا. هەروەها دەڵێت : تورکیا هیچ هیوا و ئاواتێکی بۆ دیموکراسی نابێت لە ئاییندەدا، تاوەکو دۆزی کورد بە ڕێگەیەکی ئاشتییانە چارەسەر نەکات.

دوا بە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم وتارانە و هەڵوێستە پڕ لە بوێری و ڕاشکاوانەی یەشار کەمال، حوکمەتی تورکیا نێوبراو ڕووبەڕووی دادگە و سزا دەکاتەوە، و بەوە تاوانباری دەکەن کە یاری بە ئاگر دەکات و دەستخاتە نێو ئاسایشی نەتەوەیی تورك، و دەیەوێت بەرەو هەڵدێری بەرێت. لە هەمانکاتدا دادگە سزای ساڵێك و هەشت مانگ بەندکردنی بەسەر دەسەپێنێت، و قەدەغەی دەکات لە نووسین و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی، بەڵام خۆشبەختانە بڕیاری سزادانەکەیان بۆ نەچووە سەر، ئەویش بە هۆی ئەوەی سەدان لە نووسەر و ڕووناکبیر و ئەدیبانی کورد و تورك و جیهان پشتگیرییان لە یەشار کەمال کرد و پشتییان لە دەسەڵاتدارانی تورك کرد، بۆیە پلان و پیلانەکەیان سەرینەگرت و تێیدا مایە پووچ بوون.

ڕۆماننووس، نیازپاکی خۆی دەسەلمێنێت و داوا لە دەوڵەتی تورکیا دەکات چیتر داواکاری و مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد ڕەتنەکەنەوە، کە کوردەکان بەردەوام پێشکەشی دەکەن بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە و ئارێشەکانی نێوان کورد و تورکیا، و خوێنڕشتن و خوێنبەربوونی گەنج و لاوانی هەردوو لا بوەستێنرێت.

## زمانی دایك لای یەشار کەمال

ئاشکرایە بە درێژایی قۆناغەکانی مێژوودا، نەتەوەی کورد بە چەندین شێوە و جۆر چەوسێنراوەتەوە توێنراوەتەوە. بێگومان دوژمنانی کوردیش بۆ ئەوەی مەرامە گڵاوەکانییان بێننەدی ئیشیان بە خراپە لە سەر هەموو بڕگە و بابەت و جوومگە و بوارەکانی ئەو نەتەوە ستەمدیدەیە کردووە، و تا بۆیان کرابێت هەوڵیانداوە

بیشێوێنن و بیفەوتێنن و بیسووتێنن و بۆ یەکجارەکی شوێنەواری نەهێڵن. ئەوەی زیاتر لێرەدا مەبەستە زمانی کوردییە کە بۆ ماوەی چەند سەدەیەك ڕووبەڕووی کۆمەڵێك هەڕەشە و مەترسی بۆتەوە، و هەر دوژمنێکی ئەم نەتەوە ستەم لێکراوە تابۆی لوابێت تێکدان و تێکشکاندنی ئەم زمانەی بە پێویست زانیووە. بەڵام لەگەڵا ئەوەشدا ئەم زمانە هەموو ئەم هەڕەشەو مەترسیانەی خواردۆتەوە و بۆ هەمیشە و هەرگیز خۆی نەداوەتە دەست حەز و ویستی دوژمن و داگیرکارانەوە. بێگومان لە هەموو ڕووبەڕوو بوونەوە و هاوکێشە و ململانێییەکانیش بێزیان لێی دەرباز نەبووە.

بۆیە شتێکی زۆر ئاساییە بەشێك لە ئەدیب و نووسەر و ڕۆشنبیر و هونەرمەند، نەتوانن بە زمانی دایکییان گوزارشت لە خۆیان و نەتەوەکەیان بکەن، و بۆ داکۆکیکردن لە خۆیان و نەتەوەکەشییان زمانێکی بێگانەیان هەڵبژاردووە، بۆ ئەوەی بیرکردنەوە و تێگەیشتن و هزرییان کوێر نەبێتەوە بوونی خۆیان وەك داهێنەرێکی کارا و چالاك بنوێنن. بە بۆچوونی ئێمە هەڵبژاردنی زمانێکی بێگانە بۆ وەرگێرانی هەست و نەستی تاك و کۆ لە لایەن ئەدیب و نووسەر و ڕۆشنبیرانەوە شتێکی تازە بابەت و نامۆنییە، و سەردەمێك لە سەردەمەکان بەکارهێنانی فرە زمانی لە هۆنینەوە و بیرکردنەوەدا، مەرجی هونەرمەندێتی ئەو کەسە بووەو بە شانازییەوە پەنای بۆ ئەم فرەزمانییە بردووە. وەلێ هەر هێندە هەیە لە سەردەمێك بۆ سەردەمێکیتر هەلومەرج و بارودۆخەکان لە یەکتر جیان. واتە لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە بڵێین ناسنامەی هەر کەسێك تەنیا و بەس بەندنییە بە زمانی ئاخاوتن و نووسینی ئەو کەسە، بەڵکو کە دێینە سەر باسی ناسنامەی کەسێك کۆمەڵێك بابەتی گشتی و تایبەتیی خۆیان قووتدەکەنەوە و دەبنە پێوەری جیا جیا بۆ ناسنامەی ئەو کەسە، یاخود ئەو هونەرمەند و ئەدیبە.

کە لە زمانی ئاخاوتن و نووسینی یەشار کەمالیش ڕادەمێنین کۆمەڵێك هەلومەرج و بارودۆخ بوونی خۆیان دەسەلمێنن و کاریگەری یەکلاکەرەوەیان دەبێت بۆ سەر خودی ڕۆماننووس.

بۆیە کاتێك ڕۆماننووس و دایك و باوکی لە گوندی ئەرنیسی دەوروبەری دەریاچەی ( وان ) ڕادەگوێزرێن و بە زۆرەملێ کۆچییان پێدەکرێت بە هۆی بارودۆخی ئەوسای شەڕ و شۆڕەکانەوە، ئاساییە لە زمانی خۆیەوە بڵێت : لە گوند کەسیتر نەبوو جگە لە ئێمە بە کوردی بدوێت. ئەو کاتەی خۆم ناسی، کوردی تەنیا لەماڵی ئێمەدا قسەی پێدەکرا.

واتە سەرلەبەری ژینگە و دەوروبەری ڕۆماننووس بە زمان و کولتوور و ڕۆشنبیری تورکی تەندراوە، لە چ تەمەنێکیش؟ لە تەمەنێکی پڕ هەستیاری کە تەمەنی منداڵییە. بۆیە نەك تەمەنی منداڵیی ڕۆماننووس نا چاربووە خۆی ڕابهێنێت، بەڵکە دایك و باوك و خزم و کەس و ناسیاوانیشییان بە ناچاری خۆیان فێری تورکییەکی تێکشکاو کردووە و هەر هیچ نەبێت هەوڵی ئەوەیان داوە خۆیان بگونجێنن و ژیان و گوزەرانییان نە فەوتێنن. بۆیە ڕۆماننووس بەردەوام دەبێت و دەڵێت : لە ماڵەوە بە زۆری بە کوردی قسەدەکرا. کەسوکارم تورکییەکی شەق و شڕ فێر بووبوون. ئێمەی منداڵان چ لە ماڵەوە چ لە دەرەوە هیچ بە کوردی نەدەدواین. لە ماڵەوە بە کوردی هەرچییەکییان لە ئێمە بە کوردی دەپرسی. ئێمە بە تورکی وەڵامان دەدانەوە. هەرگیز لێمان تووڕە نەدەبوون. ئێستا هەر چۆنێك بێت بە کوردی قسەبکرێت من تێدەگەم. بە مەرجێك زۆر درێژ نەبێت، دەتوانم قسەش بکەم،

بەڵام ئەگەر پێم بگوترێت بە کوردی داستانێك بگێڕەوە، ناتوانم. بێگومان ناشتوانم بنووسم.... لە نووسینی کوردیش زۆرباش تێناگەم. بیرم نایەت کەی فێری تورکی بووم، و کەی لە کوردی گەیشتم و قسەم پێکرد.

لەو چەند دێڕەی سەرەوەدا، دەگەینە ئەوەی هەرگیز ماڵی یەشار کەمال و خزم و ناسیاوە نزیکەکانی لەبەر تورکی قسەکردن ڕۆماننووسیان قەدەغە نە کردووە! هۆی ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە بە کوردی قسەکردن لەنێو کۆمەڵگەیەکی تورکنشینی قەدەغە و بڤە بووە، و بە کوردی قسەکردن ئەنجامەکەی ئازار و ژوارە و گیران و بەندینخانەی لێدەکەوێتەوە. بۆیە یەشار کەمال ئەو ڕۆژەی هەرگیز لە یاد ناچێت کاتێك منداڵ دەبێت ڕۆژێکییان هەڵەدەکات و بە کوردی قسە دەکات ! لەبەردەم هەیوانی ماڵەکەیان، یەکڕاست دایکی لە ترسی دەوروبەر و دراوسێیەکانی گەسکێك دەوەشێنێت و لە دەم و ددان و ڕووخساری گیر دەکات ! بۆیە بۆ خودی ڕۆماننووس زۆر ئەستەم دەبێت، لەم تەمەنە ناسکەی منداڵێتیی بوێرێت بە کوردی قسە بکات.

ڕۆماننووس، ڕاشکاوانە باس لەوە دەکات سوودی لە زمان و ڕۆشنبیری و کولتووری کورد و تورك وەرگرتووە و بەرهەمەکانی پێ دەوڵەمەند کردوون بۆیە دانی پێدەنێت و دەڵێت : وەك چۆن سوودم لە زمانی گەلی تورك و شێوازی گێڕانەوەی ئەوان وەرگرت، بە هەمان شێوە هەلی سوود وەرگرتنم لە زمانی کوردیش هەبووە. لە دەوڵەمەندیی داستان و بەسەرهات و شیعری هەردوو زماندا بووم.

هەروەها لەگەڵ ئەوەیدا کە لە پێشتردا ئاماژەی پێکرا زمانی کوردییەکەی باش و پاراو نییە. بەڵام ئەوە نابێتە ڕێگر بۆ ئەوەی هەستیارییەکانی "نەتەوە و کۆمەڵ" ە کەی بۆ تورکی وەربگێڕێت، و لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا ڕەنگیپێبداتەوە، چونکە خودی خۆی کوڕی ئەو نەتەوە و کۆمەڵگەیە، و هەر لێرەشدا چەکەرەیکردووە. هەر بۆیە پێیوایە : وەرگێڕانی هەستیارییەکانی وڵاتی کوردان، بۆ تورکی کێشە نەبووە چونکە ئێمە تاکە ماڵی کوردبووین لە گوند. بەڵام داستان و لاوکەکانییان لەگەڵمدابوون. هەروەها بیرەوەرییەکانی بنەماڵە و بەسەرهات و دابونەریت و زمانییان لەگەڵمدابوو.... کوردی زمانێکی زۆر جیاوازە بە بەراورد لەگەڵ تورکی. من لەگەڵ هەردووکیاندا گەورەبووم.

یەشار کەمال، باس لەو زیانە گەورەیە دەکات کە بە سەر زمانی کوردیدا هاتووە لە تورکیادا، بە هۆی ئەو مامەڵەی خراپە کە دەوڵەت و پیاوانی دەوڵەت دەرهەق بە زمانی کوردییان کردووە، و کۆت و بەندی یاسایی و بێ یاساییەی لەم وڵاتەدا یاساغییان کردووە. بۆیە دەڵێت : ئەوەی بە زمانی کوردی نووسرابێت لە تورکیادا ڕەتدەکراوەتەوە و قەدەغەکراوە. هەر بۆیە ناچاربووم بە یەکجارەکی پەنا بۆ زمان و ڕۆشنبیری تورکی ببەم، و چیتر دەستەوەستان نەوەستم و کارەکانمی پێ ئەنجام بدەم.

ڕۆماننووس تەواو درکی بەو ڕاستییە کردووە ئەوانەی دەیانەوێت لە زۆرەملێ و بە زۆری زۆرداران خۆیان و زمانەکەیان بەسەر کەسانیتردا بسەپێنن، با بزانن بە کارەکانییان ڕۆژێك دادێت ڕۆشنبیریی تریان بە سەر دا دەسەپێنرێت و ڕۆشنبیریی خۆشییان لە دەست دەدەن.

# بەکوردی نووسین قەدەغەیە !

باکووری کوردستان، وەك بەشەکانی تری کوردستان : باشوور، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا هەرگیز بێبەش نەبووە لە زوڵم و زۆرداری و ستەم و غەدر لێکردن، بگرە زۆر زیاتریش لە بەشەکانی تر چەوساوەتەوە کوتەك و چەپۆکی جەرگبڕی بەرکەووتووە. چونکە باکووری کوردستان ڕاستەوخۆ بەند بووە بە ئیمپراتۆرییەتی زلهێزی عوسمانییەوە و دواتر بیروباوەڕی نەژاد پەرستی و دەمارگیری کەمالیستی دەوڵەتی تورکیا. ئەمەش وایکردووە نەتەوەی کورد زۆرترین باج بژمێرێت و بێبەش بێت لەسەرەتایترین ماف کە ئەویش بە کوردی نووسین و دەربڕین و گوزارشتکردنی هەست و سۆز و هزرە. ئەمانەش بە مەبەستی گەورە و قەبەکردنی هەستی نەتەوەیی تورك و لە کەدارکردنی هەستی نەتەوەیی کورد. لە ( ئەنجام ناوی کورد وەکو نەتەوە لە فەرهەنگی سیاسی و نەتەوەیی و تورکیدا قەدەغەکراو لە یاسای ئەحوال مەدەنیشدا کوردی ناوی گۆڕا بە تورکی چیایی)(١). قۆرخکاری و داگیرکاری لەوەزیاتر چی؟! نەتەوەیەك مافی ئەوەی نەبێت بە زمانی دایك، زمانی بپڕژێت، و دواتر بەمەش نەوەستن و ناسنامەی بشێوێنن و ناسنامەی ساختەی بۆ دەربکەن. ئاخۆ دەبێت حاڵی ئەم نەتەوەیە و یەکە بە یەکەی چین و توێژەکان چۆن بگوزەرێت. واتە دەوڵەتی تورکیا، جاڕی مەرگی نەتەوەیەکی زیندووی سەر ئەم زەمینەی داوە، دەوڵەتی تورکیاش بۆ برەودان بەو سیاسەتە چەوت و شۆڤینییانە، هەوڵیداوە لە ڕێگە و چوارچێوەی دەرکردنی یاسا و دەستوورەوە ئەو مافانە لە نەتەوەی کورد و تاکەکانی بسەنێتەوە شەرعیەت بە کارەکانی بدا. لە ( ساڵی ١٩٣٢ دەستورێك دەرچوو کە لە بەندێکی دا تایبەت بە کورد دەڵێت: یاسا دان بە هیچ کەسێتییەکی ئەدەبیدا بۆ خێڵەکانی نانێت)(٢). ئەگەر لەم دەستوورە ووردبینەوە کە لە بەندێکی یاسایی تایبەت بە کورد ئاماژەی بۆ دەکات دەستوور و یاسا کراوەتە کۆت و بەندێك لە مل و دەستی تاکی کوردکراوە نایەڵێت کورد ئەدای بوونی خۆی بکات. لە ناویشییاندا کەسێتی ئەدەبیی و یا ڕووناکبیریی کراوە بە ئامانج. ئەمانە لە لایەك لە لایەکی تر لەم یاسا تایبەتە دا نەتەوەیەکی وەك کورد، تەنیا وەك خێڵێك مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت بە ڕاستی دەشێت ئەم جۆرە یاسا تایبەتە بخەینە نێو چوارچێوەی یاسا دارستانییەکانەوە!.

دیارە دەستوور و یاساش دانرا، دواتر مەسەلەی دادوەر و دادگە و بڕیار و حوکمدان دێتە ئاراوە هەر یەکێك داوای مافی خۆی بکات دادگایی دەکرێت و ڕووبەڕووی سزادان دەبێتەوە. ( لە سەرەتای ساڵانی شەستەوە جۆرە جووڵەیەك لە سنووری دەوڵەتی تورکیدا دروستبوو، کە بە ئاشکرا بەڵگەی سەرهەڵدانەوەی هەستی نەتەوایەتیی کورد بوو، لەوانەش بەرزکردنەوەی دروشمی " ئێمە تورك نین، ئێمە کوردین " لە لایەن جەماوەری خۆپیشاندەرەوە بەرامبەر بە دادگاییکردنی چل و نۆ ڕۆشنبیری کورد لە ٨ ی مایسی ١٩٦١ )(٣). ئەم ستەمکارییەی دەوڵەتی تورکیا بێگومان نارەزایی و خۆپیشاندانی نەتەوەی ژێردەستەی لێدەکەوێتەوە بە مەبەستی سەندنی ئازادی و لە گۆڕنانی شەڕەنگێزی. دیسان جەماوەر هەستی نەتەوایەتیی کوردی دەبزوێت بۆ بەرگریکردن لە توێژی ڕۆشنبیران، کە بە ناهەق دادگایی دەکرێن بەس تاوانیان ئەوەیە کە دەڵێن کوردین و دەمانەوێت بە کوردی بنووسین و بە کوردی دەنگ هەڵبڕین و بە کوردی بیر بکەینەوە.

ئەو ململانێی نا هاوسەنگە وایکردووە نەتەوەی سەردەستە تەنگ بە نەتەوەی ژێر دەستە هەڵچنێت و زمانەکەشی لێ زەوت بکات بۆ مەبەستی دەوڵەمەندی و سەرداری زمانی خۆی، ئەمەش بۆتە هۆکار بێئەوەی، ( کە کورد لەگەڵ ئەو زمانانەی تردا ڕابێت و جۆرێك لە وابەستەیی و پەیوەستبوون بە زمانی نەتەوەی سەردەستەوە دروست بێت)(٤). ئایا نەتەوەی ژێردەستە هەروا بە ئاسانی و خۆڕایی وایلێهاتووە ڕابێت و دەستەمۆ بێت؟ یا ئەوە سیستەمە سیاسی و کارگێڕی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی و سەربازی و زۆرەملێییەکەی نەتەوەی سەردەستەیە ئەم بارودۆخە نەویستراو و نەخوازراوەی سەپاندووە. نووسەر و ئەدیبیش، زمانی لێیسەنرێتەوە دەبێت بە بێ دوودڵی و ناچاری بە دووای جێگرەوەیەکی گونجاو دا بگەڕێت بۆ ئەوەی هەست و سۆز و مەینەتی و خەمەکانی هەڵڕێژێت و بە جوانترین شێواز یا بە زمانی دایکیشی نەبێت گوزارشتیان لێی بکات. بێگومان زیان لە نیوەی بگەڕێتەوە بە قازانج حسێبە.

بە دید و بۆچوونی زۆربەی نووسەر و مێژوو نووسانی کوردی بەشی باکووری کوردستان ڕووبەڕووی زۆرترین ستەم و زۆرداری و ڕەشکردنەوە بۆتەوە لە چاو بەشەکانی تری وڵات، هەر بۆیە ( گەورەترین زەبر لە باکووری کوردستاندا بەر زمان و کلتووری کەوتووە. چونکە دەوڵەتی کەمالیستی تورك، لە پاڵ کولتودسایدا "لەناوبردنی کولتووری"، شێوەی نووسینی تیپی لاتینیی – تورکیشی بەسەر کورد دا سەپاندووە،.... یان گەلی باکووری کوردستان بە مێژووی ئەدەبی و فیکری و کولتووری خۆی نامۆ بکات)(٥). نەتەوەیەك بەم شێوەیە هێرش و پەلاماری بەرکەوتبێت بۆ شێواندنی زمان و ئەدەب و کەلتوور و مێژوو و... هتد چۆن دەتوانێت بەرگەی ئەم هەموو ئازار و مەینەتییە بگرێت ؟ لەگەڵ ئەمانەشدا بە تەواوی بێبەشبکرێت لە شێوەی تیپ و فۆنیمی زمانەکە و بە زۆرەملێ و ناچاریش تیپی زمانی بێگانە بەکاربهێنین، ئامانجی دەوڵەتی کەمالیستی تورك لە هێنانەکایەی ئەمجۆرە بارودۆخە، دیار و ئاشکرایە. بەڵێ بۆ ئەوەی نامۆیی بە یەکجارەکی باڵبکێشێت بە سەر نەتەوەی کورد دا لە باکووری کوردستان، و چەمکی نامۆیش، باشترین ئەدا لەخۆبگرێت، و هێندەیتر چالاك و کاراتر بکرێت. بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و کەلتوور و مێژوو و ئەدەب... هتد، و تاکی کوردیش نامۆ بێت بە گشت بوارەکانی ژیان و ژیارییەوە، و گۆشەگیر و دەستەوەستان بوەستێت لە بەرامبەر ئەواندا.

ئەو سیاسەتە زەبر و زەنگە ئاسنینەی دەوڵەتی تورکی کەمالیستی، دەتوانین بە درێژە پێدەری سیاسەتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دابنێین. ئەو کار و سیاسەتەی تورکی عوسمانی بۆی نەلوا و پێی جێبەجێنەکراوە، تورکیای کەمالیستی شەرعیەتی بە خۆی داوە و جێبەجێیکردووە، هەر لە زووەوە ( ناسۆنالیستانی کورد لە باکووری کوردستاندا، کە بەشێکی گرنگی دەستەی ڕووناکبیر و ڕۆشنگەرانی ناو ئیمپراتۆریای عوسمانی بوو، یان لەناوبران، یان زیندانی و ئاوارەکران)(٦). عەقڵیەتی عەسکەرتاریەتانەی نەتەوەی تورك، ماوەی بە توێژی ڕووناکبیر و ڕۆشنگەرانی نەتەوەی کورد نەداوە، تەنانەت لە تەنکاوییەکیش لەنگەر بگرن، و ببنە فریادڕەسی ڕزگاری بۆ توێژ و چینەکانیتر.

بۆیە لێرەدا مافی خۆمانە بڵێین، نەتەوەی تورك چەندین جۆر تیرۆری پیادە کردووە دەرهەق بە نەتەوەی کورد لە بەشی باکووری کوردستان. کەم تا زۆر ئەم جۆرە تیرۆرانە بوونەتە زامێکی ترسناك و کوشندە لە گیان و

جەستەی مرۆڤی کورد. کە تا ئەم ڕۆژگارەشی لەگەڵدابێت بەم زامەوە دەناڵێنێت و هەتوان و سارێژکردنیشی کارێکی هەروا ئاسان نییە. ڕەفتاری پیاوانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەم شێوە توند و تیژ و دژ بە مرۆڤانەیە، لە بەرامبەر ناسیۆنالیستانی ڕووناکبیر و ڕۆشنگەری کورد، هەر لە خۆوە نەبووە بەڵکو بە چاکی درکیان بەوە کردووە ئەمانە لە دواڕۆژدا دەبنە مایەی سەر مەشقی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد، و مەترسی و سەرئێشە بۆ خودی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، میللەتانی ژێردەستی تریش چاو لە ئەمان دەکەن، و داوای ئازادی و مافەکانی نەتەوەییان دەکەن، بۆیە کورد گووتەنی: دەوڵەتی عوسمانی پێش تا بگرێت بەرەی بە خۆیدا داوە.

سەقامگیرنەبوون و شلۆقی دۆخی کوردانی باکووری کوردستان، ئەو دۆخە ناسەقامگیر و شلۆقەی کوردانی باکووری کوردستان، لە هەموو بوارەکان بە گشتی و لە بواری کولتوور و زمان بە تایبەتی، وایکردووە بەشێکی زۆری ئەو بەشەی کوردستان زمانی دایك لە بیر بکەن و نەتوانن و بە شێوەیەکی دروست پێی بئاخفن. بۆیە شتێکی سەیر نییە، ( خەڵکی ناوچە جۆر بە جۆرەکانی باکووری کوردستان، کە بە تورکی، یان بە دیالێکتی ناوچەکانیان دەپەیڤن،... لە لایەکی دیکەوە کرمانجی لە ڕووی گراماتیك و ڕستە بەندی و ئیتیمۆلۆگی و فۆنەتیکی بە قووڵی کەوتۆتە ژێر کارتێکردنی زمانی تورکی)(٧). کاریگەری زمانی نەتەوەی سەردەستە، بۆ سەر زمانی نەتەوەیی ژێردەستە زمانەکەی تێکشکاندووە و لە هەندێك باردا خستوویەتییە باری نەبوونەوە. جاری وا هەیە کوردێکی باکوور لەگەڵمان دەکەوێتە گفتوگۆ و هەڵوێستێکەوە، بە زمانێك دەپەیڤێت کە لە نێوان دوو زمانی نەتەوەی جیاواز دایە، و جاری واش هەیە هەندێك ڕستە و دەربڕینی بە زمانی کوردی بۆ نایەت، یەکڕاست دەچێتەوە بۆ سەر زمانە تورکییەکە! چونکە کاریگەرییەکەی بە جۆرێکە، تاکو سەر ئێسقانە، هەموو ئاستەکانی زمانی کوردی بە ئاستی دەنگ و ووشە و ڕستە و واتا... هتد کەوتوونەتە ژێر زەبر و چەپۆکی ئاستەکانی زمانی تورکیەوە بە بێ جیاوازی. لە کاتێکدا زمانی تورکی بە خۆی لە قەیراندایە، بە تایبەت لەسەر ئاستی ووشەوە. شتێکی ڕوونە لای هەمووان، ووشەکانی زمانی تورکی پڕییەتی لە زاراوەی ووشەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە تایبەت فرەنسی و ئینگلیزی و ئەڵمانی. هەروەها وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بە تایبەت عەرەبی و فارسی و خودی ووشە و زاراوەی کوردی! بەڵێ نەتەوەی تورك، ئاواز و بەیت و داستان و ئەفسانەی ڕەسەنی کوردیشمان پێدەفرۆشێتەوە لە چوارچێوە و بەرگێکی تورکانەدا.

خاڵێکی تر پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەویش ئەوەیە، کە میللەتانی سەردەستە زۆرترین هەوڵ و کۆششیان داوە بۆ ئەوەی جیاوازی و دووبەرەکی و ململانێ بخەنە نێو چین و توێژەکانی میللەتی کوردی ژێر دەستەوە، و ناکۆکییەکان بەرەو ئەو پەڕی قوڵایی بەرن وەك ئەو نموونەیەی کە دەسەڵاتی عوسمانی بە گڕ و تینەوە کاری لەسەر کردووە. ( نوێنەرانی ڕۆشنبیری باڵای عوسمانییەکان کە پێکهاتبوون لە ئەفسەران و ئیدارییەکان و گەورە کەسایەتیەکانی فەرمی ئایینی و پیاو ماقوڵانی شارەکان، لە ڕەشەی خەڵك جیادەکردەوە)(٨). دەسەڵاتی میللەتی سەردەستە دەیەوێت، چین و توێژی دەستەبژێری کۆمەڵگەی کوردی، بارگاوی بکات بە سیاسەتە چەوت و قەڵەمڕەوانەی خۆی. دواتر وەك چەکێکی کوشندە دژی خەڵکە ڕەشۆك و هەژارەکە بەکاریبهێنێت، و بێگومان کۆمەڵگەی کوردیش زیاتر لەم چینە ستەمدیدەیەن.

ئامانجی ئەم جۆرە کارانەش چاندنی تۆوی دووبەرەکی و چەند بەرەکییە، ئینجا لەباربردن و تێکشکاندنی پێوەندی کۆمەڵایەتی و ئاشتەوایی سیاسی و پێکەوە ژیان و میانەی ئایینی و بەش بەش کردنی خاك... هتد، کە هەموو ئەمانە بە زیان بۆ میللەتی ژێر دەستە، و قازانج بۆ میللەتی سەردەستە دەکەوێتەوە و بە ئاسانیش بە سەریدا زاڵ دەبێت، و هەموو کایەکانی ژیانی لێزەوت دەکات و داگیریشی دەکات.

## بەرهەمەکانی یەشار کەمال

گەورە ڕۆماننووسێکی وەك یەشار کەمال هەر بە چۆنێتی بەرهەمەکانی ناناسرێتەوە، بەڵکو لە ڕووی چەندێتییەوەش ژمارەی پێوانەییان تۆمارکردووە، و شێوە و سروشتێکی جیهانییان وەرگرتووە. بۆ نموونە ڕۆمانەکانی یەشار کەمال کە خۆیان لە نزیکەی چل ڕۆمان دەدەن و لە هەمانکاتدا بۆ نزیکەی پەنجا زمانی جیهان وەرگێردراون، بە هۆی شیاوی و ناوازەیی بەرهەمەکانیش بەشێکییان ئامادەکراون و ئامادەکرێن بۆ بواری سینەماسازییەوە. هەروەها ڕەخنەگران ڕاز و ئەفسوونی سەرکەوتنی ڕۆماننووس و ڕۆمانەکانی بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە دنیای ڕۆماننووسییەکەی ئاوێتەیە لەگەڵ پەرۆشی و هیوا و ئاوات و ئازار و مەینەتییەکانی دەوروبەرەکەی، و شەڕکردن دژی ئەو کۆت و بەندانەی کە سەربەستییەکانییان زەوتکردووە. ئینجا هەرگیز لەگەڵ ئەوەدانییە مرۆڤەکان پەنا بۆ چەوساندنەوە بەرن و یەکێکیان و ئەویتریان بچەوسێنێتەوە، چونکە هەموویان بران بێ جیاوازی.

یەشار کەمال لە مشووری ئەوەدایە هاوکێشەیەکی هاوسەنگ چێبکات لە نێوان سروشت و مرۆڤەکان پێیوایە بوونی هەر کێماسییەك لە هەر یەکێکیان هاوکێشەکە نا هاوسەنگ دەبێت بە خراپە و نەنگی بۆ هەردوو لا دەگەڕێتەوە...

ئاشکرایە ئەزموون و دنیابینی و ڕۆشنبیرییەکەی یەشار کەمال بە ئاشکرا لە بەرهەمەکانییدا ڕەنگیداوەتەوە، و لە زۆر بەرهەمەکانییدا هەوڵیداوە گونجاوی و ئاوێزانییەکی دانسقە لە نێوان ئەفسانە و ڕاستییدا بسازێنێت بە مەبەستی بوونیادنانی جیهانێکی تاقانە، بە هەموو جوانی و ماناکانییەوە. لە هەمانکاتدا زمانی ڕۆژانە و ئاخاوتن و خەڵکی ئاسایی لە بەرهەمەکانییدا هەستییان پێدەکرێت، کە هەڵگری تۆوماکی ئەدەبێکی ڕەسەنی سەرزارەکین. لە لایەکیترەوە بیروباوەڕە ئایینییەکان لە بەرهەمەکانییدا بوونییان هەیە و هێز و ووزەیەکی گەورە دەنوێنن بۆ جوڵاندن و وورووژاندنی کارەکتەرەکان.

ڕۆماننووس، تیشك دەخاتە سەر ئامانجەکانی نووسین و دنیای نووسین و داهێنان، و نووسین و داهێنان بە خوێندن و خوێندنەوە دەبەستێتەوە و بۆیە دەڵێت : گرنگیدان بە خوێندن و خوێندنەوە، نەبێتە بکوژێکی ناخی نووسەرەکە، بەڵکو ببێتە بەرهەڵستکار و دوژمنکاری جەنگ. خەباتکردنە دژی ستەم و چەوساندنەوەی مرۆڤەکان، و وەستانەوەیە لە بەرامبەر ڕك و کینەی مرۆڤەکان لە بەرامبەر یەکتر. هەروەها ڕۆماننووس پێیوایە ئەوانەی

دەیانەوێت کار لە سەر سڕینەوەی ڕۆشنبیری و چالاکییەکانی بکەنەوە، ئەوانە لە پێشتردا هەر زوو مرۆڤایەتی و ڕۆشنبیری خۆیان لە دەستداوە و شۆڕدراونەتەوە لە بەها مرۆڤایەتییەکان.

یەشار کەمال، وەك ڕۆماننووسێك سەرەتای بە شیعر دەستپێکردووە نەوەك بە ژانرەکانی پەخشان. بێگومان لە سەرەتاکانی تەمەنییدا ڕۆماننووس کەوتبووە ژێر کاریگەریی بەرهەمی شاعیرە میللییەکان. لەم ڕووەوە دەڵێت : من وەك شاعیرە میللییەکان دەستم کردبوو بە شیعر گوتن، دایکم لە دژی ئەو کارەم بوو. گەورەترین شانازی ماڵی ئێمەش ئەوە بوو کاتێك گەورە شاعیری میللی و دەنگبێژی کورد (عەبداڵێ زەینکێ) لە (وان)ەوە هاتووە و لە ماڵی ئێمە داستانی گێراوەتەوە.

هەربۆیە ڕۆماننووس لە ژێر ئەم ڕۆشناییەدا بوو، نۆبەرەی بەرهەمەکانی بە ناوی (لاواندنەوەکان) لە ساڵی ١٩٤٣ دا بڵاوکردەوە، و ئەم بەرهەمەش سەر بە ئەدەبیاتی فۆلکلۆربووە.

ڕۆماننووس بەردەوام دەبێت و دەڵێت: تا دەهات ناوبانگی شاعیریم لە گوندەکان بڵاودەبۆوە و گۆرانییەکانم بە ناوی دەنگبێژ "کەمال" کەوتبوونە سەر زمانی خەڵکی.

ئاشکرایە سیاسەتێکی چەوتی توندوتیژ و ڕەگەزپەرستانە، هەر خودی نووسەر و ئەدیب و ڕۆشنبیران ناکاتە ئامانج، بەڵکو بەرهەمەکانیشییان بە ئامانج دەکرێن و لێدەدەرێن و لە نێو دەبرێن و دەسووتێندرێن، و بەرهە هزریی و ئەدەبی و مەعریفییەکان لەم ڕووەوە زۆرترین باج دەدەن. یەشار کەمالیش هەر زوو بەم تیرە ژەهراوییە پێکراوە، و بۆیە ئاماژە بەوە دەکات کاتێك جەندرمەکان هەڵیبیان دەکوتایە سەر ماڵەکەم بە دڵڕەقترین و بێبەزەییترین و بێڕێزترین شێوە و ڕێگە دەیان پشکنی ! ئەمەش وا لە ڕۆماننووس دەکات بڵێت : تەنانەت ناو جەواڵی ئاردیش دەگەڕان و هەرچی کاغەز و چاپکرا و چاپنەکراو و لە ماڵەوە هەبووایە، هەموویان دەپێچایەوە و دەیان برد. بەشێکی زۆری ئەو بەرهەمە کەڵەپوورییانەی کۆمکردبوونەوە، بەو جۆرە تیاچوون. ڕۆمانی (پێڵاوی ئاسنین) کە ڕۆمانێکی درێژبوو ئەویشییان برد.

هەروەها بەسەرهاتی (( ئەحمەد دۆغان (( ناوێکم نووسیبۆوە ئەویش تیاچوو. چەندین بەرهەمی لە بیرنەکراو و لە بیرکراوم بوون بە قووت بۆ جەندرمە. بژی فاشیزمی گەورەی تورکیا !

ئەمانەش بەشێکی زۆرن لەو بەرهەمانەی کە یەشار کەمال چاپ و بڵاویکردونەتەوە.

- لاواندنەوەکان، بەرهەمێکە لە شیعری فۆلکلۆرییەوە هەڵێنجێنراوە، نۆبەرەی بەرهەمەکانییەتی، ١٩٤٣
- قڕێژ، یەکەمین چیرۆکییەتی، ١٩٤٦.
- کۆرپە و دوکاندار، چیرۆك، ١٩٨٤.
- پێڵاوی ئاسنین، یەکەمین ڕۆمانیەتی، کە دەستی بەسەرداگیراوە و لە نێوبراوە، ١٩٤٩.
- دار هەنارەکە، یەکەمین کورتە ڕۆمانییەتی، ١٩٥١.
- تەنەکە، ١٩٥٥.
- حەمەدۆك، لە چوار بەرگ پێکهاتووە، لە ساڵی ١٩٦١ یەکەمین بەرگی لێ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
- کاریتە یا ئەودیوی چیا، ١٩٦٢.

- زەوی ئاسن، ئاسمان مس، ١٩٦٣.
- ئەودیوی کوێستان، گیای نەمر، ١٩٦٥.
- کۆمەڵە چیرۆك، ١٩٦٧.
- ئەفسانەی چیای ئاگری، ١٩٧٠.
- ئەفسانەی هەزار گا، ١٩٧١.
- تاوانی بازاڕی ئاسنگەران، ١٩٧١.
- مارەکەیان بکوشتایە، ١٩٧٦.
- باڵندەکانیش کۆچیان کرد، ١٩٧٨.
- گەمییەکەی نووح.
- بڕوانە فوڕات خوێناویە.
- دەریا تۆرا.
- ئەفسانەی کوێر ئۆغڵی.
- هەندێك بەرهەمیتر کە بە شێوەی زنجیرە، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی تورکیا و وڵاتانیتر بڵاویکردونەتەوە.

هەوراز کتێب

## ئەو خەڵاتانەی بە یەشار کەمال بەخشراون

یەشار کەمال، وەك ڕۆماننووس و ڕۆشنبیرێك کۆمەڵێك خەڵاتی بە دەستهێناوە، و ئەویش بەری ڕەنجی ماندووبوونی خۆیەتی، و لە کاتێکدا دەبووایە خەڵاتەکانی هێندەیتر بوونایە، بەڵام یەشار کەمال وەك داکۆکیکارێك لە ماف و دۆزە ڕەواکەی نەتەوەکەی، دوژمنانی تا بۆیان کرابێت هەوڵیان داوە پەراوێزی بخەن و بچووکی بکەنەوە و لە نرخ و بەهای بەرهەمەکانی کەم بکەنەوە.

ڕۆماننووس بە ڕۆمانی ((حەمەدۆك )) ەوە پێدەنێتە نێو دنیای داهێنانەوە، و لە تورکیا و وڵاتانیتر بەرهەمەکەی سەرنجی خوێنەران بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت. بۆیە ڕۆمانی ((حەمەدۆك )) دەبێتە خاڵی وەرچەرخان لە ژیانی ئەدەبی بە گشتی و دنیای ڕۆماننووسییەکەی بە تایبەتی. ڕۆمانی ((حەمەدۆك )) ژمارەی پێوانەیی تۆماردەکات لە خوێندنەوە و زۆرترین دانەشی لێدەفرۆشرێت. هەر بۆیە ((حەمەدۆك )) خەڵاتی باشترین ڕۆماننووس بۆ یەشار کەمال بە دەست دێنێت لە ساڵی ١٩٥٦دا. ئەو خەڵاتانەی بە یەشار کەمال بەخشراون :

- خەڵاتی باشترین ڕۆماننووس، لە ساڵی ١٩٥٦دا بە هۆی بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی ((حەمەدۆك )) ەوە.
- خەڵاتی باشترین شانۆگەری، بەتیۆری شانۆگەری (تەنەکە)، لە ساڵی ١٩٦٥دا. کە شانۆگەرییەکە لە ڕۆمانی ((تەنەکە )) وە وەرگیراوە.
- خەڵاتی یەکەمین بە دەست دێنێت بە هۆی شانۆگەری (زەوی ئاسن، ئاسمان مس) لە ساڵی ١٩٦٦دا. ئەم شانۆگەریەش لە ڕۆمانی (زەوی ئاسن، ئاسمان مس) وەرگیراوە.

- له ساڵی ١٩٧٢ موه دەپاڵێورێت بۆ خەڵاتی نۆبل، کەچی ئێستاشی لەگەڵدا بێت پێی نە بەخشراوە و بە هۆی دید و بۆچوون و بیر و باوەڕەکانی. ماوەی زیاتر لە چل ساڵە لە چاوەڕوانی ئەو خەڵاتە هێشتویانەتەوە، دیارە پێنەدانی ئەو خەڵاتەش مەبەستی بە دواوەیە. لە کاتێکدا ڕۆمانووسێکی وەك (ئۆرهان پامۆك) بە هۆی ئەوەی لە ڕەگەزی ڕاستەقینەی تورکانە، لە ساڵی ٢٠٠٣ دا خەڵاتی نۆبڵی پێڕەوا دەبینرێت و بەرزی دەکاتەوە. یەشار کەمالیش بە هۆی ئەوەی بنچینەی کوردە دەبێت هەر لە چاوەڕوانی دابێت بۆ ئەم خەڵاتە !. با بەرهەمەکانیش هەم لە ڕووی چۆنێتی و هەم لە ڕووی چەندێتییەوەش ژمارەیان بۆ خۆیان تۆمارکردبێت.

- به دەستهێنانی خەڵاتی باشترین ڕۆمان، بە هۆی ڕۆمانی (تاوانی بازاڕی ئاسنگەران)، لە ساڵی ١٩٧٣ دا.

- خەڵاتی باشترین نووسەری بیانی کە لە فەرەنسا سازکرا بوو بە دەست دێنێت، لە ساڵی ١٩٧٨، بە هۆی ڕۆمانی (کاریتە یان ئەودیوی چیا).

- خەڵاتی ( Legion d'honneur ) لە ساڵی ١٩٨٤ دا، لە فەرەنسادا بەدەست دێنێت.

- براوەی خەڵاتی پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرتی نێودەوڵەتی دەبێت، لە ساڵی ١٩٩٧ دا. بە دەستهێنانی خەڵاتی ئاشتی لە ئەڵمانیادا.

- ڕۆماننووس لە لایەن زانکۆی (بۆگازئیجی) بە دکتۆرانامەیەکی شانازیی خەڵات دەکرێت.

- خەڵاتی باشترین داهێنەر لە تورکیا بۆ ڕۆشنبیری و هونەر و کولتوور بە دەست دێنێت، کە لە ساڵی ٢٠٠٨ دا لە لایەن سەرۆك کۆماری تورکیا ((عەبدوڵڵا گویڵ)) موه پێیدەدرێت. کاتێك ئەو پرسیارە لە یەشارکەمال دەکرێت ئەم خەڵاتە بۆچی ؟ لە وەڵامدا وا دەڵێت : مەبەستی من ئەوەیە ئەم خەڵاتە ببێتە زەمینە خۆشکردن بۆ بەرقەراربوونی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، و باڵکێشانی ئاشتی بە سەر وڵاتی تورکیادا*.

* بۆ نووسینی ئەم دەروازەیە سوود لە چەند سەرچاوەیەکی ئەنتەرنێت وەرگیراوە، کە لە لیستی سەرچاوەکانی ئەنتەرنێت دا ئاماژەیان بۆ کراوە.

**پەراوێزەکانی دەروازە :-**

(١) کاریگەری کەلتووری ئەوان لەسەر کورد، عەتا قەرەداغی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠١، ل١٥٧.

(٢) الكرد والحق، لوسيان رامبو، ص٢٢. ( لەم کتێبەدا بەناوی " کاریگەری کەلتووری ئەوان لەسەر کورد، عەتا قەرەداغی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری،

ل ٢٣١ " ئاماژە بەم سەرچاوەیە کراوە ).

(٣) – The Kurd Of Kurdistan – London. Newyork ١٩٦٤ P –٣٣. لەم کتێبەدا بەناوی" کاریگەری کەلتووری ئەوان لەسەر کورد، عەتا قەرەداغی، ل ٢٣٤ "ئاماژە بەم سەرچاوەیە کراوە.

(٤) کاریگەری کەلتووری ئەوان لەسەر کورد، عەتا قەرەداغی، ل ٣٦١.

(٥) کولتوور و ناسیۆنالیوم، د.ڕەفیق سابیر، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٨، ل ٤٢.

(٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦.

(٧) کولتوور و ناسیۆنالیوم، د.ڕەفیق سابیر، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٨، ل ١٢١.

(٨) کورد و بونیاتنانی ئوممەت، مارتن برۆنسین، وەرگێرانی محەمەدی مشیر، دەزگای موکریان، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، ل ٢١

هەولێرنامەی کتێب

بەشی یەکەم:

باسی یەکەم:  ناسنامەی نەتەوەیی

ناسنامەی نەتەوەیی کورد لەڕۆمانەکانی یەشار کەمال دا.

ڕەنگدانەوەی ناسیۆنالیزم لەڕۆمانەکانی یەشار کەمال دا

کولتوور وەك بەشێك لەناسنامەی نەتەوەیی.

کەلەپوور وەك بەشێك لەناسنامەی نەتەوەیی.

ئەدەبیاتی فۆلکلۆر وەك بەشێك لە ناسنامەی نەتەوەیی.

باسی دووەم  :

ئەدەب و سیاسەت و ناسنامەی نەتەوەیی.

سیاسەتی ڕەگەزپەرستی، بەمەبەستی تێکشکاندنی نەتەوەیەك.

پێڕەوکردنی سیاسەتی داگیرکاری تاك و نەتەوە و خاك.

## ناسنامەی نەتەوەیی کورد لەڕۆمانەکانی یەشار کەمال دا.

چەمکی ناسنامە، بێگومان چەمکێکە لە چەمکە ئاڵۆزەکان، و ئاڵۆزییەکەیشی لەوەدایە بەشێوەی ئەڵقەی زنجیرەیی بەستراوەتەوە بەکۆمەڵێك چەمك و بواری جیاجیاوە، وەك نەتەوە، دەوڵەت، ڕۆژهەڵاتیبوون یان ڕۆژئاوایبوون، مێژوو، جوگرافیا، کۆمەڵایەتی، سیاسی، شارستانێتی، ئەدەب،... هتد. کە خودی ئەم کۆمەڵە چەمك و بوارە هەریەکەیان بۆخۆیان چەندین بنەمای تایبەتیی هەیە، و هەڵگری باس و خواسگەلێکن کە چەمکی ناسنامە دێتەگۆکردن، ئەوا ڕاستەوخۆ بیرمان بۆ ئامرازێکی پرس دەچێت کە خۆی لە مۆرفیمی (کێ) دەنوێنێت. لەڕاستیدا ئەو کێیە بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە لەسەر هەردوو چەمکی مرۆڤ و بوون. من کێم؟ ئەو کێیە؟ دەروازەیەك بەڕووماندا دەکاتەوە کەمەحاڵە لێیدەربازبین. لەهەمانکاتدا هەر خودی مۆرفیمی (کێ)، کۆمەڵێك ماناو مەبەست و مەدلول لەخۆدەگرێت، پرییەتی لە کۆمەڵێك پرسیاری ئاڵۆز و تێکچڕژاو، هەروەها هەرئەو (کێ) یە کە گوزارشتە لەمرۆڤ، بوون، دوواتر ناسنامە. ئامرازە پرسەکانی تری وەك: کوێ؟، کەی؟، چۆن؟، بۆچی؟،...هتد بۆخۆی کێشدەکات و دەمانخاتە ناو گێژاوێك و دنیایەك لەپرسیاری وەڵامدارو نیوەچڵ وەڵامدراوەو بێوەڵامەوە. جا قەناعەتی بە وەڵامەکان بێت؟ یاخود قەناعەتت پێیاننەبێت. بۆنموونە دەکرێت ئێمە وەکو تاکی کورد کۆمەڵێك پرسیار ئاڕاستەی خودی خۆمان بکەین، کە یەکڕاست بەستراونەتەوە بەچەمك و پرسی ناسنامە. وەك کێ کوردە؟، کورد لەکوێی ئەم جیهانە فراوانەدایە؟، ئەرکی کورد چییە؟، لەکەیەوە هەست بەکوردبوونی خۆت دەکەیت؟، چۆن دەیسەلمێنیت کەکوردیت و لەنەتەوەیەکی تر نیت؟، بۆچی چارەنووسی کورد بەم ڕۆژگارە گەیشت؟، ئایا کورد دەوڵەتی هەیە؟، ئایا کورد مێژوو و جوگرافیاو شارستانی و کۆمەڵگەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە؟، ئایا کورد ئەدەب، و کولتوور، و فەلسەفەی خۆی هەیە؟، بۆ کوردم و ڕۆژهەڵاتیم، ڕۆژئاوایی بەچاوێکی ئاواسەیرم بکات کەلە کەسێتیم کەم بکاتەوە؟... هتد ئەم پرسیارانە و دەیان پرسیاری حازر بەدەست لەمێشکی تاکی کورددا دەخولێنەوە. بێگومان هەریەك لەم پرسیارانە پشکێکیان بەردەکەوێت لەبنیاتنانی ناسنامەیەکی نەتەوەیی ڕەسەندا. کەواتە چەمکی ناسنامە بەم چەشنە فراوان و فرەلق و بۆپەداربێت، بێراڕایی و دوودڵی بۆمان هەیە بەدەنگێکی بڵند بڵێین: ئەوا ئەدەبە دەتوانێت ئەم دنیایە لەئامێزبگرێت و نازیهەڵبگرێت و بۆهەتاهەتایە دەستلەملانێی یەکتربن ئەمە بۆ ئەدەب بەگشتی و ژانری ڕۆمان بەتایبەتی، شتێکی تەواو ئاساییە.

سەرەڕای ئەم فراوانییەی چەمکی ناسنامە، ڕۆژ لەدووای ڕۆژ چوارچێوەی ئەم چەمکە بەهەموو لایەکدا دەکشێت و ڕەهەندی دوورو قووڵتر وەردەگرێت. بۆیە ( پشت بەستن بەکۆمەڵێك سیمبولی نوێ وەك لەچاپدانی پارەو چاپکردنی وێنەی کەسایەتییە مێژووییەکان لەسەر دراوەکان یاخود دانانی ناوی ناوچەیی بۆدراوی وڵاتە تازەکان، گۆڕینی ناوی زانکۆکان، یان ڕێزگرتن لە جەژنە تازە نەتەوەییو ئایینییەکان بەبزاڤێك دادەنرێت بۆ پێناسەکردنی شوناسی فەرهەنگی و شوناسی نەتەوەیی)(١) لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە چەمکی ناسنامە گەرای زیندوویێتی و بەردەوامی و گۆڕان و نوێبوونەوەی لەخۆدا هەڵگرتووە، و ئامادەنییە لە هیچ سەردەم و بارودۆخ و شوێنێك بارگەی خۆی بپێچێتەوەو کۆتایی بەخۆی بێنێت، بەڵکو خودی ناسنامە پرۆسەیەکە لەناو

کۆمەڵێك پرۆسەی تر ئەو کار لەئەوان دەکات و ئەوانیش کاریتێدەکەن. وەك ئەم نموونانەی پێشتر دامەزراندنی سکەی دراوو بەزیندوو ڕاگرتنی کەسایەتییە کاریگەرە مێژووییەکان و ناونانی چەند زانکۆیەك و برەودان بە جەژنە نەتەوەییەکان. سەرباری ئەمانەش خودی پرۆسەی نووسین و داهێنانی دەقێکی ئەدەبی و دەنگدانەوەی لەدنیای ئەدەبی نێونەتەوەیی. کە ئەمە خۆی لەخۆیدا ناسنامەیەکی ڕوونە بۆ نەتەوەیەك.

یاخود چەوساندنەوەو جینۆسایدکردنی نەتەوەیی بەدرێژایی کاروانی مێژوو لەلایەن داگیرکار و دوژمنانی کوردەوە. یان دوور نەڕۆین و ڕوونتر بڕوانین پرۆسەیەکی بەد و دوور لەڕەفتاری مرۆڤایەتی وەك ئەنفال کە ناسنامەیەکە زۆر لە ناسنامەی نەتەوەیەك تێپەڕیداوە، وبۆتە ناسنامەیەك بۆ ئەو نەتەوانەی کە ئەمە گوزەران و ژیان و ئازار چەشتنیانە. یاخود کیمیا بارانکردن و بۆردومانکردن و وێرانکردنی هەڵەبجە. بۆخۆی ناسنامەیەکە تەنیا وێنەی کوردی تێدا دەبینرێت و دەدرەوشێتەوە، وێنەی دوژمنانی کورد ڕەشدەچێتەوە و پارچەپارچە دەبێت. بەڵێ جینۆساید و ئەنفال و کیمیابارانکردنی کوردان نەك بۆتە ناسنامەیەکی نەتەوەیی بەڵکو بۆتە ناسنامەیەکی نێونەتەوەیی.بۆ کورد کەشایانی ئەوەیە شاکاری ئەدەبی هەڵوەستەیان لەسەربکات و ڕەنگییانپێبداتەوە.

لەهەمانکاتدا ئەم گوتارە ئەدەبییەی لەسایەی جینۆسایدو ئەنفال و کیمیابارانکردنی کوردان دەنگ و ڕەنگدەداتەوە. دەکرێت ئەم گوتارە هەڵبقۆزرێتەوە بۆگووتاری نەتەوەیی و سیاسی و مێژوویی، و بنیاتنانی قەوارەو دەوڵەتی سەربەخۆی کوردان. ناسنامە بەرهەمی سەوداو مامەڵە و پێوەندی و کارلێکردنی نێوان جیهانی تاکەکەسیی و کۆمەڵگەیە. واتە( هەستی شوناسی تاکەکەسی لەڕێگای دیالیکتێکی نێوان تاك و کۆمەڵگەوە پێك دێ. ئەوان کەم تازۆر قەبوڵ دەکەن شوناس زۆرتر لە ڕوانینەکان و هەستەکانی تاکەکان وا ڕەنگ دەداتەوە، بەڵام بەستێنی پێك هاتنی ئەو ژیانی کۆمەڵایەتییە)(٢). ناسنامە لەسەر بنەمای خود پێویستبوون بەئەوانیتر هەڵچنراوە خود وەك قەوارەیەکی سەربەخۆ هیچ مانایەکی ناسنامە بەدەستەوە نادات. دەشێت بڵێین ئەوە ژیانی کۆمەڵایەتییە دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی سنوور لەنێوان ئێمەو ئەواندا یاخود ڕوونتر بڵێین ئێمەی خۆیی و ئەوانی بێگانەدا. لەدوواتر دوو ناسنامە یان چەند ناسنامەی جیاوازی لێدەکەوێتەوە.

واتە پێوەندی نێوان تاك و کۆمەڵگە، پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای سوودگۆڕینەوە بنیاتنراوە لە ئەنجامی ئەمەشدا ناسنامە بوونی دێتە ئاراوە. لەلایەك تاك ڕۆڵی دەبێت لەبوونی مانای کۆمەڵگە، لەلایەکیتر کۆمەڵگە ڕۆڵی دەبێت لەپێدانی مانا بەتاکەکانی. بۆیە خاڵی هاوبەش و جیاوازیی تاك و کۆمەڵگەکەی و دوواتر ئاوێتە کردنیان، سازاندنی بابەت و شتی نوێ ڕەنگە بەشێوەیەك لەشێوەکان ببێتە هۆی بنیاتنانی پەیژەیەك لەپەیژەکانی ناسنامە ئەمانەی باسمانکرد ڕۆڵی تاك بوو بۆڕۆنانی ناسنامەیەکی تایبەتمەندو جیاواز. بەڵام ڕۆڵی شوێن و فەزا هیچی کەمتر نییە لەڕۆڵی تاك بۆ دیاریکردن و جیاکردنەوەی ناسنامەکان لەیەکتر. ئاشکرایە گەشەکردنی تاك بەندە بەبوونی شوێن و فەزایەك، بۆئەوەی لەوێوە هەنگاوەکان بهاوێژرێت و جێدەستی دیاربێت وەك تاکێك و دوواتر پێکهاتنی کۆڕوکۆمەڵان. بۆیە ( شوێن، ناوچەو خاك بۆخەڵك زۆرگرنگیی هەیە، چونکە ئەوان توانای شوناسسازییان لەئاستێکی بەرزدایە. بەوتەیەکی دیکە شوێن و فەزا لەو ڕووەوە بۆ تاکەکان و گروپە جۆراوجۆرەکان گرنگە کە توخمەکان و بەشە سەرەکییەکانی شوناس دابین دەکەن)(٣) پێوەندی نێوان شوێن و

فەزا ناهاوسەنگە، و وەك پێوەندی بەشە لەگشت. بوونی شوێن و فەزایەكی سەربەخۆو جیاواز لەوانیتر، و سنوورێك كە ئێمە لەئەوان جیا بكاتەوە، و هەڵكەوتەی جوگرافیای وڵات و گرۆیی بۆخاك و ئاو و هەواكەی، و مانەوە تێیداو مردن تێیدا. خودی ناسنامەی نەتەوەیین. بێگومان بەسترانەوەی تاكەكان بەشوێن، یان خاك، یاخود وڵاتێكی دیاریكراوەوە، دەبێتە مایەی پێكهاتنی ژیانی كۆمەڵایەتی، كە كۆمەڵایەتیبوون، مەرجێكی سازاندنی ناسنامەیە. كەواتە مانای بەكۆمەڵایەتیبوونیش یەكرێزی و یەكرەنگی و یەكدەنگی و یەكپارچەیی و یەكگرتوویی ناسنامەیەك دەگەیەنێت لەهەمبەر ناسنامەكانی تردا. كاتێك باسی هەریەكە لەتاك و كۆمەڵگەو شوێنمان كرد، پێویستە باسی زەمەنیش بكەین و بزانین رۆڵی چی دەبێت لەماناداركردنی ناسنامەدا. ئاشكرایە ئەو توخمانە هەموویان پێوەندییان بەیەكترەوە هەیە. رۆڵی خۆیان بەپرۆسەكردنی هەربابەتێكدا هەیە. كەواتە ( مرۆڤ لە زەمەنە جۆراوجۆرەكان دا، شوناس گەلێكی جۆراوجۆر وەدەست دێنێ، بەڵام لەبەر ئەوەی كە گۆڕان و ناجێگیری ڕادەكا، گێڕانەوەیەكی ئارام بەخش لەخۆی دروست دەكا تا لەچوارچێوەی ئەودا هەست بەشوناسێكی تاقانەبكا)(٤).چ تاك، چ كۆمەڵگە، وێڵە بەدووای هەڵچنینەوەی زەمەنە جۆربەجۆرەكان بەدرێژایی مێژوو. مەبەستییەتی زەمەنێك دەستنیشان بكات و پێگەی خۆی پێقایم بكات، هەروەها هەرسێ زەمەنەكە ڕابردوو، و ئێستا، و داهاتوو، بەیەكەوە بگونجێنێت و بیانلكێنێت بەیەكترەوە. لەئەنجامی ئەمەشدا دەیەوێت مێژووییەكی هاوبەش بنیاتبنێن كە گوزارشت لە تاقانەیی ناسنامەیەك بكات.

واتە بەیەكەوە بەستنی زەمەنە جیاوازەكان، بایەخی خۆی هەیە بۆ كۆمەڵگە، ئەویش بەهۆی ئەوەی خەسڵەتی بەردەوام و بوون دەستەبەردەكات. بێگومان ئەمەش كارێكی هێندە قورس و مەحاڵ نییە، بەڵكو ئەمە یەكێكە لەتوانا سروشتییەكانی مرۆڤ و گرنگیدان بەو هۆكارانەی كە درێژە بە بوون و مانەوەیاندەدا. لەپاڵ ئەمانەشدا دڵنیابوون لەسازاندنی هەستێكی كۆمەڵایەتی.

هەستیاری پرسی ناسنامە هەربەمانە ناوەستێت بەڵكو لە خاڵێكیتر پەیوەست بەكولتوورەوە دەبێت، و ئەوا كولتوورە ئەوەندەیتر پرسی ناسنامە بەئاسماندا هەڵدەبرێت ( بێ گومان دەبێ كولتوور بەگرنگترین و دەوڵەمەندترین سەرچاوەی شوناس دانێین. تاكەكان و گروپەكان بەردەوام بەهۆی بەش و توخمە كولتوورییە جۆراوجۆرەكانەوە شوناس وەدەست دێنن، چونكە ئەم بەش و توخمانە تواناییەكی بەرچاویان بۆدابین كردنی پێویستی مرۆڤەكان بەجیاوازبوون و ئاوێتەبوون لەكۆدا هەیە.)(٥) بەڵێ كولتوور بەرگریكارو داكۆكیكارە لەناسنامە، و دەیپارێزێت و خۆڕاگرو پتەویدەكات. كولتوورێكی نەتەوەیی ئەو دەستانە لە ڕەگ و ڕیشەوە دەردەهێنێت كە دەیانەوێت ناسنامەی نەتەوەیی بشێوێنن و لاوازی بكەن. لەهەمانكاتدا چ ناسنامە، چ كولتوور لەخاڵی پەیوەستبوون بەتاك و لەویشەوە بۆ كۆمەڵگە تەواو لەیەكتر دەچن خاڵی هاوبەشییان زیاترە لەخاڵی جیاوازی. واتە ئەو كۆمەڵگەیەی شوێنكەوتوو و وابەستەی كولتوورێكە، ئەوا هیچ گومان هەڵناگرێت ناسنامەكەشی ڕەنگدانەوەی ئەو كولتوورەیە، و بێبەش نییە لە پاشخانی ناسنامەی ڕەسەنی خۆی. بۆیە ئاساییە ئەگەر بڵێین ئەگەر كولتووری نەتەوەیەك لەبارێكەهەڵوەشاوەیەوەو هەرەسیهێنا، ئەوكاتە هیچ مانایەك نامێنێتەوە بۆ بوون و ناسنامەكەی. پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە. وەك ئەوە وایە جەستەیەكی شەكەتی بێگیان بێت. سەرەڕای

ئەمانەش ساغڵەمی ناسنامەو کولتوور زەمینەسازی دەکات کە زۆربەی کایەکانی تری ژیانی کۆمەڵگە لەساغڵەمیدابن. ئەوەی پێوەندی بەژانری ڕۆمانەوە هەیە. هەریەك لەتاك و کۆمەڵگە یاخود کەسێتی، و شوێن، وکات، بەتوخمە سەرەکییەکانی ئەم ژانرە دادەنرێن، و بێبوونی ئەوانە ئەو ژانرانەی پەیوەستن بەهونەری گێڕانەوە هیچ مانایان نابێت واتە ئەم توخمانە توخمی هاوبەشن لەنێوان ڕۆمان و ناسنامەدا، و ڕۆڵی بەجێ و کاریگەرییان هەیە لەسازاندنی ڕۆمان و ناسنامەدا. بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە تارادەیەك جیاوازییە لەنێوان ناولێنانی توخمەکان و ڕەنگدانەوەیان بۆ بابەتەکە. بۆنموونە لەڕۆماندا، کەسێتییە جیاوازەکان هەوێنی دروستبوونی ژانرەکەن، و هەریەکەشیان بەجیا لەویتریان بیردەکاتەوەو ئاراستەی تایبەتی خۆی دەگرێتەبەر. بەمەش وێنەیەکی ڕوون و ئاشکرای کۆمەڵگە لەژانری ڕۆمان بەرجەستە دەکەین. ڕۆماننوسیش کاتێك ڕۆڵی کەسێتییەکانی دارشت، ئەوا بێگومان دەبێت ڕووبەرێکی دیاریکراویشیان بۆ دیاریبکات. بۆئەم مەبەستەش شوێن وەك تەختەی نمایشی کەسێتییەکانی لێدێت و ڕۆڵی خۆیان بەپێی پێویست ئەدا دەکەن. گرنگی توخمی کاتیشن، لەچاو توخمەکانیتر هیچی لەمان کەمتر نییە لەژانری ڕۆماندا، بەڵکو کات لەبەرهەمێکی ئەدەبی ڕەهەندی قووڵتری هەیە ماناو مەبەستی دیاریکراو نادات بەدەستەوە. هەربۆئەمەشە ڕۆماننووس ناچارنییە پێرەویزنجیرەیی کات بکات مەرجی یەك بەدووایەکهاتن وەك کاتی ڕابردوو و ئێستاو لە داهاتوودا لەبەرچاوبگرێت. تواناو دەسترەنگینی و هونەرمەندێتی ئەدیب لەم شتانەدا بەدیاردەکەوێت کەهیچ شتێك وەك خۆی وەرناگرێت و بەکاریناهێنێت، لەکاتێکدا خۆیان جوانتر پیشاندەدەن و دەلالەتی فراوانتر دەبەخشن.

ئەوی لێرەدا جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە خودی کولتوورە چ بەناسنامە، چ بە ڕۆمان و توخمەکانیان. بۆیە کولتوور ڕۆڵی خۆی لە ئافراندنی هەریەکە لەمانە، و دەنگ و ڕەنگی خۆی دیارە، و لێڵی و نارەسەنێتی دەرەوێنێتەوە.

باسکردن لەمەڕ پرسی ناسنامە، هەتا بڵێی بابەتێکی لەبارو ئاساییە، بەڵام کە ئەم پرسە دێتەگۆڕێ بارێکی نالەبارو نائاسایی خۆی دەنوێنێ و ئەویش بۆخۆی پرسێکە لەژێر ناونیشانی قەیرانی ناسنامەدا. واتە ( فەزامەندبوونی ژیانی کۆمەڵایەتی و تێك ڕمانی سنوورەکان نەك تەنیا لەماڵەوە بوون زۆر دژوارو تەنات نەکراو دەکا، لەهەمانکاتدا تاك دەخاتە پەنا ژمارەیەکی زۆر لەمرۆڤەکانی دیکە کە بێگانەو نەناسیاون و پێوەندییەکی تارادەیەك ڕاستەوخۆ جێگیر لەنێوان ئەوان دا نییە)(٦) ئەوەی جێگەی سەرنجە، قەیرانی ناسنامە مەترسییەکی کوشندەیە کە دووچاری تاك دەبێت، یان سەرتاپای کۆمەڵگەکە دەتەنێتەوەو تەنگیان پێهەڵدەچنێت. بەتایبەت لەڕۆژگارێکی وەك ئەمڕۆدا، کە زۆربەی سنووری نێوان نەتەوە جیاوازەکان کاڵبۆتەوە بەهۆی تەکنەلۆژیاو ئامرازە جۆربەجۆرەکانی گەیاندن، لەهەمانکاتدا تەوژمی زریانئاسای بەجیهانبوون، کە مەحاڵە هیچ تاك و کۆمەڵگەیەك بەکاریگەرییەکانی بەدووربێت جا بەڕێژەیەکی زۆر، یان بەڕێژەیەکی کەم بێت. هەموو ئەمانەو هۆکارگەلێکیتر ڕۆڵیان هەیە لەقەیرانی ناسنامەدا. ئەم قەیرانە ماڵە دامەزراوەیەکانیش دەگرێتەوە، چ جای ماڵێکی نادامەزراوەیی، لێرەدا مەبەستمان لەدامەزراوەیی گیان و قەوارەیەکی سەربەخۆیە کە دەوڵەت دەسازێنێت. واتە بۆمان هەیە ئەو ئەنجامە ئاشکرابکەین کە نەتەوەیەکی وەك کورد چ لەسەر ئاستی تاك، چ لەسەر ئاستی کۆدا

یاخود کۆمەڵگەدا دەبێتە خۆراك و قوربانی، ئەو جەنگە ناهاوسەنگەی کە قەیرانی ناسنامەی ناوە. ئەویش بەهۆی نەبوونی دەوڵەتێکی کوردی بە پلەیەك، و چەندین هۆکاریتر بە پلەکانی دوواتر .

قەیرانی ناسنامە، وەك هەر پرسێکیتر هۆکاری بابەتی، و خودیی کاری تێدەکەن و ڕۆڵیان هەیە لەخەستکردنەوەی یان کاڵکردنەوەی. دەتوانین هۆکارە بابەتییەکان لەکۆمەڵێك خاڵدا زۆر کورتکەینەوە. وەك ئەوەی کورد نەتەوەیەکی ژێردەستەیە چارەنووسی پێوەندی بەمامەڵەی نەتەوەی سەردەستەوە هەیە. نەبوونی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ، نەبوونی زمانێکی یەکگرتوو. تێکشکاویی جوگرافیای وڵاتی کوردان... هتد چەندین خاڵیتر دەتوانین وەك هۆکاری بابەتیی ئاماژەیان پێبکەین، بەڵام لێرەدا بواری ئەوەنییە.

هۆکارە خودییەکانیش، کە قەیرانی ناسنامەیان هێندەیتر چڕوخەستکردۆتەوە ئەوەیە چ تاکی، چ کۆمەڵگەی کوردی بەچاوێکی شایستە لەکەسێتیی خۆی ڕانامێنێت و خۆی بەلاواز و کەمفەڕو سووك هەڵدەسەنگێنێت لەچاو ئەوانیتردا. بۆیە نامۆیە بەخاکی، کولتووری، کەلەپووری، فۆلکلۆری، ئەدەبی، ژیانی، مێژوو و بەسەرهاتی... هتد.کە ئەمانە بوونەتە گرێکوێرەکی گەورە چ بۆتاك و چ بۆکۆمەڵگەکەی بەدرێژایی سەردەمەکانی مێژوو. واتە ئەم هۆکارانەی کە باسمانکردن وەك بڵێیت بەقەدەری خۆی بزانێت و جڵەوەکەی ڕادەستی ئەو قەدەرە کردووە، وباکی بەچارەنووسی خۆی نەماوە! بەڵێ لەمبارەشدا کە تەواو نائاساییە، لەجیاتی ئەوەی قەیرانی ناسنامە ڕووبەڕووی ببێتەوە و هێرشی بۆبهێنێت و داگیری بکات، ئەوا خودی خۆی دەبێتە هەوادارو پەرۆشی قەیرانی ناسنامە، و هەرچۆنێك بێت ئارەزوو دەکات ناسنامەکەی تووڕبدات و وونی بکات و بۆیەکجارەکی حاشای لێبکات. ئالەم ساتەوە بەدبەختی و نەهامەتی دەستپێدەکات. چونکە وەك کورد خۆی گوتەنی هەم لەکۆتر بوو، و هەمیش لەقەل بوو!

دەبێت دان بەو ڕاستییەدا بنێین هەرچەندە ناسنامەی نەتەوەیی، گوزارشتە لەخودی نەتەوەو بەتایبەتمەندییەکانی لەئەوانیتر جیادەکرێتەوە، بەڵام جیهانگیری ناسنامەش مەترسییەکی ئەوتۆ نییە کە لەئەلفوبێوە ناسنامەی نەتەوەیی بشێوێنێت و بۆ یەکجارەکی بیسڕێتەوە. دەشێت ( بەجیهانیکردنی شوناس دەرگایەکی گەورە بۆ خولْقاندن و داهێنان و گەشانەوە دەکاتەوە، بەڵام بەمەرجێ لەتەك مۆدێرنەی مادیدا مۆدێرنەی عەقڵی و ژیاریش گەشەبکات)(٧). ئاشکرایە، جیهانگیری وەك دیاردەیەکی سەردەمیی ڕۆژ لە دووای ڕۆژ لە پەل و پۆ هاویشتن و پەرەسەندندایە. ڕانانی جیهانگیری هەموو بوارەکانی وەك ناسنامە، فەرهەنگ، ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، ئابووری... هتد دەگرێتەوە واتە جیهانگیری خەسڵەتی هەمەلایەنەی هەیە بۆ کاریگەریی و کۆنترۆڵکردنی یەکە بەیەکەی جومگەکانی ژیانی کۆمەڵگەیەك. ناسنامەی نەتەوەیش بەهەرشێوەیەك لەشێوەکان بێت، دەتوانێت سوود لە بەجیهانیکردن وەرگرێت لەبەرژەوەندیی ناسنامە نەتەوەییەکەی خۆیدا تەواوی بکات. بەڵێ چۆن بەجیهانیکردنی ناسنامە دەتوانێت کار بکاتە سەر ناسنامەی نەتەوەیی بکات، بێگومان ناسنامەی نەتەوەیش ئاوا دەتوانێت کار بکاتە سەر بەجیهانیکردنی ناسنامەیی بکات. خاڵێکیتر پێویستە بەگرنگییەوە لێیبڕوانین ئەو سوودو قازانجەی لە بەجیهانیکردنی ناسنامە، ناسنامەی نەتەوەیی وەریدەگرێت تەنیا لەچوارچێوەی جیهانی ماددی چەق نەبەستێت، بەڵکو ئەوکاتە دەڵێین ناسنامەی نەتەوەیی سوود و قازانجی کردووە کە بتوانێت بیرو هۆشیاری و ئاوەز و

ژیارو... هتد. بکاتە وانەیەك بۆفێربوونی هەنگاو بە هەنگاو و دوواتر ڕەنگپێدانەوەی لەبواری داهێناندا. هەروەك لەپێشتردا ئاماژەمان پێکرد، چەمك و زاراوەی ناسنامە پێوەندی بە بوارگەلێکی ژیانەوە هەیە. کە دەڵێین ناسنامە مەبەستمان لەتایبەتمەندێتی و ئەدگارو خەسڵەت و پێکهاتەی ئێمەیە لەگەڵ ئەوانیتردا. بۆیە ( چەمکی ناسنامە دەتوانرێت بەپێوەندی بەبیاڤەکانیتر، یاخود گەڕانەوە بۆ شتیتر، لەچوارچێوەی ناواخنێکیتر خوێندنەوەی بۆبکرێت)(٨). واتە ناسنامە ئەوەندەی کار بۆ تایبەتمەندێتی و جیاوازییەکان دەکات، هێندە بۆ هاوبەشی و لەیەکتر چوونەکان کارناکات. چونکە کاری بنەڕەتی و سەرەکیی ناسنامە ئەوەیە کۆمەڵێکی دیاریکراو دەستنیشانکراو لەنێو کۆمەڵەکانیتر جیا بکاتەوە، بەچەشنێك کۆمەڵە دیاریکراوەکەی ئەوەی لەباردا هەبێت ببێتە هەڵگری ناسنامەی خۆی و بەڕەسەن بناسێنرێت بەشێوەیەکی ئاوا کە سەرلەبەری هەڕەشەو مەترسییەکان بڕەوێنێتەوە و چرایەکی گەش بۆ یەکێتییەکان دابگیرسێنێت. هەریەك لەئێمە نابێت هەر هەوڵ و تەقەڵلا بۆ ناسنامە بدات بۆنموونە ناسنامەشمان هەبێت پێویستە پارێزگاریی لێبکەین، چونکە سروشتی ناسنامە وایە دەشێت لەشوێنکاتێکدا تووشی ونبوون بێت یاخود دووچاری گۆڕان بێت ئینجا خۆمان بیگۆڕین یان بمانگۆڕن. ئەوەی گرنگە لێرەدا هەڵوەستەی لەسەر بکەین و بەوردی بیخوێنینەوە ناسنامەی هەر کۆمەڵێك یاخود نەتەوەیەك تەنیا خۆی لەبابەتە مەعنەوییەکانەوە نابینێت، بەڵکو شت و بابەتە ماددییەکانیش دەبن بەناسنامەی ئەو کۆمەڵەیە یاخود نەتەوەیە. بارودۆخە جیاوازەکان لەباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری... هتد دەبنە مایەی مەترسی بۆ ناسنامە، و وا لەکەسانێك یاخود کۆمەڵەیەك دەکەن بەناچاری واز لەناسنامەی ڕەسەنی خۆیان بهێنن،و ناسنامەیەکی ساختە هەڵبژێرن. بۆیە ( جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان و بارودۆخە جیاوازەکان وا لەخەڵك دەکات کەخۆیان پابەندبکەن بەجۆرێك لەناسنامەوە کە گوزارشت لە ئەوان ناکات بەڕادەیەکی تەواو، کە هەندێکجار وا لەهەندێك لەو کۆمەڵانە دەکات بەپەراوێزکراوی ژیان بگوزەرێنن لەدەرئەنجامدا ئەوجۆرە کۆمەڵانە لەنێوان کۆمەڵێك ناسنامەی جیاوازدا خووڵدەخۆنەوە، و چەندین چەشن خودناساندن و ناسنامە بوونییان دەبێت (٩).

بێگومان ناسنامەیەك بەم چەشنە بێت و بارودۆخێکی سەقامگیرو ئارامی نەبێت. هەرچۆنێك بێت هەرهیچ نەبێت بەرگری لەمانەوەی خۆی بکات. تەنیا ئەویش لە پێناو مانەوەو بوون. بەڵام ناسنامەیەکیش بەدەستی بارودۆخی چاوەڕواننەکراو و ناجێگیرو پڕمەترسی ناڵاندی، تەنیا لایەنە جەستەیی و بایلۆژییەکەی دەمێنێتەوە، و گیانێکی ساردوسڕ لەناویدا خۆی حەشاردەدات بێئەوەی بتوانێت ئاڕاستەی شتەکان بکات. بێدوودڵی، ڕێك ئەم بیروبۆچوونەی ئێمە بەسەر نەتەوەیەکی ستەمدیدەی وەکو کورددا دەچەسپێت. چونکە نەتەوەی کورد بەهۆی بارودۆخە یەك لەدوایەکە خراپەکان و بەتایبەتیش دابەشبوونە جوگرافییە سیاسییە ئامانجدارەکەی، کە بەدەستی دوژمنانی لەوڵاتە زلهێزەکان و دراوسێیەکانی. لەهەندێکباردا ڕووبەڕووی سەختترین قەیرانی ناسنامەیی بۆتەوە، و لەگەڵ ئەوەشدا فرە ناسنامەیی بۆتە کولتوورێکی بێزراوو سەپێنراو بەسەر نەتەوەی کورد و تاکەکان. بۆنموونە لەسەختترین بارودۆخدا کورد، ڕەوای ئەوەی پێنەبینراوە کە نەتەوەیەکی سەربەخۆ بێت و سەربەئەوان نەبێت بەتایبەت لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی عەسکەرتارییەتی تورکیا و سووریادا. کە بێبەشدەبن لەهەموو ماف و جیاوکێك، و سەرباری ئەمەش دەچەوسێنرێنەوە ستەمیان لێدەکرێت لەتورکیا بەتورکی شاخاوی ناو دەبرێن کە

مەبەستییان بەکێویکردنی نەتەوەی کوردە، و ئەویتریان لەسووریادا، کورد بەقەرەج و دۆم و کۆچەری و بێماڵ و بێنەوا دادەنرێن، تەنانەت مافی ئەوەیان نییە ناسنامەی شارستانێتییان پێبدرێت و وەك کەسانێکی نامۆ و لەپەناهەندە کەمتر هەڵسوکەوتییان لەگەڵ دەکرێت. ئەگەر لەم چەند ساڵەی دووایی دا نەبێت بارودۆخەکە گۆڕاوەو نەتەوەی کورد کەمێك گەڕاوەتە سەر گالیسکەکەی خۆی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا زۆرزۆری ماوە، دان بەهەموو مافە ڕەواکانی دابنرێن لەلایەن دوژمنانییەوە، چیتر ناسنامەکەی نەشێوێندرێت و هەر وڵاتە بەپاشکۆی نەتەوەکەی خۆی نەزانێت.

هەوڵنامەی کتێب

# شیکردنەوەی دەقـــەکـــان

ڕۆماننووس، لەڕۆمانی "تەنەکە"دا جەخت لەدەروونی تاکی کورد دەکات، کە پێی وایە تاکی کورد تاڕادەیەك تووڕەیی و توندی و کەللەڕەقی و سەرسەختی لەناخیدا بەرجەستە دەبێت. بێگومان ئەم دیاردەیەش لەنێو تاك و کۆمەڵگەی کوردی پەیوەستە بەو بارودۆخ و ژینگە و هەڵکەوتە جوگرافیاو.... هتد. کەلەهەموو لایەکەوە تەنگییان بەتاك و کۆمەڵگەی کوردییەوەهەڵچنیووە، بەدرێژایی سەردەمەکانی مێژوو لەگەڵ کورددا پێوەندییەکی ناهاوسەنگییان هەبووەو مامەڵەیان لەگەڵ نەتەوەی کورددا وەك نەتەوەیەکی ژێردەستەبووەو خۆشییان بەسەردەستە زانیووە. وەك نەتەوەیەکی بێخاك، بێناسنامە، بێزمان، بێکەلتوور... هتد تەماشای کوردییان کردووە. بۆیە بارودۆخێکی لەم چەشنە بێگومان کاریگەریی دەبێت لەسەر دڵ و دەروون و قووڵایی ناخی تاکی کورد و ڕەنگدانەوەی ناسنامەکەی، لێرەدا ناسنامەی تاکی کورد بەتاکێکی توڕە و توند و کەللە ڕەق خۆی دەنوێنێت.

**( گوندەکە سەرلەبەری هی عوسمان ئاغا بوو، عوسمان ئاغا پیاوێکی لەسەرەخۆو بێ وەی بوو. ترسنۆکیش بوو، پخت لێ کردبا زراوی دەتۆقی. گوندێکی شەست ماڵی بوو. عوسمان خۆی پیاوێکی چاك بوو، بەڵام گوندنشینەکان بەربادبوون، بەڵای خوابوون. خۆ جارێ کوردەکان ئەوە هەرباسییان ناکرێ، قەت نەڵێن نا. بیانکوژی، بیانبڕی لەنای خۆیان نایەنەخوار. ئۆغچی ئۆغڵی لە چاخانە کەپرە سەر بەدرکە کونارگیراوەکەبوو. گوندنشینەکانی لەخۆی کۆکردبووەوە، تووڕە بووبوو کەفی دەچەڕاند قیرپاچە زیوینەکەی بەدەستەوەبوو لەسەریەك لەسەریەك بەجزمەکەیدا دەکێشا. ئارەقەی هەڵدێنا، لایەکی سمێڵەدرێژەکەی خستبووە دەمی پەیتاپەیتا دەیکرۆشت. هەمووی لەلایەك قسەکانی حەمەعەلی کورد لەلایەك، هەربەجارێ شێت و هاری کردبوو.**

**ئەم کوردە زمان نەزانەش بەڵایەك بوو بۆخۆی. نازانم لەکوێوە هاتبوو و بووبوو بەخاوەن قسەو لەچقورئۆوا لێمان بووبووبەپیاو. ئاخ حوکمەت. کوردە لەکەلی شەیتان نایەتەخوارێ، کەگوتی نا. نا.)**

(( تەنەکە، ل ٣٥ ))

یەشار کەمال، بەهۆی دەستپاستی و ئازایی و بوێری و نیشانەشکێنییەوە ناسنامەی هەندێك لەکوردان پیشان دەدات. باوەڕی نیشانەشکێنی کوردان بۆئەوەنییە ستەم لەبەرامبەرەکەی بکات و بیچەوسێنێتەوە، و خوێنی ئەوانیتر بەناهەق بڕێژێت. بەڵکو ئەم نیشانەشکێنی و دەستپاستی و بوێرییە بۆئەوەیە بەرگری لەخۆی و خانەوادەکەی بکات و بیانپارێزێت لەدەستی ئەم و ئەوی دوژمنان .

بۆنموونە "حەیدەرە کورد" ئەنگێوەیەکە قەت یەك فیشەکی بەهەدەر نەداوەو لەتوانایدایە بەرزترین شوێنی ئاسمان نیشانە بپێکێت. لەگەڵ ئەوەشدا لەتوانایدایە خەڵکانیتر بۆئەم مەبەستە ڕابهێنێت، بەتایبەت ئەوانەی کەسوکارە نزیکەکانییان لەلایەن دوژمنەوە بەناهەق و بەبێ سووچ و تاوان خوێنییان ڕژاوە. هەربۆیە ئامادەیی خۆی دەردەبڕێت بۆئەوەی "بایرام ئۆغلی" فێری ئەم کارە بکات، چونکە بۆی ڕوونبۆتەوە کەخوێنی باوکی لەلایەن ناحەزو دوژمنان ڕژاوە، بەبێ سووچ و لەخۆڕایی.

**( حەیدەرە کورد هەرسێ کچی هەبوون و کەسی دی، زووتر لەودیوی چیاکانەوە هاتبوو و لەگەڵ کچەکانی دەخانووێکی گەورەی دا دەژیا. دەنگۆیەك هەبوو کە حەیدەرەکورد چەند کوپە زێری لەخانووەکەی دا دەبن گڵێ خستوون. حەیدەر دەوڵەمەند بوو و خاوەنی ڕەوەئەسپ و مێگەلە مەڕێکی زۆربوو و هەروەها نێزیکی پەنجا تاژیی ڕەسەنی، لاق و ملدرێژی، باریکی سوورو ڕەشیشی هەبوون. حەیدەرەکورد ئەنگێوەیەکی بەنێوبانگ بوو. بایرامۆغلی بەچاوی خۆی دیتبووی حەیدەر بەفیشەکێکی هەڵۆیەکی سووری لەئاسمانێ، لەبەرزاییەکی زۆر، دەفڕینێ دا، بەردابۆوە .**

**هەموو کەس دەیزانی حەیدەر چ ئەنگێوەیەکەو قەت فیشەکی بەخەسار نادا، هەربۆیەش نەچەتەو دزو نەخەڵکی دیکەش دەخۆیان ڕانەدەدی بەمەبەستی خراپەوە چاو لەلای ماڵی وان کەن. بایرامۆغلی تفەنگەکەی بەدەستەوەگرت و چوو بۆلای حەیدەرەکوردی.**

**ـ مام حەیدەر هاتووم تفەنگهاویشتنم فێرکەی. دەمەوێ ببمە ئەنگێوەیەکی وەك تۆ !**

**ـ تفەنگەکەت تفەنگی چاکە. هیوادارم چاکی فێربی و بتوانی چاکی کارپێ بکەی. کوڕم ئەتوکێی؟**

**ـ کوڕی بایرامیم، ئەوەی چووە شەڕی و نەگەڕایەوە.**

**حەیدەر بایرامی دەناسی و زۆریشی خۆش دەویست**

**ـ مافی خۆتە کوڕم، کاری چاکە دەکەی! ئەتۆ لەهەموو کەس زیاتر پێویستیت بەوەیە ببیە ئەنگێوەیەکی کارامە**

**لەوێرۆژێوە حەیدەر ئەوی هەر بەبایرامۆغلی، واتە کوڕی بایرامی بانگ کرد، وردە وردە خەڵکی دیکەش وایان پێ گوت و ناوەڕاستی یەکەی بەتەواوی لەبیرکرا.**

**مانگێکی تەواو بەیەکەوە خەریکی ڕاهێنانێ بوون. دووای ئەو ماوەیە ڕۆژێکییان حەیدەرەکورد دەستی بەسەر بایرامۆغلی داهێناو گوتی : هیوادارم خودا پشت و پەنات بێ و گوللەت جەرگی ناحەزان بدڕێ!**

**ئێستا ئەتۆ تفەنگچییەکی چاکی، کەس وەك تۆ نانگێوێ و تەنانەت لەمنیش ئەنگێوەتری! لەهەموو ئەو هەرێمەی، بەدەشت و شاخی یەوە کەسم پێ شك نایە دەخۆی ڕاببینێ کێبەرکێت دەگەڵ بکات )**

(( حەمەدۆك، ب ٤، ل ٥١٨، ٥١٩ ))

خوێنی تاکەکانی نەتەوەیەك و سووربوون و داکۆکی و بەرگریکردن لەیەکتر، دەبێتە بەشێك لە ناسنامەی نەتەوەیی.

بەیت و ستران و لاوك و حەیران بێژی دەبنە ناسنامەی هەرە ڕەسەن و دیارو بەرچاوی کورد، گوندو ئاواییەکەی ئەم کوردستانە نییە کە بەیتبێژێك، یا سترانبێژێك، یاخود لاوك بێژێکی... هتد تێدا نەبێت. بێگومان ئەوەش پەیوەستە بەسروشت و هەڵکەوتەی جوگرافیی ناوچەکەوە، سروشتی تاك و کۆمەڵگەکە و بوارە جیاجیاکانی ژیانی و بەسەرهات و ڕووداوە زۆرو زەوەندەکانی. واتە تاکی کورد بۆ گوزارشتکردن لەیارەکەی، وڵاتەکەی، نەتەوەکەی، قارەمانەکانی، سروشت و جوانییەکانی... هتد پەنا بۆئەم تایبەتمەندییە میللییە نەتەوەییە دەبات و دڵی بەئەمە ئاو دەخواتەوە.

"ئەبداڵ زەینك"، یەكێكە نەك شارەزایی لەبەیت و لاوكبێژی هەیە، بەڵكو هونەرمەندو بلیمەتە لەم بوارەدا. بابزانین یەشار كەمال، بلیمەتی ئەم زاتەمان چۆن بۆدەسەلمێنێت.

**( ئەورۆكەیش بەسەری ئاشقی كوردان، ئەبداڵی زەینكم... هێهێیی قورینگە بەبەزەك و دۆزەكەكان هێهێیی چیا سەربەكرێوە بۆران و زریانەكان"!**

**"بەسەری ئەبداڵی زەینكم. بەهونەرو بەهرەكەی، هێهێیی. كەژوكۆسارە بەبەفرەكان.. قورینگە بەنەقش و نیگارەكان؟"**

**ئاشق دەستێكی دیی لەسێتارەكەی داو ئەوجا دەستی بەسەر بووردەو گێرانەوە كرد:**

**"پیاوێك ئەبداڵی زەینكی پێ دەڵێن. ئاشقێكی گەورەیە، بەیت و لاوژە بەسەر دارو بەردو كێو تەیرو توو درندەو جانەوەرانەوە هەڵدەدا، ئەو وەك ئاشقی دیكە ناچێ. هەرلەسبیانێرا تا ئێوارێ، هەر لەئێوارێرا تاسبەینێ بێ وچان دەچرێ و تێ هەڵدەكاو دەچریكێنێ. ئاوی ڕەوان چۆن لەڕۆیشتنی وەڕەز نابێ و نابڕێ، گۆتنی ئەبداڵ زەینكیش لەبڕان نایە، بەیت و سترانەكانی نابڕێنەوە. لەڕێگەو بانان، لەبانووئاران و چۆڵ و دەشتان، لەبێروون ساراو هەڵەت و زووركان، لەنێو لێرو جەنگەلان، لەنێو بەرەی ئینسانان، لەهەموو شوێنێ، بێ پشوو، بێ نێوبر، بەیتان دەبێژێ، ستران دەڵێ. ئینسانی وەگیر نەكەوێ بەدارودرەخت، بەئاوو كانیاو، بەگوڵ و گوڵووك، بەگەزندەو مێروون هەڵدەڵێ. هەرچییەكی لەوسەردنیایە وەچەنگ كەوێ، لاوژەی پێدا هەڵدەڵێ".**

**"گەلەك دووروودرێژ دەچری. بەیتێكی دەڵێ، بەچل شەوان و چل ڕۆژان نابڕێتەوە. گۆرانییەك ئەبداڵی زەینك دەستی پێكردبێ، هەركەسێكی لەپاش هاتبێ، تاهەنووكە نەیتوانیووە تەواوی بكا. بەیتەكانی بەكوردی دەڵێ. بەیتی كورد نابڕێتەوە. بەڵێ بەكوردیی دەڵێ، بەڵام لەتوركت، لەعارەبت، لەعەجەمت، لەڕوست، لەئینگریزت، هەمووی تێی دەگەن. ئەمە سرێكە كەس نازانێ چییە.)**

(( ئەودیوی چیا، زەوی ئاسن ئاسمان مس، ل ١٥٩))

ئاشكرایە ناسنامەی نەتەوەیی لێرەدا بەدنیای هونەرو ئەدەب و فۆلكلۆرو داهێنانەوە پەیوەستكراوە،و كەسێكی داهێنەر جا لەهەر بوارێكدا بێت، بۆی هەیە ببێتە بەشێك لە پێكهاتەی ناسنامەی نەتەوەیی.

یەشار كەمال، ناسنامەی نەتەوەیی كورد دەكات بەچەند بەشێكەوە لەڕووی پاك و پووختی و دڵسۆزییان. واتە وەك گوتەنی مەعدەنییان هەڵدەسەنگێنێت و جیایان دەكاتەوە. بۆنموونە لێرەدا هەست بەسێ جۆر ناسنامەی نەتەوەیی دەكەن

"ئەحمەد"، یەكێكە لەكارەكتەرە سەرەكییەكانی ڕۆمانەكە كوری چیاو چۆڵ و ئەو هەردە، و هیچ بەرژەوەندییەكی لەگەڵ پاشاو دەست و تاقمەكەی نییە، و ئەو دەیەوێت وەك تاكێكی ئازاد بژیت بەڵام بەهۆی ئەوەی لەبەرەی دەسەڵاتداران نییەو لەبەرەی میللەتە، زیندان بۆتە شوێن و جێگەو ژینگەی ئەو، بۆیە لەتێڕوانینی ڕۆماننووسەوە ناسنامە نەتەوەییەكەی ئەم شیاوی ئەوەیە ببێتە ناسنامەی سەرلەبەری نەتەوەكەی. بەگ و ئاغا و كوێخایەكانیش ناسنامەیەكی شێواو ناجێگیریان هەیە، و دەیانەوێت جووت ناسنامە، یاخود جووت كەسێتییانە،

دووانییانە هەڵسوکەوت و ڕەفتاربکەن. ئەمەش بەهۆی دەست و لادڵێکیان لەگەڵ میللەتەکەیانە، و دەست و لادڵەکەیتریان لەگەڵ پادشادایە، و پادشاش ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بەئیمپراتۆری عوسمانییەوە بۆیە ئەمانە هەم لەناڵ دەدەن و هەمیش لەبزمار، و دڵێك دوو دڵدارن!

یەشار کەمال، ناسنامەی نەتەوەیی سێیەممان بۆ ئاشکرا دەکات کەخۆی لەپاشاو خانەکان دەبینێتەوە، کەبێگومان ئەمانە خۆیان یەکلاکردۆتەوە بۆ بەرژەوەندیی تەسکی خۆیان و بەرژەوەندیی داگیرکەرو ڕەگەزپەرستانەی دەسەڵاتی عوسمانی ئەمانە بەس بەتەنیا وەك بڵێی بەتەسکەرە کوردن، و ئەوەیتر بەجەستەو گیان و دڵ و دەروون سەر بەئیمپراتۆری عوسمانین، و هیچ کاروکردەوەیەکیان لێناوەشێتەوە بۆنەتەوەکەیانی بکەن، وەك بڵێی دەستییان بەجەستەییان نووساوە، و ناتوانن شتێکی وابکەن کەببێتە مایەی ڕەزامەندیی زۆربەی میللەتەکەیان

**( بەگە کوردەکان، ناچارونابەدڵ، تکاکاریان نارد بۆتکا لەکن خەڵکی ئاگری. ئەحمەد نەك هەرئەسپی بەوانیش نەداوە، بگرە وەڵامێکی تاڵی ژوقوماویی بۆناردنەوە، گوتی:**

**چما ئەوان نازانن ئەمە یادگارە خۆی بەپێی خۆی هاتووەتە پێش دەرگام و سێ جارانیشم بەرهەڵداکردووە و هەرسێ جارەکەش ڕێ و ڕاست گەڕاوەتەوەو ئەسپەکە بەکەس نادرێتەوە؟ ئەمە ئەسپی من نییە، بۆخۆی هاتووە بەسەرسەری ئاگرییەوە نیشتووەتەوە. ئەوانەی بوون بەجەگ، چۆنیان دڵ دێ و زمانیان چۆن هەڵدێتەوە داوای ئەسپی ئێمەبکەن؟ ئەوانە نەك بوون بە بەگ، بگرە بوون بەبەندەی گوێ لەمستی پاشا.**

**بەگەکوردەکان بەم قسانەی ئەحمەد تووڕەبوون، لێیان نەگرت، گوتیان ئاگرییەکان هەقیانە. بەڵام چارناچاربوون. پاشا دەبوو هەمووشتێکی بۆوەدەست خستنەوەی ئەسپەکە ڕەچاوکردبا.**

**کاتێکی هیچی لەبەگە کوردەکان هەڵنەکڕاند. خۆی کۆك و تەیار کرد، لەشکری کۆکردەوە، بەگەکوردەکانیشی ڕەگەڵ خۆی خست، چوون بەسەر ئاگریدابدەن .)**

(( ئەفسانەی چیای ئاگری، ل ٢٣))

ڕۆماننووس جەخت لەسەر چەشنی ئەو ناسنامەیە دەکاتەوە کە هەریەك لە تاکەکانی نەتەوەیەك خۆیانی پێدەنوێنن، و ئایا تاچەند ئەم ناسنامەیە پاکییەتی و بێگەردی لێدەتکێت، نەوەك

ناسنامەیەك بێت سەرلەبەری تاوان و ڕەش و پیسی بێت.

لەك، وەك هۆزێکی ڕەسەنی کورد، بەسەر چەند ناوچەیەکی، یاخود بەشێکی کوردستاندا دابەشبوون. وەك ئەدەنە، چقورئاوا، کفری، کەرکوك، قارەمان،... هتد. ڕۆماننووس ئەم هۆزەی کورد بەئازاو چاونەترس پەسەند دەکات، و خودی ڕۆماننووسیش لە ئاوایی چقورئاوا ژیانی بردۆتەسەر، و لەکەکانیش لەم ئاواییە بوونییان هەیە بۆیە بەمشێوەیە باسییان دەکات.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ڕۆماننووس، پابەندە بەبیری هۆزوتیرەگەرییەوە، بەڵکو ئەم نموونەیەی بەمەبەستی ناسنامەی نەتەوەیی کورد هێناوەتەوە، وجیای بکاتەوە لەهۆزو تیرەکانی تورك لەزاری ئەسمای دایکی حەسەنەوە لەکەکان بەخوێنەر دەناسێنێت

**(بمكوژە... كوشتن گوایە چۆن چۆنییە... ئێوە هەموو ڕۆژێ من دەكوژن... برای ئێوە من نەمكوشت، عەباس كوشتی... بڕۆن تۆڵەی براكەتان لەبرای عەباس و خزمانی بكەنەوە... تۆڵەی براكەتان لەمن دەسێنن وانییە؟ ئێوە لە(لەكەكان)دەترسن، من براكەتانم نەكوشتووە، عەباس بكوژی برای ئێوەیە، سەرەڕای ئەوەی وای كرد كە ژنەكەشی ڕابكات و هەڵبێ... بڕۆن هەقەكەی لەكەسوكارەكەی بكەنەوەو نامووسەكەتانی پێ پاك بكەنەوە...)** (( مارەكەیان بكوشتایە، ل٢٧ ))

ناسنامەی نەتەوەیی، پەیوەستكراوە بەكۆڕو كۆمەڵەیەكی خەڵك، یاخود گروپ و دەستەیەكی دیاریكراو لە نەتەوەكە.

یەشار كەمال، ئەستەنبۆڵی ئەوكاتە، واتە سەرەتای سەدەی ڕابردوو، دەكاتە ناوەندێك بۆگردبوونەوەی كوردەكان، بەتایبەتیش كوردەكۆڵهەڵگرەكانی ئەستەنبۆڵ، كە گرنگ و پڕبایەخییان دیوە لەپشتگیریكردنی كوردانی ڕۆشنبیرو نەتەوە ویست لەهەمان ناوەندا. هەروەها ڕۆماننووس ئەوكوردانە بەعاشقی مەل وەسف دەكات، ئەمەش لەڕوانگەی ئەوەی كوردەكانیش وەك مەل و باڵندەكان كۆچیان كردووە، خەڵكێكی بەبەزەیی و دڵنەرم و سادەو ساكارن. ناسنامەی نەتەوەیی بەچینێكی دیاریكراوی كۆمەڵگەو دیاردەیەكی سروشت گرێدراوە.

**( هەربۆیە باڵندەكان كۆچییان كرد...**

**لەگەڵ كۆچی باڵندەكانیشدا..**

**"لەوانەیە لەپێش كارگەكاندا كاتێ كرێكارەكان دەست لەكار هەڵدەگرن... یاخود كوردە كۆڵهەڵگرەكانی بازاڕی سەبزە... كوردەكان زمان نازانن، بەڵام عاشقی مەلن."...**

**كێ دەزانێ لەوانەیە لەشوێنێكدا، لەپەناو قوژبنێكدا خەڵكی دڵنەرم و بەبەزەیی مالن باڵندەبكڕن و ئازادی بكەن. كێ دەزانێ نابێ نەبێت... )**

(( باڵندەكانیش كۆچیان كرد، ل ٦٠)).

ڕۆمانی "گەمییەكەی نووح"، سیخناخ بووە لەوێنەی تاكی كوردو خاكەكەی چیای ئاگری داغ، شارەكانی بایەزیدو عەنتاب و دیاربەكر و مووش... هتد

چیای ئاگری داغ، قەڵای كەڤرۆ، شارەكانی وان، ماردین، بایەزید، عەنتاب،... هتد.

كە ڕووداوو بەسەرهاتەكانی ئەم ڕۆمانە لەم شوێنانەی كە ئاماژەمان پێدان دەخولێنەوە، و ڕۆماننووس شارەزاییەكی بێوێنەی هەیە لەبارەی هەریەكەیانەوە، بۆیە كاتێك باسی شارێك، یاگوندێك، یاخود چیاو ئەشكەوتێك دەكات، خوێنەر واهەست دەكات كوڕی ئەوشوێنەیەو بەموو هەنگاوی نەناوە بۆشوێنیتر.

بۆنموونە وێنەی پیرەمێردێكی كوردی ڕەش و ڕووتمان ئاوا پیشان دەدات سەرەڕای هەژاری و بەتەمەنییەكەی، بەڵام بەڕوویەكی سادەو خۆش لەبەرامبەرەكەی دەڕوانێت، و ئامادەیە بۆئەوەی میوانداری بكات، ئەمەش ئەو وتە كوردیەمان دێنێتەوە یاد كەدەڵێت: (میوان عەزیزو خۆشەویستەو قەدری لەسەرچاوانە).واتە ناسنامەی نەتەوەیی پەیوەستە بەژیانی كۆمەڵایەتی و چۆنیەتی مامەڵەو هەڵسو كەوتیان.

**( پیرەمێردەکە شتێکی ئەستووری جەواڵ ئاسای کۆنی شیتاڵەوەبووی دەسکردی بەشەڕواڵ کردبوو، پێڵاوەکەی پارچە لاستیکی تایەی ئۆتۆمبێل بوو، بەپەت لەقاچی گرێدابوون، هەردووتاکەکەش لەژێرەوە کونیان تێکەوتبوو، پەنجەکانی بەدەرەوەبوون، نینۆکی درێژوقرێش، ڕووی وەك خۆر برژاندبێتی وابوو، بەڵام لە ڕوومەتیدا دۆستایەتی و خۆشەویستی دەباری... دوواجار هات و بەتەنیشتمەوەدانیشت**

**بەکوردی دەستی پێکرد:**

**"بەخێربێن.. فەڕتان هێنا، میوان جێگای سەرسەروچاوانە ".)**

(( گەمییەکەی نووح، ل ٤٠، ٤١ ))

کاتێك لەتورکیادا، جلوبەرگی کوردی قەدەغە دەکرێت، بڕیاری ئەوەش دەردەچێت کەپێویستە لەباتی جامانەبەستن، خەڵکی شەپقەوکاسکێت لەسەربکات، بەڵام کوردەکان ئەم بڕیارە بەهەند هەڵناگرن و ڕەتیدەکەنەوە. دیارە بڕیارێکی لەمشێوەیەش بەمەبەستی شێواندن و سڕینەوەی ناسنامەیە. ڕۆماننووسیش بەمشێوەیە باسی ماردینییەکان دەکات و دەڵێت:

**( ئەوپیاوە بەساڵاچوانە شتاقیان شەپقە لەسەرنانێن، پارچە قوماشێکی زەرد دەپێچن بەبازاڕەکاندا دێن و دەچن. کەس ناپرسێ ئەوە چییە بەسەرتانەوە. لێپرسراوانیش یاسای شەپقە لەسەرکردنیان لەبیرچۆتەوە... ئەمانیش هەرفێری ئەوەی خۆیان بوون..)**

(( گەمییەکەی نووح، ل ٨٣، ٨٤))

بەهۆی سووربوونی کوردەکان لەسەر کەلەپوورو کولتوورییان، وایکردووە لێپرسراوانی حکوومەت چیتر لە جل و بەرگی نەتەوەییان نەپێچنەوە.

یەشار کەمال، لەڕۆمانی "بروانە فورات خوێناویە" لەزۆربەی لاپەڕەکاندا جەخت لەناسنامەی ئێزدییەکان دەکاتەوە کە ئەوانیش هەڵگری بیرو وتەو کرداری چاکن، و بەدرێژایی مێژوو ستەمیان

لێکراوە لەلایەن زۆربەی دوژمنانی کوردەوە. واتە چۆن کوردەکانیتر سەر بەڕێبازی جیاجیای ئایینین و لەژێر ساباتی یەك ناسنامەی نەتەوەییدا کۆبوونەتەوە، بوونەتە قوربانی سیاسەتی چەوسێنەرانەو ستەمکارانەی دوژمنانییان، ئەوە ئاواش کوردەکانی ئێزیدیین ڕووبەڕووی ئەم سیاسەت و ڕەوشە ترسناکە بوونەتەوە، و چارەنووسییان لەکوردەکانیتر خراپتر نەبووبێت باشتر نەبوو.

سەرەڕای ئەمانەش ڕۆماننووس جەخت لەوە دەکاتەوە کەبەشێك لە کوردەکان بەفیتی دوژمنانی کورد هەڵخەڵەتاون و دەستییان بەخوێنی هاونەتەوەکانییان سوور بووە. بەڵێ ئەم کارەساتانەی کەبەسەر ئێزیدییەکاندا هاتووە بەتەواوی لەم گفتوگۆیەی نێوان هەردوو کارەکتەری دەقەکە (پۆیزار موسا) و (میر) بەتەواوی بەرجەستە دەبێت و ناسنامەی نەتەوەییش بە ئایین و ئایینزای جیاجیاوە بەستراوەتەوە.

**( پۆیزار، زەندەقی لەوە چووبوو نەکا میر هۆی کوشتن و تاڵانکردنی ئەوان بپرسێ، میریش زۆر پرسیاری لێدەکرد، لەبارەی دایك و باوکی پرسیاریدەکرد، لەبارەی گوند و شارۆچکەکەی، ژیانیان، ساری قامیش، ئەنوەرپاشا، حافیزپاشا کەبووە خۆراکی ئەسپێیان، لەبارەی هەموو شتێك پرسیاری لێدەکرد، بەڵام بەهیچ**

**شێوەیەك نەیدەتوانی سەبارەت بە پەلاماری سەر کۆچنشینەکان و کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکان بەدەستی سەربازانی ڕاکردوو، کورد، تورك، عارەبەکانەوە شتێکی لێبپرسێ. کاتێك کەباسی کوشتن و بڕی ئێزدیەکانی دەکرد، چاوە مامزی و خەماوییەکانی کەم کەم دەکەوتنە سەریەك، لەگەڵ ئازاردا دەلەرزی، تائەودەمەی دەنگی دەنووسا بەحاڵەتی نیوە هوشیارییەوە قسەیدەکرد )**

(( بڕوانە فورات خوێناویە، ل ٤٠٨ ))

**( دووای چەندین مانگ گەڕان و سۆراغکردنییان لەچیاکانی شنگال و ئارارات و سوبحان دۆزیمنەوە. چەندساڵ لەسەر چیاکان لەگەڵیاندا مامەوە. ئەوانە کوردن. زمانەکەیان زۆر دەوڵەمەندە. زمانەکەیان زۆر گەرم و گوڕو دۆستانەبوو. من ئەو زمانەم دەزانی.... لەسەر ئەوچیایانە، گەرمی و گوڕو تینێکی خۆرسك و تروسکایی دڵی مرۆڤ و عەشقی ئاشکرا و ڕاستەقینەی ئادەمیزادم بینی )**

(( بڕوانە فورات خوێناویە، ل ٤١٢ ))

ناسنامەی نەتەوەیی گوزارشتە لە شوێن و زمان و سروشتی تاکەکانی نەتەوەیەك.

کورد، لەشاری ئەستەنبۆڵی تورکیادا، دەستی بەسەر پانتاییەکی زۆری شارەکە داگرتووە، یەشار کەمال کاتێك ڕووداوو بەسەرهاتێکی ئەوشارە دەگێڕێتەوە کەم حاڵەت هەیە، کارەکتەرێکی کورد ڕۆڵی تێدا نەگێرابێت و بوون و ناسنامەی خۆی نەسەلماندبێت. واتە ئەگەر کوردەکانی باکوور لەگوندو، ناوچەو دەڤەرە کوردییەکان سەرگەردان و پەڕاگەندە دەکرێن، ئەوا سەرلەنوێ لەشارێکی گەورەی وەك ئەستەنبۆڵ دەگیرسێنەوەو درێژە بە بەردەوامییان دەدەن وەك ئەو دوو کوردە ماسیگرە نیشانشکێنەو پۆلیسە ڕێك و پێکەی شاری ئەستەنبۆڵ

**( سەرخۆشێك خۆی لەئاستی قەراغ پردەکە چەسپ کردووە هەردوو قۆڵی، وەك باڵی مەل بەیەکدا دەداو لیك بە ڕیشە زەردباوەکەیدا دێتە خوارێ، یەکێ لەگۆرانییەکانی ئەستەمووڵ دەڵێ، شکایەتی حاڵی خۆی دەردەبڕێ... هەموو ڕۆژێك ئەمە کاروکردەوەیەتی... پۆلیسە کوردە ڕێك و پێکەکەی پردەکە نەجاتی ئورخەلی، هەر لەبەردەم قەرەقولەوە تا قیر ڕێژەکەی قەرەکوی، لەوپێشە تا چایخانەی پردەکە هاتووە و وەکو ڕۆژانی تری لەوێ ڕاوەستاوە... )**

(( دەریا تۆرا، ل ١٥٣)) .

## ڕەنگدانەوەی ناسیۆنالیزم لەڕۆمانەکانی یەشار کەمال دا

یەکە بەیەکەی تاکەکانی نەتەوە، هەر زوو لە بوون و ناسنامەی خۆی دەپێچێتەوەو ئەو بوون و ناسنامەیەشی لە ناسیۆنالیزمەوە چنگ دەکەوێت. ناسیۆنالیزم، بابەتێك نییە لە بۆشاییی و نەبوونەوە هەوڵ و تەقەڵڵای بۆ بدرێت، بەڵکو هاوکاتە لەگەڵ ژیانی منداڵیی تاکێك، زمانپرژانی، وتوانەوەی لە کولتوور، و زانینی ئایین و ناسینی دەوروبەری... هتد. ( واتە ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی سروشتییە و ڕەگی بە مۆخی تاکەکانی نەتەوە ڕۆچووە. بۆیە ( ناسیۆنالیزم ) بەمانا گشتییەکەی، دیاردەیەکی سروشتی و ئاساییە چونکە مرۆڤ، هەر لەکۆنەوە بیستوویەتی و دەیەوێت لەگەڵ ئەو کەسانەدا تێکەڵاوی و پێوەندی هاوبەشی هەبێت، کە لەزمانیان تێدەگات، هەستدەکات کە کولتوورێکی هاوبەش یان مێژوویەکی هاوبەش و کۆمەڵە ئامانجێکی هاوبەشی لەگەڵیاندا هەیە. )(١٠). ناسیۆنالیزم ویست و حەز و هۆشیاریی تاکی نەتەوەیە، بۆ توانەوەو مانەوەو کۆشش و کارکردن لە پێناو هەست و زمان و کەلتوور و مێژوو و نیشتمان و چارەنووس و ئامانجە هاوبەشەکان، بێگومان هەموو ئەمانەش بە مەبەستی بەردەوامبوون و بڕەودان بە نەتەوە لە بازنەی فراوانی ململانێ و بەریەککەوتنی نێونەتەوەیی، چەمکی ناسیۆنالیزم وەك چەمکێکی فراوان و فرە ئایدیا، ئاوێتەی هەردوو چەمکی دەوڵەت و نەتەوەیە وەك ئاڵقەکانی زنجیرەیەك بەیەکەوە بەستراون، و هەم سنوورییان جیایەو هەمیش سنووری یەکدی دەبەزێنن. (ناسیۆنالیزم لە ڕەوشی مێژوویی خۆیدا بەدوو شێوەی سەرەکی خۆی دەرخستووە، لە حاڵەتی یەکەمیان دەوڵەت نەتەوە دروستدەکات، بەڵام لە حاڵەتی دووەمیاندا کە پێچەوانەی حاڵەتی پێشووە، نەتەوە دەوڵەت دروستدەکات.)(١١)، ئەوەی سەرنجی ئێمە دەدات، حاڵەتی دووەمیانە نکۆڵی لەمە ناکرێت کورد، ئەزموونی لەگەڵ ئەم حاڵەتەدایە. نەتەوەیەکی گەورەو فرە ئامادەبوونی هەیە، کەچی دەوڵەتێکی بچووکیش ئامادەو بوونی نییە. لێرەوە دەبێت گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی ئاڕاستە بکرێت لە خزمەت بەرژەوەندیی دەوڵەتی کوردی، گوتارێکی کاریگەریی ئاوا بێت دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان، یەکبخات و پارچەکانی خاکی کورد بچنەوە پاڵ یەکترو سەریەکتر. بۆ ئەوەی ئێمەش مافی حوکمڕانی خۆمان هەبێت و هەرخۆشمان بڕیاری مافی چارەنووسی خۆمان بدەین. واتە سەرتاپای مافەکانمان بسێنین و لەچوارچێوەی حوکمەڕانیەتێکی دادپەروەرانەدا بەرجەستەیان بکەین. ناسیۆنالیزمی هەربەش و ناوچەیەك لەم جیهانە، خەسڵەت و خاڵی جیا جیای خۆی هەیە، و دەکرێت کۆمەڵە هۆکارێکیش هەبێت بۆ چەکەرەکردن و پێگەیشتنی. بەڵێ (ناسیۆنالیزم لە کوردستان، بەتایبەتمەندیی خۆیەوە، وەك کاردانەوەیەك لە بەرامبەر هەڕەشە و پەلاماری ناسیۆنالیزمی دراوسێدا، ناسیۆنالیزمی تورك، فارس، عەرەب، دەرکەوتووە.)(١٢). ناسیۆنالیزمی کورد، دوور و نزیك کەوتۆتە ژێرکاریگەریی چەند هۆکارێکی خودی و بابەتییەوە، بۆ نموونە بەدیارکەوتنی ناسیۆنالیزمی تورك و فارس و عەرەب، بەهۆکارێکی بابەتی دادەنرێت بۆ سەرهەڵدان و بەدیارکەوتنی ناسیۆنالیزمی کوردی، چۆن ناسیۆنالیزمێك ؟ کە ئەرکی بەرگریکردن بێت لە سەروەرییەکانی کورد، لە هەمبەر چاولێسوورکردنەوە تاکڕەوی ناسیۆنالیزمە داگیرکارەکانی دیارو چاوەڕێکراوە، جەختکردنەوە بەشێوەیەکی زێدەڕۆیی لە ناسیۆنالیزم، بیری توندوتیژی و دەمارگیری و دیکتاتۆری و داگیرکاری دێنێتە ئاراوە، کە دەبێتە زەمینەیەکی نالەبار و شێواو بۆ ناسیۆنالیزمی تر. وەك لەبەر چاوە وڵاتانی دراوسێ و

تەنانەت وڵاتانی زلهێزیش مەترسییەکی ترسناکن لە ئاست ناسیۆنالیزمی کورد و لەکەدارکردنی. ئێستاشی لەگەڵدابێت هیچ گەرەنتییەك نییە بۆ ئەوەی ناسیۆنالیزمی کورد پشتگیریی لێبکرێت و سەربکێشێت بۆ هێنانەدیی خەون و ئاواتەکانی و دامەزراندنی قەوارە و کیانێکی ئازاد و سەربەخۆ. ناسیۆنالیزمی کورد بەبەراورد لەگەڵ ناسیۆنالیزمی تورك، فارس، عەرەب، دەرفەتێکی وای بۆ نەڕەخساوە، گریمان لێرەو لەوێ چەند دەرفەتێکیشی بۆ ڕەخسابێت، ئەوانی دی هەوڵی جددییان داوە بۆ لەباردنی. ئەگەر هەرسێ ناسیۆنالیزم لە نێوان یەکیان تەواو جیاواز بن و ململانێی یەکتریش بکەن، بەڵام کاتێك ناسیۆنالیزمی کورد دێتە ئاراوە، خاڵە جیاواز و ناکۆکەکان بەلاوە دەنێن بۆ لێدانی ناسیۆنالیزمی کورد. بۆیە دەتوانین بڵێین ( ناسیۆنالیزمی کورد، بەپێچەوانەی ناسیۆنالیزمی تورك، فارس، عەرەب دەرفەتی ئەوەی بۆ نەڕەخساوە پرۆژەی ناسیۆنالیستی خۆی لە بیرو ئایدیاوە بگۆڕێت بۆ واقیع، لە جیاتی ئەوە دەوڵەتە ئیمپرالییە سەرکەوتووەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی وڵاتەکەیان دابەشکرد. )(١٣) بەدبەختی ناسیۆنالیزمی کورد لەوەدایە هێشتا پێینەناوەتە قۆناغی کامڵبوون و زیاتر لە چوارچێوەی بیر و ئایدیاو دەنگ هەڵبڕین و دروشمسازاندن و بەرزکردنەوەی ئاڵاو دامەزراندنی چەند گروپ و ناوەندێك بۆ داکۆکی لە ناسیۆنالیزمی کورد و.... هتد. واتە ناسیۆنالیزمی کورد هەنگاوی گەورەی پراکتیکی نەناوە و نەچۆتە حاڵەتی جێگیریی و بەختەوەرییەوە. ئەگەر تادوێنێ کەوتبووە ژێر داگیرکاری هەردوو ناسیۆنالیزمی تورك و فارسەوە، نەتەوەو وڵاتەکەیان لەسەردەمی میرنشینییەکان بەسەر دووبەرەدا دابەشکردبێت، ئەوا لەسەردەمی ئەمڕۆدا نەتەوە و وڵاتەکە کراوەتە چوار بەشی جیاجیاو لەهەمانکاتیشدا ناسیۆنالیزمی عەرەبیش بۆتە هەڕەشەیەك لەپاڵ دوو ناسیۆنالیزمە کۆنەکەی تردا چونکە دەبینین ناسیۆنالیزمی عەرەب دووپارچەی کوردستانی داگیرکردووە، و ناسیۆنالیزمی تورك و فارسیش هەریەکەیان پارچەیەکی کوردستانیان داگیرکردووە، لێرەدا ناسیۆنالیزمی کورد کەوتۆتە نێوان چەند بەرداشێکەوە. سەرباری ئەمانەش ئەوەی ناسیۆنالیزمی کورد، تەواو جیادەکاتەوە لە ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی تر کە ئەوەیە ناسیۆنالیزمێکی نەرم و گفتوگۆ ئامێزە، دوورە لە زمانی هەڕەشەو شەڕانگێزی و بەرەنگاربوونەوە. مەبەستی ناسیۆنالیزمی کورد (وەك ناسیۆنالیزمی نەتەوەیەکی ژێردەست و وڵاتداگیرکراو ناوەڕۆکێکی ڕزگاریخوازانەی هەیە.)(١٤) واتە ناسیۆنالیزمێکە دەیەوێت گیانەکەی بەداوای ڕەوا، ئازادی و ڕزگاریخوازی زیندووبێتەوەو، و بەرۆکیلە ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی سەردەست و داگیرکار ببێتەوە، و ئیتر بەسەربەخۆیی ببوژێتەوە، خۆی سەردارو قەڵەم بەدەست بێت، و خاوەن ئیرادەیەکی بەهێز و تۆکمە بێت .

ئایین وەك توخمێکی سەرەکی و هەمیشەیی، بەردەوام بوونی هەیە لە بیر و ڕووحی نەتەوە و تاکەکانی دا، کاریان تێدەکات و ئاڕاستەیان دەکات بۆ لایەنە چاکەکانی ژیان، هەروەها ڕۆڵێکی دیاری هەیە لە یەکگوتاری ناسیۆنالیزم و دەوڵەمەندکردنی کەلتووری نەتەوەییدا، بەڵام بە مەرجێك هەموو تاکەکانی نەتەوە خۆیان بەخاوەنی ئەو ئایینە بزانن، ڕێزی پیرۆزییەکانی بگرن، و بەهیچ شێوەیەك تخووبی نەبەزێنن ( هەر خودی ئایینە ڕێزو نرخ بۆ مرۆڤەکان دادەنێت لەچوارچێوەی کۆمەڵێك بنەماو دەستوورکۆیاندەکاتەوە. سەبارەت بەنەتەوەی کوردیش لەبەر ئەوەی زۆربەی خەڵکی کوردستان موسوڵمانن، کولتووری کورد، لە زۆر ڕووەوە ڕەنگی ئایینی ئیسلامی گرتووە، ژیانی کۆمەڵایەتی، تێڕوانین و پرینسپ و بەها کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکانی زۆربەی خەڵکی

کوردستان، کەم تا زۆر کاریگەریی ئیسلامییان لەسەرە. هەروا لەبەرئەوەی ناوەندە ئاینییەکان بەدرێژایی سەدان ساڵ تاکە سەرچاوەی زانیاری و بەرهەمهێنانی ئیپستیمۆلۆجیا مەعریفەبوون لە کوردستان.)(١٥) کورد، لەپاڵ هەستە نەتەوایەتییەکەی، هەستی بۆ ئایینی ئیسلام و ئیسلامەتی جوڵاوە، چونکە بەبێ دوودڵی درکی بەوە کردووە ڕۆژێك لە ڕۆژان مزگەوت و تەکیە و خانەقایەکان لەگەڵ ئەوەی شوێنی پەرستنی خودان، لەگەڵ ئەوەشدا تاکە سەرچاوەی ئیلهامبەخشی زانست و زانیاری مەعریفەن، بۆ لەپێوەستان و پێگەیاندنی تاکی کورد. ئاوڕدانەوە لە ڕابردووی مێژووی نەتەوەی کورد و بەڵگەی ڕاستی قسەکانن، هەروەها زۆربەی زۆری شاعیرو ڕووناکبیرو هەڵگرانی بیری ناسیۆنالیست و سەرکردەی شۆڕشە یەك لە دووای یەکەکانی کورد دەرچووی قوتابخانەی مزگەوت و تەکیە و خانەقایەکانن. جا گرنگ نییە چەند و چۆن بن گرنگ ئەوەیە حاڵەتەکە بوونی هەبووە و بۆتە واقیعێك نابێت بەنەنگی و کەموکورتی لێیبڕوانین و خوێندنەوەی بۆ بکەین و تێیبگەین، بەڵکو حاڵەتەکە بۆ لایەنی چاکەو بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورددا شکاوەتەوە. دەی ئەگەر وانییە با وازی لێبێنین و بۆ ئایین و ئاینزای تر بگەڕێین، بەڵکو هێندەیتر خزمەتی بە ناسیۆنالیزمی کورد و کەلەپوورەکەی کردبێت و بۆ یەکجارەکی مافی چارەی خۆنووسین و بڕیاردانی بۆ کورد دەردەست کردبێت. ئەوا سەبارەت بەڕابردوو، ئەی لەئێستاو داهاتوودا، لەقازانجی نەتەوەی کورددا نییە بەدووای جێگرەوەیەکیتردا بگەڕێت ! ( ڕەنگە ئەگەر ئێستا پەیامی ڕۆحی ئیسلام لە کورد بکرێتەوە، کورد ببێتە ئافریدەبوویەکی سەیری بێ ڕەگ و ڕیشە و بێ بنەما، جیاکردنەوەی کورد لە ئیسلام مانای ڕەخساندنی زەمینەیە بۆ ئەوەی کەسێتی کورد تێکبشکێندرێتەوە و هیچ سیمایەکی نەتەوەیی نەمێنێت )(١٦) ئەمە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە چ لەڕابردوو، چ لەئێستادا، یاخود لەداهاتوودا، نەتەوەو تاکەکانی هەر نەتەوەیەك ناتوانن حاشا لە ئایینەکەیان بکەن و فەرامۆشی بکەن. ڕاستە نەتەوە و ئایین چەمکی تەواو جیان لە یەکتر، بەڵام دەکرێت یەکێك بۆ ئەویتریان ببێتە کۆڵەگەیەکی سەرەکی. بزاڤی ناسیۆنالیزمی کوردیش، بەبێ بوونی ئیسلام ناتوانێت ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بەڕێکوپێکی بسەنێت و بچەسپێنێت. گریمان حاشا لە ئیسلامبوونی خۆمان بکەین، چی ئایینێکیتر هەڵبژێرین ؟ ئەوە ئایینیشمان گۆڕا ئەدی وەکو نەتەوەی کورد هەر حسێبی ڕۆژهەڵاتیمان بۆناکرێت و لەبەرەی ڕۆژهەڵاتیدانین ؟ بۆیە پێویستە چ نەتەوە و چ ئایین و بێگومان دوواتر کولتووریشی لێدەکەوێتەوە لەخزمەت دۆزی ڕەوای نەتەوەی خۆمان بەکاریان بێنین، ببنە هۆکارێك بۆ خولقاندنی کەسێتی کوردیی و ناسنامەی نەتەوایەتییەکەی نەوەك حاشاکردن لە ئایین و تێکشکاندنی کەسێتی و ونبوونی ناسنامەی نەتەوەییمان.

پرسی ناسیۆنالیزم، لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکیتر بایەخ و گرینگییەکەی خوێندنەوەی هەمەچەشنەی بۆ دەکرێت زۆربەی نەتەوەکان هەر لە پێشەوە ئەم پرسەیان یەکلا کردۆتەوە ئەویش بەهۆی دەوڵەتی دامەزراوەییەوە.بەو پێودانە (ناسیۆنالیزمی کوردی و لێکدانەوەی لایەنە سیاسیی و کۆمەڵایەتی و فیکری و کولتوورییەکانی بۆ نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتی ژێر ستەم و نیشتمان داگیرکراوی وەکو کورد، نەك هەر نرخ و بایەخی مێژوویی گەورەی هەیە، بەڵکو ئەوەشمان بۆ ڕووندەکاتەوە ئەم بزاوتەی ناسیۆنالیزمی کورد تا چ ئاستێك لە ژێر هەڕەشەو پەلاماردان بووە و لە بەرامبەر سیاسەتی سڕینەوەی ناسنامەدا ڕۆڵێکی لەبەزیندووڕاگرتنی

شوناس و کولتووری نەتەوەیی کورددا بینیوە.)(١٧) ناسیۆنالیزم لای بەشێك لە نەتەوەکانی سەر ئەم زەمینە تارادەیەك کاڵبۆتەوە و براوەتەوە، بۆیە داوای خواستی سەرووی ناسیۆنالیزم دەکەن و خەیاڵدانیان ئەم پرسەی تێپەڕاندووە. بەڵام ئەوەی پێوەندی بە ناسیۆنالیزمی کوردییەوە هەبێت فرە ئەرك و مانادارەو پەیکی هەموو پرسە نەتەوەییەکانە لەهەموو سەردەمەکاندا بەێجیاوازی. ناسیۆنالیزمی کورد چ لەدەرەوە چ لە ناوەوەی وڵات بێت بەپێی توانا زۆربەی ئەرکە نەتەوەییەکانی ڕاییکردووە. ناسیۆنالیزمێکی میانڕەوانەیە، خاوەن ئاکار و هەڵسوکەوتێکی مرۆڤانەی گیانی کوردەوارییە، و هیچ ڕەفتارێکی خراپەکاری لێناوەشێتەوەو گەندەخۆر و شەرمەزاری هیچ ناسیۆنالیزمێکیتر نییە بۆیە کازیوەی ناسیۆنالیزمی کوردی هەموو لایەن و بیاڤەکانی کۆمەڵگەی کوردی ڕۆشنکردۆتەوە و ئاوەدانیکردوونەتەوە .

ئەوەی تایبەتە بە سەرەتا و سەرهەڵدانی بیری ناسیۆنالیزمی کوردی. دیدوبۆچوون و بیروڕای تەواو جیاواز لەئارادایە، و هەریەکێك شوێنکاتی ئەم بیرە بۆخۆی بەچەشنێك ڕاڤە دەکات. هەندێك لایانوایە بیری ناسیۆنالیزمی کوردی لەوکاتەوە دەستپێدەکات کە بابا تایەری هەمەدانی هۆنراوەی پێهۆنیوەتەوە. هەندێکیتر دەڵێن پەخشانەکانی شێخ حسێنی قازی سەرەتای ناسیۆنالیزمی کوردییە، کۆمەڵێکیتریش بیری ناسیۆنالیزمی کوردی دەگەڕێننەوە بۆ مەم و زینەکەی ئەحمەدی خانی و ئەم بەداهێنەری دەزانن. ئەوەشی دەمێنێتەوە حاجی قادری کۆیی بەهەڵگری بەیداخی بیری ناسیۆنالیزمی کوردیی دادەنێن. بەڵام بە ڕوون و ئاشکرایی دیارە هزری ناسیۆنالیزم زۆر لەوە فراوانترەو زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێت زۆر لەمە ئەرکی قورسترە کەشاعیرێك یان نووسەرێك پەنا بۆ زمانە نەتەوەییەکەی بەرێت هۆنراوەی پێبهۆنێتەوە، ڕاستە ئەمە بنەمایەکە لە بنەمایەکانی هزری ناسیۆنالیزم بەڵام ئەمە کرۆکی بابەتەکە نییە.

ژێدەرێکی زۆر ئاماژە بەوە دەکەن کە سەرەتای دەرکەوتنی چەمکی ناسیۆنالیزم کە مانایەکەی نزیك بێت لە ڕۆژگاری ئەمرۆماندا، سەرکەوتنی مەزنی شۆڕشی فەڕەنسی بوو بە سەرکردایەتیی خودی تاکەکانی نەتەوەی فەڕەنسی، دوواتر هەنگاو بەهەنگاو نەتەوەکانیتر شوێنپێیان هەڵگرتن، ڕاستە لەناو ئەوروپییەکانیشدا، هەندێك دیدو بۆچوون و بیروڕا سەرەتای ئەم هزرەی ناسیۆنالیزم دەگەڕێننەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە یەکەبەیەکەی نەتەوەکانی ئەوڕوپا زمانی لاتینیی و دەسەڵاتی کڵێسە تووڕ دەدەن، و بۆ ئاخاوتن و نووسین پەنا بۆ زمانی نەتەوەیی خۆیان دەبەن، با لەوە زیاتر دوور نەڕۆین بگەڕێینەوە سەر ناسیۆنالیزمی کوردی و بزانین لەکەی؟ و لەکوێ؟ سەریهەڵداو بۆ ئەمە دەڵێین؟ (ناسیۆنالیزم بەچەمکی ئەمرۆی نەبوو و کوردەکانیش خۆیان بە میللەتێکی جیاواز نەدەزانی. بەڵام لە ساڵی هەزارو هەشتسەدو سیی کاتێك کە یەکێك لە ڕێبەرانی بەشێکی کورد بەناوی بەدرخان تورکەکانی لە ناوچە کوردنشینەکان کردە دەرەوەو خۆی ئەگەرچی بۆماوەیەکی کەم حکومەتێکی دروستکرد. ناسیۆنالیزمی کوردیش لەدایك بوو و بەدرێژایی جەنگی یەکەمی جیهانیش سەید تەهای شەمدینان کە ڕێبەرێکی ئایینی بوو، درێژەی بەڕێگای بەدرخان دا)(١٨) وەنەبێت پێش ئەو مێژووە نەتەوەی کورد، شۆڕشی هەڵنەگیرساندبێت و ڕاپەڕینی بەرپانەکردبێت و هەوڵی دروستبوونی قەوارەیەکی سەربەخۆی لەم چەشنەی نەدابێت. بەڵکو بەپێچەوانەوە بەدرێژایی مێژوو کورد وەك نەتەوەیەکی ستەمدیدە خەریکی شۆڕش و ڕاپەڕین و

هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی داوە، بەڵام جێگەی داخە هیچ ئاکامێکی ئەوتۆی نەبووە، و لەلایەن داگیرکاران و ناحەزانەوە بە ئاگرو ئاسن کپکراونەتەوە و خپیانکردوون. لەکۆتایش نەتوانراوە بیرێکی تۆکمەی ناسیۆنالیزمی کوردیی لەسەربنیاتبنرێت. بەڵام ناسیۆنالیزم لەم قۆناغە بەدوواوە واتە لەساڵی ١٨٣٠ یەوە دەچێتە قۆناغێکیترەوە. تایبەتمەندی ئەم قۆناغەش لەوەدایە گیانی جیاخوازی و سەربەخۆ خوازی لای کورد گەشەدەکات و چیتر ئارەزوو ناکات سەر بەئەم و ئەو بێت.

تایبەتمەندییەکیتری ئەم قۆناغە لەوەدایە کە بیری ناسیۆنالیزمی کوردیی هەڵدەزنێت، هەر لەچوارچێوەی ڕاپەڕین و بزووتنەوەی چەکداری قەتیسنەکرابوو، بەڵکو دامەزراندنی چەندین کۆڕو کۆمەڵەو بزاڤی گەنجان و ڕۆشنبیران و نەتەوەخوازان دەبێتە خاڵێکی هەرە جیاکەرەوەی ئەم قۆناغە بەدوواوە سەرەڕای ئەمانەش دەرکردنی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی و دوواتر هەنگاو دووای هەنگاو دەرچوونی چەند ڕۆژنامەو گۆڤارێکیتر کە گوزارشتبوو لەنەتەوەیەکی زیندووی سەر ئەم زەمینە.هەروەها تایبەتمەندییەکیتری ئەم قۆناغە ڕەوتی بەردەوامبوونی گۆڕانکاری و ڕووداوەکانە بەبێ نەپسانەوە، و شۆرش و تێکۆشان و خەباتی چەکدارییانە وشارستانییانە سیمایەکی جوان و درەوشاوەی ڕەنگامەی ئەم قۆناغەبوون. لەلایەکیتر ئەم قۆناغە بەیەکلاکەرەوە دادەنرێت بۆ دیاریکردنی سەرەتاو سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردیی و هەڵزنانی.

ناسیۆنالیزم وەك پرسێکی هەستیاری نەتەوەیی، پێویستە هەموو تاکەکان و دەستەو تاقم و کۆمەڵەکان بەپیرییەوە بچن، و فراوانی بکەن و ئەو بیر و بیرۆکانەیتر کە خزمەت بەم پرسە ناکات وەلاینێین، و بۆ یەکجارەکی بیکوژێننەوە. ئەمەش بە ئامانجی هێنانەدیی یەکنەتەوەیی، و ڕەتکردنەوەی نەتەوە لەناو نەتەوەدا. بۆیە ( هەرکۆمەڵە تیرە، و یان میللەتێك، یاخود نەتەوەیەك. نەتەوەیەك دەسازێنێت، خۆ ئەگەر دەشێت کۆمەڵێك لە تیرە و میللەت و نەتەوەش یەکبگرن و نەتەوەیەکی یەکگرتوو بسازێنن)(١٩)، واتە مەرجی سەرەکی بۆ خەملێوی ناسیۆنالیزم و ڕەگداکوتانی، پەلۆخین و ڕوو زەردکردنی گیانی تەسکی تیرەگەری و ناوچەگەری و دەستەو تاقمگەرابییە،بێگومان هەموو ئەمانە و هاوشێوەیان ڕێگرن لە بەردەم چەکەرەکردنی ناسیۆنالیزم و ئامانجەکانی. یەکگرتویی و یەکڕیزی ئەندامانی نەتەوە و کۆگیانی و کۆهەستییان و لەبیرچوونەوەی گیان و هەستی ڕابردووی تیرەگەری و ناوچەگەری و... هتد. نەتەوەیەکی ئاوا بەرهەم دێنێت، کە بەیداخی ناسیۆنالیزمییەکەی بۆ هەمیشە شەکاوە بێت، و بشتوانێت بە پێچەوانەی بای مەترسییەکان هەڵبکات و بشەکێتەوە. لەهەمانکاتدا دەتوانێت ئاستێکی بەرزی هۆشیاری و هزریی و هەستی گرۆیی نەتەوەیی بهێنێتەدی لەوێنەی دەگمەن بێت لەسەرتاسەری جیهان، بەمانایەکیتر ناسیۆنالیزمێك بەئاستێکی بەرزی هۆشیاری و هزریی و هەستی گرۆیی نەتەوەییەوە بێتە ئاراوە، لەناوەوە خواستی بەیەکەوە ژیان و ئاشتیی و یەکێتیی و یەکڕیزیی و هاوتەبایی لێدەکەوێتەوە. کەهەمووی بەجێ و ڕێن بۆ پێکەوەنان و سازاندنی قەوارەیەکی سیاسی دامەزراوەیی. ئەمجۆرە ناسیۆنالیزمە لە دەرەوەشدا، کەنارگیر نییە لەهەمبەر ناسیۆنالیزمیترداو لێیان ناخواتەوە و هاوشانیان دەوەستێتەوە.

مەرج نییە لەچوارچێوەی دەوڵەتێکدا، تەنیا ناسیۆنالیزمێك بوونی هەبێت، و سەرلەبەری گوتاری ئەو دەوڵەتە لەسەر ئەو ناسیۆنالیزمە بنیاتبنرێت، و بکرێت بە ئامانج و بەرنامە بۆ ئەوانیتر. واتە ( بوونی فرە نەتەوە

لەچوارچێوەی تاکە دەوڵەتێکدا،پێویستە لەسەر بنەماو فەرهەمکردنی مافی خود دەربڕین و بەکردارکردنی ناسنامەی نەتەوەیی بنیاتنرابێت. تەنانەت کەمایەتییەکانیش دەتوانن سوود لە بەرهەمی لێکدانەوەی ناسیۆنالیزم ببینن)(٢٠). بەشێك لە دەوڵەتانی جیهانی، فرەیی زاڵە بەسەر تاکییەتی وەك فرەنەتەوەیی، کاتێکیش ئەمە بوونی هەبێت فرە ئایینی، فرە کوولتووری، فرە کۆمەڵەیی، فرە شوناسی، هزرو ئایدیایجیاواز... هتد بوونییان دەبێت. هەریەك لەمانە مافی خۆیانە بەیداخی ناسیۆنالیزمی خۆیان هەڵبکەن، و تایبەتمەنێتی و سەربەخۆیی خۆیان لە دەست نەدەن. با لەم فرە نەتەوەیەشدا، نەتەوەیەك هەبێت زۆرو ئەویتر کەمتر و ئەویتریان کەمترین بێت.

ناسیۆنالیزم پێوەندی بەچەندێتی نەتەوەوە نییە بەڵکو پێوەندی بەچۆنێتییەوەوە هەیە، و ئەو نەتەوەیە دەتوانێت تاچەند بڕ بکات بەسەر باندۆرە سەخت و دژوارەکاندا زاڵ بێت و بوونی خۆی بسەلمێنێت. ئەگەر نەتەوەی کورد وەربگرین لە هەرچوار دەوڵەتی تورکیا و ئێران و عیراق و سوریا، گوتاری ناسیۆنالیزمییەکەی هیچ مەترسییەکی، بۆ ئەو دەوڵەتانە چێنەکردووە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو دەوڵەتانە گوتاری ناسیۆنالیزمانەی کورد بەترسناك دەزانن و بەمەترسی دادەنێن لەسەر گوتاری ناسیۆنالیزمی خۆیان بەهەڵە لە ناسیۆنالیزمی کورد گەیشتوون بۆیە هەرگیز پێیانڕەوانابێت، و هەمیشە لە هەوڵی بێوچانی ئەوەدان و کاردەکەن بۆ بەرتەسکردنەوە و کوێرکردنەوەی کولتوور و فەرهەنگ و زمان و ئازادیی تاك و ئایین و هزرو ڕۆشنبیری و...هتد نەتەوەی کورد.

ڕاستە ناسیۆنالیزم، بیرۆکەیەکە زیاتر سەرومڕی لەگەڵ دنیای سیاسەتدا هەیە. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بۆخۆی دنیایەکە یاخود چەمك و زاراوەیەکە خۆی خزاندۆتە نێو تاك و دەستە و توێژو چینەکانی کۆمەڵگەوە، وژیانی نەتەوەیەك بێبوونی ناسیۆنالیزم چ واتایەکی ئەوتۆی نابێت.بۆمان هەیە بڵێین ( ناسیۆنالیزم ڕەفتار و هەوڵ و تەقەڵلای سەرکردایەتیی و دەستەبژێرە. هەوڵدانێکە بۆ زەمینە خۆشکردنی جولاندنەوە و بزواندنی کۆمەڵێك کە سەر بە ڕەگەزێك یاخود نەتەوەیەکن، بابەتێکی گرنگ و جێی بایەخە فراژووبوونی کولتووری ئەو کۆمەڵەیە)(٢١) دەگەینە ئەو ڕاستییەی ناسیۆنالیزم هەر خەون، و واقیعێك نییە لەڕێی خەباتی چەکداری و بزوتنەوەی شۆڕشگێریی دا بێتەدی و لەسەر پێبوەستێت. بەڵکو دەستەبژێرانی نەتەوەیەك لە ئەدیب و ڕۆشنبیر و نووسەر و بیرمەند و خەمخۆر و دڵسۆزانی نەتەوە، ئەوەندەیتر بابەتی ناسیۆنالیزم قووڵتر دەکەنەوە و بەچاوێکی گەشەوە لە ئاسۆی دەڕوانن. ئەگەر سەرکردایەتیی نەتەوەیەك جەستەی ناسیۆنالیزم بسازێنن، ئەوا بێگومان دەستەبژێرانی ئەو نەتەوەیە گیانی دەئافرێنن، ئەگەر ناسیۆنالیزم لەڕێی بزوتنەوەی شۆڕشگێری بەئامانج دەگات، لەڕێی بزووتنەوە هزرییەکان بەئامانج دەگات. بەواتایەکیتر ناسیۆنالیزم ڕاستییەکە خەڵێڵەی ناوێت لە ڕێی خەباتی دووانەی چەك و قەڵەمەوە دێتەدی و بەباشی دەخەملێت سەبارەت بەناسیۆنالیزمی کوردیش ئەم چوارچێوەیە ڕاستە، لە قۆناغی شۆڕشگێریی و چەکدارییەوە هەنگاوینراوە بۆ قۆناغی هزریی و تاوسەندنی قەڵەم. نموونەی هەرەدیار و بەرچاو بۆ ڕاستی و سەلماندنی بیروڕایەکانمان ماڵباتی تێکۆشەرو بە ئەمەك و خەباتکاری بەدرخانییەکانن. کە لەسەرەتادا شۆڕش هەڵدەگیرسێنن و دووای ئەمەش هزر دەبزوێنن و قەڵەم بەگەڕدەخەن. بێگومان، ناتوانرێت نکۆڵی لە بایەخ و ڕۆڵی ئەدەب بکرێت، لەناساندنی نەتەوە و ئاڕاستەکردنی بەرەو باشتر.

ئەدەب وەك كايەيەكی چالاكی ژیانی مرۆڤەكان، ئەگەر لەكایەكانی تر كاریگەرو بەتینتر نەبێت ئەوا هەرهیچ نەبێت وەكو ئەوانە. هێزو برشتی ئەدیبێكی رەسەن چی وای جیاوازە لەچەكی سەركردەیەك و هونەرو گەمەی سیاسەتمەدارێك بۆ نەتەوەكەی واتە هەر ئەدەبە دەتوانێت ببێتە ئاوێنەیەكی راستەقینە بۆ كۆڕوكۆمەلانی خەلك، و بەتوندی بەستراوەتەوە بەهەموو بوارەكانی ژیانەوە.

هەردوو چەمكی فراوانی ئەدەب ونەتەوە، رۆلی یەكتر فراوان و كاملتر دەكەن. ئەگەر سەرانسەری دنیا چاوبگێرین نە ئەدەبێك هەیە بێ نەتەوەبێت، نە نەتەوەیەكیش بێ ئەدەبیات بێت.!

میللەتانی پێشكەوتوو، بەبەرهەمە ئەدەبییەكانیان دەناسرێنەوە و جیادەكرێنەوە لە میللەتانیتر. هەر ئەو بەرهەمە ئەدەبییەش، یان ئەدیبەكانییان بوونەتە ناسنامەیەكی رەسەنی نەتەوەییان، و كەبەوپەڕی متمانەپێبوونەوە شانازییان پێوە دەكەن و خۆیانی پێهەلدەكێشن. چونكە دەزانن خۆریان ئاوا نابێت و ئەستێرەیان لەسەردەمێكەوە بۆ سەردەمێكیتر، هێندەیتر دەدرەوشێتەوە .

یەشار كەمالیش لەمبارەیەوە دەلێت ( نووسەران زمانی حالی میللەتانن. نووسەران هەمیشە، سەبارەت بەو ئەركەی لە ئەستۆیانە، زۆریان كاری گەورەی كردووە و دەشیكەن. چالاكیی بەرچاوییان زۆر نواندووە دەشینوێنن.)(٢٢). بەلێ، یەشار كەمال، وەك گەورە نووسەر و ئەدیبێك راست بۆی چووە رۆلی راستەقینەی نووسەرانی ئاشكراكردووە، و ئەركیانی خستۆتە ڕوو. كە هەمیشە دەبێت لەبەرەی میللەت دابن، وەك چرایەك وابن كە تەواوی دەوروبەرەكەی خۆیان رۆشنبكەنەوە بەبێ جیاوازی. ئەی زۆربەی نووسەر و ئەدیبان نین، كە لەرێی نووسین و بەرهەمەكانییەوە خزمەت بە تەواوی كۆمەلگە دەكەن، هەر ئەوانن هەلگری بەیداخی بیری ناسیۆنالیزمی وسەرچاوەی رۆشنگەری و داهێنانن. تازەكەرەوەی زمان و كەلتوورن، و زیندووكەرەوەی فۆلكلۆر و كەلەپووری نەتەوەیین. ئەمانەی باسمانكردن و چەندانیتر چالاكییگەلێكی قەلەم بەدەستانی دنیای پڕ ئەفراندنی ئەدەبن. بێگومان بێشومارن و لەژمارەیەنایەن. هەریەكەیەكیش لەمانە نرخ و بەهای خۆیان هەیە، و مەگەر بەس قەلەمبەدەستانی دنیای ئەدەب بیزانن. ڕێزونرخی زێڕ، لای زێڕینگەر زیاترە، نەوەك ئەوانی هەروابەئاسانی دەیبینن و بەكاریدێنن.

گەر تەماشای هەر نەتەوەیەكی ئەم سەرزەمینە پان و فراوانە بكەین خاوەن كۆمەلێك ئەدگار و تایبەتمەندیین و، جیایدەكاتەوە لەوانیتر. بێگومان ئەو ئەدگار و تایبەتمەندییانە دەشێت لە نێوان نەتەوەو نەتەوەیەكیتر هاوبەش بن، و بەلام هەرگیز كتومت لەیەكتر ناكەن. نەتەوەی كوردیش وەك نەتەوەیەكی سەربەخۆ. هەلگری كۆمەلێك ئەدگارو تایبەتمەندی نەتەوەییە و بەوپەڕی لەخۆبوردەییەوە شانازییان پێوەدەكات و، وەك بەشێك لە ئاكار و پابەندبوونی نەتەوەییەوە مامەلەیان لەگەلدا دەكات. ئەو ئەدگار و تایبەتمەندییانەش لەچوارچێوەی نەتەوەییەوە شۆڕدەبنەوە بۆ هەر تاكێكی ئەو نەتەوەیە بۆیە ( كەسی كورد، ڕاست و بێخەشە، لە ووتەكانی ساغە، لە هەڕەشە و گوڕەشەی دوژمن ناترسێ.... ڕاستی كەوتەمێشكییەوە بەئاشكراو ئازایی دەیدركێنێ، سوارچاك و نیشان شكێنە لەمامەلەكردن ساغلەمە... گەر هەستی كرد دەست كورتە، كاردەكات خۆی منەتبار ناكات، نان لەقولەی قاف بێت پەیدای دەكات)(٢٣). بەلێ ئەمانەو چەندین گفتارو كرداریتر. بەبێ زیادەڕۆیی لە نەتەوەیەكی ڕەسەنی وەكو

کورد دەوەشێنەوە، و ڕووی ڕاستەقینەی تاکی کوردەو ناتوانین نکۆڵی لێبکەین. بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئەمانە وێنایەکی ئەرێنی بەتاك و نەتەوەی کورد دەبەخشن، و هۆکارێکی گرنگن بۆ بنیادنان و گەشەپێدانی، و لێکەوتنەوەی گوتارێکی ناسیۆنالیزمی یەکگرتوو.

**شیکردنەوەی دەقــەکــان**

شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد، دەبنە مایەی تێرامان و سەرسوڕمان و سەرسامبوونی ڕۆماننووس. جا ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینانە سەرکەوتنییان بەدەستهێنابێت، یاخود نووشست و شکستی چارەنووسییان ببووبێت. هەروەها ئەوەشمان بۆدەخاتە ڕوو کە سەرکردەو بنکردەکانی تورك چۆن بەشانازییەوە باس لەسەرکوتکردنی کوردەکان دەکەن، و تەنانەت ئامادەشن بۆ درێژەدان بەسیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی و لووتکەی چیاو کێوەکانیش بە بۆچوون و تێگەیشتنی خۆیان لەکوردەکان پاکبکەنەوە. سەرەڕای ئەمانەش تورکەکان، ئەم شۆڕش و بەرخودان و ڕاپەڕینانە بەیاخیبوون و هەڵگەڕانەوە لە دەوڵەت و میللەت لەقەڵەم دەدەن، و نموونەشییان بۆئەمە شۆڕشی "شێخ سەعیدی پیران"ە. عەلی سەفا بەگ یەکێکە لەکارەکتەرەکانی ڕۆمانی حەمەدۆك، و یەکێکە لەکارەکتەرە سیاسی و سەربازییەکانی تورك بەمشێوەیە دەدوێت

**( ژنە بەنیشانەی بەڵێ سەری ڕاوەشاند. عەلی سەفا بەگ لەسەری ڕۆیشت "نیازم هەیە دێهاتییەکان لە دەوروبەری خۆم خڕکەمەوەو ئەنکەرەی لە تەلەگرافان بگرم! خەریکن ڕادەپەڕن... یاغییەکان کێویان پاوان کردوە... دەیانەوێ حکوومەت دامەزرێنن. ئەدەم دەوڵەت لەشکرێك سەرباز دەنێرێ و مشووری هەموو کێوییەکان دەخوا... هەموویان دەگیرێن. حکوومەتت پێ چییە خاتوون؟ ڕاپەڕینی کوردەکانی سەرکوتکرد، پێتوایە بەچەند یاغی کاڵە لەپێ ناوێرێ. ...)**

((حەمەدۆك، ب ١، ل ٣٦٥ ))

**( بەکەلەشەقی یاخی بوون، درێژەتان بەیاخی بوون دژی دەوڵەت و میللەت دا. یاخی بوونی ئێوە ڕاست وەك یاخی بوونی شێخ سەعید بوو. بەڵام ئەمن نەمهێشت حکوومەت پێ بزانێ. ئەگەر مەسەلەکەم بەوجۆرەی کەهەبوو، بەحکوومەت گوتبا، ئێستا هەمووتان ملتان بەپەتی سێدارەداکرابوو و لاتتان ڕدەژان... )**

(( حەمەدۆك، ب ٢، ل ٤٣٣))

سەرکردە دڵسۆزو نەتەوەییەکانی کورد، هەمیشە لەهەوڵی ئەوە دابووینە کە کورد لەژێر یەك چەتردا کۆبکەنەوەو بەرەو گوتارێکی یەکگرتووی ناسیۆنالیستی ئاراستەیان بکەن، بۆیە ئەم چەشنە سەرکردانەی کورد لەلایەن دوژمنانی کوردەوە دەکرێن بەئامانج و هەوڵی لەنێوبردن و کوشتن و لەسێدارەدانییان دەدرێن. نموونەی هەرەدیاریش کە ڕۆماننووس تیشکی خستۆتە سەر ( شێخ سەعیدی پیران ) ە. ڕۆماننووس پێیوایە هەر سەرکردەیەکی کورد، داوای مافە ڕەواکانی نەتەوەکەی بکات دوژمنان بەسەرکردەی شەڕانگێز و یاخیبووان لەقەڵەمی دەدەن.

یەشار کەمال، وەك کوردێك پەیوەست بەخاك و نەتەوەیەکەیەوە، ئەوەمان پیشان دەدات کە خاکی کوردستان خاکێکی پیرۆزو بەفەڕو ئاوەدان بووە، و خاکێکە زێدی پەیامبەرو پێغەمبەرو پیاوچاکان و چاکەخوازان بووە. بۆیە ڕۆماننووس لەڕێی خەیاڵە بەرزەفڕەکەی پێغەمبەر عیسا سڵاو و دروودی خوای لەسەربێت، لە بێتلەحەمی فەلەستینەوە دەگوازێتەوە بۆ چیای ئارارات و لەو چیایەش لەسەر بەرزترین لووتکەی کە ئاگرییە جێگیریدەکات،

و هەرلەوێش لەخاچ دەدرێت، لەلایەن بەرەی ئینسانەوە، ئەوە لەسەر زاری "تاشباش"ی کارەکتەری ڕۆمانەکە بۆمان ڕووندەکرێتەوە.

**(... ئەی بەسەدان، هەزاران، مەلی خوا بەودەردە؟ نەچووبوون؟ چما وەلی هەبووە بەرەی ئینسان ئازاری نەدابێ؟ ئەی پێغەمبەرە جوانەکەی خوا، حەزرەتی عیسایان نەبردەسەر چیای ئاگری، لەچوارمێخەیان نەکێشا؟ ئەی لەپاش لەچوارمێخەکێشانی، لەوێ بەوسەرمایە بەجێیان نەهێشت؟ تاگیانی دەرچوو چما ئۆفێکی کرد، لەکەس پاڕایەوە؟)**

(( ئەودیوی چیا، زەوی ئاسن ئاسمان مس، ل ٤٥٧ ))

ڕۆماننووس، بەشێکی خاك و نەتەوەو نیشتمان پەروەری و سەرکەوتنی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی، بەئایین و پیرۆزی و ڕەهەندەکانییەوە دەبەستێتەوە. هەرچەندە هەندێك لەو باوەڕە دان خودی ئایین و ئایین پەروەری نامۆیە بەمەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، بەڵام ئاشکرایە گوتاری ئایینی ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەریی بینیووە لەڕێکخستن و یەکخستنی گوتاری ناسیۆنالیستی چەند نەتەوەیەکی جیاوازی سەر ئەم زەمینە.

یەشار کەمال، تەواو باوەڕی بەهێزو گەرم و گوڕی جەماوەر هەیە، و هێزی جەماوەر هێزێکە ئەوەی خراپەو ناپاکییە تێیدا بەدیناکرێت، و هێزێکە توانای ئەوەی هەیە کاتێك ویستی لەسەر شتێك بوو بڕیاری لەسەربدات و مافەزەوتکراوەکانی بستێنێت. لەم گفتوگۆیەی نێوان "مەحموودخان"و "سمایل ئاغا"ی نۆکەری ئەم هەقیقەتە بەدیاردەکەوێت. ئەوهێزەی جەماوەریش دەتوانێت چۆکیان پێدابدات و تەخت و تاراج و سەراکانییان بەسەریاندا بڕوخێنێت. واتە ڕۆماننووس جەخت لە کۆهەستی و نەستی نەتەوەیەك دەکات بۆ سەندنەوەی مافە ڕەوا زەوتکراوەکانییان.

**( " پاشام، شتی وایان قەت بە بڕوانایە.جەماوەر قەت بیر لەفێتنە و فەسادی ناکەنەوە. دڵپاکن. نیهاد خاوێنن"**

**"سمایل، بەبیریاندادێ. کەس لەجەماوەر زیرەکترنییە. شتی وەکو جەماوەر نەهاتووەتە دنیاوە."**

**"پاشا، بەهەڵەدا چووی، سەرا ڕووخاندنیان بەکەڵك نایە، بەڵام بیشیڕوخێنن لەبەر ناچارییە. هەر کەبەسەریانداهات چ دەڵێی کەناچاربوون دەمانکوژن).**

(( ئەفسانەی چیای ئاگری، ل ١٤٢ ))

لەهەنکاتدا یەشار کەمال، پێیوایە ئەوە هێزی لەڕادەبەدەری گەل و سروشتە کەدەبنە پنتی وەرچەرخان و سەرچاوەی گۆڕانکارییەکان. ئەوە گەلە مایە و سەرچاوەی بەختیاری ڕۆماننووسە، هەرکەس و لایەنێکیش ببێتە کۆسپ و لەمپەر لەبەردەم گەلەکەیدا، ئەوا یەشار کەمال لەڕێی هونەرەکەیەوە بەگژیدا دەچێتەوە، و دەیخاتە نێو زبڵدانی مێژووەوە. بۆیە زۆر بەڕاشکاوی دەڵێت :

**( بڕوام بەدووشتە: بەهێزی بێ سنووری دووشت، بەخلاقیی بێ سنووری دووشت، بەگۆڕانی بێ سنووری دووشت: ئەویش گەل و سروشتە.**

**من هونەرەکەم لەگەڵ گەلەکەمدا و بەپشتیوانی خەللاقییەتی گەورەی گەلەکەم و بۆ گەلەکەم وەبەرهەم دێنم. بیروباوەڕی سیاسیم لەهونەرەکەم جیا نابێتەوە. هەرکەسێ ڕێگەی بەختەوەری لەگەلەکەم بگرێ، بەهونەرەکەم، بەهەمووژیانمەوە بەگژیدادەچم ).**

(( ئەفسانەی چیای ئاگری، بەرگی دووەوەی ئەم دەقە ))

کاتێکیش جەماوەر ڕاپەڕی و لەهەق و مافە نەتەوەییەکانی خۆشنەبوو بێدەنگییان هەڵنەدەبژاردو کڵپەی شۆڕش گڕیسەند. ئەوا سەرکردەو پاشاو کاربەدەستەکان ئەمەیان لەلادەبێت بەتارمایی و خەیاڵ و بە سەرسووڕمانەوە سەیری دەکەن.

ڕۆماننووس نموونەی ئەمە بە "مەحموودخان" دەهێنێتەوە کەجەماوەر لێیراپەڕیوە لەئەنجامی ئەوەی ڕێگرە لەبەردەم مرۆڤەکان بۆئەوەی بەحەزوخۆشی ژیانییان بگوزەرێنن و دووربن لەدەستی ڕەشی ئەم و ئەو. بۆیە جەماوەر لای ئاساییەوە بۆخۆشەویستی و ئەڤینداری "ئەحمەد" و "گوڵبەهار"ی کچی "مەحموودخان". هەموو ڕێ و شوێنێك بگرنەبەرو وای لێبکەن ببێتە پەندو عیبرەت بۆ خەڵکانی لەمشێوەیە، و کاربەدەستانی ئیمپراتۆری عوسمانی بەتایبەتی.

هاوکات ئەم هەست و سۆزە نەتەوەییەی جەماوەر، دەبەستێتەوە بەهەست و سۆزی ناسیۆنالیستی شاعیری گەورەی کورد "ئەحمەدی خانی"یەوە. هەربۆیەش جەماوەر پەیوەستن بەو گڕە نەتەوەییەی، کەلە گڵکۆیەکەی ئەحمەدی خانیدا دەخولێتەوە

**( لەولاوە ئاگرێکی گەورە لەتەنیشت گۆڕی ئەحمەدی خانی هەڵکرابوو، دەروێش و سۆفیان بەسەرکۆزو پشکۆو ئاگردا تەندوورەیان دەکرد، کەهێندەی جێ جۆخینێکی گرتبووەوە. مریدانیش بەدەوروبەری خەرمانەئاگرەکەوە سۆزو هۆرەو زکریان دەکرد، بلوێریان دەژەنی جەماوەرەکە هەر بەو سەرگرانی و بێدەنگییەوە ئاڵقەیان لەدەوری خەرمانەئاگرەکە بەست سینگ و لاپاڵی چیای ئاگری لەبەر ئینسانان ڕەش دەچووەوە**

**مەحموودخان هەر سا نا ساتێ دەیگوت "ئەمن ترسنۆکم" وەبەشیری ڕووتەوەو بەتەك هەڵپەی ئەوەی بوو لەجەماوەرەکە ڕاستی سمایل ئاغاو ئەوانی دیکە دەیانگرت و هەرچەندیان دەکرد بۆیان ڕانەدەگیرا. دەیگوت**

**"ژیانی لەمەوپاشم بەکەڵکی چ دێ؟ نیوی عوسمانی گەورەوگرانم کرد بەپوولێکی قەڵپ... لەودنیایە سووك و ڕیسوابووم. داخۆ سەرای ئەستەنبوڵێ ببیستێتەوە چ بقەومێ؟ ژیانی لەوەوپاشم بۆچییە؟ ")**

(( ئەفسانەی چیای ئاگری، ل ١٠٩ - ١١٠ ))

واتە ڕۆماننووس لای وایە، ئەوکاتە ناسیۆنالیستی پتەو و تۆکمەو دەخەملێت، کە ئەو هزرە پشت قایم بێت بەیەکڕیزی و یەکدەنگی و یەکڕەنگی جەماوەرەوە.

یەشار کەمال، وەك نەتەوەخوازێکی میانڕەو، هەڵوێست و قێزەونی خۆی لە هەمبەر مستەفا کەمال دەردەبڕێت. بەکەسێکی دڵڕەقی دەچوێنێت و وەك ئەو کەسە وایە کەدەستی بچێتە خوێنی دایکییەوە. لەکاتێکدا

وشەی دایك، خۆی لەخۆیدا وشەیەكی فرە واتایە و هێندە وشەی (( دایك)) بۆ نەتەوەو نیشتمان بەكاریدێنین، هێندە واتا فەرهەنگییەكەی دایك بەكارناهێنین.

**( " كوشتنی دایك هەروا ئاسان نییە." .**

- **"گشت كەسێكیش دەستی لەدایكی خۆی ناچێ"**
- **"ئەوەی دڵی وەك بەرد نەبێ دایكی خۆی ناكوژێت"**
- **"دایك كوشتن دڵرەقی دەوێت."..**
- **"یەكێكی وەك ڕۆستەمی زاڵ."..**
- **"كوێر ئۆغلویەك بێ بۆخۆی." ..**
- **"وەكو مستەفا كەمال دڵرەق، یایەكێ بێ چزق دوران." ..**
- **"مەگەر ئەژدیهایەك بن بۆخۆیان، ئەوانەی وا دایكییان دەكوژن " )**

((مارەكەیان بكوشتایە، ل ٤٧ ))

لەم پەرەگرافەدا، بۆمان ئاشكرادەبێت كە وشەی دایك خوازراوە بۆ مەسەلەی نەتەوەیی و نیشتمانی، ئەگەر گریمانەی ئەوەش بكەین وانەبێت، ئەی كوڕێك دایكی بكوژێت چی بەسەردێت لەژیاندا؟ نائارامی، ئاوارەیی، شەرمەزاری، بێخاوەنی، بێكەسی،... هتد چاوەڕوانی دەكات. سەركردەیەكی توركی وەك مستەفا كەمالیش، تا بۆی كرابێت بۆتە مایەی زیان بۆ نەتەوەو بزووتنەوەی نەتەوایەتیی كوردی لە باكووری كوردستان.

یەشار كەمال، ئەو ستەم و چەوسانەوەی كە بەرامبەر كۆڵهەڵگرە كوردەكانی ئەستەنبۆڵ دەكرێت، ویژدانی ئازاردەكێشێت ئەگەر بێتو دڵی بۆیان لێنەدات و باسییان نەكات. ئەم كۆڵهەڵگرانە لەساڵی ١٨٢٦ دا لەزێدی باب و باپیرانییانەوە بۆ ئەستەنبۆل كۆچ دەكەن. دوواتر لەنێوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا ڕۆڵێكی ئەوتۆیان نامێنێت و كۆڵهەڵگرە ئەرمەنییەكان شوێنییان پێلەق دەكەن. ئینجا لەكۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و ڕێك لەساڵی ١٨٩٦ دا بۆ دووەمین جار دێنەوەسەر گۆرەپانی پیشەیی و كۆمەڵایەتی و پارتایەتی و سیاسییەوە هەریەك لە توێژی قوتابی و خوێندكارو ناسیۆنالیست و ڕۆشنبیرو ڕووناكبیرانی كوردی ئەو سەردەمەی ئەستەنبۆڵ. ئەم كۆڵهەڵگرانەیان بەپشت و پەنا داناوە بۆخۆیان، و بەردەوام بەرگری لە مانەوەی خۆیان و ئەوانیشییان كردووە. سەرەڕای ئەمانە كۆڵهەڵگرە كوردەكانی ئەستەنبۆڵ پشتگیرییان لە شۆڕشگێڕانیش كردووە، بەتایبەتی شۆڕشگێڕێكی وەك "شێخ سەعیدی پیران" و شۆڕشەكەی لەساڵی ١٩٢٥ و شێخ و زانا و ڕابەرێكی هزریی و كۆمەڵایەتی و ئایینی وەك مامۆستا "سەعید نوورسی."

یەكێك لە كەسایەتییە دیارو بەرچاوەكان و ڕابەری ئەفسانە ئامێزی كۆڵهەڵگرەكان "زارۆ ئاغا" یە، كە تەمەنی نزیكەی ١٦٠ ساڵ بووەو چەند ژنێكی هێناوە و كۆمەڵێك منداڵی هەبووە و تەمەنی گەنجی لە ٩٠ ساڵیدا بووە، لەگوندی مەرمەنتی سەر بە شاری بەتلیس لەدایكبووە. لەلایەن چەند هونەرمەند و تیپێكی كۆنسێرتی ئەمەریكایی و ئەوروپاییی بۆ ئەو وڵاتانە داوەتكراوە.

دەردومەینەتی و ناخۆشی و چەوساندنەوەی كۆڵهەڵگرانی كورد، لە ئەدەبیاتی توركیش ڕەنگیداوەتەوەو بەرگریكردن و خۆڕاگریان لە دەقەكاندا بەرجەستەكراوە♣.

یەشار كەمالیش، لەوپەڕی هەست بە بەرپرسیارێتی كردن لەڕاست ئەو ستەم و ناهەقییەی بەرامبەر بە كۆڵهەڵگرە كوردەكان كراوە و پاك و بێگەردی ڕەنج و ماندووبوونییان، بەعاشقی مەلیان دادەنێت، و بە خەڵكێكی دڵنەرم و بەبەزەیی وەسپییان دەكات، كە تەنانەت سۆزو بەزەییشییان بۆ مەل و باڵندەش دەچێت. هەروەها كۆچی ئەمانە لەزێدی باب و باپیرانییان بەكۆچی باڵندەكان دەچوێنێت و پێیوایە خاكی ئەوان گەرمیان و كوێستانە.

**(هەربۆیە باڵندەكان كۆچییان كرد...**

**لەگەڵ كۆچی باڵندەكانیشدا...**

**(لەوانەیە لەپێش كارگەكاندا كاتێ كرێكارەكان دەست لەكار هەڵدەگرن... یاخود كوردە كۆڵهەڵگرەكانی بازاڕی سەبزە... كوردەكان زمان نازانن، بەڵام عاشقی مەلن... (( كێ دەزانێ لەوانەیە لە شۆڕشێكدا، لە پەناو قوژبنێكدا خەڵكی دڵنەرم و بەبەزەیی مابن و باڵندە بكڕن و ئازادی بكەن. كێ دەزانێ... نابێ نەبێت... )**

(( باڵندەكانیش كۆچییان كرد، ل ٦٠ ))

هەست و سۆزێكی هاوبەش سەرلەبەری تاكەكانی نەتەوەیەك كۆ دەكاتەوە، بەجیاوازی توێژو چینایەتیشەوە ئاڕاستەیان دەكات بۆ هزری نەتەوەیی.

یەشار كەمال، دەیەوێت پێمانبڵێت چیای ئاگری بەدرێژایی مێژوو لانكەی شۆڕش و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد بووە، ئەگەر تا دوێنێ شۆڕشی ئاگری داغی تێدا هەڵگیرسابێت ئەوا ئەمڕۆ گەریلاكانی پارتی كرێكارانی كوردستان درێژە بەم شۆڕشە دەدەن، و بڵێسەی شۆڕش لەم چیایەدا كوژانەوەی بۆنییە.

**( حەزناكەم تەماشای چیاكە بكەم هەركە چاوم پێی دەكەوێ سەرم دێتە گێژ، بەڵام چارم ناچارە لە ئەستەمووڵەوە بۆئەمە هاتووم.**

**بەیانییەكەی، خۆیان تەیاركرد دەستەی گەریلا لەپێش ئێمەدا خۆیان ئامادەكردووە، كەمپەكەیان لەدامێنی ئاگریدایە )**

(( گەمییەكەی نووح، ل ٤ ))

واتە كورد لەم ناوچەیەدا هەر لە خەمی خەباتی چەكداریدا نییە بەڵكو لەخەمی شوێنەوارە مێژووییەكەشیەتی، بۆیە گەریلا خۆیان دەخەنە ئەوپەڕی ئامادەباشی بەمەبەستی هاوكاریكردنی تیمێكی شوێنەوارناسانی فەرەنسی، كە بەمەبەستی دۆزینەوەی گەمییەكەی نووح هاتوون و لەچیای ئاگری داغ دا گەمییەكە جێگیر بووە.

---

♣ ئەم كورتە زانیارییە لە ( كوردەكانی ئەستەنبۆڵی كۆن ) وەرگیراوە، لە نووسینی ڕۆهات ئەلاكۆم، و بەكوردیكردنی لەلایەن ئەحمەد تاقانەوە. دەزگای موكریانی، هەولێر، ٢٠٠٥.

ئەم سەرچاوەیە بە ووردو پوختی و پشت بەستن بەچەند سەرچاوەیەكیتر بەشی چوارەمی تەرخانكراوە بۆ كۆڵهەڵگرانی كورد لە ئەستەنبۆڵ لە نێوان لاپەڕەكانی ١٦٥ تاكو ١٩٨

ڕۆماننووس، ناسیۆنالیزمی بەستوتەوە بە خەباتی شۆڕشگێری و چەکداری، و لەپاڵ خەباتە چەکدارییەکەشدا نەتەوەخوازان کارییان تەواو نەبووە، دەبێت کۆمەڵێك کار و ئەرکیتر بگرنەبەر.

یەشار کەمال، وەك کوردێکی نەتەوە ویست بەردەوام دڵی لەگەڵ دڵی نەتەوەکەی لێدەدات، بەتاسووقەوە، لەگەڵ ئەوەدایە هەردەستە و کۆمەڵەیەکی کورد لەهەر شوێنێك بن و بچەوسێنرێنەوەو ستەمیان لێبکرێت بەبوێرییەوە بەرگرییان لێبکات، و ڕووی داگیرکەرانیش ڕەش بکات. جا بۆ ڕۆماننووس ئەوە گرنگ نییە ئەو دەستەو کۆمەڵەیەی کورد، کە لە خەمییان دایە سەربە چ ڕێبازو ئاین و ئاینزایەك بن. لەسۆنگەی ئەمەوە لە ڕۆمانی "بڕوانە فورات خوێناویە"، چۆن وەك کوردێکی خاوەن هەڵوێست و نەتەوەخواز دەردەکەوێت، و بە ئەوپەڕی ئازایی و بوێرییەوە لەخەمی ئێزدییەکان دایە، بەکوردێکی ڕەسەنییان وەسپ دەکات، کە بێگومان ئەمانەش وەك کوردەکانیتر بەدەرنەبووینە لەو ناهەقییانەی کە بەرامبەرییان کراوە لەلایەن تورکە توندڕەوە ناسیۆنالیستەکانەوە.

ڕۆماننووس ئەو ڕاستییەش ناشارێتەوە کە "میزۆپۆتامیا" زێدی باوباپیران و خاکی ڕەسەنی کوردانن، بەڵام بەهۆی کۆچکردنی چەند نەتەوەیەکی جیاواز بۆئەم خاکە، پیرۆزی و فەڕی لەدەستداوەو تۆوی جەنگ و ناپاکیان لەم خاکەدا چاندووە. ئەمەش لە گفتوگۆی نێوان "موسابۆیراز"ی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەو "میر" ی کارەکتەری لاوەکییدا بەتەواوەتی ڕەنگدەداتەوە

**( سەدان و هەزاران ساڵ دانیشتوانی ئەم سەرزەمینە لەئاشتی و تەباییدا ژیان. پاشان.. میللەتی جیاجیا هاتنە ئەم میزۆپۆتامیایەو هەمووباشی و پاکی و هەموو هزرو بیرکردنەوەیەکی جوانییان لەنێو بردو تۆوی جەنگ و ناپاکیان لەم خاکەدا چاند**

**میر کەیفی سازبوو:**

**"من ئەوکاتەی لە ئەستەنبۆڵ و فەڕەنسا دەرسم دەخوێند، سەبارەت بە میزۆپۆتامیا مێژوو و دانیشتووانەکانی قسەم بۆ دۆست و هاوڕێکانم دەکرد. جارێکیش سەبارەت بە ئێزدییەکان قسەم بۆکردن، ئێزدییەکان وەکوئایینەکانی دی کتێبییان نییە، ئەوان بەپێی فەرمان و دەستوری دڵیان کێوو مرۆڤ و ئاو و ئاگریان دەپەرست. دووای فەرمانێکی کۆمەڵکوژی ئێزدییەکان دیسان دیارنەمان. پێڵاوی ئاسنم کردەپێ و گۆچانی ئاسنم گرتە دەست دووای چەند مانگ گەڕان و سۆراغکردنیان لەچیای شنگال و ئارارات و سوبحان دۆزیمنەوە چەند ساڵ لەسەرچیاکان لەگەڵیاندا مامەوە. ئەوان کوردن زمانەکەیان زۆر دەوڵەمەندە، زمانەکەیان زۆر گەرم و گوڕو دۆستانەبوو، من ئەو زمانەم دەزانی لەم ناوچانە هەمووان زمانی یەکدی دەزانن، ئەو زمانە ئەفسوناویە زمانێکی ئەوەندە گەرم بوو، مرۆڤەکانی ئەوەندە بۆلای یەك ڕادەکێشاو متوی یەکتری دەکردن و دیواری نێوانیانی لادەبرد کە لەماوەی چەند ساڵدا هەستی بەختەوەری، کەزادەی دەرککردنی ئەوپەڕی مرۆڤایەتییە لەناخمدا چەکەرەی کردو جێگیربوو. زمان ڕیاکاری نازانێ زمانەکان بەربەستی تاریکییان نیە. هەندێ لەزمانەکان بەتێپەڕبوونی کات ووشك و برینگ داهاتن و گەرمی خۆیان لەدەستدا. تەنانەت عارەبیش**

**زمانێکە وشك و ناحەزبووە. من لەزمانی کوردیدا، لەسەر ئەوچیایانە، گەرمی و گوڕوتینێکی خۆرسك و تروسکایی دڵی مرۆڤ و عەشقی ئاشکراو ڕاستەقینەی ئادەمیزادم بینی"**

**پۆیراز دیسان بەدەنگی بەرزەوە گوتی "دروستە"**

**میر گوتی:"دروستە." هەستا بەرەو دامێن، دامێنی دەشتی لالش... )**

(( بڕوانە فوڕات خوێناویە، ل ٤١١، ٤١٢)) .

یەشار کەمال، نەتەوەخوازێکی ڕاستگۆو میانڕەو و قسە لەڕوو و لەجێیە. پەردە لەڕووی ئەو کوردە ناپاکانە ڕادەماڵێت کەبوون بەکەواسووری بەرلەشکری بێگانە، هەم دەستییان چۆتە خوێنی ڕۆڵەی نەتەوەکەی خۆیان، هەم ڕۆڵەی نەتەوەکانیتریش.

**( ملازمەکە کوردێکی خەڵکی شاری کەرکوك بوو، کە لەلایەن مستەفا کە مال پاشاوە ڕەوانەکرابوو تاکو هێزە جەماوەرییەکان دژی فەڕەنسیەکان ڕێکبخات. توندوتیژێك بوو لەوجۆرەکەسانەی کە ڕەحم بەهیچکەس ناکەن )**

(( بڕوانە فوڕات خوێناویە، ل ٤١١، ٤١٢ ))

ڕۆماننووس، داناییەکەی لەسەر ئەو پەندە کوردییە ڕۆناوە کە دەڵێت : ( دارێك کرمی لەخۆی نەبێت تەمەنی هەزار ساڵە)، واتە گەر کۆمەڵێك کەسی ناپاك و نارەسەنی کورد نەبوونایە ئەوا هزرو بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی، ڕەوتێکی چاکتری وەردەگرت و زیاتر دەخەملّی.

یەشار کەمال، وەك دڵسۆزێکی نەتەوەکەی مەترسی و دڵەڕاوکێی خۆی ناشارێتەوە لەهەمبەر کارەکتەرێکی نموونەیی وەك "ساڵح پاشا"، کە سەرکردەیەکی تورکەو مستەفا کەمال بەخۆشەویستی خۆی دادەنێت.

سالح پاشا، نموونەی مرۆڤێکی دڵڕەق و دڕندەیە، و تۆڕانچێتییەکەی لە ڕادەبەدەرە بەشێوەیەك لەگەڵ ئەوەیە نەتەوەی وەك مێش و مەگەز قەلاچۆبکات، بۆئەوەی تەنیا ئافەرینێکی پێوەربگرێت.

**( لەگەڵ کوردەکاندا بەشەڕهاتم،.. کوردەکان بەجەرگ و شەڕکەرن. کە بەیەکاهاتین من کاسکێتەکەم بەدارێکەوە هەڵواسی، بەجۆرێ نیشانم دەدان و نەدەدان، لەپڕ پێنج گوللەی بەرکەوت. سەرکردەکەمان سالح پاشای ناوبوو، تا بڵێی پیاوێکی بەدخوو بوو، ئەتاتورك زۆری خۆش دەویست.دەیگوت هەر کوردێکتان کەوتە بەردەست بیکوژن، کەسیان لێ دەرمەکەن... )**

(( دەریا تۆرا، ل ١٠٣)).

ڕۆماننووس، وای پیشان دەدات نەك هەر ناسیۆنالیستانی کورد ڕووبەڕووی هەڕەشەی ناسیۆنالیستە توندڕەوەکان و سەرکردەکانییان دەبنەوە، بەڵکو کوردێکی ستەمدیدەی ئاساییش لەم ململانێیە بەدەر نییە، و ناسیۆنالیستە توندڕەوەکان بەمەترسی دەزانن بۆ سەر خۆیان و نەتەوەکەیان، بۆیە تابۆیان بکرێت بەتوندترین شێوە ڕووبەڕوویان دەبنەوە تا ئاستی کوشتن.

# کولتوور وەك بەشێك لەناسنامەی نەتەوەیی

هاوکات لەگەڵ بەردەوامیی گۆڕان و پێشکەوتن، لەزۆربەی بابەت و بوارەکانی ژیان، زاراوەی (کولتوور ) لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر مانا و مەبەستی جیاجیای بۆ لێکدراوەتەوە (وشەی کولتوور لە(Culture)ەوە هاتووە کە پێشتر لای ئێمە وەك ڕۆشنبیری لێکدراوەتەوە. بەڵام لەگەوهەردا سنوورو مەودای ئەم وشەیە لەوە فراوانترە و سەرجەم بوارەکانی ڕۆشنبیری و زمان و داب و نەریت و ئایین و پانتایی وەعی و لاوەعی کەش و تەقسە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان و فیکر و ئەدەب و هونەر و مێژوو... دەگرێتەوە )(٢٤) کولتوور لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا تەنیا لە چوارچێوەی زاراوەی (ڕۆشنبیری) ناخولێتەوە، ئەگەر لەسەردەمێکدا هەردوو زاراوەی کولتوور و ڕۆشنبیری وەك هاوواتای یەکتر خوێندنەوەیان بۆکرابێت هاوسەنگ کرابن ئەوا لەسەردەمی ئەمڕۆماندا زاراوەی کولتوور ماناو دەلالەتی تر بەدەستەوە دەدات و بارگاوییە بەکۆمەڵێك بابەت و بواریترەوە، کولتوور ڕووی گەشی شارستانییەت و زیندوویی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی جا هەرنەتەوەیەك دەگەیەنێت.

هەر لەخاڵی کولتوورەوە، زمان، ئەدەب، هونەر، ئایین، کۆمەڵ،...، یەکدەگرنەوە و یەکتر بۆخۆیان کێشدەکەن، و خاڵی جیاوازو هاوبەشی ئەو بوارانە بەدیاردەکەون وێناکردنیشمان بۆ کولتوور، لەو ڕوانگەیەوە بێت کەئاوڕ لە ڕابردوو بدەینەوە و دوواتر ئاییندەی لەسەر بنیات بنێین. بەمەرجێك دەمارگیرانە سەوداو مامەڵە لەگەڵ کولتووردا نەکەین، ولایەنە خراپ و نەنگییەکانیشی بەچاوێکی بەرز بڕوانین و تا پلەی پیرۆزیی بیپەرستین.واتە بەدیدێکی قووڵی ڕەخنەگرانە لە کولتوور ورد بینەوە.

کولتوور، پاڵنەرێکی بەهێزە بۆچەکەرەکردنی هەستی نەتەوەیی و بڕوابوونی تاك بەنەتەوەکەی و دوواتر جێگیرکردنی ناسنامە نەتەوەییەکەی ( کولتوور بنەمای دروستبوونی هەستی نەتەوەیی، و پاشان دەستەبەرکەری ناسنامەی نەتەوەیی )(٢٥) لەڕێی گەنجینەی کولتوورەوە دەتوانین هەنگاو بنێین بۆ زیندوو ڕاگرتنی هەست و هۆش و گوتاری نەتەوەیی و، لێرەوە کولتوور و سیاسەت تێکەڵ بەیەکتر دەبن پرۆژەی دامەزراندنی دەسەڵاتی نەتەوەیی یا دەوڵەتی نەتەوەیی دێتە ئاراوە لەسایەی کولتووری سەربەخۆی نەتەوەییەوە. لەمبارەشدا هەم کولتوور خزمەتی ناسنامەی نەتەوەیی دەکات، هەمیش ناسنامەی نەتەوەیی خزمەت بە کولتوور دەکات، ناسنامەی نەتەوەیی و، کولتووری نەتەوە لەهەرەسهێنان و دوواخستن و پاشکۆیەتی دەپارێزێت.

کولتووری ڕەسەن و تایبەتمەند بەنەتەوەیەك، ئەو کولتوورەیە کە ڕۆڵێکی کارا دەگێڕێت لەڕووبەڕووبوونەوەی کولتووری نەتەوەکانی دی، بەتایبەت ئەو کولتوورانەی کەدەیانەوێت زاڵبن بەسەر کولتووری نەتەوە و پەراوێزی بخەن و سنوورەکانی بسڕنەوە و کولتوورێکی ئیفلیجی لێ بسازێنن. ( کەواتە کولتوور چەند هۆکاری خۆناسینە دەشێت هێندەش هۆکاری خۆجیاکردنەوە بێت.)(٢٦) چەند بەناخی کولتووری نەتەوەیی دا ڕۆبچین ئەوەندەی تردەبێتە مایەی بەدیارکەوتن و ناسینی نەتەوە، و دەتوانین هەربەوهۆیەشەوە ڕەسەنایەتی خۆمان بەدیاربخەین، و لەنەتەوەکانیتر جیاببینەوە، بێئەوەی ئەوان بتوانن کارلە کولتووری ئێمە بکەن

و لەنێو کولتووری خۆیان بیرزێنەوەو بەهەدەرییەرن. سەرەڕای ئەمانەش، هەستێکی گرنگمان لەلا دروستدەکات، کەهەمیشە کولتووری خۆمان بەئەوان نەگۆڕینەوە، و لەئاست کولتووری ئەوان خۆمان بەکەمبرست و کەمتوانا نەیەتە بەرچاو، ولەگرێی خۆبەکەمزانینمان لەئاست ئەواندا بۆ یەکجارەکی ڕزگارمان دەبێت، و سەرلەبەری گومانەکان دەرەوێنینەوە.

هاوشێوەی چەوساندنەوەی نەتەوەی کورد، کولتووری کوردیش بێبەش نەبووە لە سانسۆر خستنەسەرو قەلاچۆکردنی لەلایەن نەیارانی کوردەوە. بەتایبەت وڵاتانی دراوسێ درێغییان نەکردووە. زۆرترین هەوڵیشیان ئەوە بووە کولتووری نەتەوەیی کورد بشێوێنن و ڕەسەنایەتی لێبسێننەوە ولەنێو کولتووری خۆیان بۆ یەکجارەکی بیتوێننەوە بۆ ئەوەش دەسەڵاتە سیاسییەکەیان بۆتە پاڵنەرێك بۆ ئەوەی خزمەت بە مەرامەکانیان بکەن (کولتووری کورد بەهۆی نەبوونی ئازادیی ڕادەربڕین و کەوتنە ژێر گوشار و سەختی لەشارەکاندا، پەنای بردووەتە نێو ژیانی خێزانی و گوندی. لەنێو خێزان و گوندەکاندا، زمان، مۆسیقا، ئایین وبیروباوەڕە ئایینییەکان، ئەدەبییاتی زارەکی و ئەوبەشە لەخو و داب و نەریت و جلوبەرگانەی کە ناسنامەی کولتووری تایبەتیی کورد پێکدەهێنن، دەتوانرێت بپارێزرێت )(٢٧). گەر کولتووری کوردی لەچوارچێوەی ژینگەی سیاسی داخراوی شاردا زۆری بۆهێنرابێت و کەوتبێتە ژێر فشاری توندەوە بەمەبەستی خنکاندنی، بەهۆی دەسەڵاتی سیاسی و کارگێڕی و ئابووری دوژمنانی کوردەوە. ئەوا ژینگەی لادێی و خێزانی کورد، توانیوویەتی بەشێوەیەکی بەرچاو قەرەبووی بکاتەوەو لەفەوتان بیپارێزێت و بیخاتەوە چوارچێوە ڕەسەنایەتییەکەی خۆیەوە لەمەوە پتەوی ژیانی خێزانیی کۆمەڵگەی کوردی بەدیاردەکەوێت، کە چ ڕۆڵێك دەگێڕێت لە پاراستنی گیانی نەتەوە و زیندووڕاگرتنی.هەروەها ڕووبەڕووی شەپۆڵی ئەو کولتوورە زاڵ و بێبنەمایانە دەبێتەوە، کەنامۆن بە کولتووری نەتەوەییەوە. کەدەیانەوێت لەکەداری بکەن و لەبەهای کەم بکەنەوە. واتە پێگەی خێزان لەکۆمەڵگەی کوردی، خەسڵەتی سەرەکیی ئەمەیە کە ناسنامەی نەتەوەیی و کولتووری ون ناکات، بەڵکو برەوی پێدەدات.

یەشار کەمالی ڕۆماننووس، وەك شارەزایەکی بواری کولتوور و فەرهەنگیش، پانتایی کولتوور بەرفراوان دەکات، وتەنیا لەگرنگی کولتووری نەتەوەیی نادوێت، بەڵکو تیشکدەخاتە سەرکۆی کولتوورەکان گرنگییان بەدیاردەخات. ( پێویستە کولتوورەکان کارنەکەن بۆ لەناوبردنی یەکدی، بگرە بەیەکتر ڕابێین و وەك چۆن هەمیشە یەکدییان دەوڵەمەندکردووە، هەروا بەردەوام بن )(٢٨) نکۆڵی لەوە ناکرێت هەر میللەتێك کولتووری تایبەت بەخۆی هەیە و جیایە لەوانیتر، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کەسەرلەبەری ئەم کولتوورە نەتەوەییە، نەکەوتۆتە ژێرکاریگەریی هیچ کولتوورێکی دەرەکییەوە. بۆنموونە کولتووری دوو نەتەوەی دراوسێ دەشێت خاڵی هاوبەشیان زیاتر بێت لە خاڵە جیاوازەکان. شێوازی ڕاست ئەوەیە کولتووری نەتەوەیی دەتوانێت بەهۆشیارییەوە سەودا لەگەڵ کولتوورەکانیتر بکات، وئەوەی بەقازانجی کولتووری نەتەوەییەوە تەواو دەبێت وەریانبگرێت و لێیان سوودمەند بێت، و بابەت و شتی جوان و شایستەتریان لەسەر بنیادبنێت.

واتە کارکردن بەئاڕاستەی تێکشکاندنی کولتووریتر و دانپیانەنانی و ڕەشکردنەوەی، بیرێکی تەسکی شۆڤینیانەیە و نامۆیە بە خودی ئاکار و کولتووری مرۆڤایەتییەوە. ڕوودانی هەربابەتێکی لەمشێوەیەش لەلایەن

هەر نەتەوەیەکەوە،بەمەبەستی تەنگپێهەڵچنین بە نەتەوەیەکیتر، ئەوا بێ چەندوچۆنی داگیرکاری و ڕەگەزپەرستی ئەونەتەوەیە دەگەیەنێت، با ئەو نەتەوەیەش لە چڵەوپۆپەی پێشکەوتنەکان دابێت.

بەشێك لەنووسەر و ڕۆشنبیرانی لەمەڕ خۆمان، بایەخ و گرنگییەکی لەڕادەبەدەربە کولتوورەکانیتر دەدەن بەتایبەت کولتووری ڕۆژئاوایی، وەك بڵێین مێشکییان شۆڕابێتەوە، بۆ جێکردنەوەی کولتووری ڕۆژئاوایی. ئاست و ڕادەی تێگەیشتن و بیرکردنەوە و ڕۆشنبیری، دەبەستنەوە بە ڕەتکردنەوەی سەرلەبەری کولتوورە نەتەوەییەکە. جا کولتوورە ڕۆژئاواییەکە باش، یان خراپ بێت، گرنگ ئەوەیە ئەو لەزووەوە مۆریکردووە و پەسەندیکردووە. لەکاتێکدا هەست بەوە ناکات خودی خۆی، خۆی کردووە بەکۆیلە، بۆیە لێرەدا مەبەستمانە بڵێین : هەموو شتێك بەخوێ، خوێش بەمانا!. واتە ( سوود وەرگرتن لەکولتووری ڕۆژئاوا شتێکەو بوون بەمەیموونی،شتێکی ترە.)(٢٩). تووندڕەوی نووسەر و ڕۆشنبیری کورد بەشێوەیەك نەبێت هەرچی کولتووری ڕۆژئاوایە وەلای بنێت و تووڕییدات، لەبەرامبەریشدا میانڕەوییەکەی ئەوهانەبێت ئەوەی کولتووری ڕۆژئاوایە بیخاتە بانچاویی و بەپیرۆزی سەیرییکات. چونکە هەردوو جۆر مامەڵەکردنەکە ناتەندرووستە، شوێنەواری دوواکەوتوویی و شوێنکەوتوویی لێدەکەوێتەوە، مەسەلەی سوودوەرگرتن و دوواتر ئافراندن پاڵپشتێکە بۆ کولتووری نەتەوەیی، کەچی لاساییکردنەوەی بێبنەماو کوێرانە نەهامەتی و نەگبەتییەکە، مەگەر بەس بزانرێت کولتووری نەتەوەیی یان تاك و کۆمەڵگە بەرەو چ ئاقارێك دەبات. دوواتر نەتەوەش دووچاری قەیران دەبێتەوە، هەرئەمیش باجەقورسەکەی دەدات.

پرسی کولتوور وەك پرسێکی گرنگ پێوەندییەکی بەتینی بە زیندوویێتی نەتەوەوە هەیە، وایکردووە ڕۆژ لەڕۆژان زیاتر ئاستی هۆشیاریی کولتووریی بەرزببێتەوە، و ئەم پرسە هەستیارانەتر مامەڵەی لەگەڵدابکرێت، و خەڵکانێکی زۆر لەهەموو چین و توێژە جیاوازەکانەوە بەردەوام داکۆکیی لێبکەن. ( ئەگەرچی پەرەگرتن و زیادبوونی تایبەتگەرایی کولتووری خۆی لەخۆیدا پرسێکی گرنگە، کاتێك گرنگیی زیاتر دەبێ کەسەرنج بدەینە هاوکاتیی ئەو لەگەڵ ڕەوتی بچووك بوونەوەی جیهان بەهۆی گۆڕان و پێشکەوتنە سەرسووڕهێنەکانی تێکنەلۆژیی پێوەندی و گوازتنەوە )(٣٠). دەشێت بڵێین بەجیهانیبوون ئەو تەوژمە بەهێزەیە چەندین وڵات و ڕێکخراویی زەبەلاح بەناوی خوازراو و نەخوازراوەوە پشگیری لێدەکەن و دنەی دەدەن، نەیانتووانی بەربەخۆری کولتووریی نەتەوەیی بگرن و شەوەزەنگی بەسەردا بێنن.بەڵکو کولتووریی نەتەوەیی هێندەیتر بووە باس و خواس و بابەتی لێکۆڵینەوەی ناوەندە جیاوازەکانی زانست و زانیاریەوە، بەزۆربەی بوارو پسپۆرییە هەمەچەشنەکانەوە ئەوەی زیاتریش هانی ئەمەیدا کە کولتوور بەتووندی بەکایەکانی نەتەوەوە ببەسترێتەوە. خودی بەجیهانیبوون بوو. دووای ئەوەی دەستەکەی ئاشکرابوو کە مەبەستییەتی بە شێوەیەك لەشێوەکان درێژە بە سیاسەتی چەوساندنەوە و داگیرکاری و ڕەگەزپەرستی بدات، لەسەر ئەرك و ماندووبوونی نەتەوەکانی ژێردەستە، بۆبەرژەوەندیی تەسکی چەند نەتەوەیەکی زلهێز، و قۆرغکردنی سەروەت و سامانی ماددی و مەعنەوییان، ئەمانە و چەندین هۆکاریتر بوونە پاڵپشت بۆ ئەوەی کولتوور کەلێوانلێوبێت لە ژین و ژیان و ژیار و دەرخستنی ناسنامەی نەتەوەیی، و داماڵین لەڕووی دەمامکە بەدەکان، و ڕشتنی هەنبانە پڕ درۆ و دەلەسەکان.

ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە پاراستنی کولتوورو زیندووڕاگرتنییەتی، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کولتوور بخەینە چوارچێوەیەکی فرە پیرۆز و ئەفسانەی بۆ بسازێنین. بەڵکو کولتووری هەر نەتەوەیەك دەشێت مەرج و بنەمایەکەی لەسەر دان و ستاندن بنیاتنرابێت واتە ( بەسوودترین ئەو وانەیەی کە کولتوورەکان بەئێمەی دەدەن، ئەوەیە کە بۆ پاراستن و پاراوکردنیان، پێویست بەدیوان و قۆیسەرەکان، یان بەندکردنی لەپشت شیشەئاسنینەکان یان پەڕاوێز خستنی لەگومرگ نییە، بەڵکو ئەم جۆرە هەوڵانە تەنیا دەبنە مایەی سیسبوون و بێبایەخی کولتوور )(٣١). ناکرێت کولتوور لەلایەن هیچ دەستەو تاقم و گرووپێك پاوانبکرێت بەمەبەستی پاراستن و داکۆکیکردن و یاساغکردنی لە کولتوورەکانیتر. چونکە خودی کولتووره ئاوسە بەئازادی و نوێبوونەوە، بۆ گەشەکردن و بەرەوپێشبردنی، لەباربردنی ئەو ئازادی و نوێبوونەوەی کولتوور، جاڕدانی مەرگییەتی، بەمەش کولتوورەکە بەرەبەرە لەپاش دەدات و پاشەکشێ دەکات لەپێشبڕکێی و ململانێی ئەوانیتردا. ئەرکی نووسەر، یان ڕۆماننووسیش، ئەوەیە ستراتیژییەت و دنیابینیتر بەئاراستەی نوێبوونەوە و ئازیزترکردنی کولتوور بهێنێتەئاراوە. وێنای شایستە و پڕ ڕەنگ و جوانتر لەمەڕ کولتوور بگوازێتەوەو کۆدو دەلالەتی ناباو پێشکەشبکات، ئافراندنەکانی لەئاست بڵندی کولتوورەکان دابێت و لەوەوە ئیلهام و جورئەتی نووسین وەربگرێت.

کولتوور، وەك بابەتێکی هەستیار پەیوەستە بەتاکەکان لەسەرەتادا، کە ئەمەش گوزارشتە لەتوانستە لەبن نەهاتووەکانی مرۆڤ و پێشکەوتنەکانی، بیرکردنەوە یەك لەدووای یەکە پڕبایەخ و گرنگەکانی لەئاست ڕەوتی مێژووییدا، ڕۆژ لەدووای ڕۆژ مرۆڤەکان هێندەیتر باوەڕییان پتەوتر و تۆکمەتر دەبوو بەمەبەستی داهێنان و دەسکەوتی زۆرترو تازەتر. بۆیە ( کۆمەڵێك لەتوێژەران زاراوەی کولتوورییان بۆ توانستی مرۆڤ بەکار دەهێنا. پێشییان وابوو کولتوور ئاماژەیەکە بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی تاك لەڕێگەی شێوە دەرەکییەکاندا، و هەروەکو لەپرۆسەیەکی مێژوویی گوزەردەکات)(٣٢). لەم بۆچوونەدا جەخت لەپرۆسەی بەرهەمهێنان کراوەتەوەو بەرهەمهێنانیش پێوەندی بەگۆڕان و پێشکەوتنی مرۆڤەکانەوە هەیە، و ئەم بەرهەمهێنانەش هەرشتی بەرجەستەکراو ناکاتە ئامانج، بەڵکو بەرهەمهێنان لەبواری هزر و تێگەیشتن و پاشخانی کۆمەڵگەشی تێدا ڕەچاوکراوە، کەهەموو ئەمانە زەمینە خۆشکەرن بۆ ژیانێکی ژیاری بۆ مرۆڤەکان. کە خەسڵەت و تایبەتمەندی کۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤ بەرهەمیهێناوە، چونکە کاردانەوەکانی مرۆڤ لەژێر کارتێکەری ئەو کۆمەڵگەو دەوروبەرەدایە کەتێیدا دەژین، و هەربۆیەش کولتوور هەموو ئەو چالاکی و جموجۆڵانە دەگرێتەوە کە لەڕێگەی پێوەندیی نێوان تاکەکان و کۆمەڵگەکەیەوە دروست دەبن. کۆمەڵگەش وەك فێرگەیەك وایە، کە تاکەکان دەتوانن لەڕێیەوە کولتووری جۆراوجۆری کۆمەڵگەکە یاخود کۆمەڵگەکانیتری لێوەفێرببن.

هەروەها کولتوور نەبەستراوەتەوە بەسەردەم و قۆناغێکی دیاریکراو و بەرتەسك، بەڵکو کولتوور پەیوەستە بەهەموو سەردەم و قۆناغە جیاجیاکانەوە، و پانتاییەکی بەرفراوان دەگرێتەوە لەژیانی تاك و کۆمەڵگەدا، و هەروەك چۆن لە ڕابردوودا کاریگەریی هەبووە و بۆمان بەجێماوە، ئاواش کاریگەریی دەبێت لەئێستاو داهاتووشماندا. واتە کولتوور لەخاڵێکی چەقبەستوودا ئۆقرە ناگرێت.

هەندێك دیدو بیروبۆچوون جەخت لەوە دەکەنەوە کولتوور تەنیا بریتیی نییە لەبوارو بابەتە نا بەرجەستەییەکان، بەڵکو پێوەندی بەشتە بەرجەستەییەکانیشەوە هەیە، بەهەردووکییان زاراوەی کولتوور تەواو دەکەن و ئاڕاستەی دەکەن بۆهەموو لایەنەکانیتر. ( جۆرێك جیاوازی هەیە لەنێوان دەستڕەنگینی و نەخش و نیگار و کەلوپەل و شمەکی بەرجەستە کە لەلایەن تاکەکان و کۆمەڵگەوە بەرهەمهێنران و بەرهەمدەهێنرێت. لەگەڵ ئەو بابەت و دیاردانەی کە بەنابەرجەستەیی خۆیان دەنوێنن وەك زمان و بیرو باوەڕو دابونەریت و ئایین... هتد. کە هەموو ئەمانە بەیەکەوە ئاماژەی سەرەکیین بۆ زاراوەی کولتوورو پڕاوپڕکردنی چەمکەکە. واتە کولتوور وەك گیانی ئەو کۆمەڵە خەڵکە وایە، و پیشاندەری ناسنامەکەشییەتی)(٣٣). لەم پێناسەیەی کولتووردا، جەخت لەوە کراوەتەوە کە بوارێکی سەربەخۆ نییە بەناوی کەلەپوورەوە بەمەش سنووری نێوانییان تێکشکێندراوەو هەردوو بوارەکە ئاوێتەی یەکترکراون، و نارێکی بێسەروبەرییان پێوەدیارە. چونکە وەك لەپێشتردا ئاماژەمان پێکردووە هەردووکیان لەیەکتر جیان و وەنەبێتیش خاڵی هاوبەش لەنێوانییان نەبێت، بەڵام ئەویان بابەت و بوارێکەو ئەویتریشییان بابەت و بوارێکیترە. بۆنموونە گەر مرۆڤ بکەین بەپێوەرو ئەندازە بۆ بەراوردکردنی کولتوورو کەلەپوور ئەوا دەبینین خواپەرستییەکەی، ئاکارو ڕەوشتەکەی، بیرکردنەوەو تێگەیشتن و فێرکردنی، دابونەریت و باوەڕەکەی کەسایەتیی و جیهانبینییەکەی و زمان و هەست و سۆزەکانی. دەشێت لەچوارچێوەی کولتووردا بخوولێنەوە و مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. بەڵام ئەوەی پەیوەستە بەکەلەپوورەوە، دەکرێت هەموو ئەوانەی یاخود بەشێکی کەلەچوارچێوەی کولتوور دامانان و لەگەڵ لێکەوتنەوەو هاتنەئارای کەلوپەل و شمەکی بەرجەستەیی، کە هەم گوزارشت لەبیرو ڕامان و تێگەیشتن و لێکدانەوە، و هەمیش بەشێوەیەکی گشتی گوزارشت لە جەستە و بەش و ئەندامەکانی مرۆڤ بیانخەینە چوارچێوەی کەلەپوورەوە و مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین.

کولتوور، وەك سەرچاوەیەکی پڕ هێز و بەبڕست وایە بۆ مرۆڤەکان و لەدوواجاردا دەبێتە ناسنامەیان، و مرۆڤەکان لەکۆمەڵگەو کەناڵەکانیتری کۆمەڵگەوە وەریاندەگرێت و فێریان دەبێت، چونکە ئاشکرایە کۆمەڵگە لەپێش کولتوورەوەیەو کۆمەڵگە دەبێتە هەرە سەرچاوەی سەرەکی بۆ کولتوور. واتە ( کوولتوور بەتەنیا هێزێکی ڕووت نییە یاخود نابەرجەستە نییە، کەلەبۆشایی دەوروبەرمان بخولێتەوە، بەڵکو بوونێکی گشتگیری هەیە، و ئامادەیی لەهەموو کەلێن و کەلەبەرێکدا هەیە و وەکو ناسنامەیەك وایە. لەڕاستیدا کولتوور پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییە کە مرۆڤەکان وەریدەگرن لەڕێگەی پێوەندی کۆمەڵایەتییەوە و پەیوەستبوون بە خەڵکیترەوە. لەپلەی یەکەمدا خێزان ڕۆڵ دەگێڕێت لەناساندنی کولتوور و سازکردنی پەیوەندییە جیاوازەکان، وئینجا هاموشۆ کۆمەڵایەتییەکانیتر، یاخود لەڕێگەی دامەزراوەکان وەك: قوتابخانە و ئایین و میدیاو سەرچاوەکانیتر)(٣٤) هەرکۆمەڵگەیەکی سەر ئەم زەمینە بچووك بێت، یاخود گەورە خەسڵەتێکی کۆمەڵایەتیی کولتووری تایبەت بەخۆی هەیە خاوەن تووماکی تایبەتی خۆیەتی کە جیای دەکاتەوە لەکۆمەڵگەکانیتر، و بەهۆی نیشانە دیارەکان و وێنەو شێوە تایبەتییەکانی دەناسرێتەوە. کولتووریش وەك دەرهاویشتەیەکی کۆمەڵگە، و خودی کولتوورو خودی کۆمەڵگە شوێنەوارییان دیارە لەسووژەی نووسەرو ئەدیبان و دوواتر ڕەنگدانەوەیان لە بەرهەمەکانییان. بەڵام ئەم جۆرە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەو کولتوور نەبێتە مایەی ناشیرنکردنی لایەنی جوانی دەق، و بەڵکە هێندەیتر جوانی

بکات و پڕ لەخرۆش و جوڵەی بکات. بۆیە کولتوورێکی ڕەسەن، خۆی لەخۆیدا ناسنامەیە چ بۆتاك و کۆمەڵگە، چ بۆبەرهەم و داهێنانییان.

لەڕۆژگاری ئەم سەردەمەماندا، چەمکی بەجیهانیبوون بۆتە چەکێکی کاریگەرو لەتوانایدایە کۆمەڵێك بواری ژیان بکوژێت و لەسەر زەمینەی واقیعی ڕەشیان بکاتەوە. کولتووریش یەکێکە لەو بوارانەی کەبەر مەترسی و هەڕەشەی بەجیهانیبوون کەوتووە. بەجیهانیبوون زیاتر ئەو کولتوورانە دەکاتە ئامانج کە سەر بەوڵاتانی داگیرکراون و بەمەبەستی ڕەتاندن و شێواندن و تێکدانییان. بۆیە کولتوورێك ئەگەر تایبەتمەندی و خاوەنی هێزو بڕستێکی زۆر و هەڵقوڵاوی ناخی تاکەکان و کۆمەڵگەکەی نەبێت ئەستەمە بەرگەی ئەم هێرشە ڕێکخراوە، و ناچارە خۆی بەدەستەوە بدات ئەویش نەك بە مەبەستی مانەوە، بەڵکە بەمەبەستی بەهەڵمبوون و نەمان. ( لەو کاتەی کولتوور پاشخانێکی مێژوویی و بوونێکی هەنووکەیی گەرمکە، لەیەکنزیکبوونەوەی کولتووری دەبێتە پێویستییەکی حاشا هەڵنەگر، جا لەبەر ئەوە خۆ بەدوور گرتن لە بڕیاردان لە کولتوورەکانیتر دەبێتە پێویستییەکی هەنووکەیی ئەگەر کولتوورەکە بزانێت دووچاری شێواندن و لەناوچوون دەبێتەوە. وەك سووك سەیرکردنی کولتووری خۆماڵی کۆمەڵگەی داگیرکراو، لەلایەن داگیرکەرانەوە وامان لێدەکات بەچاوێکی ووردو ڕەخنەگرانەتر سەیری ئەو داگیرکارانە بکەین کە لەڕێی داگیرکردنی کولتوورەوە خۆیان دەخزێنە ناو وڵاتەوە، و دەیانەوێت کولتووری خۆماڵی بکەن بەکەمینە و کولتوورەکەی خۆیان بکەن بەزۆرینە بۆئەوەی مافی خۆدەربڕین و بەکردەوەکردنی کولتوورەخۆماڵییەکە زەوتبکەن)(٣٥). لەم سەردەمەی ئێستاماندا بڕین و پچڕانی کولتوورێك لەگەڵ کولتوورەکانیتر هیچ ماناو مەبەستێك بەدەستەوە نادات.

بەڵام هەرهێندە هەیە نەهێڵین کولتووری خۆماڵی ڕووبەڕووی مەترسیی ترسناك و لەناوچوون نەبێتەوە، نەوەکو گۆڕان لەکولتوورو کارلێکی نێوان کولتوورەکان دیاردەیەکی ئاساییە گرنگ ئەوەیە کولتوورەکانیتر زاڵ نەبن بەسەر کولتووره خۆماڵییەکە. بۆیە وڵاتانی داگیرکار زێدەتر هەست بەقورسایی و سەنگی کولتوور دەکەن بە مەبەستی داگیرکردن بەکاریدێنن ئەگەر لەڕۆژگارانی دوێنێدا داگیرکاران بەناوی گەشت و خزمەتگوزاری و چاکسازی... هتد گەریدەیان بۆ وڵاتان ناردبێت، و دوواتر لەڕێی چەندین جۆری چەکەوە وڵاتانییان داگیرکردبێت. ئەوا لەڕۆژگارانی ئەمڕۆ ئەم ستراتیژییەتەیان نەماوە پێڕەوکردنی شێوان و تێکشکاندنی کولتووری وڵاتان باشترین چەك و ستراتیژیەتە بۆ داگیرکردنییان و کردنییان بەژێردەستە و کۆیلە.

## شیكردنەوەی دەقـــەكـــان

ڕۆماننووس، لەڕۆمانی "تەنەكە"دا تیشك دەخاتە سەر كولتوورێكی سیاسی – كۆمەڵایەتی.

ئەم كولتوورەش بریتییە لەوەی كاتێك كەسێكی نەشیاو دەچێتە شوێنێكی شیاو و هەستیار، یاخود پۆست و پلەو پایەیەكی میری وەردەگرێت، شانۆگەری و نواندنی بۆ سازدەكرێت ؟ ئەویش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، كە بۆ ئەو كەسە ڕێوڕەسمی بۆ ڕێكبخرێت، و خەڵكانێكی دەمڕووت و چاوەش چەپڵەی بۆبكوتن و پڕ بەدەنگییان بەسەر شان و باڵی هەڵبلێن و هەركەسەوە لەلای خۆیەوە لە بژی – بژی...، هیچ وشەیەكی لەدەم نەیەتەدەرو ورتەیەك نەكات .

**( كەمال تاشان و مورتەزا ئاغا و ئۆغچی ئۆغلۆ لێك هەڵەنگووتن و شپرزەبوون و تاویان دا دەركەی ئۆتۆمبێلە بەگوڵ ڕازاوەكەیان بكەنەوە، مورتەزا ئاغا بەو بەژن و باڵا درێژەیەوە بەدوو قەد خۆی نووشتاندەوە. دەركەی كردەوە، گوتی "فەرموو قوربان. قائمقامە فەنیی خۆمان، قایمقەمەزۆر خۆشەویستەكەمان." "ئەستەغفیرەڵلا. قوربان ئەستەغفیرەڵلا؟" بەدووای سواربوونی قایمقامدا خەڵكەكەش هەموو سواربوون. دەمڕووت و هەرزەكار. لاووگەنج، هوراكێش، چاوەش خۆیان لە ئۆتۆمبێل و ئۆتۆمبیس پەستاوت. ئێستگە لەبەر هەرای "بابژی. بابژی. بژی قایمقام، بابژی، بابژی، بابژی." )**

(( تەنەكە، ل ٢١ ))

كولتوورێكی كۆمەڵایەتی باو، خراوەتە دنیای سیاسەت و سیاسەتبازییەوە. ئەم كولتوورەش زیاتر لە كۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەكاندا باو و بڵاوە.

لە كولتووری گەلانی موسوڵماندا، پیاوچاكان و ڕەنگی سەوز بڕواو ڕێزو پیرۆزییان پێدراوە، و لەدەروونییاندا خاڵێكە بۆ یەكلاكردنەوەی كێشەو ململانێیەكان، بەلای سەركەوتن و زاڵبوون بەسەر دوژمنانییاندا. بەشێوەیەكی ئاوا لەهەندێك باردا ڕێزوپیرۆزییەكەی دەگاتە ئاستی فریشتەكان، یاخود ئەوشمەك و كەلوپەلانەی كە نزایان لەسەر خوێندراوەو بەئایەتەكانی قورئانی پیرۆز چنراو و تەنراوە بۆئەم مەبەستە یەشار كەمال دوونموونە دێنێتەوە كەگوزارشت لەكولتووری ڕێزو پیرۆزییەكان دەكاتەوە، یەكێكیان پەیوەستە بەكۆمەڵگەی توركییەوە، ئەویتریان پەیوەستە بەكۆمەڵگەی كوردییەوە، بەتایبەتیش سەركردەیەكی كوردیی ئایینخواز وەكو "سەڵاحەددین ئەیووبی". حەمەدۆكیش وەك سەركردەی نەتەوەیەكی ستەملێكراوو چەوسێنراو و داگیركراو، ئەوكراسە یاخود گوشبەندەی سەڵاحەددینی ئەیووبی دەپۆشێت كە لەلایەن "دایە سوڵتان"ەوە بۆی دەهێنرێت و لەبەریدەكات، كە بە نۆسەدونۆوەدونۆ ئایەتی قورئانی پیرۆز و هێندێك نزای لەسەر نووسراوە و چنراوە. لەهەمانكاتدا ئەو كولتووری ڕێزو پیرۆزییە ئایینییە، كەڕەتێك وایكردووە توركەكان بەسەر یۆنانییەكاندا سەربكەون، و كەڕەتێكیش حەمەدۆكی ڕەمزی نەتەوەیی كوردی پاراستووە لەهەموو ناخۆشی و ڕووداوێكی دڵتەزێن و كارەساتئامێز.

**( موفتیش هەرچی دەدڵی دابوو هەڵی ڕشت: ئەگەر وابێ جەنابت باوەڕت بەشازدە پیاوچاكە سەوز پۆشەكانیش نییە كە لەخانەكانی چلچاوی ڕاهاتن و چوونە شەڕی یۆنانییەكان، كەئەو سەوزپۆشانە وەپێش**

**سەربازەکانی ئێمە کەوتن و لەدوژمنیاندا، کە ئەویۆنانییانەی بەدیل گیران، گوتیان ئەوە ئێوەو چەکەکانی ئێوە نەبوون کەئێمەیان شکاند، بەڵکو هەندێك پیاوی سەوزپۆش بوون کە بەقەد چنارێکی کەڵەگەت بوون وشەرکەرێکی بێ وێنەبوون! هەرلەوحاڵەشدا سەربازەکانی ئێمە سوێندیان دەخوارد کە تەنانەت یەك پیاوی سەوزپۆشییان لەپێشەوەی بەرەی شەرنەدیوە... بێجگە لەوانەش دایە سوڵتان کراسەکەی سەڵاحەددینی ئەیوبی، ئەوەی سەلاحەددین بۆخۆی لەشەری خاچ پەرستەکاندا دەبەری دەکرد، داوە بەحەمەدی. ئەوکراسە کە هەزارونۆسەدونۆوەدونۆ ئایەتی قورئانی و هێندێك دوعای گەورەی دیکەی لەسەرچنراوە...**

**...دایە سوڵتان ویستوویەتی حەمەد لەبرینی شیری، لەسووتانێ، خنکانێ پارێزراوبێ و هیچ گوڵلەیەکیش نەی پێکێ، هیچ ئینسانێك بۆی بەدیل نەگیرێ... ڕاست وەك سەلاحەدینی ئەییوبی کەپێشتر کراسەکەی دەبەردابووە !)**

(( حەمەدۆك، ب ٤، ل ١٨٩))

واتە بەشێك لە پیرۆزییەکان، جا ئەو پیرۆزییانە ئایینی بن، یاخود نەتەوەیی، ڕۆڵی خۆیان گێڕاوە لە باو بوونی حاڵەتێك، یا دیاردەیەك، یاخود کولتوورێك.

کولتووری هەرکۆمەڵگە، یاخود نەتەوەیەك بارگاوییە بەکۆمەڵێك بواری ژیانییەوە وەك ئایینی، کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی، ناوچەیی، مێژوویی... هتد. خوێندنەوەی مەولوودیش یەکێکە لەکولتوورە هەرە باوەکانی ئەو کۆمەڵگانەی کەئایینی ئیسلام تێیاندا بڵاوە. بێگومان داهێنەری ئەو کولتوورە ئایینی و کۆمەڵایەتییەش "سوڵتان موزەفەرەددین" بووە، و دوواتر بەوڵاتانیتری ئیسلامی بڵاوبۆتەوە.

ئەوکەسەی مەولوودیش سازدەکات، بەونیازەی کەخوای گەورە چاکەو پاداشتی بۆ بنووسێت، و دووریخاتەوە لەناخۆشی و دەردەسەری و کارەسات، یاخود کەسێك دەیکات کە نزایەکی گیرابووبێت لەلایەن خوای گەورەوەو ئینجا ناوی مەولوودی لێدێنێت.

یەشار کەمال دەیەوێت لەگۆشەی ئەم کولتوورە ئایینییە کۆمەڵایەتییەوە، تیروتوانج لەوانە بگرێت کەپەنا بۆمەولوود خوێندنەوە دەبەن، و لەکاتێکدا گفت و کاروکردەوەکانییان شایانی ئەوەنییە ئەم کارەچاکەو خێرەیان بۆبکرێت. لەبەرئەوەی تێوەگلاون بەکۆمەڵێك کاری ناچیزەو گەمارو دوور لە ئاکاری مرۆڤایەتی.

**( کوڕەکەی خەلیلەپیر لەو ڕاستانی کێڵگەی لۆکە گەچۆڕە بۆش و بەتاڵە مەولوودێکی کرد. گوندی بەگەورەو بچووکەوە، سەرلەبەر، هاتن. مەولوودەکە ئاشقە کەچەڵ خوێندییەوە. وەك گۆرانی بڵێ وای خوێندەوە. ژنان بۆ دەنگە بەسۆزەکەی هەرئەوەبوو ئاگرییان تێ بەرنەبێ، بوون بەکەباب تەنیا کەسێ لەگوند نەچووبوو، ئەویش مریەمۆك بوو. مریەمۆك لەوسەرخۆ لەگەرمەی چقورئاوا چوارمشی لێی دانیشت. دەیگوت:**

**"باگوێم لەو مەولوودە جوانە نەبێ کەبۆئەو لەدین وەرگەڕاوە بەچوار کتێب کوشتنی حەڵاڵە دەخوێندرێتەوە. باوکە حەزرەتی محەمەد پێغەمبەرمان ئەگەر دەبیستێ مەولوودە جوانەکەی بۆ خەلیلەپیر دەخوێندرێتەوە، دەهات، لەگۆڕەکەی هەڵدەستایەوە، تا ئەم ناوانە دەهات، مەولوودەکەی لەدەستی ئەمانە دەستاندەوە...دەیبردو دەڕۆیشت. جائیدی خوامەوخوا**

**چاویان بە مەولوود بکەوتایەوە جارێکی تر. "..))**

(( ئەودیوی چیا، زەوی ئاسن ئاسمان مس، ل ١٦ ))

ڕۆماننووس، کولتوورێکی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی دەخاتە ڕوو، کەئەویش خۆی لەسازکردنی ڕێوڕەسمی ژنهێنان دەنوێنێت. بەتایبەت ئەو ژنهێنانەی کەتایبەتن بەشێخ و ئاغاو بەگ و بنەماڵەی سەرۆکهۆزو تیرەکان. بێگومان واباوە کاتێك کوڕێکی ئەمانە ژن دێنێت سەرلەبەری ئاواییەکەی ژێردەسەڵاتی، بۆماوەیەکی دوورودێژ کە لەچەند ڕۆژو هەفتەیەك زیاترە خەریك دەبن بەم بەزم و ڕەزم و ڕێ و ڕەسمەوە. ئەمەش لەکۆمەڵگایەکانی ڕۆژهەڵاتی بەڕوون و ئاشکرایی بەرچاو دەکەوێت. بۆیە ژمارە "چل"یش وەك ژمارەیەکی زەق و زۆپ و پیرۆز لەلایان بەدیاردەکەوێت. هەرئەم ژمارەیەش بەشایستە دەزانن کە "چل شەو چل ڕۆژ"ە، گوزارشت لەم کولتوورە بکات، و لایان ئاساییە چل شەوو چل ڕۆژ ئاهەنگساز بکەن و تێروپڕ هەڵپەڕن.

**(.... ڕۆژێکیان بەگی بۆڵوو بانگی پیر یوسفی کرد، گوتی:**

**"یوسفی برا، ئەمە چ سڕوحیکمەتێکە، کەلەمەودای چەندساڵێکدا ئەسپەکانی تەویلەم یەکەبەیەکە گۆڕان و وەکو بایان لێهات ؟"**

**"تۆ وەختی ژن هێنانت هاتووە. دە ژنێ بێنە، باتۆش ببی بە خاوەن ماڵ و منداڵ"!**

**بەگ بیستبوویەوە کەپیریوسف کیژێکی دڵداری هەیە. نەیکردە نامەردی کیژەی بۆگواستەوە. شاییەکی شیاوی بەگلەرومیرانی بۆ یوسف گێڕا.**

**شاییەکە چل شەوو چل ڕۆژی خایاند. پیریوسف دووای ئەم شاییە بەگلەرانەو میرانانەیە هێندەی تر لەناخی دڵییەوە، ئەوەندەی دیکە بەپەرۆشترەوە بەتەنگی کارەکەیەوە دەهات، ئەسپەکان هێند جوان و پەرداخ بووبوون، هێندەی چاودێری و پێوەدیاربوو، لەوبەرخۆرە تیشکیان دەدایەوە.**

**دووای ژن هێنان بەساڵێك پیریوسف کوڕێکی بوو. نێویان لێ نا عەلی ڕوشەن).**

(( ئەفسانەی کوێر ئۆغڵی، ل ١٨))

ڕۆماننووس، لای وایە هەر مەرج نییە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەیەك یەك جۆر کولتووریان تێدا باو بێت، بەڵکو دەشێت هەر چین و توێژ و دەستە و گروپ و تاقمێك کولتوورێکی تایبەت بەخۆیان هەبێت.

کولتووری فرەژنی، کولتوورێکە تایبەتە بەکۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییە موسوڵمانەکان ڕۆماننووس ئەم کولتوورەی بەرجەستە کردووە لەکۆمەڵگەی کوردیدا، بەتایبەت چینەکانی سەرووی کۆمەڵگە پاشاو ئاغاو دەرەبەگەکان. ئەم کولتووری فرەژنییەی کە یەشار کەمال خستوویەتە بەرباس، ژنەکان لەیەك نەتەوەو لەیەك ئایین و لە یەك ڕەگەز نین لەنێو خۆیاندا. هەروەها چەند ژنێکیان جیان لەگەڵا خودی پیاوەکەیان. واتە ئەو جۆرەی فرەژنی لەکولتوورێکی گشتییەوە بۆتە کولتوورێکی تایبەتی، لەبەر ئەمە لەپشت فرەژنییەکەوە چەند بابەتێکیتر دەخوێندرێتەوە وەك بەرژەوەندیخوازی، تاقیکردنەوەو چێژوەرگرتن لەهەموو چەشنێکی سێکس، فرەژنی و هاوسەرگیری بەمەبەستی سیاسی و لێکەوتنەوەی سوودو قازانجی ئابووری، هەروەها ڕەهەندێکی ئایینی هەیە، و

"مەحموودخان" کەپاشایە خۆی بەمیراتگری پێغەمبەر ( د.خ) و ئیسلام دەزانێت هەربۆیە ئەم سوننەتەی بەجێهێناوە، بۆ خۆڵکردن لەچاوی خەڵکانی قەڵەمڕەوییەکەی.

**( دووازدە ساڵ پێش مردنی باوی هاتبووە ئێرە بۆ بایەزید، بۆئەم کۆشك و سەرایە کەباوی دەمرێ لەجێی وی دەبێ بەپاشا. وەختی خۆی باوی لەدووی ناردبوو. دەنا لەئەستەنبوڵ وەدەر نەدەکەوت. لەپێشدا لەگەڵ ئەم ئینسانە کێوییانە، لەگەڵ ئەم چیایانە نەگونجا. کۆشك و سەراکەی لەشاری ئەستەنبوڵیش، هاوتای نەبوو. بەڵام کار بەکۆشك و سەرا پێك نایەت، هەرچی ژنی ئەم چیایانە بوون زۆر شۆخ و جوان بوون. لەهیچ سووچێکی ئەم دنیا پان و بەرینەدا ژنی وا ناسك و تەنك و نازدار و نەشمیلانە نەبوون پێشان کیژە ئەرمەنییەکی خواست. پاشان کیژی بەگێکی کوردی هێنا. ژنی سێیەمی لە قەفقاس مارەکرد ژنی چوارەمی خەڵکی کەناری گۆلی ورمێ بوو. سێ کچ و هەشت کوڕی بوون پێنج برای هەبوون. خزم و کەس و کاری هۆزەکە لەدەشتی ئیغدیر بوون. پێوەندی و سەروساختێکی ئەوتۆی لەگەڵیان نەمابوو. نەختێ بەچاوی نزمی تەماشا دەکردن.)**

(( ئەفسانەی چیای ئاگری، ل ٣١ ))

ڕۆماننووس، پێی وایە کولتوور لەمۆرکی گشتییەوە هەنگاوی‌ناوە بۆ مۆرکێکی تایبەتی کە بەرژەوەندییەکانی دەیخوازن، بێگوێدانە نرخ و بەها مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان.

لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا  واباوە بەتایبەت لای هەندێك دایك، ئەگەر دایکێك، یەکێك لە ئازیزو خۆشەویستانی بمرێت، یاخود بکوژرێت، ئیتر ئەو دایکە بۆ هەتا هەتایە سەرپۆش و جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ ناپۆشێت، و ناچێتە کۆڕی شادی و خۆشی و ئاهەنگگێرانەوە. بۆیە سەرپۆش و جلوبەرگی ڕەش و تاریك جێگەی هەموو ئەمانە دەگرنەوە. ئەمەش بۆتە کولتوورێك لای بەشێك لە خێزان و خانەوادەکان. کولتوور یەکسانکراوە بە داب و نەریتی کۆمەڵگەوە.

**( لەدووای کوشتنی کوڕەکەیەوە سەرپۆشی دەدا لەژێر سەرپۆشە ڕەشەکەیەوە قژە لە خەنەگرتووەکەی ئاڵۆزبوو سووردەپروانی پشتێنێکی ئاوریشمینی بەستبووە تەنگی باریکییەوە، ڕەش داگیرسابوو، ڕیشۆڵەی پشتێنەکەی سوورو کەسك و شینە، دەکەوتنە سەر ئەژنۆی، هەر لەکچێنییەوە. ئەم جۆرە پشتێنانەی دەبەست، لەدووای کوشتنی کوڕەکەیەوە ڕەشپۆشە، بەڵام ئەم پشتێنەی دانەکەند و تا ئەو ڕۆژەی سەردەنێتەوە دەستی لێ هەڵناگرێت، ڕەنگە وەسیەت بکات لەمردنیشا لەپشتی نەکەنەوە. . )**

(( مارەکەیان بکوشتایە، ل ٢٠ ))

ڕۆماننووس، بەشێوەیەکی گشتی باس لە کولتوورێك دەکات کە زیاتر لەنێو کۆمەڵگە موسوڵمانەکان باوە، ئەویش "ئازادکردن" یاخوود " بەڕەڵاکردن" ی مەل و باڵندە ئاژەڵە کێوییەکانە کە ئەمەش ڕەهەندێکی ئایینی، و ڕەهەندێکی مرۆڤانەی هەیە، کە مرۆڤ چۆن بەزەیی بە بەستەزمان و بێدەسەڵاتەکان دێتەوە. واتە تایبەتمەندییە مرۆڤایەتییەکان هێندەیتر کولتوور جوانتر دەکەن، و کولتووریش کۆمەڵێك تۆو ماکی ئایینی تێیدا بەدیدەکرێت.

خەڵکانێکیش مەل و باڵندەو ئاژەڵە کێوییەکان بەڕەڵا دەکەن، بەمەبەستی هێنانەدیی ئامانج و مەبەست و مرازەکانییان لەلایەن پەروەردگاری جیهانییانەوە.

ڕۆماننووس، کاڵبوونەوەی ئەم کولتووره وێنادەکا، و لەزاری " سەمیع"ی کارەکتەرەوه پێیوایە خەڵکی بەزەییان نەماوەو ڕوویان لەبێ دینی و ئیمانی و کتێبی کردووه.

**(..کەسیش مەل ناکڕێت بۆ ئازادکردن.. دوێنێ سەرتاخواری شار گەڕام، بەندەخوایەك نەبوو، مەلێکم لێ بکڕێ و بەرەڵڵای بکات، ئەو خەڵکە گۆڕاون، دین و ئیمان و کتێبیان لەلا هەڵگیراوه.. بۆچی کەسێك هەبوو، تاقە بەندەیەکی خوا، یەکێ یەکێ تاقە بەندەیەکی خوا هەبوو، جەننەت و ئافرەتی لەبیربێ ؟. دەستیان نەبرد چەند قروشێك بدەن، تا مەلێك ئازاد بکەن )**

(( باڵندەکانیش کۆچیان کرد، ل ٢٧، ٢٨.))

ڕۆماننووس، بەشانازییەوه ئاماژه بەڕێزی میوان دەکات، لە کۆمەڵگەی کوردەواری وای دەبینێت میوان و میوانداری خێروفەڕی لێدەکەوێتەوه، و ڕێزگرتن لە میوانان کولتوورێکی جوانی کوردییە، کولتوور پەیوەستکراوه بەبزاڤی کۆمەڵایەتییەوه.

**( بەکوردی دەستی پێکرد:**

**بەخێربێن.. فەرتان هێنا میوان جێگای سەرسەروسەرچاوانە داوای لێبووردن دەکەم، ئەگەر وەکو پێویست پێشوازیم نەکردبن. چونکی لە هەواردا ین لە ئەشکەوت بوایەین بەرخم لەبەرپێتاندا سەردەبڕی).**

(( گەمییەکەی نووح، ل٤١))

ئاشکرایە ناکرێت هەموو کولتوورێکی نەتەوەکەمان بەجوان پەسن بکەین، چونکە لەتەك کولتووره باشەکان، کولتووری خراپیش ڕەگی خۆی داکوتاوه. بۆنموونە واباوه لە کۆمەڵگەکەی ئێمەدا ئەگەر کەسێکی بێگانە بەلاماندا گوزەر بکات، یاخود لەکۆڕو دانیشتن دا لەگەڵمان بێت، و زمانی ئێمە نەزانێت، کەسانێك هەن لەسۆنگەی هەست بەبەرپرسیارێتی نەکردن بیانخەنە بەرتوانج و پلارو قسە ناشیرینەکانی خۆیان، ڕۆماننووس ئەم وێنەیە بەمشێوەیە پیشان دەدات:

**( گوێبگره.. بەئەنقەست بەوانم ڕاگەیاندووه کە کوردی نازانم، بۆئەوه وامکرد تاهیچم لێ نەشاردنەوه، هەروەها تۆش بەکەس مەڵێ کوردی دەزانێ جوان نییە، هەندێ قسەیان پێ ووتووم وایان دەزانی کوردی نازانم، کە ئێستا بزانن کوردی دەزانم تەریق دەبنەوه..)**

(( گەمییەکەی نووح، ل ٦٩ ))

ڕۆماننووس، باس لە کولتوورێکی قێزەونی کۆمەڵگەی کوردی دەکات ئەویش ژنهەڵگرتنە لەلایەن پیاوەوه. بێگومان ئەمەش جۆرێکە لەڕفاندن، و بەڵام خواستی بەرامبەری لەسەره. ئەم حاڵەتەش زیاتر لەنێو گوندنشینەکان دا باوتره بەبەراورد بەشارنشینەکان. حاڵەتێکی لەم شێوەیە کوڕو کچەکە بەشێوەیەك متوو و عاشقی یەك دەبن، کەهەست بەهیچ بەربەست و لەمپەرێك ناکەن بۆئەوەی ببێتەڕێگر لەبەردەمیاندا. وەك جیاوازی ئایین، نەتەوه، جوانی وناشیرینی... هتد گرنگ ئەوەیە هەردوولا بڕیاریان داوه. وەك دڵداری "حەیدەر کوردە" کەلەناوەکەی دیاره سەر بەنەتەوەی کوردەو سەر بەئایینی ئیسلامە، بۆ دولبەرەکەی کەکچێکی یۆنانییەو فەلەیە. ئەمەش داستانی شێخی سەنعانمان دێنێتەوه بیرو یاد!

**(... لەپڕ حەیدەر کوردەی وەبیرهاتەوە، ئەو پیاوە دلاوەرە، ئەومەردە لێهاتووە، ئەوکوڕە چاوجوانە بەجەرگ وئازاو وەفادارە. عاشقی کچێکی یۆنانی بوو و هەردووکیان پێکەوە ڕایانکردو پەنایان بردەبەر گوندێکی تورکمەنان، ئەگەرچی کچەکە داواشیکرد ببێتە موسوڵمان و بچێتەسەردینی حەیدەرکورد کەچی حەیدەر ڕەزامەندیی لەسەر نەدابوو. دوومنداڵیان هەبوون و ئاوارەو سەرگەردان لەگوندی تورکەمەنان، بێئەوەی بستەعاردێکیان هەبێ، بەجلشۆری و قووڕکاری بژێوی خۆیان پەیدا دەکرد...)**

(( بڕوانە فوڕات خوێناویە، ل ٢٨٤.))

ڕۆماننووس، ئاماژە بەکەلتوورێك دەکات کە لەنێو کۆمەڵگە موسوڵمانەکان باوە، ئەویش ناشتنی مردووە بەڕێزو وەفاو لەخۆبووردییەوە، کە گەنج و پیر بۆئەم کارە ڕێچکە دەبەستن و هەریەکەیان لەلایەن خۆیەوە کارێك ڕایی دەکات. بەتایبەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا دۆست و هاوەڵان و ناسیاوان زیاتر بەکارەکان هەڵدەستن نەوەك خاوەن مردووەکە.

**( لەپاش دوو ڕۆژ تەرمەکەی ئیحسانیان هەڵگرت، کەس لە مەنەکشا دانەمابووەوە، بەپیرولاویەوە بۆ مزگەوتە نوێیەکەی گەڕەکی جەننەت هاتبوون، گەورەو منداڵ بەشان و باڵ و ڕێك و پێکی دەست و دەم پاکی، ئازایەتی و لێهاتوویی، جوامێری ئیحساندا دەیاندا دەیانگوت... کەس لەبێکەس کوشتنەکەی و کۆستی مەلیحەی باس نەدەکرد...)**

(( دەریا تۆرا، ل ١١)).

واتە کولتوور بارگاوییە بە کۆمەڵێك بیروباوەڕی ئایینییەوە، و ئەو بیروباوەڕانەش ڕێك وەك خۆی، یاخود بەدەستکارییەوە لە کولتوورەکەدا ڕەنگیداوەتەوە.

## کەلەپوور وەك بەشێك لەناسنامەی نەتەوەیی

کەلەپوور، وەك سامانێکی نەتەوەیی گرنگیی و تایبەتمەندی خۆی هەیە لەپاڵ بابەتە نەتەوەییەکانیتردا. هەمەلایەنە و گشتگیرە و سەربەچین و توێژێکی دیاریکراونییە، و کەلەپوور بەهاو نرخ و ناسنامە و بیرکردنەوەو ڕۆشنبیریی نەتەوەیە لەسەردەمە جیاوازەکاندا، مامەڵەکردنیان لەگەڵیدا هەم بەشێوە مەعنەوییەکەی هەمیش بەشێوەی ماددییەکەی دەبێت، بەڵام لەمشێوەیەی دوواییدا زیاتر خۆی ڕسکاندووە.کاتێك کەلەپوور ئاوڕی لێدەدرێتەوە دەبێتە کەرەستەیەکی خاوی ژانرە ئەدەبییەکان. گفتوگۆو مشتومڕێکی دژبەیەك دێنێتە ئاراوە، و یاران و نەیارانی لێپەیدا دەبێت، وچەند سەمتێك لەخۆدەگرێت. سەمتێك لایان وایە کەلەپوور شایستەی ئەوەیە بەپیرۆزیی لێبنوارێت و بخوێندرێتەوە، و دەستکاریکردن و گۆڕانی گوناە وتاوانە. سەمتێکیتر بیروبۆچوونەکانییان لەمەڕ کەلەپوورەوە میانڕەوترە لایانوایە کەلەپوور نرخ و بایەخی خۆی هەیە، بەڵام نەوەك بەپیرۆزییەوە خۆی بسەپێنێت، بەڵکو وەك هەرکایەکیتر نۆژەنبکرێتەوە و بەمەش زیندوویێتی خۆی ڕادەگرێت. ئەم سەمتەی دوواییان هەندێکییان بڕیاری پێشوەختەی خۆیان داوە کەدەبێت کەلەپوور، ڕەتبکرێتەوەو ئەوەندە ناهێنێت خۆی بترجێنێتە نێو ژانرەکانی ئەدەبەوە، چونکە تریفەی ئاوابووە و کات و سەردەمی تێپەڕیووە.

هەروەك لەسەرەتادا ئاماژەی بۆکرا کەلەپوور، پێوەندی بەچەند جەمسەرێکی کۆمەڵگەوە هەیە و کاریان لێدەکات و کاری لێدەکەن. بۆیە ( دەشێ کەلەپوور کۆی بەرهەمی ئەدەبی و هونەری بگرێتەوە کەلەمێژوویەکی دوورتردا بەرهەمهێنراون و لەوێوە کەلەپووری ئەدەبی و کەلەپووری هونەری یان کەلەپووری ئایینی و کەلەپووری ژیاری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان جیادەکرێتەوە )(٣٦). واتە کەلەپوور کۆکراوەی ئەو ژێدەرە گرنگ و باوەڕپێکراوەیە کە کۆمەڵگەیەك بەرهەمی دەهێنێت و پەسەندی دەکات بەدرێژایی سەردەمەکانی مێژوو. خودی کەلەپوور هەڵگری چەمکی داهێنانە. ئەگەر ئەم داهێنانەش لە ئێستادا بەرهەم و شتێکی ئاسایی بێت، بەڵام لە ڕابردوودا چۆتە بواری داهێنانی سەردەمەکەی خۆی. بەمەش جۆرێك لەچاوکراوەیی و هۆشیاری دەستڕەنگینی کۆمەڵگەو ووزە و برستی تاکەکان پیشان دەدات. بوونی کەلەپوورێکی دەوڵەمەند و بەردەوام کارکردن تێیدا، کاریگەریی ئەرێنی دەبێت لەسەر ڕەوتی کۆمەڵگەو ناساندن و دەنگدانەوەی، لەهەمانکاتدا هەوڵ وتەقەڵلای ئەوانیتر بە بادا دەبات، کە ئارەزووی ئەوەدەکەن کە کۆمەڵگەیەك هەناسە ساردبکەن و هەموو ڕۆشناییەکانی لێبکەن بەشەوە زەنگ. بەمانایەکیتر کەلەپوور کۆمەڵێك بیری نووسراوو نەنووسراوو دەستڕەنگینییە، دەشێت کۆمەڵگە گوێڕایەڵییان بێت و پێڕەوییان بکات، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بازنەیەکی داخراو نییە، بەڵکو بوارێك بۆ هزر و هۆش و ئاوەز هێڵراوەتەوە و لەتوانایدایە بارودۆخیتر قبووڵ بکات خۆی لەگەڵ بابەتی تازەدا بگونجێنێت. لێرەدا ئەوەندەیتر گرنگی کەلەپوور بەدیاردەکەوێت لەبەیەکەوە لکاندنی سەردەمی ڕابردوو و ئێستا و بەردەوامبوونیشی لە داهاتوودا.

پێویستە ئاماژە بەوەبکەین هەربابەتێك یان شتێك هاتەجیهانی بوون، شایانی ئەوەیە تیرۆژی ڕەخنە هەموو لایەن و کەلێن و کەلەبەرەکانی بپشکنێت و ئەنجامەکانییان ڕوون و ئاشکرابکات، بەڵێ کەلەپووریش نابێت لەمەبەدووربێت ( تێروانینی زانستی و نوێش بەومانایە نییە کەسەرانسەری کەلەپوور ڕەتبکرێتەوە و دابڕانێك لەگەڵ ڕابردوودا دروست بکرێ بەقەدەر ئەوەی بەومانایەیە کە مامەڵەکردن لەگەڵ کەلەپووردا بەرزبکررێتەوە بۆ ئاستی ڕەخنەلێگرتن بەپێی پەرەسەندنە فیکری و ژیارییەکی ژیانی مۆدێرن لەئاستی ناوچەیی و جیهانیدا )(٣٧) بۆیە بەوچەشنە ئەگەر لە کەلەپوور بڕوانین، ئەوا هەرگیز کەلەپوور بەبنبەست ناگات، بەڵکو ڕەخنە بەمانا زانستییەکەی کەدیاریکردنی لایەنی چاك و خراپ لەخۆدەگرێت گیان بە کەلەپوور دەبەخشێت و بە دەرز وەرگرتن لە چەوتییەکانی دوێنێ، دەتوانرێت ڕاستییەکانی ئەمرۆی لەسەر بنیادبنرێت بێسڵەمینەوە. ئەوکاتە کەلەپووری خۆمان دەناسین و شارەزای دەبین ئەگەر ڕەخنە هەڵیسەنگێنێت توێکاری و ڕاڤەی بۆبکات ڕادەو ئاستی هونەرێتی و داهێنانی بەدیاربخات، بەمەرجێك لایەنی ڕۆژگار و سەردەمەکەی فەرامۆش نەکرێت و لەبەرچاوبگیرێت. لەلایەکیتر دەبێت تەواو درك بەو ڕاستییە بکەین، کەلەپوور نەسەرەتای هەمووشتەکانە، نەکۆتاییان. کلاوڕۆژنەیەکیش نییە سەرتاپای هەموو شتەکان ڕووناك بکاتەوە و ببێتە بەهرەبەخشی سەرەتا و کۆتاییان، و پەیامێکمان ئاڕاستە بکات تادنیاماوە گوێ بە هیچ شتێك نەدەین، و تا دنیا ماوە بێخەم لێی پاڵبکەوین.

کەلەپوور وەك سامانێکی بەنرخی نەتەوەیی، دەتوانین بەهاوتەمەنی خودی نەتەوەکەی دابنێین. کەلەپوور بەدرێژایی سەردەمە مێژووییەکان، ئەدەبیاتی نووسراو و نەنوسراویی لەچککردن پاراستووە و بەبەردەوامی دەلاندوویەتی، و هێزی پێبەخشیوە و ئاورنگی داوەتەوە. لەکۆندا حیکایەتگێڕەوەکان پەییان بەم تەلیسمەی کەلەپوور بردووە لەسەردەمی ئێستاشماندا نووسەر و داهێنەرانی ئەدەب لەم کاروانە نەبڕاوەدا پێشەنگن، بۆیە دەشێت بڵێین ( شێوەو جۆرەکانی گێڕانەوە لەکۆندا، سەرچاوەیەکی کاریگەرن بۆداهێنەران،کاریگەرییەکە بەڕادەیەکە کەزۆرێك لە نووسەران خەریکن بە کەلەپووری میللی و زارەکی، ئەوانەی دەماودەم و پشتاوپشت بۆیان ماوەتەوە )(٣٨) بەهۆی تایبەتمەندی کەلەپوورو ئەو نرخ و بەهایەی لێی دەتکێت، مەحاڵە خەیاڵدان و دڵدانی چیرۆکنووس و ڕۆماننووسانی کوردی بەخۆیەوە خەریك نەکردبێت و نەبووبێتە پاڵنەرێك بۆداهێنانی هونەریی و ئەدەبیی. واتە کەلەپوور بارێکی سۆزدارانە و ووزە و توانایەکی شاراوەی بەئەدیبان بەخشیوەو بەرەو جەربەزەیی و نەبەزیی بردوون. ڕۆمان و کەلەپوور بەچەشنێك لەچەشنەکان ئاوێتەی یەکترن و سرووش بەیەکتری ڕەوا دەبینن، و ئەم ئاوێتە بوونەش بەئاشکرا لەکاتی ڕابردووی کەلەپوورو لەکاتی ئێستا و داهاتووی ڕۆمان دا هەستی پێدەکەین. چ کەلەپوور، چ ڕۆمان لەسەرەتادا بەرهەمی بیروخەیاڵ و واقیع و زەیینی زاتێکن، دوواتر دەبنە ڕەمزو ناسنامەی نەتەوەو ئاوێنەی کۆمەڵگەکە.

کەلەپوور، وەك سامانێکی نەتەوەیی، توانیوویەتی شوێنەواری خۆی لەسەر مرۆڤەکان بەجێ بهێڵێت کاریان تێبکات، لەڕابردوو و ئێستاو داهاتووشدا لەبەرچاوی مرۆڤ بووە لەگەڵی ژیاون و لەگەڵیدا دەژین و بەردەوامیش بەستراوەتەوە بەکۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە. کات و شوێنە جیاوازەکان نەیانتوانیووە هێندە لەکاریگەریی کەم بکەنەوەو جێی پێلەقبکەن، ئەگەر هەربارێکی ئاواش ڕوویدابێت کاتیی بووە و کەلەپوور سەنگی خۆی

لەدەستنەداوە. بۆیە دەکرێت بڵێین : ( گەڕان و توێژینەوە دەربارەی کەلەپوور، چەندبیرکردنەوەو خوێندنەوەو لێکدانەوەیەکی ووردمان پێدەدات لە بارەی بایەخی مێژووی مرۆڤایەتییەوە. پاراستنی کەلەپوور کرۆکی ڕابردوومان بۆدەخاتە ڕوو. چونکە شتەکان خۆیان چیرۆکی خۆیان دەگێڕنەوە)(٣٩) حەز و تاسووقی مرۆڤ بۆ کەلەپوور، وەك پاڵنەرێکی خۆڕسکی لێهاتووە و وایلێکردووە بەبێ کەلەپوور هەڵنەکات و بەبەردەوامی لەگەڵیدا بەدرێژایی سەردەمەکان هاموشۆبکات، لەهەمانکاتدا کەلەپوور بۆتە هۆکارێك بۆمانەوەو زیندوویێتی نەتەوە و شمشێرێکی تیژە لەبەرامبەر هەڕەشەو هێرشی ئەوانیتردا، ڕێزگرتن و نرخ زانینی بەردەوام شکۆی تاك و کۆمەڵگەی لێدەکەوێتەوە. کەلەپوور، وەك زمان و کولتوور و بابەتە هەستیارەکانیتر تەنیا پێوەندییان بەکۆمەڵگەی مرۆڤەوە هەیە، ومرۆڤەکانیش هەروەك چۆن ڕۆژێك لەڕۆژان داهێنەرو بەکارهێنەری بووینە، دەبێت ئاواش ئەرکی پاراستنی لەئەستۆ بگرن و لە بەتاڵانبردن و نەمان بیپارێزن، بۆیە دەگەینە ئەو ڕاستییەی مادام وایە مرۆڤ میانەی لەگەڵ کەلەپووردا هێندە خۆش و بەهێزە، کەواتە کەلەپوور هەر گوزارشت نییە لەکاروچالاکی و کاری دەستی و دەسترەنگینی، بەڵکە پەیوەستیشە بەتوانای عەقڵی و زەینی مرۆڤەکانەوە لەسەردەمێکدا، و دەیسپێرێت بەسەردەم و نەوەیەکیتردا.

کەلەپوور، لەقۆناغە جیاجیاکانی مێژوو ڕەنگدانەوەی ژیانی مرۆڤایەتی بووە. ئەم بوارەی کۆمەڵگەی کوردی خاوەن بەهرەو تایبەتمەندی خۆی بووە، و لەهەمانکاتیشدا هەموو ژانرێکی ئەدەبی بەهەموو قوتابخانەو ڕێبازو ڕێچکەکانەوە توانیوویانە هەندێك لە تایبەتمەندی خۆیان بدۆزنەوە بەهۆی سوود وەرگرتنییان لە کەلەپووری نەتەوەییان. بۆیە دەکرێت بڵێین ( کەلەپوور مانای ڕابردوو یا شارستانێتی ناگەیێنێت، بەڵکو مانای بابەتێکی زیندووە کەپێکهاتووە لەشارەزایی و کارامەیی، و چەرمەسەری و تەنگوچەڵەمە ئەزموون بەشێوەیەکی درێژبوونەوەی بێداری بۆبزاوتی گفتوگۆی لەبن نەهاتووی مرۆڤایەتی لەنێو مێژوو و ڕابردوو و شارستانێتی )(٤٠). بەهەڵە دەچین کاتێك باسی کەلەپوور بکەین هەرخۆمان لەنێو گوتاری مێژوو و شارستانێتی ڕابردوودا بدۆزینەوە، گەر وابێت ڕابردووەکان هەنگاو بەهەنگاو واکاڵ دەبنەوە لەبیردەکرێن بەڵام بۆ کەلەپوورەکە هەر بەزیندوویی دەمێنێتەوە ڕۆژ لەدووای ڕۆژ دەبێتە مایەی بایەخ و گرنگیی نەتەوەکان، و شانازی پێدەکەن و ئەگەر کەلەپوورێك دەوڵەمەندو ڕەسەن بێت نازیش بەسەر ئەوانیترەوە دەکات. هەروەها ئەم کەلەپوورەی ئێستا ئێمە دەیبینین لای هەندێکمان وایە هی مردووانە، و مادامیش وایە هی مردووانە، واتە دەستی لێبشۆینەوە. بەپێچەوانەوە کەلەپوور خەسڵەتێکی زیندوویێتی تێدایەو لەزیندووانەوە بۆ زیندووان جێ دەمێنێت و بەرهەمی هزرو سووژەو دەسترەنگینی مرۆڤە زیندووەکانی دوێنێیە بەمرۆڤەکانی ئەمرۆیانەوە ڕاسپاردووە. بۆیە جێی خۆیەتی بڵێین کەلەپوور شارەزاییە و لە ئەنجامی بیرکردنەوەو ماندوو بوون خۆخەریکردن و لێووردبوونەوە هاتۆتە بەرهەم، و ئەگەر لەئاستێکی وادەبێت کە هەڵگری تایبەتمەندی و ڕەسەنێتی بێت هیچی کەمتر نییە لە هونەرو ئەدەب. یا گەر بڵێین کەلەپوور مانای چەرمەسەری و تەنگوچەڵەمەیەو مانای خۆشی و ڕاحەتییە، کەواتە کەرەستەیەکی بەهێزو فەرو کاریگەرە بۆ گوزارشتکردن لە ژیان بەخۆشی و ناخۆشییەکانی. یاخود وایدابنێین کەلەپوور بریتییە لە

ئەزموون. واتە پەیوەستە بە ئەزموونی یەکەبەیەکەی قۆناغەکانی ژیانی کۆمەڵگە و ئاوڕدانەوەیە لە هەورازو نشێوییەکانی نەتەوەو تاڵی و سوێری و شیرینییەکانی.

کەلەپوور، جیهانێکی فراوانە، بۆیە ئەدیبێکی هونەرمەندی دەوێت کە لێی هەڵبژێرێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بۆئەوەی ئاستی تەکنیکی و بابەتی دەقەکەی پێبەرزبکاتەوەو لەخزمەت دەقەکەی بیخاتە گەڕ، و بەووریایی و ئاگادارییەوە هەم لە کەلەپوورەکە بڕوانێت و هەمیش لەدەقەکەی خۆی. واتە نە کەلەپوورەکە بشێوێنێت و ناشیرینی بکات، و نەدەقەکەش لەنێو ئەو جیهانە فراوانەی کەلەپووردا بخنکێنێت ( کەلەپوور جیهانێکی فراوانەو سنورێکی دیاریکراوی نییە ڕۆماننووسی سەردەم کەلەپوورە میللییەکە وەك خۆی بۆمان ناهێنێتەوە، بەڵکو کەلەپوورەکە سەرلەنوێ دادەڕێژێتەوە کە لەگەڵ سەردەمەکەیدا بگونجێت، هەروەها ڕەهەندی تازەتری بۆ زیاد دەکات کە هێندەیتر بە زیندوویەتی پیشانی بدات )(٤١). ڕۆمان دەبێتە ئەوژانرە ئەدەبییەی کە زۆرترین دەرفەتی ئەوەی هەیە کە کار لەسەر بابەتێکی هەستیاری وەك کەلەپوور بکات، و لەسۆنگەی پانتایی و فراوانی و سەردەمی خۆیەوە بتوانێت لا لە بابەتە هەستیارەکان بکاتەوەو بەئاسانی لەخۆیدا هەڵیانبگرێت و جێگەیەکی شایستەیان بۆ فەراهەم بکات. ئەگەر شتێکی کەلەپووری لەپێشتردا یەك و دوو ڕەهەندی سادەو ساکاری هەبوو بێت ئەوا ڕۆماننووس کار لەسەر چەندین ڕەهەندی دوورترو قووڵتر دەکات. بەمەش شتە کەلەپوورییەکە لەچوارچێوە تەسکەکەی خۆیدا نامێنێتەوە، بەڵکو بابەت و مەغزای زۆرتری لێچاوەڕوان دەکرێت. ئەو بەشەی کە لەخودی کەلەپوورەکەدا سیس و وشك هەڵگەڕاون ڕۆماننووس بۆی هەیە بیانبڕێت و لەجێی ئەمانەدا گەشێتی و تەڕێتی پێیەوە بلکێنێت. بۆئەوەی هیچ بوارێك نەمێنێتەوە بۆئەوەی کە بڵێین کەلەپوور کۆن بووەو هەربۆیە دەبێت باروبارگەی بپێچرێتەوەو بۆیەکجارەکی بنێژرێت. بڵێین و نەڵێین کەلەپووریش بوارێکە وەك بوارەکانیتری ژیان دەبێت دەست و پەنجەمانی لەگەڵدا نەرم بکەین بە مەبەستی ئەوەی ئەویش ببێتە هەڵگری خەسڵەتی ژیاندنەوەو گۆڕان و نوێبوونەوە. بۆ ئەمەش ئەدەب باشترین سەکۆیە کە جاڕی ئەوەبدات چیتر کەلەپوور لەچوارچێوەیەکی تەسکدا نەمێنێتەوە، و پەڕاوێزنەخرێت و لە سووچێکی تاریکدا خۆیحەشارنەدات. بۆیە ئەرکی ئەدیبە، یاخود ڕۆماننووسێکی داهێنەرە، کە دەمامکەکەی کەلەپوور هەڵبپچڕێنێت کە کۆنە خوازەکان بەبەر کەلەپوورییاندا کردووەو کردوویانەتە شتێکی پیرۆزی ناشیرین و بێفەڕو کەم بایەخ و بێکەڵك. ( هەروەکو شێوەی کەلەپووری مێژوویی ئەوا دەمامکێکی ڕووتە، بۆ ماوەی ئێستای هەمیشەیی بۆ دەسەڵاتی دەمکوتکردنی مێژوو. ئێمە جارێکیتر دەگەڕێینەوە بۆ ئەو باوەڕەی لەئێستاوە بۆ ڕابردوو ڕاگوێزرێین)(٤٢). کۆمەڵە خەڵکێك هەن کەلەپوور بەپەرجوو تێدەگەن و پیرۆزییان دەکەن تا پلەی بێکەڵکبوون، و شتی وای بۆ هەڵدەبەستن کە مێژووەکەی بۆ سەردەمێکیتری زۆر زووتر بگەڕێتەوە، پێش سازاندنی شتە کەلەپوورییەکەش بۆیە بەهیچ شێوەیەکیش نابێت چاك و خراپی بەدیاربخرێت و هەڵسەنگاندنێکی زانستییانەشی بۆبکرێت.

بۆیە ئەرکی ئەدیبە بەبوێرییەوە پەردەو دەمامك لەڕووی هەر کەلەپوورێك ڕابماڵێت کە بۆتە مایەی پیرۆزکردن و هێشتنەوەی وەك کەرەستەیەکی ماوە بەسەرچوو و مردوو، کە تەنیا وەك هێمایەکی بێهێز خۆی

دەنوێنێت. چونکە لەدەقدا هەر مەزراندنی کەلەپوورەکە مەبەست نییە بەڵکو چۆنییەتی سوود وەرگرتن و ڕەنگدانەوەو بەخشینی مانا و مەغزای قووڵتر لەپاڵ مانا ڕوو کەشییەکەیدا.

## شیکردنەوەی دەقـــەکـــان

ڕۆماننووس، لەڕێی کارەکتەرێکی وەك "دایەزمینۆ" وە پەردە لەڕووی کەلەپوورێکی وەك جیازیی بووك و مارەیی زاوا هەڵدەماڵێت. جیازیی بووك خۆی لەتاخم و تەدارەك و کەلوپەلی ئەو کچە دەبینێتەوە، کاتێك شوو دەکات لەماڵی باوانییەوە دەیگوازێتەوە بۆماڵی هاوسەرەکەی. ئەم کەلوپەلانەش بریتیین لە دۆشەگ و بالیف و ڕایەخ و جلوبەرگ و باوڵ و خشڵ و... هتد. واتە ماڵێکی بچووك لەماڵی باوانییەوە ئامادە دەکات و دوواتر لەماڵی خۆیدا جێگیریدەکات. بەمەش کچەکە پەیامێك ئاڕاستەی پیاوەکەی دەکات، ئەویش ئەوەیە لەڕێی ئەم کەل و پەلانەوە ئەویش بەشداری بنیادنانی ئەو هێلانەیەی کردووە، کەبڕیاروایە کچەوکوڕە ئەو هێلانەیە ئاوەدان بکەنەوە. لەهەمانکاتدا ئەم جیازییە ڕێزێکە کە کۆمەڵگەی کوردی لەکچەکانی دەگرێت. ئەم جیازییەش لەلای کچەوە بەیادگارییەکی پیرۆز و جوانەوە سەیر دەکرێت و دەبێتە بەشێك لەیادو یادەوەری قۆناغێکی ژیانی. هەموو ئەمانە لەلایەن "دایەزمینۆ"ی کارەکتەری ڕۆمانی "تەنەکە" بۆکچان وەك دیاری و کۆمەك ئامادە دەکرێت و بەڕادان دەدرێت.

دایەزمینۆ، هەربەمەندەش ناوەستێت، بەڵکو ئامادەیە بۆکوڕانیش دیاری و کۆمەك ئامادە بکات و بەخۆڕایی "مارەیی" لەسەر ئەرك و ماڵ و دارایی خۆی بەکوڕان ببەخشێت.

ئاشکرایە ئەم مارەییەش خۆی لەخشڵ و زێڕو زیو و بڕێك پارە، یاخود چەند دیارییەکی گرانبەها دەبینێتەوە، کە لەلایەن کوڕانەوە بەکچان دەدرێت، وەك بەشێك لەپێداویستی و دابونەریتی پرۆسەی هاوسەرگیری.

**( داپیرە زەینۆ کوردبووایە، توورك بووایە هەرکەسێ بووایە، ئاتاژی یاریی و کۆمەگ بووایە یاریی دەدان و کۆمەگی دەکردن. جیازی بۆکچان بەڕادان دەدا، مارەیی بۆلاوی دەستکورت دەدا. هەرشەڕو ئاژاوەو قڕەیەك ڕووی بدایە ئەو دەیکوژاندەوە و ناوبژیی شەڕکەرانی دەکرد).**

(( تەنەکە، ل ٧٩ ))

شمشاڵ، وەك ئامێرێکی موزیکی هەوایی دەنگ ناسك و خۆش و خەمرەوێن، دێرۆکێکی دێرینی لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردەواری هەیە، و ڕۆڵی گرنگ و پڕ بایەخی بینیووە لەزیندووکردنەوەی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری نەتەوەییمان، چونکە ئامێرێکە لەگەڵ بابەتەکانی فۆلکلۆر پێوەندی هەیەو هێندەیتر وەجۆش و خرۆشییان دێنێت و کاریگەرییان زیاد دەکات، شمشاڵی شوانی کوردیش لەولاوە بوەستێت کە لەو دەشت و دەرو کێوانە دەنگدەداتەوەو سەرلەبەری سروشت دەخاتە ڕامان و لێووردبوونەوە، سەرەڕای ئەمانەش کاکە شوانەو ڕانەمەڕەکەی لەگەڵ ژەنینیدا مەست و حەیران دەبن.

**( خەلیلەپیر دەڵێ:**

**"هیچ وەکو ئەم خاکە نییە. تەلگرافی ناگاتێ. گوێی پێوەنێ ببیە، دەنگی وات دێتەگوێ هەر نەتبیسوون. دەنگی شمشاڵی شوانێکت دێتە گوێ. لەسەری دنیاوە دێ. لاوژەیەکت بەگوێ دەکەوێ نەگوتراوە لاوکێکی خۆش و بەسۆز، حەیرانێکی نێرگز بەکۆڵ. گوێی پێوەنێ زرمەی ناڵی ئەسپی وات دێتەگوێ دووڕۆژ لێرەوە**

**دوورن. هەموو پیاوێ دەنگی خاکی نایەتەگوێ. خاك گوێی دەوێ دوردوگ و بلوێرەکانم گوێیەکیان دەوێ وەك گوێی خەلیلەپیر کە هەرلە تاقی لاوێتییەوە زۆری گوێ بۆ خاك هەڵدەخست و بە سەعات گوێی لە دەنگی دەگرت ").**

(( کاریتە، یا ئەودیوی چیا، ل ٢٤))

ڕۆماننووس، ڕەشماڵی شوان و کۆچەرییان بەتەلارێکی ڕازاوەی ئەم سەردەمە دەچوێنێت. بەمەرجێك کەسانی ژێر ڕەشماڵەکە ڕێزو حورمەتی ئەم ڕەشماڵە بزانن و بەپاك و خاوێنی ڕایبگرن، و ئاوەدان و پڕ ڕایەخ و مافووربێت. ئێستاشی لەگەڵدابێت کۆچەرانی کورد ڕەشماڵ هەڵدەدەن و بە کۆشك و تەلاری ناگۆڕنەوە.

**(... لەناوەندی ئەم دەشتە پان و بەرینە سەوزەدا ڕەشماڵێکی حەوت کەپکان قوت بو و بووەوە. گەیشتنە ڕەشماڵەکە. ڕەشماڵەکە چ بەڕەشماڵی شوانان نەدەچوو. لەلایەك کیژی پۆشتەو پەرداخ، لە لایەك لاوی قۆز و قۆچاخ، ڕایەخ و مافوور لەهەزار ڕەنگ و نەخش و نیگار... ڕەشماڵ ڕەشماڵ نەبوو تەلارێکی ڕازاوەبوو بۆخۆی. کوێر ئۆغڵی کەچاوی بەم هەیت و هووت و تەنتەنەو سەنسەو شان و شکۆیە کەوت هێندەی دیکە لەوڕەفتاری لەگەڵ شوانەیدا کردبووی شەرمەزاربوو و لەخۆی تەریق بووەوە کوێر ئۆغڵی کە وەژوورکەوت زۆریان ڕێز لێ گرت. دەتگوت دەرەبەگێك بەمیوانی چووەتە ڕەشماڵەکە نەك مێردمنداڵێکی هەرزەکاری هەژدەساڵە).**

(( ئەفسانەی کوێر ئۆغڵی، ل ٨٥ ))

بێگومان کەلەپووری نەتەوەیی هەرشتێکی ساردوسڕو بێگایان نین، کە لەنەوەی ڕابردووەوە بۆنەوەی ئێستا مابنەوە، بەڵکو کەلەپوور پەیوەستە بەئاوەزو خەیاڵ و زیندوویتی و هونەرمەندێتی و دەستڕەنگینی هەموو تاکی ئەو نەتەوەو کۆمەڵگەوە. بۆیە ڕۆماننووس لەسۆنگەی "حوسۆی ئاسنگەر"ەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، پێیوایە پیشەو پیشەگەرایی کورد ڕۆڵێکی دیارو بەرچاو و کەم وێنەیان هەیە، لەبنیادنانی کەلەپووری نەتەوەیی چ لەڕووی چەندێتییەوە، و چ لەڕووی چۆنێتییەوە. هەروەها یەشار کەمال جەخت لەوە دەکاتەوە، ئەو پیشەو پیشەگەراییانە بوونەتە هۆکارێکی بەجێ و ڕێ بۆ پێشخستن و پێشکەوتنی بواری کشتوکاڵی و پیشەسازی بچووکی ئەوسەردەمە، و ئاسانکردن و ڕاییکردنی کارەکانی ڕۆژانەیان

**( مەحموودخان شەوێکی کەیفی سازبا لەپەنجەرەڕا تەماشای ئەو ئاورینگ و پریشکانەی دەکرد کە لەدەرگەی دووکانەکەی حوسۆوە دەرژایە نێو تاریکاییەوە. نەدەزانرا تەمەنی چەندە. لەدووکانەکەیدا لەگەڵ هەرپێنج کوڕەکانیدا شیری زۆرجوانی زێرکوتی تیژی قایمیان دروست دەکرد. حوسۆ لەوەتی خۆی ناسیبووەوە هەنگاوێکی نەبەرەو دەرکەی ماڵە پاشای و نە بۆماڵە ئاغاو بەگان هەڵنەهێنابووەوە. ڕەمەزان ڕۆژووی نەدەگرت، نوێژی نەدەکرد، قەتی دوعا نەدەکرد. هەندێ دەیانگوت ئاگر دەپەرستێ. هەندێ شەوان کوڕەی خۆی دەدەماند، دەدەماند، تا نێو دووکان و بەردەرکە پردەبوون لەپریشك و ئاورینگان، هەنگێ لەپێش ئاگری دەهاتە سەرچۆکان و دەستی لەئاگرەکە پان دەکردەوە).**

(( ئەفسانەی چیای ئاگری، ل ٦٧ ))

ڕۆماننووس، جەخت لەوەش دەکاتەوە پیشە و پیشە گەرایی بەتایبەت ئەوانەی دەستڕەنگینییەکی زۆریان دەوێت، و لەدووا ڕۆژدا دەبن بە کەلەپووری ئەو نەتەوەیە، لە ڕۆژگارەکانی دوێنێشدا بوون بە سەرچاوەیەکی بژێوی بۆ خاوەنەکانیان. لەهەمانکاتدا ئەو دەستڕەنگین و هونەرمەندانە بەهۆی بڕوای پۆلاینییان بەخۆیان و دەست و مەچەکییان، هەرگیز دەستییان لە ئەم و ئەو پان نەکردۆتەوە و بە سەربەرزی ئارەقەی نێوچەوانییان ژیاون.

زێڕو زیوو مۆری و مەرجان، بریتیین لەو کەرەستە جوانکارییانەی کە ئافرەتان خۆیان پێدەڕازێننەوە. ڕۆماننووسیش ئەمانە بەکەزییەکانی ئافرەتی کوردەوە هەڵدەواسێت و لەگەڵ چلکەزییدا جوانییەکی بێوێنە بە ئافرەتەکە دەبەخشن

**( ێش خۆرهەڵاتن زوو حەسەن لەخەو هەستا، تفەنگەکەی هەڵگرت.. دایکی نووستبوو بەسەرسەرینەکەیدا قژی پەخش بووبوو، قژی درێژو چل کەزی بوو دایکی، زێڕو زیوو مەرجانی بەکەزیەکانیا دەکرد،. ..)**

(( مارەکەیان بکوشتایە، ل ٣٨))

ڕۆماننووس کەلەپوورەکە بەسەر دووڕەگەزەکەدا دابەش دەکات، ڕەگەزی نێرینە تفەنگەکە بەهی خۆی دەزانێت، و ڕەگەزی مێینەش زێڕو زیوو مەرجان بەهی خۆی دەزانێت.

ڕۆماننووس، جوانی و ڕازاوەیی کەلەپووری کوردیمان پێپیشان دەدات لەڕێی گڵێمێکی بەدەستچنراوەوە، جوانییەکەشی لەئاستێك دایە، تەنیا تیشکی ڕۆژ دەتوانێت قەدری بزانێت و نەخش و نیگارەکانی بەدیاربخات و پیشانییانی بدات.

**(... من ئائەو.. گڵێمەکە نییە.. گڵێمەکە.. بەبۆنەی ئەو گڵێمەوە دایکم هەردوو پێی لە فەقەرە نام و لەبەیانییەوە تاکو ئێوارە هەڵیواسیم.. گڵێم... گڵێم ئەمما گڵێم... لە بەیانییەوە تا ئێوارە هەر تەماشای نەخش و نیگاریم دەکرد.. نەخش نەبوو نەبوو، گیان بە بەریا کرابوو، کە بەدیواردا هەڵماندەواسی و تیشکی ڕۆژ لە پەنجەرەکەوە دەکەوتە سەری و جارنەجارێ بادەیشەکاندەوە، وات دەزانی نەخشەکانی دەفڕن.. ئائەو گڵێمە.. )**

(( باڵندەکانیش کۆچیان کرد، ل ٣٠ ))

مەنجەڵی ڕەش هەڵگەڕاوی کوردەواری، دەبێتە کەرەستەیەکی کەلەپووری کە سەرنجی ڕۆماننووسی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە.

**( ئافرەتەکە، قازانێکی بەهیس ڕەش هەڵگەڕاوی ئاگر دەدا، منداڵە ڕووتەکانیشی دەورەی ئاگرەکەیان داوە دابوو، چاویان لە قازانی سەر ئاگرەکە بڕیبوو..)**

(( گەمییەکەی نووح، ل ٤٩ ))

سەرەڕای ئەو قازانە بە هیس ڕەش هەڵگەڕاوە کە ئامرازی چێشت لێنانە هیزەی ڕۆنیش دێتە گۆڕێ.

**(... لە ساڵان و ڕۆژان میوانێکمان دێ، ئەویش پڵاوی بێ ڕوونی دەرخوارد بدەین ؟، خۆ کا بە کەچ نابێ ئەمڕۆ ڕۆن نەکەمە هیزەوە ؟ )**

(( گەمییەکەی نووح، ل ٤٩ ))

هیزە، دەبێتە ئەو دەفرە کەلەپوورییەی کوردەواری کە ڕۆن و پەنیری تێدا هەڵدەگیرێت، و لەپێستەی ئاژەڵ دروست دەکرێت. ئەوشتانەی کە لەشارەکاندا کە لە ئەنتیکەخانە دانراون و بە کەلەپوور پیشان دەدرێن، کەچی لە لادێیەکان لەژیانی واقیعی ئێستادا بوونییان هەیە.

شمشێرو خەنجەرو زەرگ، مێژووییەکی دێرینی تەکیەو خانەقایەکانی نەك میللەتی کورد پێکدێنن، بەڵکو زۆربەی میللەتانی موسوڵمان کە تەریقەتی هەمەجۆرییان تێدا بڵاوە پێکدێنن واتە ئەم کەرەستانە زیاتر لەپێشینەیەکی ئایینییان هەیە نەك لەپێشینەیەکی نەتەوەیی.

**( کاتێ هەستاین، ئەویستە چاوم لەو شیشانەبڕی کە بەتەنیشت دەروێش نوورییەوە دانرابوون، وام زانی یەکێ لەو شیشانە لەپەراسووەمدایە، ترسێکی بێ ئەمان چووە دڵمەوە ناخمی هەژاند.. شیشەکان دوو بەقەد باڵای من دەبوون ).**

(( گەمییەکەی نووح، ل ٨٢ ))

شمشێرو خەنجەرو زەرگ وەك کەرەستەیەکی کەلەپووری ئایینی نەتەوەیی بەشێکی گرنگی ئەنتیکەخانەو مۆزەخانەکانی کوردستان پێکدێنن. لەهەمانکاتدا بەرهەمی بیرو دەستڕەنگینی مرۆڤی کورد پیشان دەدەن لەهەمبەر سازاندنییان. ڕۆماننووسیش، سەرسامی خۆی لەهەمبەر ئەم کەرەستانە دەربڕیووە، ئەوترسەشی نەشاردۆتەوە کەخەڵکی لەکاتی تەماشاکردنی کۆڕی دەروێش و سۆزکردنییان دووچاری دەبێتەوە و موچڕکی بەلەشییدا دێت.

ئاش و بەرداش، جۆرە کەلەپوورو هۆو ئامرازێکن پەیوەستن بەسەرتاپای مرۆڤایەتی، و کۆمەڵگەی کوردیش، وەك هەر کۆمەڵگەیەکیتر توانیوویەتی لەم ڕێیەوە بەهۆی دانەوێڵە بەتایبەتی گەنم، ئاردی پێویستی خۆی لێدەردەست بکات، و بیکاتە نان و کولێرە و خۆی بپارێزێت لەبرسییەتی و گرانی و قات و قڕی ئاش و بەرداشیش لەزۆر پەندو قسەی نەستەقی کوردیدا ڕەنگیداوەتەوە.

**( پۆیراز موسا یەکڕاست بۆ لای ئاشێك چوو کە کەوتبووە سەر گردۆڵەیەك. پەڕەکانی ئاش ئارام ئارام دەخولانەوە. دەرکەی ئاش کراوەبوو، بەکەمێك نیگەرانییەوە پێینایە ژوورەوە. دەنکە گەنم بەسەر بەرداشێکدا کە هەڵقەیەکی ئاسنی گەورەو قورس و ئەستووری بەدەوردا ئاڵێنرابوو هەڵڕژابوون، بە بڵندایی بستێك بەتەختە ڕۆخیان بۆ بەرداشەکە دروستکردبوو و لەتەنیشتیەوە تەغارێکی ئارد دانرابوو. ئەو ئاردەی دەبێژرا بەبێلۆکەیەکی درێژووکە ڕۆدەکرایە نێو تەغارەکە ...**

**لەدووڕەوەڕا لەگەڵ خوڕەی ئاو، بۆنی دڵگیری ئارد دەهات. ئەوکاتەیش کە بەرداشەکەیدەبینی، دەنگی ئاش و خوڕەی ئاو لەگوێیەکانی دەزرنگایەوە..)**

(( بروانە فورات خوێناویە، ل ١١ )).

یەشار کەمال، زێڕو خشڵی ئافرەتانی کورد وەك کەلەپوورێك سەیردەکات، و ئەم کەلەپوورەش لەلایەن خودی ڕۆماننووس ڕەهەندی ماددی و مەعنەوی هەیە.

بۆیە سەربازو جەندرمەکان دەیانەوێت لەڕێی ئەم زێڕو خشڵانەی ئافرەتی کورد، دەوڵەمەند بن و پارەو پوولیان چنگ بکەوێت، و هەمیشە بەلێسەندنییان لە ورەی تاکی کورد کەم بکەنەوەو سوکایەتییان پێبکەن و دایانماڵن لە کەلەپووری نەتەوەییان.

**(هەندێك لەسەربازەکان دەوڵەمەندبوون، لە هەمتەقای ڕزگارکردنی کوردێك لیرەیەکی وەرگرت. سەربازەکان جانتاکانیان پڕبوو لەپارەو زێڕ، گوارە...ماڵمان ڕووخاندو سووتاند، ئابلۆقەمان دەدان و قڕیانمان دەکرد، ڕەچەڵەکی کوردەکانمان دەرهێنا... )**

(( دەریا تورا، ل ١٠٤)).

# ئەدەبیاتی فۆلکلۆر وەك بەشێك لە ناسنامەی نەتەوەیی

فۆلکلۆر، وەك سامانێکی پڕبایەخی نەتەوایەتی بۆتە سەرچاوەیەکی ڕەسەنی بەرهەمە ئەدەبییە نووسراوەکان، دوواتر ئەو بەرهەمە ئەدەبییانە بەهۆی داهێنان، شاکاری ئەدەبی لێکەوتۆتەوە.

خەسڵەتی سەرەکی ئەم سامانە نەتەوەییەش ئەوەیە، کەم یان زۆر هەموو میللەتانی جیهان پشکییان تێدا هەیە توانیوویانە لەڕێی فۆلکلۆر ەوە مۆرکی نەتەوەیی و شارستانێتی خۆیان بپارێزن، و هەمیشەش وایکردووە دابڕان لێکترازانێکی ئەوتۆ بەرچاومان نەکەوێت لە بیروهەست و نەستی مرۆڤەکان لەسەردەمێکەوە بۆسەردەمێکی تر. واتە گرنگی بەشێك لە فۆلکلۆر لەوەدایە، کە زیندویی و بەردەوامی بەژیان داوەو هەرگیز ڕووی لەژیان و مرۆڤەکان هەڵنەسوڕاندووە.ئەوەی مایەی خۆشحاڵییە ڕەگی قووڵی فۆلکلۆر ڕۆچووە بەنێو ووردو درشتی ژانرە ئەدەبییەکاندا ئەمەش لەمەوەتینی وەرگرتووە فۆلکلۆر بۆخۆی خۆرێکی ئاوانەبووە تیشك و ڕووناکی بەر هەربەرهەمێکی ئەدەبی بکەوێت هێندەی تر دەیدرەوشێنێتەوە و جوانتری دەکات و ڕەسەنایەتی دەپارێزێت. قەیناکە با بەرهەمەکەش لەسەردەمی تەکنەلۆژیاو بەجیهانبوون، و بوونی دنیا بەگوندێکی گەورە نووسرابێت ! کەواتە نابێتە زێدەبێژی گەر بڵێین ژانرە ئەدەبییەکان بەهەموویانەوە، لەمنداڵدانی فۆلکلۆرەوە هاتوونەتەدەرو ئینجا هەریەکەیان وەك ژانرێکی سەربەخۆ گەشەیانکردووە.

کە دەشڵێین ژانری سەربەخۆن ولەناو بازنەی ئەدەبدان، بوونی ئەم فرەچەشنی ئەدەبییەش بەستراوەتەوە بەخودی فۆلکلۆرەوە،چونکە دنیای فۆلکلۆر ڕەنگین و سەنگینە پڕییەتی لەبابەت وە جۆروچەشنی سەربەخۆ، ئەمەش بۆتەئەوەی کەدنیایەك خاڵی هاوبەش و پێوەندی لێکنەپچڕاو کەنێوان فۆلکلۆرو ژانرە ئەدەبییەکان بوونی هەبێت. ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە و هەرگیز نکۆڵی لێناکرێت. بۆمان هەیە بزانین بیروبۆچوون و تێگەیشتنی یەشار کەمال لەمەڕ فۆلکلۆر چییەو چۆن و بەچ چاوێك لێیدەڕوانێت ( من بەشتێ دەزانم دەژی. من فۆلکلۆر بەکۆمەڵێ هۆی مردوو نابینم. فۆلکلۆرەوانی ڕاستەقانی ئەمە زۆرچاك دەزانێ. لەهەمووسەردەمێکدا هونەرمەند چاکیان لەناو خەڵکدا هەڵدەکەوێ. گەل لەسەرداهێنانی شتی خۆی بەردەوامە وهەربەردەوامیش دەبێ. بڕوام بەمەیش هەیە. فۆلکلۆرەوانەکان بۆیان شایەتی ئەدەن. گەلان لەهەموو چەرخێکدا، لەهەمووشوێنێ هەرگیز لەداهێنان ناکەون، بەڵام مەرجێ لەڕەسەنایەتیی خۆیان دا نەشۆرێن )(٤٣) ئەمە خوێندنەوەو لێکدانەوەی یەشار کەمالە بۆ فۆلکلۆر، کەپێیوایە فۆلکلۆر بۆهەمیشەیی بەگیانێکی تەواو زیندووەوە بوونی هەبووە و هەردەبێت و دەمێنێتەوە با ڕۆژگار و سەردەمەکانیش تێپەڕبن. ئەمە دیوێکییان، دیوەکەی تریان ئەوەیە خودی فۆلکلۆر سەرچاوەی داهێنانی زۆرێك لەبەرهەمە ئەدەبییەکانە، و لەپاڵ ئەمەشدا ڕەسەنایەتیی و شوناسییان بەدیاردەخەن. ئەمەش دەوەستێتەسەر توانست و هونەرمەندێتی و توانای نووسەر یان ڕۆماننووسەکە، کەچۆن بابەتێکی فۆلکلۆری وەك هەڵێکی زێڕین بقۆزێتەوە، وبەرهەمێکی شایستەو دەگمەن پێشکەش بکات، و بیخاتە بەر دیدو ڕەخنەی خوێنەر و لێکۆڵەرەوان بڕواوتێگەیشتنی نووسەر و ڕۆماننووسان لەبارەی سامانی نەتەوەیی فۆلکلۆرەوە، دەتوانین دابەشی دوو دەستە بکەین. دەستەیەك پێیوایە دەبێت بە چاوێکی ڕێزەوە سەیربکرێت وئاوڕی جدییانەی

لێبدرێتەوە، بۆئەوەی ڕۆڵی هەبێت لەچەندوچۆنی بەرهەمێکی هونەری وەك چیرۆك یان ڕۆمان یاخود هەرژانرێکی تر.دەستەیەکی تر بەچاوێکی کەم بایەخ و سووکەوە لە فۆڵکلۆرەوە دەڕوانن لایانوایە بارگرانییەکە بەسەر ئەدەبەوە. بەڵام ئەمە دەبێت وابێت و یان ئەوانە گەیشتبنە ئاستێکی مەعریفی کە بەم چەشنە لە فۆڵکلۆر بڕوانن، و بەتەواوەتی ڕەتیکەنەوە. بێگومان نەخێر ئەوانە لەبێئاکامی و کەمتوانستی مەعریفییانە ئەم جۆرە بڕیارە دەدەن و پێداگریشی لەسەر دەکەن. چونکە ئاشکرایە مەزراندنی فۆڵکلۆر لە ژانرەکانی ئەدەبییدا، سوودێکی زۆری بۆیان دەبێت، و سوودەکەشی دوولایەنەیە. واتە هەم دەتوانێت ئاستی هونەری یان ڕووخساری دەقەکە بەرەو هەڵکشان بەرێت. هەمیش دەتوانێت ناوەڕۆکێکی پتەوو خۆماڵی نیشانبدات (یانی چی؟ یەکجار بەچاوی سووکی دەنۆڕییە فۆڵکلۆر. سەرلەبەری هونەرمەندە گەورەکانی دنیا تەلاری هونەرییان لەسەر فۆڵکلۆر هەڵازنیوە. فۆڵکلۆر هیی هونەری هەموو هونەرمەندانی سەردنیایە. بەستراون و لاوژەتەوە، بەداستانتەوە، بەچیرۆك مەتەڵتەوە)(٤٤). شاعیر و ڕۆماننووس و هونەرمەندانن دەتوانن لەکانیاوی قووڵی فۆڵکلۆرەوە، خۆیان و بەرهەمەکانیان لەم ئاوە پاك و بێگەردە تێربخۆنەوە، بێئەوەی لێی کەم بکات و ئاوەکەی لێڵ بکەن. بەڵام ئەوانیتر ئەگەر لەم کانییەی فۆڵکلۆر ئاوبخۆنەوە یان نەخۆنەوە، ئەوا بڕیاریانداوە بەردی تێفڕێدەن و سەرچاوەکەشی لێڵ و پیس بکەن. بەڵام کورد گووتەنی ئاو بەدەمی هین پیس نابێت.

فۆڵکلۆری کوردی بەهەموو بەشەکانی یاخود بابەتەکانییەوە خۆشبەختانە خاوەن سامانێکی بەبڕشت و فەڕدارە، ومێرگێکی فراوان و ئاوەدانە. لەو میللەتانەیە کە پێشەنگن لەم بوارەداو بەردەوام پێیدەناسرێتەوە. بەڵێ (گومان لەوەدانەماوە کە نەتەوەی کورد لە فۆڵکلۆردا یەکێکە لە نەتەوە هەرە دەوڵەمەندەکانی جیهان، هۆی ئەمەش تەنیا ئەوەنییە کە ئەدەبییاتی نووسراو نەختێك درەنگ لەناو کورددایەیدابووبێت. بگرە ژیانی تایبەتیی گەلی کوردو وێنەی جیاواز و گۆڕانی زووبەزوو لەم وێنانەدا، بوونەتەهۆی ئەم دەوڵەمەندییە)(٤٥) واتە بەدەر لە کاریگەرییە بابەتییەکان، فۆڵکلۆر بەهەموو بەشە جیاوازییەکانییەوە بۆتە پێداویستییەکی بەبایەخ بۆ ژیانی کورد و هەرگیز بەبێ فۆڵکلۆر هەڵینەکردووە، ولەگەڵ دەمار و خوێنی تاکی کورد دا ئاوێتە بووە.

بۆیە لە ئاوێنەی فۆڵکلۆرەکەیەوە، هەموو بوارەکانی ژیان و ژیارو ژانی کورد دەبینێت و بەئاسانی بەرجەستەیان دەکەین، و سەرەڕای ئەمانەش فۆڵکلۆری کوردی لەتەك کەشە ئەدەبییەکەی، فرەئەرك و پڕلەکاربووە. فۆڵکلۆر بەمانای نووسینەوەی مێژووە، بەمانای پێوەندی کۆمەڵایەتی، بە مانای زمان، بەمانای بیرکردنەوەو کەلتوور، بەمانای کشتوکاڵ، بەمانای گەردووونناسی، بەمانای ڕامیاریکردن، بە مانای سروشتناسی، بەمانای خوداناسی،... هتد.ئەمانەو بوارو بابەت گەلیتر لە فۆڵکلۆر، نەتەوایەتییە ڕەسەنەکەی کوردەوە دەتکێت، و دەتوانین پێیانئاشنابین و میانەیان لەگەڵ ببەستین.

دەشێت ئاماژە بەئەمەش بکەین، ڕاستە هەندێك بابەت و دیاردەوشت لە فۆڵکلۆری کوردیدا، لەگەڵ دۆخ و گیانی ئەم سەردەمە ناگونجێن وباویان نەماوەو فەرامۆشکراون، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەجوانییان لەدەستدابێت و ئەفسوونەکەیان فالاکرابێتەوە. بەڵکو هێندە دانالییان تێدا ماوە شتی لێهەڵێنجێنین و بیانکەین بەکەرستە بۆداڕشتن و سازاندن .

ڕۆماننووس لەڕێی دەقەکەیەوە، هەر ناواخن و بابەتی فۆلکلۆری زیندوو ناکاتەوە، بەڵکو کارەکتەرەکانی بەیت و حەیران و لاوك و داستان و... هتد زیندوو دەکاتەوەو دەیانخاتەوە بەرچاو، بەڵام بەشێوەو بەرگێکیتر کە هەم لەگەڵ دەقەکە فۆلکلۆرییەکەو هەمیش لەگەڵ دەقێکی وەکو ڕۆمان بگونجێت.

( دەشێت ڕۆماننووس ناوونازناوی کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکەی هەمان ناوونازناوی ئەو کارەکتەرانەبن، کە لەئەدەبی فۆلکلۆری و بابەتەکانی ڕۆڵی سەرەکییان بینیووە)(٤٦). واتە ڕۆماننووس لەڕێی دەقەکەیەوە ناوی کەسایەتی و کارەکتەرەکانی ئەوەی ڕابردوو بە نەوەیەکیتر دەسپێرێت. جا ئەو کەسایەتی و کارەکتەرانە پێوەندییان بەجیهانی واقیعی نەتەوەکەوە هەبێت، یاخود لە خەیاڵدانی نەتەوەوە ڕسکاون. چونکە هەر سازاندنی کارەکتەر ئەرکی ڕۆماننووس نییە و بەڵکو ناو و نازناوەکانی کارەکتەر ئەرکێکیتری قورسی ڕۆماننووسە، و ناوونازناوەکانی کارەکتەر ڕێك دەبێت پێوەندییان بەڕووداوو شوێنکات و ژینگەو بارودۆخەکانەوە هەبێت بۆئەوەی لەگەڵ ناسنامەی کارەکتەرەکەدا بێنەوەو لەدەقدا پانتاییەك داگیربکەن و لەبیرو سۆژەی خوێنەریشدا بمێننەوە. بۆئەمەش کەسایەتی و کارەکتەرەکانی فۆلکلۆرو بابەتەکانی کەرەسەیەکی تەواو لەبارن بۆ ڕۆماننووس کە سوودیان لێوەربگرێت و شت و بابەتی تازەترییان لێهەڵبهێنجێنێت. و ئەگەر ناوونازناوەکانی ئەدەبی فۆلکلۆریش سادەو ساکارو تاکڕەهەندبن، ئەوا لەتوانای ڕۆماننووسێکی سەرکەوتوودایە، بیانکات بەکەسایەتی و کارەکتەری فرەڕەهەندو هەمە چەشن کە مۆرکی سەردەمییان تێدا ببینرێت.

خاڵێکیتر پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ناوونازناوی کەسایەتی و کارەکتەرەکانی بواری فۆلکلۆر جۆرە نازناوێکن هەڵگری تایبەتمەندی ڕوونکردنەوەین. بەمانایەکیتر پێش ئەوەی خوێنەر دەقەکە بخوێنێتەوە ئاشنایەتی لەگەڵ ئەم ناوو نازناوانەدا هەیە و بەهیچ شێوەیەك نامۆنییە پێیان، و کەم تا زۆر زانیاری لەبارەییانەوە دەزانێت. واتە دەکرێت بڵێین ناوونازناوەکانی کەسایەتی و کارەکتەرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری پێچەوانەی ناوونازناوی کارەکتەرانەیە کە ڕۆماننووس بۆخۆی دایهێناون، و بۆئەوەی خوێنەر زیاتر پێیان ئاشنا بێت، پێویستە هێڵە ووردو درشتەکانی دەق بخوێنێتەوەو ئینجا لە ڕازونهێنییان بگات.

فۆلکلۆر پردێکە ئەوبەری ڕابردوو بە ئەوبەری ئێستا دەبەستێتەوە، و یاخود بەستنەوەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و دەروونی و هزری و خەیاڵی و سیاسی و نەتەوەیی سەردەمی ڕابردووە، بەهەلومەرجەکانی ئێستا بۆیە جێی خۆیەتی بڵێین ( فۆلکلۆر، دەنگدانەوەیە بۆ ڕابردوو نووسراوە )(٤٧) مەبەستمان لێرەدا ئەوە نییە بڵێین فۆلکلۆر سێبەری سەردەمی ڕابردووە، یاخود خودی فۆلکلۆر ڕابردووە و هیچ شتێکیتری لێچاوەڕوان ناکرێت. بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە لەڕێی فۆلکلۆرەوە لەو ڕابردووە بگەین و لەگەڵ سەردەمی ئێستادا بەراووردی پێبکەین و بیگونجێنین. لەهەمانکاتدا ئەو چێژەی کە ئەدەبی فۆلکلۆر لەسەردەمی ڕابردوودا هەیبووە دەتوانین بیگوازینەوە بۆ سەردەمی ئێستا، چونکە مەحاڵە ڕابردوو لەلایەن تاك و کۆمەڵگەوە لەبیر بکرێت و لەیادەوەری خۆیانی بەرنەوە. ڕابردوو لای ئەوان مانای چێژوخۆشی و یادەوەری و خەون و خەیاڵ و هەستکردنە بەخود لەهەمبەر ئەوانیتردا، و شتێکی خۆڕسکەوە نەسازێنراوەو نە داتاشێنراوە. ئەدەبی نوسراوی سەردەمی ئێستاش، قەرزباری هەرە گەورەی ئەدەبی فۆلکلۆری سەردەمی ڕابردووەو درێژەپێدەرو درێژکراوەیەتی و هەنگاوەکان لێرەدا

دەستپێکردووەو قۆناغە جیاجیاکانییان بڕیوە. واتە ئەدەبی فۆلکلۆری دایکەو ئەدەبی نووسراویش لەدایکبوویەتی، و بۆنموونە ئەو کارەکتەرو شوێنکات و ڕووداوو گێڕانەوەو گفتوگۆو دیمەن و وەسپانەی لەداستانێکی فۆلکلۆری بەدیدەکەین هەمان شت کە لەچیرۆك و ڕۆمانێك بەدیدەکەین توخم و بیرۆکەو بابەتەکان لە ئەدەبی فۆلکلۆردا ڕەسەنن، و گواستراونەتەوە بۆ ئەدەبی نووسراو. بەڵام هەرهێندە هەیە کەم تا زۆر گۆڕانییان بەسەردا هاتووە، و ئەمەش پەیوەستە بە کۆی گۆڕانکارییەکان کە بەسەر تاك و کۆمەڵگەو ژیانییاندا هاتووە.

فۆلکلۆر، ئەدەبیاتێکە سروشتێکی جیهانی هەیە، و تایبەت نییە بە ناوچەو هەرێم و کیشوەرێکی دیاریکراوە. ئەمەش گوزارشتە لە سادەوساکاری و لەدڵا شیرینی فۆلکلۆرو ڕەنگدانەوەی خەم و خۆشییەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، ئەوکاتەی کە مرۆڤەکان لێوانلێون لە تایبەتمەندی مرۆڤایەتی، و وەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆ کە بەشێك لەمرۆڤەکان داماڵراون لە خەسڵەت و تایبەتمەندێتی مرۆڤایەتییان و لەهۆو ئامراز دەچن واتە ( فۆلکلۆر ئەدەبێکی جیهانییە، بەسەر ئەو گەلانەش بڕاوە کە کۆڵەوارن، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە هەرگیز گەلانی چاوکراوە هیچی لێنازانن و نایناسن )(٤٨) دەکەوینە هەڵەیەکی زۆر کوشندەوە ئەگەر خاوەندارێتی فۆلکلۆر تەنیا ببەستینەوە بەگەلانی نەخوێندەوارو نووستوو و کۆڵەوار. لەڕێی ئەمەشەوە بەچاوێکی سووك و کەم بایەخەوە لێیبڕوانین و خوێندنەوەی بۆ بکەین. لەبەر ئەوەی ئەوا گەلانی خوێندەوارو شارەزاو چاوکراوەن لە نرخ و بەهای دەزانن، و بەچاوێکی ڕێزو قەدرگرانەوە لێیدەڕوانن. ئەم نرخ و بەهادانانەش بۆ فۆلکلۆر وایکردووە ببێتە مۆرکی نەتەوەو گەلە جیاوازەکان، و هەریەکەیان بە چەشنێك لە چەشنەکان گوزارشتی لێبکەن و لەو سۆنگەیەوە ڕابردووە پڕ شکۆو سەروەرییان بە نەمریی ڕابگرن، و ڕەگی ناسنامەی بوونییان لەڕابردوودا، لە زەمینەی ئێستاو داهاتوودا بەچاکی دابکوتن بێگومان گەلانی نەخوێندەوارو کۆڵەوار، ئەگەر لە گرنگی و بایەخی فۆلکلۆرییان بزانییایە ئەوا مەحاڵبوو نەخۆشییەکی کوشندەی وەك نەخوێندەواری و کۆڵەواری هێرشی بکردبانە سەرو بەئاسانی دەستەمۆو دیلی کردبان، و بەچەشنێکی وا کە نەڕوانن و چاکەو خراپەی خۆیان لە یەکتری جیا بکەنەوە. چونکە خودی فۆلکلۆر و بابەتەکانی تژییە لەپەندو ئامۆژگاری و دەرزوەرگرتن و ڕەخساندنی هەلی گونجاو بۆئەوەی هەم تاك و هەم کۆمەڵگە خۆیانی لەسەر بنیاتبنێن.

## شیکردنەوەی دەقـــەکـــان

ڕۆماننووس، لەڕێی پەندێکی کوردییەوە کۆتایی بەو لەخۆباییبوون و زۆر لەخۆ خەفتن و سەرکێشییانەی کارەکتەرێك دێنێت کە "شاعەلی" ناوە. چونکە درکی بەوە کردووە وشەو ڕستەکان بەسنین بۆ وەسفی ئەم کارەکتەرە بۆیە لەڕێی ئەم پەندە کوردییەوە وەسپەکە کلۆم دەدات و کۆتایی پێدێنێت

**( شا عەلی کەڵەگەتێکی گەنم ڕەنگە، سمێڵێکی زەردی درێژی پێوەیە. ئەم شا عەلییە هەموو بەیانییەك، بەڕۆنی بادەم سمێڵی چەور دەکات، چەوری دەکات و قیت بای دەدات، کەدەستی پیادەهێنێ، دەبریسکێتەوە... جاران سمێڵی لە خەنە دەگرت، وا دووساڵە ئەو خووەی جارانی وازلێهێناوە، کە جاران لە خانەی دەگرت سوور دەبپروانی. هەر لەو کاتانەشدا دەمانچەی بەپشتێنە سوورەکەیدا دەکرد پۆلیس نەبوو بتوانێ بڵێ کوڕە ئەمە چییە ؟ کەس هەقی بەسەر ئەوەوە نەبوو، بزن خوا غەزەبی لێ بگرێ نانی شوانی دەخوات ).**

ڕۆماننووس لەزاری پیرەمێردێکەوە سەرگوزشتەیەك دەگێڕێتەوە، کە لەپێشتردا ڕوویداوە لەنێوان دوو عاشقی ئەم وڵاتە دا، کە لەکۆتاییدا عەشقەکە بە مەرگ و مەرگەسات کۆتایی پێهاتووە. ناکامی ئەم عەشقەش وایکردووە سروشت تووڕەبێت، و لەڕێی گاشەبەردێکەوە تووڕەبوونی خۆی دەربڕێت بۆ ئاواییەکە.

**( ئەم سەرگوزشتەیەی پیرەمێردەکە گێڕایەوە، بووەو قەوماوە..!**

**ئەوەی لەم بنارەدا دەژی ئەم باس و خواسە دەزانێ و ئاگای لێیە !.. بەو تاشە بەردە گەورەیەی ئاگری لەشەوێکدا سەد خانووی ئاوایی بەمرۆڤ و ئاژەڵییەوە نوقمی زەوی بوون، ئێستە شوێنەواری ئەو ئاواییە، گردێکی ڕەقەن و ڕووتە.)**

(( گەمییەکەی نووح، ل ٨))

مادام وایە پاڵەوانی ئەم سەرگوزشتەیە دڵدارە، بەیەکتر نەگەیشتوون بۆیە ئاواییەکەش کوێربۆتەوەو هیچ تروسکاییەکی ژیانی تێدا بەدیناکرێت.

ڕۆماننووس، بۆزیاتر ناساندنی چیای ئاگری و دەرخستنی لەڕووی دەوڵەمەندیی فۆلکلۆرەوە، پەنا دەباتە بەر بەسەرهات و حیکایەتێکی ترەوە

**( شوانەم شوانە، ڕووی لەئاگری کرد.. ڕۆژێ، دووان، هەرڕێیکرد، بێ وەستان هەر دەڕوات، لەشوێنێکدا خەوبرد بوویەوە.. خەونی بینیبوو، لەخەویدا: دایکی یەخەی ڕاتەکاندبوو.. کوڕەبێ و بگەڕێوە.. گوێی پێنەدابوو.. ئاخرییەکەی خۆی گەیاندبووە ترۆپکی ئاگری، لەو بانەوە تێر تەماشای دنیای کردبوو، هەورەکان خۆیان لەپێی دەسوو، لەم کاتەدا بۆیەکەمجار ترس دایدەگرێت، تا هێزی تێدابوو بۆدوواوە پێی لێهەڵگرتبوو.. بەڵام ئاگری گرتبووی، بەری نەدابوو، شوانە ناچار گەڕابووەوە، کش و مات لەسەر تاوێرێك دانیشتبوو..)**

(( گەمییەکەی نووح، ل ١٤))

ڕۆماننووس لەڕێی بەسەرهات و حیکایەتە فۆلکلۆرییەکانەوە هێندەیتر سەرسووڕمان و تامەزرۆیی بۆ چیای ئاگری دەردەبڕێت، و پێیوایە خەیاڵ و هێزی بەسەرهات و حیکایەتەکانیش ئەوەندە بڕناکات بۆئەوەی لە ترۆپکی

ئاگری بمێنێتەوە، ئەمەش سەختیی و بەرخودانی ئەم چیاسەرکەشەی کوردستان دەنوێنێت کە بۆ هەمیشە بوونەتە پاڵپشت بۆمانەوەی کورد.

یەشار کەمال، حیکایەتێکی میللی مەزراندووە و ئەم حەکایەتە سەرتاپای ئەنادۆڵی تەنیووەتەوە پێدەچێت هاوبەش بێت لەنێوان ئەو نەتەوانەی کە لە وڵاتی تورکیادا دەژین ئەم حیکایەتەش بەناوی

**( حکایەتی دۆڵفینێك و ماسی گرێ، لەهەموو شوێنێك ڕۆژانە دووبارە دەکرایەوە، ئەم حەکایەتە هەزارشتی بۆ دادەتاشراو دەخرایە سەر...**

**"ئەم کابرایە شێت بووووە، وای سەلیم، کە ماسییەکەیان کوشت بۆتە دێوانە."..**

**"وای، وای سەلیم، وااااە."..**

**"شێت ئاسا بە مەڕمەڕەدا دێت و دەچێ."..**

**"بەدووای ماسییەکەیدا دەگەڕێ، بەدووای دۆڵفینەکەیدا"...**

**"بەدووای مەعشوقەکەیدا"...**

**"شێت ئاسا لەدووی دەگەڕێ"**

**"ئەمەش عاشقی ماسی بووە"...**

**"ماسی مەمکی نییە،"**

**"دۆڵفین خەلقندەیەکی ساردوسڕە"**

**"ئەمەش عاشقی ماسی بووە"**

**"ماسی زمانی نییە"**

**"قسەی خۆش نازانێ..." )**

((دەریا تۆرا، ل ١١٩)) .

قسەی نەستەقی کوردەواری، یەکێکە لەبابەتەکانی فۆلکلۆر، ڕۆماننووس توانیوویەتی ئەم قسە نەستەقە زارەکی و باوانەی نێو کوردەواری هەڵبقۆزێتەوە، و هێندەیتر بنیاتی دەقەکەی پێراگیرتر بکات. بۆنموونە واباوە لەکۆمەڵگەکەی خۆمان یەکێك هەبوون بێت و خواپێداوبێت، بەڵام هەر چاوی لەدەستی ئەم و ئەو بێت و چاوی بەهیچ تێر نەبێت پێیدەڵێن "چاوی بەخۆڵ نەبێت بەهیچ تێر نابێت". بێگومان دەبینیت وشەی "خۆڵ" بۆتە میتافۆر بۆ زۆرو زەوەندی و مردن. واتە کەسەکە هێندە چاوی برسییە بەس خۆڵا دەتوانێت چاوی تێربکات چونکە زۆروزەوەندە. بۆ نموونە دەڵێین ئەوشتە وەك خۆڵییە واتە زۆرە. یاخود کەسەکە دەمرێت و چاوی بەخۆڵا دادەپۆشرێت و ئیتر چاو پیناکات ئەم و ئەو ببینێت و بەخیلییان پێیببات.

**(لە شوێنی خۆی هەستا، شەڵاڵی ئارەقە ببو، دڵۆپەی ئارەقە لەگەڵا ئەو خوێنەدا کە ڕانەدەوەستا تێکەڵا دەبوون.**

**"بەیانی لەخەوێ هەستام بینیم پەرژینی باخچەکەمی تێکداوە. منیش ڕامکردو هاتمە خوارێ، لەجیاتی داوای لێبووردنم لێبکا داری لەسەرم داو سەرمی شکاند. خوێن قیچکەی کرد منیش دەستم دایە دارێك و**

**بەربوومە گیانی تادەهات دەنگی بەرزدەبوو. ڕەنگی گەردن و ملی هێندەی ئەنگوستێك ڕەپ ببوون. هاریس دیسان وەك بروسكە ویستی ئاوقای پولیتیس ببێتەوە گرتیان"**

**"دەیكوژم، ئەو سەگبابە دەكوژم، بیست ساڵە خەریكە تخوبی باخەكەم دەبەزێنێ. تێرنابێ. خوایە بەخۆڵ چاوەكانی تێركەی، تێربوونی بۆنییە " )**

(( بڕوانە فورات خوێناویە، ل ١٣٠))

بێگومان كۆمەڵی كوردەواری وەك هەر كۆمەڵگەیەكیتری زیندووی سەر ئەم زەمینە، تاكەكانی دووچاری گەلێك دەردو نەخۆشی و شكان و شكست و برینداری هاتوون، مادام وایە مرۆڤەكان لەخوێن و گۆشت و ئێسك پێكهاتوون، دەبێت چاوەڕێی شتی نەخوازراویشبن. بۆچارەسەریی ئەو مەترسیانەش كە ڕووبەڕووی تاكی كورد بۆتەوە گەلێك كەس لەبواری پزیشكیدا ئەسپی خۆیان تاوداوە، و بوونەتە كلینك و تاقیگەی نەخۆشخانەی ئەو سەردەمە بۆ نەخۆشەكان، و بەگەلێك ناوی جیاجیاوە دەناسرێتەوەو وەك پیاوچاك، تەبیب، بەیتار، حەكیم... هتد بێگومان داوودەرمانی ئەمانەش یا گژوگیای سروشتی كوردستان بووە، یان چارەسەرییەكە لەرێی دەست و جەستەبووە، و یاخود چارەسەرییەكە چارەسەرییەكی دەروونی بووە.

لەسۆنگەیەوە "تاشباش" یەكێكە لەكارەكتەرەكانی چەند ڕۆمانێكی یەشار كەمال، و هەروەها یەكێكە لەكارەكتەرە سەرەكەوتووەكانی دنیاو بواری پزیشك و پزیشكگەریی.

**(" لەگوندەكانی ئەوتۆرۆسەوە كیژێكی باكیرەیان هێنا بۆخزمەتی حەزرەتی تاشباشمان. كیژ قژ زەردێكی چاوڕەشی جوان دەبێ. زۆرجوان دەبێ. بەڵام حەوت ساڵ دەبێ، كەفتەكاری ناوجێگە دەبێت هەردوولاقی وەك دار ڕەق بووبوون. مەزر تاشباشمان دەست بەلاقیدا دێنێ هیچ... هەر لەگەڵ ویشیان نەبێ. چەند دووعا دەكا، لەخوای گەورە دەپاڕێتەوە. نەخێر لاقی هەروەك خۆی دەمێنێتەوە، ڕەقوتەق. لەپاشەوە دەچێتە سەر چیای تەكەچ، سێ شەوڕۆژ كاتێ دەگەڕێتەوە، تەماشا دەكا لاقی كچە هەروەك خۆیەتی. زۆر بەزەیی پێدا دێتەوە. ئێجگار زۆر كچەیشماڵوێرانە زۆر جوان دەبێ... تاشباشمان خۆی پێ ناگیرێ، ناوچاوانە تیشكدارەكەی، كە بۆخوا نەبا، بۆ كەسی دیكەی نەدەخستە سەر زەوی، لەڕانی كیژە دەسوێ، هەر كە تەوێڵی بەر ڕانی دەكەوێ و ناكەوێو كچە ڕادەپەڕێتە سەرپێ، بەهەراكردن دەگەڕێتەوە بۆ گوندەكەی خۆیان".**

**"حەمە عەلییە لاڵ شوانێ بوو، لەو گوندی گەرمیانە. بیست ساڵ دەبوو، شەوێكی بەبەفرو بۆران گەلەگورگ لەڕانەكەی دەدا. مەڕەكانی كەلەپاچە دەكەن و دەیانخۆن. بەداردەستەكەی دەستی لەگەڵ گورگدا بەشەڕدێ. بۆسبەینێ لەسەر ئەو بەفرو بەستەڵەكە دەیبیننەوە. كەخەبەری دێنن و لێی دەپرسن، تەماشا دەكەن حەمەعەلی قسە ناكا، زمانی نییە قسەبكات. لەوڕۆژەوە حەمەعەلی لاڵ دەبێ، بۆحەزرەتی تاشباشمان دێنن تفێكی لەزاری دەكا، حەمەعەلی یەكسەر وەك بلبل بەقسان دەكەوێ "...)**

(( ئەودیوی چیا، زەوی ئاسن ئاسمان مس، ل ٤٣٦))

بێگومان یەكێك لەلایەنە چاك و باشەكانی، بابەتە هەمەجۆرەكانی فۆلكلۆر ئەوەیە كە خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی لە چێژوەرگرتن و سوود لێبینین و ئامۆژگاری و پەند لێوەرگرتن و بەستنەوەی جومگەو چین و

تویژەکانی کۆمەڵگەو بەخشینی هێزو بڕستی و توانا بەسەر تاکەکانی کۆمەڵ و... هتد. لەم دید و گۆشانەوە یەشار کەمال لەبابەتەکانی فۆلکلۆر دەڕوانێت. بۆیە لەکەسایەتی حەمەدۆك لەفۆلکلۆریش ڕەنگدەداتەوە. دوژمنانیش چاویان بەمە هەڵنایە کە داستان بۆ حەمەدۆك بهۆننەوە و گۆرانی بۆبچڕن و منداڵان خۆیان گورجوگۆڵا بکەن و یاری هەمەجۆر بسازێنن.

**(هەموو منداڵەکانی وێش دەیان گوت دیومانە ڕۆژتائێواریێ باسیان دەکرد، لەگەڵی دەژیان و لەیارییەکانییاندا بەشداربوو. منداڵەکانیش وەك گەورەکان ناویان نەدەبرد و لەیارییەکانییاندا ناوی جۆراوجۆریان بۆدادەنان. لەیارییەکانییاندا جەندرمەو ئاغاکان وەك سەگ لێی دەترسان و وەك بی لەبەری دەلەرزین. خۆیان داوێشتە سەر کەوشەکانی، لەبەری دەپاڕانەوەلاقییان ماچ دەکردو لەسەر زەوی جێنگلیان دەدان و لەکاتێکدا هەشکیان دەدان و لووتیان پاك دەکردەوە، وەك کرم دەخزین. پاشان دەستیان کرد بەدانانی گۆرانی دێهاتییانە لەبارەی حەمەدۆکەوە).**

(( حەمەدۆك، ب ٢، ل ٢٠٦ ))

"گوڵڕیز"، ئەو کارەکتەرەیە لەزووەوە هەستی بەگرنگی و بایەخی مەم و زینەکەی ئەحمەدیخانی کردووە، و کردوویەتە پێشەنگێك بۆخۆی بۆئەوەی زیاتر مەیل و ئارەزووی بەلای شیعرخوێندنەوە دابچێت، و لەدیوەخانی باوکی زۆر بەرەوانی شیعرەکان بچڕێت، و ببێتە مایەی سەرنجی باوکی، و میوانانی باوکی لەدیوەخاندا. بۆیە ڕۆماننووس لەڕێی "گوڵڕیز"ەوە سەرەنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشن فۆلکلۆرو بابەتەکانی بکەینە چرایەکی گەش بۆئەوەی لایەنە شاراوەو تاریکەکانی ژیانمانی پێڕۆشنبکەینەوە، و گرنگی بەئەدەبیاتی سەرزارەکی بدەین و ئەدەبیاتی نووسراوی لەسەر ڕۆبنێن. بۆیە لەنائاگاییدا، "گوڵبەهار"ی خوشکی بچووکی "گوڵستان" و "گوڵڕیز"ی کچانی مەحموودخان، ئاگروتینی خۆشەویستی و ئەڤینداری مەم و زین لەماڵەکەیاندا کلپە دەکات و بلێسە دەسێنێت. "گوڵبەهار"ییان، جێگەوپێگەی "زین"ی ئەحمەدخانی دەگرێتەوە، لە " ئەفسانەی چیای ئاگری"دا

**( کچەکانی پاشا یەکیان نێوی گوڵستان، ئەوی دیکەیان نێوی گوڵڕیز، سێیەمیان نێوی گوڵبەهاربوو. گوڵستانیان لەژنە ئەرمەنییەکان بووچاوی گەش و شەهلابوو. پۆڕسوورو بژۆو درێژو بەژن زراو و کەڵەگەت بوو. بەرگی لەئەستەنبۆڵەوە بۆدەهات... وەکو ئی کۆشك و تەلارانی لەبەردەکرد. هەرچی گوڵڕیزیان بوو مەیلەو قژکاڵ بوو. گەردنی وەکو گەردنی قوو درێژ بوو. بژۆلی لوول بوو. چاوی شین بوو. ئەویش هەروەکو گوڵستانی خوشکی بەرگی ئەستەنبۆڵییانەی لەبەردەکرد. گوڵڕیز خوێندنی زۆر مەراق بوو. مەم و زینی ئەحمەدی خانیی سەرلەبەر بەرەوانیی لەبەربوو. دەهاتە دیوەخانی باوی شیعری بۆدەخوێندەوە. باوی گوڵڕیزی لەهەموو منداڵەکانی خۆشتر دەویست. گوڵبەهاریان بەژن نێوەنجییەکی شل و ملی نەشمیلانەی گەنم ڕەنگ بوو. پۆست مشتوومالا و بێ گەرد بوو. لەزۆر سەرەوە لەخوشکەکانی نەدەچوو. جل و بەرگی نەخشراوی وەکو ژنە ئاگرییاییەکان خرخاڵی و زێرو مرواری و زمرووتی لەپێ دەکرد).**

(( ئەفسانەی چیای ئاگری، ل ٣٢ ))

بەشار کەمال، کارەکتەرێکی وەك "پیریوسفی مەیتەر" دەترنجێنێتە نێو دەقەکەیەوە، بێگومان وەك هونەرمەندێکی میللی سەرکەوتوو وەسپی دەکات، و پێیوایە هونەرمەندێتییەکەی لەئاست هونەرەکەیدایە، چونکە ناوبراو خۆی بۆبەیت و بەندخوانی و داستانبێژی تەرخانکردووە، لەهەمانکاتدا ژەنیارێکی لێهاتووەو ئەو بەیت و داستانانە بەتارژەنینەوە دەهۆنێتەوە دەیانگێڕێتەوە.

**( " ئیدی ئەوەندەی ماوە بابەزار بیلێم، زارم وەختە گڕ بگرێ، دە ئەوسازەم وێ دە، بابەتارو ژێیان بیدرکێنم".**

**ئاوی ژی ڕێ دەکا، میوە دەروێن دەبێ وەکو شێر لەو کێوانە بهێوری بڕۆلاوۆ ئەوتیندەرێ لانی شێرانە لانی شێران نابێ بێ شێربێ دەبێ لێرە هەڵبڕێین بچینە ڕاستان خوایارمەتیمان دەدا، کاروانان بگرین، بەدیارکەوین لەم چیایانە مەنزڵ بگرین دەبێ بەتۆبزان ڕێگەبگری بازرگان تاڵان کەی لەچەرچی بدەی هەژاران پۆشتەکەی، برسییان تێرکەی وەکو شێری بەهەڵمەت بستێنی، وەرگری پێم دەڵێن یوسفی مەیتەر بەزەت بەدادو هاواری کەساندا نەیێتەوە ئەمەیە ئامۆژگارییم بۆ جەنابت ؟**

**دەبێ کاروان بگیرێ، تاڵان بکرێ )**

(( ئەفسانەی کوێر ئۆغڵی، ل ٧٤ ))

باسی دووەم :

ئەدەب و سیاسەت و ناسنامەی نەتەوەیی.

سیاسەتی ڕەگەزپەرستی، بەمەبەستی تێکشکاندنی نەتەوەیەك.

پێڕەوکردنی سیاسەتی داگیرکاری تاك و نەتەوە و خاك.

# ئەدەب و سیاسەت و ناسنامەی نەتەوەیی

سیاسەت و ئەدەب، دوو دنیای بەر فراوان و زیندوو و ئاڵۆز و پڕاوپڕن لە یەکتر. دوو دنیا هەموو بوارەکانی ژیان لە ژێر شەپۆڵ و کاریگەرییەکانییاندان، و ڕەوت و ڕەوڕەوەی کۆمەڵگەن. بەڵام زمان و گوتار و کەرستەکانی گوزارشتییان لە یەکتر جیان، لە هەندێك باردا ئەو ئاوێتەبوونە بە شێوەیەك پەرەدەسێنێت تا دەگاتە ئاستی لەیەکهەڵوەشاندنەوە و سەنگەر لە یەکتر گرتن، و تەنانەت گوشگرتن لە سێبەری یەکتر. بەڵێ ئەمە پێوەندی و سروشتی نێوان سیاسەت و ئەدەبە.!

نووسەر و ئەدیبگەلێك، بە تەواوی گەیشتوونەتە، ئەو باوەڕەی کە مەحاڵە ئەدەب، لەسیاسەت داماڵرێت و لێیجیابێتەوە، بەڵام ئەم لێجیابوونەوەیەی ئەدەب لە سیاسەت، ئەوە ناگەیەنێت کە هەردەم پێوەندی و ڕەوتی ئەدەب، ڕاستەوانە بگۆڕێت لەگەڵ ڕەوتی سیاسەتدا. بەڵێ دوواجار ئەوە ئەدەبە دنیای سیاسەت ڕووماڵ دەکات توێکاری پڕ بە پێستی بۆ دەکات. ئەدی ئەوە ئەدیب و نووسەر و ڕۆشنبیران نین، دەڕواننە تەلاری بەرز و بە ئاسمانچووی سیاسەت. بە چاوی ئەمان ئەم تەلارە کۆنکریت نییە کە خەڵکی ئاسایی لێیدەڕوانن، بەڵکو بە چاوی ئەمان، سەرلەبەری ئەم تەلارە بە شوشە بنیاتنراوە. نووکە قەڵەمێك بەسە بۆ ئەوەی بیڕوخێنن و شوێنەواری نەهێڵین بە پێچەوانەوەش، ئەدیب و نووسەر و ڕۆشنبیرانن، دەتوانن تەلاری شووشەیی لەرزۆکی دنیای سیاسەت، بگۆڕن و بنیاتی بنێن بە قەڵایەکی قایمی دوژمن بەزێن کە نەسەری دیاربێت، و نەبنی! دەکرێت ئەوەی پێوەندی هاوڕێیەتی و هاودژی دنیای سیاسەت و ئەدەب بن.

سەرەڕای ئەمانە، دەتوانین هەردوو چەمك چ سیاسەت، چ ئەدەب، بیان کەین بە میتافۆر بۆ چەمکی بەرنامەڕێژی. لەگەڵ ئەوەی هەردوو چەمك کۆمەڵێك ئەرك و گرنگییان هەیە، بە ئاسایی و ئاسانی دەتوانن ڕۆڵی بەرنامەڕێژی کۆڕ و کۆمەڵانی خەڵك بن بۆ ئاراستەکردنیان بەرەو چاکتر و هەنگاونان بۆ داهاتوو. وەستان لە حزوری کۆمەڵگە، بە مەبەستی خزمەتگەیاندن.

خاڵێکی گرنگ پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەوەش سەرباری ئەو پێوەندییانەی دنیای سیاسەت و ئەدەب، هەرگیز نابێت ئەدەب خۆی لە بەهای ئیستاتیکی و هونەر تام و چێژ و سوود گەیاندن...هتد دابماڵێت لەهەمانکاتدا ئەو پێوەندییەی لەگەڵ دنیای سیاسەتیش هەیەتی، لە چوارچێوەی سەربەخۆیی ئەدەب بێت، نەك سەر بەو بێت. جێی قبووڵ و پەسەند کردن نییە ئەدەب ببێتە پاشکۆی سیاسەت و چەند بیرێکی پاشکەوتووی کۆمەڵگە. واتە سەربەخۆیی گوتاری ئەدەب، پارێزراوبێت، و نەبێتە گوزارشتکردن لە گوتارێکی ڕووت و ڕەجاڵی سیاسەت، و گوتاری چەند بیرێکی کۆنینە خوازیی کۆمەڵگە.

نووسەر و ڕۆمانووسان، پێویستە خۆیان بە دوور نەگرن لە بڕیار و کایە سیاسییەکان وڵات قەڵەمەکەیان بخەنە گەڕ بۆ جەنگان دژی هەر شەڕانگێزی و بێ ئاکاری و خراپەیەك کە سیاسەتێکی چەوت و ئیفلیج گەرەکییەتی بەرپای بکات، و بە زەبری هێز و دەسەڵات بیسەپێنن بە سەر هەموو تاك و سەرلەبەری ژیانی کۆمەڵایەتییدا. یەشار کەمالیش وەك نووسەر و ڕۆمانووسێکی مەزن بە ئەرکی خۆی دەزانێت سیاسەت و

سیاسەتبازی بکات، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت ئەمکارەی کە ئەو دەیکات لە بەرژەوەندیی و سوودی نەتەوە و میللەتەکەی بشکێتەوە، و دەستی هەبێت لە بنیاتنانی سەرخان و ژێرخانی وڵاتەکەی بۆ ئەمەش دەڵێت : ( من هەوڵم دا ڕۆماننووسی و سیاسەت، یەك بخەم. لەمەو پاشیش کاری سیاسیشم هەردەبێ. جا بە بەهای چ دەبێ با ببێ. هیوادارم تەواوی هونەرمەندان، بۆ ئەوەی دنیاکەمان لە تۆڕ و داوی وێرانکارییەك قوتاربکەین بە کردەوە بەکار بکەوین)(٤٩). گومان هەڵناگرێت هەر نووسەر و ئەدیب و ڕۆشنبیرێك، هەڵگری ئایدۆلۆژیایەکی ڕاستەقینە بێت و گوزارشت لە خواستە نەتەوەییەکان بکات، و سڵنەکات لە هیچ بەرژەوەندییەکی گشتی. ئەوا باکی بە سیاسەتی هەڕەشە و ترس و تۆقاندن و بەندیخانە نییە، چونکە ویژدانی ئازاد کردووە ئازاری پێناگەێنێت لە بەرەی گەل دایە. هەروەها بە هیچ شێوەیەك پاشگەز نابێتەوە لە بیر و بۆچوون و ئایدۆلۆژیا و دەربڕینەکانی. دەبێت ئەو، ئەوان پاشگەز بکاتەوە لە هەر چەشنە سیاسەتێکی توندڕەوانە کە بە زیانی تاك و کۆمەڵ تەواو دەبێت.

بە بیرکردنەوە و تێگەیشتنی یەشار کەمال، ئەدیب، هونەرمەندان، ڕۆڵی فریادڕەسێکی بە ئەزموون دەبینن، بۆ ئەوەی وڵات لە قەیران و نەهامەتی و وێرانکاری ڕزگاربکەن، و بەڵێ بە کردەوە، بکەری چاکە و ئەندازیار و بنیاتنەری وڵات بن.

چەمکی گۆڕان، وەك چەمکێکی گشتگیر سەرومڕی لەگەڵ هەموو بوارەکانی ژیاندا هەیە، بە تایبەت ئەو دوو چەمکەی کە ئێمە لێرەدا مەبەستمانە، ئەویش چەمکی سیاسەت و ئەدەبە.

گۆڕان و خۆ ئامادەکردن بۆ گۆڕانکارییەکان، و دەرهاوێشتەی گۆڕانکارییەکان، و بیرکردنەوە لە دەرهاوێشتەکانی... هتد. پرس و پرسیار گەلێکن. پێویستە کەڵە پیاوانی دنیای سیاسەت و ئەدەب، خۆیان بە جدی بۆ وەڵامدانەوەی ئامادەبکەن، و ڕۆڵی ئەوان چییە، لە چ شوێنێکی گۆڕانکارییەکە دان چیبکەن بۆ ئەوەی گۆڕانکارییەکان شێوەیەکی تەندروست و ئەرێنییان هەبێت، و کۆڵەگەیەك بن بۆ سازاندنی کۆمەڵێك بابەت و شتی نوێباو کە وا بکات ڕەوڕەوەی ژیان بە هیچ شێوەیەك نەوەستێت بە چاکترین شێوەش بەردەوامی بە خۆیەوە ببینێت. بۆیە (هونەرمەندان لە گۆڕینی جیهاندا، گیان بەسەر دەستەوە دەبن بە هاریکار و یاریدەدەری خەڵك. دیارە ئەوانەی بۆ گۆڕینی جیهان تێ هەڵناچن، هونەرەکەشیان ناگۆڕێ. ئەوانەی لە ناخی خۆیاندا باوەڕیان بە گۆڕانی جیهان نییە، بۆ گۆڕینی جیهان بە کار نین و کۆمەکی گۆڕینی ناکەن، لە هونەرەکانیشیاندا گۆڕانی گەورە گەورە بە دی ناهێنن )(٥٠). ئاشکرایە لەو ڕۆژەوەی مرۆڤایەتی ئاشنابووە، بە دنیای سیاسەت و ئەدەب، دەیەها ڕژێم و سیستەمی سیاسی، و قوتابخانە و ڕێباز و تیۆری ئەدەبی تێپەڕاندووە ئەمە بەڵگەیەکی ڕوونە، کە پرۆسەی گۆڕانکاری زوو زوو دووچاری دنیای سیاسەت و ئەدەب دەبێتەوە. بێگومان ئەمەش زیندوویی ئەم دوو بارەیە، خۆگونجاندنیانە لەگەڵ ڕووداوەکانی ژیان گۆڕانکارییەکانیش چ لە بواری سیاسەت، چ لە بواری ئەدەب، دۆخی چەقبەستوویی تێکدەشکێنن، ژیان لە چەرمەسەری دوواکەوتوویی ڕزگاردەکەن، وای لێ دەکەن بەرەو پێشکەوتنە یەك لە دووای یەکان هەنگاو بنێت. بیروباوەڕ و ئایدیا نوێباوەکان جێگە بە کۆنینەکان چۆڵ دەکەن. خەسڵەتێکی گرنگی پرۆسەی گۆڕان و گۆڕانکاریی، ئەوەیە سەرەڕای دەرهاوێشتە و جێکەوتە لۆکالییەکانی، بەندە بە سەرلەباری جیهان. هەر گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە دنیای سیاسەت و ئەدەب کاتێك ڕوودەدەن لە شوێنێکی

دیاریکراوەوەیە، بەڵام دوواتر پەرە دەسێنێت زۆربەی شوێنەکانی جیهان دەگرێتەوە، ئینجا زوو، یان درەنگ گرنگ ئەوەیە دەیانگاتێت. خاڵێکی تر، پێویستە گرنگی پێبدەین، ئەویش ئەوەیە چالاکانی بواری سیاسەت و ئەدەب، دەبێت ڕۆڵی گرنگییان هەبێت لەو گۆڕانکارییانەی کە ڕوودەدەن، و بە سینگێکی فراوان و گیانێکی وەرزشییانی قبووڵبکەن، لە هەمانکاتدا خودی سیاسەتمەدار و نووسەر و ئەدیبان تا سەر ئێسقان باوەڕیان پێیهەبێت، بۆ ئەوەی هەر گۆمێك وەستاوە و پەنگیخواردووە، بیشلەقێنن. بەمەش باوەڕ و گیانی ئاییندەخوازی دەگەشێتەوە.

بەدرێژایی مێژووی ئەدەبییات، کەم دەق هەیە بە شێوەیەك لە شێوەکان ئاوڕی لە سەردەم، یا قۆناغێکی سیاسی نەدابێتەوە، و بە تەواوی خۆی بواردبێت لە ڕووداوە سیاسییەکان و بەسەرهات و چەرمەسەرییەکانی کۆمەڵگەکەی کە دەرهاوێشتەی بارودۆخە سیاسییەکەن. بۆیە هەست بە پێوەندییەکی تۆکمە و پتەو دەکرێت لە نێوان دنیای سیاسەت و دنیای ئەدەبدا لە هەمانکاتدا دوورییەکی وا لە نێوانییان دا دەبینین کە هەرگیز میانە نەبێت لەنێوانییاندا. بۆ نموونە ڕووداو و پاشهات و پێشهات و بارودۆخ و گۆڕانە سیاسییەکان لە نێو دەقدا بە ئاسانی درکییان پێدەکەین، و وەك پانتاییەك کە بیپێوین ژمارەیەکن لە نێو دەقدا. ( هەندێك لە ڕەخنەگران لەو باوەڕەدان کۆلۆنیالزم دەکرێت هێلی دنیای سیاسەت بە شێوەیەکی کاڵ لە نێو دەقدا بوونییان هەبێت، یان وەك خستنەڕوویەکی مێژوویی و یاخود بابەتێك، دنیای بەرفراوانی ئەدەبیات بەسەریانبکاتەوە بەڵام بە مەرجێك چوارچێوەیەکییان بۆ دابنێت)(٥١). پیشان نەدان و لا لێ نەکردنەوە لە بارودۆخی سیاسی لە لایەن ئەدیبەوە وەك ئەوە وایە مرۆڤ بەتاڵبکەیتەوە لە مرۆڤایەتی و بۆ یەکجارەکی پەراوێزی بخەیت. چونکە وەك ئاشکرایە بە درێژایی سەردەمەکان و بە تایبەت لە سەردەمی ئەمرۆماندا، دنیای سیاسەت باڵیکێشاوە بە سەر زۆربەی جومگەکانی ژیان دا لە هەوڵی ئەوەشدایە گشت مرۆڤەکان ئەگەر بۆیبکرێت بکات بە کۆیلەی دنیایەکە و خۆی، بۆیە ئەرکی ئەدیبە بە شێوەیەکی وا سیاسەت بخزێنێتە نێو دنیای ئەدەبی و شەن و کەوی بکات ڕاستی و ڕەوانی ئەو سیاسەتە، یاخود چەوتی و چەوێڵی ئەو سیاسەتە بخاتەڕوو. هۆشیاری و ڕۆشنبیرییەکی سیاسی بە شێوەیەکی ڕاست و ڕێك و بە ڕووە ئەرێنییەکەی بۆ دەوروبەرەکەی ئاشکرا بکات. بەڵام هەر هێندە هەیە نەبێتە گوتاربێژێکی سیاسی و ئەڵقە لە گوێیەکی دنیای سیاسەتێکی بەد و دوور لە ڕەفتاری مرۆڤایەتی.

نووسەر، یاخود ئەدیب لە ڕێگەی ئاوڕدانەوە لە بابەتگەلی سیاسی دەیەوێت پەیامێك بگەیەنێت و هاواری مرۆڤە چەوساوەکان لە سایەی سیستەمێکی سیاسی داپلۆسێن بەرز ڕاگرێت بەو ئامانجەی سێدارەی ستەمکاران تێکبشکێنێت، و ترسی داگیرکردن و زەوتکردن بڕەوێنێتەوە، و ئاوا لە کپبوون و بێ دەنگی بدات بیزرینگێنێتەوە، و بە باشی بە گوێی مرۆڤەکان دا بچرپێنێت کە هەڵکردن لەگەڵ یەکتردا بارودۆخێکی زۆر ئاساییە و دوودڵیی ناوێت، و بەدگومانییەکان وەلانێن و متمانە جێگەیان بگرێتەوە. واتە (مەزراندنی بابەتگەلی سیاسی دەنێو جەستەی بەرهەمی ئەدەبییدا، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ و بێ گرێ و گۆڵی هەیە لەگەڵ سیاسەتێکی ستەمکارانە کە ڕژێمێك پێڕەوی دەکات. لەو سۆنگەیەوە نووسەر وەڵامێکی مەعریفییانەی ئەم چەشنە گوتارە سیاسییە دەداتەوە کە لاسەنگی و توندوتیژی لێدەکەوێتەوە)(٥٢). ئەدیب، لە ڕێی دەقێکی ئەدەبییەوە دەتوانێت پەردە لە ڕووی ڕەشی

سیاسەتی ستەمکارانە هەڵماڵێت، و بەشێك لە ئارێشەکانی میللەتێکی ستەمدیدە پێشکەش بکات، هەر لە ڕێی دەقە ئەدەبییەکەوە لە هەوڵ دادەبێت بۆ دەستهێنانەوەی سەربەخۆیی سیاسی و نەتەوەیی و نیشتمانی و کولتووری کە خەڵکی میللەتێکی ستەمدیدە لێی بێ بەشن. دەشێت ئەمەش وەڵامێکی بە جێکات بێت بۆ ڕیسواکردن و لە یەکهەڵوەشاندنەوەی سیاسەتی چەوتی ستەمکارانە کە ڕژێمێك لە چاوچنۆکی و لە بەد بوونی خۆی دەیگرێتەبەر.

ئەدەب، وەك پەیامێکی پیرۆزی مرۆڤایەتی کاتێك بابەت و ڕووداوی سیاسی لە هەر ژانرێکی ئەدەبی ڕەنگپێدەداتەوە، دەیەوێت شکۆمەندی و بەرزی مرۆڤە ستەملێکراو و چەوسێنراوەکان بۆ شوێن خۆی بگەڕێنێتەوە، و ڕاستییە چەواشەکارییەکان کە سیاسەتێکی چەوت دایڕشتوون بخاتە سەر هێڵی ڕاستی خۆی. بۆیە ( لە دەقی ئەدەبیدا بابەتی سیاسی زیاتر بەو مەبەستە دەمەزرێنرێت، پیشاندانی ئەو میللەتە ستەمدیدە و زوڵملێکراوە و داگیرکراوەبێت وەك قوربانی، و نەوەك دوژمنێکی سەر سەختی ئەو ڕژێمە داگیرکارە بێت. واتە گوزارشتکردن بێت لە کۆمەڵگەیەکی وەها کە لە هەموو ماف و جیاوکێك بێ بەش کرابێت و سەرەڕای ئەمەش بار و ئەرکی دژوار کرا بێت بە هۆی پاڵەپەستۆ و گوشارێکی زۆر)(٥٣). واتە ئەرکی ئەدیبە، لە ڕێی بەرهەمەکانییەوە نموونەیەکی بەرز و زیندووی، ڕەتکردنەوە و بەرپەرچدانەوەی ئەو سیاسەتە چەوت و قۆرخکارییانە بێت، کە دەیانەوێت تەنگ بە نەتەوەیەك هەڵبچنن و ماڵ و دارایی بە فیڕۆ بدەن و سەروەرییەکانی پێشێل بکەن و تێکیبشکێنن. ئەدیب وەك ڕۆشنبیرێك کە بەردەوام لەگەڵ داوا و خواستەکانی جەماوەردایە، چاوەڕێی سەربازێکی نەناسراو و ماندوونەناسە هەڵوێستی جوامێر و بوێری لێ بکرێت، و ئاڕاستەی بایەکەی بە پێچەوانەی ئاڕاستەی بای سیاسەتێکی شەڕانگێز و دوور لە ئاکاری مرۆڤانە بێت، و تا بۆی بکرێت لە ڕێی بەرهەم و بیروبۆچەکانی بوونی خۆی بسەلمێنێت و وەك فریاد ڕەس و ڕێبەرێکی سەرکەووتوو خۆی بدۆزێتەوە و بیدۆزنەوە، لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی ئەدیبێکی دڵسۆز و خەمخۆر بۆ وڵات و خاك و سەروەرییەکانی کە وەك شێرێکی ئاسا ڕەفتار دەکات لە ڕێی بەرهەمەکانییەوە، زۆر کاریگەریی زیاترە لە چەندین سیاسەتمەدار کە پاڵکەوتوون و لەخەونیشدا ئاگایان لە بستە خاکێکی وڵات نییە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت ئەدەب ببێتە گۆڕەپانێکی سیاسی و سیاسەتبازی، و ئەدیبەکانیش لە جیاتی گووتارخوێنانی سیاسی ڕەفتاربکەن و بڕیاری سیاسی دەربکەن. بۆیە ئەدەب لە ڕێی گووتارێکی میانڕەوانەی بەرگریکردن و ئاشتی لە توانایدایە بەرپەرچی گووتاری توندڕەوانەی هێرشکردن و شەڕانگێزی بداتەوە، و ئەو شەکراوەی لە ئەدەبدا دەتکێت بەسە بۆ ئەوانەی سیاسەتێکی داگیرکاری و چەوساندنەوە پێڕەو دەکەن. ئەمە بۆ ئەوان باشترین وەڵامە.

ئاشکرایە سیاسەت لە بازنەیەکی فراوان دەچێت، و ئەم بازنەیەش کۆمەڵێك کەس و دەستە و تاقم و کۆمەڵ و... هتد لە خۆ دەگرێت بە مەبەستی ململانێ و زاڵبوونی بە سەر ئەوانی دیکە دا. لە لایەکیتر خودی سیاسەت ئاکارە، چونکە بەشێك لە کارەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵ و کۆمەڵگەیە بە هەموو توێژینەکانییەوە، و بە بێ گوێدان بەوەی کە ئەم کۆمەڵە، یا ئەم توێژە، یان ئەم تاکە لەگەڵ ئەم چەشنە سیاسەتەیە یان لەگەڵی نییە و ڕەتیدەکاتەوە. (هەروەك پێگەی کار و چالاکی سیاسی، لە پێناوی ڕزگاربوونی کۆمەڵایەتییە)(٥٤). بەڵێ ئەمە بەشێکە لە دنیای سیاسەتێکی ڕاست و ڕەوان و ئاکاردار، وسیاسەتێکیش لە بنەڕەتەوە باوەڕی بەم چەشنە بڕیارە هەبێت و پێڕەوی

بکات، تا ڕادەیەك هیچ ڕێگرییەك لە بەردەمیدا نامێنێت بۆ ئەوەی تاك و کۆمەڵگەی پێیەوە ببەسترێتەوە پشتگیری بکەن و دەسەڵات بگرێتە دەست. سیاسەتێکیش، بیەوێت ببێتە جێی متمانە و ڕازامەندیی زۆرینەی کۆمەڵگە بە دەست بێنێت، پێویستە بیر و ڕا گەلێك بە بۆچوونەکانییان ئەم سیاسەتە دەوڵەمەند بکەن، و هیچ گۆڕەپانێکیش بۆ تاك دەسەڵاتی نەمێنێتەوە. بۆ ئەوەی تاکەکان بە ئاسانی کار لەسەر یەکسانییەکان بکەن وەك یەکسانیی سیاسیی، و یەکسانیی ئابووریی، و یەکسانیی کۆمەڵایەتیی، و یەکسانیی هاوڵاتیبوون... هتد. بۆیە کاتێك یەکسانییەکان کاری خۆیان بە تەواوی دەکەن لەهەموو بوارەکاندا، ئەو کاتە هێمنی و ئارامی و ئۆقرەیی سەر لەبەری کۆمەڵگە دەگرێتەوە، و بەشێوەیەکی ئاسایی و ئاسانیش ناکۆکی و دووبەرەکی و شەڕانگێزی و کاولکاری بار و بارگەیان دەپێچنەوە و لە جێی خۆیان دەکوژێنەوە، و گیانی مرۆڤایەتیش لە نێو یەکە بە یەکەی تاکەکانی کۆمەڵگە دەرسکێت. ئەمەش هەنگاو دەنێت و سەردەکێشێت بۆ مانادار بوونی سەربەخۆیی نەتەوە و مەزنایەتییەکانی.

# شیکردنەوەی دەقـــەکـــان

ڕەسوڵەفەنی، کە کارەکتەرێکی ڕۆمانی "تەنەکە"یە و لە هەمانکاتدا کاتبی تەحریراتە و لە ئەنجامی نەبوونی قایمقام دەکرێت بە بریکاری قایمقام. کاتێك ئەم پۆستەی پێدەسپێردرێت، چەڵتووکچێنەکان کە زۆربەیان ئاغا و نۆکەر و دەرەبەگن و دەست و پێوەند و ئەڵقە لە گوێی ئیمپراتۆری عوسمانین تەنگ بە "ڕەسوڵەفەنی" هەڵدەچنن و کارێکی پێدەکەن با بە دەواری شڕی نەکردبێت. لە کاتێکدا چاندنی ئەم چەڵتووکە زیانی گەورە و نەخۆشیی کوشندەی بە دوواوەیە بۆ خەڵکی ئاوایی چونکە ئەوان لە نێو ئەو ئاواییە ئەم کارە دەکەن و دەیانەوێت لە ڕێی ئەمەوە بەرەبەرە خەڵکەکە پەرتەوازە بکەن و ئاواییەکەیان پێچۆڵ بکەن و داگیری بکەن. "ڕەسوڵەفەنی"یش مۆر و ئیمزایان بۆ ناکات لە بەر کەسێتی خۆی چونکە فەرمانبەرێکە سی ساڵی خزمەت هەیە و شارەزا و کارامە یە. ئیتر لەو ڕۆژەوە "ڕەسوڵەفەنی" دەبێتە ئامانج بۆ لێدان، لە لایەن چەلتووکچێنەکانەوە، و گوێش بەوە نادەن کە ئەمە فەرمانبەرێکی حووکمەتە دەبێت ڕێز لە پلەکە و تەمەنەکە و کارامەییەکەی بگیرێت. بۆیە چەڵتووکچێنەکان لە ڕێی قۆستنەوە و خراپ بە کارهێنانی دەسەڵاتە سیاسییەکەیان چەندین ناو و ناتۆرە و قسەی ناشیرین و درۆ و دەلەسە لە دژی "ڕەسوڵەفەنی" هەڵدەبەستن، و چەندین بروسکە بۆ ئەنقەرە و ئەدەنە لێدەدەن، بە مەبەستی لابردنی "ڕەسوڵەفەنی"و سووك و ڕیسواکردنی

**(( " کەی بێ ئەم قایمقامە تەشریف بێنێ و ڕزگارم بێ. تا ئەم چەڵتووکچێنانە تەختیان بەخت نەکردووم بار سووك و سەر سەلامەت ڕزگارم بووایە".**

**دەیانگوت : ئیستیحفا بکە ڕەسوڵەفەنی. لەم بریکارییە ئیستیحفابکە، با ماوەیەکیش سەرەك ژاندرم بریکاربێ".**

**هەمیشە ملی لار دەکردەوە و دەیگوت:**

**"نایکەم. وەزیفەیە و لە پاشملەم دەڵێن : تۆ سەی سەی ئەم ڕەسووڵەفەنییە کەساسە بریکارییەکی قایمقامێتی پێ بەڕێوە نەبرا. خۆ لە ئەرك دزینەوە و هەڵاتن لە من دەوەشێتەوە؟ من کارامەیەکی سی ساڵەی دەوڵەتم".**

**کێرد گەیشتە هێسکان، ئەم بارودۆخە وا ڕۆیشتبا نە چەڵتووك دەچێنرا، و نە هیچ. لە دژ ڕەسوڵەفەنی دەکرا بروسکە لەسەر بروسکە لێ دەدرا، بۆ ئەنقەرە، بۆ ئەدەنە، بۆ ئەم لا، بۆ ئەم لا. بەرتیلخۆری، بێ نامووسی، ژنەکە سۆزانی و داوێن تەڕە، جارێ دەیانگوت کچەکەی بە پارە دەفرۆشێ، جارێ دەیانگوت شەو و ڕۆژ خەریکی ئارەق هەڵقوراندنە و لە ژووری قایمقام پڕ بە دنیا دەنەڕێنێ و عەربە دەدەکا. ئەم هەموو بروسکانە لەو دەقیقە و سەعاتەوەی لێ دەدران سەر لەبەر وەك فاتیحا لە بەر دەکران و دەخوێندرانەوە. کارگێری پۆستە و تەلگراف پێش ئەوەی لە تەلی بدایە نموونەیەکی لە بەر برووسکەکان دەگرتەوە، لە پێش خۆی دادەنا )**

(( تەنەکە، ل ٨))

یەشار کەمال، وێنەی زیندانی و بەندینخانەکانمان پیشان دەدات. بۆ نموونە ئەگەر یەکێك گیراو زیندانیکرا ئەوە مەحاڵە بزانێت لە داهاتوودا چی بە سەردێت و ئاخۆ لە ژیاندا دەمێنێت، یاخود نامێنێت چونکە ئەو بەندینخانانە سیاسەتێك ئاراستەی دەکات هیچ مەودا و مانایەکی بۆ مرۆڤایەتی نەهێشتۆتەوە، لە باتی ئەوەی بەندیخانە بکرێتە دەزگە و ناوەندێکی چاکسازی، کراوەتە ناوەندێکی سەربازی کە دادوەری یەکەمینییان و دوواهەمینییان جەندرمەکان خۆیانن و هەر یاسا و ڕێسایەکانیش بە حەز و خواستی ئەوانەوە دەردەچن، و دەبنە بڕیار و بەسەر زیندانییەکان دا دەچەسپێندرێت.

بۆیە "خەجیج"ی کارەکتەر هەر بە تەنیا بەندیخانەی لێ بووەتە حکومەتێکی گەورە و گران کە لە دێو و درنج دەکات.

**( شەوێ خەجیجیان لە ژووری تەنیشت خۆیان دا زیندانی کرد. خەجیج کە هەتا ئەو شەوە بیری لە هیچ شتێك نەکردبووەوە، ئەو شەوە سەری خەسەر ئەژنۆی کردبوو و لە گژ فکران ڕاچوو بوو. هەتا بەیانی هەر بەو جۆرەی سەری لە نێو ئەژنۆیانی گرتبوو دەگریا.**

**بەیانی خەجیجیان لەو ژوورە کە تێیدا زیندانی کرابوو، هێنایەدەر. دوو ژاندرمەکە خەجیجیان وەپێش خۆیان داو کەوتنە ڕێ. خەجیج ڕەوانەی بەندیخانە کرابوو خەجیج هۆشی بە سەرخۆیەوە نەمابوو. نەیدەزانی چ ڕوودەدا. نەیدەزانی چی لێ دەکەن ؟ وەڕێ کەوتبوون. خەجیج لاقەکانی تێك دەئاڵقان. ئەمە دووهەمین جار بوو کە خەجیج دەچووە جێگایەکی زۆر دوور لە دێیەکەی خۆیان. جاری یەکەمیان پشتیوان و خۆشەویستەکەی خۆی لەگەڵ بوو. لەو سەفەرەدا دەیزانی دەچێتە کوێ و بۆچی دەچێ. لەو سەفەرەدا بە نیازی پەیداکردنی کێڵگەیەکی چکۆڵە و خانوویەکی گەرم دەچوو. بەڵام لەم سەفەرەدا دڵی پڕ بوو لە نائومێدی و ترس. نەیدەزانی ئەو خەڵکە چیی دەکەن. کاتێك لە ئاوایی وەدەرکەوتن، تەنانەت دایکیشی نەهاتبوو بە ڕێی بکا... دەستەخوشکەکانیشی نەهاتبوون. ئەمە زۆر ناخۆش و تاڵ بوو.**

**فکر و خەیاڵ بەریان نەدەدا. هێندێ جاریش نە هیچ تێ دەگەیشت، نە هیچی دەدی و نە بیری لە هیچ دەکردەوە. تەنیا ئەوەندەبوو، هەر کات وەهۆش دەهاتەوە چاوی بەو ژاندرمەیە دەکەوت کە لە تەنیشتیەوە دەڕۆیشتن، دەلەرزی. دووارۆژ لە بەرچاوی تاریك بوو و هەتا هەنگاوێك دەچووە پێش، هەنگاوێك زیاتر بە تاریکایی دادەڕۆیشتە خوار. لە پێش چاوی خۆی حکومەتێکی دەدی وەك دێو... ژاندرمەکان و دوو پیاوی دیکەی حکوومەت.. )**

(( حەمەدۆك، ب١، ل ١٨٠ ))

هەمیشە ئەو وڵاتانەی کە لەگەڵ تاکڕەوی و دیکتاتۆری دەست و پەنجەیان نەرمکردووە، پشتگیری لە کۆمەڵە خەڵکانێك دەکەن، دژی کۆمەڵە خەڵکانێکیتر. ئەو کۆمەڵە خەڵکانەی کە پشتگیرییان لێدەکرێت دەبن بە دار و دەستە و کرێگرتەی ئەو وڵاتە، و بۆیان نییە هیچ شتێك داوا بکەن کە لەگەڵ حەز و خواستی وڵاتەکە و فەرمانڕەواکانی ئەوان دا نەبێت. لە هەمانکاتیشدا تا بۆیان بکرێت لەو کۆمەڵە خەڵکانە دەدەن کە نەبوون بە پیاوی حوکمەت و داواکاری ڕەوای خۆیان هەیە. لەم سۆنگەیەوە یەشار کەمال، کوێخایەکان دەکات بە دەمڕاست و سەرەك بریکاری

حوکمەت، و دەبێت هەر ئەوانیش خەڵکانیتر فێری ئەقڵ بکەن، و پەند و ئامۆژگارییەکانیش لە خودی ئەوان وەربگرن. ئەوەی گوێشی ڕانەدێرێت بۆ کوێخای پیاوی حوکمەت، ئەوا دۆزەخ لە چاوەڕوانیدایە .

**( پاسەوان یەکڕاست چوو بۆ ناوەندی گوند، دەستی بە جاڕکێشانی کرد: "هۆ خەڵکینە، هۆگوندییینە، گوێ دێرن، نەڵێن نەمانبیست! هەموو گوێ دێرن. لە ماوەی پێنج دەقیقەدا، دەبێ سەر لە بەری دەرکەی ماڵی کوێخا خڕبنەوە. گورج، دەسوبرد، خێرا، کەس پاش نەکەوێ، کوڕینە کارەکە ناسکە. کوێخامان، کوێخا سەرەك بریکاری حکومەتەکەمان فێرە ئەقڵتان دەکا، پەندتان بۆ دادەدا".**

**کوێخا مەچەکی مریمۆکی گرت، مریمۆك تا هێزی تێ دا بوو، مەچەکی لە دەستی ڕاپسکاند و خۆی لە دەستی قورتارکرد. کوێخا قوشقی بوو، قیڕاندی: "ئەمە چییە ئێوە بە منی دەکەن کەوا منیش دەست لەم کوێخایەتییە هەڵدەگرم. کە دەستیشم لێ هەڵگرت هەینێکی گوندی، گوندی بێ سەروبەر دەمێننەوە. چتان لێم دەوێ ؟ من نەبم، من هەرهیچ هیچ نەبم، گوندی ئاسەواری دەبڕێتەوە، داری بەسەر بەردیەوە نامێنێ، دەبێ بە تۆز، دەبێ بە ئاردی نێو دڕوو.**

**گوندی لە پێشدەرکە مۆڵیان دەخوارد. کوێخا هاتبووە بەر ماڵێ، عەشاماتەکەی بە چاو دابێژت. خەڵکەکە بەزیو. ناهومێد، بە ترس و لەرزەوە دەهاتن، ورتەیان لێوەنەدەهات. تەنانەت منداڵ و زارۆکی سەربێشکەوە ڕوێرکەیش دەنگییان لێوە نەدەهات. لە ماڵێکدابوون، پخت لێ کردبان پەرتوبڵاو دەبوونەوە و هەریەکە بە لایەکدا هەڵدەهات).**

(( ئەودیوی چیا، زەوی ئاسن ئاسمان مس، ل ١٠٦ – ١٠٨))

ڕۆماننووس، پرۆژەی پیرۆزی ژنهێنان و شووکردن، کە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی و ئایینی هەیە، ڕەهەندێکیتری دەخاتە پاڵی کە ئەویش خۆی لە ڕەهەندی سیاسی دەبینێتەوە. واتە : مرۆڤەکان بە تایبەت ئافرەت دەبێتە کەرەستە و هۆیەکی سیاسی و لە بۆتەی سیاسەت و سیاسەتبازی دەتوێتەوە، و مرۆڤایەتی لێدەستێندرێتەوە و لێیدادەماڵرێت، و هیچ ویست و حەز و ئارەزوویەکی مرۆڤانەی ڕەچاو ناکرێت. لەم حاڵەتەشدا ئافرەتەکە لە باتی جارێك دوو جار دەچەوسێنرێتەوە جارێکیان لە لایەن خودی پیاوانەوە، و جارەکەیتریان بوارێکی بەرژەوەندیخوازانەی وەك سیاسەت دەیچەوسێنێتەوە و دەیهاڕێت.

**( کوڕی وەزیر چەلەبییەك بوو لە چوکلا و چیوی ڕووت، خۆ لە سەر و سوورەتدا ئەوە لە بێ بەشان بێ بەشتربوو.... بەڵام چ باکی نەبوو و بە تەنگ چییەوە بوو ؟ باوکی وەزیرێکی زل و زەلامی عوسمانلییان بوو، گەنجینەکانی پڕ بوون لە زێڕ و زیو و نەختینە. بەگی بۆلۆو پیاوێکی وەکو کوڕی کوێرەی بۆچی بوو. کابرا دەیویست سامانەکەی دوو هێندە سێ هێندەی دیکە، پێنج هێندەی دیکە زیادبکا. پشتیشی جوان و زەریف بە عوسمانلی ببەستێ. جا هەوڵ و دەرفەتی لەمە چاکتر بۆ ڕێك دەکەوت ؟ خوای دەکرد کوڕی وەزیر شەل و پەککەوتە دەبوو، یاڵڵای دەکرد شێت دەبوو، پیرێکی کەنەفت دەبوو، بەو چی؟ کچێك نییە؟ توخوا خوشکی لە پێناوی برای خۆیدا خۆی بەخت نەکا دەشێ پێی بگوترێ ئینسان. هەرچی خاتوو نیگاریش بوو چما کەس زاری دەیهێنا پێی بڵێ کیژە یا ژنە. ئەو لە شابازێکی ئازا و بوێرگەلێ ئازا و بوێرتربوو. )**

((ئەفسانەی کوێر ئۆغڵی، ل ٨٨ ))

ڕۆماننووس، پێیوایە ئەوانەی لەگەڵ میللەتەکەی خۆیان ڕاست و ساغ نین، بەردەوام لە بڕ و بیانوو هەنجەتێکی سادە و بچووك دەگەڕێن، بۆ ئەوەی سەرتاپای میللەتەکە بخەنە ناو گێژاوی شەڕ و شۆڕ و ئاشووب و ململانێوە. گریمان میللەتەکەش ئەو بڕ و بیانو و هەنجەتەی بڕی، و داواکاری ئەوانەی بەجێهێنا کە هەمیشە لە سەنگەردان لە دژی میللەتەکەیان. هیچ ڕێگری و پەیمانێکی ئاکاری نییە کە ئەو دوژمنە سەرسەختانەی میللەتان بڕ و بیانوو و هەنجەتیتر نەبیننەوە. بۆیە بیانوو دەبێتە دەسکەلایەکی باش کە ئامانجەکان بپێکێت بۆ لێدانی سەرلەبەری میللەت. یەشار کەمال، "مەحموودپاشا" دەکاتە نموونەیەکی زیندووی ئەم سیاسەتە چەوتەی کە دەرهەق میللەتەکەی پێڕەوی دەکات. لە کاتێکدا کێشە دەکەوێتە نێوان "مەحمووپاشا" و "ئەحمەد"ەوە لە سەر ئەسپێك. ئەسپەکەش دیاری سروشتە بۆ ئەحمەد کەچی "مەحموودپاشا وازی لێناهێنێت و بەردەوام سەری لە سەری دەنێت تاوەکو "ئەحمەد"، هەرەتەی چیا و چۆڵان دەبێت دوواتر بەگ و ئاغا و پیر و بەڕێزەکانی ناوبژی دەکەن بۆ ئەوەی ئەحمەد ئەسپەکەی بە پاشا بدات و لە هەقی خۆی خۆشبێت، ئەسپەکە دەهێنن و دەیدەن بە پاشا و بۆ ئەوەی بیانووی ببڕن. بەڵام "مەحموودپاشا" ئەمجارە بیانوویتر دەگرێت کە گوایە ئەو ئەسپە، ئەوە نییە کە ئەو مەبەستییەتی. لە کاتێکیشدا هەموویان سوێندی بۆ دەخۆن بەڵێنی پێدەدەن کە ئەوە، ئەو ئەسپەیە کە پاشا مەبەستییەتی. بەڵام ئەو بڕیاری داوە داو و تەڵە بنێتەوە سەرلەبەری میللەت پێوەبکات بۆیە هەرگیز باوەڕناکات. لە ئاکامدا و لە دوواتردا خۆی دەکەوێتە داو و تەڵەو چاڵی میللەتەوە و دەبێت بە پەندی زەمانە!

**( مستەفا بەگ سەرۆك هۆزی زیلان هەڵی دایێ، گوتی:**

**" ئەمن ئەسپەکەت دەناسمەوە، پاشا، ئەو ئەسپە ئەسپەکەی خۆتە". ئیدی بە جارێ پێ هار و شێت بێ. " هۆ هۆ، بەگ، بەگ، لەگەڵ توومە. یا نەتۆش یەکێکی لەوان ؟ دەناتۆش؟"**

**بەگەکانی دی گوتیان:**

**" پاشا ئەوە شتێکی دی مەبەست بوو، نەك بە پێچەوانە تێگەیشتی".**

**گوتیان:**

**" ئەستەغفیروڵڵا، پاشا، ئێمە خراپمان تێ گەیاندی. تۆ قەت بە پێچەوانەوە تێ دەگەی؟"**

**ئیدی بەگەکان کڕبوون، جارێکی دی زمانیان هەڵنەهێناوە. شادییان لە بین گیرا.**

**" بەڵێ بەگینە، سبەینێ ڕۆژی هەینی ئەو دزانەی ئەسپەکەیان بردووم و تا ئێستا بۆیان نەگێراومەتەوە لەگەڵ شیرەی شەبەقدا، لە برجی قەڵایێ، لە پێش چاوی هەموو دەستدا و تەبەعەی عوسمانی لە سەریان دەدرێ. هەر ئێستاکاتی جارکێشان وەنێو کووچە و بازاڕی دەخەم بانگ ڕایەڵن و جاڕان بکێشن"**

**بەگە کوردەکان دەستە و سینە، بە دڵ و دەروونێکی پڕ لە نیازی سەرکێشییەوە لە سەراوە هەرەسیان هێنا، وەدەرکەوتن، ویستیان بە دەوری ئەسپەکەدا سەروخولیان خوارد و بە چاو وردوردیان بێژا، گوتیان:**

**" ئەمە ئەسپەکەی خۆیەتی، وەڵڵا وەبیللا خۆیەتی، ئەوە دروشمەکەیەتی، ئەوە دروشمەکەی، ئەوە ڕەمز و زینەکەی، هەموو خۆیەتی"**

**" باشە سەبارەت بە چی پاشا لەم سێ پیاوە ئاڵاوە و بە ڕکداچووە ؟ لە سۆنگەی چی لە سەریان دەدا؟"**

**پاشان گوتیان:**

**" با لە سەریان بدا، خۆ تۆڵە بۆ ڕۆژی قیامەتێ هەڵ ناگیرێ"**

**هەموو بە یەك دەنگ نرکاندیان :**

**" هەڵناگیرێ"**

**دووایی هەموو شار بەو کارە حەسیا. جاڕکێش جاڕان بە هەموو کوچە و بازاڕاندا ڕایەشت، نێو و تاوانی ئەو کەسانەی لە ملیان دەدرا ئاشکراکرد.**

**حوسۆی ئاسنگەر لە داخان شێت و هاربوو، کوتکاسنی بە دەستەوە، وەکو تۆپەڵ تورەیی و ڕك هاتەبەر دەرکەی سەرایێ قیژاندی، گرماندی:**

**" ئەمە زوڵم و بێ دادییە پاشا، ئەم ستەم و زۆرداریییە، ئەم بێ دادی زۆرداریییە هەر وا بۆ بەسەر ناچێ. هەر وا درێژە ناکێشێ. ئەسپ ئەسپی خۆتە پاشا. ئەتۆ شایەنی ئەو ئەسپەنی، بەڵام ئەسپی تۆیە. من درۆناکەم، ئەمن بە دەستی خۆم ئەسپەکەم هێنایەوە پاشا، ئەسپ ئەسپی تۆیە"**

**پاشان چوو دەستەڕیشەی ئەسپەکەی لە ئاڵقەبەندی دەرکەی سەرایێ ترازان و لێی گەڕاو، گوتی:**

**" تۆشایستەی ئەو ئەسپە نی پاشا. تۆ شیاوی مرۆڤایەتی نی پاشا... تۆ، تۆ، تۆ، شیاوی نی. " .. )**

(( ئەفسانەی چیای ئاگری، ل ٨٤، ٨٥ ))

ڕۆماننووس، لە ڕۆمانی "مارەکەیان بکوشتایە" ئەو سیاسەتە پاشا گەردانییە پیشان دەدات کە ڕوو بەڕووی نەتەوە و خاکێکی داگیرکراو دەبێتەوە بۆ نموونە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی چەندین پیاوی تێدا دەکوژرێت و چەندین بەرەباب و هۆز دەستییان دەچێتە خوێنی یەکتر، بەمەش هیچ مانایەك نامێنێتەوە بۆ ئاشتیی کۆمەڵایەتی. لەم بارودۆخەشدا حکوومەت وەك تەماشاکارێك سەیردەکات و ئەم خوێنڕشتن و ماڵ وێرانییەش وەك یارییەك سەیر دەکات، و دەسەڵاتی یاسا و دادگاکان پەك دەخرێن و کەس خۆی بە خاوەنییان نازانێت. بێگومان ئەم جۆرە سیاسەتەش حکوومەت بە ئەنقەست پێڕەوی دەکات، و ئەوەی ماڵی وێران دەبێت و خوێنی دەڕژێت و دەکوژرێت هەر کوردە! لەوە باشتر هەیە بۆ ئەوان کوردەکان خۆ بە خۆ بکەونە گیانی یەکتر و یەکتر تەواو بکەن!

**( داپیرە: "دەبێ بکوژرێت، بچێتە نێو سندووقی ئاسنین ئەمەش پێش مردنم دەبێ بکوژرێت.".**

**"ئەسما" دەیزانی ئەمڕۆ بێ سبەی بێ هەر دەیکوژن. شەوان تاکو بەیانی لە ترسانا خەوی لێ نەدەکەت. لەم ماوەیەدا بێ ئەوەی کەسێك پێی بحەسێ مستەفا شەو درەنگ دەهاتە کن ئەسما، لێی دەپاڕایەوە، دەیگوت... دەستما بە خوێنامەکە ئەوەندە لەم دێیەدا خوێن ڕژا گەیشتە بینە قاقامان دەبا بەس بێ... بڕۆ خوشکێ بڕۆ، چی دەبێ گەر بڕۆی دەستمان بە خوێنا نەکەی، تاکو تۆ ماوی ئێمە خۆمان بە مردوو دەزانین... بە بەر چاومانەوە براکەمانت بە دۆستەکەت بە کوشت دا... بڕۆ....)**

(( مارەکەیان بکوشتایە، ل ٢٥))

یەشار کەمال، نەخشەی سیاسەتی حکومەتی تورکیامان بۆ دەکێشێت، دەرهەق بە کورد و شارەکانی. بۆ نموونە تاکی کورد مرۆڤبوونی خۆی لە دەست داوە ئاوا پەڕاوێز خراوە کە نەزانێت خانوو و شوێنی حەوانە مانای چییە، بۆیە ئەم تاکە زۆر ئاساییە لەگەڵ ئاژەڵان سەر بەیەك بکەن و لەگەڵ ئەواندا بخەوێت.

**( لە سەلیمم پرسی: "ئەم خانووە تۆ کردووتە"**

**سەلیم: "بەڵێ من کردم، جێمان نەدەبووەوە. لەگەڵ ئاژەڵەکان دەنووستین.. کە چوومە"سلیڤان" لەوێ، چاوم بە خانوو کەوت کە گەڕامەوە ئەم خانووەم دروستکرد"..**

هەروەها ڕۆماننووس، شارێکی دێرینی وەکو"بایەزیدی" کوردان، وا پیشاندەدات کە ئاوا کوێر و وێران بۆتەوە، ناسنامەکەی خۆی وونکردووە نە لە شار دەچێت و نە لە دێ.!

ئەمەش پەیوەستە بەو سیاسەتە ڕەگەزپەرستانەی تورك کە نەك لە نێوان مرۆڤەکان جیاکاری دەکەن، بەڵکو لە ڕووی بونیادنان و ئاوەدانکردنەوەش واز لە سیاسەتی تەسکبینانەی خۆیان ناهێنن.

**( ناتوانی بەبایەزید بڵێی دێیە، شاریش نییە، وەك شتێکی بێ ڕۆح لە ژێر پێی ئاگریدا ڕاکشاوە. خەڵکەکەشی هەروان، بە ئاشکرا نەداری و هەژارییان پێوەدیارە)**

(( گەمییەکەی نووح، ل ١٠ ))

ئیمپراتۆری عوسمانی، سیاسەتێکی جیاخوازانەی ئاوا پێڕەودەکات کە هاوڵاتیانی ژێر ڕکێفی خۆی بۆ چەند ئاست و پلەیەك دابەشدەکات، و لە ماف و ئەرکیشدا جیاوازن. تەنانەت دەسەڵاتدارانی عوسمانی ئەوە بە هەندێك نەتەوە ڕەوا نابینن کە ناسنامەی باری شارستانێتییان بۆ دروست بکەن.

دیارە ئامانجی ئەمەش مەبەستدارە، بۆ ئەوەی تاکەکانی نەتەوە بە خاك و نەتەوەیەکەیان نەبەسترێنەوە، و لە زێدی باب و باپیرانییان هەڵبکەندرێن، و هەمیشە بە سەرگەردانی و پەژموودەیی و کۆچبەری، سەرلەبەری ژیانییان بەرنە سەر. ڕۆماننووس ئەم سیاسەتەی ئیمپراتۆری عوسمانی بەم شێوەیە دەخاتە بەر دیدی وەرگر.

**( تا شەش مانگ پێش ئێستا، ئێمە ڕۆژانە سەد، سەد و پەنجا تۆمارمان دەردەکرد، کۆچبەرەکانیش دەفتەرنفووسیان نییە، تازە ئەگەر هەشیان بێ بە دەرد ناخوا... هەندێکییان لە قەفقازەوە دێن هەندێك لە لازستان و کوردستان و هەندێکیش لە باشوور و بیابانەکانی عارەبستانەوە. لێرە هەر دەفتەرنفوسمان داوەتە سودانیە پێپانەکان ئەو ڕەشانەی کە لێوێکیان لە عەرد و یەکێکیان لە ئاسمانە و هەم جێگاشمان داونەتێ ).**

(( بڕوانە فورات خوێناویە، ل ٦٢ ))

ئەستەنبۆل، ئەوشارە دڵگیرو گەورەیەی تورکیا کە چەندین نەتەوەی جیاوازی لێدەژیت، بە لای یەشار کەمالەوە بۆتە شاری ڕێگر و چەتە و مافیاکان بێگومان ئەمەش پەیوەستە بەو سیاسەتەی کە حوکمەتی تورکیا پەنای بۆ دەبات و پێڕەوی دەکات، و ئەو بێسەروبەریەی ڕووی لەم شارە کردووە تایبەتمەندی و خەسڵەتی مێژوویی شارەکەی تێکداوە و ناشیرینی کردووە. هەموو ئەمەش لە پێناوی ئەوەی ببێتە شارێکی گەشتیاری و حوکمەتیش ماڵ و داراییەکەی بۆ خۆی گڵبداتەوە.

**( ئەستەموليش، ئەوانەی لە ئەستەمبوڵدان، چاوی یەکتر هەڵدەکۆڵن، یەکتر دەکوژن، بانك دەدزن... زەنگێکی ترسێنەر، قەتماغە پیسایی، ئاپۆرەی نائومێدی، کەسانی نیوە ڕووتی هیچ و پووچ...، قاچاغچییە بچووکەکان، تاڵانکردن، دەست بۆ نامووس درێژکردن، قومارخانەکان، جگەرە و وێسکی، ئامێری ئەلیکترۆنی قاچاغ، ئەو پارانەی وەك ئاو خەرج دەکرێن، برسیەکان، نێربازەکان، ئەو پۆلیسانەی بە بێ ڕەشوەت هەنگاو هەڵناهێنن، کەچی پاسەوانی کۆشکی سۆزانی خانەکان دەکەن، باندی پیاوکوشتن، پیاوکوژەکە بەر دەدەن و لێپێچینەوە لەگەڵ کوژراوەکە دەکەن، لە ئاست پیاو کوژ و قاچاغ و گەندەڵی چاو دەنوقێنن...)**

(( دەریا تۆرا، ل ٣٥١، ٣٥٢ ))

## سیاسەتی ڕەگەزپەرستی، بەمەبەستی تێکشکاندنی نەتەوەیەك

ڕەگەزپەرستی وەك دیاردەیەکی ترسناك و قێزەون و دوور لە ڕەوشتی مرۆڤەکان، بۆتە مەترسییەکی گەورە بۆسەر ئاشتەوایی و پێکەوە ژیانی گەلانی جیهان ترسی زیاتری دیاردەکە لەوەدایە، دیاردەکە لەچوارچێوەی چەند دروشم و لۆگۆو بیرکردنەوەو نووسین و... هتد دەرچووە، و سەریکێشاوە بۆ توندوتیژی و تاڵان و کوشتن و بڕین و کۆمەڵکوژی و ڕەشکردنەوەی ئەوانیتر... هتد.

ئاشکرایە دیاردەکەش ڕووبەڕووی نەتەوەی ژێردەستە دەبێتەوە لەلایەن نەتەوەی سەردەستەوە، و هەرچۆن بۆی بلوێت دەیەوێت ئاوا بیچەوسێنێتەوە و لە کەمترین مافەکانی ژیان بێبەری بکات، و بیخاتە بازنەی دوور لە مرۆڤایەتییەوە. ڕەگەزپەرستی وەك نەخۆشییەکی درێژخایەن دوژمنانی کورد خوویان بەم دیاردەیە گرتووە، و بەردەوام دەرهەق بە نەتەوەی کورد، بێبەزەییانەو دوور لە ڕەوشتی مرۆڤانە پێڕەوی دەکەن. نابێتە زێدەووتن ئەگەر بڵێین نەتەوەی کورد لە هەمبەر ڕەگەزپەرستی زۆرترین قوربانی داوە، و بۆتە خۆراکی هەمیشەیی ئەم دیاردەیە.

هەرچەندە یاسای نێو دەوڵەتیش جەخت لە بەرەنگاربوونەوەو نەهێشتنی ڕەگەزپەرستی دەکات، بەڵام لێرەو لەوێ ئەم دیاردەیە بوونی هەیە و ڕەگی بنبڕ نەکراوە. ئەوەی لێرەدا جێی بایەخی ئێمەیە لەبەرهەمە ئەدەبییەکان ڕەگەزپەرستی خراوەتە بەر نەشتەری نووسەرو ئەدیبان بەتایبەت ئەوانەی لەسایەی ئەم دیاردەیە چەوسێنراونەتەوەو تووشی کۆت و بەند و بەندیخانە بووینە، ئازادییە سەرەتاییەکانیان لێزەوتکراوە. بۆیە ئەمانە زیاتر هاواریان لێهەڵساوە، و هەرچۆنێك بێت و بە هەرچ شێوازێك بێت، دژی ئەم دیاردەیە دەوەستنەوە وەڵامی ڕەگەزپەرستان دەدەنەوە لەڕێی گوتاری ئەدەبەوە.

یەشار کەمالیش وەك نووسەرو ڕۆماننووسێك، ئەم دیاردەیەی چەندینجار ڕووبەڕووکراوەتەوەو بۆتە ئامانج لەلایەن ڕەگەزپەرستانەوەو دوژمنانی دژ بەئازادی و یەکسانی. بۆیە هەر لەزووەوە پڕ بەقورگی هاوار دەکات و دەڵێت ( ئێمە چ دەڵێین؟ دەڵێین یەکسانی هەبێ ئینسان وەکو دیل نەژی. مرۆ ئازادو سەربەخۆبێ)(٥٥). مرۆڤەکان کە بەئازادی لەدایك دەبن ئیتر بۆچی هەرزوو لەلایەن شەمشەمە کوێرەکانی ئازادییەوە ئەم مافەیان لێدەسەنرێتەوەو ئەم دنیا پان و بەرینەیان لێبچووك دەکەنەوە، و ئاواتی هەرە گەورەیان ئەوەیە کەلەپچە لەدەستی مرۆڤەکان بکەن، و بیانکەن بە کۆیلە و دیل و دەست و پێوەندی خۆیان. کەواتە لەمبارەشدا هاوسەنگی نێوان مرۆڤەکان تێکدەچێت، و یەکسانی لەنێوانیان نامێنێت، چەوسێنەر دەستی واڵا و سەربەخۆ دەبێت، و چەوسێنراویش دەبێت بەبێ سەربەخۆیی هەڵبکات و بژی. چونکە ئەمە ویستی ڕەگەزپەرستی و پێڕەوکارانییەتی.

نەیارانی کورد، بۆ چەوساندنەوەی نەتەوەی کورد هەموو ڕێگەو ئامرازێکییان گرتوتەبەر، بۆئەوەی جاڕی ڕەگەزپەرستی و هەرەسهێنان بکەنە بەشی کوردان و مەرامە گڵاوەکانیان بێننەدی. کورد بکەن بەنۆکەر، و خۆیان بە ئاغا. کورد پاشکۆ و پاشکەوتە بێت، و خۆیان پێشڕەو و پێشکەوتوو. کورد کۆنەخواز و خۆیان نوێخواز. لەکاتێکدا ئەمانە تەنیا وا لە هەڵپەوهەڵوەدای بیری ڕەگەزپەرستی و کۆنەپەرستی، و ڕەتکردنەوەو

ڕەشکردنەوەی کوردن ( وا لەم بارەداو دەستەیێ کۆنەپەرست، کە گۆیا میللییەتچی، تۆرانچی، مقدساتچییان پێ دەڵێن، پەیدابوون. ئەمانە چ بڵێن باشە؟ ئێمە ڕەگەزپەرستین، میللییەتچیم. چاکە، خاسە، بڕۆن ببن. کارێکی لەبارە. ڕەگەزی تورك لەسەرووی هەموو ڕەگەزەکانەوەیە )(٥٦). کاتێك تورکان دەیانەوێت ڕەگەزپەرستی خەستبکەنەوە لە دیاردەوە بیکەن بە پڕۆسەیەکی بەد، ئەوا دەبێت شەرعییەت بەم کارە ناشەرعییە بدەن. بۆیە پەنا بۆ مەسەلە نەتەوەییەکان دەبەن، پێیانوایە هەر ئەوان نەتەوەیەکن خاوەن ئیمپراتۆریەت بووینە، و سەرداری سەرتاسەری نەتەوەکانی دنیان. بێجگە لەمەش دەیانەوێت بەپیرۆزی سەیربکرێن! ئەدی هەر ئەوان نین میراتگری ڕاستەقینەی ئایینی ئیسلام و خەلیفەی ئیسلام!. بەڵام ئەوەی مایەی تێرامانە ڕەگەزپەرستی، نە لەگەڵ لۆژیکی نەتەوەیی خوازییەکی میانڕەو هاوڕێ و هاوڕان، نە لەگەڵ هیچ لە ئایینە پیرۆزەکان دەگونجێن.

ڕەگەزپەرستی، بیرکردنەوەو بیرۆکەی مرۆڤی ئاسایی نین، بەڵکو ئەوانەی پەنا بۆ ئەمجۆرە خراپەی گوزارشتکردن دەبەن لە نەتەوەو بنەماکانی، مرۆڤی ئاست و دەروون نزمن، ئەگەر بێت لێیان وورد بینەوە دەبینین بەجۆرێك لەجۆرەکان کێشەی خودییان هەیە دەیانەوێت بەهەر چەشنێك بێت ئەو ناخۆشی و نەخۆشییەی ناخ و دڵ و دەروونی ئاگر ئاسا بڕژێنن بەسەر ئەوانیتردا و بیان سوتێنن. بۆیە لە ڕوانگەی ڕەگەزپەرستانەوە ( جیاوازی گرفتێکە کە یان دەبێ بۆ هەمیشە جێگیربێ یان بەتەواوی لەنێو بچێ)(٥٧). جیاوازییەکان لەچوارچێوەی مرۆڤایەتیبوون، یەکێکە لەکارە هەرە جوان و ئافراندنە هەرە نایابەکانی پەروەردگار، و مۆرکێکی مرۆڤایەتییە و لایەنی جیاکەرەوەو جوانی مرۆڤەکانە لە بونەوەرانیتر. ئەگەر هەموو مرۆڤەکان وەکیەکتربن و وەکیەك بیرانکردبایەوە، و ڕەنگیان وەکو یەك و دەنگیان وەکویەکبوایە. ئایا مرۆڤبوون چ مانا و بەهایەکی دەما کە مایەی تێرامانبووایە؟ بێگومان نەخێر. واتە جیاوازی چ لەفەرمانکردن لەلایەن پەروەردگارەوە، و چ لەلایەن ئەوانەی باوەڕیان بە مرۆڤایەتیبوون هەیە. مەرجێکی بنەڕەتی بەمرۆڤبوونە، ئینجا ئەو مرۆڤبوونە و جیاواز بوونە چ لە ناوەوەی وەك دڵ و گیان و ناخ و دەروون، و چ لە دەرەوەی وەك ڕەنگی پێست و باڵاو ڕووخسارو... هتد ڕەنگبدەنەوە. جیاوازی نێوان مرۆڤەکان، بەبڕوای ڕەگەزپەرستانەوە نابێت وەك خۆی تەماشابکرێت و لێکدانەوەی بۆبکرێت، بەڵکو ئەوان وەك هەر گرووپ و دەستەو تاقمێکی توندو تیژ و خوێنمژ بیر دەکەنەوە و کاردانەوەیان دەبێت. بۆیە لەگەڵ ئەوەدان ئەم جیاوازییە قووڵبکەنەوە تاڕادەی ئێسقانشکاندنی بەرامبەرەکانییان، یاخود لەناوبردنی یەکجارەکی ئەم جیاوازییە تا ڕادەی نەهێشتنی هیچ شوێنەوارێکی بەرامبەرەکەیان. واتە ڕەگەزپەرستان جیاوازی نێوان مرۆڤەکان بەچارەسەری پرس و مەسەلەکان نابینن، بەڵکو بە ڕوانینی ئەوان ئەم جیاوازییە مایەی گرفت و ئارێشەیە و لەمپەرە لەبەردەم بیرو کردەوەکانییان، و هیچ چارەسەرێکی ناوەنجییان پێنییە بۆ جیاوازی، و ئەوانەی پشتگیری لە بیرو دروشمەکانیان دەکەن و هەرگیز نەڵێن ئێمە بوونمان هەیە، ئەوا بە دۆستی خۆیانیان دەزانن، بەڵام ئەگەر پشتگیرییان نەکراو داوای مافێکی سەرەتاییان لێکراو پێیانگوترا ئێمە بوونمان هەیە، ئەوا بە دوژمنی سەرسەختیی خۆیان لە قەڵەمی دەدەن. ئای لەبەخت و تەختی کورد، کە هاوسنوور و هاوسێی هەرسێ نەتەوەی تورك و عەرەب و فارسە. بەڵام چ هاوسنوورێك لەجیاتی سنوورەکە بپارێزێت، سنوورەکە دەبەزێنێت و داگیری دەکات. ئەی چ هاوسێیەك لەجیاتی بنەمای هاوسێیەتی وەك هاریکاریو

خۆشەویستی و دڵنیابوون و سۆزداری و ئاشتی و تەبایی... هتد لێبکەوێتەوە گورزی کەمەرشکێن و گورچکبڕی لێدەکەوێتەوە ئەوەیە واقیعییەتی هاوسنووریی و هاوسێیی نێوان نەتەوەی کورد و نەتەوەکانیتر. هاوسنووریی و هاوسێیەتییەکیش بەمشێوەیە بێت، ئەوا گومان هەڵناگرێت بیری توندوتیژی و شەڕوشۆڕ و ئاژاوەو ڕەگەزپەرستی دەبێتە کارە هەرە لەپێشینەکانی ئەوان لە بەرامبەر نەتەوەی کورد. بۆنموونە ئاماژە بە تورکیا دەکەین ( لەمێژە لە تورکیادا بەتایبەتی لەپاش دامەزراندنی دەوڵەتی تازەی ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، واتە لەپاش دامەزراندنی کۆماری تورکیای سەر بە ئایدیۆلۆژیای ڕەگەزپەرستی کەمالیست، سەبارەت بەکورد بۆچوونێکی نەرێنی سەرتاسەریی باڵی کێشاوەتە سەر بیرو هۆشی خەڵکەکەی تورکیا)(٥٨). واتە ئەو سیاسەتە دژ بە مرۆڤایەتییەی تورکیا کە دەرهەق بەکورد پێڕەوی دەکات هەر لەچوارچێوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت ڕەنگینەداوەتەوە، بەڵکو بۆ خوارەوەش شۆڕبۆتەوە شەقام و خەڵکەکەشی گرتۆتەوە. گەورە ئاو دەڕژێنێت گچکەش پێی لێدەخشێنێت.

پێدەچێت هەر ئەوەشە وایکردبێت، بەردەوامبن لەسەر بیرکردنەوەی چەوت و سیاسەتی شێلگیرانەی خۆیان. بۆیە ئامادەنین دان بەمافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد دا بنێن و هەموو جۆرە دانوستاندن و دیالۆگێك ڕەتدەکەنەوە.دەکرێت بڵێین چ سیاسەتی دەوڵەت و چ بیرکردنەوەی خەڵکی تورکیا بەلەسمی گۆش و ڕامکراون، هیچ بنەمایەکی ساخڵەمی لەسیاسەت و بیرکردنەوەیان بەدیناکرێت. ئایدۆلۆژیایەکەشیان مۆرکی سڕینەوەو داگیرکاری بەخۆیەوە گرتووەوە تۆزقاڵێك هەست بە سازشی بوێرانەی تێدا بەدی ناکرێت، و دوورە لە هەموو هۆشیارییەکی نەتەوەیی کە مافی نەتەوەکانیتر زەوت نەکات.

بۆ پشتڕاستکردنەوەو جەختکردنەوە لە قسەکانمان، لێرەدا پێویستە بەڵگە بهێنینەوە و ئاماژە بەچەند قسەو پەندێکی تورکی بکەین، و بزانین بەشێوەیەکی چەند جوان! لە قسەو پەندەکانیان گوزارشت لەنەتەوەی کورد دەکەن و بەچ هەستێکی قووڵی برایانە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەن ! بۆنموونە تورکەکان دەڵێن: ( ئاغاغچەتەمەشە، کوردەن پەشا ئۆلەمەز = لە دارماشەو لەکوردپاشا دروست نابێت، کرۆ، فرۆدەرلەر، یغلب سەنی یللەر = کرۆوفرۆ- گوایە هەتا ناوەکانیشمان لەناو ناچێت و لەیەك دەچن، کۆبوونەتەوە بۆئەوەی تۆبخۆن!، کورد کورد قچنە دۆرت، یاغنی چەکەرباشنە سورت = کورد کوردی چوارپێی هەیە، ڕۆنەکەی ببەو بیرژێنە سەری، کورد قرمزی سیوەر = کورد حەز لە سوور دەکات واتە وەکو گایە، کورد قسمندە عەقڵ یۆغ = لەناو کورددا عەقڵ نییە، کورد ئیلە ئیتن ئەڵڵاهی بیردر = کوردو سەگ یەك خوایان هەیە، کورد ئەڵڵاهی یۆغتر = کورد خوای نییە، ئەڵڵە کوردلەری یاراتمش، داغلەر خاڵی قالماسن دیە = خوا بۆیە کوردی دروستکردووە تا شاخەکان بەچۆڵی نەمێنێت.، کورد ئۆنجەبەماغنی کۆپاگنەیدرر، ئەرتەکالانی کاندیسی یەر = کورد لەپێشا خواردنی خۆی دەدا بەسەگەکەی، ئەجا ماوەکەی دەخوارد. گاورە باکنچە، کورد موسڵمان = تۆ تەماشای گاور بکەیت ئەوجا دەزانی کورد موسوڵمانە!)(٥٩) ئەگەر خوێندنەوەیەکی خێرا بۆ هەندێك لەم پەندە پەلۆخ و گەمارانە بکەین، دەبینین هەریەکەیان بەشێوەیەك لەشێوەکان توانج و پلار لەتاك و نەتەوەی کورد دراوە. کوردییان لێ بۆتە گیانەوەرێکی دڕندە و دێوەزمەیەکی ناقۆڵا ! بۆیە تورکانی ڕەگەزپەرست لایانوایە هەرگیز سەرکردەو پادشا

لەکوردان پەیدانابێت و بۆ هەمیشەیی بەمشێوەیە دەمێننەوە. تاکی کورد کە لەگەڵ یەکتر کۆبوونەوە ئەوا دەبنە درندەو هەر بەشی خۆیان ناخۆن، بەڵکو بەشی ئەوانیتریش دەخۆن، و کورد لەگا دەچێت هەرشتێکی بەرچاو بکەوێت و لەگەڵ سروشتی ئەوا دانەبێت ئەوا ئامادەیە تەخت و وێرانی بکات. واتە کورد خاوەنی ئاوەزی خۆی نییە بەڵکو حەز و ئارەزو چۆن بێت ئاوا دەڕوات بەرێوەو بیر لەهیچ شتێك ناکاتەوە. لەلایەکیتر ڕەگەزپەرستانی تورك، کورد بەهاورێ و هاوپۆلی سەگ دەچوێنن بۆ ئەمەش ڕەهەندێکی ئایینی لەدوواوەیە، کە سەگ گڵاوە، کەواتە کوردیش گڵاوە!. بۆیە کورد نەخوای هەیە و نەخوا دەناسێت لێرەدا دەیانەوێت لەپەنای ئایینەوە خزمەت بە مەرامە گڵاوەکانیان بکەن و هێندەیتر پێداگری لەسەر توندڕەوی ڕەگەزپەرستییان بکەن و لەکەسایەتیی کورد کەم بکەنەوە. هەروەها ڕەگەزپەرستان جەخت لەوە دەکەنەوە تەنیا شاخ دەتوانێت کورد لە خۆبگرێت چونکە دەمارگرژ و شێت و دێوانەن، و بۆ هەمیشە ئارەزوو دەکەن لە پەراوێزی ژیانەوە بژین. هیچ نەوایەکیتر شایەن بەکوردنییە جگە لەشاخەکان!. ئینجا جەنابییان ئاماژە بەوە دەکەن کە کورد لە گاوڕان خراپترە باشترنییە. پێویستە لێرەوە هەڵوەستەیەك بکەین، مەبەستی تورك لە گاوڕان، بابەتێکی دیارو ئاشکرایە و پێویست بەڕوونکردنەوە ناکات کە ئامانجییان نەتەوەی ئەرمەنە، بێگومان ئەوانیش کوردئاسا بێبەشنەبوونە لەسیاسەتە چەوتەکانی دەوڵەتی تورکیا، کە دووچاری جینۆسایدو دەربەدەری و وڵات وێرانکردنبوون لە ئەنجامی ڕەگەزپەرستی تورکان. بەڵێ ئەمە مشتێکە لە خەرمانێك، ئەمە بیرو ئاوەز و هۆشی نەخۆشیی بەشێك لە تورکان لەهەمبەر کورد، سیخناخە بەم بڕواو باوەڕە چەوت چەوێڵانە، و شتی هیچ و پووچ و بێبنەمان و دەستکردو هەڵبەستراوو تۆمەتی ئەوانەو هیچیتر نین، بۆنەتەوەی کورد، کە هەرگیز مایەی قبووڵکردن نین. بەڵکو ئەوەی تورکان دەیگرنە بەرو ڕیکلامی بۆدەکەن پیاهەڵدانە بە قەدو باڵای تێکشکاوی لەمێژینەیان. فرمێسکڕشتنە بۆ کەلپزاییان.

ڕەگەزپەرستی دابەشبوون و پۆلێنکردنی مرۆڤانەکانە لەسەر بنەمای نەرێنی بۆ هێنانەکایەی شەڕانگێزی و ئاشوب و بەدێتی. جیاوازیکردن لەنێوانیان دەکرێت بە ئامانج، لەجیاتی ئەوەی جیاوازییەکان کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی تەواوترو چاکتر و جوانتر بکات، ڕەگەزپەرستی جیاوازییەکان دەقۆزێتەوە بەمەستی لاسەنگکردنی باری مرۆڤایەتی و نانەوەی دەردو پشێوی و پێکدادانی مرۆڤەکان .

بیانووی ڕەگەزپەرستیش بۆ گرتنەبەری سیاسەتێکی چەوتی لەم چەشنە، جیاوازی نەتەوەیی و پێست و پێکهاتەی بایلۆژی و جوگرافی... هتد چەندین بیانوویترە. لە ڕەگەزپەرستیدا ( مرۆڤەکان دابەشدەکرێن بەسەر ڕەگەز و جۆری جیاواز، لەو دەروازەیەوە ئەو بیروباوەڕە سەرچاوە دەگرێت کە ئەندامانی ڕەگەزێکی دیاریکراو، کۆمەڵێك بنەما دەکەن بەپێوەر وەك لێهاتوویی و زیرەکی و دابونەریت و کولتووری دەوڵەمەند... هتد بۆ درێژەدان بەم سیاسەتە. ئەمەش وادەکات باڵادەستی کۆمەڵێك و ژێردەستی کۆمەڵێکیتری بەرهەمبهێنرێت)(٦٠). ڕەگەزپەرستی نەخۆشییەکە ڕێك وەك چەشنی لووتبەرزیی و خۆبەزلزانین کەدووچاری گەلێك لەمیللەتان بووەو ئێستاشی لەگەڵدابێت ئامادەنین خۆیانی لێبپارێزن و چارەیەکی گونجاوی بۆ بدۆزنەوە. نەتەوەیەك یاخود کۆمەڵێك خۆیان بە گەورەتر دەزانن لە ئەوانیتر، و پێیانووایە ئەوان زیرەکترو لێهاتوو و شایستەترن لە ئەوانیتر، وڕەنگی پێستی ئەوان جوانترە لە ئەوانیتر، و ڕەچەڵەکی ئەوان ڕەسەنترە لە ئەوانیتر، و نەتەوەی ئەوان سەردارترن

لەئەوانیتر، و هێزی ئەوان زیاترە لە ئەوانیتر، و کولتووری ئەوان دەوڵەمەنترە لە ئەوانیتر، وزمانی ئەوان زیندوو و کاریگەرترە لە ئەوانیتر، و دابونەریتی ئەوان جوان و پێشکەوتووترە لە ئەوانیتر... هتد ئەم هەموو بەراووردانە و قووڵکردنەوەی جیاوازییانە، بەهۆی من و ئەو، ئێمەو ئەوان، سەد لەسەد بۆنی ڕەگەزپەرستی لێدێت و دوواتریش سیاسەتەکەی لێدەکەوێتەوە. ئەمەش ئایدۆلۆژیایەکی گەمار و دڕندانەو توندڕۆیانە بەرهەمدەهێنێت و باڵا دەست و ژێردەستە و سەروو مرۆڤ، و مرۆڤ و کۆیلەی لێدەسازێت. ئامانج لەمەش نەتەوەو کۆمەڵێك مرخی لە نەتەوەو کۆمەڵێکیتر خۆشکردووە بۆ ئەوەی بە دڕاندانەترین شێوەو ڕێگە بیچەوسێنێتەوە، لەبەرامبەر ئەمەشدا سوودو قازانجی ماددی و مەعنەوی بۆخۆی مسۆگەر بکات.

لە ڕەگەزپەرستی، جیاکاری دەبێتە ناوەندێك بۆ سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ئەم دیاردە یاخود سیاسەتە قێزەونە ئەم جیاکارییەش هەر لە تەنکاو ناوەستێت بەڵکو بەرەبەرە لەقوڵاییی نزیکدەبێتەوە، لەخاڵی قووڵایی نەتەوەوکۆمەڵەکان دەبنە کەڵەگەت و سەبیلتێکەر بەسەر ئەوانیتردا، و هەرخۆشیان ڕۆڵی میرغەزەب دەبینن و پێستەشییان بۆ گەمارگە دەبەن و ئەگەر بۆیانکراو و بۆیانچووەسەر ئێسقانەکانیشییان دەشکێنن و دەیهاڕن. ( هەرچەندە زۆرجار ڕەگەزپەرستی جیادەکرێتەو، لەجیاکاری لەنێوان نەتەوەو کۆمەڵەکان، بەڵام زۆرجار هەندێك پێناسەو بۆ ڕەگەزپەرستی شێوەو ناواخنێکی جیاکارییە جگە لە ئاماژەو ماناو لێکدانەوەو گرتنەبەری سیاسەتێکی چەوت و خراپ، ڕەگەزپەرستی هیچ بەدەستەوە نادات )(٦١) بەمانایەکیتر ڕەگەزپەرستی ڕەتکردنەوەی سەرلەبەری بیرو ئایدۆلۆژیای میانڕەوو مرۆڤدۆستانەیە، و بەسووك نرخاندنی ئازادیی بیرو لەکەدارکردنی ئازادی دەربڕینە لە هەموو بوارەکاندا. بەئامانجی ئەوەی هیچ خۆشی و شادی و خۆشگوزەرانی بۆ ئەوانیتر نەهێڵێتەوەو ئارامی و ئۆقرەییان لێهەڵبگرێت و بەرژەوەندیی نەتەوەیی و یاساو ڕێسایەکانییان ژێر پێ بخات، و شکۆو شانازییەکانییان تێکبشکێنێت، بەڵێ ئەم چەشنە بیرکردنەوەو لێکدانانەوە زادەی سەردەمە تاریکەکانی مێژوون، کە مرۆڤایەتیبوون هیچ نرخ و بەهایەکی نەبوو، و ئەوپەڕی دڕندایەتی هەژموونی خۆی سەپاندبوو.

# شیکردنەوەی دەقـــەکـــان

ئۆقچی ئۆغڵی، کە کارەکتەرێکی ڕۆمانی "تەنەکە"یەو دەست و پێوەندو نۆکەرو ئاغاو دەرەبەگێکی تورکە ڕەگەزپەرستەکانە، گاڵتەی بەئەقڵی کورد دێت و بەئەقڵێکی میزاجی وەسپی دەکات، پێیوایە ئەقڵێکە دوورە لەبیرکردنەوەو لێکدانەوەی شتەکان

**( حەمەعەلی کورد:**

**"قانوون هەیە، حکوومەت هەیە، قانوون هەیە، ئاودانی بەوچان و بەنۆرە هەیە، ئاودانی بەوچان و بەنۆرە ئەوەتا، دەڕۆژ ئاو بەردەیەوەو چل و هەشت سەعات بیگرییەوە. ئەوسا کێڵگە کزر دەبێتەوە. پێنج سەت مەترێ لێوە دوورە، هەرچی ئاودانی بێ وچانە، وچانی تێدانییە، بەڵام ئەوسا سێ هەزار مەترێ گوندی لێوە دوور دەبێ".**

**ئۆغچی ئۆغڵی بەتەوس و تیرەو سەیرێکی حەمەعەلی کردو هات و لەبن کەپرەکە دانیشت. ئارەقی شین و مۆری دەردابوو. گوتی:**

**"ئەقڵی کوردە. ئەقڵی بەشتێکەوە گیرنەخوا، ئیتر نایبڕێتەوە. ئاوەدانی بەوچان و بێ وچان ".)**

(( تەنەکە، ل ٤٠ ))

ئەمجارەیان کوردەکان، لەتێڕوانین و تێگەیشتنی ئەو ڕەگەزپەرست و دەرەبەگانە، کوردەکان دەبن بە ڕێگرو شێت، و خەڵکییان لێهاندەدرێت دەستییان لەگەڵ تێکەڵ نەکەن و پەیوەندییان لەگەڵدا نەبەستن و وا دەزانن کوردەکان جۆرە زیندەوەرێکیترن و لە ئەستێرەیەکیترەوە هاتوون

**( چەڵتوکچێنەکان ڕەسوڵەفەنییان بەیەکێ لەخۆیان دەزانی. هەموو سڕوتڕێکییان لەکن دەدرکاند، پرسیان بەو دەکرد، خۆ جارێ ئۆقچی ئۆغڵی تەنیا ئومێدی هەر ڕەسوڵەفەنی بوو.**

**دەیگوت پێی بڵێ بەرۆکم بەردا، گەڕی لەگەڕم نەئاڵێنێ. لەگەڵ حەمەعەلی کورددا دەست تێکەڵ نەکا، ڕێگرە، کوردێکی شێتە.")**

(( تەنەکە، ل ٧ ))

ڕۆماننووس، پێیوایە سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی تورك جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەموو خەڵکی دەبێت قەرزارو منەتبارو سواڵکەری دەستی ئەوانبن. یەکێك ئەگەر لەتورکیا، نانێکی کردە دوو لەت و لەتێکی لێخوارد، پێویستە ملکەچی خۆی بسەلمێنێت و ئەگەرنا نمەکی ئەوان دەیگرێت، لەهەمانکاتدا خوێنی ئەوان خالیسەو خوێنی خەڵکان و نەتەوەکانیتر ناخالیس و پیسە! ئەوە شان و شکۆ و ڕەنجی تورکەکانە، کە سەرجەم مرۆڤایەتی لەسەرپێی خۆی وەستاوە، و ئەگەر ئەوان نەبوونایە دنیا ڕووناکی و ئازایەتی بەخۆیەوە نەدەبینی. بەڵێ، ئەمانە بیروبیرکردنەوەی تورکە ڕەگەزپەرستەکانە، کە حەمەدۆك و هاوڕێیانی بەکافر دادەنێن و بەسەگ دەیانچووێنن و لەخوێن و دەمارەکانییان ناپاکی دێت و دەچێت! بەس و تەنها لەبەر ئەوەی داوای مافی زەوتکراوی خۆیان دەکەن.!

ئەم ووتانەو ووتەیتر لەزاری "سەرۆکی شارەوانی" دەبیستین کە دەڵێت:

**(" مردن بۆکەسانی وەك حەمەدۆك کە نان و نمەکی ئەم نیشتمانەیان کردووە بەڵام کوڕە لێوەشاوەکانی ئەم وڵاتە بەرخەنجەر دەدەن و چاویان هەڵ دەکۆڵن و دەیانکوژن."**

**"بمرن."**

**"بەلەعنەت بن."**

**"بەلەعنەت بن........"**

**"ڕەگەزی ئێمە..." کە هەموو خەڵکەکەی بەجارێك هەژاند: "ڕەگەزی بەرەژوورترەو لەهەمووشمان بەرەووژوورتر، پیاوە ئازاکانی ئێمەو وڵاتەکەمانە کەلانەی پیاوانی ئازایە.... خوێنی خالیسی ئێمە کە وەك ئاوی کانی خاوێنە. ڕەگەزی حەیاتمان باڵاترین تیرەی ڕەگەزی ئێمە کەبەئاسیای نێوەڕاستەوە بۆخۆیان چادرەمووییەیەکیان کردە کۆشکێکی بەرز. ڕەگەزی ئێمە ئەو ڕەگەزەیە کە ئاڵای نیشتمانی هەڵ کرد. ئەگەر ئێمە نەبووبایین، ئەگەر ئێمە نەبووایەین"...**

**"ئەگەر ئێمە نەبووایەین دنیا لەڕووناکی و ئازایەتی بێ بەش دەما. ئەمە بەرەی بەشکۆی ئێمە بوو کەخەڵکی دنیای کردە بنیادەم... ئەگەر ئێمە نەبایین دنیا پەکی دەکەوت... ئێمە ناوی خۆمان لەمێژوودا بەخەتی زێڕین تۆمارکرد. ئێمە مانگ و ئەستێرەمان لەئاسمان و لەسەر شاخەکان هەڵا کەند. هەرکەس هاتە سەرڕێمان تێکمان شکاندو ئەوەی پەناشی بۆهێنایین ئەوەندەی سەرەموویەك ئازارمان نەدا. سەرانسەری جیهانمان لەڕۆژهەڵات تا ڕۆژئاوا گرت، بەڵێ هاوڕێیان. ئێوە لەبەرەیەکی ئاوان. چۆن دەکرێ لەبەرەو ڕەگەزێکی ئاوا کافری وەك حەمەدۆك پەیدابن؟ ئەگەریش پەیدابن، ئەم سەگانە کەخوێنی ناپاك لەدەمارەکانیان دادێت و دەچێت، تووشی ئەم ڕۆژە دەبن..)**

(( حەمەدۆك، ب٤، ل ١٨٠ ))

سیاسەتی ڕەگەزپەرستی، کەسەردەکێشێ، هەردڵە بۆگەنەکەی بەوە ئاو ناخواتەوە کە تەنیا نەتەوەی ژێردەستەبکاتە نێچیرێکی چەور، بەڵکو دوورتر دەڕوانن ئەگەر بۆیان بلوێت و بکرێت نەتەوەیتریش دەکەن بەئامانج. ئەی ئەوەنییە تورکەکان هەربەوە ڕازینین کە کورد و ئەرمەن بکەن بەنێچیری خۆیان و لەباریەك هەڵیانوەشێننەوە. بەڵکو چاویان لەوەشە ئەگەر بۆیان بکرێت ئەڵەمان و ئینگلیزەکانیش بەدەردی کوردو ئەرمەنەکان بەرن، و وایان بەسەربێنن تاکێکی ساغیان لێقوتارنەبێت. لەکاتێکدا ئەو ڕەگەزپەرستانە ئاوا بیردەکەنەوە کەچاوی میللەتێك بەسندوقێك داودەرمان قەپات بکەن، و لەلایەك داودەرمان ناردن و سارێژکردن، و لەلایەکیتر هەڕەشەو گوڕەشەو چاو لێسوورکردنەوەو زامدارکردنی هەست و سۆزی خەڵکەکە. ئەمە لەزاری "عوسە"ی کارەکتەری ڕۆمانەکەوە دەبیستین.

**( کوڕە ها. لەڕوو وەستانی کوێخا، سەرەڕۆیی لەگەڵ گەورەی گونددا، یاساو دۆزشێوێنی. کاك دەلی بەکر زۆر بەئەزموونە، زۆربە ئاوەزو ئاقڵەو پیاوێکی تابڵێی لێزان و چازان و شارەزایە. دنیا دیتەیە. هاوڕێ ی ئەڵەمانەکانی، لەسەفەربەردا پێیدەڵێن بەکرۆ، هەموو سەربازێکی وەك تۆبێ بستێ خاك لەڕووی زەویدا**

**نامێنێ، داگیری دەکەن نەئەڵمان دەمێنن و نەئینگلیز. ها ئەوە سندوقێ داودەرمان بەدیاری بۆگوندی ببەوە. بۆ گوندییانی ببەوە. دەردوئاهێویان لێ بەدوورخەوە. کێهەمان هێندەی دەلی بەکر لەزمانی ئاغاکانی چقورئاوا دەزانێ؟ )**

(( کاریتە، تائەودیوی چیا، ل ٧٢ ))

یەشار کەمال، گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کە ڕەگەزپەرستی و خۆبەزلزانی و کوشت و بڕو حەسیر مەیدانی تورکە ڕەگەزپەرستەکان کاریکردۆتەسەر پاشاو خان و ئاغاو بەگە کوردەکانیش، ئەمانەش لەهەمبەر میللەتەکەی خۆیان هەمان زەبروزەنگ دەنوێنن، و لەوکاتەی کوردەکان ئەو شەرەفە گەمار و گڵاوەیان پێبڕاوە کە بکەونە گیانی یەکتری، و یەکتر قەڵاچۆبکەن، داگیرکەران پشتییان لێکردۆتەوەو حەساونەتەوە. چونکە واهەست دەکەن هەر کرمی دارەکە، چاکتر دارەکە کلۆردەکات و ووشکی دەکات، و پێویستی بەکرمێکیتر نییە لەولاوە بێت و بۆی بچێت، بۆیە "یوسف"ی کوڕی "مەحموودپاشا"، ئەگەر تادوێنێ لەهۆی بینینی دڵۆپە خوێنێکەوە لە هۆش خۆی چوویێت و بووراببێتەوە، ئەوا ئەمڕۆ لای بۆتە شتێکی ئاسایی ئەگەر مرۆڤێك لەپێشی لەسەری بدرێت و سەری بپەڕێندرێت، یاخود لەنێوجەرگەی بازاڕی بایەزیدی شاری کوردان حەسیرمەیدان بکرێت .

**( یوسف لەپاش ئەو ڕووداوە زۆری کەرسواری بەرویشت سوارکراوی دیت. کەچی باکی پێنەبوو و مووشی پێ نەدەبزووت. لەقەڵای بایەزیدێ سەری زۆرکەسیان لەپێش چاوی یوسف پەڕاند. زۆرکەسیان لەمەیدانی بازاڕی بایزیدێ بەزنجیر حەسیرمەیدان کرد. هەر کەئەم کارەساتانە دەهاتنە گۆڕێ باوی بەجارێ لەخۆبایی دەبوو. شکۆو خۆبەزلزانی دەهاتێ، دەم و چاوی کۆنەپەرستانەتر دەبوو، چاوی وەچریسکە دەکەوت، بەژنی بڵند دەبوو، دەفەی شانی هەراوتر دەبوو و ئیدی دەبوو بەمرۆیەکی دیکە. لەودەمانەدا دەتگوت خۆی ڕووحان دەداو خۆی ڕووحان دەستێنێ. باوی لەودەمانەدا دەتگوت خواوەندێکە کەلەچیای ئاگرێرا بەهەزارو یەك گرمەو بروسکەو تریشقەوە هاتووەتەخوار. یوسف زۆری لا دەترسا ی، باوی باو نەبوو، ترس و لەرزێك بوو بۆوی).**

(( ئەفسانەی چیای ئاگری، ل ٩٥ ))

وڵاتە دیکتاتۆرەکان، وێنەی سەرکردە دیکتاتۆرەکانییان دەکەنە سیمبولێك نەك هەربۆخۆیان، بەڵکو بەزۆری زۆردارەکی دەیسەپێنن بەسەر ئەو نەتەوەو خاکەش کە داگیری دەکەن و بێنازی دەکەن و بێڕێزی بەرامبەر دەکەن. بۆیە زۆر ئاساییە ئەگەر ماڵێك یاخود شوێنێك هەڵینەواسێت، دووچاری لێپرسینەوەو سزادانی بکەنەوە

**(... دیوارەکان لەسەرەوە تاخوار بە تەختەی دارگوێز پۆشرابوو.. وێنەیەکی ئەتاتورك لەبۆشاییەکدا هەڵواسراوە... ئەتاتورك لەوێنەکەدا بەپێوە ڕاوەستاوە پێی ڕاستی بۆ پێشەوە هاوێشتووە، لەپشتییەوە گۆڵێك کشاوە، قامچییەکی بەدەستەوەیە، کەڵلەی ئەسپێکیش لە تەنیشتییەوە دیارە. چاوی شینێکی تۆخ دیار بوون...)**

(( مارەکەیان بکوشتایە، ل ٤٢ ))

ڕۆماننووس، بەشێوەیەکی ووردوجوان وەسپی وێنەکەی مستەفا کەمالی کردووە، و دیکتاتۆرییەت و توندڕەوی و تۆرانچێتی ئەوی بەرجەستە کردووە.

یەشار کەمال، ئەو سیاسەتە نادروستە ڕەگەزپەرستییەی تورك دەخاتەڕوو لەهەمبەر کوردان، و ئەوەشی ساغ کردۆتەوە ڕەگەزپەرستی هەر لەلایەن دەسەڵاتدارانی سیاسی تورکەوە پێڕەوناکرێت بەڵکو شۆڕبۆتەوە بۆنێو خودی خەڵکە ئاساییەکەش ! هەر خودی کوردیش بەم سیاسەتە چەوتە نەسووتاوە، بەڵکو مەسیحییەکانیش هەمان حاڵییان هەیە

**( دریژ گوتی: " با بمریت... بمرێت و نەمرێت من حاجی هەردەکوژم... با ئەم ئافرەتە کوردە ئەوەندە هەژار نەبووایە، بابمرێت، هەر بۆمردن باشە...من حاجی هەردەکوژم "..**

**خەیری گوتی: "هەژاری لەخواوەیە"**

**درێژ جڕتێکی بۆلێدا: "وادەزانی خوا پارەی هەیە" ..**

**سەمیع گوتی: "کوڕە وس بە، کافربووی"!**

**درێژ زۆر لەسەرخۆ گوتی: "نا... بەڵێ من گاورم"..**

**خەیری ڕووی دەمی لەمن کرد: "بڕوای پێ نەکەی.. درۆدەکات گاورنییە... ئەمانە کوردن." )**

(( باڵندەکانیش کۆچیان کرد، ل ٣٤ ))

حوکمەت، لەڕێی دەرەبەگ و دەست و پێوەند و شێخەکان، سیاسەتێکی چەوتی ڕەگەزپەرستانە پێڕەودەکات ئەوەی تورکە، یاخود بۆتە پیاوی تورکان یارمەتی دەدا، و تا ئەوپەڕی کارئاسانی بۆدەکات، ئەوانیتریش لەهەژارو ڕەش و ڕووت و کرێکارو جووتیاران، ڕۆژ بەڕۆژ دەپوکێنەوە، و بەهۆی هۆو ئامرازی نوێی کشتوکاڵییەوە جێیان لەق دەبێت و لەسەر کارەکانییان لادەبرێن.

**( " دەرەبەگەکان تراکتۆریان کڕیوە، ئیشیان بەخەڵکەکە نەماوەو دەریان دەکەن، زەوی و زار کەوتۆتە دەمی شێرەوە، گوندییان حاڵێکی خراپییان هەیە تۆ ئەمانە بنووسە.. مەسەلەی زەوییەکە بنووسە خێرت دەگات.. ماڵ و باڵی ئەم لادێیە ڕەش و ڕووتانە بنووسە."**

**"مام سلێمان ئەی شێخەکان لەبارەی حاڵی خەڵکەوە چ دەڵێن؟."**

**"شێخ؟! شێخەکان دەڵێن : ئەمە کاری یەزدانە، زەوی و زار هی دەرەبەگە بائەوەشت پێ بڵێم: کە خەڵکەکە برسی بوو ناچار دەبن لەشێخەکان نزیك بکەونەوە "..)**

(( گەمییەکەی نووح، ل ٩٨ ))

دروستکردنی دوژمنێکی ئەندێشەئامێز یەکێکە لەو کارە لەپێشینەییانەی کەڕەگەز پەرستان پەنای بۆدەبەن. بۆئەوەی بڵێین "شەلم، کوێرم، ناپارێزم، کەواتە ئەوەی لەگەڵ ئێمەدا نەبێت دوژمنی سەرسەختی ئێمەیە. ئەمەش ئەو چەواشەکارییەیە کە ئیمپراتۆری عوسمانی و دوواتر کەمالییەکان پەنایان بۆبردووە، بەتایبەت دەرهەق بەمیللەتێکی ستەمدیدەی وەکو کورد

یەشار کەمال، بەشێوەیەك ئەو ڕەگەزپەرستییەی تورکانی بەرجەستەکردووە کە لەهیچ کەلێن و قوژبنێکی ئەم دنیایە وێنەی نییە. بۆیە ڕەگەزپەرستی دەبێتە چەکێکی قورس و ترسناك و تۆقێنەر، کە تەنانەت مرۆڤە بێتاوان و گوناهەکان و ئاسکە کێوییە بەستەزمانییەکانیش لەنێودەبات و ئێسك و پروسکیشییان دەهاڕێت.

**( کەسێکی ئاوا سزاکەی تەنها مەرگە. ئەوزاڵمە خوێنمژە تۆزقاڵێك هەستی مرۆڤایەتی بەرنەکەوتووە تارۆژئاوا لەسەر تەپۆلکەکە دانیشت و ملازمی بردە نێو هەموو شەڕەکان، فەرمانی کوشتنی گشت ئاسکە کێوییەکان، عارەبەکان، کوردو کوردەئێزدیەکانی دەرکرد. بەبڕوای ملازم هەرکەسێك بکەوتبایەتە سەرڕێی، چ سەربازێکی ڕاکردوو چ هەرکەسێکی دیکەی چەکدار بەیاخیبوو دەژمێردرا دەبوا بکوژرابواو چەك و فیشەکەکانی ببونایەتە دەسکەوت و غەنیمەتی جەنگ. لای ملازم دنیا هەموو دوژمنی عوسمانی تورکان بوو. دەبوا هەرکەسێك ببوایەتە بەربەستی سەرڕێگای بکوژرابوا. ئەویش بەڕاستی وایدەکرد، هەرگیانلەبەرێك بهاتبوایە سەرڕێی بێ سێ و دوو لەناوی دەبرد.**

**ئاسکە کێویەکان، بەمێگەل لە میزۆپۆتامیا دەژیان. گەیشتنە مێگەلێکی ئاسکەکێویان،**

**ئاسکە کێویەکان پێڕانەگەیشتن خۆ دەربازکەن کە ملازم بەهاوارکردنەوە فەرمانی دا، لێدەن! ئاسکە کێویەکان بەسەریەکدا دەکەوتن غلۆر دەبوونەوە ).**

(( بڕوانە فورات خوێناویە، ل ٢٣٤ ))

سیاسەتی ڕەگەزپەرستی لە تورکیادا بەپلەیەك نەتەوەی کوردی کردۆتە ئامانج، و دەیەوێت و هەرچۆنێك بێت گیان و جەستەی تاکی کورد بەردەوام خوێنی گەشی لێبچۆڕێت، لەم بارودۆخەشدا تاکی کورد هەرنەبۆتە کوشتەی دەستی گەورە ڕەگەز پەرستان، بەڵکو ڕەگەزپەرستان بەبچووك و گەورەوە ئەم سیاسەتە قێزەونە دەقۆزنەوە بۆ بەرژەوەندیی ڕەگەزپەرستانەی خۆیان بەکاریدێنن. بۆنموونە لەلایەك فەرماندەیەکی سەربازی بڕیار دەردەکات ئەوەی کوردە بکوژرێت و دێیەکەی تاڵان بکرێت وەك مار سەریان پان بکرێتەوە. لەلایەکیتر سەربازەکان سیاسەتێکی نەرمتر پێڕەو دەکەن ئەویش لەبەر چاوی جوانی کوردان نییە بەڵکو بۆ سەرانەسەندن و لیرە کۆکردنەوەیە، و پیاوەتیکردنە بە ئاوی گەرماوە، گوایە یارمەتی و هاوکارییان دەکەن، چونکە هاوئاییبنییانن!

**( سەرکردەمان سالح پاشای ناو بوو تابڵێی پیاوێکی بەدخوو بوو... ئەگەر کوردێك سەربازێکی بکوشتایە ئەم پاشایە هاروشێت دەبوو، لەجیاتی هەر سەربازێك دێیەکی کوردی دەسووتاند و خاپووری دەکرد ئەو دێیە چەندی نێرینە تیابووایە، گوللە بارانی دەکردن، هیچ ئەقڵی نەیدەبڕی و بڕوای نەدەکرد ئەم گوندییە زمان لەدەم نەبوانە لە ئەتاتورکمان هەڵبگەڕێنەوە. شێت و هار دەبوو، دەیگوت: هەر کوردێکتان کەوتە بەردەست بیکوژن، کەسان لێ دەرمەکەن، ئەم مارانە سەریان پان بکەنەوە. سەربازەکان گوێیان لە قسەکانی ئەوان بگرتایە، ئێستا یەك کوردت لەتورکیا نەدەدی. ئێمەی سەرباز چیمان دەکرد، هەر کوردێکمان بگرتایە بەرەڵڵامان دەکرد، هاودینمانن؟. پاشا گەر بیژنەوتانە، خواعەلیمە سەرتۆڵەپانی وەك کوردەکان بەگوللە دەدا. هەندێ لە سەربازەکان دەوڵەمەند بوون، لە هەمتەقای ڕزگارکردنی کوردێك لیرەیەکی وەردەگرت ... )**

(( دەریا تورا، ل ١٠٣، ١٠٤ )).

ڕۆماننووس، پێیوایە نەتەوەیەکی ستەمدیدەی وەکو کورد هەر خودی ڕەگەزپەرستییەکەی بەرامبەر نەکراوە، بەڵکو بازرگانی بە دۆزە ڕەواکەشی کراوە و لەسایەی سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانەوە.

## پێڕەوکردنی سیاسەتی داگیرکاری تاك و نەتەوە و خاك

بەدرێژایی مێژوو داگیرکاری، وەك مۆتەکێك وابووە بەسەر تاك و نەتەوەی کورددا و بەردەوام بوونی هەبووە و تائێستاشی لەگەڵدابێت لێی ڕزگار نەبوو. لەهەر چاخ و سەردەمێکدا داگیرکاری بەشێوەی جیاجیا شوێنی بەتاك و نەتەوەی کورد لەقکردووە. لەهەموو بارەکاندا پێوەندییەکی ناهاوسەنگە و نا تەندروستە لەنێوان دەسەڵاتدارێك و بێ دەسەڵاتێك. ئەم چەمك و زاراوەیەش بەچەند جۆرێکی تەواوە جیاواز بەرچاومانکەوتووە و گوێبیستی بووین وەك ڕزگارکردن، ئیستعمار، داگیرکاری، ئازادکردن، دیسانەوە ڕزگارکردن... هەمووشییان بە مانای داگیرکاری دێت.

داگیرکارییش لەسەرەتادا لەهەنگاوی بچووك و سادەو ساکار دەستپێدەکات وەك ئەوەی ( وڵاتانی ئەوروپا بەردەوام پەلاماری وڵاتانی دەرەوەی ئەوروپایاندا بەمەبەستی داگیرکردنیان و مسۆگەرکردنی مادەی خاو بۆ کارگەو خانە پیشەسازییەکانیان و لەهەمانکاتیشدا دۆزینەوەی بازاڕ بۆ ساغکردنەوەی ئەو ئامێر و کەلوپەلە پیشەسازییانەی کە لەخۆیان زیادبوون)(٦٢) ئەوەی لەم چەند دێرە بەرچاومان کەوت دەکرێت سەرەتا و سادەترین پێناسەی داگیرکاری بێت خوێندنەوەی بۆبکەین. ئایا داگیرکاری هەر کردەیەکی سەربازی و ئابوورییە یان دوواتر سەردەکێشێت بۆ داگیرکاری زمان، ئەدەب، مێژوو، کولتوور، عەقڵ و هزر... هتد. بەڵێ تاك و نەتەوەی کورد هەموو بوارەکانی ژیان و گوزەرانی بەرشاڵاوی سەختی داگیرکاری کەووتوەو ئەزموونێکی تاڵی لەگەڵ ئەم حیکایەتە هەیەو بەم دەردەوە ناڵاندوویەتی. ئالێرەدا سێ هۆکاری سەرەکی و بەهێز دیاریدەکەین بۆ بەردەوامی پرۆژەی داگیرکاری لەهەمبەر نەتەوەی کورد.

هۆکاری یەکەم پێوەندی بە نەبوونی کیانێکی سیاسی سەربەخۆ هەیە، ئاشکرایە دەوڵەتی کوردی تا ئەم ساتەشی لەگەڵدابێت بەهەڵپەسێردراوی ماوەتەوە خاوەنی دەوڵەتی خۆمان نین، هۆکاریتر ڕاستەوخۆ بەندە بە پێنەگەیشتن و نا کامڵی هۆشیارییەکی تەواوی نەتەوەیی و هەست بە بەرپرسیارێتی نەکردن لەئاست ئەم هەست و هۆشە نەتەوەییەدا. ئەوەیترییان پەیوەستە بە پێکهاتەی سروشتی زەوی و خاکی کوردستان، کە پرییەتی لە سەروەت و سامانی بەهادار. کە ئەمەش بۆتە خێرو بەرەکەتێك بۆ وڵاتانی داگیرکار، و لەهەمانکاتیشدا ببێتە مایەی ماڵوێرانی و کاولکاری و سەرگەردانی بۆ وڵاتی داگیرکراو کوردستان.

ئاشکرایە داگیرکاری، پێوەندییەکی نا هاوسەنگە لەنێوان وڵاتانی داگیرکار و وڵاتانی داگیرکراو. پێوەندییەکە لە پێوەندی ئاغاو دەرەبەگ، و پاڵەو زەحمەتکێش دەچێت، بەڵام ئەوەی وڵاتی لەمەڕ خۆمان لەوەناچێت لەسەر ئەم بنەمایە بنیاتنرابێت چونکە پێوەندییەکە لەناهاوسەنگ، ناهاوسەنگترە دەشێت بڵێین. ( کوردستان تەنانەت پلەی کۆمەڵایەتی کۆلۆنیشی پێ نەشێنراوە. نەتەوەی کورد تەنانەت نەش گەیشتوتە پلەی خەڵکی بەکۆلۆنیکراو.؟ پلەی کۆمەڵایەتی کوردستان و نەتەوەی کورد زۆر نزمترە لە پلەی کۆمەڵایەتی وڵاتێکی کۆلۆنی )(٦٣). ئەگەر وردبینانە لەمپرسە بکۆڵینەوە، بەڵێ بەڕاستی دەگەینە ئەوەی نەتەوەی کورد و کوردستان، وەك وڵاتێکی داگیرکراو هەڵسوکەوت و مامەڵەی لەگەڵدا نەکراوە، بەڵکو لەمە کەمتر لە واقیعی ژیانی ڕەنگیداوەتەوە. هۆکاری

ئەمەش دەکرێت لەمشێوەیە بیخەینەڕوو. کورد و وڵاتەکەی لەلایەن وڵاتانی زلهێزی جیهانەوە جارێك داگیرکراوە. جارێکیتر کوردو وڵاتەکەی لەلایەن وڵاتانی دراوسێ داگیرکراوەتەوە کە ئەمانەش شاگردی وڵاتە زلهێزەکانن دوواجاریش کورد و وڵاتەکەی لەلایەن خانەخۆی بەشێك لە حیزب و دەستەو تاخم و گروپەکان داگیرکراوە. ئەمانەش ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پێوەندییان بە وڵاتانی زلهێزو وڵاتانی دراوسێوە هەیە. هەموو ئەمانەی باسمانکردن و لەگەڵ هۆکارگەلێکیتر، وایان کرد کورد زۆر دووابکەوێت لەگەیشتن بە شوێنی مەبەست و دۆزینەوەی ڕێ و جێی پێویست، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت کەشتییەکە ( کوردستان ) لەنگەربگرێت و لەکەناری ئارامی ئۆقرەبگرێت. خەون و خەیاڵەکان ببنەڕاستی و دروستی، و هیچیتر نائومێدی برنەکات، و بەڵکو تەنێ بە ئومێدەوە بژین و لەخەمی هێنانەدیی ئاواتەکانمان دابین.

داگیرکاری، هەڵمەتبردن و هێرشکردنێکی ناڕەواو فرە جەمسەرە، و خۆی واپیشاندەدات کە تەنیا لە جەمسەری باڵادەستی هێزو سیاسەت خۆی دەنوێنێت. بەڵام بەقەد ئەوەی جەمسەرە ئابوورییەکە کاری خۆیدەکات و سەرجەم جەمسەرەکانیتر دەبزوێنێت و ڕایەڵەی جەمسەرەکانیتر دەسازێنێت. ئەوانیتر ڕۆڵەکەیان بەمچەشنەنییە. وڵاتی داگیرکار دەبێژێت ( ئەگەر من بانگبێژی چاڵە نەوتەکان، سەرچاوە ئاوەکان، مس، فۆسفات، خەڵووزی بەردین و سامانە سروشتییەکانی تری کوردستان نەکەم، ئەوا یەکێکی تر دەیکات، ئەم مێشکە، هەروەها مێشکی "من خەڵکی خۆم لەناوچەیەدا دەپارێزم" ڕستەی بناخەیی خاڵی دەستپێکردنن لە پرۆسەی کۆلۆنیالزەکردنییدا)(٦٤). واتە داگیرکاری ڕەگێکی لە ڕادەبەدەر قووڵی هەیە و ناخی زەوی کلۆر کردووە دیسانەوە ڕەگەکەی درێژبۆتەوە و سەرلەبەری سامانە سروشتییەکانی وڵات دەسمێت. وڵاتی داگیرکار لەسەر حسێبی وڵاتی داگیرکراو تەکان بەخۆی دەدات و دەچێتە ململانێوە لەگەڵ وڵاتانیتر لەبواری ئابووری و سیاسی و پرچەککردن و بوون بەخاوەنشکۆ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی... هتد. ئەمانەش هاندەری بەهێزن بۆئەوەی داگیرکار پەلوپۆ بهاوێت بە داگیرکاری وڵات و نەتەوەیەك ڕازینەبێت، بەڵکو کیشوەرێك یان دووان داگیر بکات و گیانە شەڕانگێزەکەی خۆی بسەپێنێت. خاڵێکیتر شایانی ئەوەیە هەڵوەستەی لەسەر بکەین ئەوەیە کە وڵاتی داگیرکار هەر بەدزی و گزی و تاڵانبردنی سامانی سروشتی و وڵاتی داگیرکراو ناوەستێت، بەڵکو مەبەستییەتی هەڵێکی ئاڵتوونی بڕەخسێنێت بۆ مەسەلەی بازاڕو بازاڕکاری بۆ ساغکردنەوەی کاڵاو کەل و پەلەکان و بەچەشنێك لە چەشنەکان دزیینی دراوی نەختینەیی وڵات.

ئەوەی شایانی ئاماژە پێکردنە وڵاتە داگیرکارەکان، کاتێك پێدەنێنە وڵاتانی داگیرکراو بۆ چاوبەستکردنی خەڵکەکە چەند خزمەتگوزارییەك پێشکەشدەکەن، بۆئەوەی وای پیشانی شەقام بدەن کە گوایا ئەوان مرۆڤدۆستن و بەس، چییان پێویست نییە لە پارە و پوول و سامان، جگە لەخزمەتکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی نەبێت، بێ جیاوازی ڕەگەزی و ئایینی! بەڵام ئەمە دەبێت وابێت؟ گومانی ناوێت نەخێر. دەکرێت ئەو گەواهییەیان بۆبدەین!( کە کۆلۆنیالیستەکان لەهەندێك بواردا خزمەتی باشیشیانکردووە. بۆنموونە، ئینگلیزەکان قوتابخانەیان بۆ کوردەکان دەکردەوەو زمانی خوێندن تیایاندا بەکوردی بوو. فەرەنسییەکان لەسوریادا دژی بڵاوکراوەو ڕاگەیاندنی کوردی نەبوون و نەشدەبوونە کۆسپ لەڕێگای هەوڵ و کۆششدا بۆ پێشخستن و گەشەی کولتورو کەلەپووری

کوردی)(٦٥) ئایا دەکرێت ئەمە بەراورد بکرێت بە دزین و تاڵانبردنی سامانی بان زەوی و ژێر زەوی وڵات ؟ بێگومان ئەو ڕێکخراو و کۆمەڵەو گرووپانەی کە داگیرکار دایاندەمەزرێنێت و لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بنکەو قوتابخانەی کە دەیانکاتەوە ئامانج و مەبەستێکی گەلێك قووڵتری هەیە کە ئەوەی لێی دەبینین و لێی چاوەڕوان دەکەین. چونکە داگیرکار تەنیا بۆئەوە نەهاتووە ئەوەی لە زەوی و ژێر زەوییە هەڵیلۆشێت و بڕوا، بەڵکو بۆ ئەوە هاتووە ئەگەر کرا سەرلەبەری مێشکەکان بشواتەوە و هەڵیانبگلۆفێت و دوواتر تەفروتونایان بکات، ئەوانیش داگیر بکات. ئەو بەناو دامودەزگایانەی ئەوان دایدەنێن تەنیا جێبەجێکردن و کار ڕاپەڕاندنی ئەجێندای سیاسەت و ستراتیژییەتی ئەوانە، و تەنانەت بیروهزرەکانیش بۆخۆیان، بۆ ئێمەی بەڕادان دەدەن. ئەگەر وشەیەکمان فێربکەن لەئەجێندایاندایە دەیان وشەمان لەبیربەرنەوە. ئەگەر کولتوورێکمان پەسند بکەن چەندین کولتوورمان لەگۆڕدەنێن. ئەگەریش کەلەپوورێکمان بەزیندوو ڕابگرن و بەجوانی سەیربیکەن، ئەوا چەند کەلەپوورێکمان بەتاڵان دەبەن و ناشیرینی دەکەن.

وڵاتی داگیرکار، لەکارە پێشینەکانی ئەوەیە بەگەرموگورییەکی زۆرەوە کاربکات لەمەر تێکدان و سڕینەوەی گشت کایەکانی ژیانی وڵاتی داگیرکراوەوە. ئامادەیی تێدایە گومان و بەدگومانی لەسەر خودی نەتەوەکەش دروست بکات و هەوڵ و تێکۆشان و خەبات و مێژووشی بخاتە ژێر پرسیارەوە، و تاکەکانی نامۆ بکات بەبۆنی خاك و خۆڵ و هەستە نەتەوایەتییەکەیەوە. بەڵێ ( ڕژێمی کۆلۆنیال وا چاوەڕوانی نەتەوەی کۆلۆنیالکراو دەکات کە لەترسدا بژی و بەهیچ شێوەیەك هەڵسوکەوت نەکات، بێ لەوەی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە پێیان دەگوترێت. چەوساندنەوە، دادۆشین، شکاندن و ویژدان ڕووشاندن هەموو بوونەتە مایەی زیان گەیاندنی گەورەی دەروونی و گیانی لەسەر نەتەوە کۆلۆنیالکراوەکان (٦٦).

وڵاتی داگیرکار دەبێتە کارگەیەکی مەترسیدار، کەتەنیا ترس و دڵەڕاوکێ و سەرلێشێواوی و کڵۆڵی و پەرێشانی و سەرگەردانی و ناسۆری و سوێبوونەوە... هتد بەرهەم دێنێت و ساغیدەکاتەوە بەسەر وڵاتی داگیرکراوەوە، و گومان دەخاتە سەرلەبەری پرسە نەتەوەییەکانییەوە، لەجیاتی ئەوەی گومان ببێتە هۆیەك بۆ دۆزینەوەی سەرەداوەکان و نزیکبوونەوەو گەیشتن بەڕاستییەکان. ئەوا گومان دەبێتە مایەی ئاڵۆزی و وونبوونی سەرەداوەکان و دوورکەوتنەوەو شادنەبوون بە ڕاستییەکان و تەنانەت تونا‌وتونبوونیان دەبێتە ئامانج.

سەرەڕای ئەمەش وڵاتی داگیرکار، ترس و مەترسییەکی ئاوا دەنێتەوە کە بەردەوامی هەبێت بەدرێژایی ساتەکانی ژیان، و ئەم ترس و مەترسییەش دڵ و دەروون دەوەستێنێت و گیانلەدەستدانی لێدەکەوێتەوە. ترس لەخود، ترس لە ئەندامانی خێزان، ترس لەدەوروبەرە نزیکەکان، ترس لەکۆڕو کۆمەڵگەو نەتەوەو دامودەزگاکانی... هتد دەبێتە بابەت و دیاردەیەك ڕایەڵەی ژیان دەپچڕێنێت.

وڵاتی داگیرکار، هەموو تاکێکی نەتەوەی داگیرکراو و بەتاوانبار دەزانێت و سزای قورسیشی بۆ ئامادەکردووە. بۆیە هەرزوو جاڕی دەسەڵاتێکی پۆلیسی و تاکڕەوی و دەکوژم ناشارمەوە دەدات، و وڵات بەتەلار و باڵەخانەو بنکەی پۆلیسی و سەربازی و هەواڵگریی دەڕازێنێتەوە! و چەندین دام و دەزگای لەم چەشنە بەهاونیشتمانییان ئاشنا دەکات! و ( بەڕێوەبەرایەتی کۆلۆنیالی زیاتر هەڵدەستێت بەدروستکردن و هێنانەکایەی

بەرهەمی ئەم جۆرە دۆخە گیانەدارزێنەرانەیە، وەك ئازاردان لەبارەگاكانی پۆلیس و بنكەی هێشتنەوەو زیندانەكاندا. هەموو ئەمانە ئەوە نیشاندەدەن كە كۆمەڵگا كۆلۆنیالكراوەكان خوێنیان لێدەچۆڕێت)(٦٧). واتە داگیركار خۆی دەبێتە شمشێرباز سەری كێی بیەوێت پەلیدەدات و لەخوێن دەیگەوزێنێت و حسێبی مەڕوماڵاتی بۆدەكات وەكو ئەوانیش كەولیدەكات. دەبێتە تیرئەندازێك وێنەی نەبێت لەگۆڕەپان و مەیداندا هەموو كەسێك كەلەگەڵ ئەودانەبێت دەیكاتە ئامانج و دەیپێكێت. هەروەها خوێنمژ و خوێنرێژێكی قامچی و دار لەدەستە و چەك لەشانێكی ناقۆڵایە، كە هەردەم ئامادەیە مرۆڤە بێتاوان و گوناهەكان بكوتێتەوە و شلوكوتیان بكات و حەسیرمەیدانیان بكات، تا ئەو ڕادەیەی دەبنە قوربانی. وڵاتی داگیركار، دەسەڵاتی یاسادانانیش وەك دەسەڵاتەكانیتر دەگرێتە دەست، و بەحەزو ئارەزووی خۆی یاسا دادەڕێژێت و دەستوور ڕادەگەیەنێت، دوواتریش بەهەر بیانوویەك كەخۆی حەزبكات هەڵیدەوەشێنێتەوە و تووڕی دەدات. واتە خۆی دەبێتە سەردارو میرو دادوەرو دادپەروەر، مافی ئەوەی هەیە ئەو بكات بەستەمكار، و ئەویتر بكات بەستەملێكراو، بێئەوەی هیچ بنەمایەك هەبێت كە كاری پێبكات جگە لەو یاساو دەستوورە لاستكییەی كەخۆی باوەڕی پێیەتی.

وڵاتی داگیركەر بۆئەوەی وڵاتێك داگیربكات، لە دیدو بۆچوون و تێڕوانینی خۆیەوە چەندین بیانووی نابەجێ دەدۆزێتەوەو ئامادەی دەكات بۆئەوەی شەرعییەت بەپرۆژەكەی بدات و بەهەر چەشنێك بێت بەرژەوەندییە تەسكەكانی بێنێتەدی. (بنەڕەت و گەوهەری داگیركاری بریتییە لە دروستكردنی شتێك، ترسێك، نائارامی و ناسەقامگیرییەك، هێنانەدیی بارودۆخێكی ئاڵۆز... هتد. بەئامانجی داگیركردن، كەبەشێوەی جیاواز لەلایەن خاوەن دەسەڵات و هێزی داگیركەرەوە بەحەزو ئارەزوو و هەوای خۆیانەوە، وڵاتی داگیركراو هەڵدەسوورێنن و دەیخەنە ژێر ڕكێفی دەسەڵاتداریتی و كلتوورە گەوج و چەوت و چەوێڵەكانییان)(٦٨). داگیركاری پێوەندییەكی تەواو لاسەنگ و ناتەندروستە، پێوەندی نێوان داگیركارو داگیركراو لە نموونەی ئەو كەسە دەچێت كە هەویر دەشێلێت و هەویرەمەنی لێ چێدەكات، داگیركار دەبێتە ئەوكەسە كە هەویرەكە دەشێلێت، بەڵام چ شێلانێك بەئارەزوو و حەزی خۆی توند و شلی دەكات، و چۆنی بووێت ئاوای دەشێلێت و هەرگیز شتی وای لێچێناكات كەسوودی لێبكەوێتەوە بۆ وڵاتی داگیركراو.

وڵاتی داگیركراویش دەبێتە هەویرێكی ساز و ئامادە، و وڵاتی داگیركار دەست و پەنجە گڵاوی تێوەردەدات واتە جۆری مامەڵەی نێوان داگیركارو داگیركراو لەپێوەندی نێوان مرۆڤ و كاڵا دەچێت، و داگیركار مرۆڤە داگیركراویش كاڵایە ! یان شت و دیاردە چاك و باش و پاك و بێگەردو جوانەكان بۆ وڵاتی داگیركار دەبێت و ئەوان نوێنەرایەتی دەكەن، و خراپەو ناشایستەی و پیسی و گەماری ناشیرینی بۆ وڵاتی داگیركراو دەبێت، هەر ئەوانیش دەبێت ببن بەخاوەنی، لەبەرئەوەی شایستەی ڕێك و پێكی و لەباری و جوانی و تەواوی نین. بەڵێ ئەمانەو چەندین خراپەو نالەبارێتی لەسەر مێشك و بیر و هۆش و زەینی كەسی داگیركراو دەسەپێنن و وایلێدەكەن لەبازنەی بۆش و كۆمەڵەی بەتاڵ خوولبخواتەوە. ئەوەی بوونە تێیدا نەمێنێت و بیشۆرنەوە لەهەست بەخۆكردن.

هەروا باوبووە و زانراوە، بەدرێژایی قۆناغەكانی مێژوو مرۆڤە كەمینەكان ببنە قوربانی دەستی مرۆڤە زۆرینەكان و بچەوسێنرێنەوە. هەرگیزیش لەگەڵ ئەوەدانین تاكە مرۆڤێك ببێتە قوربانی ئەوانیدی، بەڵام

لەهاوکێشەی وڵاتی داگیرکارو وڵاتی داگیرکراو، داگیرکاران کەمینەن و بەهەر چەشنێك بێت دەیانەوێت خۆیان بسەپێنن، بەسەر داگیرکراوان زۆرینەن واتە ( داگیرکاری بریتییە لەپێوەندی نێوان خەڵکی بەرەچەڵەکی زۆرینەی شوێنی داگیرکراو و دەسەڵاتداری کەمینەی داگیرکار کەتێیدا هەموو دەسەڵاتەکان لەژێر دەستی حاکمی داگیرکاردایە ئەمەش لەسەر بنەمای چەند سوود و بەرژەوەندییەکی تاکلایەنەو تایبەت. لەدەرئەنجامدا باڵادەستی داگیرکار لە ڕەتکردنەوەی کولتووری میللەتی داگیرکراوەوە سەرچاوە دەگرێت)(٦٩) داگیرکاری، پرۆژەیەکی ستەمکاری و دژبە مرۆڤانەیە. کە گەرەکییەتی سروشتی وڵات و مرۆڤەکانی داگیر و تێکبدات و کاوڵ و وێرانی بکات، و ئازادی بەهەموو مانایەکانییەوە کۆت و بەندبکات و هەرچی لەتوانایدابێت دەیگرێتەبەر بۆ سەندنەوەو داماڵینی مرۆڤ لە مرۆڤایەتییەکەی، و سەرشۆڕوشەرمەزارکردن، و ملکەچی و بەکۆیلەکردنیش لەولاوە بوەستێت بەمانایەکیتر داگیرکاری ئەو پرۆژەیەیە کەدەیەوێت پێرەوی بێئاوەزی و بەدئاکاری بێرێزی بکات بەرامبەر بەسەروەری و نرخ و بەهایەکانی مرۆڤایەتی. بۆیە لەم ڕووەوە هەرچی لەدەست و مستییان بێت دەیکەن سڵی لێناکەنەوە هەربۆیە هیچی لێ سەوزنابێت، بێجگە لە نائومێدی و بێهیوایی و بێئاواتی و بەدبەختی و چەرمەسەری کەهەموو قوربانی و باجەکەش وڵاتی داگیرکراو دەیدات. بەدخوویی و بەد کلتووری خۆیان بەنرخێکی گران بەداگیرکراو دەفرۆشن، و شڕوشیتاڵی خۆیانی پێدەپۆشن.

## شیکردنەوەی دەقـــەکـــان

داگیرکاران و دەست و پێوەندانییان، هەمیشە لەنەتەوەی کوردو یەکەبەیەکە تاکەکانی تۆقیون. چونکە باوەڕێکیان لەلا گەڵاڵە بووە هەرکاتێك بزانن دەچەوسێنرێنەوەو جەوروستەمیان لێدەکرێت پەنا بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین و بزوتنەوەی چەکداری دەبەن، بۆئەوەی بەرگری لەخۆیان بکەن و هەق و مافەکانییان بستێنن.

ڕۆماننووس نموونەی ئەمە، لەدەمەقاڵێیەکی نێوان "حەمەعەلی کورد" و "ئۆقچی ئۆغلی ئاغا"ی دەست و پێوەندی داگیرکەر دەخاتەڕوو. لەکاتێکدا حەمەعەلی کورد، دان بەیاساو دەستوورو حکوومەتدا دەنێت. بەڵام ئەوان لەزەینییان واپەنگیخواردۆتەوە هەرکوردێك هەرمافخوراوێك داوای مافەکانی بکات پێیانوایە بۆچیا دەچێت و تفەنگ لەدژییان هەڵدەگرێت.

**(" حەمەعەلی سوور هەڵگەڕا:**

**"تیرمەکە. واپێت دەڵێم ها، من لۆکەی خۆمت نادەمێ، ناهێڵم لەناوگوندیش چەڵتووك بچێندرێ. مادامێکی یاساوقانوون هەبێ، مادامێکی حکوومەت هەبێ".**

**ئاغا بەتووڕەییەوە لەسەر کورسییەکەی هەستا گوتی:**

**"چ دەکەی حەمەعەلی؟ دیسان دەست دەدەیە تفەنگ و بەچیا دەکەوی؟ فێربووی. بەڵام خەیاڵت خاوە. ئەو ڕۆژگارە بەسەرچوو، تێ پەڕی. جارێکی تر عافوات دەرناچێ. پیاو وەکو کەو ڕاودەکەن"**

**حەمەعەلی کوڵەمستێ گوشی. لچ و لێوی کرۆشت. یەك دووجار لەسەر کورسییەکەی بەم دیوو بەم دیودا هەڵپلا ).**

(( تەنەکە، ل ٤١ ))

عەقڵییەتی پیاوانی ئیمپراتۆری عوسمانی، بەجۆرێك بووە کە ڕێك پێچەوانەی عەقڵییەتی ئەو خەڵکەیە کەوڵاتەکەی داگیرکراوە لەلایەن عوسمانییەکانەوە. عەقڵییەتی ئیمپراتۆری عوسمانی دەڵێت:

ئێمە پێمان ناوەتە ئەو ناوچانە ئاوەدانمان کردوونەتەوەو وڵاتمان بۆپێکەوەنان، و مرۆڤەکانمان ڕزگار کردوون. کەچی کەواقیعەکە دەبینین ئیمپراتۆری عوسمانی وەك گورگی برسی بەربوونەتە گیانی ئەو وڵاتانەو داگیریانکردوون، و هاونیشتمانانیشی ڕووبەڕووی ناسۆری و ناخۆشی و ڕاوەڕووت و تاڵانبوونەتەوە. ئیمپراتۆری عوسمانی پێیوایە کە ئەو وڵاتانەیان بنیاتناوە، دەریایەك یاخود ئۆقیانوسێك خوێنییان لێرژاوە بەڵام ئەوە نادرکێنن چەند دەریا، یاخود ئۆقیانووس خوێنییان ڕژاندووە! ئەمە بیرکردنەوەی "مورتەزاغا"ی کارەکتەری ڕۆمانی "حەمەدۆك"ە، کە مەبەستییەتی مامۆستای فێرگە، مامۆستا "سایی تورگوت" بگەوجێنێت، و مامۆستا وتارێك بدات سەرلەبەری فێرخوازانی چەواشە بکات و بیانگەوجێنێت. واتە هەرشوێنە هەستیارە سیاسییەکانی دەوڵەت نەبوونەتە مەیدان و گۆڕەپانی سیاسەت و سیاسەتبازی، بەڵکو سیاسەت و سیاسەتبازی دامودەزگا شارستانیی و خزمەتگوزارییەکانیشی گرتوتەوە.

**( " ئێمە وڵاتمان دروست کردن! دنیا لەژێر ناڵی ئەسپەکانی ئێمەدا دەیناڵاند! خوێنی ئێمە وەك ڕووباری لەعل و جەواهێرات بەسەر عەردی دارژاوە، ئێمە ئاڵاکانمان بەخوێنی خۆمان سوورکردن، گورگمان وەك سیمبۆڵی نەتەوایەتی خۆمان هەتا ئاسمانێ بەرز کردۆتەوەو ئەو نیشانەیە وەك ڕۆژو مانگ و ئەستێران بەنرخەو دەدرەوشێتەوە!"**

**ــ خوێنی ئێمە ئاڵاکانمانی پێ سووربووە! ئێمە بەردەوام لەدەریایەك، یان ئۆقیانوسێك خوێن دا مەلەمان کردووە! پیاوەهەرە چکۆڵەکانی ئێمە بەقەد سێ گایانیان خوێن دە دەماران دایە! هەربۆیەش ئێمە توانیوومانە خوێنی خۆمان بەسەرخاکی هەموو دنیایەدا، بەشوێنە هەرە تەریك کەوتووەکانی تەواوی ئەم جیهانەدا بڵاوبکەینەوە.... ئێمە خوێنمان داوە، خوێنمان بڵاوبۆتەوە. ...**

**ــ بەڵێ قوربان، خوێنمان داوە...**

**ــ هەروەها پیاوی چاك بە لەبیرت نەچێ باسی دەوڵەتی ئێستای تورکیەش بکەی !**

**ــ بەڵێ بەڵێ، پێم وانییە پێویست بێ ئەمن بایەخی مێژووی ئاڵاکەمان وەبیر مامۆستایەکی خوێندنگە بێنمەوە. ئەو ئاڵایەی دەخوێن دا شەڵاڵە! ئاڵای شازدە دەوڵەتی تورك).**

(( حەمەدۆك، ب٤، ل ١٠٢ ــ ١٠٣ ))

لەجیاتی ئەوەی داگیرکاری شەرمەزار بکرێت، هەمیشە بۆتە مایەی شانازی و خۆپێهەڵکێشانی وڵاتانی داگیرکار.

ئەو داگیرکارییەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی پەنای بۆبردووە، هەربۆئەوە نەبووە وڵاتان داگیربکات و سنووری ئیمپراتۆرییەکەی پێفراوان بکات، بەڵکو داگیرکارییەکە دەرفەتێکی زێرینی چاکی دزی و جەردەیی و بەتاڵانبردنی ماڵ و سامانی هاوڵاتیانی بێگوناهیش بووە. بۆنموونە ئەسپێك لەلایەن جەندرمەو جەردەو ڕێگرەکان لەئیستەنبۆڵا و دەوروبەری دەدزێت، لەشوێنانیتر دەیفرۆشن و ساغیدەکەنەوە. ئەمە دەستوورو ڕێسای داگیرکارییە کە یەشار کەمال بۆمانی ئاشکرا کردووە.

**( دەڵێن لەم خاکی عوسمانییەدا هەرچی ئەسپێکی جوانی هەبێ، جەردەکان دەیدزن، دەیبەن لەعەرەبستان لەگاورستانی ئیزمیر، لەکوردستانی دەفرۆشن. ئەوەی لەئیزمیر دەیدزن لەتەڕەبزوون. ئەوەی لەفارس دەیدزن لەحەڵەب، ئەوەی لەحەڵەب دەیدزن لەقەیسەری دەیفرۆشن. من و تۆ ڕێگاوبانی حەڵەب لەگونددا نەماوە. باپڕۆین بەگەل جەردەی ئاغاکەوین. بەگەڵیان کەوین ).**

(( کاریتە، تائەودیوی چیا، ل ٣١٩ ))

ئاغاکان، بوون بە نۆکەری ئیمپراتۆر، و ئیمپراتۆریش سەرپشکی کردوون لە دزی و تاڵان و ڕاوەڕووتی سامان و ماڵ و دارایی میللەتەکەیان.

ڕۆمانووس، لەسۆنگەی ئەوپەندەی کەدەڵێت : "دار کرمی لەخۆی نەبێت تەمەنی هەزارساڵە". مەبەستییەتی پێمان بڵێت ئەگەر وێرانکەرو داگیرکەرانیش وازمان لێبێنن، ئەوا هەندێك لەئێمە بریاریان داوە هەرگیز وازیان

لێنەهێنن، و تا لەژیاندا ماون پێویستە بەنۆکەری و بەکرێگیراوی سەربنێنەوە، و سەرشۆڕی داگیرکەران قەبوڵبکەن و سەربەرزی نەتەوەو خاکەکەیان بەتوندترین شێوە ڕەتبکەنەوە.

بێگومان هەموو ئەمانەشییان لەپێناو هێنانەدیی بەرژەوەندیی تەسکی تاکەکەسی خۆیان و مانەوەیان لەدەسەڵات و حوکمڕانی. بۆیە ئەگەر داگیرکەران داوای هەرشتێکییان لێبکەن بەکڕنووش و ملکەچییەوە بۆی جێبەجێ دەکەن، واهەست دەکەن بەم کارەیان گەورەو پیرۆزو ڕێزدار دەبن. بەڵێ هەموو ئەمانەش لەسەر حسێبی شان و باڵی میللەتە ستەمدیدەکە بەئەنجامی دەگەیەنن!

**( بەگی بۆلۆو پەشۆکا. نەیدەزانی چ بکا. کەواتا ئەم چاکەیەشی بەسایی ئەسپەکانییەوە دەست دەکەوت. ئاشتبوونەوەی لەگەڵ پاتشادا واتە بنەماڵەکەی هەتاهەتایە بەگایەتییەکەی بەدەستەوە دەمێنێ... ئەوەی ئەم هەلەی وەدەست خست کیسە کیسە زێڕی داێ. دەمودەست چەند کیسە زێڕی هێنا، لەکۆشی سەرەك مەیتەری پاشای کرد. سەرەك مەیتەر هیچ ئاگای لەم کەین و بەینە نەبوو، لەدڵی خۆیدا گوتی، وادیارە ئەمانە هەرکەسێ ئەسپیان لێ داوابکا سەرباز و زێڕیشی دەدەنێ... سەرەك مەیتەر بەهەرحاڵ زێڕەکانی لێ وەرگرت و گەلێ دڵی پێیان خۆش بوو.**

**بەگ لەپاش نەختێ بەدەرکەوت، بانگی پیریوسفی کرد، گوتی:**

**"پیریوسف، پیریوسف ئامان سەد ئامان؟ ڕووداوەکەت بیستەوە؟ ئەوکارەجوانانەی ڕوویان داوە بیستنەوە؟ پاتشای عوسمانلی داوای ئەسپی لێ کردووین، ئەسپی باڵدار، باز بەئاسمانەوە بگرێ. ڕزگاربووین، لەگەڵ عوسمانلییان ئاشتبووینەوە. ڕۆژێکمان لەسەرهەلات ئیدی قەت جارێکی دیکە ئاوانابێت. زۆرم متمانە پێتە. برۆ جوانترین ئەسپ هەڵبژێرە لەوان ئەسپان عوسمانلییانی پێ مات و سەرسام بن، هەرکەچاویان پێیان کەوت لاڵا بن و زمانیان ببەسترێ.ناومان لەنێو عوسمانلییاندا کەم نەکەیتەوە، جا بتبنم" ).**

(( ئەفسانەی کوێر ئۆغڵی، ل ٢٦))

نەتەوەیەکی ژێر دەستەی وەکو کورد، هەر لە لایەن داگیرکارانی دەرەکییەوە داگیر نەکراوە، بەڵکو هەندێك لە سەردار و ئاغا و بەگەکانیش بۆ خودی نەتەوەکەیان، بوون بە داگیرکاری خۆجێیی.

ڕۆماننووس، تێڕوانینێکی تازەمان بۆدەخاتەڕوو بەووردی لەسەر دەوەستێتەوە لەمەڕ مەسەلەی داگیرکردن و داگیرکاری. پێیوایە داگیرکاری هەرهاونیشتمانییان و نیشتمانەکەی داگیرناکات، یاخود هەرجەستەی هاونیشتمانییانی وڵاتی داگیرکراو داگیرناکات. بەڵکو ئەم داگیرکارییە زۆر بەتیژی ڕۆدەچێت بەناخی ئەوانەی کە ئامێزییان بۆداگیرکاری کردۆتەوە، و بیرکردنەوەو تێگەیشتن و ناخ و دڵ و دەروونیشییان داگیرکراوە، و بەردەوام بەودەردەوە دەناڵێنن، کە چۆن داگیرکار ڕازی بکەن و دەستخۆشی و ئافەرینییان لێوەربگرن. بۆیە ڕۆماننووس کارەکتەرێکی وەکو "مەحموودخان" کە سەر بەدەسەڵاتی داگیرکاری ئیمپراتۆری عوسمانییە دەکاتە نموونەیەکی هەرە دیارو زیندوو.

**( مەحموودخان هەرساناساتێ دەیگوت : "ئەمن ترسنۆکم" و بەشیری ڕووتەوەو بەتەنیا هەڵپەی ئەوەی بوو لەجەماوەرەکەڕا سێ سمایل ئاغاو ئەوانی دیکە دەیانگرت و هەرچەندیان دەکرد بۆیان ڕانەدەگیرا. دەیگوت:**

**"ژیانی لەوەوپاشم بەکەڵکی چ دێ؟ تیوی عوسمانی گەورەوگرانم کرد بەپووڵێکی قەڵب... لەودنیا سووك و ڕیسوابووم. داخۆ سەرای ئەستەنبۆڵێ ببیستێتەوە چ بقەومێ؟ ژیانی لەمەوپاشم بۆچییە؟ "**

**مەحموودخان ئیدی بەجارێ تەڕاییی لەگەرووی نەمابوو. شەوانە خەوی لێنەدەکەوت. گوێی هەڵخستبوو، لەچکۆڵەترین سرتە ڕادەپەڕی، بەشیری ڕووتەوە لەنێو سەرادا دەهات و دەچوو. بەجارێ هەرچوار سەری دنیای لا هاتبووەیەك. هەرچەندی دەکرد چارەسەرێکی بۆئەوکارە نەدەبینییەوە، شەڕەف و ئابڕووی کیشوەری ئال عوسمانی لەسایی وییەوە بووبووە چوار پووڵ).**

(( ئەفسانەی چیای ئاگری، ل ١١٠ – ١٢٥))

واتە داگیرکار بۆئەوەی درێژە بە مانەوەی خۆی بدات، ئەوا پەنا بۆ کۆمەڵێك لە کەسی لە دەروون نزمی وڵاتی داگیرکراو دەبات، بۆئەوەی ڕەگی ژەهراوی خۆی قایمتر بکات.

دوژمنانی کورد هەردەم سوپاو چەك و جبەخانەیان لەوپەڕی ئامادەباشی دایە بۆئەوەی هەڵبکوتنە سەر ئەو شوێنەی کە کوردی تێدا نیشتەجێیە، هەمیشە لەبۆسەدان بۆئەوەی بیانوو بدۆزنەوەو بەئامانجە گڵاوەکانیان بگەن .

**(... جەندرمە ڕژانە نێو گوندەوە، باشچاوەشێك پۆستاڵەکانی بەیەکا دەداو فەرمانی بەجەندرمەکان دەدا، دکتۆرێکیشییان لەگەڵدابوو... لەژێردارتووەکە نێوەڕاستی گونددا عەباس یان ڕووت کردەوە وەك قەساوێك قەساوی بکات بەنەشتەرێکەوە لەتەرکە بەربوو، هەرلەوشوێنەشدا بەسووژنێك زگیان دوورییەوە ).**

(( مارەکەیان بکوشتایە، ل١٠))

کاتێك لەناوچەیەك یاخود لەگوندێك کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەقەومێت، داگیرکار زوو خۆی بۆ شوێنەکە ئامادە دەکات و هێرشی کتوپڕی دەکاتەسەر بەبیانووی پاراستنی سەروەری یاساو دەوڵەتدار و ئاسایشی نەتەوەیی. بۆیە جەندرمەو باشچاوەشێك بەسە، بۆئەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لەناوچەکە یاخود گوندەکە بسازێنێت و ئۆقرەیی لەناوچەکە هەڵگرێت. کاتێك عەباس دەکوژرێت کە کارەکتەرێکە ڕاستەوخۆ بەندە بەکارەکتەری سەرەکی کە ( حەسەن )ەو لەگەڵ دایکی و مامەکانی و داپیری بەدرێژایی ڕۆمانەکە بوونی هەیە. یەشار کەمال لەم ڕووداوەدا زۆر هونەرمەندو شارەزاییانە ڕووی داگیرکەری پیشاندەداو ئەویش لەڕێی ئاوەژووکردنەوەی وێنەکان. جەندرمەکان لەجیاتی ئەوەی ئاوێك بەئاگرەکە دابکەن و دایبمرکێننەوە دێن "عەباس" ڕووتدەکەنەوەو لەدار دەییەستنەوە. دارتوو لەجیاتی ئەوەی سێبەروسابات و شوێنی حەسانەوە بێت، دەبێتە شوێنی دەست و قاچ کلۆمدان. لەباتی ئەوەی ئەو دکتورەی هاوڕێیەتی جەندرمەکانی دەکرد، ئەدای ئەرکە مرۆڤایەتییەکەی بکات، وەك قەساوێك کە قەساوی بکات ڕەفتار دەکات. ڕۆماننووس هەر بەمانە ناوەستن بەڵکو هۆو ئامرازی برینپێچی دکتور کە بەسووژن دەچوێنێت کەزگی عەباسی پێدەدوورنەوە!بەمەش بەهۆی سووژنەوە هێندەیتر برینەکان قووڵتر دەبنەوە

واته ڕووداو لای یەشار کەمال هەر ئەوەنییە لەسەر یەك کەڵەکەیان بکات، یان بیانخاتە پاڵ یەکتر، بەڵکە ڕووداوەکان وێنەی ناباو دروست دەکەن و واتاو پەیامی جیاواز بەدەستەوە دەدەن.

یەشار کەمال، باس لەواقیعییەتی داگیرکار دەکات، و پێیوایە داگیرکار لە جەستەیەکی بەهێزو وێرانکەر دەچێت، و گیانێکی شەڕانگێزی لەخۆیدا حەشارداوە. بۆیە کاتێك وڵاتێك یاخود شوێنێك داگیر دەکات بەزەیی بەهیچ شتێکی ئەو وڵاتە داگیرکراوە نایەتەوە، تەنانەت مەل و باڵندەو زیندەوەرە بەستەزمانەکانیش بەر ئەم شاڵاوە بێبەزەییەو ڕق و کینەو توندوتیژییەی داگیرکاران دەکەون. داگیرکەرانیش هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆیان لێ بەدی ناکرێت جا داگیرکاری سەر بەبەرەی ڕۆژهەڵاتی بن یاخود خۆرئاوایی بن.

**(... لەوانەیە دەشتاییەکی کاکی بەکاکی و دڕکاوی بووبن، ملیۆنەها باڵندەی هەموو جۆرە وەك بارانی تیشك بەسەر دڕکاوییەکاندا دەبارێت، ڕەنگە ئەوانە لەلا پاڵێکی دڕکاوییدا یا دارستانێکدا جوقابن، کێ چوزانێ... بچووك و زارۆکی ڕۆمانەکان و بیزنتییەکان و عوسمانییەکان دەکەوتنە گیانی ئەم باڵندانە بەداو، فاق و تۆڕ دەیانگرتن، لەو ڕۆژە شەوە تاکو ئەمڕۆ، لەقەفەس دەنرێن و لەپێش کڵێساو کەنیسەو مزگەوتەکاندا باڵەفڕیە نێو قەفەسیانە، چاوەڕێی ڕزگاربوون دەکەن ).**

(( باڵندەکانیش کۆچیان کرد، ل ٨٨))

واتە بەدیدێکیتر لە دەقەکە بڕوانین، ڕۆماننووس پێیوایە داگیرکاران هەر زەوی و بان زەوی و ژێر زەوی داگیر ناکات، بەڵکو ئەگەر بۆیان لوا ئەوا ئاسمانیش داگیر دەکەن.

ڕۆماننووس، لە ڕۆمانی "گەمییەکەی نووح" دا، پێمان دەڵێت میللەتێکی ستەمدیدەی وەکو کورد هەر ڕاستەوخۆ داگیرنەکراوە، بەڵکو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش داگیرکراوە، بەتایبەت لەلایەن ئاغاو بەگەکانەوە. بەمەش وایکردووە کوردان پەنا ببەنە بەر ئەشکەوت بەمەبەستی حەسانەوە تێیدا چونکە ئەوەی زەوی و زارە لێیان زەوتکراوە.

**(" وای بنووسە لە ئەشکەوتەکانمان دەرهێنن.. جاران نەوەد خێزان لێرەدا دەژیان، ئێستا بیست و پێنج خێزانی ماوەتەوە، هەموویان مردن، هەندێکیشییان بەدێهاتەکاندا پەرتەوازەبوون، نەگبەتێکی وەکو ئێمەمانان ماوینەتەوە.. ئەم زەوی و زارەانە هی ئاغاو بەگەکانە، ئەگەر زەویمان هەبێ لە ئەشکەوتان چ دەکەین، یاخود دوژمن ئەشکەوتی بەقسمەت نەبێ، هەرکەسێ لێرەبژی، زۆری پێ ناچێ مسۆگەر تووشی نەخۆشی دەبێ..").**

(( گەمییەکەی نووح، ل٤٨ ))

دوژمنانی کورد، بۆ لەناوبردنی کورد چی پێویستە کردوویەتی بەزیاترەوە بەکاریانهێناوەو چەندین سیاسەتی نامرۆڤانەیان بەکارهێناوە. وەك زەبروزەنگ و پۆلائاسا بۆ دەمکورتکردنی کورد، و ئاوارەو پەرتەوازەبوون، و گواستنەوەیان بۆ شوێنی ئاوا کەشیاوی ژیان نییە وەك ئۆردوگای بەزۆرەملێ و ئەشکەوت و بیابان. سەرەڕای دەستبەسەرداگرتنی قووتی خاوخێزانییان بەمەش هێندەیتر بارودۆخی کورد پەرێشان و شپرزە و پڕ ناسۆربووە.

یەشار کەمال، کۆمەڵکوژیی ئێزیدی و ئەرمەنییەکان بەرامبەر یەك دەکات. ئیمپراتۆڕی عوسمانیش بیانووی ئەو داگیرکاری و کۆمەڵکوژییە بۆئەوە دەگەڕێنێتەوە، کەگوایە نە ئێزیدی و نە ئەرمەنییەکان موسوڵمان نین. بۆیە

برین و کوشتن و تالآنکردن و داگیرکاری و لەوڵات وەدەرنانییان ڕێگەی پێدراوە و حەڵاڵە! لێرەدا دەبینین ئیمپراتۆری عوسمانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بەکاردێنێت بۆ مەرامە گڵاوەکانی، و دەیقۆزێتەوە بۆ لێدانی نەتەوەو ئایینی جیاجیا.

**(... لە دەوری کانیی ناوەڕاستی دێدا ژمارەیەك ژن و کچ و منداڵ بەهێمنی سەیری سەربازە ئەسپێون لەپەلوپۆ کەوتووەکانیان دەکرد. ملازم فەرمانی بە سەربازەکاندا ئەژنۆیان بچەقێنن، نیشانە بگرن، تەقە بکەن... هیچیان ئەژنۆی نەچەقاند. هیچ یەك لە سەربازەکان توانای ئەژنۆ چەقاندنی نەبوو. ئەوانەی کە لەسەر کانیەکەبوون بەرلەوەی ملازم فەرمانی تەقەکردن بدات، گۆزە پەقرەج و تەنەکەی ئاوکێشانیان هەرلەوێ بەجێهێڵابوو و هەڵاتبوون. ملازم کانییەکەی نیشان دان : لێدەن ! چەندگوللە یەك بەر بەردەکانی دەوروبەری کانیەکە کەوتن و چەندین گوللەیەکیش بەغونغولەی ئاوکێشانی سەرکانی. ملازم خۆیشی هەرجارێك کە فەرمانی تەقەکردنی دەدا تەقەی لەبەردەکانی کانیەکە دەکردو ئینجا دەستەکانی بەردەدانەوە و پێدەکەنی**

**"ئاگر، ئاگر، ئاگر...."**

**هەموویان، هەموویان، هەرکێیەکیان ببینم دەکوژن، ئەمانە مرۆڤ نین، موسوڵمان نین ).**

(( بڕوانە فورات خوێناویە، ل ٢٣١،٢٣٢))

**(... ساڵەهایە، ئێزدیەکان لەهەر جێگەیەکدا ببینن دەیانکوژن. زارۆك و مێردمنداڵ، کچان و کوڕانی گەنج، پیرونەخۆش و پەککەوتەکان، کێو و بیابان و ئەشکەوت کون و کەلەبەرەکان یەك بەیەك دەگەڕێن و ئێزیدیەکان دەدۆزنەوەو دەیانکوژن، بەڵام ئەوان تەواو نابن، ماندوونابن، خۆیان ڕادەگرن. مرۆڤەکان گشتییان، چ بزانن، چ نەزانن، لەگەڵ ئەواندا دەکوژرێن، ئازاردەکێشن، سووکایەتیان پێدەکرێ، لەنێودەچن، بەڵام ئەوان لەنێو ناچن، بکوژەکانیشیان بەئەندازەی ئەوان وەکو ئەوان پێکەوە لەیەك جێدا دەمرن، بەڵام تێبینی مردن بۆگەنیبوونی خۆیان ناکەن ).**

(( بڕوانە فورات خوێناویە، ل ٤٠٧ ))

مرۆڤ لەلای بەشێك لە تورکان، ئەوانەن کە ببن بە پاسەوانی بەرژەوەندییەکانییان، و ئەگەر هەر نەتەوە و ئایین و ئایینزایەکیش بەدەستی تورکان لێیان بدرێت، نابێت دەنگ هەڵبڕن، چونکە دەست و پەنجەیان خێر و بەرەکەتییان بۆدێنن.

داگیرکەرانی کوردستان، بۆ هەمیشە هەر بەمە نەوەستاون خاکی کوردستان و خەڵکە ستەمدیدەکەی بچەوسێننەوەو داگیری بکەن، بەڵکو بۆئەوەی شەرعیەت بەپرۆسە نەگریسەکەیان بدەن، ناوونatۆرەی قێزەونیشییان بۆ کورد هەڵبەستاوە. بۆیە ڕۆماننووس ئەم دیاردەیەی دوژمنانی کوردی زەق کردۆتەوە، و پێیاندەڵێت : ئەوا خودی مارو ئەژدیهایەکانی دوێنێن، ئەمڕۆ بەکورد دەڵێن مارو ئەژدیها!! خۆ ئەگەر سەری مارو ئەژدیهاش پاننەکرێتەوە، بێ ئەولاو ئەولا یەکسەر پێتوەدەدات و دەتکوژێت. ئەمەیە بیرکردنەوەو سیاسەتی سالح پاشا و سالح پاشایەکانیتر، و سالح پاشا کارەکتەرێکە دەیەوێت هەرچۆنێك بێت کورد ڕەش بکاتەوە.

**( هیچ ئەقڵی نەیدەبڕی و بڕوای نەدەکرد ئەم گوندیە زمان لەدەم نەبوانە لە ئەتاتورکمان هەڵبگەڕێنەوە. شێت و هار دەبوو، دەیگوت هەر کوردێکتان کەوتە بەردەست بیکوژن، کەسیان لێ دەرمەکەن، ئەم مارانە سەریان پان بکەنەوە).**

(( دەریا تۆرا، ل ١٠٣))

پەراوێزەکانی بەشی یەکەم :-

-----------------------------

(١) بەجیهانبوون و شوناسی نەتەوەیی، کۆمەڵە ووتارێکی وەرگێردراوە، وەرگێرانی ئازاد وەڵەدبەگی، چاپخانەی دیلان، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٤، ل ٩.

(٢) بەجیهانبوون، کولتوور، شوناس، ئەحمەد گوڵمحەممەدی، وەرگێرانی عەبدوڵلا بەهرامی، دەزگای موکریانی، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، ل ٢٢١.

(٣) بەجیهانبوون، کولتوور، شوناس، ئەحمەد گوڵمحەممەدی، وەرگێرانی عەبدوڵلا بەهرامی، ل ٢٢٩.

(٤) هەمان سەرچاوە،، ل ٢٣٦.

(٥) بەجیهانبوون، کولتوور، شوناس، ئەحمەد گوڵمحەممەدی، وەرگێرانی عەبدوڵلا بەهرامی، ل ٢٣٨.

(٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٥.

(٧) ئەزموونی خوێندنەوە، چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٦، ل ٢٤٨.

(٨) Personal Identity And Socialst Racture In Sint Martin/ Saint Martin: Aplural ٧, P.١٩٩٣Identities Approach, Rumens, J., Newyork, Newyork University,

(٩) Confessions Of Belonging: My Motiol Journey As Amedical Translator, .١٨٣, P. ٢٠١٠Hurdm E.,

(١٠) کولتوورو ناسیۆنالیزم، د.ڕەفیق سابیر، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٨، ل ١٥.

(١١) هەمان سەرچاوە، ل ٩.

(١٢) کولتوورو ناسیۆنالیزم، د.ڕەفیق سابیر، ل ١١.

(١٣) هەمان سەرچاوە، ل ٣٦.

(١٤) کولتوورو ناسیۆنالیزم، د.ڕەفیق سابیر، ل ٩.

(١٥) هەمان سەرچاوە، ل ١٣٣.

(١٦) کاریگەریی کولتووری ئەوان لەسەر کورد،عەتا قەرەداغی، ل ٣٨٣.

(١٧) ئەزموونی خوێندنەوە، چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ل ١٩٦.

(١٨) کورد لە یاداشتەکانی ئارچی ڕۆزڤێکت دا، ئارچی ڕۆزڤێلت، وەرگێرانی کارزان محەمەد، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٣، ل ١٢.

(١٩) المسألة القومية في الاتحاد السوفياتي، ايفان عزوشيق، ترجمه فارس غصوب، دارالفارابي، بيروت، سنه ١٩٧٣، ص ٧.

(٢٠) Multicultural Citizenship, Kymlicka, Wik, Oxford: Oxford University Press ١٦, P١٩٩٥

(٢١) , Motyl, Santiago, California, USA. ١Encyclopedia Of Nationalism, Volume .٢٥٣. P٢٠٠١London, England uk. Academic Press,

(٢٢) نووسەرانی بوێروئازا، نازم حیکمەت و یەشار کەمال و عەزیز نەسین، وەرگێرانی شوکور مستەفا، دەزگای ئاراس، هەولێر، ساڵی ٢٠١٠، ل ٦٣.

(٢٣) کەلەپورنامەی کوردەواری، یاسین حەسەن گۆران، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل ٦.

(٢٤) کاریگەریی کولتووری ئەوان لەسەر کورد، عەتا قەرەداخی، ل ١٠٨.

(٢٥) هەمان سەرچاوە، ل ١٠٨.

(٢٦) کولتوور و ناسیۆنالیزم، د.ڕەفیق سابیر، ل ٣٧.

(٢٧) هەمان سەرچاوە، ل ٢٩.

(٢٨) یەشار کەمال سەبارەت بەخۆی دەدوێت، ئالان باسکۆی، وەرگێرانی بەکر شوانی، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ساڵی ٢٠١١، ل ٢١١.

(٢٩) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٠.

(٣٠) بەجیهانبوون، کولتوور، شوناس، ئەحمەد گوڵمحەمەدی، وەرگێرانی عەبدوڵڵا بەهرامی، ل ٢.

(٣١) ئەدەبیات بۆ؟ ماریۆبارگاسیۆسا، وەرگێرانی بۆفارسی عبداللە کوپری، وەرگێرانی بۆ کوردی دڵشاد خۆشناو، ماسی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ساڵی ٢٠١٢، ل ٦٤.

(٣٢) Simmel: on individuality and social forms, Levine, Donald, Chicago .٦, p.١٩٩١university press,

(٣٣) , ٢٠١٠Sociology, macions, gerber, john, Linda, toranto university press, .٥٣p.

(٣٤) Culture and civilization, elkley, Richard, the university of Chicago press, .١١, p.٢٠٠٢

(٣٥) .٥٠, p.١٩٩٩Reflections on the politics of culture, Christian parenti,

(٣٦) ئەزموونی خوێندنەوە، چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ل ١٠٤.

(٣٧) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٦.

(٣٨) التشکیل الروائی عند نجیب المحفوظ، د.محمد أحمد القضاه، دارالفارابی للنشر والتوزیع، الاردن، سنة ٢٠٠٠، ص ٣١.

(٣٩) , ١٩٩٨Literature And Artifacts, Tanselle, G.Thomas, University Of Virgina, .١٧P.

(٤٠) قضايا القصة العراقية المعاصرة، عباس عبد جاسم، دارالرشيد، بغداد، ١٩٨٢، ص ١٤٧.

(٤١) أثر التراث الشعبي في الرواية العراقية الحديثة، صبرى مسلم حمادى، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ١٩٨٠، ص ٢٠.

(٤٢) أفول المعنى في الرواية العربية الحديية، فخرى صالح، دارالفارس للنشر و التوزيع، الاردن، ٢٠٠٠، ص ١٦٥.

(٤٣) نووسەرانی بوێروئازا، نازم حیکمەت و یەشار کەمال و عەزیز نەسین، وەرگێرانی شوکور مستەفا، دەزگای ئاراس، هەولێر، ساڵی ٢٠١٠، ل ٨١.

(٤٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٨، ٨٩.

(٤٥) لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، د.عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ، چ ٣، دەزگای ئاراس، هەولێر، ساڵی ٢٠١٠، ل ١٤.

(٤٦) صورة المرأة المصرية في الرواية المعاصرة، د. طه وادى، مركز الشرق الاوسط، القاهرة، ١٩٧٣، ص ٣٨٧

(٤٧) الفولكلور قضاياه وتاريخه، يورى سوكولوف، ترجمة حلمى شعراوى و عبد الحميد حواسى، الهيئة المصرية العامة للتأليف والنشر، ١٩٧١، ص ٢٧.

(٤٨) مقدمة في الفولكلور، د.أحمد على مرسى، دارالثقافة للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٧٥، ص ١٠٧.

(٤٩) نووسەرانی بوێرو ئازا، نازم حیکمەت و یەشار کەمال و عەزیز نەسین، وەرگێرانی شوکور مستەفا، دەزگای ئاراس، هەولێر، ساڵی ٢٠١٠، ل ١٥٠.

(٥٠) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٦.

(٥١) The Politics Of Literature, Ranciere, Jaques, Polity Press, Cambridge, ٢٠٠١.P ,٥.

(٥٢) Post-Colonial Theory, Hart, Jonathan; Goldie, Terrie, Toronto, University Of Toronto Press,١٩٩٣ P ,١٥٥.

(٥٣) The Niagara Componion Explorers, Artists And Writers At The Falls, From Discovery Through The Twentieth Century, Revie, Linda L., Wilfrid Laurier University Press,٢٠٠٣.P ,٩٥.

(٥٤) فى الادب الفرنسي المعاصر، د.سامية احمد أسعد، الهيئة المصرية القلعة للكتاب، ١٩٧٦، ص ٢٩١.

(٥٥) نووسەرانی بوێرو ئازا، نازم حیکمەت و یەشار کەمال و عەزیز نەسین، وەرگێرانی شوکور مستەفا، ل ٦٣.

(٥٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠

(٥٧) بەجیهانبوون، کولتوور، شوناس، ئەحمەد گوڵمحەممەدی، وەرگێرانی عەبدوڵڵا بەهرامی، ل ٢٠٢.

(٥٨) شاعیری مرۆڤدۆست نازم حیکمەت، سەربەست کەرکوکی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ساڵی ٢٠١٠، ل ٨٠.

(٥٩) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٦ – ٨٧ .

(٦٠) Racism Encyclopedia Of Race, Ethnicity And Society, R.Schaefer, ٢٠٠٨, P.١٧٣.

(٦١) Racism: A global reader. Reilly, Kevin, Kaufman, Stephen; Bodino Angela, Armonk, N.Y: M.E.Sharpe, ٢٠٠٣, P.١٥-١٦.

(٦٢) کاریگەریی کەلتووری ئەوان لەسەر کورد، عەتا قەرەداغی، ل ٢٩.

(٦٣) کوردستان : کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی، دکتور ئیسماعیل بێشکچی، وەرگێرانی ڕێبوار رەشید، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، سالی ١٩٩٣، ل ٣٣.

(٦٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١.

(٦٥) کوردستان : کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی، دکتور ئیسماعیل بێشکچی، وەرگێرانی ڕێبوار رەشید، ل ٥٩.

(٦٦) کوردستان: کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی، د.ئیسماعیل بێشکچی،، ل ٨٩.

(٦٧) هەمان سەرچاوە، ل ٨٠.

(٦٨) Preface To Colonialism, Tignor, Roger, Markus Winner Publishers, P.X.

(٦٩) Colonialism: Athoretical Overview Trans. Shelley Frisch, Osterhammel, Jurgen, Makus Weiner Publishers, ٢٠٠٥, P.١٦.

بەشی دووەم :

پێوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە. دیدی ڕۆماننووس وەك کۆمەڵناسێك.

پێوەندی نێوان ئەدەب و مرۆڤناسی. دیدی ڕۆماننووس وەك مرۆڤناسێك.

بەرجەستەکردنی وێنەی ئافرەتی  کورد، لەڕۆمانەکانی یەشار کەمال دا.

ژینگەی لادێی، لە ڕۆمانەکانی یەشار کەمال دا.

باری دەروونی و ناسنامەی کەسێتییەکان.

# پێوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە

## دیدی یەشار کەمال وەك ڕۆماننووس و کۆمەڵناسێك

پێوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە، ڕەگێکی دیرۆکی دوورو درێژی هەیە، و لەسەرەتاوە ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت پەیوەندییەکە نەپچڕاوە. بەڵام دەشێت بڵێین هەڵکشان و داکشانی بەخۆیەوە بینیبێت، یاخود سەردەمێك لەسەردەمەکان پێوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە ساردی تێکەوتبێت.ئەویش بەهۆی ئەوەی هیچ زانستێك لەخاڵێکی چەسپاودا ئۆقرەناگرێت نەخاسمە بواری ئەدەب، کەچەندین تیۆرو ڕێبازو قوتابخانەی جیاجیا پەیوەستن بەم بوارەوە. یەکێکیان دەیەوێت، ئەویتریان پەراوێزبخات و مرخی خۆی لێخۆشبکات.

هەندێك لەڕەخنەگرانی بواری ئەدەب، پێیانوایە سەرەتای پەیوەستبوونی ئەدەب و کۆمەڵگە بەیەکترییەوە، دەگەڕێتەوە بۆ کۆمارەکەی ئەفلاتون. کەبەشێکی ئەم کتێبە تایبەتە بەستایش و پیاهەڵگووتنی ئەو شاعیرانەی کەتاکی جەنگاوەران ئاراستە دەکەن، بەمەبەستی ورە بەرزکردنەوەیان لەبەرەکانی جەنگدا. بەڵام ئەگەر ئاوڕ لە ڕابردوویەکی دوورتر و پێش ئەفلاتون بدەینەوە ئەمجۆرە بیرانە لەناو بەرهەمی زارەکی میللەتان بێگومان ڕەنگیداوەتەوە.

ئەوەی هێندەیتر پێوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگەی بەهێز و بەتینترکرد، سەرهەڵدان و گەشەی ڕێبازی ڕیالیزمی سۆشیالیزمی و ئەو بابەتانەی لەم چوارچێوەیدا دەخوولێنەوە بەتایبەت لە ئەدەبیاتی ڕووسیدا.

بەڵام دوواتر بەبیانووی ئەوەی لایەنی ستاتیکای دەق لەکورتی داوە و لاوازبووە، ئەدەب بۆتە پاشکۆی بیرە کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئایدۆلۆجیاکان، ئەم پێوەندییە ساردوسڕی تێکەوت بەتایبەتی دوای ئەو تیۆرییانەی کەدەقی ئەدەبیاتی خستبووە ناو چوارچێوەیەکی زۆر داخراو، و بەدەر لەهەموو کاریگەرییەکی کۆمەڵگە، و بێئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە چالاکی ئەدەبی کار لەکۆمەڵگە دەکات، وبزاوت و چالاکیی کۆمەڵگەش ماك و شوێنەواری بەسەر ئەدەبەوە بەجێ دەمێنێت. واتە دەتوانین بڵێین ئەدەب و کۆمەڵگە هەندێجار بەشێوەیەك ئاوێتەی یەکتردەبن، قورس دەبێت تخووبییان لەیەکتر جیابکەینەوە، و وەك دوو قەوارەی سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین.

یەشار کەمال، ئەدەب بەپاڵنەرێکی بەهێز دەزانێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو جەوروستەمەی دەرهەق بەتاکەکان دەکرێت، وکە وای لێکردوون هیچ کەس و لایەك و جوڵانەوەیەك بەرگرییان لێنەکات مەگەر خامەی بەپێزی ئەدەب نەبێت، کەوەك داکۆکیکارێك وایە، لەمافەکانیان دەپێچێتەوە، و دەبێتە دڵنەوایی بۆیان: ( کارێکی ئێمە دەیکەین هەرئەوەیە، سەرلەنوێ لەگەڵ قیەم و بەهایەکی مرۆڤایەتیدا دەست لەملان و شاد و شوکر دەبنەوە. ئەوی سۆسیالیزم ئەوە نییە، مرۆڤایەتی بکەینەوە بەخاوەن ڕەسەنایەتییەکی دێرینەی خۆی کەلەدەستیان چووەندووە.)(١). بەڵێ ئەمە ئەدەبە دەتوانێت بە دووربینییەکی بیندرێژەوە کەموکوڕی و چەوتی و خراپەکارییەکانی کۆمەڵگە ببینێت، و شیانبکاتەوە و گورزەڕەخنەیان لێبدات بۆ ئەوەی ناوەندی هێز و دەسەڵات و

ڕەسەنایەتیی بۆ خودی مرۆڤە مافخوراوەکان بگەڕێنێتەوە، و سەرلەنوێ لەکۆمەڵگەدا ژیانێکی شایستە بژین، ونەبنە پاشکۆ بەندەی ئەم و ئەو. واتە ئەدەب جوڵێنەری دیاردەکانی نێوکۆمەڵگە، و گۆمە مەنگەکان دەشلەقێنێت و جووڵەیان تێدەخات، لەتوانایدایە بارە ڕەشبینییەکان بڕەوێنێتەوە و بیانگۆڕێت بۆ گەشبینییەکان.

ئەوە ئەدەبە، بۆی هەیە لەسەر ووردو درشتی دیاردەو بابەت و پەنهانیی شتەکان قسەبکات بەبێ سانسۆر. ئەدەبە، دیاردەو بابەت و شتەکان بۆخۆی کێشبکات و دەستەمۆیان بکات، بەپێچەوانەوە نە وەکو ئەوان، ئەدەب کێشبکەن و دەستەمۆی بکەن.

چەمکی تاك، چ لە کۆمەڵگە، چ لە ئەدەب دا، بایەخی تایبەتی خۆی و گرنگی زۆری پێدەدرێت، دەتوانین بڵێین ناواخنی هەردوو بوار جەخت لەم چەمکە دەکاتەوە. بێگومان کەئاماژە بەچەمکی تاك دەکەین، یەکڕاست دەبێت ئاماژە بەچەمکە هاوەڵ و هاوڕێ و تەواوکەرەکەی بکەین، کەلەپێشیەوە دێت، ئەویش چەمکی ئازادییە ئینجا هەردوو چەمکەکە ئاوێتەی یەکتر دەبن چەمکی ئازادی تاك دێتە ئاراوە. کە گوزارشتە لەئازادییەکانی تاك. چەمکەکەش ڕووبەرێکی فراوانی هەیە، بەبوارگەلێکی ژیانی تاکەکەوە بەستراوەتەوە وەك ئایدۆلۆجی، دەروونی، مەعریفی، کۆمەڵایەتی... هتد. هەموو ئەمانەش ئەدەب وەریاندەگرێت، و بەچاکی هەڵیاندەمژێت و دەبنە کەرەستەیەکی خاو. ( بۆیە پێم وابوو سەربەخۆیی مرۆڤ، ئازادی تاك، ئازادی کولتوور و ئازادی وڵاتان مەرجی سەرەکیی پیادەکردنی سۆسیالیزمە)(٢) ئازادییەکانی تاك مەرجێکی هەرە لەپێشە، بۆئەوەی ئەوئافرێندراوە هەرە جوانەی خوا لەنێو ئافرێندراوەکانیتر جیابکرێتەوە، سیفەتی مرۆڤبوونی خۆی بەباشی ئەدابکات. بەڵێ ئازادی تاك کۆڵەگە هەرە سەرەکییەکەی بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروستە، و هاوکات هەنگاو دەنێت لەگەڵ کۆمەڵگە پێشکەووتووەکانیتر. جەختکردنەوە لە ئازادیی تاك بەلای ئەدیبانەوە، بەئامانجی ئەوەی هێندەیتر ئەم ئازادییە فەراهەمبکات، و لەهەمانکاتدا کۆسپ و بەربەستەکانی پێشخۆی زیاتر ڕامالێت، و خراپە و چەوتییەکان پیشانبدات چارەسەرییان بۆ بدۆزێتەوە هەوڵبدا بیانگۆڕێت بۆچاکەخوازی. واتە هەرچەندە ئازادی تاك فەراهەم بێت لەکۆمەڵگە، ئەوا ئەدیب و هونەرمەندان دەرفەتییان زیاتر دەبێت. بۆئەوەی ناوەڕۆکێکی ئازادیخوازانەو پیشاندانی ڕووی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی لەبەرهەمەکانییاندا ڕەنگڕێژبکەن.

هەندێك دیدو بۆچوون جەخت لەوەدەکەنەوە، کە ناواخنە کۆمەڵایەتییەکەی ئەدەب پێویستە سنووری ئەو کۆمەڵگەیە ببەزێنێت کەخودی نووسەرەکەی لەخۆگرتووە، و چاکتروایە پەیامەکەی ڕووەو کۆمەڵگەی خۆی و هیچ نەبێت چەند کۆمەڵگەیەکیتر بێت، و تاڕادەیەك دابنرێت لە مۆرکی خۆجێیی ( لەسەردەمی ڕاگەیاندنە جیهانییەکاندا نووسەرانی بواری ئەدەب ئیدی کەسانێك نین کەتەنها توێژەکانی ناو کۆمەڵگەی خۆیان لەبەرچاو بگرن و ئەمەش دەستبەجێ ئەنجام بدەن. بەم پێیە ئەو خوێنەرانەی کە ڕۆماننوسێك دەدۆزنەوە، زۆر لەو خوێنەرانە زیاترن کە هەمان ڕۆماننووس لە وڵاتەکەی خۆیدا هەیەتی)(٣) ئەم بۆچوونە لەسەردەمی ئەمڕۆماندا، کە سەردەمی خێرایی و پێشکەوتنە یەك لەدووای یەکەکانە، هەرگیز ئەوەناگەیێنێت ڕۆماننووس یان نووسەر بەکۆڕو کۆمەڵەکەی نامۆبێت و ئەو بەئاوازێك بخوێنێت و ئەوانیتر بەئاوازێکی زۆر جیاوازتر. چونکە مەحاڵە جۆرە ئەدەبیاتێك بدۆزینەوە ماك و تۆوی کۆمەڵگەکەی لەخۆیدا هەڵنەگرتبێت، جا چ بەپەنهانیی، یاخود چ

بەئاشکرایی بێت گرنگ، ئەوەیە هەستی پێدەکرێت. بەڵام هەرچی هەیە لێرەدا ئەوە مەبەستە، ڕۆماننووس خۆی بۆ ئەگەری ڕووبەڕوو بوونەوەو پێکدادانەکانی ڕۆماننووسانی دەرەوەی کۆمەڵگەکەی بەباشی ئامادەبکات، ئەدەبەکەی بەشێوەیەك ڕام بکات کە نزیکیبکاتەوە لەنێوان و چین و توێژەکانی کۆمەڵگەکەی و کۆمەڵگەکانیتر.

بۆنموونە ڕۆماننووس دەتوانێت خەم و ئارێشەکانی توێژی ڕۆشنبیرانی کۆمەڵگەکەی ئاوا شەن و کەو بکات هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبێت لەگەڵ توێژی ڕۆشنبیرانی چەند کۆمەڵگەیەکیتر. بێگومان ئەوەش دەوەستێتە سەر سالاری و ڕۆشنبیریی ڕۆماننووس و چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی دەقەکەی بۆ داهێنانی بەرهەمێکی لەم شێوەیە. ئەدەب، هەوڵ و تەقەڵلا و تێکۆشانێکە بۆ گۆڕینی بارودۆخی کۆمەڵگە بۆ بەرەو باشترو چاکترکردنی، و ڕێگرتن لەو مەینەتەی ناخۆشیی و مەترسییانەی کەخەریکە دڵ و گیانی کۆمەڵگە دەسمن. بۆیە ژانرەکانی ئەدب بەگشتی و ڕۆمان بەتایبەتی هیواو ئاواتێکە بۆ گەیشتن بەئامانج و ئاکام، لەپاڵ تام و چێژ و لەزەتەکەی دا واتە : ( چۆن نەشتەرگەری برینە تێکچووەکان دەکاتەوە، بەهەمان شێوەش قەڵەم برینەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی دەکاتەوە، قەڵەم خەڵك لەبەردەم ئاوێنەیەك دادەنێت کەهەموو شتێکی بۆ ڕوون دەکاتەوە، ناتوانێ کەموکوڕی و کێشە کۆمەڵایەتییەکان تێپەڕێنێ تا تێنەگات و کێشە و کەموکوڕییەکان بەقەبارەی ڕاستەقینەی خۆی دەبینێ. لێرەشەوە کێشەکانی ئەدەب بەدیاردەکەون. زۆر کەس لە حەقیقەتی ئەدەب تێناگەن کەبەشێوەیەکی سیمبۆلی دەربڕی کێشەکانی کۆمەڵگایەو وەکو نەشتەرگەرییەکە بۆ کۆمەڵگا)(٤). نەشتەرگەری بۆ کێشەو ئازار و نەخۆشی و چەرمەسەرییەکانی کۆمەڵگە، یەکێکە لە ئەرکە لەپێشینەکانی توێژی نووسەرو ئەدیبان، قەڵەمی ئەمانە نەك هەر ئەم دەردو پەتایانە پیشانبدات و بەسەرپێی بەسەریان دا ڕابورێت، بەڵکو خودی خۆیان و بەرهەمەکانیان بەشێکبن لە ڕێوشوێنەکانی چارەسەری و ڕزگاربوون لێیان. چونکە نووسەرو ئەدیبان بۆخۆیان دەستەبژێر سەردەستەن و بۆیە دەبێت لەخەمی ئەوەشدابن کە کۆمەڵگەکەیان بێوەی بێت. بێگومان نیازی نووسەر، یاخود ڕۆماننووس لەڕانانی کێشەو لاوازیی و لایەنە خراپەکانی کۆمەڵگەکەی نیازی چاکەو خێرە، نەوەك نیازی ئەوەبێت تانە و تەشەر لەکۆمەڵگەکەی بگرێت و بەچاوێکی سووك لێیبڕوانێت و خۆی لەسەروو ئەوانیتردا ببینێت.

نکۆڵی لەوە ناکرێت زمان جۆبارێکە لەتوانایدایە هەموو جۆگەکانیتر پڕاوپڕ بکات لەئاو، هەر ژانرێکی ئەدەبیش دەتوانێت بەوێنەی ئەو جۆگانە خۆی تێرئاو بکات. ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئەوەیە بڵێین هەر ژانرێکی ئەدەب بەپێی خواست و ئارەزووی ژانرەکە دەتوانێت سوود لەزمان وەربگرێت و تارادەیەك چوارچێوەیەك بۆخۆی دابنێت و بونیادی دەقەکەی پێقایم بکات. بۆنموونە لەبابەت شیعر و ڕۆماندا، ( لێکۆڵەرەوەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەو زمانەی دەقەکانی ڕۆمانی پێدەنووسرێت نزیکدەبێتەوە لەپەخشانێکی ڕیالیستی و زمانێکی ڕۆژانە ئاسا. وەك دەقێکی شیعری. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی گەشەکردنی ڕۆمان ببەستینەوە بەبنیات و ژیانی کۆمەڵایەتییەوە)(٥). ئاشکرایە گەمەی زمانی و چڕی زمانی و ڕەزمی زمانی تایبەتمەندی و خەسڵەتی هەرە دیارو ئاشکرای دەقی شیعرین. لەکاتێکدا ئەو تایبەتمەندی و خەسڵەتانەی دەقی شیعری، لەدەقی ڕۆماندا بەو تیرییە نابینین و هەستی پێناکەین. بێگومان زمانیان جیاوازبێت، ڕەنگدانەوەشییان لەکۆمەڵگەدا جیاواز دەبێت. بۆیە زۆر ئاساییە دەقێکی ڕۆمان نوێنەرایەتیی زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەکەی بکات و هەر بەو چەشنە زمان و

ئاخاوتنە بدوێن و گوزارشت لەخۆیان بکەن. واتە لەتوانستی ڕۆماننووسدایە زمان تا نزمترین ئاست بێنێت و بگرە تائاستی نەخوێندەوارێك کەچۆن بەهۆی زمانەوە گوزارشت لەخۆی دەکات، وەڵێ بەئاسانی داهێنانیشی لێدەکات و دوورنەڕوانین تەواو دەقەکەشی پێهاوسەنگ دەکات. هەم زمان، و هەمیش ژانری ڕۆمان ڕازونیازێکن هەرگیز ناتوانین لەکۆمەڵگە دایبڕین. کارلێکەکانی نێوانیان وەلابنێین.

مەرج نییە ململانێی نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، ببنە لەمپەر لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگەو هێنانەدی دادپەروەرێتی کۆمەڵایەتی، بەڵکو ململانێیە سیاسییەکان کۆسپێکی گەورەو ڕێگرێکی مەزنن لەهەمبەر لڤینی تاك و کۆمەڵگە و دۆزینەوەی نەخشەڕێی هەنگاونان بەرەو چاکتر. واتە لێرەدا ( ململانێیەسیاسییەکە دانابڕێت لە ململانێیە چینایەتییەکە، هەردووکییان ڕووی یەك ڕاستین، ئاریشە کۆمەڵایەتییەکەیە یاخود بەواتایەکیتر ئاریشە دادپەروەرییە کۆمەڵایەتییەکە. یەکێکە لە ئاریشەکان بۆ بەردەم بنیادنانی کۆمەڵگە)(٦). بەڵێ هەر خودی ململانێیە توێژایەتی و چینایەتیی دەرهاوێشتەی دنیای سیاسەت و ئابوورین، کە هەر لەوێوە بەرنامە ڕێژ دەکرێن و بۆ قووڵایی ناخی کۆمەڵگە دەنێردرێن و دەکەونە وێزەی گیانی تاك و کۆمەڵگە. لێرەدا کە باس لەهەر ململانێیەك دەکەین و لەهەر بوارێك بێت، مەبەستمان لێی ململانێیەکی ئابڕووداره کەلەسەر بنەمای گۆڕان بەرەو چاکتر بنیادنراوە، نەوەك ململانێیەکی بێئابڕوو، کە لەسەر بنەمای هەڵپەرستی و بەرژەوەندیخوازی تایبەتی و بەکارهێنانی تاك و کۆمەڵگە بۆ مەرامە گڵاوەکان و تێکدانی ئاشتیی کۆمەڵایەتیی و درزخستنە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵگە و نانەوەی پەرێشانی و پشێوی بنیادنرابێت. بێگومان ململانێیەکی لەم چەشنە خراپە، بەرلە گۆڕان و پێشکەوتنەکان دەگرێت جا لەهەر کایە و جومگەیەکی ژیانبێت، و دووچاری ڕچان و دارمانیان دەکات، وا لەتاك و کۆمەڵگە دەکات دەست و پەنجەی ڕەق بێت لەکارکردن بوەستێت و هۆشی بە بەردا نەمێنێت.

پێوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە، لەتەنکاو تێپەڕیکردووە و چۆتە قوڵاییەوە و لەوپەڕی گەرمی و بەهەڕمێنی دایە، بەڵگەشمان بۆ ئەمە ئەوەیە دەقێکی ئەدەبی تەنیا چەند تاکێکی دیاریکراو، یاخود چەند خوێنەرێك نادوێنێت، بەڵکو لەتوانایدایە تاڕادەیەك هەموو کۆمەڵگەکە بدوێنێت، و هەست و نەستیان بورووژێنێت و لەخامۆشی و جینگڵی ڕزگارییان بکات. واتە دەشێت بڵێین : تا ئەندازەیەك ( نووسینی چیرۆك لێرەدا دەگۆڕێت بۆ ئامرازێکی کارا بۆ گۆڕان و وەرچەرخانی کۆمەڵایەتیی و جەختکردنەوە لەبەهاکانی گۆڕان، خۆتەرخانکردن و ڕەتکردنەوەی هەموو دیاردەیەکی قێزەون)(٧). ئەدەب ئامرازو هۆکارێکی جێدارە بۆ کۆمەڵگە و لەهەمانکاتدا دەتوانین بگەڕێین بەدووای گەراکانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیی دا، جا لەهەر دەقێکی ئەدەبی دا بێت نەخوەزەلا لەڕۆمانیش دا، هەروەها ئەدەب ڕۆڵێکی دیار و بەرچاو دەگێڕێت لە سازاندنی هۆشیاری بۆ تاك و کۆمەڵگە و گۆچانێکی بەفەڕە بۆ تووڕدانی نەگبەتی و نەهامەتییەکانی. بەڵێ ئەوە ئەدەبە دەست و پەنجەکانی گەرم و نەرم کردووە بۆ ئەوەی هەموو دیاردە بێزراو و قێزەونەکان لەناو کۆمەڵگە لەبارییەك هەڵبوەشێنێتەوە و شتی تازە بابەت و بەسوودیان لێچێبکات، و سوی هەبێت بۆ تاك و کۆمەڵگە.

ئاشکرایە پێوەندی نێوان تاك و کۆمەڵگە، پەیوەندییەکە ڕاستەوانە دەگۆڕێت، کۆمەڵگەیەکی تەندروست و ساخڵەم دوور لە نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان، تاڕادەیەکی زۆر کاردەکاتە سەر چۆنیەتی بنیادنانی تاك، و دوواتر

تاکێکی تەندروست و ساخڵەم چ کاریگەرییەکی دەبێت بۆسەر کۆمەڵگەکەی ؟ بەتایبەت دەستەبژێران لە هونەرمەندو ئەدیب و ڕۆشنبیران ( لێرەدا دەتوانین بەئاسانی لەوە بگەین چۆن ئەو خودانەی کۆمەڵگە بەتاکێتی خۆیان، کاردەکەنە سەر ئاستی خەیاڵدان و تێگەیشتن، بۆداهێنانی دنیای تاك و دەوڵەمەندکردنی. بەرهەمی ئەمەش شاکاری هونەریی و ئەدەبیی و بزاڤی دانابیە)(٨). واتە کۆمەڵگە پەسارێکە بۆ تاك، هەرلەوێشدا تاك دەتوانێت خۆی سازو بەرهەڤ بکات، و بەهەوڵ و کۆششی خۆی بوونی خۆی بسەلمێنێت، و چالاکییەکانی بەرهەم بهێنێت سادەترین پێناسە بۆ کۆمەڵگە بریتییە لە کۆبوونەوەی کەسەکان یاخود تاکەکان و بەیەکەوە ژیان و پەیوەستبوون بەیەکەوە. دەستەبژێرانی کۆمەڵگەش هەریەکێك لەلای خۆیەوە و بەتوانستییەوە، بێسڵەمینەوە لەڕێی بەرهەمەکانییەوە ڕووماڵ و ڕاڤەی کۆمەڵگەکەی بکات و تا بۆی بکرێت بێمورادی و بیمارییەکانی بدۆزێتەوە و چارەسەری گونجاوییان بۆ بکات، هەروەها تاکی داهێنەر یاخود دەستەبژێری ڕاستەقینەی کۆمەڵگە، هەمیشە لەخوولیای ئەوەدایە، تاکەکانیتریش بەتاسەمەندییەوە بژین و نائومێدی ڕوویان تێنەکات، وزانین بەدەستبێنن و هۆشیاریی تاك سەربکێشێت بۆ هۆشیاری سەرتاپای کۆمەڵگە و پاراستن و بەهێزکردنی یەکڕیزییەکانی.

شیکارو شرۆڤەی کۆمەڵناسانە، کلیلێکە دەرگەی چوونە ژوورەوەی دەقمان بۆ واڵا دەکات، وەك چۆن دەقێکی ئەدەبی شیدەکەینەوە و لایەنە جوانی و هونەرییەکانی بەدیاردەخەین، ئەوەئاش شیکاری کۆمەڵناسانە بۆ دەق چەند هەنگاوێکی خێرایە بۆ زوو گەیشتن بەمەبەست و مەرامەکانی هەردەقێك، و خوێندنەوەو لێکدانەوەی گونجاو بۆی. بۆیە ( شیکردنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەسەردەمی ئێستادا بریتییە لە خوێندنەو و توێژینەوە لە پێوەندی نێوان ئەدەب و ناسنامەی کۆمەڵ و کۆمەڵگەکان. یاخود باسکردن و وردبوونەوەیە لە کولتوورو ژێرخانی کولتوورییان. کە لەو ڕێگەیەوە پێشهاتە کۆمەڵایەتییەکان و بەسەرهاتەکانی کۆمەڵگەی تێدا ڕەنگدەداتەوە)(٩) لەڕێی دەقی ئەدەبییەوە دەتوانرێت دووبارە و چەند بارە مانا ببەخشرێت بەنرخ و بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە و جەختکردنەوە لەبایەخ و گرنگییان لەسەردەمێکی درەنگتردا.

هەرنووسەرێك یاخود ئەدیبێك، لەبەرهەمەکەی خۆیدا و لەڕێی خودەوە گوزارشت لە کۆمەڵگەکەی دەکات، بەپێی جۆری تێڕوانین و بیرکردنەوو هەست و نەستی خۆشی، جیهانێکیتری لەخەیاڵ و فەنتازی بۆ کۆمەڵگەکەی دەسازێنێت، و لەپاڵ واقیعییەتی کۆمەڵگەکەی دەیخاتە ڕوو. بۆیە هەرگیز ناکرێت هزرو خەیاڵەکانی نووسەر، یاخود ئەدیبی ڕەسەن ناچیز و نادیدە بگرین کەچۆن لەڕێگەی دەقەکەیەوە لایەن و ڕووەکانی کۆمەڵگەکەمان بۆ دەخاتە ڕوو، مەرجیش نییە لەدەقەکەیدا باسی کۆی توێژ و چینەکانی کۆمەڵگەکەی بکات، بەڵکو لەتوانا و بڕستیدایە تەنیا لەڕێی توێژو چینێك، یاخود چەند توێژ و چینێك، وێنەی سەرلەبەری کۆمەڵگەکەی بگرێت و پێشچاوی خوێنەر ڕوون و ڕۆشن بکاتەوە. ئالێرەوە قەلاوزی نووسەر، یاخود ئەدیبمان بۆ بەدیار دەکەوێت.

# شیکردنەوەی دەقـــەکـــان

دووای ئەوەی بەرەبەرە دەسەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانی لەکزی دەدا، و حکوومەت ناپرژێتەسەر کاروبارەکانی هاونیشتمانییان. چین و توێژەکانی کۆمەڵگە درزی گەورە گەورەیان لێدەبێتەوە، و هەردەستەو تاقم و کۆمەڵێك لەڕاستی خۆیان دەبن بەدەسەڵاتدارو حکوومەت. واتە کۆمەڵگە دەبێتە کارگەیەك بۆ خستنەوەو بەرهەمهێنانی کەڵەگا و ڕێگر و دز و جەردە و خراپەکاران، لەئەنجامی نەبوون و ئامادەنەبوونی دەسەڵاتێکی بەهێزی ڕێکخراو دا.

بێگومان هەر زیانلێکەوتووی ئەم ڕۆژگارە ڕەشەش چینی ڕەش و ڕووتی هەژارانن. بەم هۆیەوە چەندان کەس دەمرن بەهۆی برسێتی و قاتوقڕی و نەخۆشییەوە، و توانای ئەوەیان نامێنێت کەشوێنی حەوانەوە بۆخۆیان و منداڵ و خێزانەکانییان چێبکەن، بەڕادەیەك بەناچاری مرۆڤەکان دەبێت خۆیان بهێننە ڕیز ئاژەڵان و لەخانەی ئەواندا بحەوێنەوە ژیان بگوزەرێنن. لەکاتێکدا دەسەڵاتدارو کاربەدەست و بڕیاربەدەستان بەووردی ئاگایان لەم بارودۆخە دژوارو سەختەیە، بەڵام دەستەوەستان سەیری گوزەرانی ئەو خەڵکە دەکەن، بێئەوەی نەهامەتی ئارێشەکانییان بۆچارەسەر بکەن. هەروەها ژیانی خۆیان و سووڵتانەکانییان لەوپەڕی خۆشگوزەرانی و ڕابواردن و کەیفسازی دایە! با کۆمەڵگەش بەدەست دەرد و بەڵا و مەینەتییەکانییەوە بتلێتەوە.

**( قایمقام :**

**"پێش ئەوەی بێم لەبارەی قەزاکەوە زۆرم کۆڵیوەتەوە. گوایە پڕە لەدەستدرێژو زۆربا. بیستوومە زۆربای وای تێدان تەمەنم هەریەکە بیست سی ڕێگری لەو کەژانە هەن. دەڵێن تائێستاش وڵات بەدەستیانەوە زەلالەتییەتی لەهەقم کۆڵیوەتەوە ئەمانەم هەموو ڕەچاو کرد ئەوجا هاتم"**

**"تێ دەکۆشین، خەبات دەکەین، لەگژ هەموویان ڕادەچین، بەگژ گشت خراپەکارییەکاندا دەچین. دەڵێن ئەم قەزایە لەرزوتێی زۆرە گوایە ساڵی هەزاران کەس بە لەرزوتێی دەمرن. منداڵی لێ ناژی. ئەفەنم نامەیەکم پێ گەیشت."**

**مورتەزا ئاغا بەهەراسانییەوە هەڵی دایێ :**

**"ئەوە جەماڵە کوێرە وەستا پاڵەوان نووسیویانە ناحەزمانن؟"**

**کەماڵ تاشان بۆئەوەی ئەم بەبێپەروا قسەکردنەی مورتەزا ئاغا بشارێتەوە تێ هەڵچوو :**

**"هەیە گەورەم، مردن هەیە، پلەی ژیان و گوزەران کە زۆر نزم و نەوییە. ئەگەر دەزانی چۆن دەچین ئەوسا دەڵێی ئەوچۆن بەکۆمەڵ نامرن و ماون. ژیانمان لەواز بەدەرە، موعجیزەیە، خانووەکانیان لەسەر زەلکاو و بەژاژ و قامیش دروست کراون. ئاویان لەژێر هەڵدەقوڵێ. لەگەڵ ئاژەڵاندا دەحەوێنەوە، ساواری بێ چەوری دەخۆن گەورەم. ساوارو نانی ڕووت. لەبەهاردا گیا و گۆتاڵ دەخۆن. دەیکوڵێنن و دەیخۆن. خواردنی هەرەچاکیان دۆی ترشاوە. )**

(( تەنەکە، ل ٢٢، ٢٣ ))

یەشار کەمال، وەك ئەدیبێکی هەستیار گلەیی و گازاندە و ڕەخنە لە کۆمەڵگەی کوردیی دەگرێت، و پێیوایە کوردەکان هیچ زیان و خراپییەکی دەوروبەرەکەیان نییە، کەچی لەنێوخۆیان یەك دەنگ و تەباو تفاق و یەکگرتوونین، و بەردەوام بەردەبنە ویزەو گیانی یەکتر، بێگومان ئەمەش بەدرێژایی سەردەمەکان خاڵێکی هەرە لاوازی کۆمەڵگەی کوردیین بە چین و توێژو ئایدیا جیاوازییەکانییەوە. وەك لەم وێنەیەی خوارەوە بەدیاردەکەوێت، لەکاتێکدا کۆچپیانپێکراوە و چەوسێنراونەتەوە و ستەمییانلێکراوەو لەزێدو شوێنی ئەرمەنەکانیش نیشتەجێکراون، وانییە پەندو وانە لەم بارودۆخە دژوارە وەرگرن و ببنە درك بۆچاوی دوژمنەکانییان.

**( لەو گەڕەکە کە ئەرمەنییەکان چۆڵیان کردبوو و ڕۆیشتبوون خەریك بوو وێران دەبوو، ئەو کوردانە خۆیان لەهیچ کارەسات و ڕووداوێکی ناوچەکە هەڵ نەدەقورتاند. لەکلاوڕۆژنەی قوڕینی ئەرمەنییەکان کەئێستا کوردیان تێدا دانیشتبوون، هەمیشە بەزمانی کوردی دەنگی گرمە و هەراو هۆریا دەهات. هەموو ئێواران بێ نێوبوێر کوردەکان بەداروبەرد بەردەبوونە گیانی یەکتر. سەرودەستی یەکتریان دەشکاندو دەنگی هات و هاواریان شاری پڕدەکرد. شارەکەش بەم شەڕوکێشە ڕاهاتبوو. )**

((حەمەدۆك، ب ٢، ل ٣٨٣ ))

وەنەبێت بەشێك لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردی بە شەڕ و هەرا و هۆریا و پشێوی و ناکۆکی و خۆخۆری ڕاهاتبن. بەڵکو ئەم ناخۆشی و نەهامەتییانە، دەبنە سەرچاوەی خۆشی بۆ دەوروبەرەکەیان و دەشتوانن بە ئاسانی دەستییان بەسەردا بگرن، و چۆنییان بوێت ئاوا ئاراستەیان بکەن.

ڕۆماننووس، ژیانی زەحمەتکێش و کرێکارو ڕەنجدەرانی کۆمەڵگەکەی پیشاندەدات، کە چۆن و بەچ شێوەیەکی پڕ کێشە و نەهامەتی ژیان دەگوزەرێنن، و لەبەر قورسی و گرانیی کارەکانییان قاچێکییان لە لێواری ژیاندایە، و قاچەکەی تریان لە لێواری گۆڕ و مەرگدایە. سەرەڕای ئەم ناخۆشی و دەردەسەرییانەش خاوەنکار، یاخود خاوەن مەزار ئامادەنین هەقدەستەکانییان بەتەواوی بدەن و لەهەقدەستەکانییان کەمدەکەنەوە، و قەیچییەکە ئەگەر کاری زیاتریش بکەن! واتە بەبیروباوەڕی یەشار کەمال بەشێکی زۆری ڕەنجدەرو زەحمەتکێش و کرێکاری کۆمەڵگەکەی هەمووی ڕەنج بەباو ڕەنج بەخەسارن.

**( لەناکاو لەچاو تروکانێکدا لافاوێك لەئاسمانەوە بەسەر زەوییەکەدا هەڵڕژا. نێوان ئاسمان و زەوی دەبووە دیوار کرێکار نەڕەیان نەدەکرد و نەدەشجووڵان، هەرهەموو لەجێی خۆیان و لەبەر بارانەکە مانەوە ئەوبارانە مەرگی ئەو کرێکارانەبوو کە بەپارەی ڕۆژانە کاریان دەکرد. هیچ شتێك لەوە بۆ کرێکاری لۆکە ڕنینەوە خراپتر نەبوو. ئێستا بارانەکە لۆکەکەی هەموو لەعەرزی دەکرد و لەقوڕی وەردەدا. لۆکە، چەندی خاوێنیشییان دەکردەوە هەرقورس ببوو. ڕاستە قورستر دەبوو بەڵام ئاخر ڕنینەوەشی ناخۆش ببوو و لەلایەکی دیکەشەوە، خاوەن مەزراکە ئیتر بۆهەرکیلۆیەك بیست قرۆشی نەدەدانێ، بەڵکو دە یان پانزە قرۆشی لێ دەشکاندن. ئیتر خۆی و خودای خۆی. )**

(( ئەودیوی کوێستان، گیای نەمر، ل ٢١٩ ))

یەشار کەمال، دیاردەیەکی ناشیرین و قێزەون و نەخواستراوی نێو کۆمەڵگە دەخاتەڕوو، کە ئەویش خۆی لەدیاردەی بنپشك دەبینێتەوە.واتە مارەکردن، یاخود بەشوودانی منداڵێکی ساوا و ساویلکەی سەر بێشکەیە لەلایەن دایك و باوکییەوە، بەکوڕێك لەکوڕانی خزم و کەس و ناسیاوو دەوروبەرەکەی. بێئەوەی بیر لەدەرئەنجامە خراپەکانی بکرێنەوە. لەهەمووشییان سەیرو کارەساتتر ئەوەیە کەسێکیتر لەتەمەنی گەنجیدا بێتە نێوانییانەوە کچەکە بۆ کوڕەکە نەبێت، و یاخود کوڕەکە بە کچەکە ڕازی نەبێت.

جیاوازیی چینایەتیش لەولاوە بوەستێت کەهێندەیتر ئەم دیاردەیە بەرەو ئاقارێکی خراپتر دەبات.

بۆنموونە "تێللی نیگار"، هەرلەسەر بێشکە لە "عەلی ڕووشەنی کوڕی یوسفی مەیتەر" مارەکراوە، بەڵام کاتێك "کوڕی وەزیرێکی عوسمانی" داوای دەستی "تێللی نیگار" دەکات چ کارەساتێك دەقەومێت.

**( "بەگی بۆلۆو، بەگی بۆلۆو، ناسیتمەوە؟ من کوڕی یوسفەکوێرم. ناسیتمەوە؟ ئەم بووکەش کەدەڕواو تێللی نیگاری نێوە، دەرگیشتی سەربێشکەمە. دڵدارێکی گیانی بەگیانیمە لەبیرتە؟ تۆلەخواناترسی؟ لەپێغەمبەر شەرم ناکەی؟ ئەم دەسگیرانەی سەربێشکەی منە بەکوڕی وەزیرەکەچەڵا، بەم لە ئۆمەت نەچووە دەدەی؟ هاتووم دەسگیرانەکەم ببەم. بێ دەمەقاڵێ و قڕەوبڕە دڵداری خۆشم بدەیێ بڕۆم. بمدەیێ بڕۆم. نامەوێ لەڕۆژێکی وا دا کە لەگەڵ دڵدارمدا شادوشوکر دەبینەوە خوێن بڕژێ."**

**بەگی بۆلۆو بەجارێ سەری لەم کارەسوڕما بەچاوێکی تیژەوە سەیرێکی کرد، بەڵام چ ببینێ، جابەڕاستی ئەم لاوە عەلی ڕووشەنی کوڕی یوسف بوو... دەسگیرانی خوشکی بەگیش بوو... ڕۆژێکیان بەگی بۆلۆو لەگەرمەی کەیفسازیدا خوشکەکەی بە کوڕی یوسفی مەیتەردابوو، ئەو یوسفەی کەجوانترین ئەسپ و مایێنی بۆ وەدەست هێنابوو و لەئاهەنگێکی خۆشدا کچەیان بۆنیشان کردبوو. لە پڕ هەردوو چاوی پڕبوون، بەڵام زوو خۆی گرت. هەرزەکارێکی هێندەی بستێ بە چ هەقێکەوە دەهات لەناوەندی شایی و زەماوەنددا داوای کیژێکی دەکرد کە بۆ کوڕی وەزیری عوسمانی بە بووك دەچوو! لە تووڕەییان چاوی چووە پشتی سەری..... )**

(( ئەفسانەی کوێر ئۆغلی، ل ١٠٠ ))

ڕۆماننووس، کۆمەڵگەی کوردی لەسەرەتاکانی سەدەی ڕابردوو لەباکووری کوردستان بەم شیوەیە دابەش دەکات : لە لووتکەکەی خان و پاشایەکان دەبینرێن، و لەنێوەڕاستیدا بەگ و ئاغایەکان و ئینجا دەست و پێوەند و نۆکەرانییان، لەژێرەوەش هەژارو نەدارو کۆچەرو چیایی دەبینرێن.

پاشا و خانەکان ڕاستەوخۆ بەئیمپراتۆری عوسمانی بەستراونەتەوە لەئەستەمبوڵ. بەگ و ئاغایەکانیش بە خان و پاشایەکان بەستراونەتەوە لەبەشی سەرەوەیاندا و لەبەشی خوارەوەشییاندا تاڕادەیەك لەگەڵ خەڵکە هەژارو چیاییەکە پێوەندییەکییان هەیە.

نۆکەرو دەست و پێوەندەکانی بەگ و ئاغایەکانیش لەژێر فەرمانی سەرەوەیاندا چییان پێ بسپێردرێت بۆڕاونان و لێدانی خەڵکی ڕەشۆك و هەژارو چیایی ڕەتی ناکەنەوە و بەشانازی و سەربەرزییەوە بەجێیدێنن. بۆنموونە "مەحموودخان، یاخود مەحموود پاشا" لەخان و پاشاییەکانن، "بەگە کوردە دۆستەکانی"، و ئەحمەدی و هەرچی و

پەرچی و چیایی و ڕێگرو هەتیوو دەمڕوو، لەزاری مەحموودخانەوە، کۆمەڵگەی کوردی ئەوسەردەمە بەرجەستە دەکەن

**( پاشا ئاکامەکەی بەوڕەنگە چاوەنۆڕ نەبوو. ها کە وەڵامی ئەحمەدی گەیشتێ لەرکان شێت بوو. ئەوخۆی لەدوارۆژی کارەکە گەییبوو و دەیزانی ڕووی بەرەو کوێیە. ناوەڵڵا بائەسپێك وا لەبەر کۆشکی خۆی وەستابا، جا خوا دەیکرد ئەسپی پادشای عوسمانی، پاشای عەجەم دەبوو، سەری دەدا ئەسپی نەدەداوە. نەیدەداوە، بەڵام ئەم ئەحمەدە، ئەم هەرچی و پەرچییە چیاییە دەبێ چ بێ و چ کارەبێ؟ دەبوو ئەسپەکەی وەدەست کەوێتەوە. کۆشك و سەرای بەیەك داداو دەوروبەری هێناو وەلوەلایێ.**

**دەمڕاست و ڕدێن سپی، سەرۆك و سەرلەشکرانی هەموو کۆکردەوە، بەڵام بەهیچ بڕیارێك نەگەیشتن. لەنێوچاوانی ئەم ئەسپەوە وردودرشت چیای ئاگریی لێ ڕاپەڕین. ئەحمەد بەتەنیا نەبوو. پاشا بەگە کوردە دۆستەکانی، کە قەتی لەقسە دەرنەدەچوون، بانگ کردە کۆشکی خۆی، بەگەکانی وانێ، پاتنۆسێ، بەگەکانی چیای سوبحانێ، مووشێ، بتلیس، هەموو بەسواری ئەسپی جوان و ڕەسەنەوە داوەرینە پێش کۆشکی مەحموودخان. مەحموودخان زیافەت و میوانداریيەکی بەشان و شکۆو بەهیت و هووتی کردن. میوانەکانی بەشێوەیەك پێشوازی کردن، نەبووەو نەبیستراوە، پاشان کۆڕی بەست، کەین و بەینەکەی پێ ڕاگەیاندن، لەو بەلای لابەلایەی بەسەری هاتبوو حاڵیی کردن دەیگوت :**

**"قەت بووە و بیستراوە، هەرچی و پەرچییەکی چیایی، ڕێگرێ، هەتیوێکی دەمڕوت، ئەسپی من داگیرکا. چ لەمە نەنگ و سووك و کرێتر دەبێ بۆمن؟".**

**بەگە کوردەکان، ناچارو نابەدڵا، تکاکاریان نارد بۆتکا لەکن خەڵکی ئاگری، ئەحمەد نەك هەر ئەسپی بەوانیش نەداوە، بگرە وەڵامێکی تاڵا ژوقوماویی بۆناردنەوە.**

**بەگە کوردەکان بەم قسانەی ئەحمەد تووڕەلانەبوون، لێیان نەگرت، گوتیان ئاگرییاییەکان هەقیانە. بەڵام چارناچار بوو. پاشا دەبوو هەموو شتێکی بۆ وەدەست خستنەوەی ئەسپەکەی ڕەچاوکردبا.**

**کاتێکی هیچی لەبەگە کوردەکان هەڵنەکراند. خۆی کۆك و تەیارکرد، لەشکری کۆکردەوە، بەگە کوردەکانیشی ڕەگەڵ خۆی خست، چوون بەسەر ئاگریدا بدەن ).**

(( ئەفسانەی چیای ئاگری، ل ٢٢ - ٢٣ ))

بەشێکی زۆری ئەو ئاریشە کۆمەڵایەتییانەی ڕووبەڕووی کۆمەڵگەی کوردەواری دەبنەوە، لە ئەنجامی خراپ لەیەکتر تێگەیشتنە، یاخود لەیەکتر تێنەگەیشتن. بۆیە کۆمەڵگەکە دیاردەی ڕەدووکەوتن، و لەیەکتر جیابوونەوە، ناموس کرینەوەو خوێنرشتن، و کوشتاریش لەولاوە بوەستێت تێیدا بەدی دەکرێت لەسەر ئەم ئاریشە کۆمەڵایەتییانە. یەشار کەمالیش وەك کەسێکی هەستیارو خاوەن ئەزموونی ژیان بەسەربردن لە لادێ و شار، تەواو درکی بەم مەترسیی و ئاریشە کۆمەڵایەتییانەی کۆمەڵگەی کوردی کردووە، بەتوانج و ڕەخنەلێگرتنەوە دەیانخاتە بەرنووکی قەڵەمەکەی.

**( "ئەسما"یان بە"عەباس" نەدا. عەباس لەسۆنگەی "ئەسما"وە سێ کەسی بەسەختی بریندار کردبوو، دووانیان تووشی ئیفلیجی بوون، ئەوی دیکەیان شەل بوو. "عەباس"یان لەزیندان تووندکردو هەواڵەی زیندانەکانی دیاربەکریان کرد. خەلیلیش مەراقی ئەسما بوو بوو، شەوێکیان بەشەش کەسەوە بەزۆری زۆردارەکی لەماڵی بابیەوە پەلیان گرت و ڕفاندییان... چوارپەلییان بەستەوە دەیویست توخنی بکەوێ ئەسما خۆی بەدەستەوە نەدا، حەوتوویەك بەو دانودۆیە مایەوە، کەزانیان فایدەی نییە، ئەفیونیان لەناو شەربەتدا دەرخوارددابوو ئەوکاتە هێشتبووی خەلیل بەمەرامی خۆی بگات).**

(( مارەکەیان بکوشتایە، ل ١٨))

خۆشەویستی بەرەو ئاقارێکی خراپ دەڕوات و سەردەکێشێت بۆ لێکەوتنەوەی توندوتیژی کۆمەڵایەتی، لەسەرەتادا ڕفاندن و پردانە ناموس و دواتر بێهۆشکردن. بێگومان هەموو ئەمانەش پشێوییان لێدەکەوێتەوە، و نامۆن بە هەڵسوکەوت و ئاکاری مرۆڤایەتییەوە.

ڕۆماننووس، سادەیی و ساکاری کۆمەڵگە پیشان دەدات، لەڕێی ئەو پیشەوەرانەی کە بەکاری مەل و باڵندە ڕاوکردن و ماسیگرتن... هتد خەریکن. واتە لەم دەقەدا هێندە هەست بەچین و توێژەکانی کۆمەڵگە ناکرێت، و کۆمەڵگەش، لە کۆمەڵگەی سەرەتایی دەچێت، و بەدوورە لەئاڵۆزی و تێکچڕژاوی و ئامێرەکانی سەردەمی پیشەسازی و تەکنەلۆژیا.

**( ئەودەمە، مەلبازی و پەلەوەرو مەلۆچکەگرتن بۆ منداڵان کارێکی لەبارو پڕفەڕبوو، ناڵێم ئەو سەردەمە خەڵکەکەی باشتر بوون، بەڵام ئەم خەڵکەی ئێستا نەبوون، لەئێستا پتر باڵندەیان خۆشدەویست، ئەوکاتە خەڵکی دڵیان ناسکتر بوو، بەبەزەیی و پڕمیهرتر بوون، بەڵکو لە سروشتەوە نزیکتربوون.. )**

(( باڵندەکانیش کۆچیان کرد، ل ٥٨))

ڕۆماننووس، جەخت لەوە دەکاتەوە خەڵکی، یاخود تاکی نێو کۆمەڵگەکانی پێشووتر، لە نێوانیاندا خۆشەویستی و بەزەیی و میهرەبانی و سۆزداری باو بووە، بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگەکانی سەردەمی ئێستاماندا، کەهەموو ئەمانە تێیاندا کاڵبوونەتەوە.

هەندێك لەشێخ و پیاوانی، بەناو ئایینییەوە، وەك ئاغاو بەگەکان ڕەفتاریان لەگەڵ دەوروبەرەکەی خۆیان کردووە. هەمیشە خۆیان بە دەستەبژێری کۆمەڵگە داناوە، و بەچاوێکی نزم و سووك لە چین و توێژەکانییان ڕوانیووە. بێگومان بوونی بارودۆخێکی ئاواش پەیوەستە بە ناهۆشیاریی کۆمەڵگەو تاکەکانییەوە.

**( "سەلیم!"**

**"فەرموو ئەفەنی"**

**"تەریقەتت وەرگرتووە؟ شێخەکەت کێیە؟"**

**"بەڵێ تەریقەتم وەرگرتووە، شێخ کەمالەدین شێخی منە بەڵام خۆی وازی لەشێخایەتی هێناوە.. "**

**"ساڵی چەند لیرە بەشێخ دەدەی؟"**

**"بیست لیرە.."**

**"کەم نییە؟"**

**"کەمە، بەڵام ئێمەش هەژارین.." )**

(( گەمییەکەی نووح، ل ٧٤))

لێرەدا کۆمەڵگە لەشپرزەیی دایە، سەرەڕای ئەوەی خەڵکانێك لەرێی ئایینەوە بۆ بەرژەوەندی خەڵکانێکیتر بەکاردەهێنرێن، و خۆیان بەدەمڕاست و شوانییان دەزانن. لەگەڵ ئەوەشدا سەرانەو کەرانەیان لێدەستێنن و هێندەیتر باری هەژارییان قورستر دەکەن. پێدەچێت ئەم سەرانە و کەرانەیەش نەدەن، بەیاخی و هەڵگەراوە لە قەڵەم بدرێن و شاربەدەر بکرێن ئەوانەی لەکۆمەڵگەی کوردیدا، لەسەردەمی زوودا خۆیان بەدەستەبژێر زانیووە هەر بەمە نەوەستاون کە ڕەنجی هەژارو جوتیارو پاڵە بەبابدەن، بەڵکو خۆیان واپیشانداوە ئەوان لە ئاست و پلەو پایەیەکدان پێویستە بەپیرۆز سەیربکرێن، ڕێز لەپیرۆزییەکانییان بگیرێت.

**( بەدرێژایی ڕێگاکەش هەریەکێ شێخی ببینایە پەلاماری دەستیان دەداو ماچیان دەکرد.. شێخ نرەی دەهاتێ، وەك گاڵتەی بەم کارەبێ.. تەماشایەکی کردم :**

**"ناتوانم خۆمیان لەدەست قوتارکەم" )**

(( گەمییەکەی نووح، ل ١٠٩، ١١٠ ))

لێرەدا نەگبەتی و دەردەسەری تەواو تەنگی بە تاك و کۆمەڵگە هەڵچنیووە. لە شتێکی نالۆجیك و نامەئلوف و لە بەزمەسات دەچێت. توخوا ئەمە کەی ڕەوایە ببی بە پیاوی یەکێکی ناکەسبەچە، و بەئارەزووی خۆی ئاراستەت بکات و سەرانەو کەرانەت لێبستێنێت، و بەپیرۆزی بزانیت و دەستەکانیشی ماچ بکەی. بەڵام ئەو بەگاڵتەجارو گەوج و گێلت تێبگات !

ئەمە ڕاستییەکی تاڵی حاشا هەڵنەگری کۆمەڵگەی کوردەوارییە، ڕۆماننووس زۆر بەووردی ئاماژەی پێداوە.

یەشار کەمال، هەڵپەرستی چەند چینێکی کۆمەڵگە دەردەخات، لەبەر بەرژەوەندی تەسکی خۆیان و هەست بەلێپرسراوێتی نەکردن لەبەرامبەر سامانی سروشتی، چۆن کەوتوونەتە بەر گیانی دەریا بەمەبەستی ڕاوکردنی دۆلفین و فرۆشتنی بە کەشتییە بیانییەکان، لەم بەتاڵانبردنی سامانە سروشتییە سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران، دادوەری گشتیش ئاگادارکراوەتەوە بەڵام کەسییان نقەیان نەکردووە.

بەبیروبۆچوونی ڕۆماننووس، ڕووی دەرەوەی ئەم کارە ماسیگرو دەریاوانەکانن، بەڵام لەدیوی ناوەوە بەرپرسانی باڵای وواڵتی تورکیا کاری بۆدەکەن، بە مەبەستی دەستکەوتنی زۆرترین قازانج و داهات.

**( بەوەشەوە ڕانەوەستان، بۆ سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران، دادوەری گشتی، ئەوەی دەستیان پێ گەیشت شکایەتی خۆیانییان بۆ دەکرد، کەسێ نەما بروسکەی نەکەن، گوتیان: مەڕمەڕە بەخوێنی دۆلفین سورهەڵگەڕاوە... ئای سەرۆك وەزیران فریاکەوە... کەسیان بەدەنگەوە نەهات نقەیان نەکرد. وەڵامیان نەدانەوە.... ڕاوە دۆلفین لەماوەی شەش مانگدا دەتکاتە قارون و دەوڵەمەندت دەکات )**

((دەریا تۆرا، ل ٥٩، ٦٩ )).

## پێوەندی نێوان ئەدەب و مرۆڤناسی

## دیدی یەشار کەمال وەك ڕۆماننووس و مرۆڤناسێك

ئەنترۆپۆلۆجیا، یاخود مرۆڤناسی یەکێکە لەبوارو زانستە هەرە پڕ بایەخەکان، زانستەکانیتر لە منداڵدانی ئەوەوە لەدایکبوونەو گەشەیانکردووە، بۆیە بە زانستی زانستەکان، یاخود دایکی زانستەکان ناوی دەرکردووە. ئەمەش هەر لەخۆڕا و سەربەخۆ و هەرەمەکی ئەم ناوەی بەسەردا نەبڕاوە، بەڵکو زانستێکە ڕاستەوخۆ و یەکڕاست سەروکاری لەگەڵ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە ئەویش مرۆڤە، بەهەموو ماناو ڕەهەندەکانییەوە. بۆیە دەکرێت بەرامبەر زاراوەی ئەنترۆپۆلۆجیا کە ناوە زانستییەکەیەتی، زاراوەکانی مرۆڤناسی، مرۆڤزانی، زانستی مرۆڤەکانی... هتد. لەبەرامبەر بەکاربهێنین. دەشێت بڵێین مادام ئەنترۆپۆلۆجیا ئاوا پەیوەستە بە مرۆڤەوە و پانتاییەکی فراوانی هەیە، هەڵبەتە پێوەندیشی لەگەڵ هەریەك لەو زانستانەش هەیە کە تایبەتمەندن بەگۆشە و بەشێکی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی وەك بوارو زانستەکانی دەروونناسی، و جوگرافیا، و مێژووناسی، و فۆلکلۆرناسی و کەلەپوورناسی، و کولتوورناسی، و شوێنەوارناسی، و ئەدەبیاتناسی... هتد. بۆیە لەهەندێك جار و باردا لق و پۆپەکانی ئەم زانستە تەواو دەستەملانێی یەکتر دەکەن و ئاوێتەی یەکتر دەبن و ناسینەوەو جیاکردنەوەیان ئاڵۆز و سەخت دەبێت.

هەر دوور نەڕۆین خودی ئەنترۆپۆلۆجیا، خۆی لەخۆیدا لەچەند لق و بەشێك پێکدێت وەك مرۆڤناسی سروشتی، مرۆڤناسی کولتووری، مرۆڤناسی کۆمەڵایەتی،... هتد. بۆیە مرۆڤناسی بوارێکی فرە فراوانە و زۆری لەباردا هەیە و زۆر هەڵدەگرێت.

پاژێکی پڕ بایەخی ئەم زانستە لەوەدایە، نەك هەر دەتوانرێت بەراووردی نێوان مرۆڤەکان بخاتە ڕوو لایەنی لێکچوون و جیاوازییان ئاشکرا بکات، بەڵکو بەراوردی نێوان کۆمەڵگایەکانیش لە هەموو ڕوویەکەوە لەئەستۆ دەگرێت.( لەڕاستیدا ئەنترۆپۆلۆجیا دیدی مرۆڤ تا دوورترین سنوور فراوان دەکاتەوە و بوارێکی گەورەی بۆ بەراوردکردنی کلتووره جیاوازەکان دەکاتەوە)(١٠) بەجۆرێك بۆ خوێندنەوەو تێگەیشتنی کۆمەڵگە جیاوازەکان ناتوانین پشت لە مرۆڤناسی بکەین و وەلایبنێین. چونکە ئەم زانستە لە چەندین تەوەر و قۆلی جیاجیاوە تیشك دەهاوێتە سەر لایەنە شاراوە و تاریك و نوتەکەکانی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی بێجیاوازی. کۆمەڵگە تازە فراژووبووەکانی لەگەڵ کۆمەڵگە بەراییەکان بەراوورد دەکات و دەشێت کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانیش بخاتە نێو ئەم چوارچێوەیەو قۆناغ بەقۆناغی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ڕوونبکاتەوە. مرۆڤ و تاکەکانی کام کۆمەڵگە لەهەمووان زیاتر گرۆییان بۆ کۆمەڵگەکەی خۆیان هەیە، و بەبەردەوامی پێیەوە پابەندن. کام کۆمەڵگە پڕ ڕەنگتر و نەتەوەترەو لەچییدا جیاوازو هاوبەشن لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیەی کەم ڕەنگە و کەم نەتەوەیە. کولتووری کام کۆمەڵگە بردەکات بەسەر کۆمەڵگەیەکیتر، و کەلەپووری کامیان لەویتریان دەوڵەمەندتر و دەستڕەنگینترە. ئایین چ ڕۆڵێك دەگێڕێت لە ئاڕاستەکردنی مرۆڤی نێو کۆمەڵگە جیاوازەکان و ئایینی کامەیان داخراوەو ئایینی کامەیان

کراوەیە خۆی دەگونجێنێت لەگەڵ قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکانی مێژووی مرۆڤایەتییدا. ئایا زمان بۆتە هۆکارێك لەلایەن مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگەیەوە بۆ پێشکەوتنی بیاڤە جیاوازەکانی وەك ئەدەب و ڕۆشنبیری و کولتوورو بەرزکردنەوەی ئاستی زانینی تاك... هتد.

یان بەپێچەوانەوە زمان لەکۆمەڵگەیەکیتر لەلایەن مرۆڤەکانەوە ئەو ڕێز و پێزەی نییە بۆیە هەموو بوارەکانیتر لاوازو پەڕمووردە بووینە. ئەمانە و چەندین ئەرکیتر مرۆڤناسی دەتوانێت ڕازەکانیان ئاشکرا بدرکێنێت و بیانکاتە بابەتی زانستی بۆ لێکۆڵینەوەو توێژینەوە.

هەروەك پێشتر ئاماژەمانپێکرد، مرۆڤناسی پەیوەستە بەجەستە و گیانی مرۆڤەکانەوە، و هەموو بیرو بۆچوون و ژێدەرەکانیش هیچ کێشەو ناکۆکییان لەمبارەیەوە نییە هەمان دیدو بۆچوونی یەکتر دووبارە دەکەنەوە بەشێوازو مانایەکی کەمێك جیاوازتر. وەك ئەم پێناساندنەی مرۆڤناسی کەدەڵێت : ( بریتییە لە لێکۆڵینەوەی داهێنانی گەلانی سەرەتایی و لەئامێر و تەکنەلۆژیا و چەك و شێوەی خانوو و هەموو ئەوجۆرە پۆشاکانەی کە لەبەری دەکەن، هەروەها ئەو کەلوپەلانەی کە بۆئارایشتکردن بە کاری دێنن، لەپاڵ هونەر و چیرۆك و میتۆلۆژیاکانیاندا توێژینەوە لەبەرهەمی ڕۆحی و ماددی گەلانی سەرەتایی دەکات)(١١) لێرەدا مرۆڤناسی جەخت لە چەند لایەنێکی مرۆڤ دەکاتەوە وەك بونەوەرو ئافەریدەیەکی هەرە گەورەو زیندووی ئەم گەردوونە وەك چەمکی داهێنان کە تەنیا تایبەتمەندە بە مرۆڤەوە، هەروەها دەسترەنگینی، و بیرتیژیی، و ژیریی، و گوزارشتکردن لەهەست و نەست و سۆز و دەروون، کە سەرچاوەی هەموو ئەمانە خودی مرۆڤەکان خۆیانن. بەڵێ مرۆڤناسی بەمانای مررۆڤسالاری، نەك هەر بەئیشپێکردنی هەستە، بەڵکو ئیشپێکردنی ئاوەز و وروژاندنی دڵ و دەروون.

لەلایەکیترەوە هەندێك لەم پێناساندنەی مرۆڤناسی ڕابمێنین، هزرمان بۆ ئەوە دەچێت کەخۆی لەخۆیدا مرۆڤناسی دەریایەکی پانوپۆڕە و پڕبیەتی لە دوڕومەرجان ئەی ئەوە نییە باسی هەریەك لە کەلەپوور و فۆلکلۆرو میتۆلۆژیاو ئەدەبییات دەکات. کە هەموو ئەم بوارانە بەلایەنێکی ژیانی مرۆڤ شەتەکدراون.

ئەنترۆپۆلۆجیا، لەهەندێك باردا جەستەی مرۆڤ دەکاتە ئامانج و کاری لەسەر دەکات، واتە تەنیا جەستەی مرۆڤ وەك خۆی وەرگرێت، بەدەر لەبیرکردنەوەو کاروکردەوەکانی. واتە بەشێکی مرۆڤناسی ( توێژینەوەیە لەلایەنی فیزیکی جەستەی مرۆڤ)(١٢). بۆمان هەیە ئەو بەشەی مرۆڤناسی توێژینەوەی لەبارەیەوە دەکات کەخۆی لە لایەنی جەستەی مرۆڤ دەبینێتەوە، بەرامبەر و هاوتای بکەین لەگەڵ ئەو وەسپەی ڕۆماننووس بۆ کارەکتەرەکان ئەنجامی دەدات. کە ئەم وەسپەش تایبەت دەبێت بەدیوی دەرەوەی کارەکتەرەکانەوەو وەلانانی دیوی ناوەوە. هەم لە مرۆڤناسی وهەم لە وەسپی ڕۆماننووس مرۆڤ بابەتی یەکەمین و دوایەمینە. چونکە هەر ئەوە سەرلەباری دیاردەو ڕووداوەکان بۆخۆی کێشدەکات و حەشارییان دەدات و دەیانوەشێنێت، لەگەڵ ئەمەشدا دەستێکی باڵای هەیە لە جوڵاندن و وورووژاندنییان. بەڵام دەبێت ئەو خاڵە گەوهەرییە ڕوونبکەینەوە ئەو جەستەیەی مرۆڤ کە مرۆڤناس و ڕۆماننووس کاری لەبارەیەوە دەکەن ژینگەی جیاوازییان هەیە بۆ نموونە مرۆڤناس، کە کار لەبارەی مرۆڤەوە دەکات لەچوارچێوەی ژینگەیەکی تەواو واقعی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکات، کەچی ڕۆماننووس سەرباری لەبەرچاوگرتنی ژینگە واقیعییەکە، خەیاڵدانی دەکاتە پێوەر بۆ چەند و چۆنی

جەستەی مرۆڤەکە. بۆیە هەندێکجار شێوەی جەستەی مرۆڤەکە لەبۆتەی فەنتازییدا دەتوێتەوە. شتێکی وای ئاسایی و باوی لێ بەدیناکرێت.

کە باس لە مرۆڤناسی دەکرێت، بێ ئەملا و ئەولا، چوار ئامرازی پرسیارەکە کێ؟ لەکوێ؟، کەی؟، چۆن؟ خۆیان قووتدەکەنەوە بەمەبەستی گەیشتن بەو ڕاستییانەی کە پێوەندییان بە مرۆڤەوە هەیە، و ئاشکرا کردنی لایەنە شاراوە و پەنهانەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، بۆیە گەر وەك چەمکێکی گشتی لە مرۆڤناسی بڕوانین ( زانستێکە لە ڕەسەنێتی گەشەسەندنی مرۆڤەکان دەکۆڵێتەوە. کە باسکردنە لە پێوەندی کولتووری و کۆمەڵایەتییان و توێژینەوەیە لەلایەنی جەستەیی و ڕەفتارو ئاکارە جیاوازییەکانییانەوە. بۆیە زانایانی ئەم بوارە گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە سەرەتاکانی کۆمەڵی مرۆڤایەتی هەنگاو بەهەنگاو کاریگەرییان هەبووە لەبەرەو پێشتر بردنی کۆی ژیانی مرۆڤایەتی)(١٣).

واتە مرۆڤناسیی لێکۆڵینەوەیە لەبارەی سەرلەبەری شت و دیاردەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بەبێ گوێدانە سەردەم و شوێنێکی دیاریکراو بەمانایەکیتر مرۆڤناسی هەموو سەردەم و شوێن و کۆمەڵگەو کلتوورێك دەکاتە ئامانجی لێکۆڵینەوەکانی. وەك مرۆڤەکان چۆن ژیاون لەڕابردوو و لەئێستادا چۆن دەژین؟ کێ مرۆڤەکان ئاڕاستەدەکات ؟ بەخۆیان خۆیان ئاڕاستە دەکەن؟ و یاخود دەسەڵاتێك ئاراستەیان دەکات کە سەرووی تواناو ووزەی ئەوانەوەیە؟. لەچ قۆناغێکی مێژوویی بیروهزری مرۆڤەکان خەملیوەو گەیشتۆتە ترۆپك؟. ئەم بیروهزرەی چی بەرهەمهێناوە؟ و چی بەرهەم دێنێت؟. چ پاڵنەرێك هانی مرۆڤەکانی داوە لەژینگەی جۆراوجۆر دا بژین و لەگەڵ ژینگەدا هەڵبکەن؟. پێکهاتەی جەستەیی مرۆڤەکان لە چ سەردەم و شوێنێکدا گۆڕانی بنەڕەتی بەسەرداهاتووە؟. جیاوازی نێوان مرۆڤ و بونەوەرو ئاژەڵەکانیتر چییە؟ و چی کۆیاندەکاتەوە... هتد ئەم پرسیارانە و گەلێك پرسیاریتر، مرۆڤناسی دەیانووروووژێنێت و دەیانکات بە بابەتی لێکۆڵینەوە.

بەشێوەیەکی گشتی مرۆڤناسی بەسەر چوار جۆر دا دابەشدەکرێت، بێگومان هەریەك لەمانەش تایبەتمەندی و سنووری جیای خۆی هەیە. وەك مرۆڤناسیی کولتووری. مرۆڤناسیی شوێنەواری، مرۆڤناسیی زمانەوانی، مرۆڤناسیی بایۆلۆژی.

لەسەرەتادا تیشکێك دەخەینە سەر مرۆڤناسیی کولتووری، ئەمە لە ناو و ناونیشانەکەیەوە دیارە گرنگی و بایەخ بەکەلتوور و کۆمەڵگە دەدات، و یەکەبەیەکە باسییان دەکات و لەگەڵ یەکتردا بەراوردییان دەکات جیاوازی و هاوبەشییەکانییان دەخاتە ڕوو. واتە (مرۆڤناسیی کولتووری، لقێکە لە مرۆڤناسی کەباس لە جیاوازییە کولتوورییەکانی مرۆڤ دەکات، لەو ڕێگەیەوە هەوڵ دەدات بۆ دەستخستنی زانیاری پێویست دەربارەی کاریگەریی ئابووری جیهانی و پرۆسەی سیاسی لەسەر واقعی کولتووری ناوخۆیی. بەو هۆیەشەوە زانایانی مرۆڤناسیی چەندین ڕێبازو ڕێچکەو کارنامە دەگرنەبەر بە مەبەستی بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکە لەڕێگە و شێوازی جیاجیاوە وەك چاودێریکردن و چاوپێکەوتن و توێژینەوە)(١٤). مرۆڤناسی کولتووری، ڕەهەندە هەرە سەرەکییەکەی بریتییە لە کۆمەڵگە و خۆی لەخۆیدا بۆ کولتووری کۆمەڵگە لەپێش هەموو بوارەکانیترە کە کولتوور خۆی پێدەبەستێتەوە، لەڕێی مرۆڤناسیی کولتووریی و کۆمەڵگەوە، هەوڵ دەدرێت کاریگەرییە ئابووری

و سیاسییەکان بەدیار بخرێن کە بەهۆی ئەوانیترەوە کار لە کولتوور و کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو دەکەن، و لەبەرامبەردا ئایا ئەو کولتوورە بەرگەی فشارە ئابووری و سیاسییەکان دەگرێت؟ یاخود کولتوور و کۆمەڵگە لەهەمبەر ئەم فشارانەدا دەستەوەستان دەوەستێت و خۆی بەدەستەوە دەدات.

سەرەڕای ئەمانەش مرۆڤناسیی کولتووری لەڕێی هەڵسەنگاندنەوە دەیەوێت کولتووری خۆجێی بەهۆی کولتوورەکانیترەوە بخوێنێتەوەو لێکدانەوەی ووردی بۆ بکات و شتی لێهەڵنجێنێت، یاخود بەپێچەوانەوە.

هەروەها بابەتەکە شتی تیۆری دەخوازێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستییەکی لەڕادەبەدەری بەتوێژینەوەی مەیدانی هەیە، و لەڕێی تێکەڵاوییەوە بابەتەکە ئەنجامی گرنگی دەبێت. بۆیە پێدەچێت ئەوەی بەم بابەتەوە خەریك بێت بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لەو شوێنە بمێنێتەوە کە کردوویەتی بەکەرەستەی توێژینەوەکەی. چونکە سروشتی کولتوور وایە بەئاسانی خۆی نادات بەدەستەوە ئەگەر لە نزیکەوە لێی نەڕوانی و بەچاوێکی ووردەوە لێی نەڕوانی، مەحاڵە لە ڕازو نهێنی و بەرجووەکانی بگەی.

بۆنموونە لەسەردەمی ڕابردوودا گەڕیدە ئەورووپاییەکان و ڕۆژهەڵاتناسەکان زوو خۆیان دەکرد بە ووڵاتانیتردا، و ڕاستە ئەم بابەتە ڕەهەندێکی قووڵی داگیرکاری هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خزمەتی بەنەتەوە و میللەتان کردووە و لەقۆناغێك تەکانییانداوە بۆ قۆناغێکیتر. بۆیە دەشێت ئەمە بە نیمچە کارێکی ئەنترۆپۆلۆجیای کولتووری بچوێنین.

مرۆڤناسیی شوێنەواری، گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، ڕەهەندێکی قووڵی مێژوویی هەیەو لەگەڵ ڕابردووی مرۆڤەکان ڕەفتار دەکات، ئەو شتانەی کە بەرهەمیهێناون و دایهێناون لەبوارە جیاجیاکانی ژیاندا. واتە (مرۆڤناسیی شوێنەواری، لقێکە لە مرۆڤناسیی گشتی کە پەیوەستە بەچالاکی و هەڵسوکەوتی مرۆڤ لە دیرۆکێکی دێریندا. ئەمەش لەڕێگەی دۆزینەوەو شیکارکردنی پاشماوەی کولتووری و کەلەپوورییەکان، و زانیارییە ژینگەییەکان کە مرۆڤ لەدووای خۆیدا جێیهێشتوون، و بەمیرات ڕایسپاردووە بەنەوەکانی داهاتوو)(١٥). واتە مرۆڤناسیی شوێنەوار، بریتییە لە گەڕان و پشکنینێکی زانستییانەی ووردی ڕابردووی مرۆڤ ئینجا چ لەبواری کولتوور دا بێت، یاخود لەبواری کەلەپوور دا بێت. هەروەها کارکردنە لەچوارچێوەی ئەو شوێنەوارو پاشماوانەی کە لە مرۆڤی سەردەمی دێرین بۆمان بەجێماون وەك ئێسك و پروسکی مرۆڤە مردووەکان، شوێنەواری ماڵ و خانووەکانییان، یاخود چۆنییەتی خۆحەشاردانییان، کاریدەستی و دەستڕەنگینییان لەبواری جیاجیادا وەك وێنەکاری و هێماکاری و نووسینکارییان، هونەری بیناسازییان، کەلوپەل و خشڵ و کەرەستەی ڕازاندنەوەو جوانکارییان، دروستکردنی هۆ و ئامراز کەرەستەی زۆر ووردی بەرهەمهێن لە جەستەی ئاژەڵ بەتایبەتی ڕەشەووڵاغ، دەسکاریکردنی سروشت بە مەبەستی ئاوەدانکردنەوە و ژیان بەردەوامبوون تێیدا و کارامەیی و شارەزاییان لەم بوارەدا... هتد. دەبێت ئەم بابەتانەو بابەتگەلیتر مرۆڤناسیی شوێنەواری بیانکاتە کەرەستەو ئامانجی لێکۆڵینەوەکانی. سەرەڕای ئەمانەش مرۆڤناسیی شوێنەواری، چەندین ئامانج و مەبەست و پەیامیتر لەخۆ دەگرێت وەك درێژبوونەوە و بەردەوامبوونی ژیانی مرۆڤەکان لە قۆناغە هەرە سەرەتاییەکانی مێژوو بۆ قۆناغی ئێستا، و چۆنیەتی گەشەسەندن و پێشکەوتنی کولتوور و کەلەپوورییان، و تێگەیشتن و ووردبوونەوە لەمێژووی مرۆڤایەتی

بە بەڵگەی ڕوون و ئاشکراو بەرجەستەوە. هەروەها خستنەڕوو و توێژینەوە لە توانا و هێز و بڕست و ووزەی مرۆڤەکانی سەردەمی زوو، جا لەلایەنی هێز و بازوو و جەستەییەکەی بێت، یاخود لایەنی مێشك و ئاوەزو بیری بێت.

مرۆڤناسیی زمانەوانیش، زمان و پێکهاتەو کەرەستەکانی دەکاتە بابەتی توێژینەوەکانی. جەخت لە زمان دەکاتەوە لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتییدا لێی بکۆڵدرێتەوە. واتە بەهاو نرخی زمان لەوکاتەوە دەستپێدەکات کە مرۆڤەکان لەدەوری یەك کۆبوونەوە کۆمەڵگەیان پێکهێنا. لەم بارەشدا بەسوودی زمان و کۆمەڵگە گەڕایەوە، و هەم زمان توانی بەباشی ئەرکەکانی ببینێت خۆی پابەندی مرۆڤ بکات، هەمیش کۆمەڵ و کۆمەڵگە توانی بەهۆی زمانەوە لە نێوان مرۆڤەکان لەیەکتر گەیشتن بسازێنێت و چوارچێوە و مانا و مەبەستێك بۆ کۆمەڵگە و مرۆڤەکان دابنێت. بۆیە (مرۆڤناسیی زمانەوانی، هەڵدەستێت بەتوێژینەوە لەچۆنییەتی کاریگەری و پڕاکتیزەکردنی زمان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی. لقێکە لە مرۆڤناسیی بەچەمکە گشتییەکەی. مرۆڤناسیی زمانەوانی تیشکدەخاتە سەر پێکهاتە و بەکارهێنانی زمان، و چۆنیەتی کاریگەری زمان لەڕەخساندنی شێوازی گفتوگۆ، و ووردبوونە لەناسنامەی کۆمەڵایەتیی مرۆڤەکان بە هۆی زمانەوە، و ئەندامبوونی مرۆڤ لە کۆمەڵێك پێناسە دەکات)(١٦). مرۆڤناسیی زمانەوانی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەکانی لەو سەردەمەوە دەستپێدەکات کە مرۆڤەکان لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان ڕزگارییان دەبێت لە زمانی وێنە و ئاماژەیی و قۆناغ بە قۆناغ هەنگاو دەنێن بۆ ئەم شێوەیەی زمان کە ئەمرۆ مرۆڤەکان بەهەموو کۆمەڵگە جیاوازەکانەوە دەیچڕن. مرۆڤناسیی زمانەوانی، لەڕێگەی زمانەوە کولتوور و جیهانە کۆمەڵایەتییەکەی شوێنێك، دەڤەرێك، ووڵاتێك ڕووندەکاتەوە. یاخود ئەو هۆکار و پاڵنەرانە ئاشکرادەکات کە ڕۆڵییان هەیە لە پەرەسەندنی زمانەکە، یان سست و لاوازبوونی.

هەروەها مرۆڤناسیی زمانەوانی، جەخت لە مەسەلەی بە ئەندامبوون دەکات لە چوارچێوەی کۆمەڵ و کۆمەڵگە. بۆنموونە زمان لەکۆمەڵ و کۆمەڵگەی کوردی وەرگرین ئاشکرایە کۆمەڵگەی کوردی بەچەند شێوەزارێك دەئاخفن و زاری کرمانجیی خواروو، زاری کرمانجیی سەروو بکەین بەنموونە. کاتێك یەکێك بەزاری کرمانجی سەروو دەئاخفێت، یەکێکیتر دێت و دەڵێت لەمە تێناگەم! کەواتە ئەوەی بەم زارە ئاخفی و گفتوگۆیکرد سەر بەکۆمەڵەیەکە کرمانجی سەرووی ناوە. ئەویتریان لێیتێنەگەیشت سەربە کۆمەڵە و گرووپێکیترە کرمانجی خوارووی ناوە. یاخود ئێستاشی لەگەڵدابێت نەتەوەی کورد نەیتوانیووە زمانێکی ستاندار جاڕبدات کە سەرلەبەری تاکەکانی کورد لە باکوورو باشوورو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا وەرییگرن و بەسنگێکی فراوان خوێندنەوەی بۆبکەن و لێیبکۆڵنەوە، و کاردانەوەی ئەرێنیشی هەبێت بۆ یەکخستن و سەرکەوتن و یەکگرتنی سەرلەبەریماڵی کورد. یاخود نەتەوەی کورد و زمانەکەی بۆچی دووچاری شێواندن و سڕینەوە هاتوون؟ کە وای لەمرۆڤی کورد کردووە هەست بە ناسنامەیەکی تەواوی نەتەوەکەی نەکات و کەڕەتی وا هەیە لە ئەندامبوون لە کۆمەڵگەکەی خۆی پاشگەز دەبێتەوە تووشی ڕاڕایی و دوودڵی دەبێت.

بۆنموونە زۆرجار کوردێك لەباشوور و ڕۆژئاوای کوردستان لە کۆمەڵگەی عەرەبایەتییدا ئەندامە، و لەباکوور لە کۆمەڵگەیەکی تورکی ئەندامە، و لە ڕۆژهەڵاتیش لە کۆمەڵگەیەکی زمانی فارسیدا ئەندامە!. چ

بارودۆخێك پاڵی پێوەناوە بەم شێوەیە ڕەفتار بكەن و خۆیان لێ ون بێت و بەسەرگەردانی و ناجێگیری ژیان بەرنەسەر؟. ئەم بابەتانە و بابەتگەلیتر پێوەندییان بە مرۆڤناسیی زمانەوانییەوە هەیە، و لەتوانایدا هەیە بیانكاتە كەرەستەیەكی سەرەكی باس و لێكۆڵینەوە و خواستەكانی.

مرۆڤناسیی بایۆلۆژیش، هەرچەندە زاراوەی زانستی بایۆلۆژی، چەمكێكی فراوانی هەیە كە مەبەست هەر تێیدا مرۆڤەكان نییە بەتەنیا بەڵكو مەبەستی هەموو زیندەوارانە بەبچووك و گەورەیانەوە، و ئەوانەی هێلكە دەكەن و ئەوانەی دەزێن، ئەوانەی درندەن و باڵندەن... هتد دەگرێتەوە. بەڵام بەهۆی ئەوەی لەپێش زاراوەی بایلۆژیدا، زاراوەی مرۆڤناسیی بەكارهاتووە، بایلۆژی تایبەتكراوە بەمرۆڤەكان و چوارچێوەی زانستەكەش بەرتەسككراوەتەوە. بۆیە (مرۆڤناسیی بایلۆژی لقێكە لەمرۆڤناسی بەشێوەیە گشتییەكەی، توێژینەوەیە لەسەرەتاكانی مرۆڤ و ڕەسەنێتییان، و چۆنییەتی گەشەسەندنی مرۆڤ، و خوێندنەوە و شیكاركردن و زانینی جەستەی مرۆڤ، و دەمارزانی و گەشەسەندنی مێشكی مرۆڤ، و هەروەها لە كولتووریش دەكۆڵێتەوە بەتایبەت لە ڕاهێنانی سۆزەدا)(١٧). لەم لقەی مرۆڤناسیدا، یەكەوڕاست و ڕاستەوخۆ خودی مرۆڤەكان زۆر لە نزیكەوە بە ئامانجكراون نەوەك كاروچالاكی و بەرهەم و داهێنانییان، بەمانایەكیتر مرۆڤەكان بكەرن و ئەوانیتر كار لەسەر كراون. مرۆڤناسیی بایۆلۆژی، هەر بەوە ناوەستێت لەپێكهاتەی دەرەوەی مرۆڤەكان بكۆڵێتەوە، بەڵكە شۆڕدەبێتەوە بۆ پێكهاتەی ناوەوەی مرۆڤەكانیش لە ناخ و دڵ و دەروون و سۆزە و تەنانەت دەمارەكان و مێشكیشییان دەخاتە بەر تیشكی نەشتەر.

لەهەمانكاتدا مەسەلە بۆماوەییەكان، كەلە وەچەیەكەوە دەگوازرێتەوە بۆ وەچەیەكیتر گرنگی و بابەتی خۆی لە مرۆڤناسیی بایلۆژیدا هەیە. بۆنموونە لەسەردەمێكی پێشتردا لە كۆمەڵگەی كوردیدا مەسەلەی شۆڕدنەوەی شەرەف باوی هەبوو. ئایا ئەم دیاردەیە پێوەندی بە ئاوەزی یا نا ئاوازی تاكی كوردەوە هەیە؟ یا دیاردەكە بۆتە كولتوور و بەهۆی كۆمەڵێك پاڵنەریتر ڕەگیداكوتاوە؟ یان ئەم دیاردەیە بۆتە نەخۆشییەكی سەخت و دژوار لەسۆزەی تاكی كورددا و سڕینەوەی بۆ نییە.

ئایا گرێی هەست بەكەمیكردن، یاخود بڵێین خۆبەكەمزانین لەئاست ئەوانیتردا چی وایكردووە تەنگەهەڵچنێت بە تاكی كوردیی و تووشی نەخۆشییەكی درێژخایەن و بەردەوامی بكات و هەمیشە دەروونی بەهۆی ئێش و ئازاری ئەم نەخۆشییەوە بناڵێنێت.

بۆچی تاكی كورد لێزانی و كارامەیی و زیرەكییەكەی لەلایەن ئەوانیترەوە جا ڕۆژهەڵاتی بن، یا ڕۆژئاوایی بەچاوێكی سووك و كەم سەیردەكرێت و نرخ و بەهای بۆ دانانرێت. ئەمە پێوەندی بەوەوە هەیە كە میللەتێك لە میللەتێكیتر زۆر زیرەكترە و هەموو تاكەكانی زانا و داهێنەر و فەیلەسوفن، بۆیە شایەنی ئەوە نین بەتاكی كوردی بەراورد بكرێن، یاخود مەسەلەكە ڕەهەندێكی قووڵتری لەدواوەیە و بەسیاسیكراوە هیچ پێوەندییەكی بەزیرەكی و هزرو بیركردنەوەو مێشكەوە نییە.

یاخود سترانبێژێكی كورد دەنگەكەی سازوخۆشە، ڕۆشنبیرێكی كورد ئاستی ڕۆشنبیرییەكە بەرزە، پلە زیرەكییەكەی زیرەكایەتی تێپەڕاندووە، وەرزشوانێكی ئاست بەرزەو جەستەیەكی تۆكمە و كارامەییەكی تاكیی

باشی هەیە، ئەدیب و نووسەرێکی لێهاتووە و بەرهەمەکانی شایانی ئەوەیە بۆ چەند زمانێك پاچڤەبکرێن و مۆرکێکی نێونەتەوەیی وەربگرن. ئەمانە و چەندین نموونەیتر مادام وایە بەرەگەز و نەتەوە کوردن، شایان و شایستەی ئەوەنین مافی خۆیان وەربگرن و هەست بە ناسنامە و بوونی خۆیان بکەن. ئەم نموونانەی مرۆڤی کورد و کۆمەڵگەکەی، وەك بەشێك لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی شایەنی ئەوەن مرۆڤناسیی بایلۆژی بیانکاتە کەرەستەو بابەتی لێکۆڵینەوەکانی.

## شیکردنەوەی دەقـــەکـــان

ڕۆماننووس، باس لە کارەساتێکی مرۆیی دەکات، و ئەو کارەساتەش بریتییە لە مردن و قڕکردنی مرۆڤەکان بە هۆی لەرزوتاوە، کە ئەمەش پێشکە و مێشوولە هێناویەتی لەئەنجامی چەڵتووکچاندن لە نزیك ئاوایی مرۆڤەکانەوە. منداڵەکانی ئاواییش هەر بە هۆی ئەمەوە سپڵییان ئەستوور بووە و زگییان هەڵئاوساوەو لاقییان باریکبۆتەوەو چاوییان بەقوڵایی دا ڕۆچووە.

بێگومان ئەمەش پەیوەستە بە مرۆڤناسیی زیندەوەرزانییەوە. چەڵتووك چاندن، و پێشکە و مێشوولە، و دواتر نەخۆشی و لەرزوتا هۆکارێکن بۆ لەنێوبردنی ژیان و گوزەرانی مرۆڤەکان.

**( جەمالی کوێر عەرزوحاڵنووس بوو، دەیگوت :**

**"براکەم چەڵتووك کوشتی، چەڵتووك نەبووایە، پێشکە نەدەبوو. کە پێشکەش نەبووایە، دیارە لەرزوتێ نەدەبوو. کەوا براکەشم بەلەرزوتێ نەدەمرد."**

**چەندساڵ بوو ئەم قسەیەی بەسەرزارەوەبوو، هەرنەیدەبڕییەوە. نەخێر ئەمجا لەگوندەکانەوە هەیئەت دەهاتن. دەنگ و باسی لەرزتێ و منداڵی سپڵا ئەستووربووی ورگ ئاساوی لاق باریك و بنێسی چاو بەقووڵاڕۆچووی لەگوند خڕکردبووەوە، بۆشار، بۆکن قایمقامی هێنان. )**

(( تەنەکە، ل ٧٠ ))

ڕۆماننووس، بە ووریاییەوە مامەڵە لەگەڵا بابەتی مرۆڤناسی دەکات، و لەڕێی گێڕانەوەوە باسی مرۆڤناسی شوێنەواری و مرۆڤناسی کولتووری – کۆمەڵایەتی دەکات.

بۆنموونە "خانەقای چل چاو"، شوێنەوارێکی دێرینە دەخرێتە چوارچێوەی مرۆڤناسی شوێنەوارییەوە، بەڵام ئەوانەی سەردانی دەکەن و نزای تێدا دەکەن دڵدار و نەخۆش و بریندار و پەککەوتە و نیوەمردوو سەردانی دەکەن، دەچێتە خانەی مرۆڤناسی کولتووری- کۆمەڵایەتییەوە.

**( خانەقای چل چاو لەنێو بەردەلانێکی بەردئەستێ دا و لە پەنا کۆمەڵە دارێکی ئەستوور کە دیارنییە تەمەنییان چەندە، دروست کراوە. کۆنییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساڵانە کە تورکمانەکان لە خوراسانەوە هاتنە ئەم دەوروبەرانە. خانەقا لەبەردئەستێ دروست کراوە و لەسێ دەروازە و کە سەردەرانەکەیان بەتاق هاتوونەوە، دەکرێ بچییە ژووریّ. دەزگاکانی لەدارێکی سەخت و ساغی لێرەوار دروست کراون کە نەخشی زۆر جۆرە کەڵەکێوی، باڵندە و جانەوەر و ئایەتی قورئانییان لێ هەڵکەندراوە و لە نێو نەخش و نیگاری هەر دەرگایەکدا نهێنییەك شارراوەتەوە. ئەم خانەقایە دەرمانی هەموو دەردێك و شیفای هەموو نەخۆشییەکە. هەژاران، دڵداران و ئەوانەی تووشی بەڵا و موسیبەت دەبن، بۆچارەی دەردی خۆیان دێنە ئەم خانەقایە.**

**دایەحۆری ڕۆژونیوێکیان بەڕێوەبوو ئەو ئەسپەی سواری بوو و ئەو لاوانەی لەگەڵی بوون هەموویان چوست و چاڵاك بوون. یەکێك لە لاوەکان لە لای ڕاستی و یەکێکیان لە لای چەپی بێ ئەوەی هەست**

**بەماندوویی بکەن پێ بە پێی ئەسپەکە دەڕۆیشتن. حۆری تووشی هەژان و دڵە خورپە ببوو. دەچووە زیارەتی خانەقای چل چاو، دڵەخورپەی بوو ئەگەر پیری خانەقا نەیویستایە حەمەدۆکی چاك بکاتەوە**

**... ئەو دەم حۆری چاری چ بوو، تاق و تەنیا و بێ کەس و کار دەمایەوە و کوڕەکەی، ئەو بێچووە پڵنگە لەپێش چاوانی سیس هەڵا دەگەڕاو دەمرد. ئەوکاتە حۆریش خانەقای چل چاوی خوایە تۆبە... زمانت لاڵا بێ حۆری، ئەتۆ چۆن فکری وا دەکەیەوە، خوا ئاگادارە، خوا بۆخۆی دەزانێ کە خانەقای چل چاو زیارەتگەی خوێنە، کەسێك گوڵەی وێ کەوێ ئەگەریش مرێ بگاتە ئێرە زیندوو دەبێتەوە، چ جای ئەوەی بریندار بێ تائێستا کەس نەی دیوەو نەی بیستووە برینداری لەم دەرگایە بەمردوویی یان ئیفلیجی چووبێتەدەر.)**

(( حەمەدۆك، ب٣، ل ٣٠٧ – ٣٠٨ ))

ڕۆماننووس پێیوایە، بەشێك لەو شارستانێتی و دەسکەوتانەی کە ئەمرۆ بەدی هاتوون، ڕەگێکی درێژ و قووڵییان هەیە و درێژکراوەی سەردەمی شارستانییەکانیتری مێژووی زوون.

یەشار کەمال، لەڕوانگەی مرۆڤناسی کولتوورییەوە لەئاوەز و ژیری و بیرکردنەوەی خەڵکی ناوچەکە دەڕوانێت، پێیوایە سادەیی و ساکاری و نزمی ئاستی ڕۆشنبیری و نەبوونی دارایییەکی باش و وەرگرتنی ئایین و ئایینزا بەشێوەیەکی نادروست، و بوونی دەسەڵاتێکی داگیرکاری بەهێز و تەنیا پشتبەستن بەباب و باپیران... هتد هۆکاری هەرسەرەکیین، بۆئەوەی هەریەکێك قسەیەك بکات و یاخود شتێك بدرکێنێت با ڕاستیش نەبێت پێی باوەڕبکەن. هەربەمەش نەوەستن بەڵکو بیخەنە قاڵبی پیرۆزییەکانەوە، و تاڕادەی پەرستنیش وازیلێنەهێنن.

**( ئێستا کەبچمەوە لایان، گوندی ئەوەندەیان پێ سەیردەبێ، زاریان گەزێك دادەپچڕن، هەر لەحەوت ساڵەیانەوە هەتا حەفتا ساڵەیان هەرهەموو لەخۆشییان هاواردەکەن و دەورم دەگرن. دەست و پێم ماچ دەکەن، وەك پێغەمبەر و ڕزگاریدەرێك پێشوازیم لێ دەکەن و بەپیرمەوە دێن. ئەوان کە پێیان وایە من مردووم ئەوەندەیان پێ سەیردەبێ، نەبێتەوە. لەوانەیە لەبەر سەرسوڕمانیان هەرقسەیان پێ نەکرێ. لەجێی خۆیان ووشك بن. دوایی وورده وورده وەخۆبێنەوە. هەربەڕاستی ئەمن وەلییم؟**

**لەوانەشە وەلی بم. ئەگەر وەلی نەبوومایە، چۆن لە ئەشکەوتی سەرمابردوواندا تووشی ئەو شوانە دەبووم کە لەوێدا ئاگری کردبۆوە؟ شوانە چی دەگوت؟ دەیگوت: لەژیانمدا ئەوە یەکەم جارمبوو بچمە ئەو ئەشکەوتە و پێش هەموو شتێك ئاگرێکم کردەوە. لەناکاو سەیرم کرد تۆفان و بارانەکە دامرکایەوە و خۆشی کردەوە. ووڵات سەیر ئەهوە بووەوە. هەوایەکی بەهارانە لێرەکەی داگرت. لەپڕ سەیرم کرد نوورێك هەستاو شەوەکەی کردە ڕۆژ.)**

((ئەودیوی کوێستان، گیای نەمر، ل ٢٥٢ ))

ڕۆماننووس، بە هۆی دەقی ئەدەبییەوە شۆڕدەبێتەوە قووڵایی مرۆڤناسییەوە. بۆنموونە بە چەشنێك کارەکتەرێکی وەك "پیریوسفی مەیتەر" وەسپ دەکات، خوێنەر وادەزانێت، ڕۆماننووس لەئەنجامی چەند

تاقیکردنەوەیەکی تاقیگەیی و زانستی ئامانجەکەی پێکاوە و ڕاستییەکانی بۆ ڕوونبۆتەوە، ئەم توێژینەوەیەش، هەر خودی مرۆڤەکە ناگرێتەوە، و بەڵکو زێدی مرۆڤەکەش دەخرێتەبەر تیشکی توێژینەوە و لێ ووردبوونەوەکە.

**( ئەوجا بابێینەوە سەرەوکاری پیریوسف و چیرۆکەکەی بگێرینەوە. ئەم پیریوسفە کێ بووە و چ کارەبوو؟ ئەوانەی بینیبوویان و ناسیبوویان و بیستبوویان وایان دەگێرایەوە کە لە تیرەیەك بوو، ڕەنگە دەهەزارساڵ دەبوو، ئەسپی ڕەسەن و جوانیان پێ دەگەیاند. جێگە و ڕێگایان نێوجەنگەڵ و لێرەواران بوو، لە داوێنی چیایەکی ترۆپك بەهەور و هەڵاو تەم و مژ، لە داوێنێکی پرکانی و کانیاوی پڕ بۆن و پونگ و گوڵاڵەزەردە، لە شوێنێکی زۆر بە پیت و بەرەکەتدا بوون، بەردت لێ چاندبا دەڕوا، دارستانێکی بە چیمەن و هەرێزبوو. هەموو بەهارێ وەنەوشەی تاچۆکان دەهات، ئەوناوە تا ئاخرو ئۆخری هاوین وەنەوشەی کەروێشکەی دەکرد و بۆن و بەرامەی دەوروبەرانی مەست دەکرد. )**

(( ئەفسانەی کوێر ئۆغڵی، ل ٨ ))

لەڕۆمانی "ئەفسانەی چیای ئاگری" دا، کارەکتەرێکی وەك "سۆفی بلوێرژەن"، جێگەی مرۆڤناس و زاناو بلیمەت و فەیلەسوفان دەگرێتەوە، ودەبێتە جێنشینی یەکەمییان، و پێیوایە ئاوەز و ژیری مرۆڤەکان دەتوانێت بەسەر هەموو شت و دیاردەکانی دەوروبەری زاڵبێت و بیانخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، ئەگەر بیەوێت ئاڕاستەیان بکات. بەڵام تەنیا لەگەڵ مرۆڤەکان هیچییان پێناکرێت و خودی مرۆڤ بونەوەرێکی ئاڵۆز و تێکچڕژاوە، بەتایبەت لایەنی گیانی و لایەنی ڕازونیازو پەنهانی دڵی.

واتە "سۆفی بلوێرژەن" بۆتە مرۆڤناسێك لەتوانایدایە لایەنی بایلۆژی مرۆڤەکان، و لەولایەنەشدا ڕۆبچێت بەتواناکانی مێشك و بیرکردنەوە و دڵ و دەروونییاندا، و لایەنی کولتووری و کۆمەڵایەتییان بخاتە ڕوو. بلوێری سۆفیش، هۆکارێکە بۆئەوەی سۆفی بەم شێوەیە بیربکاتەوە، و توانا و بەهرەی لێیەوە وەربگرێت.

**( لەدڵی خۆیدا دەیگوت چیایەکی وا گەورە و گران چۆن لە دەنگ و ناڵەی بلوێرێکدا هێند تووڕە دەبێ و بەو ڕەنگە دڵی گڕدەگرێ، ئیدی هەروا بەسەرسامییەوە بیری دەکردەوە و دەیگوت : چ لەمرۆڤ بلیمەتترە، بەڕاستی ئەقڵا بڕی پێ ناکا. تۆ تەماشە، تەماشا چیایەکی وا گەورە و زەلام لەکونی بلوێرێکی هێندە تەسك و باریکەوە دەردەپەڕێنێ. ئەم مرۆڤانە جڵەوی ئەقڵا و هۆش بەرەو هەموو شتێ شۆڕدەکەن، لە سڕی خڕینی شەهێن و باز دەگەن، پەی بەپەنای هەڵپەی ژیان و شارستانێتیی مێروو دەبەن، مەتەڵی مانگ و ڕۆژهەڵاتن و ئاوابوون و هەڵدێنن. سڕی مردن و ژیانیش ئاشکرادەکەن، پەردە لەڕووی هەموو شتێ هەڵدەماڵن، ئەقڵیان بڕ بەتاریکی و ڕووناکی دەکا، بیریان بۆهەموو شتێ دەچێ، بەڵام تەنیا لەگەڵ مرۆڤ هیچییان پێ ناکرێ و ئەقڵیان بەهیچ سڕێدا ناشکێ و ناگەنە ڕازونیازی دڵی. )**

(( ئەفسانەی چیای ئاگری، ل ١٣))

شوێن و شوێنەوارە پیرۆزەکان، لە نێو سۆژەی بەشێك لە تاکی کورد پانتاییەکی زۆریان داگیرکردووە، و گەیشتوونەتە بیرو باوەڕ و بڕوایەك، ئەم شوێن و شوێنەوارانە خاوەن هێز و ووزەیەکی لە بن نەهاتووی سروشتیین، و لە توانایان دایە هەموو شتێك بکەن !

یەشار کەمال، وەك شارەزایەکی بواری مرۆڤناسی،و وەك بڵێی یەکە بەیەکە دەمارەکانی مێشك و مووخی بەشێك لەمرۆڤەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری پشکنیبێت، و خوێندنەوەیانی بۆکردبێت و لێیانیکۆڵیبێتەوە. مامەکانی "حەسەن" وا پیشان دەدات کە تفەنگ و چەکداری، بۆتە نەخۆشییەکی بۆماوەیی و درێژخایەن و بەردەوام خوویان پێوەگرتووە. لەکاتێکدا واهەست دەکەن کە برازاکەیان خووی بەتفەنگ و فیشەکەوە نەگرتووە. بۆیە بەردەوام رایدەهێنن، بۆئەوەی دەست و پەنجەی نەرم بێت لەگەڵ تفەنگ و فیشەك دا.

**( حەسەن تفەنگەکەی لەمامی وەرگرت، بۆی دانیشت، دەستی لەکارابوو لەنزیك بەردێکی سپیەوە تۆز بەئاسمانا چوو، مامەی پەیتا پەیتا فیشەکی دەدایێ، ئەمیش فیشەکی دەبردە بەرکارو پەنجەی رادەکێشا...، مامی رەزنەکەی کردەوە و بۆ حەسەنی درێژکرد... "بگرە..." وتی "لەمەولا تادەتوانی کەی ئارەزووت بوو تەقەبکە، بۆئەوەی دەستت رابێ...)**

((مارەکەیان بکوشتایە، ل١٦))

رۆماننووس، توانیوویەتی لە رێی دەقی ئەدەبیەوە پەی بەمێشك و بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بەرێت، و بواری ئەدەبی ئاوێتەی مرۆڤناسیی زیندەوەرزانی کردووە.

یەشار کەمال، ئەدەب و مرۆڤناسی ئاوێتەی یەکتر دەکات، و باسی رۆژگار و بارودۆخییان دەکات، کە لەسەرەتادا لەشاری "وان" روویداوە و پێشبینی ئەوەش دەکات لە ئەستەمبۆڵ روودەدات، ئەویش وێرانکردن و تێکدانی سروشتە لەلایەن مرۆڤەکان خۆیانەوە، و کە لاسەنگبوونی سروشتی لێدەکەوێتەوەو شوێنەواری نامێنێت. ئەم ئاماژەپێکردنەش لەزاری خۆی نییە، بەڵکو لەرێی هەرسێ کارەکتەر "درێژ" و "پورەزارا" و "سەمیح" پێمانی رادەگەیەنێت و هۆشیارییمان دەداتێ.

**(درێژ گووتی: "حەیف.. حەیف بۆ ئەستەمبۆڵ کەوا دەڕوخێ. دەبا خەڵکەکە ئەوەندە خراپ نەبن... لەرووی ئەم باڵندە بچووکانەوە ئەستەمبۆڵ دەڕوخێ و دەردەکەی "وان"ی لێ دێت"**

**سەمیح گوتی: "ئەم مەلانە دڵم پارچەپارچە دەکەن... ئەوەی مرۆڤ بێ... "**

**پورەزارا دەیگوت"وان"یش هەر لەرووی باڵندەی بچووکبچووکی ئاواوە، ئەو دەردەی بەسەرداهات و با گسکی لە شوێنەواری دا. )**

((باڵندەکانیش کۆچیان کرد، ل٣٧))

باس لە سروشت بەگشتی، و سروشتی مەل و باڵندەکراوە، کە خودی مرۆڤەکان لەرێی راو و گرتنییانەوە، ئەو هاوسەنگییەی سروشتی تێکداوە، و بەم هۆیەشەوە هیچ مانایەك نامێنێتەوە بۆ جوانی ئاسمان، و ئاسمانیش چۆن بێ مەل و باڵندەکان هەڵبکات.

رۆماننووس، بەهۆی ناونیشانی ئەم بەرهەمەوە "گەمیەکەی نووح" بیرمان بۆ رووداوێکی مێژوویی رادەکێشێت. کەخۆی لەو تۆفان و لافاوە دەنوێنێت کە پێغەمبەری خوا (نووح) دروودی خوای لێبێت رووبەرووی بۆتەوە، کە تێیدا میللەتەکەی لەنێو دەچێت و خۆی و چەند کەسێکیترو لەگەڵ چەند گیانەوەریتر رزگاریان دەبێت. هەتا ئێرە رووداوێکە کەزۆربەمان خوێندوومانەتەوەو گوێبیستی بووین. بەڵام خاڵی وەرچەرخان ئەوەیە ئەم

کەشتییەی حەزرەتی نووح لەچیای "جودی" لەنگەر دەگرێت، و لێرە بەدوواوە دیسان ژیان بەردەوامی تێدەکەوێت، و پێدەچێت بۆدووەمین جار ژیانی مرۆڤایەتی جارێکیتر دەست پێدەکاتەوە.

یەشار کەمال، زۆر وریایانە مامەڵەی لەگەڵ ئەم ڕووداوە کردووەو ڕەهەندێکی نەتەوەیی خستۆتە پاڵییەوە. لەهەمانکاتدا وەك مرۆڤناسێك توانیوویەتی بیلکێنێت بە مرۆڤناسیی شوێنەوارییەوە، بۆئەوەی دەقی ئەدەبیش ئەم ڕووداوە و شوێنی لەنگەرگرتنی بەزیندوویی بهێڵێتەوە.

**(.. مرۆ لەم تاریکییەدا کە تەماشای ئەستێرەکانی قەد چیاکە دەکات، دەکەوێتەوە ئەو بڕوایەوە، زۆرنییە گەمییەکەی نووح لێرەدا لەنگەری گرتووە بەمرۆ وادێ و وای بۆدەچێ. وەك تۆفانەکە دەمێك نەبێت ڕووی دابێت و کەمێ پێش ئێستاکە قەومابێ..)**

(( گەمییەکەی نووح، ل٣))

**( لەگەڵ فەرەنساییەکاندا دەربارەی گەمییەکە دەدوێم دەپرسم: شتی واهەیە؟.. ئەوان سوورن لەسەر ئەوەی کەئەوەی بۆی دەگەڕێن لەم چیایە دایە و دەبێ بیدۆزنەوە. شەرەفی ئەم دۆزینەوەیەش بەخۆیانی لایەق دەبینن..**

**بۆ دەرهێنان و دۆزینەوەشی دەڵێن:**

- **ئەگەر کەوتبێتە ژێر خۆڵەوە، ئەوا بەخەڵووز بووە.**
- **ئەگەر لەژێر بەفردابێ، ئەوا ماوەو نەڕزیوە.**

**گەلێ شتی دیکەش دەڵێن.. "چین دی ریکوێر" دەڵێ: "سبەی سەردەکەوینە سەرچیاکەو گەمییەکەش لەئاگریدایە.." بزەی دێ و کەیف خۆشە.)**

((گەمییەکەی نووح، ل٤))

لڤێکیتر لەمرۆڤناسی، مرۆڤناسیی زیندەورزانییە، ڕۆماننووس لەڕێی دەقی ئەدەبییەوە پەی پێبردووە.

**(گەیشتمە ئاستی کۆمەڵەکان، هەریەکە و لەودیوەوەی لەجیاتی دەرگا چاڵێکیان بۆ هەڵکەندووە، لەچاڵەکانەوە مرۆی سەر ڕووت و گڤن، کە لەوێنەی ناوکتێبی مێژووی چاخە بەردینەکان دەچوون، دەهاتنەدەرێ و دەچوونە ژوورەوە، واقم وڕما، لەناوەڕاستی سەدەی بیستەم و مرۆڤی سەردەمی چاخی بەردین !!)**

(( گەمییەکەی نووح، ل٣٥))

هەروەها ڕۆماننووس، توانیوویەتی لە مرۆڤناسی کولتووریش بگات، ئەوە پیشان بدات تاکی کورد نەك تووشی قەیرانی ناسنامە نەتەوەییەکەی بۆتەوە، بەڵکو قەیرانە کولتوورییەکەش لەولاوە بوەستێت، و لەهەر پارچەیەکی کوردستان جلوبەرگی جیاجیا بپۆشێت.

**( شەریکەکەم دەڵێ :**

**"لەوەتەی خۆم ناسیووە قاچاچچیم.. زۆرم بەسەرهاتووە.. قژم لەو ڕێگایەدا ڕووتایەوە.. من ناسنامەی سووریاو تورکیاشم پێیە.. لێرەبم، قیافەتی تورکی دەپۆشم، لەوێش جلوبەرگی عەرەب.." )**

((گەمییەکەی نووح، ل١٢٥))

واتە داگیرکاری پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ ئەوەی تاکەکانی نەتەوەی داگیرکراو ناسنامە ڕەسەنەکەی خۆیان وون بکەن، و ببنە هەڵگری ناسنامەی نەتەوەی داگیرکار، لە کاتێکدا داگیرکارانیش بەشێوەیەکی وا وەریان ناگرن کە دڵییان پێی خۆش ببێت، بۆیە تاکەکە دووچاری فرە ناسنامەیی دەبێتەوە، کە ئەمەش یەکسانە بەبوونی ناسنامە. ئەم حاڵەتەش، کەرەسەیەکە بۆ مرۆڤناسیی کولتووری.

یەشار کەمال، مەڵبەندی میزۆپۆتامیا دەکاتە ئامانج، و وەك مرۆڤناس و توێژەر و ئەدیبێك لێی دەڕوانێت. پێیوایە کە ئەو نزا و پاڕانەوەی کە ئێزدییەکان دەیکەن و ڕووە و خۆر ڕادەوەستن و ڕۆژێ سێ جار،

**( پایەو بناغەی هەموو چیرۆك و داستانەکانی میزۆپۆتامیا هەر ئەو دوعایانەبن. لەمیزۆپۆتامیا، میللەتان، ئایینەکان و شارستانیەتیە جیاجیاکان..."**)

((بڕوانە فورات خوێناویە، ل ٤١٠ ))

ڕۆماننووس، لەسەر زاری یەکێك لەکارەکتەرەکان ئەم ڕازە دەدرکێنێت.

هەروەها پەنجە بۆئەوە درێژ دەکات کەمیزۆپۆتامیا مەڵبەندێکە، پڕییەتی لە شوێنەواری مێژوویی و کانزای بەنرخ و دەگمەن.

**( خاتوون بەشێوەزارێکی ئەستەنبۆڵی زۆرجوان دەدوا.**

**"خاتوونی ئێمە زیاتر خولیای ئەم ئاسەوارانەی میزۆپۆتامیایە. هەرئێستا تا لەم بیابانە و لەسەر ئەم چیایانە، دەپانزە شارەزا کاریان تەنها کۆکردنەوەی پەیکەرە بۆئێمە."**

**بەمیری گوت: "مایەی سەرسوڕمانە. هەرپەیکەرێکی تازە کەدەدۆزرێتەوە هی دنیایەکی دیکەیە لەوباوەڕەدام دانیشتوانی میزۆپۆتامیا هەزاران ساڵە هەموو ڕۆژێکی نوێ دنیایەکی تازەیان دروستکردووە." )**

(( بڕوانە فورات خوێناویە، ل ٤٢٣ ))

نووسینی کۆن و هەڵکەندن، یەکێکە لەو کار و پیشانەی کە لە مرۆڤی کۆنەوە بۆ ئێمە ماوەتەوە، ئێستاشی لەگەڵدابێت هۆکاری جوانی و سەرەنجڕاکێشییان بەدەست نەداوە، و لەسەردەمی ئەمرۆشدا وەك کار و پیشە بەردەوامی خۆی هەیە و مرۆڤی سەردەم پێیەوە خەریکە.

ڕۆماننووس، لەم چوارچێوەیەدا ئاماژە بەنووسینی ڕۆمانی و بێزەنتی دەکات، و دیمەنی بەردێکمان دەخاتە بەر چاو کە وێنەی گوڵی بەشێوەی هەڵکەندراو لەسەر کێشراوە. ئەمەش پەیوەستە بە مرۆڤناسیی شوێنەوارییەوە، و ئاوێتەی سروشت کراوە، و جوانی و سەرەنجڕاکێشییەکە هێندەیتر خۆی دەنوێنێت.

**(.. حاڵەکەی لەناو ڕووەکی هەڵگەڕاوەو لاولاو و گوڵی کیوی دابوو، بەبۆیەکی مۆری ڕەنگ پەڕیوی مەیلە و کەسەنەیی بۆیەکرابوو لەپێشەوە ساباتێکی درێژی بۆکرابوو دەرگاکەی پاشماوەی هەندێ نووسینی ڕۆمانی یا بێزەنیتی لەسەر نووسرابوو، بەردێکی چوارگۆشەیی وێنەی گوڵیان لەسەر هەڵکەندبوو لەوێدا دانرابوو...)**

(( دەریا تۆرا، ل ٤٩ )).

یەشار کەمال، لەڕێی دەق و لەوەشەوە لەڕێی مرۆڤناسیی شوێنەوارییەوە، تیشك دەخاتە سەر شوێنەوارێك کە مێژووەکەی بۆ دووهەزار ساڵ زیاتر دەگەڕێتەوە، و ئەو شوێنەوارەش پەیوەست نییە بەشوێنەواری نەتەوەییەوە.

# بەرجەستەکردنی وێنەی ئافرەتی کورد لە ڕۆمانەکانی یەشار کەمال دا

ئافرەتی کورد، جیاواز لەهەموو ئافرەتانی دنیا ڕۆڵێکی زۆر کارای هەبووە لە بنیات نانی کۆمەڵگە، و کاریگەریی ئەوتۆ بۆ سەر ڕەگەزەکەی بەرامبەری. ئافرەتی کورد، ئەگەر لە پیاو، زیاتر ئەمەك و هەوڵ و تێکۆشان و قوربانی نەدابێت، ئەوا هاوشانی ئەو داویەتی. ئافرەتی کورد، زۆر بەئاسانی دەتوانێت لە یەککاتدا هەم ڕۆڵی خودی خۆی وەك ئافرەت و هەمیش ڕۆڵی خودی پیاو بگێڕێت، بێئەوەی هەست بە ماندووبون و داڕووخان بکات. سەرەڕای ئەمانەش توانیویەتی تا ڕادەیەکی باش ڕێ لە نێر وەجاغی بگرێت و خۆی لە پەراوێزی پیاو دەربهێنێت، و بەرامبەر ئەوانە بوەستێتەوە کە کێشە، و یان تاوانی ئافرەتبوونی دەدەنە پاڵ، و وەك مرۆڤێك نایانەوێت هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەن. (لێرەدا ڕۆڵی ئافرەتی کورد بەدیار دەکەوێت سەرەڕای بەخێوکردنی کۆرپەکەی، شان بەشانی پیاو چ لە ماڵ چ لەدەرەوە کاردەکات)(١٨). ئافرەتی کورد،هێندە گرنگی بەمەسەلەی خێزانداری دەدات هێندە گرنگی بە خودی خۆی نادات، ئەی ئەوە نییە هەر زوو ڕێکخراوەیەکی وەکو خێزان پێکدەهێنێت و وەچە دەنێتەوە، و دواتر بەخێو کردن و پەروەردەکردنیشی لە ئەستۆ دەگرێت، و ئامادەیشی تێدایە بەو پەڕی هێز و توانایەوە یارمەتیی بەرامبەرەکەی بدات، و ببێتە کۆڵەگەیەکی پتەوی پیاو و بەشێك لە ئەرك و ماندوو بونی کەم بکاتەوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەش ئافرەتی کورد ئامادەنییە سازش لە مافەکانی بکات، و بکرێتە کاڵایەك مامەڵەی پێبکرێت، و چارەنوسێکی ڕەش ڕووبەڕووی ببێتەوە. بۆیە زۆر لەلای ئاساییە گیان ببەخشێت بەس بەم چەشنە ژیانە، ژاناوییە و کولەمەرگییە نەژی. خەسڵەتێکی دیاری ئافرەتی کورد ئەوەیە، بەڕەوا دەبینێت کە خودی خۆی هەڵسێت پێشوازی لەمیوان و میوانداری بکات.ئەمەش شەڕەفێکی گەورەیە کە دەیگێڕێت، و نیشانەی ئازایی و بوێری و بڕوابوونە بەکەسێتیی خۆی. ( ئافرەتی کورد بەو پەڕی ڕێزگرتن پێشوازی لە مێوان دەکات، پیاو لە ماڵ نەبێت خۆی سرك و سل ناکات، ناسیار بێت یان نەناسیار لای دادەنیشێت و گفتوگۆی لەگەڵ دەکات)(١٩). لێرە تێدەگەین کە ئافرەتی کورد نایەوێت سروشتی مرۆڤانەی خۆی تێکبدات،و بەڵکو دەیەوێت وەك هەر تاکێکیتری کۆمەڵگەکەی هەڵسەنگاندنی بۆبکرێت، نەبێتە پاشکۆی ڕەگەزی بەرامبەری. ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەباڵابوونی ڕۆڵی ئافرەتانەیە بۆ سڕینەوەی هێڵە پانەکانی جیاوازیی نێوان ئافرەت و پیاوان. واتە ئافرەتی کورد لەبواری برەودان و گەشە و قووڵبوونەوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هیچیان لە پیاوان کەمتر نییە، و خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیانن.

دەتوانین بڵێین لەهەندێك باری خێزانی، لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا هێندەی ئافرەت سالارە، پیاو ئەوەندە سالار نییە. بۆیە لەم بارەدا بۆچوونەکان ئاوەژوو دەبنەوە لە جیاتی ئەوەی کۆمەڵگەی کوردەواری پرسی باوکسالاری بێنێتە ئاراوە، پرسی دایکسالاری دێنێتە ئاراوە. ئەمەش بەحوکمی ئەوەی ئافرەتی کورد لەزۆربەی کارەکانی ژیاندا کارا و چالاکە، و هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات، و وەك واقیعێك بوونی خۆی دەسەپێنێت.

ئافرەتی کورد وەك ئافەریدەیەکی بایلۆژی و بونەوەریکی کۆمەڵایەتی هەر نەبەستراوەتەوە بە وەچەنانەوە، و دواتر بەخێوکردنی منداڵانی، یاخود کاری ئەوە بێت سەرنجی ڕەگەزی بەرامبەر نێرینە بۆخۆی ڕابکێشێت و ئینجا بۆخۆی گلیبداتەوە، بەڵکو ئافرەتی کورد لەزۆر بواری گرنگدا بوونی خۆی بەکردەوە سەلماندووە. جێی خۆیەتی بڵێین : (ئافرەتی کورد ڕۆڵێکی بەرچاوی دیوە لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی. لە سەردەمی جیاوازدا دەسەڵاتی گرتۆتە دەست و بونەتە لەمپەر لە بەردەم دوژمناندا)(٢٠).

ناکرێت ڕۆڵی ئافرەتی کورد تەنها لەم سێ بوارەدا جێبکەینەوە. بەڵکو ئافرەتی کورد زۆر لەوە گەورەترە کەباسدەکرێت، لە هەموو بوارێکی ژیاندا جاری وا هەیە بە زیاترەوە ڕۆڵی خۆی بینیووە. بۆنموونە ئافرەتی کورد خاوەنی کولتووری تایبەت بە خۆیانن و بەئاسانی پێیدەناسرێنەوە، و جیایان دەکاتەوە لەڕەگەزی بەرامبەر و هاوڕەگەزەکانییان لە میللەتانی دیکە. ئافرەتی کورد بەشارەزایی و دەستڕەنگینییەوە بەشدار بووە لە بنیاتنانی کەلەپووری نەوەییمان. ژنی کورد لە ڕابردوو و ئێستاشدا ڕۆڵ دەگێرێت لەبواری ئابووریی خێزانەکەیدا و لە توانایدایە باری لەنگی ئابووری خێزان و پیاوەکەی هاوسەنگ بکاتەوە. کار و چالاکییەکانی ئافرەتی کورد لە بواری کۆمەڵایەتیدا لە ژمارە نایەن بۆیە دەبێت بەدایك، بەپەروەردەکار، بە بەخێوکار و بەردەوام گرۆیی بۆ مێردەکەی و منداڵانی و ماڵ و ماڵداری هەبووە و هەیە. ئافرەتی کورد لە بواری دەنگ و دەنگخۆشیدا درێخی نەکردووە و بوونی خۆی سەلماندووە و ئەم بوارەشی تاقیکردۆتەوە بەسەرکەوتوویی. ئافرەتی کورد لەبواری ئاژەڵداری و کشتوکاڵی بژێوڤان و ماجووتیاری چاکی لێدروستبووە، بێئەوەی هیچ خوولێك ببینێت و سەربەهیچ پەیمانگایەك دابکات. لە کۆمەڵگەکەی فێری دەبێت و بۆی دەبێت بەقوتابخانە و فێرگە.

لەبواری سیاسیشدا ئافرەتی کورد بوارەکەی بەسەرکەوتوویی تاقیکردۆتەوە و نموونەی زیندووی وەك حەلیمەی هەکاری و خاتوو فاتیمەی گەنج و خاتوو مەریەمی نەهری و عادیلە خان و ڕەوشەن بەدرخان و... هتد. چەندین ئافرەتی کورد گەواهیدەری قسەکانمان. بۆیە ئەمانە هەریەکەیان مێژووییەکی پڕ سەروەرییان بۆ خۆیان تۆمارکردووە، لە هەمووش گرنگتر بۆ نەتەوەکەیان.

بەبۆچوونی گەلێك لە گەریدە ڕۆژئاواییەکان، ئافرەتی کورد بە بەراورد لەگەڵ ژنانی تورك و عەرەب و فارس، فرە چاڵاکن و توانیوویانە ئازادی بۆخۆیان جاربدەن و بەوپەڕی بوێرییەوە هەڵسوکەوت و مامەڵە لەگەڵ بوارەکانی ژیاندا بکەن، و خۆیان لە پەراوێزی و پاشکۆیەتی ڕزگاربکەن، (گەریدە ڕۆژئاواییەکان بە ڕاشکاوی و بە ڕوونی و بوێرییەوە باسییان لە پێگەی ئافرەتی کورد کردووە، کە ئازادی ڕۆڵێکی گرنگترییان هەبووە لەکۆمەڵگەی کوردیدا بە بەراورد لەگەڵ هەمان پێگەی ئافرەتی لە نێو کۆمەڵگەی تورك و عەرەب و فارسی دراوسێیاندا. بۆ نموونە نە بەستانی لە چەك و هاموشۆی ئازادانە لەگەڵ پیاودا، هەروەها هەبوونی حوکمداری و دەسەڵاتی ئافرەت)(٢١). ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ڕۆڵی بەستەرەشانە دەبینێت و ئەو پێوەندییەکان دەسازێنێت وەك پێوەندی لە نێوان خودی ئافرەت و پیاو، ئافرەت و پیاو و منداڵان، پێوەندی نێوان ئافرەت و ئافرەت، و پێوەندی پیاوان لەگەڵ یەکتر. واتە کاریگەری ئەرێنییان بەسەر کۆمەڵگەکەیانەوە هەیە. بەمەش توانیوویانە خۆیان لەکارتێکراوی بپارێزن و ڕەسەنێتی خۆیان تا ڕادەیەك لەکەدار نەکەن و خۆیان وەك سەرچاوە

بناسێنن. بۆیە ئاساییە گەر بڵێین گەلێك لە پیاوانی كۆمەڵگەی كوردیش بەناوی دایكییانەوە یاخود ژنییانەوە بانگدەكرێن، و دەناسرێنەوە هەروەها ئافرەتی كورد دەبێتە كۆڵەگە بۆ بەرامبەرەكەی و دەبێتە مایەی ڕێزو قەدرگرانی و شەرەف. بۆنموونە لە كۆمەڵگەی كوردیدا هێندەی حسێب بۆ پیاوی خاوەن خێزان و ماڵ دەكرێت هێندە حسێب بۆ كوڕێكی ڕەبەن ناكرێت. ئافرەتی كورد لە كۆمەڵگەكەی خۆیدا نموونەی نەرم و نیانی و هەست ناسكی و سۆز و خۆشەویستییە، كەچی پیاوان ڕەمزی توڕەیی و زبریین و خاوەن هەستێكی توندترن لە چاو ئافرەت دا و بە دڵڕەقی ناسراون، ئافرەتی كورد، بەراورد لەگەڵ ئافرەتی كۆمەڵگەكانیتردا بەردەوام كاری بۆ ئەوە كردووە لە چوارچێوەی ناسنامەی ئافرەتێتی خۆیدا بمێنێتەوە و پانتایی ئافرەتبوونی خۆیان فراوانتربكەن. بە پێچەوانەی گەلێك كۆمەڵگەیترەوە ئافرەتان دەبنە پاشكۆی بیرتەسكی تایفە و دەستەگەری و كۆیلە هەندێك بیر و ئایدۆلۆژیا و ڕێكخراو و بەرنامەی بێسەروبەر، كەلەڕووكەشدا بۆداكۆكیكردن لەمافەكانی ئافرەتان دانراون، بەڵام لەناوەڕۆكدا بۆ زەوتكردنی مافەكانی ئافرەتان دانراون و وەك كاڵا سەیردەكرێن و مامەڵەی كڕین و فرۆشتنییان پێوەدەكرێت، و تەنیا هەست بەوە دەكرێت كە بۆ حەز و ئارەزووە مەعنەویی و جەستەییەكانی پیاوان دانراون و لەكاتی پێویستدا بەكاریاندێنن. دیاردەی لێسەندنەوەی ناسنامەی ئافرەتێتی لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم بەدواوە لە كۆمەڵگەی كوردیشدا پەرەدەسێنێت و خەریكە هاوشێوەی كۆمەڵگەكانیتری لێبێت ژنان بەڕووخسارو ناوەڕۆكێكیتر دەكرێن بە پاشكۆی ئەم و ئەو.

كاتێكیش گەریدەیەكی ڕۆژئاوایی دێت ئازادییەكانی ئافرەتی كورد لە لەچكنەكردن و هاموشۆی پیاوان چڕدەكاتەوە، ئەوە دیسانەوە ستەمكردن و زەوتكردنی مافی ئافرەتانە. ئەوان وەك كلتوورێكی ڕۆژئاوایی لە ئافرەتی كورد دەڕوانن ئازادی ئافرەت لەوەدایە مافی بدرێت و ئافرەتیی لێزەوتنەكرێت، و لە كارخانە و شوێنەكانی كاركردنی نەڕەتێندرێت و بەحسێبی هێز و بازووی پیاوان كارپێنەكرێت، دەستدرێژی نەكرێتە سەر و سنووری نەبەزێنرێت.

## شیکردنەوەی دەقــەکــان

یەشار کەمال، پێیوایە دەبێت دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە ئافرەتانی کورد هەر بە ئیش وکاری ماڵەوە خەریك نەبووینە، و بەڵکو پاڵپشتێکی بەهێز بووینە بۆسەرکەوتنی پیاوان، بەتایبەت لەکاتی ناسك و تەنگانەدا، و شۆڕش و ڕاپەڕینەکاندا. بۆنموونە "دایە زوهرە" سەرباری بە تەمەنییەکەی، ئامادەیە خزمەتی شۆڕشگێڕێکی گەنجی وەك حەمەدۆك بکات، و نازی بکێشێت و جلوبەرگەکانی بۆ بدۆزێتەوەو چەك و فیشەك و تەقەمەنییەکانی بۆ بشارێتەوەو حەشارییان بدات

**( دایە زوهرە لەماڵێك دا وەك کچی جحێڵ ڕوومەتە چرچەکانی لەشەرمان سوور هەڵگەڕابوون، هاتەلای حەمەدۆکی، دەستی گرت و گوتی:**

**ـ ڕۆڵەگیان، پاتۆڵەکەت سێ ـ چوار جێی هەڵوەشاوە. خۆ ئاوا ناکرێ بچییە نێو خەڵکی. دای کەنە، بابۆت بدروومەوە.**

**حەمەد پاتۆڵەکەی داکەندو، دایە دەست دایە زوهرە وەڵڵاهی خۆدەم زانی، بەڵام لەڕووم هەڵ نەهات پێت بڵێم بۆم بدروویەوە.**

**دایە زوهرە دەرزی و دەزووی هێنا و بە تەڕدەستی خەریکی دروونەوەی پانتۆڵی حەمەدی بوو.**

**حەمەد چۆوە ژووری و بەدایە زوهرەی گوت:**

**ـ دایە ئەوە هێندێکمان فیشەك بۆ هاتوون. دەکرێ لێرە، لەلای تۆ بشارینەوە؟**

**ژاندرمە ڕۆیشتوون و باوەڕناکەم جارێ بێنەوە ئەم گوندەی. ئەوجار شکی تۆش ناکەن و پێم وانییە ماڵەکەی تۆ بگەڕێن.**

**ـ حەمەد گیان کوڕم، ڕۆڵە ئازاکەم! با ژاندرمە هەموو ڕۆژێ بێ، با ساڵ دوازدە مانگە لەو دێیەی بن و هەموو ڕۆژێش دەجار ماڵە من بپشکنن. ئەمن چەك و فیشەکت وا بۆ دەشارمەوە، تەنانەت ئەگەر ئەودێیەی سەرووبن کەن، قەراربێ کەس نەتوانێ قاوغێکیش بدۆزێتەوە! )**

((حەمەدۆك، ب ٤، ل ٦٦٥ ـ ٦٦٦ ))

یەشار کەمال، سادەیی و گیانی لێبووردەیی و خاکەڕایی ئافرەتی کۆمەڵگەی کوردەواریمان پیشاندەدات، سەرەڕای ماندووبوون و فرەئەرکی چ لە کاری ماڵەوە و ماڵدارییەوە چ لە کاری دەرەوەی ماڵدا، لەلایەن نزیکەکانییەوە بە چاوێکی وا سەیرناکرێن کە شایستەی ئەو ماندووبوونەی ئەوان بێت، و بگرە زۆرجاریش لەلایەن ئەوانەوە دەچەوسێنرێنەوە و تەواو دڵیان دەڕەنجێنن. بەڵام ئافرەتی کورد گوێ بەم شتانە نادات، و هەرهێندە بەسە کەسە نزیکەکەی دووقسەی خۆشی بۆبکات، و ئەویش بگەڕێتەوە سەرباری جارانی و ماندووبوون و ئازارەکان لەبیر بکات.

**( بووکەکەی نێوی فاتم بوو، فاتم بەمێردەکەی گوت :**

**"دەبێ ئەو پیاوە لەم دەرد و مەینەتییە ڕزگارکەی، بە لەنگازە، زۆرم دڵ پێ دەسووتێ. قسەکانی هێندەیان کارتێ کردم، هەر وەخت بوو، لەو دەقەی دانیشم دەست بەگریانێ کەم، خۆ هێندەی نەمابوو، پەلاماری دەستی دەم ماچی کەم. کەساسە خەو وخۆراکی بەجارێ لا حەرام بووە. من سبەینێ لەم دەردەی ڕزگاردەکەم. حاجی پرسی :**

**"چۆن.؟"**

**فاتم:**

**سبەینێ دەبینی، تانووکە هیچ حەزم لەچارەی نەدەکرد، دەمگووت، بابڕوا بیکێشێ، مستەهەقە. تەماشا، حاجی، ئەم پیاوە، ئەوە چەندین ساڵە پێم دەکا، خەم و خەفەت و دەردی دنیای بەزگەوە کردم. کەچی بە دوو قسان، دڵ و هەناوی لێ ساندم، هیچ شتێکی خراپی لە دڵدا نەهێشت و هیچ ڕکێکم لە تەمەنی نەما. خۆشەویستییەکەیشی لەدڵ چەسپاندم. سبەینێ لەم ترس و دەردو مەینەتییەی قوتار دەکەم. حەیف بۆ ئەوکەساسە." )**

((ئەودیوی چیا، زەوی ئاسن ئاسمان مس، ل ٥٨ ))

یەشار کەمال، جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەشێك لە کچان و ئافرەتانی کورد، ئەگەر پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەرزیشییان هەبێت، هەرگیز پشت لەمیللەتەکەی خۆیان ناکەن لەخۆشی و ناخۆشییەکان بەسەرییاندەکەنەوە، و هاموشۆیان دەکەن و بەدەنگییانەوە دەچین، و یارمەتی نەخۆش و پیر و پەککەوتەکانییان دەدەن. بەمەش لە سەرووی پیاوێك هەڵسوکەوت و ڕەفتاری بەهەڵوێست و جوامێرانە دەنوێنن، و دەبنە خۆشەویستی و ئازیزی میللەتەکەیان. ئەو کچ و ئافرەتە کوردانەی ئەم چەشنە سروشتەیان هەیە، خۆشی و کامەرانی لەنێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بەدیدەکەن، نەوەك لەنێو چواردیواری کۆشك و سەرایەکان

**( گوڵبەهاریان بەژن نێوەنجییەکی شل و ملی نەشمیلانەی گەنم ڕەنگ بوو. پۆست مشتوماڵ و بێ گەردبوو. لەزۆر سەرەوە لە خوشکەکانی نەدەچوو. جل و بەرگی نەخشراو، وەکو ژنە ئاگرییاییەکانی لەبەردەکرد، چل کەزیی بەردەداوە. ملوانکەکەی زێربوو. وەکو ژنە ئاگرییاییەکان خڕوخاڵی زێڕو مرواری و زومڕووتی لەپێ دەکرد. زۆر زیرەك بوو. کەمی قسە دەکرد، زۆر ناسك ناسك و نازدار پێ دەکەنی. خوشك و براکانی زۆرکەم لە کۆشك وەدەردەکەوتن، بەڵام گوڵبەهار وانەبوو. ئەو هەمیشە لەگەڵ خەڵکیدا تێکەڵ بوو. لە شایی و شینان دوانەدەکەوت، هەمیشە بە دەمیانەوە دەچوو.**

**خەڵکی شاری بایزید، گوندییەکانی ئاگری گوڵبەهاریان زۆر خۆشدەویست، بەچاوی نێرینەیەکی هەڵکەوتووە و دەیانڕوانی لە هەرکوێیەکی نەخۆشێك، یەکێکی دەستەوسان، پیرێکی کەنەفت هەبا، یەکسەر بەدەنگییەوە دەچوو. لە سوارچاکێ سوارچاکتر سواری ئەسپان دەبوو، پاشا دوراودور، بێ ئەوەی خۆی لە ڕەفتاری هەڵقورتێنێ، چاودێری دەکرد و لە دڵی خۆیدا دەیگوت : ئەم کیژە پیاوبا دەبوو بەپادشای ئاگری.**

**گوڵبەهار هیچ خۆشی بەکۆشك و سەرا نەدەهاتەوە. لەگەڵ براکانیشی سەروساختی زۆر خۆشی نەبوو و لەگەڵ یەك نەدەسازان گوندییەکان قەتیان بەنێوی خۆیەوە نێو نەدەهێنا، پێیان دەگوت کیژەگوڵ بەدەمەکە.)**

(( ئەفسانەی چیای ئاگری، ل ٣٢ - ٣٣ ))

حەسەن، کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەیە، ڕۆماننووس تەمەنەکەی ئاشکرا دەکات دەڵێت لەنێوان "شەش حەوت ساڵان دایە" ((مارەکەیان بکوشتایە، ل٥)).

دایکی حەسەن نموونەی دیاری ژنە کوردێکە لەجوانی و لە ئەمەکی بۆ کوڕەکەی،

**( کەم کەس هەبوو وەکو دایکی جوان بێت، تابڵێی ڕێك و ناسك و لە کیژۆڵەیەکی تازە هەڵچووی دەکرد،.... دایکی قژی تا کەمەری دەهات، جوانییەکەی کەوتبووە سەرزاری هەموو کەسێك،... زیادەڕۆیی نەبێ دایکی تاقە جوانی ئەم دونیایەیە، دایکی بەداخوازی کەسییان ڕازی نەبوو، نەیوویست لەحەسەنی تاقانەی دابڕێ،... لەبەر ئەوە دایکی داخوازی کەسی قەبووڵا نەدەکرد)**

((مارەکەیان بکوشتایە، ل٧))

سەرەڕای ئەو جوانییەی دایکی حەسەن و ئەو هەموو کەسە دێنە داوا و دیدەنی، بەڵام ئامادە نییە هەرگیز شوو بە کەسێك بکات ببێتە زڕ باوکی کوڕەکەی و لە نازی دایکایەتی خۆی بێبەشی بکات. چونکە مەحاڵە زڕەکان وەك ڕەسەنەکان ڕەفتار بکەن و زڕەکان سەبارەت بە ڕەسەنەکان بێگانەن.

لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکانی بێ ویژدان و دوور لە ڕەوشتی مرۆڤانە قسە و قسەڵۆکییان بۆ هەڵدەبەستا، و ببووە بنێشتەخۆشەی سەرزارییان و بەردەوام لۆمەیان دەکرد.

**( دایکیشی خانوومان و جوان سەرەڕای هەمووشتێك مانەوەی لەلا پێ چاکتربێ و نەیەوێت بەجێی بهێڵێ کەچی چەندین بەند و بالۆرە و قسەوقسەلۆکیان بۆ هەڵبەستبوو.)**

((مارەکەیان بکوشتنایە، ل ٨))

ئەمە خوویەکی ناشیرینی نێوکۆمەڵگەی کوردەوارییە، هەندێك کەس دەقییان پێگرتووە هەر ئافرەتێك بێوەژن بێت بەچاوێکی سووك لێیدەڕوانن و بوختان و درۆ دەلەسەی بۆ هەڵدەبەستن. نەخوەزەلا دایکی حەسەن خەڵکانێك هەبێت ئیرەیی پێببەن و لە کەسێتی کەم بکەنەوە.

ڕۆماننووس، وێنەی ئافرەتی کورد وا دێنێتە بەرچاو، هەمیشە وەك ڕەگەزەکەی بەرامبەرییان لەئاست کۆڵەمەرگییەکانی ژیان کۆڵییان نەداوە، با خەڵکانێکیش هەبێت هەوڵی چەوسانەوەی هەردوو ڕەگەزییان دابێت گرنگ ئەوەیە چاونەترسییان پێوەدیارە

**(.. ئافرەتەکان کراسەکانییان ئاودامانە، ئەوەندەش درێژ، بەرپێیان دەماڵێ، ئافرەتن ئەم ئەشکەوتانە، وەکو ئافرەتی شارنشین لەپیاوان شەرم ناکەن و خۆیان ناشارنەوە، چارشێو نادەن، لەگەڵ پیاواندا زۆر ئاسایی دادەنیشن و گفتوگۆ دەکەن، نزیکەی بیست کەسێکم لێ گرد بۆتەوە.. هەرهەموویان لەیەك کاتدا دەدوان.. خەمی بێ زەوی و زاری، دەردی هیس و دوکەڵی ئەشکەوت و ژیانی پڕ کۆڵەمەرگی خۆیانیان بۆ دەگێڕامەوە.. )**

(( گەمییەکەی نووح، ل٤٦))

واتە ئافرەتانی کورد، ڕاشکاو و چاونەترسانە لە خۆیان و دەرد و مەینەتییەکانییان دەدوێن بێ پێچ و پەنا و سیناریۆکردن، لەبنەڕەتدا سروشتییان چۆنە لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی بێگانەیەکیش هەر ئاوان.

لەلایەکیترەوە، ڕۆماننووس ڕوویەکیتر و خوویەکیتری ئافرەتی کورد بەدیار دەخات ئەویش ئەوەیە لە ڕادەبەدەر بیر و بڕوا و باوەڕییان بە شێخ و مەلا و سەید و پیاوچاکان هەیە چارەسەرکردنی ئاریشەکانییان لای ئەمانە دەبیننەوە.

**( باخچەی شارەوانی دیاربەکر، کەمێ لەملای ماردین قاپییەوەیە، پارکێکی جوان و ڕازاوەیە.. گۆڕستانە گەورەکەی دیاربەکری لێوە نزیکە.. پاسەوانی گۆڕستانەکە، پیاوێکی سەیرە، دەمێکە دەیناسم چوومە ژوورەوە لەسەر تەختەیەك دانیشتم، لەمکاتەدا چەند ئافرەتێك چارشێویان دابوو، هاتنە ژوورەوە لەلامەوە دانیشتن.. بە کوردی دەدوان نیازی چوونی "سیلڤان"یان هەبوو، لە قسەکانیاندا دەردەکەوت لە سووریاوە هاتوون و وائێستا دەگەڕێنەوە.. بۆ زیارەتی شێخ هاتبوون، چاوەڕێی شوفێرێکی دەکرد.. بێ حەوسەڵە و ساغڵەت دیاربوون.**

**جوانکیلەیەکیان: "خۆزێ زارۆکەکانیشمان بۆ زیارەتی شێخ دەهێنا)**

((گەمییەکەی نووح، ل ٣٦ ))

ڕۆماننووس لەڕێی دیاردەیەکی لەم شێوەیە، لە نێو ئافرەتانی کورددا، دیاربەکری کوردان دەبەستێتەوە بەشارۆچکەی سیلڤانی ڕۆژئاوای کوردستانەوە، وا دەردەخات کە سروشتی ئافرەتی ئەم دوو ناوچەیە لەیەکتر دەچن، و هەڵگری یەك ناسنامەی نەتەوەیی و کولتوورین.

زۆر هەڵوێست و ئازایی و بوێریی و چالاکی و چاکەخوازی ئافرەتی کوردمان بەرچاو دەکەوێت و دەیانبیستین. تەنانەت ئەم خەسڵەتانە لە پیاوانیش بەدیناکرێت، سەرباری زبری و توانای جەستەیشییان لە چاو ئافرەتان دا. بۆیە یەشار کەمال توانیوویەتی زۆر ئەدیبانە ئەو بوێرییەی ئافرەتانی کوردمان لە ڕێی ئەدەبەوە بۆ بگوازێتەوە و بگێڕێتەوە، و پێمانبڵێت ئەوا ئافرەتانی کورد هەر سۆز و بەزەییان لێناتکێت، بەڵکو پێشمەرگایەتی و گیان فیداکردنیشییان لێدەوەشێتەوە و شایستەی ئەوانە. وەك نەبەردی و قارەمانێتی ئەو چوار ئافرەتە کوردە، کە ئامادەن یارمەتی پیاوانێك بدەن، کە هەم لە ڕووی نەتەوە و هەمیش لە ڕووی ئایینەوە لەوان جیان. بەوپەڕی لێبووردەیی و خۆبەختکردنەوە دەبنە هۆکارێك بۆ سەرلەنوێ ژیاندنەوەی گیانی چەند سەربازێك، کەدەربازبوونییان مەحاڵبووە.

**( "بەڵێ پریکلۆس، لەو نۆهەت هەزار کەسە تەنانەت تاکە کەسێکیشیان دەربازنەبوو، خوا بەتەنها ئێمەی قورتارکرد، چوار ژنی کوردی ناردنە سەر ڕێگامان... ژنەکان ئێمەیان ڕاکێش ڕاکێش بەسەر بەفرەکەدا بردەوە ماڵەکانیان. هەرکە وەهۆش هاتینەوە، شیری گەرمیان دایندێ. گیانمان هاتەوەبەر. چەندخۆشحاڵ بووین کە ڕزگارمان بووە. چۆن دەتوانم ئەو ڕۆژانە لەبیرکەم پریکلۆس." )**

(( بڕوانە فورات خوێناویە، ل ٩٦ )).

لە ڕۆمانی "دەریا تۆرا"دا، یەشار کەمال هەست و سۆزو خۆشەویستیی ئافرەتی کوردمان بەتەواوەتی بۆ ڕوون دەکاتەوە، بۆ ڕەگەزەکەی بەرامبەری جا ئەو ڕەگەزەی بەرامبەری هاوسەرەکەی بێت یاخود کوڕ و

ڕۆڵەی بێت. بۆیە ئامادەیە خۆی لەهەموو کەرەستەیەکی گرانبەها دابماڵێت، بۆئەوەی پەنجەیەکی هاوسەرەکەی، یاخود ڕۆڵەکەی خوێنی لێنەپرژێت.

**( هەندێك لە سەربازەکان دەوڵەمەند بوون، لە هەمتەقای ڕزگارکردنی کوردێك لیرەیەکی وەردەگرت کوردەکانیش دەوڵەمەندبوون... سەربازەکان جانتاکانیان پڕبوو لە پارە و زێڕ، بازن، ملوانکە، حەجیل، زنجیری زێڕ، گوارە، ئافرەتەکان چۆن بازنیان لەقۆڵ دەکرد، ئاوا لەقاچیان دەنا، خەزێمیشیان بەلووتیاندا دەکرد..... )**

(( دەریا تۆرا، ل ١٠٣)).

بەهۆی داگیرکارییەوە، هەمیشە تاکی کورد و سەروەت و سامانەکەی لە ژێر هەڕەشەی توند دا بووە، و هەموو شتێکی ماددی و مەعنەویی بە هەدەر دراوە. بە مەبەستی پەژمووردەکردنی.

# ژینگەی لادێی لە ڕۆمانەکانی یەشار کەمال دا

ژینگەی لادێ، هەست و نەست یادگاریی و ڕابردوویەکە توانێتی زۆرێك لە نووسەر و ئەدیبان کۆنترۆڵ بکات، و هەردەم سەرمەست و سەرگەرم و شێت و شەیدا و دیل و کۆتیان بکات. ببێتە ئیلهامبەخشی بەشێك لەکار و بەرهەمەکانییان، و پاڵنەرێکی بەهێزیشە بۆ ئەوەی ئەم کار و بەرهەمانە لە ئاستێکی ئاسایی بربکەن و بچنە خانەی شاکار و داهێنانەوە. خۆشەویستیی ئەدیب بۆ ژینگە و ژیانگە لادێییەکەی عەشقێکە ڕەوایەتیی داوە، دڵ و گیانی پارپاربکات و خوێناویلێبچۆڕێنێت. ئەمەش سەرچاوەی لە ڕەسەنێتی و خود دۆزینەوە وەرگرتووە. بۆیە لادێ دەبێ لە شوێنکاتێك بۆ ئەدیب زۆر ئەستەمە بتوانێت خۆی لێدەربازبکات، و بە تیپلایەکی چاو لێیبروانێت. لەم شوێنکاتەی لادێ هەروەك چۆن سەرچاوە و کانییەکان دەتەقنەوە، ئاواش بەهرەی ئەدیبان دەتەقێتەوە و بیری سوڕدەخوات و مێشکی وەپرس دێت، و زمانی دەپرژێت و خامەکەی پیت و ووشەی ڕەنگامە و دەنگدار و نرت و نوێی لێدەتکێت، و لە وەشتی بەهاران دەکات و ژین و ژیان شیتەڵ دەکاتەوە، و ترس و بیم و بوێری و هەڵوێست لای مرۆڤەکان دەسازێنێت و وایانلێدەکات ڕەوت و ڕێچکەیەکیتر بگرنەبەر.

ژینگە و ژیانگەی لادێ هەر تەنیا لە لایەن نووسەر و ئەدیبانی کورد نەکراوە بەئاوات و ئامانج و نما، بەڵکو لای تاکی کورد لادێ گەلێك ماناو بەڵگەنامە و چەمك و زاراوە و وێنە و وێنا و یادگاری و بیرەوەری بە دەستەوە دەدەن. بەشێك لەمانە جێگەی دڵخۆشین و شایەنی شانازییپێکردن، و بەشێکیتریان مایەی دڵناخۆشی و دڵتەنگی و دڵساردین، و شایەنی وەلاوەنان و لەبیرکردنن و تاکی کورد ئەزموونی تاڵیی لەگەڵیاندا چەشتووە ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لەو مانا و دەلالەتانەی لادێ کە لە بیروهۆشی ئێمەدا دەخولێنەوە وەك : خاکەڕایی، هەروەزی، دڵسۆزی، گومانەبردن، غیرەنەکردن، خیانەتنەکردن، ڕەوشتبەرزی، خێزانداری، ڕێز لە گەورەگرتن و بەزەیی هاتنەوە بەبچووك، ئازایەتی، بەجێهێنانیکار، نمەکگیری، سوارچاکی، جوتیاری و پاڵەیی، ئاژەڵداری و زەویداری، کێڵگە و باخداری، و ڕەوەندی گەرمێنی و کوێستانی، حوجرەی مزگەوت و فەقێیەتی و سوختەو مەلایەتی، خانوو وسەربانی قوڕ، لەیەکترپرسین و تازیەکردن، لێخوڕینی باگوردان و گوێگرتن لە هەقایەتی بەرئاگردان، منداڵێتی پاك و بێگەردی، چاکەکاری و خواناسی، کۆکردنەوەی دار و داکردنی زەخیرەی پێویست، بڕوا و متمانە بەخۆکردن و چنینەوەی بەرهەم..هتد. ئەمانەی ئاماژەمان پێکردن کۆمەڵێك وێنە و دیمەن و وێنای ئەرێنی لادێیین و تاکی کورد ئێستاشی لەگەڵدابێت دڵی بۆ ئەمانە لێدەدات و دڵیدەخوازێت و سەرسامە بەژیانێکی لەم چەشنە. ئەوەی دەمێنێتەوە بریتیین لە خێڵایەتی، دەستەگەری و ناوچەگەری، نۆکەرایەتی و کوێخایەتی و ئاغایەتی، زەوی سوتاندن و کاوڵکاری، زەوی داگیرکردن و ڕەنجدەری، کوشتن وبڕین، ستەم و زۆرداری و چەوساندنەوە، کەرانە و سەرانە، سەرباری باج وەرگرتن، شەقلێهەڵدان و فەلاقەخانە، ڕاوەدونانی وەرزێر و ئاوارە و دەربەدەرکردنی، ملهوڕی و ملکەچی، ژن بە ژنی و بەزۆرەملێ بە شوودان و بنپشك، ژنهەڵگرتن، مەرایی، بەپیرۆزکردن، و...هتد. بەڵێ ئەمانە و چەند کاروکردەوەیەکیتر، لە سەرەتاوە لە گوندنشینییەوە بۆشارنشینی

کۆمەڵگەی کوردییان کلۆرکردووە و دووچاری چەرمەسەری و کڵۆڵییان کردووە، و باندۆری سەخت و دژوارن لە هەمبەر پێشکەوتن و بەرووکرانەوەی کۆمەڵگەی کوردییدا بەرووی کۆمەڵگەکانیتردا.

جێی خۆیەتی بڵێین، یەکەبەیەکەی دوژمنانی کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا هێندەیتر کارییان کردووە لەسەر لایەنە لاوازییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری، هانی ئەو شت و دیاردانەیان داوە کە تاك و کۆمەڵگەی پێشەرمەزار بکەن، جا چ لە لادێ بوو بێت، یاخود لەشار، بێپسانەوە لەهەوڵی ئەوەدابووینە لایەنە بەهێزی و جوانییەکانیش بتوێننەوە لەبۆتەی خراپە و شەرانگێزی، هەروەها بە بەردەوامی خەریکی ئەوە بووینە کولتوور و کەلەپووری لادێی کوردیی بشێوێنن و نامۆی بکەن و شوێن بزری بکەن، و بۆئەوەی شتێکی دەستکرد و لاستیکی لێچێبکەن، ببێتەمایەی ناشرینکردنی کۆمەڵگەی کوردەواری.

خاڵێکیتر پێویستە هەڵوەستەی لەسەربکەین، ئەویش ئەوەیە هەر ژیان و مرۆڤی لادێیەکانی کوردستان بە ئامانج نەکراون بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییە هەمەلایەنەکان بەڵکو دوژمنان و داگیرکەرانی کوردەواری خەمی هەرسەرەکییان ئەوەبووە زۆرترین لادێییەکانی کوردستان لەسەر نەخشەی جوگرافیای وولاتی کوردان بسڕنەوە، و لە جێگەی ئەمانەدا چەند کۆمەڵگە و ئۆردوگایەکی بەزۆرەملێ بکەنەوە. بەئامانجی دابران و داخران و بێبزاوتی و تێکدان و شێوان و نانەوەی پشێویی، و سەپاندنی هەژموونی گڵاوی سیاسەت و مێشکی تێکدەرانەی سەربازییان. لەهەمانکاتدا تاکی کوردیی ڕووبەڕووی زۆرترین گرێ و نەخۆشی دەروونی بکەنەوە، و وایلێبکەن هەرگیز ئۆقرە نەگرێت و ئارامی و پشوودرێژی لێبسەننەوە، و وارایبێنن کە بەمێشك لەزێدی ڕەسەنی خۆی بژیت کە لادێیە و لەوێدا ڕسکاوە، و بەجەستەش لەو شوێنە بژیت کەئەوان بەحەز و ئارەزووی خۆیان بە مەبەست بۆیان بەراانداوە. بەمەش تاکێکی تێکشکاو چەند کەرت دروست دەبێت و کەرتەکانیش پەیوەندییان بەیەکترەوە نامێنێت و یەکتری ناناسنەوە.

یەکێکیتر لەو زیان و لێدانە جەرگبڕانەی بەر ژینگە و ژیانگەی لادێیەکانی کوردستان کەووتووە، پێچۆڵکردن دانیشتوانی لادێیەخنجیلانەکانی وولات و کۆچپێکردنییان بووە بۆشارەکان. لە ئەنجامی ئەو تێکەڵاوی و بێسەروبەرییە، بەریەککەوتنی لێکەوتۆتەوە لەنێوان لادێنشینەکان و شارنشینەکان. لە بارودۆخێکی ئاواشدا لادێنشینەکان لەجیاتی کەرەتێك چەند کەرەت چەوسێنراونەتەوە، و دیسانەوە لەجیاتی کەرەتێك چەند کەرەت ناسنامەیان لێسەنراوەتەوە، و لەلایەن شارنشینەکانیشەوە بەچاوێکی کەم لێیانبڕوانرێت تا ئەو ڕادەیەی ناویانبنێن لادێیی، یان کرمانج، لەمەش کەمتر بە کەرەکرمانج لەلایەن شارنشینانەوە ناو ببرێت. لە ئاست ئەم پێشێلکارییەی شارنشینانیش، لادێنشینان تووشی شۆك و پەشۆکاوی و شڵەژان بن و حاشا لە لادێنشینبوونییان بکەن و خۆیان بە ناو و ناونیشانی شارنشینی هەڵبدەن. لەم سەروبەندەشدا هەر تاك و کۆمەڵگەی کوردیی زیانییان کردووە بووینە و نەلادێنشینان قازانجیانکردووە نەشارنشینان. بەڵام دوژمنانمان قازانجییانکردووە و ئەمبارە نالەبارەی کورد بۆتە مایەی شادی و خۆشحاڵی و کەیفسازیی ئەوان.

جا لادێی وولاتێك چ خێر و فەرێکی دەمێنێت لەجیاتی جووتیار و پاڵە و کرێکار کاری تێدا بکەن، جەندرمەو پاسدارو عەسکەر کاری تێدا بکەن و بیکێڵن، و مین و تەقەمەنی تێدا بچێنن، و تاکی کوردیی بێگوناه و تاوان و

ستەمدیدەش درووێنەی بکات وپیابتەقێتەوە بیکوژێت. لەجیاتی ئەوەی نەواو خانووی نوێ لەلادێییەکان دروست بکرێت، ئەوانیتر دەڕوخێنرێن بارەگا و سەربازگا و جبەخانە جێیاندەگرنەوە.

لەجیاتی ئەوەی لادێنشینان بەگشتی و جووتیاران بەتایبەتی وریا و هۆشیاربکرێنەوە، و بنکەی ڕاهێنانییان بۆ بکرێتەوە و لەسەر ئەوە ڕابهێنرێن زۆرترین بەرهەم بچننەوە. ئەوا لادێیەکانی کوردستان تیپی سەربازییان لێدادەبەزێت دەبن بەبنکەی مەشقی سەربازی و فێرگەی شۆفاری و هەواڵگری هەر ئەمانەش لەلادێیەکانمان دەبن بەجێگرەوەی خوێندنگە و بنکەی تەندروستی و خزمەتگوزارییەکانیتر. نابێت لەڕێگای هاتووچۆش بپرسینەوە. لەجیاتی ئەوەی لادێیەکانی وولات بەهێڵی سەرەکی و خێرایی شارەکان ببەسترێنەوە، و لادێیەکانمان ئاوەدانی بە چاوی خۆیان ببینن، ئەوا ڕێگاکانی هاتووچۆ بە ستراتیژییەتی سەربازی دەبەسترێنەوە، و ڕێگەی تەسك و باریك وپڕ لە پێچاوپێچ و لە هەوراز و نشێوییان بۆ دروستدەکەن. وەك باوە لە نێو میللەتەکەمان ئەگەر بە چاوی نوقاوە بەم ڕێگایانە تێپەڕبیت، سێ و دووی ناوێت یەکڕاست دەزانیت پێیەکانت لەخاکی کوردستان داناوە و بەو وولاتەدا گوزەردەکەیت. واتە نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی ژیان تەنگییان بەلادێنشینەکانی کوردستان هەڵچنیووە و ڕێ و شوێنی ژیانییانی لێ وونکردوون.

ئەوەی هێندەیتر زامی لادێنشینان و سەرجەم کۆمەڵگەی کوردەواریی قووڵتر کردۆتەوە پەتای جاشایەتی و چەکدارکردنی تیرە و هۆزەکانی کورد، لەلایەن دوژمنان و داگیرکەرانی وولات. ئەویش بەمەبەستی برەودان و بەهەرمێن بوونی بیری پاشکەوتووی خێلایەتی، و لە باربردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی خەڵکی وولات و ئاشووب وئاژاوەنانەوە. لە بەرامبەر پێدانی چەند جیاوکێك بەسەرۆك تیرە و هۆزەکان. لە هەمانکاتدا تیرە و هۆزە بە کرێگیراوەکان دەبن بەقەڵغانێك بۆ ڕژێمە یەك لە دووای یەك و دیکتاتۆرییەکان، و دەبن بەبارێکی قورس و قێزەون بەسەرشانی تێکڕای تاکی کورد. لەگەڵ ئەوەشدا دەبن بە پەتا و نەخۆشییەکی کوشندە بۆ جەستە و گیانی نەتەوە و کۆمەڵگە و سەرجەم جوومگەکانیتر و بەری پێشکەوتنییان لێدەگرێت.

چەقی لادێیەکانی کوردستان، دەبنە شوێنی یەکلایکردنەوەی ململانێییەکان و گۆڕەپان و مەیدانی شەڕو شۆڕەکان. ئەمەش لە نێوان کورد و کورد، کورد و نەیارانی، نەیارانی کورد لەگەڵ یەکتردا، بۆیە دەمێکە کۆترەسپییەکەی ئاشتی هێلانەکەی تێکناوەو لەشەقەی باڵیداوە نەفرەتی لەململانێی نابەجێ و شەڕی خوێناوی کردووە ژینگە و ژیانگەی لادێی جێهێشتووە. قوربانی و سووتەمەنی ئەم شەڕ و بە یەکتردادانە هەر تاکی کوردی خێر لە خۆنەدیوو و بەدبەختە و خاکەکەش هەڵیدەلۆشێت و دەبێت بەگۆڕستان بۆی. بۆنموونە شەڕی نێوان تیرە و هۆزەکان و پارتەکانی کورد نموونەیەکی زیندووە بۆ شەڕی براکوژی و کوردکوژی شەڕی ئەمانە لەگەڵ ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان ئەوانەی دان بە مافی کوردبوون نانێن نموونەیەکە کە لە شەڕی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەگەڵ دوژمن و نەیارانی. لە شەڕی نێوان ئەم دوژمنانەی کوردیش، خودی تاکی کورد و خاکەکەی بەئامانج دەکرێن. دیسانەوە لەجەنگی نێوان وولاتە دراوسێ و دوژمنەکانی کورد و زلهێزەکانی جیهان، کورد و وولاتەکەی دەبێت بەخۆراك و قوربانی. لەم شەڕ و شۆڕانەشدا بەس مەگەر خوا بە زانایی و دانایی خۆی بزانێت چی دەقەومێت و چی دەگوزەرێت. چ کارەسات وماڵوێرانکارییەك ڕوومان تێدەکات و بەزەوییمان دا دەدات، چەند

کورد دەکوژرێن و هەتکدەکرێن، وچەندیتر بێباوك و بێنەوا دەبن، و چەند هەزار گوند بەر پرۆسکەی ئاگری نەگریسی شەڕ دەکەون و دەسوتێن و چۆڵ و کاوڵ دەبن، چەند ڕەز و باخ و زەوی کشتووکاڵی دەفەوتێن و بەبیابان دەبن، چەند دار و درەخت و گژوگیا دەپلۆژێن و لەناو دەچن. چەند باڵندە و پەلەوەر و ئاژەڵی خۆماڵی و کێوی بەستەزمان دەربەدەر و پەراگەندەو مردار دەبن... هتد. بەڵێ گریمان ئەگەر هەموو کەسێك لە ئاست ئەم هەموو پێشێلکاری و تاوانکاری و ڕقئەستووربیەی دوژمنان دەرهەق بە کورد و خاکەکەی بەگشتی و لادێیەکانی بەتایبەتی بێدەنگی هەڵبژێرن. ئەوا نووسەر و ئەدیبان بەگشتی و ڕۆماننووسان بەتایبەتی دەبنە داکۆکیکار و پڕ بەقورگییان دەنگهەڵدەبڕن و جاڕی هیواو ئومێد و ئازادی دەدەن، و نووکی خامەکانییان دەکەن بەدووسەرە یەکێکیان بۆ بیر و هۆشیاری و خۆشەویستی خاك و نەتەوە، ئەویتریان دەیکەن بەشمشێر و دوژمنانی پێ کەلەپاچە دەکەن، بۆیە ئەم بابەتانەی کە لە پێشتردا باسمانکردوون و بابەتگەلێتر کە پەیوەندییان بەژینگە و ژیانگەی لادێیەوە هەیە کرۆکی ڕۆمانی کوردی و ڕۆمانەکانی یەشار کەمالن.

دەبێت دان بەو ڕاستیەدا بنێین، باسکردنی بیری خێڵایەتی لە کۆمەڵگەیەکی داخراودا کارێکی هەروا ساناو ساکارنییە، ئەدیب و نووسەران دووچاری سەرئێشە و ئارێشە دەکات، و دەبێت شیمانەی ئەوەش بکەین بەرهەمەکانیشییان تاڕادەیەك بەهای هونەری و جوانی لەدەستدەدەن، و بیرێکی قووڵ نەخوێندرێنەوە، لە ڕووکەشدا لە ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی و ووتار و گووتار بچن. (ئەوا وامان لێدەکات دووچاری ڕاستیی چیرۆکێکی تاڵ و تفت و ناخۆش بین، کە بەهای هونەری تێدا بزر دەبێت، بۆ ئەدیبیش ئاسان نییە کە بەرهەمێکی هونەری لە کەش و بارودۆخێکی بیری تەسك و خنکێنەردا بەرهەمهێنرێت، کە بەهای توندی خێڵایەتی تێدا باوبێت)(٢٢). ئاشکرایە ناوەندی لادێیەکان زیاتر دەبن بەلانکە و شوێنگەی بیری خێڵایەتی و برەودان بەمەبەست و مەرامەکانی. ئەوەی سەرخێڵێك دەیلێت و بانگەشەی بۆ دەکات، بێگومان زۆر جیاوازە لەوەی ڕۆماننووسێك دەینووسێت و بڵاویدەکاتەوە. ئەو گوتارەی کەسەرخێڵ ئاڕاستەی تاك و دەوروبەرەکەی دەکات، کاسەیەکە پڕییەتی لە ژەهر و ژەقنەبووت و دژی بەهاکانی بەمرۆڤبوونن وەك ملهوڕی، کەڵەگایەتی، بیرتەسکی، سنگ تەنگی،... هتد. بەڵێ ئەمانە و چەندین شت و دیاردەیتر لە کاسە ژەهراوییەکەی بیری خێڵایەتی دەرژێت و تاك و کۆمەڵگەکەی ژەهراوی دەکات و ڕووبەڕووی مەرگی ناوەختی دەکاتەوە. ئەمەش وەنەبێت هەموو کار و کردەوەیەکی خێڵایەتی دژی مرۆڤەکانبن، وەلێ زۆری تاریکی و نووتەکی و ناشیرینییەکانی، ڕووناکی و ڕۆشنایی و جوانییەکانی داپۆشیوون و سەرجەمییانی خستوتەباری گیانەڵاوە.

ئەو پەیامەی کە نووسەر و ئەدیبان دەینێرن، دەشێت ڕێك پێچەوانەی گووتارە خێڵەکییەکانبن و لە هیچ شوێنێك یەکتر نابڕن یەکتر تەواو ناکەن. مرۆڤگەرایی و بەهایەکانی وەك ژیان، ئازادی، هۆشیاری، دادپەروەری، دادوەری، ئەرك و مافی تاکەکەس، یەکسانی نێوان ڕەگەزەکان، خوێندەواری، پشوودرێژی، سنگفراوانی، سازشکردن لەسەر ئەو پرسانەی کە خزمەت بەبەرژەوەندیی گشتی دەکەن و دوورن لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکان، ڕێزگرتن،... هتد. ئەمانە و زۆریتریش دژی بیری تەسکی خێڵەکایەتین و لەگەڵ یاسا و ڕێسای لاستیکی ئەوان نەك هەر ناگونجێن، بەڵکو دەسەڵاتەکانیشییان دەخەنە ژێر پرسیار و ڕەتیاندەکەنەوە. ئەمەیە

ئەرکی نووسەر و ئەدیبی ڕاستەقینە و دەبێتە پێشەنگی دەوروبەرەکەی بۆ ڕەواندنەوەی هەوری نائومێدی و نائارامی.

ئەدیب، لادێ وەك سروشتێکی پاك و بێگەرد دەبینێت، کە دوورە لە هەموو دەسەڵاتێکی ستەمکاریی و بیری ڕزیو و بۆگەن. کەچی سەرخێڵ و دەست و پێوەندەکانی، لادێ وەك بازاڕێك دەبینن بۆ سەودا و مامەڵەکردن بە مرۆڤەکان و هەرزان فرۆشییان، و بەتاڵانبردنی سامانی ماددی و مەعنەوییان. باهێندە دوور نەڕۆین و دوورنەکەوینەوە، لە باسی ململانێی نێوان ئەدیب و بیری خێڵایەتی نموونەیەك بهێنێتەوە، گەر ڕۆماننووسێك، وێنەی ڕاستەقینە و کتومتی لادێیەکەی خۆی یان هەرلادێیەکیتر لە بەرهەمەکەیدا بکێشێت و بیخاتە بەرنەشتەر، بێگومان وێنەی ڕاستەقینەش بە بێ وێنەی خەیاڵی، هیچ جوانی و مانایەکی نابێت، ئەمە گوناهی ئەو نییە و سروشتی ئەدەب وا دەخوازێت. ڕۆماننووس گوێ بە زیانی خود و بەرهەمەکەی نادا کە ئاستی بیرو بەرهەمەکەی دابەزاندووە بە مەبەستی پیشاندان و خستنەڕوو گفتوگۆ و چارەسەری کێشەیەك، کە لادێنشینانی هەراسانکردووە بەهۆی دەسەڵاتی بێباکانەی خێڵەوە. لە بارودۆخێکی لەم شێوەیەدا ئەگەر خێڵ بۆی بلوێت بۆی بچێتەسەر دوورمەبینە ڕۆماننووسەکە ببێتە قوربانی خودی ڕۆمانەکەی، ئەگەرنا چەندین تۆمەتی زەبەلاحی بۆ هەڵدەبەستن کە گوایە نەتەوەی ناشیرین کردووە، ووڵاتی تێکداوە، بەدخوویی و بەدڕەفتاری بڵاودەکاتەوە، گەنج و لاوەکانمان لە خشتەدەبات، ئافرەتەکانمان بێداردەکاتەوە، کەلەپووری شێواندووە، بەچاوێکی سووك لەداب و نەریتی بابوباپیرانمان دەڕوانێت... هتد. ئەمە چەند تۆمەتێکی هەڵبەستراو حازر بەدەستن کە ڕووبەڕووی ڕۆماننووسەکە، یاخود هەر ئەدیب و نووسەرێك دەکرێنەوە، کە مەبەستییەتی تەخت و کورسیی بیری خێڵایەتی بهەژێنێت و تێکبشکێنێت. بێگومان ململانێی نێوان نووسەر و ئەدیبان و بیری تەسکی خێڵایەتی، جا چ لە شار یا لە لادێ بێت، بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار بەسوود و قازانجی هێزی چاکەخوازان تەواو دەبێت، و هێزی خراپەخوازیش باوی نامێنێت و دەبێت بار و بارگەی بپێچێتەوە، و چاوەڕێی مەرگێکی ناکاوی کوشندە بکات.

هیچ مەرج نییە، هەموو کاروکردەوەو دابو نەریتەکانی بابو باپیرانمان جێگەی ڕەزامەندی و ستایشی نەوەکان بن، و هەموویان لێوەربگرین و ببین بەشوێنکەوتووی ئەوان، و گوێ بەڕاستی و چەوتی نەدەین و بەچاوێکی ڕەخنەگرانە لێیاننەڕوانین. ئەوانیش وەك مرۆڤێك هەڵەی بچووك و بگرە هەڵەی کوشندەو بکوژییان کردووە.( لەو شوێنەوارانەی کە بۆ کۆمەڵگەی لادێی بەجێماوە بە هۆی داب و نەریتە کارەساتئامێزاوییەکانی باب و باپیرانەوە بووە، ئەویش ڕەوشت و خوی تۆڵەسەندنەوەیە، بەستنەوەیەتی بەتێڕوانینێکی دواکەوتووانە بۆ ژنی لادێ )(٢٣). گومانی تێدانییە هەر کۆمەڵگەیەك دەستگیرۆیی بۆ تۆڵەسەندنەوە بەرێت، و لەنێوان ئەندامانی بڵاوییکاتەوەو هانییدات و ڕێیپێیدات. مەحاڵە ئەو کۆمەڵگەیە سەرکەوتن بەدەستبێنێت، بتوانێت ململانێی کۆمەڵگەیەکانیتر بکات و لەکاروانییان دانەبڕێت، چونکە گیانی تۆڵە سەندنەوە گیانێکی پڕ لە ئاشووب و شەڕانگێزییەو دەچێتە جەستەیەکی خراپ و خود کوژەوە، و لە هەمانکاتدا گیانی لێبووردەیی و سازشکردن دەکوژێت و کوێرانە ڕەفتار دەکات ئەفسوون و سیاسەتی ئەو گووتە کوردییە پڕمانایە بەتاڵ دەکاتەوە کە دەڵێت (بەشەکراو دوژمنەکەت بکوژە). ڕق و کینە و تۆڵە سەندنەوە، بۆ هەمیشە پەنجەگەستن و پەشیمانی لە دووایە، و کۆمەڵگە لەپاڵ یەك

هەڵدەوەشێنێتەوە و تاك سەرگەرم و سەرگەردان دەكات و بێهێزی و كەمبڕستی دەیانڕەتێنێت. كوشتن و بڕین و قڕكردن بەتاڵانبردن و ماڵوێرانی و ماڵكاولكاری برەو دەسێنێت و جێگە بەڕاوێژ و گفتوگۆ و لەیەكگەیشتن و ئارامی و ووڵات و ماڵ ئاوەدانی لەقدەكات.

لەلادێدا، كوێخا و ئاغاو بەكرێگیراوانی ڕژێم كارەكتەرێكی هەرە سەرەكی چیرۆكی ژین و ژیانی لادێین. ئەم كارەكتەرانە دڵییان بەكاری خراپ خۆشدەبێت و بەدەگمەن نەبێت كارێكی واناكەن كە خوا و مرۆڤایەتیی پێیخۆش بێت. هەمیشە لە بەرژەوەندیی گشتی دەدەن بۆئەوەی بەرژەوەندیی تایبەتی تەسكی تاكێتییان برەو پێبدەن و ئەوانیتر بكەن بە ملكەچ و كۆیلە. بۆیە بەكەم فرسەت و خۆویست و تەڵەكەباز و بەرچاوتەنگی ناسراون، هەموو ڕێگە و شێواز و شێوەیەك بەكاردێنن بۆ ئەوەی لە بڵندایی بمێننەوەو ئەوانەی خوارەوەش هێندەیتر نغرۆی زەوی بكەن. (ئەوترسەیان هەبوو، دەیانزانی ئەگەر جووتیار خوێندەواربێت ئەوا پێگەی ئابووری و كۆمەڵایەتییان دەڕوخێت و دادەتەپێت. ئەمە بۆیان زۆر زەحمەت بوو كە بۆمەرامی تایبەتی خۆیان بیانقۆزنەوەو دەسەڵاتی تەواویان بەسەردا بسەپێنن... هەروەها دەبووە مایەی بەجێهێشتنی زەویەكشتوكاڵییەكانییان و بێشڤانی و بێخاوەنی بەرز لەوەرگایەكانییان)(٢٤). سیستەمی دەرەبەگایەتی، خوێندن و خوێندەواری بەدوژمنی سەرسەختی خۆیان دەزانن و بەبابە كوشتەی خۆیانی دادەنێن. بێگومان جارێ ئەوە دەدەن كە خوێندن بۆ هەژار و جووتیار و پاڵە، و مناڵ و نەوەكانییان قەدەغەیە و دەبێتە هۆی لە ڕێلادان و فریودان و لەخشتەبردن، هەر بۆیە حەرامە ئەمە بە ڕوانین و بیرتەسكی ئەوان. كەچی بۆ مناڵ و نەوەكانی ئەوان خوێندن و خوێندەواری ڕەوایە و چرایەكی گەش ڕێگەی ڕزگاربوونە! ئەمەیە دووڕوویی سیستەمی دەرەبەگایەتییە لە لادێ بێت یا لە شار. بۆیە ئەگەر میری خوێندنگەیەك بكاتەوە، ئەوا ئەوان بۆیان هەیە ئەسپی خۆیانی لێتاوبدەن و ببنە دەرچووە یەكەمینەكانی. ئەوانیتریش ئەگەر ئەو شەرەفەیان پێبڕا! ڕوو لەخوێندن بكەن و چەند ساڵێكی كەم بخوێنن. هەر زوو ناچاردەبن و ناچاردەكرێن بە هۆی هەژاری و كوڵەمەرگی و ڕەنجدەری و زەحمەتكێشی كۆڵبدەن و بۆ هەتاهەتایە ماڵئاوایی لە خوێندن و خوێندەواری بكەن و بۆ كاری چاكە ڕێگەی خوێندنگە جارێكیتر نەبیننەوە.

لەلایەكیتر كوێخا و ئاغایەكانی لادێ، بە باشی دركییان بە مەترسییەكانی خوێندن و خوێندەواری كردووە. ئاشكرایە ئەم پرۆسەیە ووریایی و هۆشیاری و چاوساغی و چاوكراوەیی یەكە بە یەكەی تاكەكانی لێدەكەوێتەوە، لەم بارەدا تاكەكان خۆیان دەدۆزنەوە و باشتر خۆیان دەناسن و لە دەوروبەرییان دەڕوانن، تێدەگەن چۆن دەچەوسێنرێنەوە لەلایەن چینەكانیترەوە و لە زۆربەی مافەكانییان بێبەشكراون. بۆیە ئامادەنابێت ببێتە سەپان و بە نانە زگە كار بۆئەوان بكەن و زەوییە كشتوكاڵییەكانیان بكێڵن و مەڕوماڵات بلەوەڕێنن و لەوەرگایەكانیان بۆ ئاوەدان بكەنەوە. واتە تەوژمی خوێندن و خوێندەواری پێگەی كوێخا و ئاغایەكان ڕادەماڵێت، و لە هەموو ڕوویەكەوە بێهێز و كەم بڕستییان دەكات، بەتایبەت لە ڕووی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی، بۆیە لادێنشین چیتر ڕەفتار لەگەڵ ئەوان ناكەن وەك دەمڕاست و نوێنەری میری، خۆیان پێوەندییەكان دەبەستن، و متمانە بە هێزی بازووی خۆیان دەكەن و ئامادەنین كاری قورس بكەن بە بێبەرامبەر، و بە چاوێكی سووكیش

لێیانبڕوانرێن، بۆ ڕووە کۆمەڵایەتییەکەش کوێخا و ئاغایەکان ئەو ڕێز و پیرۆزی و گەورەیی و براگەورەییان نامێنێت، بۆ سەرلەبەری لادێنشینان دەگەڕێتەوە کە لەپێشتردا بە زوڵم و ستەم لێیان زەوتکرابوو.

مامۆستاو مەلایانی ئاینی لە کۆمەڵگەی لادێنشینی ڕۆڵێکی دیار و بەرچاویان هەیە، بۆ یەکلایکردنەوەی کۆمەڵێك ئاریشە کە ڕووبەڕووی ئەم کۆمەڵگایە دەبێتەوە و چارەسەرییان لە سەردەستی ئەمانە دەبێت، بەڵام بەپێچەوانەوە هەندێك لەم مامۆستا و مەلا ئایینییانە ڕۆڵێکی خراپ دەگێڕن لە کۆمەڵگەی لادێنشینی و دەبنە پاشکۆی بیرە تەسکە خێڵایەتییەکە. بۆیە سەرخێڵ و دەست و پێوەندەکانی( سوودیان لە مامۆستا و مەلای ئایینی وەرگرت، بۆ ئەوەی پاڵپشتییان بکەن هەر بەخاوەندارێتی زەوییەکان بمێننەوە. هەمیشە دەسەڵاتدارانیش لەگەڵیان بوون بۆنەکردنەوەی قوتابخانە و بڵاونبوونەوەی خوێندەواری و مانەوەیان لە تاریکی و نەخوێندەواری لە نێو خەڵکە هەژار و ڕەشۆکەکان)(٢٥). واتە سەرخێڵ و دەسەڵاتی سیستەمی خێڵایەتی پێگەی مامۆستا و مەلای ئایینی بۆ خۆیان هەڵدەقۆزنەوە و بەکاریان دێنن لە بەرامبەر ئەوانیتردا ئەگەر مامۆستا و مەلایەکیش خۆی لە خوا و مرۆڤایەتی کرد دەبێتە داردەست و ئامرازێك بەدەستی ئەوانەوە چۆنییان بوێت ئاوای بەکاردێنن، حەڵاڵییان بۆفەراهەم دەکات، و حەرامییان بۆ حەڵاڵ دەکات، فتوای نابەجێیان بۆ دەردەکات و ئایینییان بۆ تەخت و خۆش دەکات بۆ ئەوەی زۆرترین سوود بەدەسەڵاتی ئەوان بگات. خوێندنگە حەرام دەکرێت و بە کاری شەیتان و خراپەکاران لە قەڵەم دەدرێت. بە کورتییەکەی خێڵ و دەسەڵاتی سیستەمی خێڵایەتی، مامۆستا و مەلای ئایینی ناشیرین دەکەن و دەیخەنە بەرەی خۆیان، کە بەرەیەکە گوزارشتە لە ستەم و زۆرداری و چەوساندنەوە و بە کۆیلەکردن. لەهەمانکاتدا ڕۆڵی ئایین وەلا دەنێن، چونکە هەموو ئایینێك دەسەڵاتی زەبر و زەنگ و جەور و ستەم و قۆرخکاری ڕەتدەکاتەوە و لەگەڵ دادی نێوان مرۆڤەکاندایە و بە شکۆوە لە مرۆڤەکان دەڕوانێت. ئەو مامۆستا و مەلا ئایینییانەی کە لەگەڵ خوا و خۆیان و مرۆڤایەتی ساغن، ئەوەندەی بە تەنگ خەڵکە هەژار و ڕەش و ڕووتەکەوە ماندوون، ئەوەندە بەهیچ شتێکیتر ماندوونین. هەمیشە بە دووای چاکە و چاکەکارییەوەن و لەگەڵ ئەوەدان تەبایی و خۆشەویستی باڵبکێشێت بەسەر مرۆڤەکاندا، و دووربن لە هەر مەترسی و کارەساتێك. نابێت ئەوەش لە یاد بکەین مەلا و مامۆستایانی کورد هەندێکییان تێدابوو دەستەبژێر بوون، هێندە هۆگری خوێندن و خوێندەواری بوون تاسەر ئێسقان بریکردووە، خزمەتی گەورەیان بەم پرۆسەیە کردووە و خۆیان سەرقافڵەی ئەم کاروانە پڕ خێر و فەڕەیان کردووە. ئەوانن ئاڕاستەی تاکەکانییا کردووە بۆ خۆشەویستنی خاك و نەتەوە پابەندبوون بە بنەما و بەها ڕەوشتییەکانی کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە.

## شیکردنەوەی دەقـــەکـــان

ڕۆماننووس، پێیوایە گۆڕینی نەخشە و سنووری جوگرافیای لادێیەکان کارێکی زۆر ئاسان بووە، و بە ویست و حەزی کەسانێك بووە کە دەستڕۆیشتوو بووینە لە ئیمپراتۆرییەتیی عوسمانییدا. بۆیە "ئۆغچی ئۆغلی" کە کەسێکی چاوبرسی و چاوچنۆکە و بۆتە پاشکۆی حکوومەت، بەشێوەیەکی زۆر سادە و ساکار و ئاسان داوا دەکات نەخشەیەکی نوێ و تازە بۆ گوندی "سازلیدەرە" بە کەیف و حەز و ئارەزووی خۆی بکێشێت، و نەخشە ڕەسەن و کۆنەکەش بدڕێنن و لە ناوییبەن. لە هەمانکاتدا مۆڵەتی ئەوە بە "ئۆغچی ئۆغلی" دراوە، کە هەڵسێت بە دابەشکردن و بە کرێدانی کێڵگە و زەوی و زاری کشتوکاڵی، بە مەبەستی هێنانە بەرهەمی لۆکە و کونجی ئینجا کاروبارەکەی بە باشی ڕایی ناکات و خۆی دەدزێتەوە و دەشارێتەوە لە لادێنشینان. لەم بارودۆخەشدا خەڵکەکە لە چەند لایەکەوە زیانییان کردووە و دەستەوەستان ماونەتەوە.

**( گوندی سازلێدەرە کەوتبووە ناوەندی زەوییەکی شەش هەزار گاوخانی ئۆغچی ئۆغلییەوە. جا لەبەر ئەوە زەوییەکە لە نەخشە بووبوو بە دوو بەشەوە، ئۆغچی ئۆغڵی لەبەرئەوەی هەزار و پێنج سەت گاوخانە زەویە نەدەکێڵا تەنیا دەیتوانی بە ئوسووڵی ناو بە ناو ئاوەدان ئیجازەی وەرگرتایە**

**ئۆغچی ئۆغلی هەر کە چاوی بە قایمقامی لاو کەوت و نەکەوت بە هەڵە داوان خۆی گەیاندە لای کاربەدەستی کشتوکاڵ، گوتی :**

**"تۆدەزانی مەعموور بەگ ئەم قایمقامەم زۆر بەدڵەوە چووە، بۆ نەخشەیەکی تازە بەڕادان نەدەین گوندەکەش بگرێتەوە، با نەخشە کۆنەکە بدڕێنین."**

**مەعموور بە بزەوە دەستی بە ماستاوساردکردنەوەکرد. گوتی :**

**"جا هی وەکو تۆ هەیە ئاغا، ئەی تۆچیت؟ بە چاویا بۆت بە دیارکەوت؟"**

**"بەڵێ بە چاو دیارە چەند شێرە."**

**"بە چاویا ها؟"**

**وەك دەزانین بە پێی دوا نەخشە ئۆغچی ئۆغلییان ئیجازە دەدا. ئیجازەیان دەدا، بەڵام ئیشەکە ئیشی تێدابوو. دەبوو لە نوێژەنەوە مەزرا بەکرێ بدرایە، کۆکە و کونجی و سێستان کرداریان و گوندنشین دەمکوت کرابان.**

**هێندەی بە بەرەوە نەمابوو، گەیشتبووە ئەوپەڕی، کاتیش هێندەی نەمابوو.**

**ئۆغچی ئۆغلی سێ و چوار ڕۆژ بوو لە سازلێدەرە بوو، ملیۆنێکیان بدایەتێ، لە سەعاتی پتر لە هیچ گوندێ نەدەمایەوە.)**

(( تەنەکە، ل ٣٤ ))

لادێ و لادێنشینان، هەمیشە چەخماخەی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان بووینە، و هەر لەوێش شۆڕشگێڕ و ڕاپەڕیوان پەنا دراون و هەستییان بە متمانە و ئاسوودەیی کردووە، و ماڵەکانی لادێیان بە ماڵی خۆیان

حسێبکردووە، بۆیە دوژمنانی کورد، تا بۆیانکرابێت درێخییان نەکردووە لە چۆڵکردن و کاولکردن و وێرانکردن و ژەهراویکردن و ئاگرتێبەردانی لادێیەکان. واتە لادێ و لادێنشینان بوونەتە قوربانی هەرە سەرەکی شۆڕش و ڕاپەرینەکان، و لەم ڕووەوە باجی قورسییان داوە، بە هەموو تەمەنەکان و بە هەردوو ڕەگەزەوە. بۆیە یەشار کەمال بەرخودان و قوربانیی لادێ و لادێنشینان بەم شێوەیە دەخاتەڕوو.

**(دورسوون دورمووش هاتە ئاوەدانی، ڕووی کردە سەیفەلی و گوتی :**

**"بەستان نییە؟ ئاغا دەڵێ ئەگەر بەسیان نیە، ئەگەر دێیەکە چۆڵ ناکەن و ناڕۆن ئێمە بەرنامەمان زۆر بەدەستەوەن. گوتمان ئێوە برای ئێمەن، کەس و کارمانن، بەڵام...."**

**ئەمجارە دورسوون دورمووش دەستی لەبەر پشتێنی ناو وەك عەلی سەفا کەمێك خۆی بەپشتەوە داشکاندەوە و بەلاسایی کردنەوەی ئەو دەستی بەقسان کرد.**

**"نە دێیەك، نە پێنج دێ و نە پارێزگاری ئەدەنە هیچیان دەرەقەتمان نایەن. دێهاتییەکان! هاونیشتمانان، برایەنە، ئەوەی بزانن کە ئەگەر لە ماوەی حەوتوویەك دا ئەم دێیە چۆڵ نەکەن و نەڕۆن و بتانەوێ کەللە شەقی بکەن، دەبێ فاتیحەی دێیەکەتان بخوێنن، هەرچی گیان لەبەری لەم دێیەدایە لە پیاو منداڵەوە بگرە تا باڵندە و مێرووله هەموو لە نێو دەچن. شەوێك دێیەکە گەمارۆ دەدەین، شەوێك کە بایەکی بەقەوەتی لێ بێ، ئاگری تێبەردەدەین. نایەلین گیان لەبەریش لە دێی وەدەرکەوێ. هەر کەسیش بیهەوێ وەدەرکەوێ بە تفەنگ لێی دەدەین و لە نێو ئاگرەکەی داوێینەوە. ئێوە چەند دێهاتییەکی بێ ویژدان بوون، چەند بێ قیمەتن. بۆچی زەوی و زاری خەڵك چۆڵ ناکەن و ناڕۆن؟" )**

((حەمەدۆك، ب ٢، ل ٤٧٤ ))

کاتێك وەرز وکاتی دروونەوەی بەرهەمێك دادێت سەر لەبەری لادێنشینان دەکەونە خۆ، و خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی مەزراکانییان بە سەر بکەنەوە ڕەنجی ساڵێکی پڕ لە ماندووبوون و چاوەڕوانی بدوورنەوە. هەروەها خاوەن مەزرا و ماڵ و منداڵییان بەم وەرزە دڵخۆشدەبن بە تایبەت کاتێك بزانن بەرهەمەکە فەڕی تێکەوتووە و زۆری هێناوە. بۆیە دەبینین بە دەم گۆرانیگووتنەوە گوزارشت لەم خۆشییەی خۆیان دەکەن و هاوکاتیش بەرهەمەکە دەدورنەوە ئاگایان لە ڕەنج و ماندووبوون و کاتی کارکردنەکە نامێنێت.

**( ئەمنیش مەگەر هەر هێندەم بۆ بمێنێتەوە، مەگەر بڵێم برادەرینە، پیربووم ئیدی جاڕس و وەڕس بووم. لە مەوپاش بابەتێکی دیکە خەبەری سەروەخت هاتنی بۆ لۆکە پژانتان پێ ڕاگەیێنێ. من ئەمە سی ساڵە جارێکم لۆکە چنین پاش خستن؟ جارێکم پێش خستن؟ قەتم سەروەخت لێ شێواندن؟ هەر لەگەڵ قۆزاخە تەق دەتەقی و تۆپی سپی بە دیار دەکەوت لە سەر مەزرا ئامادە نەدەبوون؟ ئیتر بەسە هەرهێندەم لە دەست دێ. پایرۆس بڕایەوە. )**

(( کاریتە، یا ئەودیوی چیا، ل ٢٠، ٢١ ))

لادێنشینان، بەلای ڕۆماننووسەوە ئەوەندە شارەزای کاری کشتوکاڵی خۆیانن، بۆیە هەرگیز لە وەرزی چاندن و دروونەوە دووا ناکەون.

لەڕۆمانی "ئەفسانەی چیای ئاگری"دا، لادێ ڕۆڵێکی ئاوای نامینێت کە شایەنی لێ وورد بونەوە بێت ڕۆماننووس جێگرەوی لادێ دێنێتە ئاراوە کە خۆی لە قەڵاسەختەکان و لووتکە چیابەرزەکان دەبینێتەوە. هاوکات چ ڕۆڵێکی ئاواش بۆ لادێنشینان نامێنێتەوە، ئاشکرایە ئەویش لە بەرئەوەی زۆربەی زۆری خەڵکەکە ڕوو لە ڕیزی سەربازی و ئاغا و بەگایەتی و نۆکەرایەتی.... هتد دەکەن. بۆیە کاتێك خەڵکەکەش کێشە و ئاریشەیەکی دەبێت خۆی دەخاتە پاڵ قەڵا و چیایەك بەمەبەستی پاراستنی خۆی.

**( گوڵبەهار و ئەحمەد بۆ کن بەگی قەڵای خۆشاب دەچوون. بەگی قەڵای خۆشاب بەگێکی نیوە دەستدا و نیوە پێوەندی عوسمانییان بوو. ئەو کچە هەڵگیراوەش نەك کچی مەحموودخان، کچی خونکاری عوسمانیش با، بەگی خۆشاب نەیدەدایەوە. ئەو ڕەفتارە لەگەڵ نەریتی بەگایەتیدا نەدەگونجا، شەڕی دەکرد، سەری دادەنواند، بەگایەتییەکەی لە دەست دەچوو، بەڵام کوڕ کچەی وەدەستی کەس نەدەداوە. قەڵای خۆشاب قەڵایەکی جوان بوو. لە خادەری گۆڵی وانێ، لەسەر شاخێکی تووشی وەکو دیوار. بەسەر کاروانە ڕێیەکی گەورەوە کە لە دەشت و ئارانەوە هەوراز هەڵدەکشا، لەسەر شاخە بەردێکی تووش وەکو دیوار ڕۆنرابوو و بەسێ وارشی سەخت و قایمییەك لە نێو یەك شووره درابوو. ئاوی ڕوون و سازگاری خۆشابێ بەبندا تێ دەپەڕی. کەس نەیدەزانی کەنگێ هیمی ئەو قەڵایە لێ درابوو لە سەدان ساڵ بەم لاوە، هەرچەرخە و پارچەیەکی لێ زێدەکرابوو. بەڵام قەوارە کۆنەکەی خۆی نە دۆڕاندبوو. بەگی خۆشاب لە جوانترین قەڵای سەردنیایێ دادەنیشت**

**گوڵبەهار و ئەحمەد لە بن زناری قەڵایێ پیادەبوون ئەسپەکانییان کێشانە خوارێ، بۆ سەر ئەو ئاخوڕانەی کە لە خوارێ، لە پێدەشتێکیدا بۆ ئەسپی سەربازی بەگ دروست کرابوون. کێشکچی ئەگەر چاویان بە خەلیفە برایمی کەوت، یەکسەر وەنیازکەوتن و بەرەو قەڵایان برد.**

**بەگ پاش ئەوەی ڕووداوەکەی ورد و درشت لە زاری برایم بیست، گوتی :**

**"ئەم مەحموودخانە نەریت و دەستووران نازانێ. ئەو بەگ نییە، پاشایە، عوسمانلییە)**

(( ئەفسانەی چیای ئاگری، ل ١١٢ - ١١٣ ))

لە حاڵەتێکی لەم شێوەیەدا، ڕۆماننووس جەخت لەوە دەکاتەوە کە مەرج نییە بۆ تێکدان و کاوڵکردنی لادێیەکان خاکەکەی بکرێت بە ئامانج، بەڵکو جێنشینی ئەو خاکە خودی لادێنشینان بە لا ڕێدا براون و بوون بە نۆکەر و دەست و پێوەندی ئەم و ئەو.

ڕۆماننووس، بوونی زەوی و زار و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لە لادێدا دەکاتە هۆکارێکی سەرەکی، بۆ ئەوەی خێزانێك ئەگەر هاتوو لێیقەوما نزیکەکانی شوێنی ئەو بگرنەوە دەست بەکار و چالاکییان بکەنەوە. بۆنموونە

"ئەسما"ی کارەکتەری ئافرەتی ڕۆمانەکە و "دایکی حەسەن" کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە، دووای کوشتنی مێردەکەی ئامادە نییە لادێیەکەی چۆڵ بکات و ڕووبکاتە شوێن و ناوچەیتر. بۆیە دەبێتە نموونەی ئافرەتێکی سەربەرزی لادێکەی و وەك ماجووتیارێکی سەرکەوتوو ئیش و کارەکانی هەڵدەسوڕێنێت

**( دوای پرسەی باوکی زۆری نەخایاند، دایکی وەك هیچ ڕووی نەدابێ دەستی بەکار و فرمانی ئاسایی خۆی کردەوە. باوکی خاوەن مەزرا و موڵك و ماش بوو.**

**دوو تراکتۆر، ماسینی دروێنە، ئەسپ، ووڵاخی بەرز، پەموو، کونجی، دەغڵ و دان، چەند دۆنمێ چەڵتووك لە دەشتایی چقورئاوادا... هەر دوای مێردەکەی جڵەوی کار و فرمانی بە دەستەوە گرت بە چاکیش بەڕێوەی برد...)**

(( مارەکەیان بکوشتایە، ل ١٤))

یەشار کەمال، خاك دەکاتە هۆکارێك بۆ پاراستنی ناسنامەی هەر تاکێك، و بوونی کار و چالاکی و پلە و پایەیەکەشی هەر بە خاکەوە دەبەستێتەوە.

ڕۆماننووس هەر بەژینگەی لادێ کاریگەر نییە، و بەشێوەیەکی نادیار و نێو نەهێنانییان وەسپییان بکات، بەڵکە خۆی بۆ ناگیرێت دێت نێوی دەڤەر و لادێیەکان دێنێت. بێگومان هەموو ئەم دەڤەر و لادێیانەش کە نێوییان دێنێت بست بە بستی سەر بە خاکی کوردستانن

**( لە دەڤەری وان بەرەو دێی سوور بە ڕێکەوتم. سوور کوردییە و بەتورکی قرمزی دەگەینێ... هەر دەڕۆم هیچ نابینم، هیچ دیارنییە دوای گەڕانێکی زۆر چەند کۆمەڵە تەپاڵەیەکم بینی!، ئەم کۆمەڵە تەپاڵانەی ناو ئەم تاوێر و تاشەبەردانە، کە ئەوسەری دیارنییە نیشانەن... هەروەکو چۆن لەو جێگایەی ئاو هەبێ شینایی پەیدادەبێ، ئاوا ئەم کۆمەڵە تەپاڵانەش نیشانەی ئاوەدانی و گوندن)**

(( گەمییەکەی نووح، ل ٣٥،٣٤))

ئەو کۆمەڵە تەپاڵانە ئەمە پیشان دەدەن کە خەڵکی ئەم ناوچەیەی کوردستان خەریکی کشتوکاڵی و ئاژەڵدارین.

ڕۆماننووس، بەردەوام دەبێت و ناوی شارەکانیتری کوردستانیش دێنێت و لادێیەکانییان بەیەکتر دەچوێنێت

**(... بەڵام کە دوواجار ئەرزەڕۆم و ئاگری داغ و بەتلیس و سعرت و مووش و شوێنەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات دەبینم دێکانی ئەو ناوەش هەروەکو دێی سوور وان.)**

(( گەمییەکەی نووح، ل ٥))

نائومێدی و بێهیوایی خەڵکی لادێیەکان لە هەمبەر گفت و بەڵێنەکانی میری کە بەدانیشتووانی لادێیەکانییانی داوە بەئاشکرا بەرچاو دەکەوێت، و وایلێهاتووە خەڵکی ئەم ناوچانە بەهیچ کەس و شتێك باوەڕ نەکەن. مەلا زوبێریش، وەك کارەکتەرێکی ڕۆمانەکە ئەم باوەڕەی بەتەواوی لەلا دروستبووە، کە میری شتێکی ئاوا بۆ لادێیەکەی ناکات کەوا سوودی لێبکەوێتەوە.

**(مەلا زوبێر: "ئەوەی ئەمدەینووسێ چی لە نووسینەکەی دەرزی لێدەرەکە زیاترە، لە ئەرز و ماڵی بەولاوە زیاتر هەیە؟ حکوومەت چی کرد؟ هیچ.."**

**مەمەد: "ئەم جودایە ڕۆژنامەنووسە، پێیان وتووە کێ مەزرای نییە ناوەکەیمان بۆ بنووسە.. ئەوانەی لە ئەشکەوتەکان دەژین ناوەکانمان بدەرێ.." )**

(( گەمییەکەی نووح، ل٤٢ ))

بێگومان ئەم دەقە کتومت، لە زەمینەی واقیعی لادێیەکانی کوردستان دەچێت حکوومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بە مەبەستی فریودانی لادێنشینان و بۆلای خۆ ڕاکێشانییان، بەردەوام بەڵێنی زلییان داوە، و لەزۆربەی جارەکانییاندا بەڵێنەکانییان نەگەیاندۆتە سەر و درۆیان لەگەڵ لادێنشینانی کوردستاندا کردووە.

یەشار کەمال، ئەو وێنە دەگمەنانە دەخاتەڕوو، کە عوسمانییەکان لە ڕێی گرتنەبەری سیاسەتێکی چەوت دەرهەق بە لادێنشینان پێڕەویانکردووە. وەك لێدان و نینۆك دەرهێنان هەڵواسین و خانوو سووتاندنیان. بەس لە بەرئەوەی پشتگیری و هاوکاری ئیمپراتۆری عوسمانی نین.

**( "چووینە نێو گوند. ئەمە دەمیرجی، کە زۆر لە من بە تەمەنتر بوو، گوتی بڕۆن مەلا و کوێخای نێو گوند بێننە لای من، هێنانیان.ڕیشسپیانی گوندیش بێنن، دە پازدە کەسیان هێنان. گوتی ئەم دێهاتیانە لەسەر دەم بخەوێنن. وایانلێکردن. لێیاندەن، نینۆکەکانیان دەربێنن، هەم دەستی هەم هی پێیان. لێیانبپرسن لێرە کێ لایەنگری پادشای یۆنانە ؟ هەرکەسێك کە لێدانی دەخوارد و نینۆکی دەردەهێنرا هەر ناوێکی بەسەر زاری داهاتبا دەیگوت. پێنج لە خودی ئەوان خۆیان دانیان بە خۆیاندا نا. ئەو ڕۆژە پازدە بیستێکمان لە ناوەڕاستی گوند بە درەختێکی گەورەوە هەڵواسین دواتریش ئەمە درێژەی هەبوو. چووینە ناو هەرگوند و شارۆچکەیەك، ئەمە دەمیرجی لە تووڕەییان چاوی سوور هەڵگەڕابوون و دەستیکرد بە هەڵواسینی خەڵك. خانوو و شارۆچکە و دێهاتی سوتاندن ).**

(( بڕوانە فورات خوێناویە، ل ٣٥٩ )).

تاوانی ئەمانەی کە ڕۆماننووس باسیکردوون، تەنها ئەوەیە کە لادێنشینن و نەبوون بە نۆکەری ئیمپراتۆڕی عوسمانی !

یەشار کەمال، ئەو جیاوازی و نادادپەروەرییەدەخاتە ڕوو کە لەنێوان لادێیەکان دا بەدیدەکرێت بەتایبەت ئەو لادێیانەی تورکنشینن و ئەو لادێیانەی کوردنشینن. بۆنموونە کاتێك شوانێکی لادێنشین دەکرێت بە پۆلیس دەبێت خانەدان و بنەچە پاك و خوێن پاك بن، هەموو ئەمانە هێمان بۆ تورکبوون! بوونی خەسڵەتی چاك لە تورکان و نەبوونی لە کوردەکان !

**( هەرسێکیان گوندیی بوون، هەرسێکیانیش خانەدان و بە بنەچە پاك، خوێن! لەبەر ئەوەی ئەو پاکییە ڕەسەنەیەتیەیان بەپۆلیس وەرگیرابوون. خۆشیان دەیانزانی لەبەر ئەوە بەپۆلیس وەرگیراون.. هەرکەسێ لەخوێنی ئەوان نەبووایە، چەرکەس، کوردی کە بەتایبەتی جو و ڕۆم ئەرمەنی بە دوژمنی یان بە کوشتەی خۆیانیان دادەنا... )**

(( دەریا تۆرا، ل ١٩٠ )).

واتە تاکی کورد بەگشتی، و لادێنشینان بەتایبەتی، هەمیشە لەلایەن دوژمنان و داگیرکارانەوە بە بەدگومانی لێیان دەڕوانرێت !

## باری دەروونی و ناسنامەی کەسێتییەکان

دەروونناسی، وەك زانستێکی سەربەخۆ و پڕ بایەخ، پێوەندیدار بەلایەنی شاراوەی مرۆڤەکان. توانی هێندەیتر کاروانی ئەدەبیات دەوڵەمەند و فراوانبکات، و چەند هەنگاوێکی گرنگ بەرەو پێش ئاڕاستەی بکات. واتە ئەدەب تەنیا بریتیی نییە لە ڕوویەکی ڕووکەش، بەڵکو ڕوویەکی قووڵتری هەیە کە واتای ئەدەب کامڵتردەکات.

دەروونناسیی ئەدەبی، زیاتر جەخت لە نائاگایی دەکاتەوە جا چ نائاگایی تاك بێت، یان نائاگایی کۆ بێت بەمەش وا لەخوێنەر دەکات هەمیشە هەستێکی وای لە لا بسازێت کە ئەو لە دەقی ئەدەبییدا کراوەتە ئامانج، و پەردە لە ڕووە نادیار و شاراوەکانی هەڵدەماڵرێت. لەکاتێکدا نە دەقنووس ئاگایی لە نائاگایی خوێنەری دەق هەیە، نەخوێنەری دەقیش ئاگایی لە نائاگایی دەقنووس هەیە.

لێرەدا دەق ڕۆڵی تاقیگەیەك دەبینێت، و داهێنەری دەق یان دەقنووس ڕۆڵی تاقیکار، و ڕۆڵی تاقیکراو دەبینن. داهێنەری دەق لەو پەڕی ئامادەباشیدا دەبێت بۆ پشکنین و پەیبردن بە لایەنە پەنهان و نهێنییەکانی ناخی قووڵی مرۆڤەکان. سەرەڕای ئەمانەش خودی داهێنەری دەقیش ئەوپەڕی قووڵی نائاگایی خۆی بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات، جا لەئاگایی خۆی بێت یان لە نائاگایی. واتە لە کۆتاییدا خودی داهێنەری دەق، وەك تاکەکان دەبێتە کەرەستەی تاقیگەکە و تاقیدەکرێتەوە.

دەروونناسیی ئەدەبی، بێگومان جێدەستی دیارە لە پیشاندانی ئەو کێشە و گرفت و گرێ دەروونییانەی کە ناخی تاکیان کۆڵیوە، و هەڵڕشتنیان لە چوارچێوەی دەقێکی ئەدەبی. بۆیە یەشار کەمال دان بەوەدەنێت کە دەروونناسیی وەك بوارێکی دانەبڕاو لە ئەدەب کاریگەریی تەواو بەسەر توێژی ئەدیبانەوە هەیە، و پێیوایە ئەوە بارەهۆشیاری و ئەودیو هۆشیارییەکەیە کە ئەدیبانی سەرقاڵی خۆیکردووە. (هەوڵدانی زۆرمان بۆ زانینی هۆشیاریی، یان ئەودیوی هۆشیاریی، ڕاستییە و نکۆڵی لێ ناکرێت بارە هۆشیاریی و ناهۆشیارییەکان، لە دەرگەیەك دەچن کە بە لای ڕووی دەرەوە و ناوەوەی مرۆڤەکان بڕوانین )(٢٦). بەبوونی هۆشیاریی و ناهۆشیاریی، سایکۆلۆژیای مرۆڤ پێکدێت. و یەکێکیان کار لەویتریان دەکات و دەبنە پاڵنەری یەکتر. ئەمەش بە پێی هەلومەرجەکە گۆڕانی بەسەردادێت. واتە ئەگەر نائاگایی پێوەندییەکی پتەوی بە ئاگاییەوە نەبێت، چۆن دەتوانێت بابەت و شتە شاراوەکانی دنیای ئاڵۆزی ناخ، بۆ سەرەوە پاڵ پێوە بنێت و لە پەنگخواردن و تێکچڕژاوی ڕزگاریانبکات.واتە یەشارکەمال، هۆشیاری، و بەتایبەت ئەودیوی هۆشیاری بە گەنجینەیەکی بەهادا دەزانێت، وا هەستدەکات کە کلیلی ئەم گەنجینەیەش لە گیرفانی ئەدەب دایە. چونکە ئەوە دەقێکی ئەدەبییە دەبێتە دۆزەرەوەی کۆمەڵێك مەبەست و مانا و بەڵگە و دەستەواژە و دەربڕینی پوخت و ناپوخت... هتد. کە هەموویان پێوەندییان بە دەروون و ناخی مرۆڤەکانەوە هەیە.

هەست و هەستیاریی ئەدیب، بێگومان لە کەسانی ئاسایی ناچێت و ئەوان زیاتر هەست بە خەم و ناخۆشیی مرۆڤەکان دەکەن، و لە ناخەوە دەهەژێن و خۆیان بە بەشدار دەزانن لە خەم و ناخۆشییەکان. بە گڕوتینەوە باوەشییان بۆ دەکەنەوە، بۆ ئەوەی ببن بە تیمارکار و ئازار شکێنی دەوروبەرەکەیان. بۆیە دەکرێت بڵێین ( بەرهەمە ئەدەبییەکان بەشێوەی تارمایی بێشکڵ لە نەستی نووسەر لە دایك دەبن و تێیدا ڕەنگ دەدەنەوە بە هۆی

هێزێکی ئاوێتەی دەرەوەی نەست، پێکهاتەیەکە لە لاشعوری نووسەر و هەستیاری ئەو لەبەرانبەر جیهانی دەوروبەری و هەست و سۆزەکەی)(٢٧). نەستی نووسەر و هەست و سۆزەکەی گۆڕەپانێکن بۆ خودی داهێنانی بەرهەمە ئەدەبییەکان، و مرۆڤەکان بە بێ جیاوازی هیچ شتێك خۆیان لەم بەرهەمانە بەرجەستەدەکەن و دەدۆزنەوە. بۆیە ئەو نەستەی نووسەر جێدەستی دیاردەبێت لە نەستی مرۆڤەکان یان خوێنەران. دەشێت لە مرۆڤێکی بێئومێدەوە ببێتە مرۆڤێکی ئومێد بەخش، لە مرۆڤێکی بێدڵ و هەست ببێتە مرۆڤێکی دڵدار و هەستیار، لەمرۆڤێکی سارد و سادە و بێ هەڵوێستەوە ببێتە مرۆڤێکی ووزەبەخش و خاوەن هەڵوێست.. هتد. هەموو ئەمانەش لە ئەنجامی پرۆسەی نووسینی داهێنەرانە دان کە زادەی نەستی داهێنەرەکەیەتی. کە نوقڵانەبێژئاسا پەی بە نهێنییەکان دەبات و هەست و درکییان پێدەکات و دەریاندەبڕێت.

ئاستی لە یەکچوون جیاوازی ئەو ڕووداوانەی کە لە واقیعدا بوونیان هەیە، و لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی لە ڕۆمانێکدا بوونیان هەیە مەودایەکی دوور و درێژیان لە نێواندا هەیە لە هەندێك خاڵدا نەبێت هەرگیز بەیەکتر ناگەن. چونکە ( قارەمانی ڕۆمان تەنیا ئەو جیهانە دەناسێت کە ڕووداوەکان تێیدا بە گشتی دەروونی کراونەتەوە. ئاشکرانییە کە داخۆ قارەمانی ڕۆمان لە گەڕان و پشکنینەکەیدا، بە ئارەزووی خۆی دەگات یان نا)(٢٨). ئەوەی لێرەدا جێی مەبەستە ئەوەیە، ڕووداوەکانی ڕۆمان تا ڕادەیەك دوورن لە گوتاری مێژوویی یان لە دەرەوەی گوتاری مێژوویی دەمێننەوە. بۆی هەیە مێژوو کاریانتێبکات، بەڵام بەواقیعبوون و بەمێژووبوون وەك خۆی مەحاڵە ڕووبدات. لەبەر ئەوەی ڕووداوەکان بارگاویکراوە بە بارگا دەروونی ڕۆماننووسەوە، یان داهێنەرەوە. ئەو ڕووداوانەش کە بەدەروونیکراون، یان پەیوەستن بە خودی ئەزموونی ڕۆماننووس، یاخود ئەزموونی ئەویتر و ئەوانیتر. کارەکتەریش وەك توخمێکی هەرە سەرەکی ژانری ڕۆمان چارەنووسی دەکەوێتە ژێر ڕکێفی ڕۆماننووسەوە کە ئاخۆ حەز و ئارەزووەکانی خەفە دەکات؟ بێگومان ئەمەش پێوەندی کتومتی بە بارەدەروونییە زاڵەکەی ڕۆماننووسەوە هەیە، هەربارە دەروونییەکەش بەشێکی گرنگ لە دەقەکە کۆنترۆڵ دەکات. بە مانایەکیتر، ڕۆماننووس کاتێك ڕووداوەکان ئاوێتەی دەروون دەکات گەورە یان بچووکییان دەکاتەوە، بە بایەخ یان بێبایەخیان دەکات، چارەسەرییان بۆ دەدۆزێتەوە یان بە هەڵپەسێردراوی دەیانهێڵێتەوە، بە نەتەوەیاندەکات یان دەیانخاتە قاڵبی دژە نەتەوە... هتد. بەڵێ ئەم چەشنە ڕووداوانە و ڕووداوگەلێکیتر، یاخود بابەتگەلیتر، ڕۆماننووس دەتوانێت بە ئاسانی و باشی هەرسیان بکات، بە گەدەی نا، بەڵکو بەهەست و نەستە بەرهەمهێن و داهێنەرەکەی.

ئەو بارە دەروونییە ئاڵۆز و ناکۆکەی کە ئۆقرەیی لە نووسەر، یان لە ڕۆماننووس وەردەگرێتەوە، ناچارە بەشێوەیەك لە شێوەکان هەڵیانبڕێژێت و ڕەگ و ڕیشەی دڵەڕاوکێکان هەڵبکێشێت، و زەمینەی چارەسەرکردنییان بۆ خۆش بکات. بۆیە ئەم بارە وایلێدەکات دارشتنەوەی ووشە و ڕستەکان شێوەیەکی نا ئاسایی و ناجۆری لێبکەوێتەوە تاڕادەی دروستبوونی تەمومژی. هەربۆیە ( زمان بە هۆی گوشیاری هێزە نا وشیار و دژ بەیەکەکان چ لە گاڵتە و گەپدا و چ لە کاتی قسەلێتێکچوون و هەڵچوونی قەڵەمدا، ئەم دۆخە موبهەم تەمومژاوییە وەردەگرێ. جگە لەمەش زۆربەی ئەو نووسینانەدا کە پەیوەندییان بە دەروونناسییەوە هەیە هاتووە کە ئەم جۆرە شاراوەیی و تێکئاڵانی وشەکان کە تەمومژی مانایی سازدەکەن لە خەونەکاندابووە و دواتریش وەبیرهاتۆتەوە)(٢٩). ئەو

تەمومژییەی لەڕێی کەرەستەکانی زمان و بەپاڵپشتی هەرەبەهێزی دەروونی ئاڵۆزی پەنگخواردووی نووسەرەوە دەسازێت، ڕەنج و ماندوو بوونێکی زۆری گەرەکە بۆ ئەوەی خوێنەر لێیان تێبگات، لەهەمانکاتدا جۆرەبەهرەیەکی دەوێت بۆ ئەوەی دەرفەتی زیاتر تێگەیشتن بڕەخسێنێت. چونکە ئەو تەمومژییە دەروونییەی کە نووسەرێك لە ڕێی کردەی نووسینەوە بە بای دەکات، مەبەستداربێت، یاخود بێمەبەست، هەر خوێنەرێك بۆی هەیە سەرلەنوێ لە ڕێی ووشە و ڕستە و جەڤەنگ و کۆدەکانەوە دایبڕێژێتەوەو ڕاڤەیەکی بۆ بکات، کە تەنیا پێوەندی بە ستراتیژییەتی خودەوە هەبێت و بە دووربێت لە کاریگەرییە دەرەکییەکان، کاتێکیش خوێنەر ئەو بارەی نووسەری دۆزییەوە لە خۆیدا بەرجەستەیکرد، دەبێت شیمانەی ئەوە بکەین ئەو پەیامە نێردراوەی پێگەیشتووە کە لەلایەن نووسەرەوە ئاڕاستەی کراوە و دووپاتکردنەوەی بارەکەیە بە چەشنێکی تارادەیەك جیاوازتر. واتە دەتوانین ئەو بارەی نێوان نووسەر و خوێنەر بەم چەشنە ڕوونبکەینەوە ئەگەر تۆ بەو دیدە دەڕوانیت و ئاوا بیردەکەیتەوە، منیش بەم چەشنە. ئەو بارە دەروونییەی کە هەست و نەستی داگیرکردووە، دەشێت بارێکی لەم چەشنەش لە مندا بوونی هەبێت. تۆ بەو جۆرە پێشبینی بارودۆخ و پێشهاتەکان دەکەیت، منیش بەمجۆرەی کە بۆ خۆم دەیانخوازم و لێیانتێدەگەم.

نووسەر و ئەدیبان، توێژی هەرە هەستیاری کۆمەڵگەکەی خۆیانن و لە ڕێی بەرهەمەکانیان لە زۆر بواردا بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا و ڕۆشن وەدیاردەخەن بە مەبەستی تێکشکاندنی کۆسپ و لەمپەرەکانی بەردەم پێشکەوتنی تاك و کۆمەڵگەکەیان، چونکە (ئەوان توانای وێناکردنی قووڵاییەکانی نەستی خۆیان هەیە. بەو پێودانگەش ئەدیبان ماددە و کەرەستەیەکی دەروونی دەوڵەمەند دەخەنە بەردەست دەروونناسەکانەوە کە لەلێکۆڵینەوەی دەروونیدا هاریکارییان دەبن، ئەدەب دەتوانێ جۆرە گشتییەکان و کەرەستەی خاو سەبارەت بە دەروونی ئادەمیزادی پێشکەش بکات)(٣٠). ئەدیبان نوێنەری خۆرسکی مرۆڤەکانی دەوروبەرییانن. لە ڕێی قوڵایی نەستییان شۆڕدەبنەوە بۆ قووڵایی نەستی ئەوانیترەوە ئەوان وەکو پزیشك و پسپۆڕێکی بواری دەروونزانی دڵ و دەروون و نەستی مرۆڤەکان دەخوێننەوەو شەن و کەویان دەکەن. گەواهیدەری ڕاستەقینەی، ڕاستییە بینراو و نەبینراوەکان و هەستپێکراو و هەستپێنەکراوەکان، و چاوەڕوانکراو و چاوەڕواننەکراوەکانن. واتە ئەدیب لە بارە هەستی و نەستییەکەیدا، کەسێتییەکی چاوکراوە و بەئاگایی هەمیشەییە، و بەرهەمەکانییان ناسنامەی ئەوانمان بۆ ئاشکرا دەکەن کە دەمبەست و چاوبەست نیین خودان ووزە و توانای خۆیانن. بەرهەمە ئەدەبییەکان لە زووەوە هەستییان بە هێز و پاڵنەرە دەروونییەکان کردووە، بۆیە سێبەرییان لێکردوون و بەرجەستەیانکردوون، ئەو هێز و پاڵنەرە دەرونییانەش وەکو تەلەکانی ئامێری موزیك وان، و ژەنیارەکەشی ئەدیبانن کە بە ئاسانی دەتوانن بیانووروژێنن و بیان لەرێننەوە، بۆئەوەی گوزارشت لە ئاوازێکی بە سۆز و هاوڕاز بکەن، و هەست و نەستەکان تێکڕا بەجۆشبێنن و بۆیان ببن بەفریادڕەس.

ململانێی وەك توخمێکی گرنگی دەروونی مرۆڤەکان و گۆڕان و بەردەوامییان هەر بەپەنگخواردووی لە هەست و نەستی مرۆڤەکان خۆی شارگە نادات، بەڵکو لە بار و بواری دەروونی مرۆڤەوە دێتە دەر و لە بوونێکی ناکردارەکی وە، دەبێتە بوونێکی کردارەکی کە لەژیان و کۆمەڵگەدا ڕەنگدەداتەوە و تا وایلێدێت دیاردە و شتەکان هەموویان لە ململانێی یەکتر چڕدەبنەوە.( ئاشکرایە کە ململانێ لە نێوان هونەرمەند و کۆمەڵگەدا، گرنگی

ئەوتۆی هەیە، بەڵام ئەگەر ئەوەی کە هونەرمەند دەیەوێت بە ئازادی بیڵێت، ئەو پەیوەندییە دەکرێت هەمیشە لە نێوان جیهانی خۆیدا و جیهانی ئەوانیتردا مەیسەربێت، داهێنانی هونەریی بە هۆی ململانێوە سەرهەڵدەدات)(٣١). بێگومان ململانێ بریتییە لە مرۆڤ، ژیان، بزاوت و جووڵە، کۆڵنەدان، سەرکەوتن، نەسرەوتن، هێنانەدیی ئاوات و ئامانج، بوون، داهێنان.... هتد. بەڵێ ئەمانە و چەندانیتر هەموو ململانێی لە خۆیان دەگرێت و دوواتر ئاراستەیان دەکات. لە سەرەتاشدا لە دەروونی مرۆڤەکاندا لە شێوە گێنگەڵەدان و دوواتر دەچێتە بیاڤی کردارەکی، ململانێی خود و خود، ململانێی خود و ئەوانیتر، ململانێی خود و سروشت، ململانێی چین و توێژەکانی کۆمەڵ، ململانێی تاك و دەسەڵات... هتد. لێدەکەوێتەوە. هەر خودی ئەو ململانێیەش دەبێتە سازاندن و ڕێکخستن و بنیادنانی پێوەندی نێوان مرۆڤەکان و سروشت و گەردوون.

ئەو ململانێیەی کە ناخی هونەرمەند و ئەدیب ڕادەچڵەکێنێت و دەیهەژێنێت، و دەیخاتە باری ئاگایی و نائاگایی و بیرکردنەوە و ڕامانەوە، داهێنان دەبێتە بەشێك لە ئەو. بەتایبەتی ڕۆماننووس لە بەرئەوەی بە هۆی ململانێیەوە کارەکتەرەکان بەرجەستە دەکات، و ڕووداوەکان ڕایی دەکات، زەمینەی شوێنەکان خۆش دەکات، و کاتەکان لە سەردەمە جیاوازەکان بە یەکترەوە دەبەستێتەوە، و دیالۆگەکان باس و خواسی گرنگییان لێدەکەوێتەوە و ئەنجامییاندەبێت، وەك چۆن داهێنانێکی ئەدەبی، کە خوێنەر دەیخوێنێتەوە و لێی ڕادەمێنێت باری دەروونی دەگۆڕێت و هەست و ئارەزووەکانی وەجۆش دێن. ئەوە ئاواش دڵ لەدڵدانی ناوێت، داهێنەر، یاخود نووسەری هەر ژانرێکی ئەدەبی هێندەیتر ڕووبەڕووی ئەم بارە دەروونییە دەبێت و کاری لێدەکات.( گومانی تێدانییە زۆربەی هونەرمەندان لە قوڵایی ناخەوە دەهەژێن کاتێك بەرهەمێکی هونەری پێشکەش دەکەن، کە تایبەت بێت بە خودی خۆیان. گەورەترین و بەنرخترین داهێنانی هونەری و ئەدەبی، کانگاکەی هەستێکی بە بزاوت و کڵپەسەندووە، و شەپۆلێکی پڕ لە هەڵبەز و دابەزە)(٣٢). ئەوەی زیاتر پێوەندی بە وروژاندن و هەژاندنی هەست و نەستی نووسەرەوە هەیە، ئەوەیە کە بە قەڵەمەکەی خۆی گوزارشت لە خودی خۆی دەکات، و بەکارهێنانی ووشەیەك، یاخود ڕستەیەك لەسەری گران دەکەوێت، چونکە خوێنەر دەیانخاتە نێوان بەرداشی ڕاستی و ناڕاستییەوە لەهەمانکاتدا دوور نەڕۆین لە کۆمەڵگەکەی خۆیدا تووشی هەڵوێست و بۆچوونی خوازراو و نەخوازراو دەبێتەوە، و کەسانێکی لێ پەیدادەبن کە ڕقییان لێی هەڵسێت و مۆڕەی لێبکەن، چونکە ئەو لە زووەوە بڕیاریداوە نائاگاییەکانی خۆی بنوسێتەوە و سەرلەبەری خەمەکانی خۆیی و کۆمەڵەکەی لە ژێر بەڕەوە بخاتە سەر بەڕەوە. هەروەها نووسەر، یاخود ڕۆماننووس هەست و نەست و بیروباوەڕەکانی خۆی، بە خودی قەڵەمەکەی ئەتك بکات و پەڕوباڵیان ببڕێت. ئارەزووی ئەوە دەکات جیهانی نائاگاییەکانی ئابڕوومەندانە بهێنێتە جیهانی ئاگاییەوە. ڕچەشکێنی و نەریتشکێنی و یاساغشکێنی لە نووسەر و ئەدیبانەوە سەرچاوە یگرتووە.

پێوەندی نێوان ئەدەب و دەروونناسی، پێوەندییەکی نوێ نییە، بەڵکو ئەو کاتەی نووسەر، یاخود ئەدیب، شت یا دیاردەیەك دەبینێت و کاریگەری لەسەر جێدەهێڵێت، ناچارە وەکو پەرچەکردارێك بەرهەمێك بئافرێنێت و خۆی لەو بارودۆخە دەروونییە ڕزگاربکات کە کەڵکەڵەیەتی لە ناخ و دەروونییدا و بارێکی نائاسایی بەسەردا سەپاندووە. واتە چ بواری ئەدەب و چ بواری دەروون ڕاستەوخۆ بە مرۆڤەوە شەتەکیانداوە و بەهیچ شێوەیەکیش

ناتوانن دەستبەرداریین، لە بەرئەوەی ئەم دوو بوارە تایبەتمەندن بەژیانی مرۆڤایەتییەوە. (هەرچەندە ڕەخنەی ئەدەبی دەروونشیکاری بوارێکی یەکگرتووی نییە، بەڵام زۆربەی دید و ڕاو بۆچوونەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە هەر خودی بیرۆکەی ئەدەب لە بنەڕەتدا،پێوەندی ڕاستەوخۆی، یاخود هەماهەنگی لەگەڵ دەروونداهەیە)(٣٣). ئەو پێوەندییە ئەزەلییەی نێوان ئەدەب و دەروونناسی بەبێدەنگی دەمێنێتەوە تاکو ڕەخنەی ئەدەبی دەروونشیکاری دێو ئەم پەیوەندییە ئاشکرا دەکات و دەیتەقێنێتەوە، و هەردوو بوارەکە لە ژێر ناوی ڕەخنەی ئەدەبی دەروونشیکار لێکدەدات و بابەتێکی بە پێزی لێچێدەکات، و هەردوو زاراوەی ڕەخنەیی و شیکاریش بۆ بوارەکە کێشدەکەن، چونکە هەم ئەدەبەکە و هەمیش دەروونناسییەکە شیاوی ڕەخنەلێگگرتن و شیکارکردنن ئەم دوو ئەگەرەش بە ئاسانی لە خۆیان دەگرن. بۆیە ڕەخنەی ئەدەبی دەرونشیکاری بریتییە لە ڕێبازێکی تایبەتی کە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لەربارەی نەست دەکات لە چوارچێوەی دەقێکی ئەدەبیدا و کارەکتەرەکانی دەقیش لە ڕووی هەڵسوکەوتە دەروونییەکان و بەتایبەتی پرۆسە نەستییەکان دەکرێن بەئامانج. ئەمەش وەنەبێت هەر نەست بە تەنیا و بەس کاری لەسەر بکرێت و هەستیش فەرامۆشبکرێت، نەخێر ئەوە هەستە وا دەکات درك بە نەست بکەین و ئەوا نەستیش وامان لێدەکات درك بە گرنگی هەست بکەین.

ڕەخنەی ئەدەبی دەروونشیکاری، وەك هەر ڕێچکە و ڕێبازێکیتری ئەدەبی و ڕەخنەیی چوارچێوەی تایبەت بەخۆی هەیە و خاوەن گوتاری ڕەخنەیی خۆیەتی، بەڵام لە نێو ئەم چوارچێوەیەدا بیر و بۆچوونی جیاجیا بە دیدەکرێن و دەخوێندرێنەوە. ئەمەش وەنەبێت ڕەخنەی ئەدەبی دەروونشیکاری کەم برست و لاواز کردبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە برست و هێزی پێبەخشیووە، و وای لەم چەشنە ڕەخنەیە کردوو فەکاری فرە و هەمەچەشن لە خۆبگرێت. (وەك زۆربەی شێوەکانیتری ڕەخنەی ئەدەبی، ڕەخنەی دەروونشیکاری کۆمەڵێك کلیلی تایبەت بەخۆی هەیە، لە کاتی شیکارکردن پراکتیکردنی، کە وادەکات  هەندێکجار ڕەخنە و کار و کردەوە و چالاکی سەرلێشێوێنەرنەبن لە نێو دەقی ئەدەبییدا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا سنوور و چوارچێوەی تایبەت بە خۆی هەیە )(٣٤). ئەو توێژەر و زانا و دەروونناسانەی کە جەخت لەسەر پێوەندی ئەدەب و دەروونناسی دەکەنەوە و لە هەوڵی ئەوەدابووینە بابەتێکی تازە پێشکەش بکەن کە بەردەوام منتکی لێبچۆڕێت، هەریەکەیان بە ڕێگە و شێوازێکی تایبەت بۆ بابەتەکە چووینە و خوێندنەوەیان بۆ کردووە، بەمەش ڕێبازەکەیان دەوڵەمەندکردووە و وایانلێکردووە ببێت بەخاوەن بونیادی خۆی.

بۆنموونە سیگمۆند فرۆید، لە زۆرترین باردا جەخت لە سێکسگەرایی دەکاتەوە وای پیشاندەدات لە منداڵییەوە تا گەورەبوون ئەوە وزەی سێکسە مرۆڤەکان ئاراستە دەکات و پێوەندی بەسەرلەبەری ژیانییەوە هەیە. واتە جەستە و بەشێك لە ئەندامەکانی، پانتاییەکی زۆر داگیر دەکەن لەهزر و دەروونی مرۆڤەکان. ئینجا ئەلفرێد ئادلەر، جەخت لەسەر هەستکردن بە ناتەواویی دەکاتەوە و دوواتر بیرۆکەکەی بە گرێی هەست بە کەمی کردن لە هەست و نەستی مرۆڤدا دەناسرێتەوە. بە لای ئەوەوە لە ڕێی خەونەوە مرۆڤ بە هەموو حەز و ئارەزووەکانی شاد دەبێت و هەست بە ڕەفتارەکانی دەکات، و درك بە ناتەواوی و نائاساییبوون و نەنگییەکانی دەکات، نەوەك وەك فرۆید کە هەموو حەز و ئارەزوو و داهێنانەکانی مرۆڤ بە سێکسەوە پەیوەست دەکات. کارل گۆستان یۆنگیش وەك زانا و

دەروونناسێك، جارِز و قەڵسی و رقهەستاوی عەقڵی و سۆزییەکانی شیکردۆتەوە. بەردەوام لەگەڵ فرۆید لە هاموشۆ و نامە گۆڕینەوە دابووە، بەڵام مشتومڕ و لە یەکتر تێنەگەیشتن و جیاواز بوونەوەی لێکەوتۆتەوە. بیانووی بۆ ئەمەش ئەوەبوو پێیوابوو فرۆید زۆر جەخت لە سێکسگەرایی دەکاتەوە و بە بەردەوامی پێ لەسەر بابەتەکە دادەگرێت، و ئەمەش لە نرخ و بەهای دەروونشیکاری کەم دەکاتەوە و نەك هەر خزمەت بە بوارەکە ناکات بەڵکو زیانیشی پێدەگەیێنێت ئەم زانا و دەروونناسانە و چەندیتر لە بارەی دەروونشیکارییەوە دواون و دەدوێن بەڵام هەریەکەیان لە گۆشەیەکەوە بۆ بابەتەکە ڕۆیشتووە و لێدوانی لە بارەیەوە داوە. هەمووشییان دەبینین و خزمەت بە بواری دەروونناسی و ئەدەبناسی دەکەن، توێژینەوە لە سەر مرۆڤەکان و داهێنانەکانییان دەکەنەوە، بۆ گەیشتن بە مەبەستی دیاریکراو.

# شیکردنەوەی دەقـــەکـــان

کاتێك "مورتەزا ئاغای چەڵتووکچێن"، کارەکتەری ڕۆمانی "تەنەکە"، "ڕەسوڵە فەنی"ی بریکاری قایمقام دەخاتە ژێر هەڕەشە و گوڕەشە و تۆقاندن، و پێیدەڵێت بە گوشەیەك کۆتایی بە ژیانت دێنم، کە نرخەکەی پەنجا قرۆشە، ئیتر لەو ڕۆژە بە دواوە، "ڕەسوڵەفەنی" ووشەی پەنجا قرۆش ژیانی لێ تاڵ دەکات، و شەو و ڕۆژ بە یەکەوە دەنێت بە ترس و دڵەڕاوکێوە، و دڵ و دەروونی تەواو تێکدەشکێت. چونکە "ڕەسوڵەفەنی" ئەوەندی "مورتەزائاغا"ی بە دڵ و دەروون دەناسێت، بەسەر و شێوە و کەللە نایناسێت. لە بەرئەوەی خودی سووژە و یادگەی "ڕەسوڵەفەنی"، "مورتەزائاغا"ی وەك بکوژێکی گەورە و ترسناك لە خۆیدا هەڵگرتووە. کاتێکیش هەڕەشەی لێدەکرێت یەکەو ڕاست دێتە پێش چاوی و بیر لە خۆی دەکاتەوە، نەوەك ئەم کارەساتەش بەسەر خۆیدا بێت. بۆیە خۆپاراستن هەڵدەبژێرێت و چارەسەرکردن وەلا دەنێت.

**( پاش نیوەڕۆانی ڕەسوڵەفەنی بەرەومالێ دەگەڕایەوە. تەق لووتی بوو بە لووتی مورتەزائاغاوە. چاوی پەڕیبووە تۆقی سەری. پێشی لێ گرت، گوتی :**

**"ئیرە ڕەسوڵەفەنی. ئیرە ڕەسوڵەفەنی. ئەو سەروەت و سامانەی بە خاکەوەم وەرکردووە خوێنی سەت سەگی وەکو تۆ دێنێ. دە ئەم ئیمزا گوواوییەت بە کاغەزەکانەوە نێ ئیتر بەسە، نابێ؟ خۆ لەبەر چاوی کاڵی تۆ سەروەتی خۆم بە دەم باوە نادەم. ئیرە ڕەسوڵەفەنی، زۆرچاك ئەوە بزانە، کە گوللەیەك بە پەنجا قرۆشە"**

**ڕەسوڵەفەنی هەر کە ناوی پەنجا قرۆشی بیست قەدەرێ لە شوێنەکەی خۆیدا وەك فرۆکە خولایەوە. ویستی بزەی بێتێ. بزەی نەهاتێ، شڵەژا. ئەنجا مورتەزائاغا پیلی گرت :**

**"بەپەنجا قرۆشە"**

**ڕەسوڵەفەنی کەمێ بەخۆیداهاتەوە :**

**"ئەو بەڕاستتانە جەنابی ئاغا؟ بەڕاستتانە؟ باشە من چیم لێ کردووی؟"**

**ئاغا تووڕەبوو :**

**"لەمە زیاتر چ دەکەی یەزید؟ ماڵەکەمت بەسەردا ڕووخاندم."**

**ڕەسوڵەفەنی کەمێ زێتر بە خۆیدا هاتەوە، دۆخی جارانی بە بەرهاتەوەو بزەی هاتێ. بەوپەڕی ڕێزەوە شەپقەکەی لەسەرداگرت و سڵاوی لە ئاغا کرد:**

**"بەسەر چاوان جەنابی ئاغا. لە سای سەری جەنابتانەوە هەموو شتێ جەنابی ئاغا."**

**مورتەزائاغای زۆرچاك دەناسی دەیزانی گەلێك پیاوی کوشتبوو و چۆنیش ئەم تاوانبارییانەی دەیزە بەدەر خۆنە کردبوو. دەیزانی چۆنی تەڵە بۆ ئەفسەری ژاندرم، شوکری بەگ نابووەوە و بە چ جۆرێکی کوشتبوو.**

**ووشەی "پەنجاقرۆش" لە مێشکیدا وەك گوللە دەخولایەوە. وەکو مردوو گەیشتە ماڵ. ئیدی هەر لەوساوە شەوانە دەرگا کولۆم لەسەر کولۆم دەدرا. پەنجەرەکانی پڕکرد لە توورەکە لم. تەنانەت دووکەڵکێشەکانیشی بە توورەکە لم ئاخنی. دەترسا بۆمبای تێ باوێت. تا خوا ڕۆژی دەکردەوە خەو نەدەچووە چاوی. پێی وابوو ها ئێستا ها تۆزێکی تر بەسەریدا دەدەن. لە هێسك و پێست پتر هیچی دیکەی بەبەرەوە نەما.)**

(( تەنەکە ، ل ١٣ - ١٤ ))

حەمەدۆك، بەهۆی ئازایی و بوێری و پاڵەوانێتییەکانی، هەمیشە دوژمنانی لەهەمبەردا ترسییان لێهەبووەو ئەم ترسەش بەردەوام کاریکردۆتە سەر ناخ و دەروونییان، و لە حاڵەتێکی ترس و گوماناوی ژیان بەسەر دەبەن، و شەویان لێبۆتە ڕۆژ، و ڕۆژییان لێبۆتە شەو! ترسەکەش بە ڕادەیەك چەکەرەیکردووە کە دوژمنانی حەمەدۆك گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە حەمەدۆك لە هەموو شوێنێك و کاتێکدا بوونی هەیە، وەك سێبەرێك وایە لە گەڵییان دێت و دەچێت. بۆیە ئەم بەئەو دەڵێت : ئەمشەو نۆرەی تۆیە کە حەمەدۆك بێت ساردت بکاتەوە، و ئەویش بە ئەمیش هەروا دەڵێت!

**( ئەگەر لەجیاتی حەمەدۆك کەسێکی دیکە عەلی سەفای کوشتبایە، دیسان ئەو هەموو حەسیمەتە دەهاتنە دیتنی تەرمەکەی؟"**

**"بەڵێ... نەدەهاتن. یەك لە سەدی ئەو حەشیمەتەش نە دەهات، لە سایەی سەری حەمەدۆکەوە، عەلی سەفا وەك پاشای ئێران بە خاك دەسپێردرێ."**

**لە ڕاستی دەرگای حەوشە ڕا گەڕانەوە**

**"عەلی...زۆری بۆن کردووە!"**

**"بەڵێ، بۆنی کردوە."**

**"بۆنەکەی بە مێشکی سەرمەوە نووسا!"**

**عەلی گوتی:**

**"ئەمنیش هەروا!"**

**"عەلی."**

**"فەرموو ئاغا."**

**"تێگوشینی بەهیوای جیرانان هەر وشکە دەزانی چییان بە مام گورگ گوت؟"**

**ئەمەی گوت و چاوەکانی وەك خەدەنگ لە چاوی عەلییەوە بڕین.**

**"گوتیان ملت بۆ هێندە ئەستوورە. مەبەستت ئەمە نیە ئاغا؟"**

**"گورگیش وەرگەڕایەوە و گوتی: چونکە کاری خۆم بۆ خۆم دەکەم... عەلی! ئێمەش دەبی بۆ خۆمان کاری خۆمان بکەین. نە لە ئەنکەرەوە نە لە جەندرمە نانێکمان پێ نابڕێ"**

**"ڕاستە پێمان نابڕێ."**

**"حەمەدۆك ئەم جار کێ دەکوژێ؟"**

**"کێ دەکوژێ ئاغا؟ دیارە.... تۆ."**

**"بریا هێندەم خۆ لە کاری حەمەدۆك وەرنەدایە."**

**عەلی بە دەم هەناسە هەڵکێشانەوە بۆی سەلمان:**

**"بریا خۆت تێ وەرنەدابایە."**

**"هەر بۆیە دەبێ ئێمە كارێك بكەین كە حەمەدۆكی بكوژن."**

**"بەڵێ بیكوژن."**

**"لەم شەوە بە دواوە نابێ لە ماڵی وەمێنین. هەر شەوەی لە جێ یەك. حەمەدۆك تۆش دەكوژێ."**

**"پاش تۆ نۆرەی منە."**

**"بە چی دەزانی؟"**

**"دەزانم حەمەدۆكی ناڵێی؟ بەڵای ڕۆژگارە."**

**"دەزانم بەڵایە."**

**"ئەو هەموو شتێك دەبینێ و دەزانێ. تەنانەت ئێستا كە ئێمە قسان دەكەین دەیبینێ و دەیبیستێ. ئەو لە هەموو جێ یەك چاو و گوێی هەن. ئەو هەموو شتێكی لێ ڕوونە. تەنانەت خەبەری ئەو مەلەی بە ئاسماندا دەفڕێ و ئەو مێرووەی لەسەر زەوی دەڕوا، بە كورتی هەرچی لەم دنیایەدا ڕوودا پێی دەگەیننەوە. ئەگەر لەودیو ئەم كێوەوە بڕوانێ، چاوەكانی كێوەكە دەقەڵێشن و هەرچی لەم دیویەوە بێ دەیبینێ." )**

(( حەمەدۆك، ب ٣، ل ٤٦ – ٤٧ ))

ویژدان ئازاردان پەیوەستە بە دەروونی مرۆڤەكانەوە، مرۆڤ كاتێك كارێكی نا بەجێ و نارێك دەكات، ئینجا ئەگەر بەویستی خۆی بێت، یان بە ویستی ئەوانیتر بێت، ویژدانی لێكۆڵینەوەی لە گەڵدا دەكات و بەردەوام ئازاری دەدات. بە چەشنێك بەشێكی زۆر لە دەوروبەرەكەی بە دوژمن سەیر دەكات، و شتی ئەندێشە ئامێز لە خەیاڵیدا چێدەكات.

ڕەنگدانەوەی ترس، لە دەروونی بەشێك لە مرۆڤەكان وایانی لێكردووە بەشێك لە تایبەتمەندی و خەسڵەتی مرۆڤانەی خۆیان لە دەست بدەن، و هەمیشە بكەونە دڵە ڕاوكێ و بەڕاڕایی دەركەون.

نابینایی "ئەبداڵ" كە كارەكتەرێكە چاوەكانی لە دەستداوە، لە دنیایەكی چۆڵا و هۆڵی تایبەت بەخۆیدا دەژی، و بە تەنیا ماوەتەوە. خەم و نابینایی خۆی دەبەستێتەوە بەو باڵندەی كە باڵ و شاپەڕی بریندار و شكاوە. بۆیە "ئەبداڵا" تا هێزی هەیە هاوخەمەكەی لە ئامێز دەكات و دەیلاوێنێتەوە. بە هۆی ئەو نابیناییەی "ئەبداڵ" و باڵشكاوی ئەو باڵندەوە، هەردووكییان لە خەمێكی قووڵدان و بە هۆی لە دەستدانی ئەندامی لەشیانەوە دەروونییان ئارامی لێهەڵساوە و هاوخەمییەكەیان وایان لێدەكات دڵییان بە یەكتر بكرێتەوە، و تیماری برینی یەكتر بكەن

**( ئەبداڵ كوێرە. بەر پێی نابینێ. ڕێگەوبان نابینێ دەست بە دیواری شەوەوە دەگرێ و دەڕوا. ئەو بۆ خۆی ئەوهای دەڵێ. لە دنیایەكی چۆڵوهۆڵ، بە تاقی تەنیا، دەمێنێتەوە. هیچ مەخلووقێ لە ئەبداڵ بەولاوە، هەناسەی هەناسە ئاسایی نادا، ناجووڵێتەوە.**

**بێ وچان ڕێ دەكا. شەوگار بەدەستێكیەوە كێردێكی مەودا بەبریقوباق بەدەستێكی دیكەیەوە، شەوگار دەبڕێ و دەڕوا. هەر بەو جۆرە ڕێ دەكا، گیانلەبەرێكی نەرمونیانی گەرموگوڕی بەرپێ دەكەوێ دەستی بۆدەبا، هەڵی دەگرێ. تەماشادەكا باڵندەیەكە. باڵندە دەبێ بفڕێ. نەدەفڕی. لەوە دەچوو ئەمیش كارەساتێكی بەسەرهاتبێ. ئەمیش شەوگارێكی قورس و گرانی وەك بەرد بەكۆڵەوە دەبێ. چیی بەسەرهاتبوو؟**

**باڵندەکە لە هامێزدەکا، دەچێتە گوندێ. گوندی لا خڕدەبنەوە. ئەبداڵ دەپرسێ : ئەمە چ جۆرە باڵندەیەکە؟ چی لێ قەوماوە؟ گوندی دەنۆڕنە باڵندەکەی باوەشی ئەبداڵ، توند توند ئامێزی لێ وەردابوو، بەخۆوەی دەگوشی. دەڵێن ئەو قورینگێکە، باڵێکی بریندارە، یەك لە شاپەڕی باڵەکەی دیکەشی هەڵکەندراوە. ئیدی تا دەمرێ ناتوانێ بفڕێ. ئەم کارەساتە زۆر کاردەکاتە ئەبداڵ. دەڵێ کەواتا ئاوهایە، ها؟ ئەمن چاوم نییە، نابینم، ئەویش باڵی نییە نافڕێ.)**

(( ئەودیوی چیا، زەوی ئاسن ئاسمان مس، ل ١٦٠، ١٦١ ))

کارەکتەرێکی وەك "تێللی نیگار"، بەهۆی ئەوەی کەوتۆتە نێو چەند بەرداشێکەوە، خۆی لە برا زۆردارەکەی و داخوازیکەرە بەڵایەکەی و دڵدارە ڕاستەقینەکەی دەنوێنێت، دووچاری ئەوپەڕی بێهیوایی و ڕەشبینی بۆتەوە، و ڕێ و هۆکاری هێندەشی لە پێشدایە، بەڵام ناپرژێتە سەر هیچ کامێکیان و هیچییان بە چارەسەر نازانێت. بۆیە ئەم حاڵەتە وایکردووە کەسایەتی تێکبشکێت و بەردەوام لە خۆ خواردنەوەبێت، و بیرکردنەوەی بێ ئەنجام تەنگی پێهەڵبچنن، و بەردەوام لە ململانێ و جەنگ دابێت لەگەڵ ئەو وەهمانەی کە گەمارۆیان داوە و دەست و پێیەکانی کۆت و بەند کردوون.

**( تێللی نیگار کوڕی وەزیری عوسمانی داخوازی کردبوو. خاتوو نیگار چ بکا؟ براکەی، زۆرداری زۆرداران، بەگی بۆلۆو، داخوازیکەری عوسمانلی، ئەمانەش زیرووح ئاساییان لە بن دەست دەرنەدەچوو. کیژە هێندێکی سەرکێشی کردبوو، گوتبووی ئەمن شووناکەم، هیچیشی لە کن کەس نەدرکاندبوو. هەرچی کوێر ئۆغلێش بوو خۆ ئەو هەر بە جارێ بە تەمای نەمابوو و لێی هەویا بڕبوو بوو تێللی نیگار تووشی بێ چارەیی خۆی هاتبوو و بە ئومێدی کەسەوە نەمابوو. چاوەنۆڕی ئەوەبوو ڕۆژێك لە پشت ئەو چیایانەی هەمبەر ڕا هاڵێ. هەویای بە چیایەکەی هەمبەر بوو. بیری لە کوێرئۆغڵی دەکردەوە. لەوێ ڕۆژێوە ڕۆیشتبوو، هیچ سەر و سۆراخێکی نەبوو. داخۆ چی بەسەرهاتبوو؟ مابوو، مردبوو؟ سەرە و دەرەی لێ دەرنەدەکرد و کەسیش هیچی پێ نەدەگوت؟ چۆن هەموو کەسێ دەیزانی تێللی نیگار چەندی کوێرئۆغڵی خۆش دەوێ و لە سۆنگەی چی مێرد بە کەسێکی دیکە ناکا. جا ئەگەر تێللی نیگاریان بە زۆر لە کوڕی وەزیرە کەچەڵا مارەکردبا چی کردبا؟ چما بە نیشانکردنی قایل بوو بوو؟ تێللی نیگار دەهۆیەکی لە بن سەردابوو. نەیدەویست کەس لە خۆی وەخەبەر بێنێ، نەیدەویست کەس وەگومان خا. )**

(( ئەفسانەی کوێر ئۆغڵی، ل ٨٦ ))

خۆشەویستی و دڵداری مرۆڤەکان بۆ یەکتر، لە هەندێك کات و شوێندا ئازار چەشتن و ناخۆشی و تێکشکاندنی دەروونی لێدەکەوێتەوە، بەتایبەت لەو حاڵەتانەی کە بێ ئەنجامی و مایە پووچی دەبێت بە بەشییان.

ترس لەباوك، و لە دەستڕۆیشتوویی و پاشایی دەسەڵاتی، و دڵڕەقی بێبەزەیی، و خۆ بەگەورەزانی و قین لە دڵییەکەی. خەمی زیندانیبوون و سەرپەڕاندن و مەرگی خۆشەویست و دڵدارەکەی. هەموو ئەمانە تەنگ بە دەروونی "گوڵبەهار"ی کارەکتەری سەرەکی هەڵدەچنن، و دەیخەنە دۆخێکی بێئۆقرەیی و تەنگەتاوییەوە. سەرچاوەی ئەم شکستخواردنەی دەروونیش هەمووی پەیوەستن بە "مەحموود پاشا"ی باوکییەوە، و پێی ڕەوا

دەبینێت خۆی و ئەحمەدی دڵداری بکوژێت، و خودی کچەکەی بە چۆڵ و چیا بیەخێت. مەگەر حاڵەتێکی لەم چەشنەش تەنها ژەنینی بلوێر لەلایەن "سۆفی" یاخود "ئەحمەد"ی دڵدارییەوە، دەروونی لەشەکەتی و ئازار دابماڵێت، وەرچەرخانێك لە دڵ و دەروونییدا بەدی بکات.

**(..... گوڵبەهار بێ وچان، لەماڵێ وەکو ماخۆڵانێ، هەردەهات و دەچوو و نە دەسرەوت. مات و مەلوول، پەرێشان، نە خەو نە خۆراك، خەوڕۆ، ئیدی وەکو بەسەردنیاوە نەبی وابوو. باوی، ئەحمەدی ئازاد نەدەکرد، ئازادیشی کردبا جارێکی دیکە چاویان بەیەك نەدەکەوتەوە پاشایەك چۆن کیژی خۆی بە چیاییەکی وا ڕەوا دەبینێت؟ چیاییەکی یاخی سەرکێش و کەڵەوەکێشی وەکو ئەحمەد. گوڵبەهار کە گوێی لە دەنگی بلوێر بوو بە خۆداهاتەوە ئازاری لەشی سەرتاپا لە مچوڕك نیشت.**

**بریا ئەحمەد لە زیندان ئازادبا، شەوێك لە ناکاو هاتبا، هەڵی دابا سەر ئەسپ و بەرەو پێدەشتانی پرمامزان ئاژوابای جا لەوێ چەند خۆش بوو، ڕەشماڵ و کۆن و دەواری درێژدرێژ و هەرا و بەرینی کوردان، هۆبە و چاوخانی کوردانی دیتبا و لەو حاڵە کوردە میواندۆستانە میوان با.**

**ئەوی ڕاستی بێ، بە چاوێکی تایبەتی دەیانڕوانییە ئینسانانی چیای ئاگری خەڵك وەکو زیندەوەری دنیایەکی دیکە، وەکو شتێکی پیرۆزیان لە قەڵەم دەدان. جاوا چوش، وا هەموو شتێ بە گوێرەی خواست و ئارەزووی ئەو ڕەخسا، خۆ باوی، لەو پەڕدنیاش بێ لە پەڕەی هەوربێ دەستی دەگاتێ و لەسەری دەدا، ئەحمەدیش دەکوژێ. ئیدی هەروا بیری دەکردەوە و هەناوی هەڵدەقرچا.)**

(( ئەفسانەی چیای ئاگری، ل ٥٤ ))

ئەو بارە خراپە دەروونییەی کە تەنگ بە "حەسەن"ی کارەکتەری سەرەکی دەقەکە هەڵدەچنێت، وای لێدەکات بەردەوام لە خۆ خواردنەوەدابێت، و بە گومانێکی قووڵەوە لە هەموو شتێك بڕوانێت، بە چەشنێك لە باتی ئەوەی گومانەکان بەرەو سەر ڕێگە و ڕاستی ئاراستەیان بکات، بەرەو لەرێ لادان و دوورکەوتنەوە لە ڕاستییەکان ئاراستەیان دەکرد.

لەلایەك خەم و ئازاری باوکی لە دووای کوشتنی، کە لە گۆڕ دەردەچێت. خەم و ئازاری مامەکانی کە دەیانویست دایکیشی بکوژن، ئەویش لە بەرئەوەی ئامادەنییە شوو، بە شوبراییەکانی بکاتەوە. لەلایەکیتر داپیری کە بەردەوام دایکی بە دۆست و ئەڤینداری یەکێکیتر تاوانبار دەکرد. هەموو ئەمانە دەروونی "حەسەن" تێکدەشکێنن.

**( ئەی ئەگەر ئێستاکە دایکیان کوشتبێ... تەوژمی لە دڵی گەڕا، شەپۆلی خۆشی خۆشییەکەی خاو بوەوە، دامرکا. کزەیەك لە ناخییەوە هات... جارێك خۆشی جارێك خەم و ئازار دایدەگرت. جارێ لە گۆڕ دەرچوونی باوکی جارێ داپیرەی، مامەکانی، عەلی مامەی، عەلی، عەلی مامەی دەبێ ئێستا لە کوێ بێ ؟، ئەو عەلییە بە جارێ لە مرۆوایەتی بێ بەشە، لەوانەیە ئەو مامەی دایکی کوشتبێ، جارێ لاشە و کەلەشی دایکی وەبەرچاو دەهات... ئێستا کەرمۆزبێ گیزەگیز تێی وروکاون. هەرپەلێکی بەلایەکداچووە، خوێنی بەسەر خۆڵەکەوە وشك بۆتەوە، ڕوومەتی پەنماوە زیچکاوێکی زەردباو بەچاویا شۆڕبۆتەوە، مێش و مەگەز لە دەم و چاوی ئاڵاوە...)**

(( مارەکەیان بکوشتایە، ل ٤٥ ))

واته چۆن مرۆڤەکان بە هەر هۆکارێکەوەبێت ئەندامێك لە ئەندامەکانی جەستەیان تێکدەشکێت و لە ئەنجامیشدا دووچاری ئازار و ناخۆشی دەبن، ئەوە ئاواش دەروونی مرۆڤەکان دووچاری تێکشکاندن و ئازار و ناخۆشی چەشتن دەبنەوە، و تەنگ بە خودی مرۆڤەکە هەڵدەچنن.

ڕۆماننووس، قووڵایی نەستی خەڵکی دیان و جوولەکە و موسوڵمانان لە سەردەمی زوودا یەکدەخات، و پێیوایە هەموویان لەیەکدەچن لە چاکەکردن و بە دەستهێنانی ڕەزامەندیی خوای گەورە هەربۆیە چاکە و خێرکردن بۆتە بەشێك لە ڕەنگدانەوەی دەروونییان و لەناخییاندا پەنگیداوەتەوە. لە ڕێی کردەوەی چاکە و خێرکردنەوە دەریدەبڕن. ڕاوکردنی مەل و باڵندە لەلایەن ڕاوکەرانەوە، گرێیەکی دەروونی لای خەڵکە لە خواترسەکە بە ئایینە جیاکانەوە چێکردووە، بە ئازادکردن یاخود بەرەڵاکردنی ئەو مەل و باڵندانە گرێیە دەروونییەکە بەرەو چارەسەری دەچێت و دەکرێتەوە

**(هەر لەو ڕۆژگارانەشەوە تا ئەمڕۆکە دانیشتوانی شاری ئەستەمبووڵا، بە تەپکە و فاق و داو و تۆڕی هەمەچەشنە ڕاوی ئەم پەلەوەرانە دەکەن. ڕاوکەرەکە دیان بووایە، ئەوا مەلی خۆی بۆ پێشی کڵێسەکان دەبرد، جوو بۆ پێش کەنیشتەکان، موسوڵمانیش بۆبەر مزگەوتەکان. خەڵکەکەش مەلەکانیان بەرەڵا دەکرد و ئازادیان دەکردن بەو جۆرە بەهەشتییان، بە باڵندەی هەرزان بەها بەدەست دەهێنا ...)**

((باڵندەکانیش کۆچیان کرد، ل ١٥)).

ڕۆماننووس، بەشێك لە بیر و باوەڕ و بڕوا ئایینییەکانی مرۆڤی پەیوەست کردووە بە لایەنی دەروونییان، چونکە ئاشکرایە هەموو شت و دیاردەیەکی نێو ئایینەکان عەقڵ بە تەواوی ناتوانێت بڕیان بکات و لێکدانەوەی دروستییان بۆ بکات. لە هەمانکاتدا شوێنی پیرۆزیی ئایینی مرۆڤەکان، ڕەنگدانەوەیان دەبێت بە سەر دڵ و دەروونییان.

ڕۆماننووس، ئەوە پیشاندەدات کە دڵ و دەروونی خەڵکی ڕەشۆك و موریدو سۆفی چۆن داگیرکراوە لەلایەن شێخەکانییەوە، بەجۆرێك بەموو لادان لێی مایەی کافری و بێدینییە !

**( "ئەو یەزیدە، ئەو کافرە، ئەو فەرمەسۆنە، ئەو زۆڵی ئەرمەنییە، قەرەجی لە قەرەجەوە بوو، ئەو مامۆستا بێناموسەی تۆ لێت پرسی، بێ دینە. چاوی بە ئیمەماناندا هەڵنایە، مەلاکانمان زۆری لێبێزارن.. دەیەوێ بە زۆر منداڵەکانمان ڕاپێچی قوتابخانە بکات.. لە ئاواییەکانی ئەودیومان قوتابخانەی کافری لێ نییە، سەریان سووکە، ئەوان هەر منداڵێکیان بگری قورئانی ئەزبەر کردووە، مەلایەکە بۆخۆی.." )**

(( گەمییەکەی نووح، ل ٩٣ ))

یەشار کەمال، بە شێوەی جیاجیا دەروونی نزمی سوپای وێرانکاری عوسمانیمان بۆ شیدەکاتەوە، و پێیوایە سوپای عوسمانی و بەتایبەت پلەدارەکانی دەروونییان لەگەڵ ئەوە ڕاهاتووە، کە دەروونی ئەوانیتر تێکبشکێنن، ئەمەش لە ڕێی هۆکاری ماددی و مەعنەوییەوە، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە لەخۆبایبوون ڕووی تێیانکردووە و بەوەوە دەنازن خاوەن ئیمپراتۆرێکی زل و زەبەلاحن. هەر بۆیە داگیرکاری و تاڵانکاری هەست و نەستییانی داپۆشیووە، و ڕوو لە هەر نەتەوە و خاکەکەی بکەن داگیر و تاڵانی دەکەن و دەیسووتێنن.

**( ڤاسیلی پێکەنی و گوتی، دەزانم، چونکە بە چاوەکانی خۆم بینیم، دەزانم. ئەو ماڵی میرێکی ئێزدی، ئاغایەك، بەگێك، ئاغایەکی کورد و چەرکەس و عارەب و ئەرمەنی و یۆنانیی تاڵانکردبوون. دەزانم ملازمەکە هەموو دێهاتەکانی تاڵانکردبوون )**

(( بڕوانە فورات خوێناویە، ل ٢٥٦ ))

لەسۆنگەی ئەوەی ئەم ملازمە، کارو کردەوە خراپ و تاوان و ستەمەکانی هێندە زۆرن، و ئاوا تێوەگلاوە و نقوومبووە. خودی خۆی ناتوانێت لێیدەربازبێت. سەرەڕای ئەمانەش بۆتە مەترسی بۆ سەر دەروونی کەسانیتر، ئەوانەی لە نزیکەوە دەیناسن هەمیشە بە گومانن لە خودی ئەو. هەروەها ئەوانیتر هەرچەند دەکەن بە ڕێگە و شێوەیەك ئەم ملازمە لە نێو ببەن، بەڵام ترسێك دەستی لە دەروونییان وەشاندووە و کڵۆری کردووە، و کۆنتڕۆڵییان لە دەستداوە بۆیە ڕزگاربوون لە کەڵەگەتێکی ئاوا بۆتە کارێکی ئەستەم

**( بەڵام ئەدی ئەگەر ملازم بە دەمانچەکەی لەسەر بەردەکانی پشت ئەشکەوتەکە چاوەڕێی بکا؟ پۆیراز موسا دیسان ببوەوە بە مولازم ئەگەر ئەو ملازمە چاوەڕوانە هەر لەگەڵ نزیککەوتنەوەی لە ئەشکەوتەکە بەگوللەیەك بیبەنگێوێ؟ بەڵام ئاخر ملازم چۆن دەتوانێ تەقە لە کەس بکات؟ خۆ ئەو سوێندی بەکتێبی پیرۆز نەخواردووە کە تەقە لە کەسێك بکا.... من ناچارم ئەو بکوژم ئەو خۆی لە مێژە دەزانێ من بۆکوشتنی ئەو لە دورگە ماومەتەوە و سوێندم خواردووە. لە ترسی من خەو ناچێتە چاوانی. هەرچەندی دەیهێنا و دەیبرد تیامابوو و نەیدەزانی چی لەگەڵدا بکات، ترس بەسەر تووڕەییەکەیدا زاڵ دەبوو و دەست و پێی دەگرتن.)**

((بڕوانە فورات خوێناویە، ل ٢٨٣ ))

لێرەدا خەڵکەکە هەست بە بوونی خۆیان لە ڕاست مەلا و شێخەکانیان، یاخود خۆیان بەکەمتر دەزانن لە ئاست ئەوان، چونکە مەلا و شێخەکان هەر دڵ و دەروونییان نەشۆردوونەتەوە، بەڵکە مێشکەکەشییانی شۆردوونەتەوە. وایان لێهاتووە چوونی منداڵەکانییان بۆ قوتابخانە کوفر و تاریکییە!

سەلیمی ماسیگر، ئەو کارەکتەرەیە کە دۆلفین وەك شیردەرێکی زیرەك، نەستی داگیر دەکات، بە چەشنێك وای لێدەکات سەرتاپای ژیان بە هەموو ڕەگەز و پێکهاتە و بیاڤە جیاوازەکان لەو دۆلفینە چڕ بکاتەوە. سەلیمی ماسیگر لە جیاتی ئەوەی ژوان و جێژوان لەگەڵ ئافرەت دیاربکات، ئەم دۆلفینە بۆی دێتە ژوان و جێژوان و دەکەوێتە داوی ئەڤینداری و سەلیمەوە. خەڵك و دەوروبەرەکەش هێندەیتر ئەم عەشقەی سەلیمی ماسیگر و خاتوو دۆلفینی هاوڕێی قووڵتر دەکەنەوە، و ئەم قسەوقسەلۆك و حیکایەتانە بۆ سەلیم هەڵدەبەستن، بە مەبەستی ئەوەی سەلیمی ماسیگری پێ بشکێنەوە و ناوی لەکەداری بکەن!.

**( "کێ دەزانێ جووت بوون لەگەڵ کچی دەریادا چ لەزەتێکە، چەند خۆشە"**

**"کچی دەریا هەر لە زەمانی زوەوە قۆزترین پیاو بۆخۆیان هەڵدەبژێرن.."**

**"کچی ماسی، کچی دەریا، هیچ دەکەوێتە بێ نوێژییەوە؟"**

**"مەمکی هەیە؟"**

**"ئەوێی گەورەیە.."**

**"گەرمە؟"**

**"ماچ و دەست لە ملان دەکات؟"**

**"ماچی گەرمە؟"**

**"سەلیم، بۆ ئەو..."**

**هەموو ئەو قسانە چی دەووترا وورد و باریك دەگەیشتە سەلیم.. ئەوەندەی تریشیان بۆ زیاد دەکرد، تا سەلیمی پێ بشکێننەوە و لەکەداری بکەن.. )**

(( دەریا تۆرا، ل ١٢٣، ١٢٤ )).

ڕۆماننووس، تا ڕادەیەك هەوڵیداوە هەستی و نەستی مرۆڤەکان و زیندەوەرانیتر یەکبخات، و هەرچەندە کارێکی مەحاڵە مرۆڤەکان و زیندەوەرانیتر لە ڕووی هەست و نەستەوە، بە یەکترەوە بەراوورد بکرێن.

پەراوێزەکانی بەشی دووەم :

----------------------------------


(١) نووسەرانی بوێروئازا ، نازم حیکمەت و یەشار کەمال و عەزیز نەسین ، وەرگێرانی شوکور مستەفا ، ل ١١٦ .

(٢) یەشار کەمال سەبارەت بەخۆی دەدوێت، ئالان باسکۆی، وەرگێرانی بەکر شوانی، ل ٢١١ .

(٣) ڕازو ڕەمزەکانی ڕۆمان، دیداروچاوپێکەوتنی چەند ڕۆماننووسێك، وەرگێرانی محەمەد کەریم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ساڵی ٢٠١٢، لادێ ٢٠٦ .

(٤) ئەدەب و دیالۆگ، کۆمەڵێ گفتوگۆی ئەدەبی، وەرگێرانی سەنگەر زراری، دەزگای موکریان، هەولێر، ل١٦٦ .

(٥) إنفتاح النص الروائی، سعيد يقطين، المركز الثقافي العربي، ١٩٨٩، ص ١٤٠ .

(٦) البطل المعاصر في الرواية المصرية، احمد ابراهيم الهواری، دارالحرية للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٧٦ ، ص ٣٠٨ .

(٧) ملتقى القصة الأول، اعداد: دائره الشؤون الثقافية ، بغداد ١٩٧٨، ص ٢٩٩ .

(٨) تأصيل النص، محمد نديم خشقه، مركز الانماء الحضاري، حلب ، ١٩٩٧، ص ٩٧ .

(٩) Recovering Morality. Pragmatic Sociology And Literary Studies, Dromi, .٣٥١, P.١٩٩٣S,M, Louze,E,

(١٠) ئەزموونی خوێندنەوە، چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد ،ل ٢٧٢ .

(١١) چەمکە ئەنترۆپۆلۆژییەکان، دیار عەزیز شەریف، چاپخانەی مەحوی، هەولێر، ساڵی ٢٠٠١، ل ١٠ .

(١٢) ئەنترۆپۆلۆجیا ، ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، دیار عەزیز شەریف، دەزگای چاپ و پەخشی ڕێبین، هەولێر، ٢٠٠٤ ، ل ١٣ .

(١٣) An Introduction To Theory In Anthro Pology, Layton, Robert, Cambridge. .٦٢, P.١٩٩٨Cambridge University Press,

(١٤) The Formative Yars, Johnson, Christopher, Claude Levi-St Rauss, .٣١. P.٢٠٠٣Cambridge University press,

(١٥) Thinking From Things: Essaysin The Philosophy Of Archeology, .٣١, P.٢٠٠٢University Of California Press,

(١٦) Companion To Linguistic Anthropology, Durant, Alessandro ed., Malden, .٢٤, P.٢٠٠٤Black Well,

(١٧) Anthropology, Paul Bohannan, New York, Holt, Rinehart And Winston, ١٩٩٦, P.١٥.

(١٨) کەلەپورنامەی کوردەواری، یاسین حەسەن گۆران، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ١٠.

(١٩) هەمان سەرچاوە، ل ١٥.

(٢٠) Kurdish Women, Encyclopedia Of Women And Islamik Culture, Boston Mausa Josephsuad, Najm Badi, Afsaneh, Eds, Brill Academic Publishers, ٢٠٠٣, P.٣٥٩.

(٢١) Western Images Of Womans Rolein Kurdish Society In Women Of Anonstatenation, The Kurds, Ed, By Shahrzadmojab, M.Gallette, Costamesa Publishers, ٢٠٠١, P.٢٠٠١.

(٢٢) الرواية العراقية وقضية الريف، باقر جواد الزجاجی، دارالرشيد، بغداد، سنه ١٩٨٠، ص ١٢ .

(٢٣) المصدر السابق، ص ٣٥ .

(٢٤) دراسات في الاصلاح الزراعی، د.عبد الصاحب العلوان، بغداد ، سنه ١٩٦١، ص ٣٧٠ ، ٣٧١ .

(٢٥) الرواية العراقية وقضية الريف، باقر جواد الزجاجی ، ص ٣٥ .

(٢٦) یەشار کەمال سەبارەت بەخۆی دەدوێت ، ئالان باسکۆی ، وەرگێڕانی بەکر شوانی ، ل ٣٠٤ .

(٢٧) ئەدەبیات بۆ؟، ماریوبارگاس یۆسا، وەرگێڕانی بۆفارسی عبداللە کوپری، وەرگێرانی بۆکوردی دڵشاد خۆشناو، ماسی بۆچاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ساڵی ٢٠١١، ل ٣٥ .

(٢٨) جۆرج لۆکاچ، ئیمری جۆرج، وەرگێڕانی مەنسوور تەیفووری، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٤ ، ل ٦٥ .

(٢٩) جەیمز جۆیس، ج.ئی.م.ستێوارت، وەرگێڕانی عەتا نەهایی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٤، ل ٧٨ .

(٣٠) توێژینەوەی سایکۆلۆژی لەداهێنانی شیعریدا، ثامر حسن جاسم، وەرگێڕانی حەمەی ئەحمەد ڕەسوڵ، دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم، سلێمانی، ساڵی ٢٠١٠، ل ١٢ .

(٣١) سەرچاوەی پێشوو، ل ١١ .

(٣٢) الرواية اليابانية الحديثة، عبدالواحد محمد، دارالشؤون الثقافية العامة، بغداد، سنه ١٩٨٦، ص ١٢٢ – ١٢٣ .

(٣٣) Literary Theory And Criticism, Patricia Waugh, OUP, ٢٠٠٦, P.٢٠٠.

(٣٤) Ahand BOOK OF CRITICAL APPROACHES TO LITERATURE, Guerin, Wilfred, ETAL, HARPERANDROW, ١٩٧٩, P.٢٧.

**بەشی سێیەم:**

**یەشار کەمال و ڕیالیزمی ئەفسوونگەرایی.**

**بە مێژوو کردنی ئەدەب، ڕووداو لە مێژوودا و ڕووداو لە ڕۆماندا.**

**شێوازی ڕۆماننووس .**

**یەشار کەمال و توانستی ئەفسانەسازی.**

**مامەڵەکردنی ڕۆماننووس لە تەک فەنتازیادا، وەك ڕەگەزێکی پڕ بایەخی ڕۆمان.**

**نۆستالیژیاکانی ڕۆماننووس.**

**پیرۆز و جوانیی سروشت لە ڕۆمانەکانی یەشار کەمال دا.**

**پێوەندی نێوان ئەدەب و هونەر، ڕۆمان و شێوەکاری بە نموونە.**

# یەشار کەمال و  ڕیالیزمی ئەفسوونگەرایی.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین ڕیالیزم، بە پەرچەکردار و وەڵامدەرەوەی هەردوو ڕێبازی ڕۆمانسیزم و ئینجا کلاسیزمی دابنێین. چونکە خەیاڵپڵاوی خودی پێڕەوانی ڕۆمانسیزم ئەوەندە بەرزە فڕ بوو، تا کەشکەڵانی فەلەك هەنگاوینابوو. ئەوەی تایبەتیشە بە کلاسیزم، نەریت پارێزییەکەی و یاسا و ڕێسا و کۆت و بەندەکانی، پێدەچێت پێڕەوانی جاڕس و بێزارکردبێت، و چیتر هێز و برستی ئەوەیان نەما خۆیان دەخیلی کلاسیکییەت بکەن، و بەمەرجەپێشوەخت و بەڕاداندراوەکانی ڕازیبن و بیخەنە بانچاو بۆیە ڕیالیزم دێت، سنوورێك بۆ خەیاڵە خودییە لە ڕادەبەدەرەکان دادەنێت و پەڕ و باڵیان دەکات و دەیانکات بە خەیاڵی ماقووڵ، و تەنیا لە خود قەتیسیان ناکات، بەڵکو بابەتییبوون و خەم و خەیاڵی ئەوانی دیکەش دەبێتە کۆڵەگەیەکی هەرە سەرەکی و بەهێز. سەبارەت بە کلاسیزمیش، ڕیالیزم وەك چەکوش ئاسا کۆت و بەند و قاڵبەکان تێکدەشکێنێت، و یاسا و ڕێسا باوەکان لە بار یەك دەردێنێت و هەڵیان دەوەشێنێتەوە، و دەچێت بە دەم لایەنە خوازراوەکانی واقیعەوە و شکۆ و پیرۆزی ڕابردوو نابێت چیتر ژیانی ئێستا و داهاتوو لە کەداربکات.

واتە ڕیالیزم، کۆمەڵ و کۆمەڵایەتیبوون دەکاتە ئامانج و ئەو خامۆشییە دەرەوێنێتەوە کە زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵی گرتبۆوە و کێشە و خەمە ڕاستەقینەکانی وەلاوەنابوون بۆیە زۆر ئاساییە بێنەوایەك گوزارشت لە خودی خۆی بکات و ببێتە شاکەس و پاڵەوانی هەردەقێکی ئەدەبی. کە ئەمە لە پێشتردا لە مەحاڵ، مەحاڵتربوو.

ڕیالیزم لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا ڕەگی خۆی قایمکرد و چەسپاندی، بە هیوای ئەوەی ئەدەب ببێتە پاژێکی سەرەکی لە چارەسەرکردنی ئارێشەکانی مرۆڤ، کە کۆمەڵگەکانی خستبووە باری گیانەڵاوە بە هۆی زیاتر بابەتبوونی ڕێبازی ڕیالیزمەوە، وایکردووە (ئەم ڕێبازە گەلێك کلۆچ و چەشنی لێبکەوێتەوە کەخۆی لەسەرووی ٣٠ ڕێچکە دەدات)(١)، دیارترینییان ڕیالیزمی سۆشیالیستی، ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە، ڕیالیزمی فۆتۆگرافی، ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە،... هتد. ئەوەی لە سەردەمی ئێستاشماندا دیار و بەرچاوە و پەرەیسەندووە ڕیالیزمی ئەفسوونگەراییە. ئەم ڕێچکەیە لە دەیەی سیی سەدەی ڕابردوو سەریهەڵدا، لە بەشێکی ئەدەبی ئەم دنیایە ئەویشووڵاتانی ئەمەریکای باشوور بوو وەك چیلی، کۆلۆمبیا، ئەرژەنتین، کوبا، پاراگوای، ئۆرگوای، پیرۆ، مەکسیك،... هتد. بێگومان ئەم ووڵاتانەش لە سەرەتا لە لایەن هەردوو ووڵاتی ئەوروپایی ئیسپانیا و پورتوگال داگیرکراون بۆیە ئەدەبەکەش زیاتر بە زمانی ئیسپانی و ئینجا زمانی پورتوگالی نووسراون. ڕیالیزمی ئەفسوونگەرایی لە دەیەی پەنجای هەمان سەدە بووە ڕێچکەیەکی تەواو خەملیوو، و ئەو پلە و پایەیەی بە دەستهێنا کە ئەدیبانی تەواوی جیهان خۆیان دەخیلی ئەم چەشنەی ڕیالیزم بکەن، شاکاری نەتەوەکەیانی لە سەر بنیاتبنێن و بۆیە هەر زوو وە هەرمێن کەوت، و ڕاڤە و شیکردنەوەی ئەم دۆخەی ڕیالیزمیش گەلێك ئاسانە و بیرکردنەوەیەکی ئاوای گەرەك نییە چونکە ڕیالیزمی ئەفسوونگەرایی گیایەکە بنجەکەی سامانی نەتەوایەتییە لە ئەدەبی نووسراو، و ئەدەبی نەنووسراو، هەموو نەتەوەیەکیش کەم تا زۆر بەشی خۆی هەیە، و دەتوانێت ئەم سامانە ڕەنێوبهێنێت لە ئەنجامیشدا وەبەرهێنانی لێبکەوێتەوە.

هەروەك لەپێشتردا ئاماژەمانپێكرد، ڕیالیزمی ئەفسوونگەرایی یەكەمین بێشكەی ژیانی لە وولاتانی ئەمەریكای باشوور بووە. بەلام دەبێت ئاماژە بەو ڕاستییەش بكەین وولاتانی باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیا وەك چین، فلیپین، كەمبۆدیا، تایلاند، بەنگلادیش... هتد دادەنرێت بە پێڕەوكاری ئەم ڕێچكە ئەدەبییە. لەنێوان ئەم كیشوەری ئەمەریكای باشوور، و وولاتانی باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیا، تەواوی جیهان ئەو شەپۆلە كاریگەرەی ئەمەریكای باشووریی هەلبژارد و ئەم ڕێچكە ئەدەبییەی پێبڕا. دەكرێت هۆكاری ئەمەش لەچەند خالێك چڕبكەینەوە، لە ئەدەبییاتی ئەمەریكای باشوور ژانری ڕۆمان بالا دەستە و هەلگری بەیداخەكەیە، كەچی وولاتان یان ( ناوچەی باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیا نیشتیمانی ژمارەیەكی بێ سنووری چالاكییە شانۆییەكانە، زۆربەی دراماكانیش فیكرەكەیان لە ئەفسانە و كەلەپووری میللییەوە وەرگیراوە و بە هەست و سۆزێكی تایبەتی دەخرێنەڕوو و بە شێوەیەك ڕەنگدانەوەیەكی تەواوی باری كۆمەلایەتی و ژیانی ئەو هەرێمانەن.)(٢). واتە جیاوازی ژانرێك لەگەل ژانرێكیتر و سەردەمێك لەگەل سەردەمێكیتر پالنەرێكی بەهێزە، بۆ ئەوەی وولاتانی ئەمەریكای باشوور هەژموونی خۆیان بسەپێنن بە سەر ئەدەبیاتی جیهانی. هەروەها ڕێچكەی ڕیالیزمی ئەفسوونگەرایی ڕاستەوخۆ و یەكەوڕاست تین و هێزیی لە ڕێبازی ڕیالیزم و ڕێچكەكانیتری وەرگرتووە، شتێكی حاشا هەلنەگرە ڕیالیزم و ڕێچكەگەلێكی ناسنامەی خۆیان لە ژانری ڕۆمان دۆزیوەتەوە، بە بەراورد لەگەل ژانرەكانیتری ئەدەب. ئەوەی تایبەتیش بێت بە وولاتانی باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیا، وەك ئاشكرایە دراما و شانۆ بوونی خۆی سەلماندووە لە چاو ژانرەكانیتر، ئەگەر بە هەلەدا نەچین ئەمە سەردەمی فەرمانڕەوایی كلاسیزممان بیردێنێتەوە، بەلام لە سەردەمێكیتر و لە كلۆجێكیتر.

نووسەر و ئەدیبانی ئەمەریكای باشوور، بە سەر مەشقی نووسەر و ئەدیبانی جیهانی دادەنرێن، بۆیە ژمارەیەكی بەرچاو لە نووسەر و ئەدیبانی كونج و سووچێكی ئەم جیهانە شوێنپێی ئەوانییان هەلگرتووە و بە ژێگرتنییان ناسراون.نووسەر و ڕۆماننووسێكی گەورەی وەك یەشار كەمالیش یەكێكە لە پێڕەوانی ڕێچكەی ڕیالیزمی ئەفسوونگەرایی و لە بەرهەمەكانییدا ئەم ڕێچكەیە ڕەنگیداوەتەوە، وەلێ بە لە چاوگرتنی ڕەسەنێتی و كوردەوارییبوون.

بۆیە نووسەر و ئەدیبانی ئەمەریكای باشوور لە ئاسمانی ئەدەبدا ئەستێرەیەكی درەوشاوەن، و لە زەمینەكەیشی دەشتێكی كاكی بە كاكین (ئەدیبانی ئەمەریكای باشوور، بە هۆی دیار و بەرچاوییان بەئەدیبانی پێشەنگ ناسراون)(٣) كەچی نووسەر و ئەدیبانی باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیا، هەمان شێوازی نووسەر و ئەدیبانی ئەمەریكای باشوورییان گرتۆتەبەر، بەلام دەبینین ئەو كاریگەرە قورسەیان نییە لە دنیای ئەدەبدا بە تێگەیشتنێكیتر ڕێچكەی ڕیالیزمی ئەفسوونگەرایی بە شێوازە ئەمەریكاییەكە، تخووبی هەموو وولاتانی تێشكشاندووە بە ئەدەبێكی جیهانگیری وێنادەكرێت هەرچی هی وولاتانی ئاسیاییە، ئەوەی لە دەست نەهاتووە تخووبەكان ببڕێت و بوونی خۆی لە وولاتانیتری جیهان بسەپێنێت، پێدەچێت مۆركێكی ناوچەگیری زالە بە سەریدا، هەربۆیە بەم شێوەیە ماوەتەوە، و نەیتوانیووە ماك و تۆوی ئەدەبێكی گشتگیر لە خۆیدا هەلگرێت.

خاڵێکیتر پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین، ئەویش ئەوەیە ڕیالیزمی ئەفسوونگەرایی جۆرە ئەدەبێکە خۆی، خۆی پێگەیاندووە و ڕەگێکی کلفەتی نەتەوەیی هەیە. ئەمەش بۆتە هۆکارێك بۆ ئەوەی پێڕەوانی لە نووسەر و ئەدیبان، بتوانن لە ڕێگەی بەرهەمەکانییانەوە، کە هەندێکیان بە شاکاری جیهانی ئەژمار دەکرێن، و شەش کەڕەت خەڵاتی جیهانی نۆبڵ بە دەستبهێنن بۆ خۆیان و نەتەکەوەیان گڵیبدەنەوە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەستکەوتێکی مەزنە، و سەرخانێکی بە برەوە و هاندەرێکی بەهێزە بۆ ئەو بەرهەمانەی کە لەمە بە دوواوە دەنووسرێن. بەڵێ ئەمەش وایکردووە ئەدەبیاتی ئەمەریکای باشوور بە گشتی، و زۆر بە تایبەتی ڕۆمانەکانیبیان، دەرفەت و هەلێکی زێڕینیبیان بۆ برەخسێنرێت بە مەبەستی پاچڤەکردنییان بۆ هەموو زمانە جیاوازەکانی جیهان، و لە چاو ئەو تەمەنە کەمەی هەیەتی پشکی شێرییان پێببڕێت.

هەروەها بەشێك نووسەر و ئەدیبانی ئەمەریکای باشوور، لە زانکۆ پێشەنگەکانی ئەورووپا و ئەمەریکا وانەبێژن و وانەی تیۆری و پراکتیکی دەڵێنەوە لە بابەت ئەدەب و ژانرەکانی، ئەمەش هێندەیتر وایکردووە ڕێچکەی ڕیالیزمی ئەفسوونگەرایی و پێشەنگانی بە زیندوویی و شکۆییەوە بمێننەوە، ئەوەی گرنگە لێرەدا باسیبکەین ئەوەیە، نزیکەی لە سەدا نەوەدی ئەدەبیاتی ئەمەریکای باشوور بە زمانە پڕ لە خەیاڵ و هەناسە درێژەکەی سێرڤانتس دەنووسن، کە شاکارێکی جیهانی وەك دۆنکیخۆتی بەرهەمهێنا، کە بۆ هەموو زمانە جیاوازەکان پاچڤەکراوە، واتە زمانی ئیسپانیای کۆلۆنیالکار، ڕۆڵی دەبێت لە ناساندنی ئەدەبیاتی وولاتانی کۆلۆنیالکراو بۆیە دەشێت شیمانەی ئەوەبکەین، گەر ئەدەبیاتی ئەمەریکای باشوور بە زمانی خۆجێی بنووسرابایە، بۆی هەبوو ئەم ناو و ناوبانگی و کاریگەرییەی ئێستای نەبووایە. دەکرێت پێچەوانەی ئەمەش تەواو ڕاست و دروست بێت.!

لە پێشتردا ئاماژەمانپێکرد، ڕێچکەی ڕیالیزمی ئەفسوونگەرایی و ژانری ڕۆمان شەتەکییانداوە و هەرگیز لە یەکتر داناپچڕێن و جیا نابنەوە، چونکە ڕۆمانە شاکارەکانی ئەم ڕێچکەیە دەبنە ناسنامە بۆ ئەم کیشوەرە، و لە هەمانکاتدا ڕۆمان بە هۆی ئەوەی پڕ خوێنەرترین بەرهەمی خوێنەرانی جیهانن و سەرکەوتنی بەرچاوییان بەدەستهێناوە، هەر ئەمەش دەبێتە پاڵپشتێك بۆ ئەوەی سینەماکارانی جیهانی بە بایەخەوە لێیبڕوانن، و بیترازێننە نێو جیهانی فیلمسازییەوە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ڕۆمانەکان گوزارشتێکی ڕوونە لە ژوار و ژڵێوانی گەلانی ئەمەریکای باشوور، کە لە هاوشێوەکانیان لە جیهانی سێهەمدا. واتە ( ڕۆمانی ئەمەریکای باشوور بەخت یاوەری بوو لە گەیشتن بە سەرکەوتنی لە هەموو بەشێکی وولاتانی جیهانی سێیەم و هاوتاکانی، ئەویش بە هۆی ڕەنگدانەوە و بەرجەستەکردنی دەرد و بەڵا و ناخۆشی و مەینەتییەکانییان)(٤). بە هۆی ئەو بارودۆخە نا لەبار و خراپەی کە سەری لە گەلانی ئەمەریکای باشوور و وولاتانی جیهانی سێیەم تێکداوە کە دۆخەکە بە تەواوی لە بەرهەمەکانییان ڕەگداکوتاوەو جیابوونەوەی بۆ نییە. واتە لووتکەی بابەت، یاخود ناوەڕۆکی بەرهەمەکان خۆی لەمانە دەبینێتەوە پرسی کۆلۆنیالکار و کۆلۆنیالکراو، شۆڕشگێڕتی و دوواتر بوون بە دیکتاتۆر، شەڕی براکوژی، هەژاری و برسێتی و قاتوقڕی، نەخوێندەواری و پەروەردەیەکی لەسەر، کارکردن بە منداڵان و بێنەواییان، بازرگانیکردن بە ماددە ترسناکە هۆشبەرەکان، ڕفاندن و دەستدرێژیی سێکسی، دروستبوونی تۆڕی دزی و گزی

و جەردەیی و دەست تێکەڵاو کردن لەگەڵ دەسەڵاتداران... هتد. ئەم پرس و بابەتانە لە هەستیارترینییان. کە هەموو گەلانی جیهانی سێیەم بەم ئاریشانەوە دەناڵێنن و ئینجا لە نێو هەر گەلێکدا ئاریشەیەك یان دووان بە زەق و زۆپی خۆیان دەنوێنن .

پێدەچێت ڕیالیزمی ئەفسوونگەرایی لای هەندێك نووسەر و ڕەخنەگر، بە قەبارەیەکی گەورەتر و دۆرینگێکی دوور و درێژتر باسبکرێت و خوێندنەوە و لێکدانەوەی بۆ بکرێت، لە چاو ئەوەی لە بارەی ئەم ڕێچکەیەوە باسدەکرێت و دەزانرێت. بۆیە وای دادەنێن ( ڕیالیزمی ئەفسوونگەرایی سەرباری شێوازە ستاتیکییەکەی، ژانرێکی ئەدەبییە کە تێیدا بنەمای ئەفسونگەرایی ئاوێتەی جیهانی واقیعیی دەکرێت)(٥). ئەو نووسەر و ڕەخنەگرانەی کە ڕێچکەی ڕیالیزمی ئەفسوونگەرایی بە ژانرێکی ئەدەبی دادەنێن، دەشێت لەو تێڕوانینەوە بۆی چووبن کە ڕیالیزمی ئەفسوونگەرایی بۆتەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە کە بنەما ئەفسووناوییەکان تێکەڵ بە واقیع دەبن و هەر لەو بۆتەیەشدا دەتوێنەوە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت وەك ژانرێکی سەربەخۆ ئەژماربکرێت و لێکدانەوەی بۆ بکرێت لەبەر ئەوەی ڕێچکەی ڕیالیزمی ئەفسوونگەرایی لە نێو دەقەکان دەدۆزینەوە، و لە هەر ناوچەیەکی فراوان، یاخود کیشوەرێك ئەم ڕێچکەیە تۆو ماکەکانی لە نێو ژانرێکی ئەدەبی دا هەستی پێدەکرێت و دەبینرێت. بۆنموونە لە کیشوەری ئەمەریکای باشوور ئەم ڕێچکەیە لە نێو ژانری شیعر بە گشتی ژانرەکانی چیرۆك و ڕۆمان بە تایبەتی ڕەنگڕێژکراوە، کەچی دەبینین لە کیشوەری ئاسیا و وولاتانی چین کە سەر بەم کیشوەرەیە بۆ خۆی دەکرێت وەك نیمچە کیشوەرێك سەیربکرێت، ڕێچکەی ڕیالیزمی ئەفسوونگەرایی لە ژانری دراما و شانۆگەری و ڕێوڕەسم و کەرنەڤاڵە میللییەکاندا ڕەنگیداوەتەوە. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی کە ڕیالیزمی ئەفسوونگەرایی ڕێچکەیە سەر بە قوتابخانەی ڕیالیزمییە، نەوەك ژانرێك بێت سەر بە هەموو قوتابخانە و ڕێبازەکانی ئەدەب بێت. بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەم ڕێچکەیە چوارچێوە و شێواز و ڕووخسار و ناوەڕۆکێکی تایبەت بە خۆی هەیە کە جیای دەکاتەوە لەوانیتردا. ئەمەش ڕەگداکوتان و پتەویی ئەم ڕێچکەیە دەگەیەنێت .

ڕێچکەی ڕیالیزمی ئەفسوونگەرایی، لە لایەن ڕۆژئاواییەکان و ناڕۆژئاواییەکان دا جیایە، هەریەکەیان بە چاوێکی جیا سەیری ڕێچکەکە دەکەن، و ئەو کاریگەرییەی ڕێچکەکەش دروستی دەکات و بەجێی دەهێڵێت لە ڕۆژئاوا و ناڕۆژئاوایی قووڵییەکەی دەگۆڕێت. واتە ( ڕیالیزمی ئەفسوونگەرایی لە لایەن کولتوورە ناڕۆژئاواییەکان چاکتر و ئاسانتر خوێندنەوە و لێکدانەوە و تێگەیشتنی بۆبکرێت)(٦). هۆکاری ئەمەش دیار و ئاشکرایە، بەڵێ ناڕۆژئاواییەکان باشتر لەم ڕێچکەیە دەگەن و لە گۆشەی جیاجیاوە دەیبینن ڕێچکەی ڕیالیزمی ئەفسوونگەرایی بە ناخی کۆمەڵگەدا ڕۆدەچێت و چینی پلە نزمی کۆمەڵگە بە سەردەکاتەوە بە قەستی دەرد و نەخۆشی و ناخۆشی و ناسۆرییەکانییان دەخاتە بەر نووکی قەڵەم بە مەبەستی نەشتەر. زۆرێك لە کۆمەڵگە ناڕۆژئاواییەکان بە هەژاری و نەداری و برسێتی و نەخوێندەواری و نادادپەروەری و گەندەڵی سیاسی و ئابووری کۆمەڵایەتی... هتد. دەتلێنەوە و لە گیانەڵادان. بۆیە ئەم ڕێچکەیە وەك ئاوێتەیەك وایە بۆ ناڕۆژئاواییەکان کە خۆیانی لێدەبینن. لەکاتێکدا زۆربەی ئەم دەرد و بەڵا و ناخۆشییانەی باسمانکردن دەمێکە لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان بەشێکییان کۆتایی پێهاتوە لە لایەکیترەوە ئەو ئەدەبیاتەی کە ڕیالیزمی ئەفسوونگەرایی بەسەردا

زاڵە بەشێکی زۆر زۆری گوزارشتە لە ئەدەبیاتی وولاتە ژێردەستە و داگیرکراوەکان. ئەوانەی شارستانێتییان لێتێکدراوە و زمانییان تواوەتەوە و کەلەپوور و کولتوورییان هەرزانفرۆشکراوە، یاخود بە تاڵانبردراوە. ئەمەش بەسەر زۆربەی کۆمەڵگە نارۆژئاواییەکاندا هاتووە. لەکاتێکدا وولات و کۆمەڵگەکانی رۆژئاوا، خۆیان سەردەستەن و هەندێکیشییان داگیرکەری زەبەلاحن، و خۆیان دەستییان لەو لایەنە خراپ و نەرێنییانەدا هەیە کە بەسەر وولات و کۆمەڵگەکانی نارۆژئاوایی دادێت، لەگەڵ هەڵە و کەم ئاوەزی نارۆژئاواییەکان کە خودی خۆیان لەم چەرمەسەری و کڵۆڵییە بەشدارن. بۆیە هێندەی تاکی نا رۆژ ئاوایی تام و چێژ لەو دەقانە دەکەن، کە رێچکەی ریالیزمی ئەفسونگەرایی تێییدا رەنگیداوەتەوە، تاکی رۆژئاوایی هێندە تام و چێژی لێوەرناگرن.

هەروەها سروشتی رۆژئاواییەکان وایە بە چاوێکی سوك و نزم و کەم لەو شتانە دەروانن کە زادەی بیر و ئەندێشە و کولتووری ئەوان نییە. هەرچەندە ئەگەر ریالیزمی ئەفسوونگەرایی بە برست و بەرهەمێکی کاریگەر و پرداهێنانیش بێت لە گرنگی و بایەخی کەم دەکەنەوە بە چاوێکی وا لێیناروانن کە شایستەی ئەو رێچکەیە بێت. ئەوەش دەرهاویشتەی ئەوەیە کە نارۆژئاواییەکان نرخ و بەها بۆ شتەکانییان دانانێن و هەمیشە چاوییان لە دەست مست و بیری رۆژئاواییە و تائێستاشی لەگەڵدابێت خۆیان بۆ کۆنەکراوەتەوە.

ریالیزمی ئەفسوونگەراییش وابەستەی کولتوورێکە کە کۆمەڵگەکانی نارۆژئاوایی بەرهەمییان هێناوە و دایانهێناوە. بۆیە زۆر ئاساییە ئەم رێچکەیە بابەتێکی ئەوتۆ نەبێت لایان.

سەرەرای ئەمانە وولاتانی رۆژئاوا، گەلێك رێباز و قوتابخانەی هزریی و ئەدەبیی و فەلسەفییان هەیە، پەیوەستن بە شتەکانی خۆیان نەوەك هی ئەوانیتر. ئەگەر پەیوەستیشبن بە بابەت و شتە نارۆژئاواییەکان ئەوە بە مەبەستی ئەوەنییە کە بایەخ و گرنگی پێبدەن بەڵکو ئارەزوویانە خۆیان خاوەندارێتی بکەن و مۆری خۆیانی تێبسرەوێنن.

دیاردە و شتەکانی سەرووی واقیع، دەبنە مایەی پێوەندییەکی سادە لە نێوان رێچکەی ریالیزمی ئەفسوونگەرایی و بزوتنەوەی سوریالیزم. لەگەڵ ئەوەی هەردووکییان تایبەتمەندییان جیاوازە و ئاوێتەی یەکتر نابن. بۆیە ( بە پێی هەندێك بیر و بۆچوون پێوەندییەکی ساکار هەیە لە نێوان ریالیزمی ئەفسوونگەرایی و سوریالیزم، وەلێ بە شێوەیەکی بەرچاویش جیاوازن لە یەکتری، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە ریالیزمی ئەفسوونگەرایی جەخت لەسەر ئەو شت و کەرەستانە دەکاتەوە کە لە جیهانی راستییدا بوونیان هەیە و ئاساییین) (٧). دەشێت خاڵی هاوبەش هەبێت کە ریالیزمی ئەفسوونگەرایی و سوریالیزم بە یەکەوە ببەستێتەوە وەك هەردووکییان بە رێژەیەکی بەرچاو لە بواری هونەری سینەما و شێوەکاری دا رەنگییانداوەتەوە. گرنگی و بایەخدان بە سەرووی واقیع لای هەردووکییان دەبێتە ئامانج بەتایبەت لای سوریالیزمەکان. لە ریالیزمی ئەفسوونگەرایی لە هەندێك بارودۆخدا و لە سوریالیزم بە بەردەوامی پانتاییەك نامێنێتەوە بۆ ئاوەز و ژیری و هەقیقەتی حاشا هەڵنەگر و ماقوڵبوونی وێنە و رووداوەکان. لەگەڵ ئەوەشدا هەردووکییان دەرهاویشتەی هەقیقەت و واقیعییەت و ئەزموونی تاڵ و ناخۆش و کۆن و چەماویین و گوزارشتن لە سەردەمی خۆیان، سەرەرای ئەوەی لەم چەند خاڵە و لەچەند خاڵێکیتردا لە یەکتر دەچن. لەگەڵ ئەوەشدا لە بنەرەتدا جیاوازن بۆنموونە سوریالیزم

سەرومڕێکی تەواوی لەگەڵ خود دا هەیە و دەبێتە ناوەند بۆ بەرهەم و داهێنانەکانییان کەچی ڕیالیزمی ئەفسوونگەرایی کۆهەستی و نەستی تێدا زاڵە و خودیش دەبێتە شوێنکەوتەی ئەو. سوریالیزم، وەك بزووتنەوەیەکی نوێخوازانەی ئەدەبی و هونەری و تاڕادەیەك فەلسەفەی خۆی دەنوێنێت، کەچی ڕیالیزمی ئەفسوونگەرایی سەر بە قوتابخانەی ڕیالیزمە و پێشینەیەکی مێژوویی هەیە و پێیەوە پابەندە. نامەئلووفبوون لە هەردووکییاندا بوونی هەیە، بەڵام نامەئلووفبوون لە سوریالیزمدا سنوور و پێوەر بە تەواوی تێکدەشکێنێت، و تا ئەو شوێنەی کە هەست بەوە ناکرێت نامەئلووفبوون پێوەندی بە مەئلووفەوە هەیە. ڕێچکەی ڕیالیزمی ئەفسوونگەرایی نامەئلووفبوون سنووردار دەکات و پێوەندی نێوان مەئلووف و نامەئلووف دەدۆزێتەوە و ئینجا بەکاریان دێنێت، سوریالیستەکان هەموو بیر و بیرۆکەکانییان بە هۆی کاریگەرییەکانی نەستییان کۆت و بەند دەکەن دەیانخەنە ژێر ڕەحمەتییان. کەچی بیر و بیرۆکەکان لە ڕیالیزمی ئەفسوونگەرایی بەم شێوەیە تەخت و تاراجییان وێران ناکرێت و ڕووبەڕووی لەسمبوون نابنەوە بەم شێوەیە. لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەرییە نەستییەکان لە ڕیالیزمی ئەفسوونگەرایی بەها و بایەخی خۆی هەیە و فەرامۆشنەکراوە.

## شیکردنەوەی دەقـــەکـــان

ڕۆماننووس، واقیعی حوکمڕانی و دەسەڵاتداری دەوڵەت دەخاتە ڕوو کە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان کە هاووڵاتیانی خۆیان چەواشەبکەن و بە لاڕێیاندا بەرن. بێگومان دیاردەیەکی ئاواش پەیوەستە بە نەبوونی هۆشیارییەوە لای یەکە بە یەکەی تاکەکان. بۆ نموونە دەرەبەگ بەشێوە و ڕووخسار و قسە نەماوە لە ڕۆمانی "تەنەکە" دا، کەچی لەسەر زەمینەی واقیع و کار و کردەوە، و لە مامەڵەکردن و هەڵسوکەوت کردندا بوونی هەیە و وەك جاران پەکی لە هیچ کەسێك نەکەوتووە، سەرەڕای ئەوەی، سەر لەبەری میللەت بە قسەی بە باق و بریقی و گەورە و زل هەڵخەڵەتێندراوە، و ئازادی بۆتە چەمکێك هەموو پێیدەووەستین و لە پەنای ئەمەوە دەسکە گوڵی خۆیان لێدەدەن، و ئەوەی باسی ئازادی دەکات، خودی خۆی ئازادی مرۆڤەکانیتر پێشێل دەکات و ژێر پێیان دەخات.

**( ئەم میللەتە ئیتر لەگەڵ دەرەبەگایەتیدا هەڵناکا، بۆی قووت ناچێ. ئێمە ووڵاتەکەمان گەیاندووەتە هێزی ئەورووپا. من کابرایەکی گوندنشینی وەرزێرم سەرتۆپی سامانەکەم بە خاکەوە وەرکردووە گوتم، دەرەبەگمان لێ پەیدابووە، ئاوی لێ برین. جەندرمەی میللەتی لێ کردین بە تێلای دەستی زۆردار. بەڵێ ئاوای کرد ئەفەنم. جەندرمەی لەسەر بەنداوان دانا. گوتم، من ئەگەر بۆ ئەم نیشتمانە نەبێ و بۆ دابینکردنی پێداویستی سوپاکەمان نەبێ دەنکە چەڵتووکێکم نەدەچاند. لۆکە دەچێنم گەورەم. گوتم هیچ نەبێ فیداکارییەك بکەم. تۆ وەرە وەرە منداڵۆچکەیەکی هەر هێندەی پەنجەیێ ئاوت لێ ببڕێ. ئەمن مورتەزام. مورتەزای کوڕی قەرەداغلیم، چۆن دێڵم ئەمەی بە سەرەوە بچێ؟ گوتم. گەورەم دەرەبەگایەتی مرد. میللەت ئێستا ئازادە. ئازادی کوڕی ئازادە. ئەمڕۆ باوی ئەوە نەماوە بە کەسێ بڵێی لێرە هەستە بچۆ لەوێ دانیشە. بەڵێ دنیا کە وای لێهاتووە. نە بەشوان، نە بەگاوان. تەنانەت بە سەگی بەر دەرکەشت ناتوانی هیچ بڵێی. ئەمەش هەمووی لە سای سەری جەنابتانەوە. کەواتە بۆ ئەم دەرەبەگەتان بە دیارمانەوە کردووە بە کەڵەگا؟ لە کوچە و کۆڵانان، لە بازاڕ هەر کەسێکی وەگیرکەوێ وەبەر شاپانی دەدا و بە قامچی و تازیانە دێتەوێزەی. بەرتیل وەردەگرێ، گوندی دەڕووتێنێتەوە و دەیانخاتە سەر ساجی عەلی.)**

( تەنەکە، ل ٩٨ )

کەسایەتیی حەمەدۆك، بۆتە واقیعێك کە دوژمنانی وای دەبینن ئەگەر حەمەدۆك بکوژرێت، ئەوا ئەوەی بزوتنەوە و جوڵانەوە هەیە کۆتایی پێدێت، و ئیتر نەتەوەکەشی لەگەڵیدا ماڵئاوایی یەکجارەکی دەکەن، و بەسەرپێ ناکەونەوە، کە چی دۆست و یاوەر و هاوڕێ و خزم و کەسانی حەمەدۆك گەیشتوونەتە ئەو واقیعە ئەگەر حەمەدۆکیش لە نێوببرێت، ئەوا چەندان حەمەدۆکیتر جێگە و پێگەکەی پڕ دەکەنەوە. واتە حەمەدۆك گیای نەمریی خواردووە، بۆ نموونە ئەگەر حەمەدۆك جارێك بمرێت هەزار جاریتر زیندوو دەبێتەوە، و هەر پەیوەستە بە دڵی نەتەوەکەیەوە.

**( دایە حۆری تێی ڕاخوڕی:**

**"چیتە، چ بووە؟"**

**حەسۆ لە ماڵێك دا باوەشی كردبووە جوابی دایەوە:**

**"هیچ نییە، جارێ وەرە ژوورێ، وەرە ژوورێ خوشكە حۆری."**

**دایە حۆری لە كاتێكدا لە ڕقان نێوچاوانی گرژكرد بوو گوتی:**

**"با، شتێك هەیە."**

**حەسۆ شێلم لەسەرەخۆ گوتی:**

**"ئێستا وەرە، ئێستا وەرە ژوورێ."..**

**ئەمجا بە سپایی قۆڵیی گرت و ڕایكێشا. دایەحۆری بە ڕاوێژێكی توندوتیژ گوتی:**

**"دیسان حەمەدۆكتان كوشت؟ باشە بابمرێ، بیكوژن، پێت وایە ئەگەر حەمەدۆك بمرێ كاری ئەم دنیایە هەموویان جێ بەجێ دەبن؟ دایكەكان دیسان سەد حەمەدۆكیان دەبێ، حەمەدۆك نامرێ، دەمرێ زیندوو دەبێتەوە. ئەگەر مردبێ، خۆمان خۆش. ئەگەر مردبێ لە پێش چاوی دوژمنان چەقەنە لێ دەدەم، چەقەنە لێ دەدەم و شادمانی دەكەم، لە پێش چاویان هەڵپەڕین دەگرم. حاڵی بووی؟"**

**"خوشكە حۆری، جارێ وەرە ژوورێ."**

**"ئەگەر حەمەدۆكیان كوشتبێ شایی دەگرم، شایی."**

**ئەمجا ڕووی لە لای ئاوەدانی كرد و هاواری كرد:**

**"حەمەدۆك جارێك دەمرێ، هەزارجار زیندوو دەبێتەوە. دایكەكان خۆش بن، دایكە....كان.....)**

((حەمەدۆك، ب ٣، ل ٢٧٢ ))

بێگومان واقیعیش ئەوەی سەلماندووە بە لە دەستدانی هەر سەركردەیەك، ڕێبەرێك، سەرۆكێك... هتد، خەبات و تێكۆشانی خودی نەتەوەكەوە نابڕێتەوە و كۆتایی نایەت.

چیرۆكی دڵداری و ئاوێزانبوونی مار لەگەڵ مرۆڤەكاندا، تا ڕادەیەك بۆتە بابەتێكی واقیعی، و لێرە و لەوێ چەندە گوێمان لەوە دەبێت مار چۆن لەگەڵ مرۆڤ دەخەوێت، بە تایبەت ڕەگەزی مێینە بێت. بە چەشنێكی وا هەردوولا ئاڵوودەی یەكتردەبن، و نەمارەكە زیان بە مێینەكە دەگەیێنێت و نەمێینەكەش لە مارەكە دەترسێت. هەردوو لا چێژ لە یەكتری وەردەگرن. یەشار كەمال، ئەم وێنەیەی كە خەریكە دەبێتە واقیعێكی تەواو باوەڕپێكراو بۆ خوێنەران دەكێشێت.

**( دڵداری ماران لەگەڵ ئینسانیشدا... مارێ دڵی دەچێتە كچێ، ساڵانی ساڵا كچە بۆ هەر كوێیەك چووبا. ڕاوی دەنا. لەگەڵیدا دەچووە بن جێگاوە، سەری لەسەر بالیف دادەنا و لەگەڵیدا دەنووست. تەنانەت بێ ئەوەی كچە پێ بزانێ،لە گەڵیشیدا دروست دەبوو لە ناو قەدیدا دەبوو بە دووقات... كچە هەر كە مارەی لە باخەڵیدا دەدیت لە ترسان ئەرز و ئاسمانی بە خۆی نەدەگرت. هەر ئەوەنەی شێت و هاربێ لە پاشان لەگەڵیدا ڕادێ. نە ڕادەچەنێ و نە دەزریكێنێ. كە خەبەرهات مارە دەخزا و بۆی دەردەچوو. ڕۆژێكیان مارە بۆچی لە باخەڵی كچەكەدا ئەمێنێتەوە. ڕاناكا. براكانی كچەكە مارەكە دەكوژن. كچەیش لە تاوان دەست بە گریان دەكا، لە**

**خەفەتان هەر ئەوە نابێ شێت بێ. مارەکان تا دەهات پتریان گوڕدەستاند. تا دەهات پتر تێك دەئاڵان و لێك هەڵدەبڕان...)**

(( کاریتە، یا ئەودیوی چیا، ل ٤٤٢ ))

بێگومان یەشار کەمال ئەم وێنەیەی لە واقیعی کۆمەڵگەکەی وەرگرتووە، کە ماری نێرینە دەکەوێتە داوی دڵداری مێینە هەڵسوکەوتی مرۆڤەوە، و هەروەها لە نێو کۆمەڵگەی ئێمەش وا باوە ئەگەر هەر مرۆڤێك ئەم چەشنە مارانە بکوژێت کە لە پێشتر دا باسمانکرد، ئەوا لە لایەن مارەکانیترەوە، مرۆڤەکە بە ئامانج دەکرێت پێوەی دەدرێت، لە کاتێکدا ئەمە هیچ بنەمایەکی زانستیی نییە، بەڵکو لە نێو کۆمەڵگەکەی ئێمەدا وا باوە.

ڕۆماننووس، پێیوایە بە حوکمی ئەوەی مرۆڤ بونەوەرێکی فرە کۆمەڵایەتییە، بۆیە لە ڕێی ئەمەوە دەتوانێت بە ئەوانیتر بە ئاسانی ئاشنابێت، و شارەزای وورد و درشتی مرۆڤ و گەلێك دیاردە و شتیتری هەبێت. لەم سۆنگەیەوە "پیریوسفی مەیتەر"، ژیانی واقیعی خۆی هەمووی گوزارشتە لە ئەسپ و ماین ڕاگرتن و بەخێوکردن، بۆیە ڕاستییەکی جێگیری لەلا گەڵاڵە بووە و تەواو درك بە ژیانی ئەسپ و ماینەکان دەکات، و ئامۆژگاریی کوڕەکەی دەکات کە پێش ئەوەی خۆی تێر خواردن و خواردنەوە بکات، پێویستە ئەسپە بۆرەکەی تێر خواردن بکات. واتە دانایی "پیریوسفی مەیتەر" لەوە دایە مرۆڤ نابێت گیانێکی خۆپەرستانەی لەلا بسازێت و بە تەنگ و هانای خۆی بێت، و سەرلەبەری ئەوانیتر فەرامۆش بکات.

**( پیریوسف هەر لەئەسپەکە هاتە خوار و نەهاتە خوار گازی کوڕەکەی کرد، گوتی:**

**"لاوۆ، لاوۆ، ئەسپە بۆرە ماندووە. جڵەوی بگرە، نیو سەعاتێك بیگێڕە. لە پاشان تێراوی کە، ئالیکی بدە. تیمارێکی چاکی بکە، دەسماڵ و قەشاویشێکی جوانی بکە. ئەمە وەسیەت و شیرەت و ئامۆژگاریی من بێ بۆ تۆ، لە هەر کوێیەك دەبی ببە، خوای دەکرد لە شەڕ دا دەبووی، یا لە سەرەمەرگدا، یاڵڵای دەکرد چل ڕۆژان برسی دەبووی، یاخۆ لە شەکەتی و ماندوویێتییدا دەمردی، یا لە تینووان زمانت بستێ درێژ دەبوو و خۆت بە سەر پێوە نەدەگرت، نابێ بە تەنگ خۆتەوە بێی، لە پێش هەمووشتێکدا دەبێ سەیری ئەسپە بۆرەبکەی، هەموو ئاتاج و پێداویستییەکی جێبەجێ بکەی، ئینجا لە پاش ئەو خۆت بخۆ. دەبێ وەك منداڵێکی نازداری خۆتی تەماشا بکەی، بۆ ئەوەی ئەسپەبۆرە ببێ بە برات " )**

(( ئەفسانەی کوێر ئۆغڵی، ل ٦٥ ))

واتە خودی هەر یەکێك لە ئێمە چی پێ خۆش و چاك و پاك و پەسن بێت بۆ خۆی، دەبێت ئاواش بۆ بەرامبەرەکەی بەم گیانەوە هەوڵ و کۆشش بدا و هەمووانی لەبیر بێت و تا بۆی بکرێت مافییان بدات.

ئەو خۆشەویستی و ئەڤینداری و عەشقەی گوڵبەهار و ئەحمەد، کە تا مۆخی ئێسکان ڕۆچوو بوو بەرە بەرە خەریك بوو کاڵبێتەوە و تامەکەی ناکامی بێت.

لە کاتێکدا "مەحموودخان" باوکی گوڵبەهار ڕێگرێکی سەخت و دژواری ئەم بە یەکگەیشتنەی گوڵبەهار و ئەحمەد بوو، و لە هەمبەر ئەحمەدیش بە کۆنە قین بوو گوایە ئەسپی پاشای زەوتکردووە، و چیاییەکی وەکو ئەحمەد دەبێت لێیبدرێت و شەقتڕێن بکرێت! چونکە تخووبی پیرۆزییەکانی و دەسەڵاتی پاشای لە چەند ڕوویێکەوە

بەزاندووە. لە هەمانکاتیشدا ئەسپەکە بۆتە ئەنجامی ناسینی "گوڵبەهار" و "ئەحمەد"، ئەحمەدیش پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە هەم ئەسپەکە و هەمیش کیژەکە گوڵبەهار خەڵات و دیاریی خوان و خەڵات و دیاریی چیای ئاگرین.

**( ئەحمەد وەکو بەردی بن گۆم بێ سەروشوێن لە زیندانا مایەوە**

**ئەحمەد هەرچەندی دەکرد بڕوای بەم پەرجووە بەدیهاتووەدا، بەم ئەفسوونە گڕاوییەی گوڵبەهاردا، بەم بۆن و بەرامەی ژنانەیدا نەدەهاتەوە و وەکو خەون ببینێ وابوو و لە خۆڕا وەگجومان دەکەوت و لە خۆی دەپرسی: خەونە، ڕاستەقانییە، ئیدی تا نێو مۆخی هێسکانی، ئەوین و دڵداری ڕۆچوو بوو و لە هەموو ئازاری گیانییەوە سەر ڕێژی دەکرد و پاشان بای دەداوە سەر هەست، بە بەختەوەری، ئینجا جارێکی دیکە خامۆشی، بێ بڕوایی لە هەموو تروسکەیەکی دەدزییەوە کە واتا ئەسپەکە بۆ ئەمە هات، لە پێش دەرکەی وەستا.**

**کە واتا خوا لە چارەی نووسیبوە، ئەم ئەسپە، ئەم کیژە دیاریی خوایە، خەڵاتی چیای ئاگرییە و پێی بەخشیومن. دەبێ شیاوی ئەم خەڵاتە بم گوڵبەهار وەکو گوڵێکی بۆن تیژی چیای ئاگری، تەڕ و بڕ، پاراو، تونا و، لە تەندروستیدا وێنەی نەبوو و پیاو سەری سووڕدەما.)**

(( ئەفسانەی چیای ئاگری، ل ٥٣ ))

لە ئەنجامی ئەو واقیعە تاڵە و ناخۆشەی کە بە سەر "حەسەن"ی کارەکتەری سەرەکی دەقەکەدا دێت، و هەر لە منداڵییەوە باوکی دەکوژرێت و دەکەوێتە بەر دەستی ئەم و ئەو و بە هەتیوی ژیان بەسەر دەبات. حەسەن بڕوای هێندە بە کەس و خزمانی نامێنێت، و ئۆقرەی لێهەڵدەگیرێت، وەکو شێت بە نێو ئاواییدا دێت و دەچێت، بۆ بەدبەختییەکەی پەنا بۆ دار و بەرد دەبات.

**( هەموو ڕۆژێ حەسەن دەچووە دیدەنی داپیرەی، داپیرەشی هیچی نەدەگوت. مردوو لە گۆڕستان قسەی بکردایە، داپیرە و خەڵکی گوند قسەیان نەدەکرد... کە ئاوایی بەو کڕوکپییە دەدی حەسەن وای دەزانی کەس باسی دایك و باوکی ناکات. ..**

**حەسەن لە بەیانییەوە تا دەمە و ئێوارە بە ناو گونددا دەهات و دەچوو... هەر کەسێکی تووش بووایە. لێی نەدەبووەوە، دەچووە بن دەستییەوە، ئەوەندەی نەدەما لێی بپاڕێتەوە بەشکو شتێکی لێ دەربێنێ، بەڵام کەس فزەی نەدەکرد... باوك و دایکی حەسەنیان لە بیرکردبوو، ئەگەر کار وا بڕوا، مەگەر هانا بۆ دار و بەرد بەرێ و قسەیان بۆ بکات دوواجاریش داوای قوتاربوونییان لێ بکات. )**

(( مارەکەیان بکوشتایە، ل ٦٦ ))

هۆکاری گوێنەگرتن لە "حەسەن"ی کارەکتەرە، بۆ ئەوەی دەگەڕێتەوە کە خودی "حەسەن" و دەور و بەرەکەشی هەرکەسە بەوای خۆیدا خەریك و کەوتووە، و ناخۆشیی و مەینەتییەکانی ژیان تەنگییان هەر بە "حەسەن" هەڵنەچنیووە، و بەڵکو ئەوانی تریش بەشێکن لەم هاوکێشەیە. ڕۆماننووس، توانیوویەتی ئەو واقیعە بخاتە ڕوو کە دووچاری خەڵکی هەژار و ڕەش و ڕووت بۆتەوە. خەڵکەکەش بە هەمووان باوەڕێکی ئاوایان لە لای دروستبووە تەنیا لە ڕێی ئازادکردنی مەل و

باڵندەیەکەوە کە وێردی بەسەردا بخوێندرێت، ڕەزامەندی و بەهەشتی خوا بە دەست بێنن.

**(... خەڵکەکە لە دەور قەفەسەکاندا کۆ دەبوونەوە و لەگەڵ یەکتردا دەکەوتنە پێشبڕکێ، تا بزانن کێ زۆرتر مەل دەکڕێ... ئەو کاتانە مەلبازەکان و ڕاوکەرەکان بە دیار قەفەسەکانیانەوە زەرد نەدەبوونەوە. هەموو ڕۆژێ لە پێش کڵێسا و کەنیشتە و مزگەوتەکاندا هەزاران باڵندە و وێردی بەسەردا دەخوێنراو ئازاد دەکرا. خەڵکەکەش بە چاوی خۆزگە و ئومێدو ئێرەییەوە دەیانڕوانییە مەلە ئازادکراوەکان).**

(( باڵندەکانیش کۆچیان کرد، ل٥٧ ))

واتە تا باڵندەکان لە لایەن مرۆڤەکانەوە ئازاد نەکرێن، ئازادی مرۆڤەکان نایەتەدی، و ڕەزامەندیی خۆیان و خوای خۆشییان بە دەست ناهێنن.

ڕۆماننووس، واقیعییەتی ژیانی لادێ و ئەشکەوت نشینان، لە ڕێی چیرۆك و بەسەرهاتەکانییەوە ئاشکرادەکات، و وای پیشاندەدات ئەو چیرۆك و بەسەرهاتانە چۆن لە ژیانییان ڕەنگیداوەتەوە و سووژەیانی داگیرکردووە. لەم سۆنگەیەوە شتی مەئلووف و نامەئلووفیش دەبینین. هەندێکییان لەگەڵ واقیعدا دەگونجێن و هەندێکیتریان تەواو پێچەوانەی واقیعن، بەس تەنیا خوا بزانێت مێشکی مرۆڤ چۆن ئەم دژە واقیعەی چێکردووە.

**(هەزاران کچی سەوز لەبەری باڵا کورت، لەوێ سەمایان دەکرد، هەڵدەپەڕین. هەزاران گوڵ لە ناو ئەشکەوتەکەدابوو.. بۆنی ئەو گوڵانە ئەو ناوەی گرتبووەوە.. فەرشی ئاوریشمینیان ڕاخستبوو.. لەو لای پاشاوە مەسینەیەکی زێڕیان دانابوو، لە مەسینەکەوە ئاوێکی زوڵاڵ دەهاتە خوارەوە.. کچان بە یەکادەهاتن باڵیان هەبوو ئەمجا سینی گەورە گەورەی زێڕین هات، هەر سینیەك بەرخێکی سوورەوەکراوی لەسەر دانرابوو.... بۆ بەیانی هاتمە ئەشکەوتەکە.. نە فەرشی ئاوریشم، نە مەسینەی زێڕین نە پاشای جنی لێبوو...).**

(( گەمییەکەی نووح، ل ٦٢ ))

ڕۆماننووس، ئەو دەسەڵاتە توندوتیژ و ڕەشبگیرییەی ئیمپراتۆری عوسمانی کە داگیرکارییەکی زۆری لێکەوتۆتەوە بە تارمایی دەچوێنێت، ئەو کەسانەی لەم تارماییە ڕزگاردەبوون لە کەیفسازی خۆیان دایاندەکوتایە شایی و لۆغان و هەڵپەڕین. واتە واقیعییەتی ئیمپراتۆری عوسمانی واقیعێکی تاڵ و تفتە بۆ ئەو نەتەوانەی کە بە تەواوی نە دەکەوتنە ژێرباری قورسی داگیرکارییانەوە. مانەوە لە نێو ئەو واقیعە پڕ تارماییە مانەوەیە لە نێو دۆزەخ، و ڕزگاربوون تێیدا شادبوونە بە بەهەشت و خۆشییەکانی.

**(... دەڵێن لەو دوورگەیەدا تارماییەك دەسوڕایەوە لە بەر ئەو تارماییە تەنانەت کەس تخوونیشی نەدەکەوت. ئەو یۆنانییانەی کە دوورگەکەیان جێدەهێڵا، لەوەی کەوا لە دەست ئەو تارماییە خەریکی دەرباز دەبن، لە خۆشحاڵیان لە پێستی خۆیاندا جێیاننەدەبوویەوە دوای وەرگرتنی فەرمانی کۆچکردن سێ شەو و سێ ڕۆژ دایانکوتایە شایی و هەڵپەڕین. هەر گوناهێکیش هەبێ ئۆباڵی لە ملی ئەوانە. لەکاتێکدا کە ئەوان لە خۆشیان خەنی ببوون، تارماییەکەش هات و خۆی خزاندە نێو کۆڕی ئەوان سێ شەو و سێ ڕۆژان شایی بۆ کردن و هەڵپەڕی.**

**بەمشێوەیە، عوزێرخان، ئەو هاونیشتمانییەی خۆی بە تەنێ لەو دوورگە جنۆکاوییە بەجێنەدەهێشت و هەرچۆنێك بوا ئەوێی پڕدەکرد لە خەڵك... هێشتا کۆچ و ڕاگواستن هەر بەردەوامە، لە قەفقاز، باڵکان، دوورگەکان، لە کوردستان، میزۆپۆتامیا و سوریە هەروا خەڵکە و دێت ).**

(( بڕوانە فورات خوێناویە، ل ٧٤ ))

ڕۆماننووس لە ڕێی گوتاری ئەدەبەوە، ئەو واقیعە بەرجەستە دەکات کە بە سەر میللەتانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانی سەپاندبوو، ئەویش خۆی لە کۆچ و ڕاگواستنی زۆرە ملێوە دەبینێتەوە.

هیچ لەم وێنە و دیمەنانە لەگەڵ واقیعە ئاساییەکە ناگونجێت، بەڵام واقیعییەتی تاریکیی شەو و ژیان و گوزەرانی نێو ئەشکەوت، وێنە و دیمەن و بیرۆکەی وا دەخوازێت و خۆی دەسەپێنێت.

ڕۆماننووس، وێنەی بازاڕی ماسی فرۆش و ماسیگرانمان بۆ بە دیاردەخات، و ئاوێتەی سۆز و ئەندێشەی خۆی دەکات، واقیعیەتێکیتری پێدەبەخشێت کە لە واقیعە بینراوەکەی ناچێت، بە جۆرێك ماسی فرۆش و ماسیگرەکان بە تێکچڕژاوی دەبینرێن لەگەڵ سروشتدا.

**( وێنەی بووکی دەریا، گوڵی گەورە گەورەی پەمەیی دۆلفینەکان، دارچنارەکان، ئاڵا، وێنەی کابرایەکی ڕیشدار سواری کۆڵە دۆلفینێك بووە، یونس پێغەمبەرە ئەمە، بازاڕی ماسی فرۆشان بە بریسکانەوەی تیشکی پوولەکە ماسی خنکاوە.... تۆڕەکی ماسی گرتن، کەسك، شین، سپی، سوور، هەزار ڕەنگ، هەزار چەشنی ماسی ناو تۆڕن، تیشکەکان، با، ئەستێرە، منارەکان هەزار ڕەنگ تێکەڵ بوون و تێکچڕژاون،... دۆلفینەکان، بە بەرزی منارەیەك فیشك و هۆڕ ئاو بە ئاسمانا دەکەن... خوێنی سوور لە ئاسمانەوە دەبارێ... خوێنی ئاڵا... خوێنی سوور. دۆلفینە سوور هەڵگەڕاوەکان دادەکەون و خوێنی ئاڵا لە سەریانەوە فیچقە دەکات، خوێن و سوورایی، سوورایی و خوێن تێکەڵ بە یەکدی دەبن و ڕەش هەڵدەگەڕێن ).**

(( دەریا تۆرا، ل ٨٠ ))

## بە مێژوو کردنی ئەدەب، ڕووداو لە مێژوودا و ڕووداو لە ڕۆماندا

هەر لە ئەزەلەوە نەتەوەی کورد، سەروبەندی لەگەڵ مێژوودا هەبووە، لە هەموو سەردەم و قۆناغە مێژووییەکاندا کورد بوون و ڕۆڵی بەردەوامی هەبووە لە ڕووداوە گرنگەکان دا ، کە مێژوو ناچارە ئاوڕییان لێبداتەوە و تیشکییان بخاتەسەر. لێرەدا بۆمان هەیە بڵێین هەر خودی نەتەوەی کورد مێژووی بەشێك لە مرۆڤایەتی سازاندووە، بەڵام ئەوەی سەیرە و جێگەی سەرسوڕمانە، مێژوو لە ئاست نەتەوەی کورد بێڕێز و بێبەزەییانە لای لێکردۆتەوە، هەمیشە بە زیانی کورد تەواو بووە، پەڕەکانی مێژووش گەواهیدەری ئەو ڕاستییە تاڵەن، و پڕیەتی لە داکشان و شکست و نسکۆ مەگەر بەس نەتەوەی کورد بتوانێت سەریان لێدەربکات و بیانخوێنێتەوە لەئاست گەورەیی و جەرگبڕییان چۆك دانەدات. (هەر بۆیە هەندێ کەس، کورد وەك قوربانیی مێژوو وەسفدەکەن)(٨). بەڵێ سەبارەت بە نەتەوەی کورد، مێژوو وێنەی دەست و مستی جەللادەکەیە، و کوردیش وێنەی مەرگی قوربانییەکەیە. بە درێژایی مێژوو کورد گیان و قوربانی بەخشیووە بۆ سەلماندنی مافە ڕەواکان و هێنانەدیی ئامانجەکانی، بەڵام جێگەی داخە ڕووداوەکانی مێژوو هەرگیز یاوەری کوردییان نەکردووە، ئاڕاستەی بایەکانیش هەموو دەم بە پێچەوانەی بەخت و تەختی کوردان هەڵیانکردووە. مێژوو وایهێناوە کە کورد پەڕاوێز بخرێت و ڕۆڵی کارەکتەرێکی لاواز بگێڕێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەش نەتەوەی کورد توانیوویەتی گیان بە بەرخۆیدا بکات و بۆ هەمیشەیی بەرگری لە زیندوویّتی خۆی بکات، و سەنگ و قورسایی خۆی لە دەست نەدات.

بایەخی مێژوو لەوە دایە، جۆش و خرۆشێك دەدات بە ڕابردووی بوونی ئەو نەتەوەیە و لە هەمانکاتدا پانتایەکی زۆر داگیردەکات لە یادەوەریی تاکەکانیدا. نەتەوەی بێ مێژوو وەك گیا و دەوەنێك وایە کە لە نێو زبڵ و خاشاك و پاشماوە هەڵتۆقیبێت، کەس نازانێت ئەم گیا و دەوەنە لە کام پاشماوە سەرچاوەیگرتووە. بۆیە ( لە هەموو کۆمەڵگەکاندا بە شێوەی جۆراوجۆر لە سەرگرنگیی ژیانەکیی مێژوو پێ دادەگیرێ و وشیاری دراوە کە نەتەوەی بێ مێژوو مەحکووم بە لەنێوچوونە)(٩). بۆئەوەی مێژوو هێندەیتر کۆڵەگەکانی تۆکمەتربێت، پێویستە لە پرۆسەی نووسین بە تایبەتی دەقی ئەدەبییدا ئامادەبوونی هەبێت ئەویش بە مەبەستی ئەوەی دەقەکە جوانتر و ئەدەبیتربێت، نەك دەقێك بێت گوتاری ڕابردوویی و مێژوویی بە سەریدا زاڵبێت. ئەمە لە لایەك و لە لایەکیتردا هەر دەقێکی ئەدەبی بۆی هەیە ببێتە ئاوێنەی سەردەمەکەی و گوزارشتبێت لە ماوەیەکی مێژوویی دیاریکراودا. ڕۆماننووسێکیش کاتێك ئاماژە بە ڕووداوێکی مێژوویی دەکات، یان بابەتێکی مێژوویی لە بەرهەمەکەیدا دەمەزرێنێت. هەرگیز مەبەستی ئەوەی نییە وەکو خۆی دایبنێتەوە، یاخود بە قاڵبی خۆی دایبڕێژێتەوە، بەڵکو بۆئەوەیە ڕوانین و بۆچوون و خوێندنەوەی جیاواز لە خۆبگرێت، و لە چوارچێوەیە مێژووییەکە دەربیهێنێت و ڕەهەندی نەتەوەیی و کولتووری، و ڕەخنەیی، و ئیستاتیکی و جیاوازی و وەك یەکی ڕۆژگارەکان و پرۆسەی گۆڕانکاریی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و بیرکردنەوە... هتد بخاتە پاڵی بایەخ و گرنگیی مێژوو هیچی کەمترنییە لە بوار و کایەکانیتر، بە تایبەت بۆ ساغکردنەوەی پرسێکی هەستیاری وەك نەتەوە و نەتەوەخوازی، کردەی مێژوو کردەیەکە هەموو ڕووداو و دیاردە و شت و پرسەکان لە خۆدەگرێت و هیچی وانابینین لە دەرەوەی

مێژوودا بوونی هەبێت. هەروەها ئەم کردەیە بەردەوامە و هاوکات لەگەڵ ڕووداوەکانی هەر نەتەوەیەك لە گەشە و گۆڕان دایە و لە خاڵێکی چەسپاو دا ناوەستێت. (بەڵام بۆچی مێژوو ؟! ئەمەش لەبەر ئەوەی، مێژووی لێژبوونەوە بنبڕ و یەکلاییکەرەوەکانی هەر نەتەوەیەك، پرسیاری مێژوویی ئاڕاستەی هەر نەتەوەیەك دەکات و گرنگیدانی هەر نەتەوەیەك بە مێژوو، نایەوێت نەتەوەکە لە لانەی ڕابردوو دەربێنێت و لە ناوەوە بیشارێتەوە و لێی ڕابکات، بەڵکو دەیەوێ ئەو ڕەگوڕیشەیە بدۆزێتەوە کە کۆمەڵگا و نەتەوە بە ڕابردووەوە ببەستێتەوە و پەندی لێوەرگریێ)(١٠). بە مانایەکیتر ئەوا مێژوو دەبێتە زایەڵەی نەتەوە و کۆمەڵگەو زەمینەسازکردن بۆ یەکڕیزی و یەکێتی و پتەوکردنی ڕیزەکانی هەر نەتەوەیەك، بێگومان ئەمانەش هەستێکی کەم نین، کە مێژوو ڕۆڵی خۆی تێیاندا دەبینێت و ساز و ئامادەیان دەکات، دووای جێبەجێکردنی ئەمانەش مێژوو دیسانەوە بوونی خۆی دەسەلمێنێت و تین و هێز دەدات بۆ کەوتنەوەی توانای بەرگریکردن و مانەوە و بەردەوامبوون، ئەمە بەرئەنجام و تەناهی مێژووە بۆ ئەو نەتەوە و کۆمەڵگایانەی کە بە دروستی سوود لە مێژوو وەردەگرن و موو بە مووی دەپشکنن، نایانەوێت ببن بە پاتەخۆری ئەم و ئەو. کاتێکیش نووسەرێك یاخود ڕۆماننووسێك، ڕووداوێکی مێژوویی لەبەر هەمەکەیدا دەمەزرێنێت و بەرجەستەی دەکات دەیەوێت پێمانبڵێت باش بیخوێننەوە، چونکە مێژوو خەسڵەتی هەرەدیاری ئەوەیە کە دووبارە و چەندبارە دەبێتەوە بە هەندێك دەستکارییەوە هەر ئەوەندە هەیە کاتەکەی دەگۆڕێت و شوێنەکەی دەگوێزرێتەوە.

چ بواری ئەدەب، چ بواری مێژوو کۆمەڵێك ڕاستی و بڕوا و متمانەیان لە خۆیاندا حەشارداوە، بەڵام هەریەکەیان بە شێوە و شێوازێك پەردە لە سەر ڕووی ئەو ڕاستییە هەڵدەماڵن و چاکتر ڕوونییان دەکەنەوە بۆیە ( نابێت هونەرمەند ڕووداوی مێژوویی بشێوێنێت و درۆ و دەلەسە و گزی و ساختەکاری تێبخات، و کەسێتییەکانی مێژوو ڕووبەڕووی بەدگۆڕان بکاتەوە)(١١). بە واتایەکیتر ڕۆماننووس هیچ نەبێت لە چوارچێوەی زانستێك دا مامەڵە لەگەڵ زانستی مێژوو بکات و بیبەستێتەوە بە زانستی ئەدەبەوە. بێگومان هەردووکییان زانستن، بەڵام زانستی ڕوت و نین، بەڵکو زانستی مرۆڤایەتین و لە خزمەتی پرسە مرۆڤایەتییەکانیشدان، وێڵن بە دووای ئەو پرسیارانەی کە پێویستە هەڵوەستەیان لەسەر بکرێت و بە پێی پێویست وەرامبدرێنەوە. ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئەوەیە، ئەدیب و مێژوونووس پێویستە ڕاستگۆیی و بوێری و بێلایەنی خۆیان لە دەستنەدەن و قۆناغ لە دووای قۆناغ ئەمانە تۆختربکەنەوە، هەروەها هەست بەو ڕاسپاردانە بکەن کە لەسەر شانیانە و دیاردە و ڕووداوەکان لە وونبوون ڕزگاربکەن و هەریەکەیان لە دەلاقەی خۆیەوە تۆماریان بکات، سەبارەت بەو کەسێتییانەش کە جێپەنجەیان دیارە لە بنیادنانی سەردەمێك لە سەردەمەکانی مێژوو و بەرەو پێشبردنی ڕەوتی کۆمەڵگە، ئەوا دەبێت مێژوونووس و ئەدیب لەو پەڕی بڕوا و متمانەی نەتەوەکەیان دابن و کەسایەتیی خۆیان نەدۆڕێنن و نەبنە شایەر بە سەر ئەم و ئەودا هەڵبڵێن، و لەهیچ وخۆڕایی کەسانێك شکۆمەند و پیرۆزبکەن کە شایەنی ئەوەنین ئەم شەرەف و شکۆیەیان پێرەوابیبنرێت.

ڕۆماننووس، لە ڕێی کاتی ئێستادا ئارەزوو دەکات داوەتێك بۆ کاتی ڕابردووی میللەتەکەی سازبکات و کەنەفتی و تالوکەکانی نەوەی ڕابردوو، بە نەوەی ئێستادا ئاشنابکات. دەکرێت ( بەردەوام هەوڵی ئەوەبدەین

ڕووداوی مێژوویی لە ناوەوە ببینین، وەك تێگەیشتن و بەهاکانی سەردەم بیانوێنین، وەلێ ناکرێت لە سەر خەڵکەکە بیسەپێنین)(١٢). پێویستە هەر مرۆڤێك لە ئێمە هەستێکی ناوەکی بۆ مێژوو و ڕابردووی نەتەوەکەی بسازێنێت و سەرەتا لە خۆیەوە دەستپێبکات بۆ ئەوەی ڕێزان بێت لە ئاست مێژوو و ڕابردووی نەتەوەکەیدا ڕەنگرێژی ئێستا و داهاتووی بکات، و لە کاروانی نەتەوەکانیتردا دانەبڕێت. ئەوەی دەمێنێتەوە کە پەیوەستە بە ڕۆماننووسەوە، یاخود نووسەرەوە ئەوەیە ڕووداو و بەسەرهاتەکانی مێژوو، ناشێت قارچك ئاسا هەڵبتۆقێنن و هەر ئاواش بە بیری نەوەکانی ئێستادا بێننەوە، و بێهودەیی هەموو ژیانییانی بتەنێتەوە. هەروەها کارێکی ناپەسند و ناڕەوایە ڕووداو و بەسەرهاتەکانی مێژوو بە زۆرە ملێ بسەپێنرێت بەسەریاندا.بەڵکو پێویستە ڕۆماننووس، سروشتێکی دێمەکاری بە بابەت و ڕووداوەکانی مێژوو ببەخشێت و لە بەرهەمەکەیدا بیمەزرێنێت. واتا مێژوو وەك خۆی، وەك مێژوو سەیربکات، نەوەك وەك بیر و ئایدیۆلۆژییایەك بانگەشەی بۆبکات، و وەك هەر ڕێسا و دەستوورێك بیسەپێنێت و نەتەوە ناچاربکات پێرەوی بکەن و لێی لا نەدەن و ملکەچی بن.

هەندێك ڕەخنەگر پێیانووایە، بابەتی مێژوویی کەرەستەیەکی خاوە بۆ نووسینی ڕۆمان و لەهەمانکاتدا حازر بە دەستە و ماندووبوونێکی ئەوتۆی ناوێت، چونکە بابەتی مێژوویی بە کەسێتی و ڕووداو و شوێنکاتەوە سیخناخە. واتە(مێژوو کەرەستەیەکی ئامادەکراو بۆ داهێنەر فەراهەم دەکات و نووسینی بۆ ئاسان دەکات، کە بەپێی گۆشەنیگا و مەبەستی دەتوانێت ڕووداوەکان دووپاتبکاتەوە و بیانسازێنێت و پێکیانبهێنێتەوە، ئەمەش کەمترین ماندووبوونی گەرەکە وەك ئەوەی ڕووداو و کەسێتی و کات و شوێنیتر بەرهەمبهێنرێن)(١٣). لەگەڵ ئەوە هاوڕاین کە بەڕاستی مێژوو کەرەستەیەکی خاوە بۆ ژانری چیرۆك و ڕۆمان. وەلێ لەگەڵ ئەوەدا هاوڕانین کە کەرەستەیەکی ئامادەکراوە و نووسینی ئەدەبی ئاسان دەکات. بابەتی مێژوویی و مەزراندنی لە دەقێکدا بە دەستتەنگێك ناکرێت کە سەرلەبەری بابەتەکان وەکو خۆی کۆپی بکات و دیسانەوە بیاننوسێتەوە و بیانگێڕێتەوە. بەڵکو ڕۆماننووس دەبێت بە هەستیارییەکی فرە مامەڵە لەگەڵ بابەتی مێژوویی بکات. هەروەها دەستچنی و دەستڕەنگینی خۆی بسەلمێنێت لە بە ئەدەبکردن و خەیاڵکردن و دیسانەوە بە واقیعکردنی مێژوودا. ئەمەش کارێکی هەروا ئاسان نییە کە لەمەوە پێشتر باسی لێوەکرا. بەڵکو دووجار داهێنانە. بۆ؟ چونکە ئەرکی ڕۆماننووسە توخمەکانی مێژوو لە کەسێتی و ڕووداو و شوێن و کاتەکان هەڵبوەشێنێتەوە و تێکیانبشکێنێت و لە بۆتەی ئەدەبدا بیان توێنێتەوە، و کاتی ئەوە هاتووە داهێنانی ئەدەبییان لێدابڕێژێت. بە واتایەکیتر مێژوو نووس یەکسان نییە بە ڕۆماننووس، و هەربۆیە توخمەکانی مێژووش یەکسان نین بە توخمەکانی ڕۆمان.

هەموو مۆرك و سەرخانێکی کۆمەڵگە، ئەوانەی لە ڕابردوودا بوونییان هەبووە قارچکئاسا هەڵنەتۆقیوون، و ئەوانەی دوایی ئەمانەش دێن لە پڕێکدا دروست نابن، بەڵکو پێوەندییان هەیە بە پرۆژەیەکی مێژوویی دوور و درێژ، یاخوود لەگەڵ سەردەمی مێژوویی ڕسکانی کۆمەڵگە سەرهەڵدەدەن ئەوە هێز و برست و کاریگەریی مێژووە نەمان و کوژانەوە سڕینەوە و لە ڕەگوڕیشە دەرهێنان مەحاڵ دەکات، وەك چۆن چەند دەقێکی ئەدەبی و هزریی، هیچ دەرفەتێك بۆ ئەوە ناهێڵنەوە کە ئەو کۆمەڵگەیە یاخود نەتەوەیە ناسنامە و پێگەی ڕەسەنی خۆی لە کیس بچێت و لەلایەن ئەوانیترەوە حاشا لە بوونی بکرێت. بۆیە چ مێژوو و چ ئەدەب ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لە

بەستنەوەی سەردەم و قۆناغەکانی نەتەوە و لە توانایاندایە کۆن و نوێ، یاخود ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو بە یەکتر ببەستنەوە. لەگەڵ ئەمانەشدا مێژوووناسی و ئەدەبناسی خاوەن گووتار و پەیامی سەربەخۆی خۆیانن. بۆیە لێرەدا جێی خۆیەتی بڵێین ( هەر لە سەرەتاوە ڕۆمان، مێژووی وەك کەرەستەیەك بەکار نەهێناوە کە لە ڕێگەیەوە ژانرە ئەدەبییەکەی پێبگێڕدرێتەوە، بەڵکو مێژوو لە ژانری ئەدەبییدا هەڵدەستێت بە گێڕانەوەی شوێنکات و کولتوور و کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو)(١٤). ئەدەب و مێژوو، خەسڵەتی ئەوەیان تێدایە ببن بە دەرخەر و دیارخەری هەموو سەردەم و قۆناغەکان. گەلێك سەخت و دژوار دەبێت بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ژیاری و... هتد نەتەوەیەك، خوێندنەوەیەکی دروستی بۆ بکەین بەبێ ڕەچاوکردنی ئەمانە. ئەو گفتوگۆ و وتوێژ و بەسەرهات و ڕووداو و شوێنکاتانەی لە ئەدەب و مێژوو دا تۆمارکراون دەمانگەینن بە ئەنجامێکی متمانەدار و بیروباوەڕێك کە بڕوای پێبێنین چ لە ئەدەب بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەتی و چ لە مێژوو کەسایەتی، ڕووداو و بەسەرهات و شوێنکات و سەرەتا و ناوەند و دەرئەنجام بەدیدەکەین. بەڵام هەردووکییان بە شێوەیەك دەیگێڕنەوە کە لەگەڵ گوتار و پەیامەکەیان وێکبێنەوە و بگونجێن. دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە پردێك هەیە ئەدەب و مێژوو بە یەکترەوە ببەستێتەوە و هاوەڵی و دۆستایەتییان لە نێواندا هەیە سوود لە یەکتر دەبینن و یەکتر جوان دەکەن. بەڵام مێژوو پرۆژە و زانستێکە کار لەسەر ڕاستییەکان دەکات وەك خۆی و لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات. کەچی ئەدەب، پرۆژە و زانستێکیترە کار لەسەر ڕاستییەکان دەکات بە دەستکارییەوە و لە ڕووبەرێکی وادا کە هەمەڕەنگی ڕاستی و خەیاڵ و ئەندێشە و هەست و نەست و جوانیی تێدا دەبینرێت بەمەش ئەدەب دووردەکەوێتەوە لەوەی وەك زانستێکی ڕووت مامەڵەی لەگەڵدابکرێت و بەڵکو پێویستی بەوەیە لە چەند گۆشەوە بوارێکی جیاوە بۆی بچین و لێی بڕوانین.

# شیکردنەوەی دەقـــەکـــان

ڕۆماننووس، ئەو سەردەمە مێژووییەی ئیمپراتۆری عوسمانی، لە ڕۆمانی "تەنەکە"دا دەمەزرێنێت کە گەندەڵی کارگێری و ڕاوڕووت تەنگ بە ئیمپراتۆری عوسمانی هەڵدەچنێت، و دامودەزگاکانی ئیمپراتۆرییەت خەریکە بە تەواوی لەبارێەکهەڵدەوەشێنەوە بە هۆی ئەم گەندەڵییەوە. بە چەشنێك بە هۆی ناکۆکی و ململانێی و مامەڵە و سەوداکردن بە پۆست و پلە و پایەی میرییەوە هەندێك لە پلە و پایە و پۆستەکانی میری بۆ ماوەیەکی کاتی بە بەتاڵی دەمێننەوە و کەسانێتر بە بریکاری کاروباری خەڵکی ڕاییدەکەن و ئەم بریکارانەش لە توانایان دانییە، یاخود بڵێین ناوێرن بە گوێرەی پێویست بڕیار بدەن و ئیشوکاری هاووڵاتیان بە شێوەیەکی بەجێ و ڕێ بڕوات بەڕێوە.

بۆیە خەڵکەکەی ژێردەسەڵاتی عوسمانی بە لادێ و شارنشینەوە، بە تورك و کورد و ئەرمەنی... هتد.گەیشتبوونە باوەڕێك کە تەنیا لە ڕێی "بەرتیلدان"ەوە دەتوانن ئیشوکارەکانییان بە تەواوەتی ڕاییبکەن بۆیە بە هۆی ئەم بارودۆخە ناهەموار و نالەبارەوە زۆربەی بوارەکانی ژیان پەکی کەوتبوو بە تایبەتی بواری کشتوکاڵ و چاندن، کە بۆ ئەو سەردەمە کۆڵەگەیەکی بەهێزی ئابووری بوو هەم بۆ خەڵکەکە و هەمیش بۆ حکوومەت. بۆیە زۆر ئاساییە "ڕەسوڵەفەنی"، کاتبی تەحریرات ببێت بە بریکاری قایمقام و ئەویش بە نیوەچڵی کارەکان ڕایی بکات.

**( سێ مانگ بوو قەزا بێ قایمقام بوو. ڕەسوڵەفەنی، کاتبی تەحریرات بە بریکاری ئەو لە جێی قایمقام بوو. ئەویش سەرت گرتبا و پێت گرتبا پیرێکی بێ دەسەڵات و بەزەمانەسازبوو. لە سێبەری خۆی دەپرینگایەوە. هیچ کارێ بەم کابرایە ڕانەدەپەڕا.**

**مانگی گوڵانیش هات و ئیجازەی ڕاگرتنی چەڵتووك چاندن دەستی پێکرد. خەڵکەکە لە چەڵتووك چاندن دەستی پێکرد. خەڵکەکە لە جەنگەی نەخشەکێشانی کشتوکاڵ و بە کرێدانی زەویوزار و شەڕ و هەرای ئاو و ئاودێری و کڕین و فرۆشتن و دەسبڕی و دادۆشین و تێکەوتن و تەفرەخواردن بوون. ڕەسوڵەفەنی قایمقامیش دەیگوت:**

**"من لووت لە کاری چەڵتووکەوە ناژەنم. ئەگەر زانیومە والی لە کارم دەخا لووتی تێوە ناژەنم و ناژەنم" و لەمەزیاتر چیی تری نەدەگوت ).**

(( تەنەکە، ل ٥ ))

هەروەها "ڕەسوڵەفەنی" نموونەیەکی بەرزی نیمچە کار بەدەستێکی عوسمانییە کە بەرتیل و بەرتیلکاری ڕەتدەکاتەوە. خەڵکەش ڕاهاتوون بە بەرتیلدان بۆیە گیرییان بە "ڕەسوڵەفەنی" یەوە خواردووە کە بەرتیلدانی پێگوناهە و بە تایبەت لە تەمەنێکدایە کە ساڵ و نیوێکی ماوە بۆ ئەوەی خانەنشین بکرێت.

**( هەرچی چەڵتووکچێنیش بوون شەو و ڕۆژ بە دەوروبەری ڕەسوڵەفەنیدا دەخولانەوە و کلکەسووتێیان لە پێش دەکرد. ڕەسووڵەفەنیش کە بیگوتایە نا نا، خواش لە قسەی خۆی پەژیوانی نەدەکردەوە دەیگوت :"مەکەن. پیاوی چابن مەکەن، لاملی لار دەکردەوە و فرمێسکی درشت درشتی لە چاو قەتیس دەما."**

**دەپاڕایەوە و دەیگوت "مەکە پیاوی چابە جەنابی ئاغا مەکە. ئێوە ئاغایەکی گەورە و گرانن. چتان لە ڕەسوڵێکی وەکو من دەوێ؟ سەری بگری و بنی گری بە هەمووی ساڵ و نیوێکم ماوە بۆ تەقاویتی. گوناه وەباڵی ماڵ و منداڵم مەخەنە ئەستۆی خۆتان. بەو کارەوەم مەگلێنن " ).**

(( تەنەکە، ل ٦- ٧ ))

کاتێك کۆمارییەکان لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەسەڵات دەگرنە دەست، هەر کوردەکان بە سەرکردایەتی حەمەدۆك بە دوژمنی باوەکوشتەی خۆیان نازانن بەڵکو چەتەکانیش کە مەبەستییان کوردە شۆڕشگێڕەکانە و شایەر و سۆفی و خانەقا و مەلا و شێخیش بە دوژمنانی خۆیان دەزانن. بە چەشنێکی وا گومانییان لە لا دروستبووە کە هاونەژادەکەشییانی گرتۆتەوە کە لە سەردەمی عوسمانی دەسەڵاتدار بووینە، و بە کۆنەپەرست و پاشکەوتوو ناوییان دەبەن، ئەمەش بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە کە ڕەوتێکی ئایینی بە سەر ئیمپراتۆرییەکەدا تا ڕادەیەك زاڵبووە بۆ بەدی هێنانی بەرژەوەندییەکانییان. بۆیە "عارف سەلیم بەگ"، داوا لە "یاوەر" دەکات کە سەر لەبەری دەوڵەتی کۆماری لاو لەو کەسانە پاکبکاتەوە و ڕاست و چەپ دەستییان پیابنێت بەمەبەستی لەنێوبردنییان .

**( ئێمە لە حەوت بەران، لەگەڵ حەوت وڵاتان بە شەڕ هاتووین، تا ئەو وڵاتەمان ساغ کردۆتەوە و پاراستوومانە، ئێستا بێڵین چەتە و شایەران بە یارمەتی سۆفی، خانەقا و شێخان لێمان تێك دەن ! نەخێر، ئەوجار مستی کۆماریان وەسەری دەکەوێ! کە تۆم دەوێ دەستبەجێ ئەو جندەیەی، ئەو مارە ژاراوییەی بگری ! شایەرەکانیش... بۆ خۆم عەلی زار قایشی باش دەناسم. لە شەڕی سەربەخۆیی لەگەڵمان بوو. دەستێکی تفەنگ بوو و دەستێکی سازەکەی... ئێستاش چووە ڕەگەڵا چەتان کەوتووە؟**

**زولفۆ گوتی:**

**ـ جەنابت ڕاست دەکەی ئەوە هەموو دەبن سەری دایە سوڵتانی دایە و ئەویش بۆ خۆی لە دەرەوە دەستوور وەردەگرێ. ئەوەتا ئێستاش باوەڕی پاشکەوتووانەی هەر ماوە. چەتە، شایەر، بەیتبێژ، مەلاو حاجی هەن و بەردەوام دژایەتیی کۆمارە لاوەکەمان دەکەن! ئەوانە بە پروپاگەندەی ڕووخێنەر و کۆنەپەرستانە کە ڕیشەیان دە سەدان ساڵ پێش ئێستا دایە دەیانەوێ لاوازمان بکەن!. دوژمنی سەرەکی ئێمە حەمەدۆك نییە، بەڵکو باوەڕی کۆنەپەرستانە و پاشکەوتووانەیە!**

**مامۆستای فێرگە سەری بۆ لەقاند و گوتی:**

**ـ بەڵێ، نەزانی و کۆنە پەرستی!**

**موڕتەزای خۆی تێکەڵی باسەکە کرد:**

**ـ وایە، دەنا چەتەیەکی وەك حەمەدۆکی چۆن بە تەنێ ئەو شتانەی پێ دەکرێ ؟ هەتا هەموو هێزە نەیارەکان ڕیشەکێش نەکەین، نیشتمانەکەمان بە تەواوی ڕزگار نابێ! ).**

(( حەمەدۆك، ب ٤، ل ٥٤٨ ))

ڕووداو و کارەساتە مێژووییەکەی سەرەتای سەدەی ڕابردوو، کە بە ساڵی قات و قوڕی و نەهامەتی و گرانی و برسیەتی ناسراوە. کاریگەری بە سەر ڕۆماننووسەوە جێدێڵێت و زۆر بە سەرسامی و سەرسوڕمانەوە باسیدەکات.بێگومان ناوچەکەش، کوردستان دەبێتە ناوەندێکی ئەم ڕووداو و کارەساتە نامرۆڤانەیە.

**( دەڵێن ئەوساڵە، ساڵی قاتوقڕ و نەهاتەکە، کە خەڵك قەزوانیان دەهاڕی و دەیانکرد بە نان و لە جیاتی پێخۆر کەنگر و کاردوویان لە دەشت و دەر خڕدەکردەوە ).**

(( کاریتە، یائەودیوی چیا، ل ٣٨ ))

**( گژوگیا زەرد و سووتاوەکان کە لەبەر تاوەکە هەڵبرینگابوون و ڕەنگییان گۆڕیبوو. گوڵی سەر گژوگیا بەرزەکانیش دەتگوت دارن، وشك ببوون. چوکووراوا وەك ئاگر دەگری. هەر شقارتەیەکت پێوەنابایە، هەموو دەشتەکە لە چاو تروکانێکدا گڕی دەگرت ).**

(( ئەودیوی کوێستان، گیای نەمر، ل ٣٢٧ ))

ڕۆماننووس، ئەوسەردەمە مێژووییە لە دەقەکەی دەمەزرێنێت، کە کاربەدەست و سوڵتانانی عوسمانی لەسەر تەختی حوکمڕانێتی دابووینە، و لە باتی ئەوەی خزمەت بە خەڵکی ڕەش و ڕووت و بێدەرەتانن بگەیەن، خەریکی ژیانی تایبەتیی خۆیان بووینە و کوێرانە بە دووای حەز و ئارەزووی خۆیان کەوتوونە، بۆیە بە بڕوای ڕۆماننووس خەمی هەرە گەورەی بەشێك لەم کاربەدەست و سوڵتانانە ئەوەبووە چۆن ئەسپێکی جوان و ڕەسەن و چاك بۆ خۆیان گڵبدەنەوە و بە لاف و گەزافەوە سواریبن. ئەم چەشنە ئەسپانەش لای ئاغا و بەگەکان دەردەست دەکرێن بۆیە ئەمانەش لە پێناو مانەوەی خۆیان و درێژەدان و فراوانبوونی قەڵەمڕەوییان ئامادەن هەموو شتێك بۆ کاربەدەست و سوڵتانانی عوسمانی بکەن.

**( ئەوسەردەمە ئەستەمبوڵ پادشانشین، بۆڵۆو بەگنشین بوو. دیارە کوڕانی عوسمانی دەستییان بەسەر ئەستەمبوڵێ ڕادەگەیشت.**

**هیچ پێویستی بەکەلاخستن و بواردنییە، کەس نییە نەیانناسێ. دەوجا با ئێمە لە بەگی بۆلۆوەوە دەست پێ بکەین.**

**بەگی بۆلۆو، ئەو سەردەمە بەگێك بوو هێندەی پادشاکانی عوسمانی گرنگ، ئەوەندەی وان بەشان و شەوکەت بوو. لاو بوو، قۆز بوو. هۆزەکەی خۆشییان دەویست، شانازییان پێوەدەکرد.**

**ئەم بەگە کەڵەگەتە، ژیرە، قۆزە، دادپەروەرەی بۆلۆو، جوانترین ئەسپ و ماینی سەر دنیای لە بۆلۆو، بەخێودەکرد. ناوبانگی ئەو ئەسپ و ماینانەی ئەو پێی دەگەیاندن تخووبی ئەنەدۆڵێی بەزاندبوو، گەیشتبووە هیندستان و فەڕەنگستان و ئێران و تووران.**

**کە دەیانگوت : بەگی بۆلۆو جوانترین ئەسپی وەکو با، وەکو پەلەوەر، وەکو تریشقە بە بیراندا دەهات. سەر بێ سەرئێشان نابێ، بەگی بۆلۆوش سەرئێشەیەکی زۆر گەورەی هەبوو. بەڵام چ سەرئێشەیەك، تووشی دوژمنت بێ. دەرد و سەرئێشەکەی ئەوە بوو هەر لە کۆنەوە نێوانی لەگەڵ پادشاکانی عوسمانلیدا ناخۆش بوو و لەگەڵیاندا هەڵی نەدەکرد.)**

(( ئەفسانەی کوێر ئۆغڵی، ل ٦ ))

ڕۆماننووس، لە"ڕۆمانی ئەفسانەی چیای ئاگری"دا سەرەنجمان بۆ پێکهێنان و دامەزراندنی "سوارەی حەمیدییە = ئێستر سواری" ڕادەکێشێت، کە لە ساڵی ١٨٩١ لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمەوە دامەزرا. ئەمە هێزێك بوو زۆربەی هۆز و تیرەکانی کوردی باکووری کوردستان بەشداربوون تێیدا کە ژمارەی کوردەکان نزیکەی دە هەزار سوار دەبوو بێجگە لە کوردیش نەتەوەی وەك ئەلبان و چەرکەسیش تێیدا بەشداربوون.

ئەو بە زۆر ناردنەی کورد بۆ ناو سوپای تورك وای لە زۆریان کردبوو کە بچنە ناو ڕیزی هێزی سوارەی حەمیدییەوە کە لە ژێر سەرکردایەتی دەرەبەگەکانی کورددابوون و ئەمەیان لا باشتربووە لەوەی بچنە ناو سوپای تورکەوە کە هەمیشە سەرکردەکانی تورك بووە. ئەمانە هەموو چەکیان لە حکوومەت وەردەگرت و دەبوایە لە پێشدا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە ژێر چاودێریی ئەفسەرە تورکەکان دا مەشقییان پێ بکرایە و پاش تەواوکردنی مەشق دەبوایە چەکەکانییان بدایەتەوە بە حکوومەت هەتا کاتی پێویستی و سەرۆك عەشیرەتەکان. هەریەکەیان نازناوێکی سوپاییان پێ ئەدرا وەکو پاشا دەسکەوت و خەڵاتی ئاشکرایان وەردەگرت و لەناو ئەو هێزانەدا دەسەڵاتییان لە دەسەڵاتدارێتی دەرەبەگێتی یا پاشا زۆرتر و بەهێزتر بوو و ئەو هێزە لە کوشتاری ئەرمەنییەکان و عەرەبە ناسیۆنالیستەکان بەشداربوون و میللەتی کورد خۆشی لە دەستدرێژی و تاوانی ئەو هێزە ڕزگاری نەبوو تاوانێکی زۆریان هەبووە بەرامبەر کوردەکانی دەرسیم و باشووری کوردستان(١٥). "مەحموودخان" وەك کارەکتەرێکی سەرەکی "ئەفسانەی چیای ئاگری"، ئەو قۆناغە مێژووییە لە دەسەڵاتدارێتی ئەودا بەرجەستە دەبێت.

**(" زۆر سەلام لە محمودخان دەکەم، پێی بڵێ کیژەکە لە کوڕە مارەببڕێ. ئەو کچەش وەکو ئەسپەکەیە، تازە بووە بە ئی کوڕە. ئەمنیش بۆی دەنووسم مەحموودخان ئەگەر نامەکەی ڕۆستەم پاشای، کەبەخەتێکی خۆش نووسرابوو، خوێندەوە گوتی : "هەی قاڵچاغی کوڕێ قاڵچاغ، گاڵتەم پێ دەکا دەبا ئەو، بەسەر خۆی هاتبایە: بەگێکی چیا کیژی ویی فڕاندبا. جا هەنگی بمزانیبا گاڵتەی بە چ دەهات؟ یانەکو زمانی هەڵدەهاتەوە بە تەوسەوە بڵێ : لە سۆنگەی کچێك بە تەمابی ئاگری شەڕ بەو هەموو دنیایە هەڵایسێنێ دەوجاوەرە، منیش سەگی وام بە دۆست زانی و لە ماڵی خۆمم وەکو پادشایان ڕێزلێ گرت. هەبێ و نەبێ بە خیلی و ئیرەیی بە کۆشك و سەراکەمدا هاتووەتەوە و بەم نامەیە تۆڵەی خۆیم لێ دەکاتەوە .**

**لەشکری وەکێشا سەر قەڵای خۆشابێ. باشە هاتوو لەبەر بەگی خۆشاب، دڕندەیەکی وا بەزی، لەوەتی قەڵای خۆشاب قەڵای خۆشاب بوو بەزینی بە خۆیەوە نەدینیبوو).**

(( ئەفسانەی چیای ئاگری، ل ١٢٢ -١٢٣))

زیندان و زیندانیکردنی تاکی کورد، بۆتە بەشێك لە ژیانی کورد، ئەویش بە هۆی ئەو ستەم و نادادپەروەری و ناسۆرییانەی دووچاری مرۆڤی کورد بوونەتەوە. بۆیە کاتێك کوردێك فەرمانی زیندانیکردنی بۆ دەردەچێت، دوژمنانی هەر بە زیندانیکردنەکە ناوەستن، بەڵکو ئازار و ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونیش لەو لاوە بووەستێت، چونکە گریمان کوردێك تاوانێك بکات، بە هۆی کوردبوونییەوە چەند تاوانێکیتریش لە چاوەڕوانییدایە.

**( له زیندان حەسەنم ناسی. ئەو بوو هێنایان، زیندانییەکان دەورەیان دا " تەواو دەبێ.. تەواو دەبێ، زیندانییەکان بۆ دڵدانەوەی وایان پێگوت. حەسەن ئەو لێوەی لێك نابوو نەیدەترازان و ورتەی نەکرد، زیندانییەکان ویستیان ئاو و شۆربای و شتی دیکەی بۆ بێنن، بەڵام ئەو نە بە قسەهات و نە دەستی برد شتێك بخوات.... جەندرمەیەك تا هێزی تێدابوو زللەیەکی پێدا کێشابوو خەڵکی گوند بە چاوێکی لە جاران جیاوازتر تەماشایان دەکرد. کە بە ناو گوندێکدا تێدەپەڕی زارۆك و ئافرەتی گوند بە ترسەوە تەماشایان دەکرد، ژن و منداڵ، پیر و لاو بۆ تەماشا و بینینی دەهاتنە سەرە ڕێگای وەك لە زیندەوەرێکی سەیر و سەمەرەی نەفرەت لێکراو و بە سام بڕوانن.)**

(( مارەکەیان بکوشتایە، ل ١٠ ، ١١))

ئەوەیە مێژوویەکی پڕ لە نەهامەتی و کارەسات، سەرباری زیندانیکردن، ڕووبەڕووی زلەپیاکێشان و تێهەڵدان ببیتەوە، و لە نێو ئاپۆڕەی خەڵکیدا بتهێنن و بتبەن. شایستەی ئەم حاڵەیە چونکە کوردە ؟.!

ڕۆماننووس، لە ڕێی گێڕانەوە دەمانباتەوە، ئەو سەردەمە مێژووییەی کە حوجرەکانی مزگەوت و قوتابخانە ئاینییەکان، ئەرکی فێرکردنی ڕۆڵەکانییان گرتوونەتە ئەستۆ.

**( بۆبەیانی گەڕامەوە کۆڵانەکەی ماڵی ناجییە خان، نزیکەی بیست منداڵێك سەروجانتایەکی خامی نەخشێنراوییان بە سەر سنگیاندا شۆڕبۆتەوە و سەرو قورئانییان تێ ئاخنیوە. منیان بینی بێدەنگ بوون، نازانم ناجییە خان چەند زارۆکی دیکەی ئاوای هەیە ...).**

(( گەمییەکەی نووح، ل٨٧ ))

ناجییەخان، ئەو کارەکتەرەیە ئەگەر سەردەمە مێژووییەکەی ئەمرۆ بووایە ڕۆڵی مامۆستا و فێرکاری دەبینی لە قوتابخانەکانی میری دا، نەك هەر بابەتی ئایینی فێری قوتابییەکانی بکات، بەڵکو دەشێت زۆر بابەتیتری فێرە فێرخوازەکانی بکردبایە.

ڕۆماننووس، هەر ئەو سەردەمە مێژووییە بەدی ناخات، بەڵکو باسی ئەو ململانێیەش دەکات کە لە نێوان قوتابخانەی ئایینی و قوتابخانەی میری سەریهەڵداوە، منداڵانیش لەلایەن دایك و باوك و مەلایەکان وا ڕاهێنراون کە هەمیشە قوتابخانەی ئایینی و حوجرەکان بە باشتر بزانن و گیرۆدەیان بن، لە چاو قوتابخانەکانی میری دا. بۆیە دەڵێت:

**( " گوێ بگرە ڕۆڵە.. ئەگەر بچیتە قوتابخانەکانی دیکە دەبیتە پیاو" وەڵامی نەدامەوە، کەمێ شڵەژا، ڕەنگە من یەکەم کەسێ بووبم پێم وتبێ قوتابخانەکانیتر باشترە، بۆ حەقێتی بشڵەژێ ).**

(( گەمییەکەی نووح، ل ٨٧ ))

هاوشان لەگەڵ ئەو زۆر و زۆرداریيە و چەوساندنەوە و جەور و ستەم و کۆمەڵکوژییەی کە دەرهەق بە کوردانی ئێزیدی کراوە، یەشار کەمال بە قووڵی باسی دەکات دەقێکی ئەدەبی لەوبابەتە و بابەتگەلیتر چێکردووە، ئیمپراتۆری عوسمانی و کەمالییەکانی پێناشیرین و شەرمەزارکردووە. ڕۆماننووس هەر دڵی بەمە ئاوی نەخواردۆتەوە، بەڵکو کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکانیش کە خۆی لە ڕووداوێکی مێژوویی گرنگی ناوچەکە دەبینێتەوە،

و هەندێك سەرچاوە ئەوە دەخەنە ڕوو کە لەم کۆمەڵکوژییەی ئەرمەنییەکان تەنیا لە ماوەی سێ ڕۆژدا نزیکەی حەوت هەزار هاونیشتمانی ئەرمەنی بوون بە قوربانی سیاسەتی چەوتی عوسمانی، ئیمپراتۆری عوسمانیش بیانووی بۆ ئەم کۆمەڵکوژییە ئەوەبوو کە وولاتانی ئەوروپا بە تایبەتی ڕووسیا و دواتر بەریتانیا لە ڕێی داواکردنی مافەکانی ئەرمەنییەوە دەست دەخەنە نێو کاروباری ئیمپراتۆری عوسمانییەوە.

هەندێك لە ناحەزانی کوردیش، تا بۆیان کرابێت لە هەوڵی ئەوە بووینە نەتەوەی کورد بەم ڕووداوە تراژیدییە ناشیرین بکەن، کە گوایە کوردیش دەستی هەبووە و هاوکاری دەوڵەتی عوسمانی کردووە. مێژووی ئەم ڕووداوەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، و تاسەرەتای سەدەی بیستەم بەردەوام دەبێت (١٦).

**( یۆیراز موسا پێکەنی بە هێمنی و نەرمییەوە گوتی:**

**"لێرە هیچت لێنایە عەلی پاشا".**

**"لێمدێ، جا چۆنیش! پا، پا، پا !تۆ نەزانیت ئەم عوسمانیە چەند فێڵباز و خوێنمژە. ئەو، بۆ بە پەند دانی دنیا قەڵا و منارەی دروستکردون لە کەﷲسەری مرۆڤەکان، نییە لە دنیا بۆ مرۆڤ دوژمنتر لەم عوسمانییە. دەڵێن عوسمانی لەو باوەڕەدایە بیانی پێی لێدانا لە هەر جێگایەك گیا شین نابێ لەوێ تا قیامەت".**

**"عەلی پاشا سەلیم بەگ، ئەو عوسمانیە ڕۆیشت کۆمار جێگەی گرتۆتەوە. ئێستا جیاوازە. "..)**

(( بڕوانە فورات خوێناویە، ل ١٣٠ )).

ڕۆماننووس، ئاماژەی بە شەڕی باڵکانیش کردووە، و ئەوەشی خستۆتەڕوو کە لەم کۆمەڵکوژی و شەڕ و شۆڕانەی ئیمپراتۆری عوسمانی خودی تورکەکانیش لێی بێزار بووینە و زیانی گەورەیان لێکەوتووە، و هەر بەهۆی ئەم گێچەڵانەی ئیمپراتوری عوسمانی بەم وولات و بەم ناوچەیە، سەری بە فەتارەت چووە.

**(عەباس چاوەڕێ بوو کە داود بەگ پرسیاری کوڕەکانی لێبکا، داود بەگ بە چاوانی پڕ پڕ پرسیارەوە لێیرامابوو:**

**"تۆش لە چیاکانی ئەڵلاهوئەکبەر بوویت؟**

**عەباس ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:**

**"لەوێ بووم"**

**"هەموویان ئەسپێ خواردیانن، ئەوە هەزار سەرباز؟"**

**"زۆریشیان لە نێو سەرماوسۆڵە ڕەقبوونەوە"**

**"ڕووت و قووت بوون؟"**

**"ڕووت و قووت بووین".**

**"ئەوانەی لەم هەرێمەی ئێمە، لە چیاکانی تۆرۆس ڕۆیشتبوون هیچکامیان نە گەڕانەوە. یەکەمین کەسی گەڕابێتەوە تۆی عەباس دووبارە چاوە پڕ لە پرسیارەکانی بڕینە نێو چاوەکانی پیرەمێرد"**

**"هیچکام لە پیاوەکانی ئێمە نەگەڕانەوە. ئەوان هەرپێنجیشیان"...**

**ئەوشەوە تا بەیانی قسەیانکرد. عەباس باسی ساری قامیشی کرد و باسی شکستەکانی لە ئەڵلاهوئەکبەر، باسی ئەو سەربازانەی کە بە جێمان، باسی ئەوانەی ڕایانکرد، باسی دارستانی سەربازانی ڕەقهەڵاتوو، کۆمەڵکوژیی ئێزدیەکان، ئەرمەنیەکان، شەڕەکانیان دژی ئەرمەنیان و کۆمەڵکوژیی ئەرمەنیەکان ).**

(( بڕوانە فورات خوێناویە، ل ٤٥٧، ٤٥٨ )).

بە درێژایی مێژووی گەلی کورد، دوژمنانی کورد هێندە لە بەرامبەر کورد بە ڕق و کینە بووینە بە شێوەیەکی وا دوژمن سەرباری سنوور بەزاندن و داگیرکارییەکانی بۆ سەر گەلی کورد، ئەگەر گورزێکی بچووکیشی بەرکەوتبێت ئەوا بە توندترین شێوە وەڵامی گەلی کوردییان داوەتەوە. لەو سۆنگەیەوە ڕۆماننووس، بەشێك لە ڕووداوە مێژووییەکانی بە ڕۆمانکردووە، و جەور و ستەمی داگیرکاران بەرگری و خۆڕاگری و چاونەترسیی ڕۆڵەکانی کوردی پیشانداوە. شوێنی ئەم ڕووداوەش چیای ئاگری داغ و شۆڕشگێڕانیشی سەر بە شۆڕشی ئاگری داغن.

**(... بەیانییەکیان، لە ئاگری داغ لەگەڵ کوردەکاندا، لە ناو تاوێرە بەرزەکانی چیاکەدا ڕووبەڕووی یەك بووینەوە، ژمارەی کوردەکان هەر دە پانزە کەسێك دەبوون، تاوێرەکانیان بە سەنگەرکردبوو، قەستی کوشتنمانیان نەبوو تەقەی کوشتنیان نەدەکرد، ئەگینا شتاقمان دەرنەدەچوو، و لە چاو نووقانێکدا هەمووومانیان دەپێکا، ئەوان لە پشت تاوێرەکانەوە بوون، تۆپ بۆ ئەوێ بەکارنایە، ئێمە لە دامێنەکەدا بووین، هیچ نەیدەشاردینەوە، نیوەمانیان زامدارکرد، بەڵام کەسمان نەکوژرا، گەرەکیان بووایە دەیانکوشتین، ئەوانە نیشان شکێنن چۆن دەستان دەکردەوە، لێیان دەدایین، گوللەکانیان بەردەست و پێمان دەکەوتن...)**

(( دەریا تۆرا، ل١٠٥ ))

# شێوازی ڕۆماننووس

شێواز، پێوەندییەکی لەیەکنەپچڕاوی بە زمانی دەق و خودی دەقنووسەوە هەیە. واتە بابەتێکە زمانناسی و ئەدەبناسی لە خۆیدا کۆدەکاتەوە و ئاوێتەیان دەکات. لەم نێوەندەشدا بابەتێکی نوێ دێتە ئاراوە ئەویش شێوازی خودی یاخود تاکەکەسی نووسەری دەقە.

هەندێك لە لێکۆڵەر و زمانناسان، شێواز تەنیا لە چوارچێوەی زمانناسییدا قەتیسدەکەن، و لە نرخی کەمدەکەنەوە و بچووکی دەکەنەوە. بەڵام ئەمە دەکرێت ڕاست بێت؟ بێگومان نەخێر. لەبەر ئەوەی هەمووومان درك بەو ڕاستییە دەکەین، کە ئەدەب بە پیت و فەرترین کێڵگەی زمانە. مەگەر دەقی ئەدەبی نەبێت، کە هەموو کەلێن و قوژبن و لایەنی ئاشکرا و نهێنی و گەورە و بچووکی یەکەکانی زمان لە خۆدەگرێت .

شێواز، بوونی مانای چی دەگەیەنێت؟. ئەوا شێوازی ئەدەبییە زمان زیندوو ڕادەگرێت، و فەرهەنگ و کولتوور دەوڵەمەند دەکات. لە ئەنجامی ئەمانەشدا زمان لەسەر هەموو ئاستەکان فراژوو دەبێت. بۆیە گرنگی شێواز لەوەدایە، بە شێوەیەك خزمەتی زمان و زمانناسی دەکات. بە شێوەیەکیتر پێگەیەکی گرنگی هەیە لە ئەدەب و بەتایبەت ڕەخنەی ئەدەبیدا. یەك لە پێناسە سادە و ساکارەکانی شێواز کە باوە و بەردەوام بەرچاومان دەکەوێت لە گوێماندا دەزرینگێتەوە. ئەوەیە کە دەڵێت: شێواز بریتییە لە مرۆڤ خۆی. ئەو مرۆڤ خۆیە، یاخود ڕاستر بڵێین ئەو خودە، مەرج نییە دەقی بە یەك چەشنە شێواز گرتبێت، و بۆی نەبێت شێوازیتر نەچرێت، بەڵکو ئەو جۆرە خودە، یان نووسەرە زۆر ئاساییە شێواز گەلێکی تایبەت بە خۆی هەبێت. بەمەش چ لە کەسێتی و ووزە و ڕێ. و بەهای ئەو کەم ناکات. بگرە بۆ خۆی مەلەوانێکی لێهاتووە، دەتوانێت لە نێو چەند چەشنێکی ئاودا بە سەرکەوتوویی مەلەبکات بێئەوەی شەپۆڵەکان لووشییدەن. دۆزینەوەی هەڵبژاردنی شێوازێکی خودی بۆ نووسەر، وەك ئەوە وایە بچێت بە ناخی قووڵایی دەریادا، دوڕ و مەرجان و گەوهەر دەربهێنێت، بەڵام ئەو چەشنەی کە لە هەموویان بە نرخ و دەگمەنترە و لە سەودا و مامەڵەدا نایەت هەڵیبژێرێت.

یەشار کەمال بۆ ئەوە دەڵێت: ( زۆر لە تایبەتەکانی دەوروبەری خۆم، لە تایبەتی خۆم دەفکرم. زۆر هەوڵ دەدەم تا دووا پلە لەگەڵ خۆمدا بمێنمەوە و بە خۆمەوە بگیرسێمەوە. بڕوام بەوەیە کە هەر ئەمە بیچم و شێوازی خۆتی خۆم بۆ دەرەخسێنێ. زۆر لەسەر بیچم و شێوەی دەربڕین و قسەکردنی دەورووبەری خۆم ڕادەمێنم و لەسەریان دەوەستم)(١٧). نووسەر، ڕچەشکێنی شێوازەکەی لەوەدا دەبینێتەوە، کە زەین و هەستی بخاتە سەر شێوە و دەربڕینی دەوروبەرەکەی، یان بڵێین میللەتەکەی. بۆئەوەی شێوازێك دابهێنێت گوزارشت لە گیانی میللەتەکەی بکات، و هەست و سۆزی بەجۆشبێنێت.

واتە هەرچەندە شێواز خودییە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ناکرێت شێواز نامۆبێت، بە نەتەوە و کولتوور و بیر و ڕۆشنبیرییەکەی. کەواتە نووسەر، یان ڕۆماننووس کاتێك شێوازێکی ئەدەبی پەسەند دەکات، کە نزیك بێت لە میللەتەکەی بێگومان شتی نوێی لێهەڵدەهێنجێت و بەرگ و ناوەڕۆکی تازەی بە بەردادەکات و ڕۆڵی دەبێت لە دەوڵەمەندکردنی ئەدەب و زمان و فەرهەنگ و کولتوور.

شێوازی ئەدەبی، لێکۆڵەر و ڕەخنەگرانی خوێندنەوەی جیاجیای بۆدەکەن، بۆ ئەم مەبەستەش هەندێك لەو لێکۆڵەر و ڕەخنەگرانە شێواز تەنیا بە ڕووخساری دەقەکان دەزانن و بەس، هەندێکیتر جەخت لەوە دەکەنەوە کە شێواز خۆی لە ناوەڕۆکی دەقەکان دا دەبینێتەوە.( هەندێك لە ڕەخنەگرانی چیرۆك شێواز و ناوەڕۆکی چیرۆك بە یەکترەوە دەبەستنەوە، شانبەشانی ڕەخنەگرانی شیعر)(١٨). بە بۆچوون و تێگەیشتنی ئێمەش پانتایی شێواز گەلێك لەوە فراوانترە لە ڕووخسار، یان ناوەڕۆکی دەقدا بیهێنیتەوە یەك و بەم شێوەیە بچووك بکرێتەوە، چونکە شێواز بەستراوەتەوە بە سەرتاپای دەقەکەوە لە ناونیشانی چیرۆکەکە، یان ڕۆمانەکە دەگرێتەوە تا کۆتایی دەقەکە. ئەی ئەوە نییە چیرۆکنووس، یان ڕۆماننووس شێوازەکەی بە هەموو کەلێن و قوژبنەکانی بەرهەمەکەیدا پەخش و بڵاو دەکاتەوە، و دواتریش هەر بە هۆی ئەوەوە دەناسرێتەوە و دەبێتە خودان شێوازی تایبەتیی خۆی هەر لەو کاتەدا بەو شێوازە خودییەی کە هەیەتی، دەتوانێت گوزارشت لە ئەوانیدیش بکات. هەروەها پێویستە هەڵوەستە لەسەر شێوازی ئەدەبی بکەین و گرنگی و بایەخی هەڵبسەنگێنین، لەمەڕ پێوەندی و میانەی بواری ئەدەب و بواری زمان، چونکە ئەوە شێوازی ئەدەبییە ئەو دوو بوارە بە توندی بەیەکترەوە دەبەستێتەوە، و ئەم یەکتر بەستانەوەی بواری ئەدەب و بواری زمانیش ئەنجامی دڵخۆشکەری دەبێت، چونکە هێندەیتر بواری ڕەخنە و ڕەخنەسازی بەهەرمێن دەکات و لەخاڵێکی چەسپاودا نایهێڵێتەوە.

دیالۆگ وەك لایەنێکی هونەریی دراما و چیرۆك و ڕۆمان ڕووبەرێکی زۆری هەیە لە دەقدا، لەگەڵ ئەوەشدا پێوەندی هەیە بە شێوازی خودیی نووسەرەوە، و شوێنەوارێکی کاریگەریش بەجێدێڵێت لە پیشاندانی کەسێتییەکان بۆیە دیالۆگ وێنەیەکە لە وێنەکانی شێوازی چیرۆك. گەلێك جار و دەم زۆر بەکارتر و زیندووترە لە شێوازی گێڕانەوەیی و وەسپی، یەکێکە لەو هۆکارانەی کە نووسەر متمانەی لەسەر دەکات و پشتی پێدەبەستێت لە وێنەکێشانی کەسێتیەکان)(١٩). هەرچەندە چیرۆکنووس، یاخود ڕۆماننووس سەرپشکە لەوەی پەنا بۆ چ لایەنێکی هونەری بەرێت بۆ ئەوەی شێوازی جیاواز و تایبەتمەند و دەگمەنی خۆی بدۆزێتەوە، وەڵێ دەبێت لە خەمی ئەوەشدابێت شێوازەکەی کاربکاتە سەر دەق و خوێنەرانیشی. بە جۆرێك نقوومی زەلکاوی ئینشائیات نەبێت کە هەم دەقەکە بخنکێنێت و هەم خوێنەرانیش جاڕس بکات جێی خۆیەتی بڵێین دیالۆگ ئەو لایەنە هونەرییە پڕ بەزم و ڕەزمەیە کە دەق دەخاتە بزاوت و جووڵەوە، و کەسێتییەکانی نێو دەق و ئایدۆلۆژییەکانییان لەتەك خوێنەران بەجۆش و خرۆش دێنێت، بە پێچەوانەی گێڕانەوە و وەسپ کە تا ڕادەیەك کەم بزاوتی و سستی باڵ دەکێشێت بە سەر دەق و خوێنەران دا. هەروەها ئەو شێوازەی کە لایەنی هونەریی دیالۆگی تێدا زاڵە ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی تێدا بە دیدەکرێت و کەسێتییەکانی نێو دەقیش لەزاری خۆیانەوە، لەخۆیانەوە دەدوێن و ئایدۆلۆژییەکانییان ئاشکرا دەکەن لە مشووری خۆیان دادەبن، و دووردەکەونەوە لە لێشاوی دەسەڵاتی نووسەرەوە، هەر خۆشییان لە دەرگای دڵی خوێنەران دەدەن و جێی خۆیان ساز و ئامادە دەکەن.

شێوازی هەر ژانرێکی ئەدەبی، هەر بە ئەوەندە ناوەستێت ببێتە ناسنامەی خودان شێوازەکە، بەڵکی شێواز هۆکارێکی بۆ ئەوەی شوێنگێری سەردەمە ئەدەبییەکەشمان بۆ دیار و وەبەر چاو بخات. سەرەڕای ئەوەی شێوازە بەندە بە سەردەمێکەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا ژینگە و کەشەکە ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت، بۆ ئەوەی ئەدیب خۆی لەو

شێوازە دیاریکراوەی کە مەبەستییەتی بدۆزرێتەوە، و ئەمە سەبارەت بەپێگە قایمکردنی ژانرێکیش هەر ڕاستە. واتە شوێنکاتی ئەدیب هەم ڕۆڵی لە خستنەوەی شێوازە و هەمیش لەباوبوونی ژانرێکی ئەدەبی دەبێت. ( لەسەرەتای سەرهەڵدانی چیرۆکدا، لە ئەدەبی نوێدا جا پاچڤە، یان نووسین بێت، بە زۆری سروشتێکی زمانی پاراوی وەرگرتبوو لە شێوازدا، ئاراستەکە گۆڕا بۆ سروشتی دواندنی بەرامبەر، هەوڵدان بۆ سازاندنی کاریگەری لەسەر خوێنەر، کاریگەرییەکی پڕ لە ڕەوانبێژی و دەربڕینێکی پڕ لە ڕەزم و لەرینەوە، وجوانی دارشتن)(٢٠). باوی ئەو جۆرە شێوازە نەماوە، کە ئەدیب تەنیا خۆی بە میراتگری دەق دابنێت، و خوێنەر بخاتە دەرەوەی هاوکێشەکە و دۆخی هەڵپەساردانی بۆ بڕیاربدات. چونکە هاوکێشەی دەقنووس و دەق هاوکێشەیەکی تەواو لاسەنگە، و بە ڕەچاوکردنی قورسایی خوێنەر هاوسەنگی بۆ دەگەڕێتەوە. بەڵێ ئەوە خوێنەرە نرخ و بەها بە دەقنووس و دەقەکەی دەدات، و دوواتر بۆ خۆشی دەتوانێت ئەرکی ڕەخنەگرێك بە باشی بچرێت. لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە ئەدیب خۆی لە شێوازێکی وادا بدۆزێتەوە کە پڕ بە پێستی خوێنەران بێت و شتی گەلێکی لەم چەشنەی بۆ بەڕادان بدات، بەڵکو ئەرکی ئەدیبە بە شێوازە تایبەتییەکەی خۆی، خوێنەر بۆ خۆی کێش بکات و بە هۆی گەمە زمانەوانیی و بابەتە پڕ هەستیارەکان کاریگەریی لەسەر جێبهێڵێت، شێوازەکەی دۆخی وەرچەرخان بسازێنێت بە سەر خوێنەرەکەدا، و لەخوێنەرێکی کەم چالاك و سادە و ساکار، بیکات بەخوێنەرێکی فرە چالاك و خاوەن ئەرك، بتوانێت ئەرکی ڕەخنەگر، ڕاڤەکار، لێبێژ ببینێت.

شێوازی ئەدەبی، وەك هەر بابەت و بوارێکیتر خاوەن گوتاری تایبەتی خۆیەتی، و لە هەمانکاتدا جەختکردنەوەیە لە تاکێتی، یاخود خودێتی شێوازی نووسەرەکە. واتە ئەگەر شێوازێك دووبارەو چەندبارە بۆوە، با شێوازەکەش کاریگەرییەکی لە ڕادەبەدەری هەبووبێت، بەڵام بە شێوازێکی خودی نا ناساندرێت و نابێتە ناسنامەی نووسەرەکە. لەمبارەدا لە ڕێی گوتاری شێوازەکەوە بە گشتی، نووسەرەکەش دەبێتە خاوەن گوتاری تایبەتی خۆی. واتە ( شێوازی ئەدەبی، بە تایبەت لەو ژانرانەی کە گێڕانەوە بەسەریاندا زاڵە، گوتارێکی گرنگە کە لە ڕێگەی شێوە و ڕووخساری جیاوازەوە دەردەبڕێت و گوزارشتی لێدەکرێت. هەر بۆیەش دەتوانرێت مەبەستێکی جیاوازیشی لێبهێنرێتە کایەوە لە بنەما سەرەکییەکانی نواندنی دەق و کارکردن تێیدا، هەروەها چۆنیەتی گوزارشتکردن لە دیالۆگ و هەست و نەست و بیرکردنەوە سەرخان)(٢١). نکوڵی لەوە ناکرێت شێوازی خودی بەندە بە کەسایەتی نووسەر، یاخود ئەدیبەوە، و شوێنەواری ئەو کاریگەرییانەی کاریان لە ئەو کردووە وەك پەروەردە و ژینگەی ئەو و باری کۆمەڵایەتی و سروشتی ژیانگە و خەڵکەکەی، و باری دەروونی ئەو و چۆنییەتی دەربڕینی هەست و سۆز لەهەمبەر شت و دیاردەکان، یا پێکهاتەی جەستەیی ئەو و بارە فیسیۆلۆژییەکانی. هەروەها هۆکارەکانی وەك ئایین و نەژاد و ڕۆشنبیری کاریگەری تەواویان دەبێت بە سەر شێوازی نووسەر. ئەگەر ئەمە ئاوابێت کەواتە زۆربەی نووسەرەکان شێوازییان لەیەکتر دەچێت. بەڵام ئەو کاریگەری و هۆکارانەی کە باسمانکردن لە چوارچێوەیەکی گشتی فراوانن، بەڵکە چوارچێوە تایبەتییەکە گوزارشت لە خودی نووسەرەکە دەکات و لە ئەنجامیشدا دەبێتە خودان شێوازی خۆی بە تەنیا و بەس. بۆنموونە زمان و کەرستەکانی بوارێکی فراوانە پەیوەستە بە زۆر بواریترەوە وەك کۆمەڵایەتی، دەروونی، مرۆڤناسی...هتد

خۆی لە بووندا هەیە و بە ئاشکرا هەموومان هەستی پێدەکەین و پێی دەدوێین. بەڵام ئەدیبی خودان شێواز بوونێکیتر بەم زمانە دەدات و بەشێوەیەکیتر مامەڵە و ڕەفتاری لە تەك دەکات کە جیاوازبێت لە ئەوانیتر، هەروەها بە شێوە و شێوازێك دەریدەبڕێت کاریگەریی لەسەر دەوروبەرەکەی جێبهێڵێت و بیانووروژێنێت. بۆی هەیە ڕیز و ئاستەکانی زمان تێکبشکێنێت و لادانییان لێبەرپابکات، بەڵام دواجار داهێنان و دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی لێدەکەوێتەوە، ئەوەی پەیوەستیشە بە شێوازی خودی یان شێوازی داهێنەرانە، بیر و ئایدیۆلۆژیا بابەتگەلی وەك خۆشەویستی، نەتەوەخوازی، مرۆڤایەتی، ئایینپەروەری،... هتد هەر یەك لە ئێمە دەتوانێت بە چەند ووشە و ڕستەی جوان و بگرە چەند پارچە نووسینێکیش دەریانببڕین و گوزارشتییان لێبکەین، تەنانەت گەلێك نووسەر و ئەدیبانیش لەسەر ئەم بیر و ئایدیۆلۆژیا و بابەتانەیان نووسیوە و بە جوانیش توانیوویانە گوزارشتی لێبکەن. بەڵام ئایا کامەیانە توانیوویەتی بیانگەیێنێتە ترۆپکی بابەتەکە و کون و کەلەبەری درزەکانی بە ئەزموون و شارەزایی خۆی پڕبکاتەوە، و جوانییەکی سەرنج ڕاکێشییان پێ ببەخشێت، کە مایەی لێووردبوونەوە و ڕامانی ئەوانیتربێت. بەڵێ ئەمانە و گەلێکیتر لە خەسڵەتی خودان شێوازی ڕاستەقینەن و ناتوانرێت بە هیچ شێوەیەك چاو لە داهێنانەکانییان بپۆشرێت، بەڵکو چاو لە ئاستی ئەمانەدا نزمتر دەڕوانێت .

ئەو شێوازەی ئەدیبێك پێڕەوی دەکات لە بەرهەمەکانی، پێوەندی بە هەموو بەشەکانی بەرهەمەکەوە هەیە لە ناونیشانی دەقەکە و توخمەکانی و لایەنە هونەرییەکان و بیرۆکەو بابەتەکانی، وەك چۆن زمان و کەرستەکانی ناونیشانەوە تا دوا دێڕی دەقەکە بوونی هەیە بەردەوامە لە گەمەکانی، ئەوا ئاواش شێوازی خودی لە تەك زمانەکە و وەك سێبەری زمانەکە خۆی دەنوێنێت. بۆیە ( شێواز ئەو هۆکارەیە کە چیرۆکەکە یاخود ڕۆمانەکەی پێدەگێڕێتەوە، لەم ڕێگەیەوە گونجان لەگەڵ ناونیشان و گرێ و کارەکتەر و کات و شوێن مەبەست و وەسپ و دیمەنی چیرۆکەکە دروست دەبێت، و ئەمەش وا دەکات شێواز بنەمایەکی سەرەکی بێت لە بەرهەمی ئەدەبییدا)(٢٢). بۆ نموونە شێوازی کاریگەری و بەجێی ئەدیب لە کاتی ناونانی دەقەکەیدا ئینجا لە پێش نووسینی بێت، یا لە گەرمەی نووسینی بێت، یان لە کاتی تەواو بوونی نووسین دابێت، دەتوانێت زەینی خوێنەر خۆش بکات بۆ وەرگرتنی چێژ هەم لە ناونیشانەکە، هەم سەرلەبەری دەقەکە، و بە ئاسانی ئامادەی دەکات بۆ خوێندنەوە، و بێئەوەی خوێنەر زۆر لە خۆی بکات بیخوێنێتەوە. ناونیشانیش ئەگەر لە هەموو گۆشەکانەوە گوزارشت نەبێت لە ناوەڕۆکی دەقەکەوە، دەبێت لە چەند گۆشەیەکەوە بارگاوی کرابێت بە ناوەڕۆکی دەقەکە.

هەڵبژاردنی کارەکتەر و ناولێنان و چالاکی و جووڵە و بیر و ئایدیۆلۆژیا و گەیشتنییان بە لووتکە و پێگەی کۆمەلایەتی و باری دەروونی و تایبەتمەندی و خەسڵەتی و لە یەکترچوون بە یەکتر نەچوونی بە ئەوانیتر.. هتد هەموویان پەیوەستن بە شێوازی ئەدیبەوە، و تا چەند دەتوانێت لەم پرۆسەیەدا سەرکەوتن بە دەست بێنێت، و بۆ ئەوەی لە هزر و خەیاڵ و دەروون و ژیانی کردەیی خوێنەردا ڕەنگبداتەوە خودی ئەم پرۆسەی کارەکتەسازییەی ئەدیب جۆرێکە لە شێواز داهێنان و ئافراندنی مرۆڤێك بەهۆی تیپ و وشەکانەوە، گیان پێبەخشینییەتی بە هۆی شێوازی ڕەوانی ئەدیبەوە، کە وا دەکات ئەم جۆرە کارەکتەرانە لە سەرووی مرۆڤی لە خوێن و گۆشت و ئێسکان ئافرێندرا و هەڵسوکەوت و ڕەفتار بکەن و چالاکی و کارەکانییان سروشتیش ببەزێنێت.

هەروەك چۆن زمان خاوەنی ئاماژە و ئاماژە بۆكراوە، ئەوا ئاواش شێواز لە سۆنگەی ئەوەی هێزێكی زۆر لە زمانەوە وەردەگرێت بە هەمان شێوە گەلێك ئاماژە و ئاماژە بۆ كراوی تێدەكەوێت، و ئەویش پەیوەستن بە نووسەری خودان شێوازەوە كە تاچەند ووزە و هێزی بردەكات و دەسەڵاتی بە سەر زمانەكەدا دەشكێت، خوێنەران ئاشنابكات و بەرچاوییان ڕوون بكات بە ووشە و دەستەواژەی تازە، و خوێنەر هەست بە گۆڕانەكانی زمان بكات لە دەقێكەوە بۆ دەقێكیتر و لە سەردەمێكەوە بۆ سەردەمێكیتر بە مەرجێك ئەو گۆڕانانە داهێنانی زمانی لێبكەوێتەوە نەوەك شێواندنی. واتە ( شێواز كۆمەڵێك لە ئاماژەیە، هەر یەك لەم ئاماژانە كلیلی تایبەتی خۆی هەیە بۆ خوێندنەوە و لێكدانەوەی. كاتێك خوێنەر وەریاندەگرێت كە بزانێت ئەم ئاماژە و ئاماژە بۆ كراوانە پێوەندییەك لە نێوانیاندا هەیە كە بە یەكەوەیان دەبەستێتەوە، و دواتر زەینی خۆی بۆ ئامادە دەكات و پەسەندیان دەكات)(٢٣). ئەوەی ئێمە لێرەدا گەرەكمانە ئەو پێوەندییە بە هێز و نەپساوەیە كە زمان و شێواز شەتەكییانداوە لە پاڵ ئەمانەشدا ئەدەب تەواوتر و جوانتریان دەكات. ڕەوانی و پاراوی و زمانزانی نووسەر هەم شێواز و هەمیش بەرهەمە ئەدەبییەكە چێدەكات لە ئەنجامیشدا بازنەیەك خۆی دەنوێنێت و لەم بازنەیەشدا نووسەر، زمان، شێواز، دەق بوونی هەیە، بۆیە زۆر بەئاسانی دەشتوانن بواری ڕەخنەسازیش بۆ خۆیان كێش بكەن، و زەمینە خۆش بكەن بۆ سازاندنی شێوازگەری لە لایەك بە لای زماندا بچێت لە لایەكیتر بە لای ئەدەبدا بچێت، لە لایەكیتریشەوە بە لای بوارەكانیتردا وەك دەروونناسی و كۆمەڵناسی و سیاسەتناسی...هتد.

## شیکردنەوەی دەقـــەکـــان

ئەو شێوازەی ڕۆماننووس، لە ڕۆمانی "تەنەکە"دا پێیدەناسرێتەوە، شێوازێکە لە شێوازی کورتە چیرۆك، و چیرۆك نزیکدەبێتەوە، یاخود خودی شێوازی کورتەچیرۆك، و چیرۆکن. واتە ڕۆمانەکە سیخناخە بە ووشەی سادە و ئاسان و ڕستە و پەڕەگرافی بروسکەئاسای بێ گرێ وگۆل کە زوو خۆیان دەدەن بە دەستی خوێنەرەوە لە یەکەم ساتی خوێندنەوەیاندا. بۆ ئەمەش ڕۆماننووس خۆی تا ڕادەیەك لە هونەری گێرانەوە دزیوەتەوە و پەنای بۆ دیالۆگی نێوان کارەکتەران بردووە.

لەهەمانکاتدا پێویستییەکی دەقە کە ڕۆماننووس شێوازەکەی لە شێوازی ڕۆمانەوە دابەزاندووە بۆ شێوازی کورتەچیرۆك، یاخود چیرۆك، چونکە زۆربەی کارەکتەران ئاستی ڕۆشنبیرییان هێندە برناکات و هەناسەیان هێندە درێژ نییە کە بچنە بنج و بنەوانی دیاردە و شتەکان، و هەڵگری هزر و ئایدیۆلۆژیایەکی ئاوانین کە خوێنەر پێیانەوە سەرقاڵ بێت و بە شێوازێکی وا بنووسرێن کە گفتوگۆ و باس و خواسێکی ئاوا بوروژێنن کە شتیتر بە دوای خۆیاندا بێنن

**(" تانێو گوندەکانیش چەڵتووك دەچێنن، وەنییە؟"**

**"دەیچێنین گەورەم، دەیچێنین بەڵام، ڕەسوڵەفەنی بزەی هاتێ، گوتی:**

**"دەیچێنین، بەڵام." ...**

**قایمقام:**

**"بەڵێ دەیچێنین، بەڵام." ..**

**"بەڵێ دەیچێنین، بەڵام یەك و دوو شیان وەچنگ ناکەوێ. تازە ڕابرد. ئەم ساڵ زیان دەکەن. مەسرەفی خۆشی دەرناهێنێ. وەرزی چاندن بەسەرچوو".**

**"دەیچێنین، بەڵام."...**

**ڕەسوڵەفەنی دەستی بە پێکەنین کرد، گوتی:**

**"با بیخۆن ئەم دەیوسانە، منیش ئەمەم دەویست. دەیچێنن، دەیچێنن. بەڵام."..**

**"کەواتە ڕەسوڵەفەنی؟"**

**"بەڵێ گەورەم".**

**"ئەم دەشتە زل و زەلامە هەموو دەبێ بە زەنەك. وەنییە؟"**

**"کەواتە بۆ قازانجی یەك دوو کەس ئەم هەموو خەڵکە بە شێوەڕۆ دەمرن؟ ئەمە هەموو لە بەر چاوی ڕەشی وان؟**

**"دەمرن گەورەم".**

**"ڕەسوڵ بەگ تۆیان لە جێی من کردووە بە بریکار"**

**"بەڵێ گەورەم ..." )**

(( تەنەکە، ل ۱۰۳))

لە ڕۆمانی حەمەدۆکدا، خوێنەر خۆی لە نێو کۆمەڵێك ژانری ئەدەبی، و بواری جیاجیادا دەبینێتەوە. بێگومان ئەمەش پەیوەستە بە خودی شێوازی ڕۆماننووسەوە. بۆنموونە لە هەندێك شوێندا خوێنەر خۆی لە نێو بواری مێژوو دەبینێتەوە و وا هەست دەکات دۆکیۆمێنتەکان دەیدوێنن لە هەندێك شوێندا خوێنەر خۆی لە نێو داستانێکی قارەمانێتی و نەبەردیی دەبینێتەوە و دەبێت گوشبەند بپۆشێت نەوەك گوشەکان بیبڕن و برینداریبکەن یاخود بیکوژن! لە هەندێك شوێندا خوێنەر کەوتۆتە نێو کەشێکی ئەفسانەو ئەفسانەسازییەوە هاوکات لەگەڵ مرۆڤ و بونەوەرەکانیتر و ڕەگەزەکانیتر هەڵسوکەوت دەکات لەهەندێك شوێندا هیچ مانایەك بۆ خوێنەر نامێنێتەوە، و بەو هۆیەوە خوێنەر دەبێتە تەماشاکەر و بینەرێکی فیلمێکی سینەمایی! لەهەندێك شوێندا، خوێنەر وا هەست دەکات نغرۆی دنیای فۆلکلۆر و بابەتەکانی بووە، و لە هەر بابەتێکییان، بابەتێکیتر هەڵدەهێنجێنێت. لە هەندێك شوێندا، دەقی ڕۆمانەکە ژانرەکەی دەگۆڕێت و دەبێتە چیرۆك و کورتە چیرۆکی تەواو و تێر و تەسەل. لە هەمانکاتدا لە هەندێك شوێندا، خوێنەر وا هەست دەکات شتێك دەخوێنێتەوە لە سەرووی ژانری ڕۆمان و ژانرەکانیترەوەیە، و جار وایە بە جارێك لە دنیای ئەدەبیات دوور دەکەوێتەوە کە هەرگیز گەڕانەوەی بۆ نییە. لەهەندێك شوێنیتردا، خوێنەر دووای ئەوەی لە خوێندنەوەی چوار بەرگەکەی حەمەدۆك دەبێتەوە وا هەست دەکات بە لای کەمەوە چەند چوار بەرگێکیتر ماوە بۆ ئەوەی بگاتە مەبەست و ئامانجە دیاریکراوەکان، ئەو بڕوایەی لە لا دروست ببێت کە هیچ نەبێت دەقەکە کۆتایی پێهاتووە.

بێگومان ئەمانە و زۆر شتیتر لە ڕۆمانی "حەمەدۆك"دا دەخوێندرێنەوە و چاوەڕێ دەکرێن، و ئەمەش پەیوەستن بە توانا و لێهاتوویی و دەستڕەنگینیی ڕۆماننووس لە کۆمەڵێك بابەت و بواری جیاجیای ژیاندا، و کۆکردنەوەیان لە شێوازێکی پوخت و دیاریکراودا.

(( حەمەدۆك بەرگەکانی ۱، ۲، ۳، ٤ ))

سێیینەی "کاریتە، یا ئەودیوی چیا" و "ئەودیوی چیا، زەوی ئاسن مس ئاسمان" و "ئەودیوی کوێستان، گیای نەمر"، سێ ڕۆمانی بەشار کەمالن و خوێنەر وا هەست دەکات بە هەناسەیەك و پێنووس و کات و ساتێك نووسراون، شێوازی ئەم سێیینەیە، شێوازێکە تا ڕادەیەکی زۆر لە داستان دەچێت، و بەڵام هەر هێندە هەیە داستانێکی پەخشانئامێزە و هونەری ڕۆماننووسی لە خۆیگرتووە. بە تایبەت لە ناوەڕۆکدا ڕێك لە داستانەکانی جیهان و میللەتان و میللەتی کورد دەچێت. بە بڕوای ئێمە ئەگەر ئەم سێیینەیە هەروەك چۆن لەناوەڕۆکدا داستانئامێزە، و لە ڕووخساریشدا ئاوا داستانئامێز بووایە، سەرکەوتنێکی چاوەڕواننەکراوی بە دەستدەهێنا و سەرتاپای ئەدەبیاتی جیهانی دەتەنییەوە، وەك داستانەکانی "ئەلیادە و ئۆدیسە و ئەنیادە" دەبوو بە داستانێکی جیهانی. بێگومان ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئەم سێیینەیە تۆوماکی داستانی لە خۆدا هەڵگرتووە و بابەت و کەرەستەکانی شایانی ئەوەن بکرێن بە داستان و شاکارێکی جیهانی. بەڵام دەبینین ڕۆماننووس، بە هەناسەیەکی جۆرج لۆکاچییانە کاریکردووە و ئەورێسا و تیۆر و بنەمایەی "جۆرج لۆکاچ" ی کردۆتە پراکتیکی کە دەڵێت "ڕۆمان داستانی سەردەمەکەیەتی". لەهەمانکاتدا توانا و لێهاتوویی و کارامەیی بەشار کەمال بەستراوە بە

پەخشاننووسی، بە تایبەت لە سەرەتادا ژانرێکی وەك ووتارنووسین و کاری ڕیپۆرتاژی و پەیامنێری، و دوواتر خۆ دۆزینەوە لە هەردوو ژانری چیرۆك و ڕۆماندا، و ناسراوی و ناوبانگییەکەشی بە ڕۆماننووسین.

**( عومەر دەمێکە لەگەڵ مریمۆك دەژیێ. دەخۆن و دەخۆنەوە لە دارستانەکەدا دەگەڕێن و کارگ کۆدەکەنەوە. عومەر دەچێتە ڕاوێ و مەل و کەروێشك دەگرێ. هەموو شەوێش دەیەوێت مریمۆك بکوژی، بەڵام ڕێك ئەودەمەی دەیەوێ بیخنکێنێ دەڵێ : "لێی گەڕێ نەنە مریمۆك با شەوێکی دیکەش بژیێ. چەندە بێخەم خەوتووە." دەست و پێی دەلەرزێ، دەشڵەژێ و پشووی دەرنایە. هەموو شەوێ بە هەژاوی و حەزی کوشتنێکی سەیرەوە دەژی : "ئەمشەو نا، شەوێکی دی سبەی شەو بێ ئەملا و ئەولا داپیرە دەخنکێنم ").**

(( ئەودیوی کوێستان، گیای نەمر، ل ٣٦٦ ))

لەم پەڕەگرافەدا دەتوانین ئەم بابەتانە هەڵبهێنجێنین.

- ژیان.
- خواردن و خواردنەوە.
- کارکردن.
- مرۆڤی سەردەمی زوو.
- سروشت.
- شەووڕۆژ.
- کوشتن و خنکاندن.
- خەوتوو و بێدار.
- شڵەژان و دڵەڕاوکێ و ترس.
- خزمایەتی.
- ...هتد.

ڕۆماننووس، لە "ئەفسانەی کوێرئۆغڵی" تا ڕادەیەك خۆی پابەند کردووە بەو شێوازە باوانەی کە لە حیکایەتی میللی و بەر ئاگرداندا. پێڕەو کراون. بۆ نموونە پەنا بۆ زمانێکی سادە و ساکار دەبات، وەرگر ئەو پێشبینییەی کە دەیکات بە ئاسانی بۆی دێتەدی، ڕووداوەکان چوارچێوە و سنووری خۆیان هەیە و ڕووداویترییان لێناکەوێتەوە، هەر یەك لە ڕەگەزەکانی کارەکتەر و شوێنکات بە ئاسانی خۆیان دەنوێنن، زمانەکە بە چەشنێك ڕووبەڕووی ژێرە ڕووو بۆتەوە خوێنەر هەست بەوە ناکات کە کارێکی هونەری سەردەم دەخوێنێتەوە.... هتد.

**( کوێرئۆغڵی کەڵە مێردێکی ئازای وابوو کەس چاوی لەبەر هەڵنەدەهات. هەرکە چووە بەر مەیدان و نەچوو خەڵکەکە سەرلەبەر ئاوڕیان لێ داوە و واقیان ورما... جا بە ڕاستی کوێر ئۆغڵی سەرەڕای ئەو هەموو قۆزی و ئازایەتییەی لە لکە نەمامی بەهارێ دەچوو. هەندێك سۆسەی ئەم کەڵە مێردەی کرد و ناسیا ئەوە، لە دڵی خۆیاندا گوتیان، ئەم کوڕە شتێکی بەسەر نەیێ، ئیدی هەر وەخت بوو لە تاوان شێت بن. جا بە ڕاستی هاتبا بەگی بۆلۆو بیناسیبایەوە سێ و دووی لە کوشتنی نەدەکرد. لە دەستی هاتبا بەو ڕۆژی شایی و زەماوندە**

**لەو مەیدانە دەیگرت و لەتوپەتی دەكرد. بەڵام بەرەكەت دا قەتی ئەوە بە بیردا نەهاتەوە كە ئەم لاوە شۆڕەسوارە هەتیوەكەی یوسفە كوێرە ).**

(( ئەفسانەی كوێر ئۆغڵی، ل ٩٩ ))

ئاشكرایە ڕۆمانی "ئەفسانەی چیای ئاگری"، ڕۆمانێكە لە سەر بەشێكی داستانی "مەم و زین"ی ئەحمەدی خانی ڕۆنراوە. بەڵام ئەم ڕۆمانە تەنیا پەیوەستە بە ناوەڕۆكەوە نەوەك ڕووخسارەكەی. واتە ئەگەر مەم و زینەكەی ئەحمەدی خانی لە تایبەتمەندی شیعرییەكەی دابیماڵین، و وەریگێڕینە سەر تایبەتمەندی پەخشان، ئەوا بێگومان جیاوازییەكی ئەوتۆ بە دیناكەین لە نێوان "مەم و زین" و "ئەفسانەی چیای ئاگری" ئەگەر زیاتر ووردبینەوە دەبینین، چۆن ئەحمەدی خانی زەمینەی خۆشكردووە كە حیكایەت و بەسەرهات و كورتەچیرۆك و چیرۆكەكانی بە ئاراستەی داستان بردووە، ئەوا ئاواش یەشار كەمال، هەمان شێوازی پێرەوكردووە، كە هەموو حیكایەت و بەسەرهات و كورتەچیرۆك و چیرۆك، بخاتە گەر بە مەبەستی ڕۆنانی ڕۆمانێكی هونەری. هەروەها تێبینی ئەوە دەكەین و بەزەقی هەست بەوە دەكەین كاتێك ئەحمەدی خانی مەم و زینە فۆلكلۆرییەكەی بە داستان كردووە هەناسە و بیندرێژی شاعیر بە دیدەكەین، كەچی كاتێك یەشار كەمالی ڕۆماننووس ئاگاداری هەردوو دەقەكەیە و بە ئەدەبیاتی فۆلكلۆر و نووسراوە، بەڵام دەبینین ڕۆماننووس لە هەمبەر مەم و زین بە هەناسە تەنگی و بینكورتی دەبینرێت ئەمەش نەك هەر پێچەوانەی ئەحمەدی خانی و ئەدەبیاتە فۆلكلۆرییەكەیە، بەڵكو پێچەوانەی بەشێكی زۆری لە بەرهەمەكانی خودی خۆشییەتی. دەكرێت ئەم حاڵەتەش ببەستینەوە بە شێوازی خودی ڕۆماننووس، و دارشتنەوەی "مەم و زین" بە شێوەیەكی سادە و ساكار و كورتبڕتر هەم لە دەقە فۆلكلۆرییەكەی و هەمیش لەدەقە داستانییەكەی ئەحمەدی خانیدا. واتە ڕۆماننووس لە ڕووی ناوەڕۆكی "مەم و زین"ەوە شتێكی ئاوای نەكردووە كە شایانی لێوورد بوونەوە بێت بەڵام لە ڕووی ڕووخسارەوە، یاخود ڕاستتر بڵێین ژانری ئەدەبییەوە توانیوویەتی بە شێوازی تایبەتییانە، خۆی "مەم و زین بە ڕۆمانبكات"

**( گوڵبەهار ئاخرییەكەی وەخەبەرهات، ئەوەی بەو بەرەبەیانە بە شیری ڕووتەوە هاتبووە سەریان دیتی و لێشی ڕوون بووەوە كە مەمۆیە و نیازی چییە، نەختێ پتری خۆ خزاندە باخەڵی ئەحمەدەوە ئەو كارە بەو ڕەنگە ببڕێتەوە چاترە. ئەحمەدیش چاوی بەو شیر بە دەستەكەوت، جووڵەی نەكرد. ئەویش خۆی خزاندە باخەڵی گوڵبەهارەوە، گوتی : هەر بەو ڕەنگە چاترە، خۆ كارەكە بێ ئەنجامە هەناسەیان لە خۆ بڕیبوو. شیرەكە لەبەر ڕووناكیی شەبەق وەكو دڵۆپە ئاوێك بە هەواوە قەتیس مابوو، چاوە نۆڕبوون، ها ئێستا، ها نەختێكی دی بەسەریاندا بەردەبێتەوە. مەمۆ سێ جارانی شیر بە هەموو هێزێكییەوە لە هەردوو دڵدار بڵندكرد، بەڵام دەستی نەیهێنا دایوەشێنێ. مەمۆ دەیبینی چۆن لێك ئاڵابوون و چۆنیان بەو ڕەنگە چاوە نۆڕی مردن بوون ).**

(( ئەفسانەی چیای ئاگری، ل ٨١ ))

شێواز لە ڕۆمانی " مارەكەیان بكوشتایە " خۆی لە شێوازێكی سواوی كۆن دەبینێتەوە، ڕۆماننووس لە یەكەم دێڕ و لە یەكەم لاپەڕەدا بۆ دێڕ و لاپەڕەی كۆتایی دەنگی خۆی دەسەپێنێت، و جڵەوی گێرانەوە دەگرێتە دەست، و

کارەکتەرەکان کپ دەکات، و ڕۆڵێکی ئاوایان پێنادات بە ڕاستەوخۆیی بێنە ناو ڕووداوەکانەوە. بەڵام ئەمەش وەنەبێت خوێنەر جاڕس بکات و دەقەکەی کەوتە بەر دیدە یەکەو ڕاست تووڕی بدات، بەڵکو بنەمایەکی بەهێزی ئەم ڕۆمانە لەوە دایە کە ڕۆماننووس پەنای بۆ ئەم شێوازە ئاساییە بردووە و ڕووداوەکانی پێدەگێڕێتەوە، لەهەمانکاتدا ڕستەکانی کورت و چڕ و پتەون و بەسەریەکەوە پەرەگرافی گەورە پێك دێنن

**( چ مەرگەساتێکە بنیادەم مەرگی دایکی خۆی بوێ ئەوە قەت بوە؟ ئەی ئەگەر دایکی بە کوشت دابێ، بە کوشتنی دابێ و تۆڵەی خوێنەکەشی نەکرابێتەوە، تۆڵەی نەکرابێتەوە و لە گۆڕیشدا جێی نەبێتەوە و حەجمینی لێ هەڵبگیرێ و گۆڕەکەی بتاکێتەوە و بۆی دەرچێ، تا تۆڵەی نەکرێتەوە تا ڕۆژی حەشر هەموو شەوێ لە ئازاری دۆزەخدا هاوار هاواری بێ هەزارویەك تەور و چەشن خۆی نیشان بداو، بگەڕێ، لەبەر ئەوە دەبێ بکوژرێ، دەبێ داپیرە چ دوشمنایەتییەکی لەگەڵ ئەسما هەبێ تاکو.. ئەو دەیەوێ کوڕەکەی ڕزگاربێ، دەکۆشێ کوڕەکە لە گۆڕ دەرچوون قوتارکات ).**

(( مارەکەیان بکوشتایە، ل ٤٤ ))

ڕۆماننووس، شوێنکەوتووی شێوازێکە درێژدادڕی تێدا بە دیدەکرێت، بەڵام ئەم جۆرە شێوازە درێژدادڕییەی ڕۆماننووس خوێنەر بێزار و جاڕس ناکات، بەڵکو وا هەست دەکرێت خوێنەر ئارەزووی زیاتر بکات لە وەسپ و گێڕانەوە و دیمەن و وێنە هونەرییەکانی ڕۆمانەکە. بۆنموونە یەشار کەمال بەم شێوەیە وەسپ و خودی "تۆغرۆل" کارەکتەر وێنا دەکات

**( " تۆغرۆل" ئالێرەدا، لە لای گردۆڵکە تێلبەنەکەی دەوری دار پەلکەکانەوە، هەردوو قۆڵی لە قاچی دەئاڵاند و دادەنیشت، دە ڕۆژە پترە تۆغرۆل دەبینن، بە دامێنی دارستانەکەدا هێواش هێواش، دێت و لە پاڵ گردۆڵکەکەوە، پشت دەداتە تێل بەنەکەوە و لە سەر دڕکە تیژەکاندا بێدەنگ کش و مات لێی دادەنیشێ. نە دەیڕوانییە چادرەکە هات و هاواری منداڵەکان و نە تەماشای ئەو فڕۆکە و کۆبتەرانەی دەکرد، کە جاروبار بە سەر سەریا تێپەڕ دەبوون، بێ جووڵە چەنەی دەخستە سەر چۆکی و دادەنیشت ).**

(( باڵندەکانیش کۆچیان کرد، ل ٨ ))

شێوازی ڕۆماننووس لە ڕۆمانی "گەمییەکەی نووح" لە سەرەتادا وای بۆ دەچیت کە ڕۆماننووس وەك ڕیپۆرتاژنووسێك ڕەفتار دەکات. بەرهەمەکەی لە ووتارێکی ڕۆژنامەوانی دوور و درێژ دەچێت، بە تایبەت بە هۆی ئەوەی سەرباری ناونیشانە سەرەکییەکەی، لە ناواخنی ڕۆمانەکە چەند ناونیشانێکیتر دێنە بەرچاومان، وەك یەکەمین ڕۆژم لە دامێنی چیای ئاگری بە سەر دەبەم، چیا لێرەوە دەست پێدەکات، ڕێك بە سەر ئاگرییەوەین، ئاگری بە جێدێڵین.. ئەمانە و چەندین ناونیشانیتر. ناونیشانەکانییان لە قۆناغی ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەوانی دەچێت. بەڵام کاتێك وەرگر، دەچێتە قووڵایی دەقەوە هەست بەوە دەکات کە ئەمە شێوازی ڕۆماننووسە، و تژییە لە بابەتی هەمەچەشنی ڕۆمان و ڕەگەزەکانی، و ڕۆماننووس توانیوویەتی زۆر بە ئاسانی بەسەریاندا زاڵ بێت.

لەهەمانکاتدا ڕۆمانی "گەمییەکەی نووح"، تەکنیکی گێڕانەوە و دایەلۆگی تا ڕادەیەکی بەرچاو بەسەردا زاڵە، و ئەمەش ناوەڕۆك و ڕووداوەکانی نێو دەقەکە دەیخوازێت. بۆ نموونە ئەمە گفتوگۆیەکە لەشێوەی پرسیارو وەڵام دا.

**("سەلیمی برام، تۆ ڕادیۆت بینیوە؟"**

**"ها"!...**

**"ڕادیۆ.. ڕادیۆ؟". دەنگ ناکات**

**"هەروەکو قوتو وایە لەو پەڕ دنیا قسەدەکا، لێرە گوێت لێ دەبێ.. قەت گوێت لێ نەگرتووە سەلیم؟"**

**"نەوەڵڵا"**

**"سەلیم، شەمەندەفەرت بینیووە؟"**

**"ئەوانەی سەربازەکان دەبا و دەهێنێ؟"**

**"نەمبینیووە"**

**"ئۆتۆمبێلت دیوە سەلیم"**

**"نەمدیوە، بەڵام بیستوومە"**

**"ئەی فڕۆکە؟"**

**"بیستوومە ئێژن دەفڕێ"**

**"سەلیم باڵەخانە چییە؟"**

**"ها"..**

**"باڵەخانە"**

**"ها"..**

**"با- ڵە- خا- نە ").**

(( گەمیەکەی نووح، ل٧٢ ))

یاخود ڕۆماننووس بە شێوەیەکی بەرچاو پەنای بۆ تەکنیکی گێڕانەوە بردووە لە گۆشەنیگای جیاجیاوە

**( شابان: "جارێ مەمەد تۆ باسی بەسەرهاتی خۆتمان بۆ بکە ئەوکاتەی کە لە حەلەب بووی"**

**"بارەکانمان بارکرد.. بە پەلە لە عەنتاب دەرچووین.. دە کەس بووین، دوانمان سەرودەمانچەی بایلیمان پێیە.. لە سنوور نزیك بووینەوە.ئەسپەکان کەوتنە چوارناڵە.. کەمیان دەچڕی.)**

(( گەمییەکەی نووح، ل١٥٨))

خاڵێکیتر، پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین و پەیوەستە بە شێوازەوە ئەویش ئەوەیە لەم ڕۆمانەدا بەشێوەیەکی بەرچاو خاڵبەندی خۆی دەنوێنێت لە شوێنی پێویست جێگەی خۆی کردۆتەوە و ڕۆماننووسیش دایناوە.

یەشار کەمال، لەڕۆمانی "بروانە فورات خوێناویە"، ئەو شێوازە دەگرێتەبەر کە مێژوونووسێك، مێژووی پێدەگێڕێتەوە، یاخود دەنووسێتەوە. چونکە تا ڕادەیەکی زۆر توخمەکانی ڕۆمان لە کارەکتەر، شوێن، کات، ڕووداو، گێڕانەوە، زمان، لە واقیع نزیکدەبنەوە، و خوێنەریش بە ناچاری دەکەوێتە نێو دنیای واقیع و بابەتی مێژووییەوە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت یەکڕاست ڕۆماننووس واقیعی وەك خۆی کۆپیکردبێت، و بووبێتە مێژوونووسێك تەنیا کاری لە سەر بواری مێژووناسی کردبێت، و لایەنی هونەری بە تەواوی فەرامۆش کردبێت.

بەڵکو ڕۆمانەکە تژییە لە وێنەی جوانی و هونەری خەیاڵ و فەنتازیا و... هتد. واتە ڕۆماننووس لە ڕێی ئەفسوونی زمان و کەرەستەکانی وا هەست دەکەین خۆی جیاکردۆتەوە لە مێژوونووسێکی ئاسایی، ئەگەر مێژوونووسێك بۆ گێڕانەوەی ڕووداوێکی مێژوویی پێویستی بە چەند لاپەڕە و تەوەر و بەشێك هەبێت، بۆ ئەوەی خوێنەر ئاشنابکات بەم ڕووداوە مێژووییە. ئاوا ڕۆماننووس توانا و لێهاتوویی و کارامەیی خۆی پیشان دەدات لە ڕێی زمانەوە، بە هۆی چەند ووشە و زاراوە و ڕستەیەکەوە، خوێنەر ئاشنا دەکات بە تەواوی ڕووداوە مێژووییەکان و بە دیارخستنی گرنگی و بایەخییان.

**( " دەتبەمە خانەقای شێخ ئادی کوڕی موسافیر. شوێنێکی زۆر سەرنجڕاکێشە بە ڕای من لالش، دەشتێکی پیرۆزە، ڕەنگە لە سەردەمی سۆمەریەکانەوە تا ئێستا ئاوا پیرۆز بوو بێ. بۆی هەیە یەك شوێنیش بێ کە ئاگری تیا دۆزراوەتەوە مرۆ کاتێ دەگاتە لالش، بە تەواوی لەم دنیایە دادەبڕێ و پێ دەنێتە نێو دنیایەکی جادوویی، هێندە زوو خوو بەم شوێنەوە دەگرێ وەك ئەوەی لێرە لەدایك بوو بێت و لێرەش گەورە بوو بێت. ئیدی دڵت نایە لێرە بڕۆیت. زۆر کەس دەناسم کە چوونەتە ئەوێ و ئیدی قەت بەجێیانەهێشتووە " ).**

(( بڕوانە فورات خوێناویە، ل ٢١٤))

بۆنموونە لە ناوی شێخ ئادی کوڕی موسافیر، و زاراوەی لالش، و ئاگر، و ووشەی پیرۆز بە ووردی بڕوانین دەتوانین بەم شێوەیە ڕاڤە و شیکارییان بکەین کە چۆن و چ جیاوازییەك هەیە لە لایەن شێوازی مێژوونووس و ڕۆماننووس. شێخ ئادی کوڕی موسافیرە، کە لە نێوان ساڵانی ( ١٠٤٨ ــ ١١٣٨ زایینی) ژیاوە زاهید و سۆفییەکی بەناوبانگ بووە لای ئێزدییەکان پایەی زۆر بەرزە و مەزارگەکەی لە پەرستگای پیرۆزی لالشە

لالش: مەبەستی پەرستگای ئێزدییەکانە کە پەرستشەکانی تێدا بە ئەنجام دەگەیێنن. کەوتۆتە باشووری کوردستان، و هەردوو شارۆچکەی ئاکرێ و شنگاری لێیەوە نزیکە.

ئاگر : یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی ژیان، و خودی ئێزدییەکان پیرۆزی تێدا دەبیننەوە، هەر بۆیەش بە بەردەوامی ئاگر داگیرساوە لە پەرستگەی لالش.

پیرۆز : مەبەستی لەم ووشەیە پیرۆزی و ڕەسەنی خاك و خەڵکەکەیەتی بە درێژایی مێژوو دڵدارییان لەگەڵا یەکتر کردووە.

شێوازی ڕۆماننووس، لە ڕۆمانی "دەریا تۆرا"، جۆرە شێوازێکە بە وەسپی ئاوەڵناوی بۆ کەس، یاخود شتەکە دەناسرێتەوە. واتە ئاوەڵناوەکان ووشە و ڕستەکان بە یەکتر دەبەستنەوە دەیانچنن. لەو دەقەدا وەسپە ئاوەڵناوییەکان بە شێوەیەکی زۆرتر کار لەسەر دەرەوەی کەسەکە، یاخود شتەکە دەکەن و ڕۆناچن بۆ ناوەوەیان.

( .. سەلیم کابرایەکی کەڵەگەتە، سەری لە سوانەکەدا، مام ناوەندی نە قەڵەو نە بنێس، سوور و سپی سمێڵێکی پڕ و گڤ، بەسەرهات و دنیا دیدەیی بەلۆچی قوڵ و تێکەڵ و پێکەڵیدا دیارە، کە غەم و کەسەرو دنیادیدەیی ئەوی دەرخست، چەناگە باریکی، لێوی پڕی ئەستووری، لە ڕوومەتی قوپاوی دەنیشن، لۆچە دەزوولەییەکانی

دەوروبەری چاوەکانی لە تەونی جاڵجاڵۆکە دەچوو، لە ژێر ئەو لۆچانەدا چاوشینە گەورەکانی گەشاوەتر دەردەکەوتن، بەردەوام چاوی لە شوێنێك دەبڕی نە بێزار دەبوو نە بێ تاقەت دەبوو ).

(( دەریا تۆرا، ل ٨٣ ))

## یەشار کەمال و توانستی ئەفسانەسازی.

دەشێت ئەفسانە کۆنترین کتێب بێت کە گوزارشتی لە پرسیارگەلێکی ئەزەلی و ئەبەدی مرۆڤ و ژیان و جیهانەکەی کردووە و کردبێت. ئاشکرایە مێژووی ئەفسانە، بەستراوەتەوە بە ئەزەلییەتی مرۆڤایەتییەوە.بۆیە دەتوانین بڵێین ڕاز و پەنهانی مێژووی مرۆڤایەتی بە هەموو لایەنەکانی ژیانییەوە، لە چاخەکانی زۆر زوو، ئەفسانە هەمووی لە خۆی کۆکردۆتەوە و هەڵیگرتووە و حەشاریپانی داوە، و لە ئێستا دەتوانین شتییان لێهەڵێنجێنین.

بۆیە تەواوی ئەو بیر و بۆچوون و تێگەیشتنانە ئاوەژووبوونەوە کە ئەفسانەی بە بابەتی بێمانا و بێبنەما و پڕوپوچ و هیچ ئەژمار دەکرد، لەبارێکدا ئەفسانە، سادە و ساکارترین دیاردە و بابەت و شت بۆ ئاڵۆز و پڕکێشەترین پرس و پرسیار لە خۆ دەگرێت. هەر ئەمەش وایکرد، لێکۆڵەر و ئەکادیمیانی زانکۆ و پسپۆڕ و شارەزایانی هەریەك لە بواری ئەدەب، و فەلسەفە، و زمان، و فیزیك، و میتافیزیك، ودەروونناسی، و کۆمەڵناسی، و هتد. سەرقاڵبکات، و ناچاربوون هەر کەسە لە لای خۆیەوە چەندین باس و توێژینەوە و تێز، لەسەر لایەنە پەنهانەکانی ئەفسانە بنووسن و بڵاویانبکەنەوە.

ئەوەی مایەی تێڕامانە، لە ناو هەموو میللەتانی دنیادا دوو چەشنی ئەفسانە بەرچاو دەکەوێت، یەکێکیان ئەفسانەیەکە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە میللەتەکەوە هەیە، و هەموو مۆرکێکی میللەتەکە تێدا ڕەنگیداوەتەوە، ئەویتریان ئەفسانەی جیهانییە. کە هەموو نووسەر و ڕۆماننووسانی بە گرنگییەوە لێیدەڕوانن، و بە شانازییەوە لە بەرهەمەکانییاندا دەیمەزرێنن.

ئەوبارەی کە ئەدەب و ئەفسانە، زۆر بە توند و تۆڵی بەیەکترەوە دەبەستێتەوە جەددەلییەتی گوزارشتکردنە لە واقیع، و ئەودیوی واقیع. کە هەموو باس و خواسی مرۆڤ و ژیانی لە نێو ئەم دیوە دایە، و بەشێکییان، بەشەکەیتر پڕ مانا و تەواوتر دەکات.

خودی مرۆڤ و بە تایبەتیش نووسەرانی بواری ئەدەب، توانای ئەوەیان هەیە درێژە بە بەردەوامیی مێژووی ئەفسانە بدەن و لە بەرهەمەکانییان دا بیسازێنن. ئەمەش بەندە بە توانا و لێهاتوویی ئەو دەقنووسەوە. یەشار کەمال، پێیوایە ( یەك لە تاریفەکانی ئینسان ئەوەیە کە گووراوێکی ئەفسانە داهێنە، هەرچی ئەفسانەیە، خۆ بۆ هەموو سەردەمێ هەر هەڵاتن و سەرخۆ هەڵگرتنە ئەو جێگەیەی لە پاش بێ قنیاتی و کوڵ و باری قورس و گران پەنای پێ دەبرێ ئەفسانەیە)(٢٤). مرۆڤ کاتێك هەست دەکات هەموو دەرگاکانی ئومێدی بە ڕوویدا داخراون، و باری لەنگبووە و دنیای لێهاتۆتەوەیەك. ئەوا ناچارە پەنا بۆ شتێك ببات کە لە سەرووی ئەمانەوە هەڵسوکەوت بکات و ڕایانماڵێت، باشترین جێگرەوەی بۆ ئەمانە ئەفسانەیە. چونکە خودی ئەفسانە، هەڵشێلانی دنیای تاڵی واقیع و خەیاڵی بەرزەفڕانەیە. بێگومان بە ئاوێتەبوونی دنیای واقیع و خەیاڵاوی ئاسۆی دەق بەرەو مەغزا و مانا و مەبەست و دەلالەتی زۆرتر دەبات. ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی بە خێرایی زۆرترین کاریگەری لەسەر خوێنەر جێبهێڵێت، و هەست و نەست و بیر و هۆشی بە تەواوی بخاتەگەڕ. هەروەها لەم کاتە

دایە بابەت و شتی لۆژیك و نالۆژیك هیچ سنوورێکی ئاوا لە نێوانییان نامێنێت، و خاڵە دژ بە یەك و ناکۆکەکانییان کاڵ دەچنەوە.

هەندێك لە توێژەرانی بواری میتۆلۆژیا و فۆلکلۆرناسان ئەفسانە بە بابەتێکی پیرۆز سەیردەکەن و پیرۆزی دەکەن، و پیرۆزییەکەشی لەوە دایە کە باسی سەر لە بەری جیهانەکان دەکات بە گشتی و لەو جیهانانەشدا مرۆڤەکان کراونەتە ئامانج. بۆیە ( ئەفسانە گێڕانەوەیەکی پیرۆزە کە لەو ڕێگەیەوە پیشانمان دەدات جیهان و مرۆڤەکان چۆن گەیشتوونەتە ڕۆژگاری ئەم قۆناغەی ئێستا (٢٥).

ڕەهەندی پیرۆزیی لە ئەفسانەدا، پێوەندی بە مرۆڤەکانەوە هەیە لەگەڵ ئەو شت و دیاردانەی کە لە دەوروبەریاندایە، و کە هەڵسوکەوت و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات وەك مرۆڤ و خواوەند، مرۆڤ و سروشت، مرۆڤ و هێزی چاکە، مرۆڤ و پیاوچاکان، مرۆڤ و پێغەمبەران، مرۆڤ و نەمریی، مرۆڤ و مردن، مرۆڤ و زیندووبوونەوە، مرۆڤ و جادوو... هتد، ئەمانە و چەندین پەیوەندیتر ڕۆڵییان دەبێت لە بە پیرۆز ناسینی ئەفسانە. چونکە خودی مرۆڤ نەك لە بواری ئەفسانەناسی گرنگی پێدراوە و هەموو ئەوانیتر لە دەوروبەری خوولدەخۆنەوە، بەڵکو مرۆڤ چەقی بابەت و بوارەکانە بە تایبەت لە ئایینناسی و فەلسەفەناسی و بایلۆژی و دەروونناسی و کۆمەڵناسی و مێژووناسی و یەکە بە یەکەی زانستەکانیتر. بەڵام دەشێت بڵێین لە ئەفسانەدا دەروازە بە ڕووی مرۆڤەکان دا دەکرێتەوە، لەوێوە مرۆڤەکان دەخرێنە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە. بۆیە دەکرێت بڵێین ئەفسانە، یەکەمین زانستە کە مرۆڤەکان دەناسێنێت و لایەنەکانی ژیانییان دەخاتە ڕوو. ئەوەی پێوەندی بە جیهانیشەوە هەیە خوای گەورە ئافرێنەری جیهانییان ئاوەدانیکردۆتەوە و ئەو ڕێز و حورمەتەی بە مرۆڤەکان بەخشیووە کە لە جیهانی زەوی نیشتەجێن و بیسازێنن بۆ ژیان. مرۆڤیش دەستەوەستان نەوەستاوە بەڵکو لە ڕێی کار و کردەوەکانی و وەگەڕخستنی هزریی، قۆناغ قۆناغ لە بواری قۆناغ پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیووە، و قۆناغی جیاجیای بڕیوە.

لە هەندێك بیروڕا و بۆچوون دا جەخت لە بە چیرۆکبوونی ئەفسانە دەکەنەوە و بە چیرۆکی کۆن ناویدەبەن و دەیناسێنن، ئەمەش لەو سۆنگەیەوە سەرچاوەی گرتووە کە گێڕانەوە پانتاییەکی زۆر داگیردەکات هەم لە ئەفسانە و هەمیش لە چیرۆکدا. ئەگەر( گشتگیرتر لە چەمکی میتۆلۆژیا بڕوانین، ئاماژەیە بە چیرۆکی کۆن، بۆ پاڵپشتیکردن لە قسەکانیشمان ئەوەیە، کە دەڵێین میتۆلۆژیا ئایدۆلۆژیایەکە، کە خۆی لە فۆڕمی گێڕانەوە یاخود چیرۆك دەنوێنێت)(٢٦). گریمان ئەوە ئەفسانە چیرۆکە، بەڵام ئەفسانە گوزارشتە لە سەردەمێکی زووتری مێژووی قۆناغی مرۆڤایەتی، کەچی چیرۆك گوزارشتە لە سەردەمێکی درەنگتری مێژووی قۆناغی مرۆڤایەتی، بۆیە ئەستەمە بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەفسانە، بە چیرۆك بزانین و پوخت و چڕی بکەینەوە لە چیرۆکدا. بۆ نموونە ئەگەر لە ئەفسانە بڕوانین دەنگی گێڕەرەوە دەنگێکە گوزارشت لە کۆمەڵ و کۆمەڵبوون دەکات، بە هەناسەیەکی سادە و ساکاری میللییانە ڕووداو و بەسەرهاتەکان دەگێڕێتەوە، بەڵام گێڕەرەوە لە چیرۆك، یاخود لە ڕۆماندا دەنگێکی کزترە و گوزارشتە لە خود، یاخود تاکی ئەو کۆمەڵەی ئەفسانە دەکات. ئەفسانەی جیهانی مرۆڤەکان ئاوێتەی جیهانی خواوەند، دێو و درنج و جنۆکە، گیانلەبەران، بێگیان، مردوو، بونەوەری نیوەمرۆڤ و

نیوەئاژەڵ.. هتد دەکات. کەچی لە سەرەتاکانی دەرکەوتنی چیرۆك هیچ لەمانە ئاوا بە دیناکرێت. بۆیە لە ئێستادا هەست بەوە دەکەین چیرۆك و ڕۆمانەکان بوون بە ئەفسانەیەکی سەردەم، مردوو ڕووداو دەگێڕێتەوە، و گیانلەبەران دەبن بە کارەکتەر، بێگیانەکان لە خۆیان دەدوێن. لێرەدا دەبینین هێز و گوتاری ئەفسانە تا ڕادەیەك زاڵ دەبێت بەسەر دەقەکانی چیرۆك و ڕۆماندا ئێستاشی لە گەڵدابێت ئەفسانە سەنگینی خۆی لە دەستنەداوە و گڕ و تینی خۆشی هەرماوە. وەك جادووییەك خۆی دەخزێنێتە نێو زۆربەی دەقەکانی ئەدەبی.

سەرەڕای ئەو باوییەی کە فرەدەنگی وەك تەکنیك هەیەتی پەیوەندییەکی گەرم وگوڕی بە گێڕانەوە کۆنەکان هەیە لە ئەفسانەدا بوونی هەیە و تاوی بە ڕووداو و بەسەرهاتەکاندا سەندووە. لە چیرۆك و ڕۆمانی نوێ و هاوچەرخیشدا تەکنیکی فرەدەنگی ڕەهەندێکی قووڵتر و تام و چێژێکی تایبەتی دەبەخشێت بە خوێنەران، و دەق لە چەق بەستوویی و وابەستەبوون بە گێڕەرەوەیەك ڕزگار دەکات. هەروەها ئەوکات و شوێنە خەیاڵ بەرزەفڕییەی کە لە ئەفسانەدایە، چیرۆکنووس و ڕۆماننووسان دەیگوازنەوە بۆ دەقەکانییان و دەبێت بە بەشێك لە ستاتیکای دەقەکە و خوێنەر هەر پابەند ناکات بە کات و شوێنە واقیعییەکان کە دووبارەیی و چەندبارەیی و پێوە دیارە و تا ڕادەیەك بەشێك لە دەقەکانی نزیککردۆتەوە لە کردەیەکی واقیعی ڕۆژانەی مرۆڤەکان.

بە درێژایی قۆناغ و سەردەمی مێژوویی ئەفسانە بە دوور نەبووە لە کاریگەری و گۆڕانکارییەکان، وەنەبێت ئەم کاریگەری و گۆڕانکارییانەش هەر پەیوەندییان بە سەردەم و قۆناغەکانی مرۆڤایەتییەوە هەبێت، بەڵکو کاتێك ئەدیبێك لە دەقەکەیدا دەیمەزرێنێت سەر لەنوێ لە سۆژەی خۆیدا دەیسازێنێتەوە و جێ پەنجەی خۆی لەسەر دیاریدەکات بۆیە بە مەزراندنی ئەفسانە ( سەرسورهێنەر نابین ئەگەر یەکێك گرینگی پێبدات و تۆماری بکات سوودی لێببێنێت و بۆ لێکۆڵینەوەی پێشکەوتنی میللەت و شارستانێتی و هزرەکەی لەگەڵ ئەوەدا کە شێوێندراوە لە نێوان سەدەکاندا و گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە لە گواستنەوەی بۆماوەیی، بۆیە لێی زیادکراوە، یاخود لێی کەم کراوە بە گوێرەی کاریگەرییەکان)(٢٧). لە سۆنگەی ئەوەی کە زۆرێك لە ئەفسانەکان مۆرکێکی شارستانێتی و هزری کۆمەڵییان هەیە، لەهەمانکاتیشدا لە کاتی گێڕانەوە و مەزراندنییدا تا ڕادەیەك شێواز و مۆرکی ئەو کەسە هەڵدەگرێت کە لای لێدەکاتەوە و سوودی لێدەبینێت و بەکاریدەهێنێت. چونکە ئاشکرایە لەبارێکی ئاوادا هەریەك لە توخمەکانی ئەفسانە و دەقە ئەدەبییەکە جا هەر ژانرێك بێت یەکتر کێشدەکەن و ئاوێزانی یەکدەبن، خوێنەریش وەك بەشێکی سەرەکی هەم چێژ لە ئەفسانەکە وەردەگرێت کە بەرگێکی تازە و ئاواڵای پۆشیوە و هەم چێژ لە ژانرە ئەدەبییەکە وەردەگرێت، و شتە نامەئلوف و چاوەڕواننەکراوەکانیش لای خوێنەر بە ئاسانی وەردەگیرێن و خوێندنەوەی جددییان بۆ دەکات.

دەشێت پەیامی ئەفسانە ببەستینەوە بە پەیامی هەرە سەرەتاییەکانی مرۆڤایەتییەوە، واتە ئەو کاتەی مرۆڤەکان هزرییان جووڵاوە و هەستییان ووروژاوەو درکیان بە ئاوەز و خەیاڵ کردووە، ئەفسانە بووەتە بەشێك لە لایەنەکانی ژیانی، هەر مرۆڤێکیش لە ئێمە کەم تا زۆر بیروباوەڕی ئەفسانەیی لە ناخییدا خۆی حەشارداوە، چونکە پێوەندی ئەفسانە بە لایەنەکانیتری ژیان و کاریگەرییان ئەوەمان پێدەڵێت وەك پێوەندی ئەفسانە بە زمان، ئەدەب، ئاوەز، دەروون، کۆمەڵ، مێژوو، سروشت... هتد. بەو مانایەی ( ئەفسانە پەیامێکی نێردراوە لە خۆیەوە

بۆ خۆی، زمانێكی شاراوەیە كە دەتوانێت چارەسەری لایەنە واقیعییەكانی دەرەوەی بێت. ئەفراندنی ئەفسانە لە نائاگاییەكی ڕاستەقینەی بنجییەوە دەردەچێت)(٢٨). هەروەك چۆن بەشێكی گرنگی ئەدەب پەیوەستە بە نائاگاییەوە، ئەوا نائاگایش لە ئەفسانەدا بە سەرچاوەیەكی یەكەمینی بیری ئەفسانەیی هەژمار دەكرێت ئەمەش نامانگەیەنێتە بنبەست بەوەی كە بڵێین كە ئیتر ئەفسانە پێوەندی بەئاگاییەوە نییە، بەڵكو ئەفسانە هێز و ووزە و برستی لە ئاگایی و نا ئاگایی مرۆڤەكانەوە وەردەگرێت و هزری خۆی پێ ئاو دەدات و توخمەكانی خۆی پێدەوڵەمەند دەكات. هەروەها ئەفسانە بە ئاراستەی ناوەوە و دەرەوەی ڕاستییەكان كاردەكات، مەبەستمان لە ڕاستییەكانی ناوەوە ئەو ڕاستییانەن كە لە ڕێی زانستەكانی وەكو دەروون و كۆمەڵ و مێژوو و مرۆڤناسی... هتد پێگەیشتووین بۆمان سەلمێنراوە. كە چۆن پێوەندییان بە بوارەكانیتری ژیانی مرۆڤەوە هەیە لە چیدا لەگەڵیاندا هاوبەشە و لە كامە خاڵدا لە یەكترجیاوازن.

ئەوەشی پێوەندی بە ڕاستییەكانی دەرەوە هەبێت بریتیین لەو ڕاستییانەی كە هێشتا بە تەواوی بۆ مرۆڤەكان ساغنەبۆتەوە و ئێستاشی لەگەڵدا لە ژێر تیشكی لێكۆڵینەوەدان وەك هەندێك دیاردەی سروشتی و بان سروشتی. بەڵێ هەموو ئەمانەی كە باسمانكردن لە بارەی ئەفسانەوە بێگومان سەرومرییان لەگەڵ دنیای ئەدەبدا هەیە.

تەمەن درێژی و كۆنییەكەی ئەفسانە و فرەبابەتی و ئامانج و مەبەستەكانی، دەمانگەیەنێتە ئەو بیرەی كە ئەفسانە وەك چۆن لە سەردەمی زوودا باوی هەبووە ئەوا لە سەردەمی ئێستا و داهاتووشدا باوی دەبێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش بەهەرمێن دەبێت بە تایبەت لە نێو كۆی ژانرە ئەدەبییەكاندا بە گشتی و ژانری ڕۆمان دا بەتایبەتی. ( بە بەكارهێنانی ئەفسانە و گوێڕایەڵبوونی هاوسەنگییەكی بەردەوامە لە نێوان هاوچەرخێتی و كۆنیدا)(٢٩). واتە ئەفسانە هۆكارێكە بۆ ئەوەی بیروڕا و بیرۆكە و لێكدانەوەكان لەمەڕ ژیانی مرۆڤایەتی لە سەردەمی كۆندا بە سەردەمێكی نوێتردا گرێبدات. ئەو بیروباوەڕانەی كە لە ئەفسانەدا ڕەنگیدەدایەوە و بە شتی پڕ و پوچ و بێبنەما وەسپەدكران، ئەوا لە سەردەمی ئەمڕۆماندا لە ڕێی پێشكەوتنە زانستییەكانەوە دەبنە ڕاستییەكی حاشا هەڵنەگر و دەبێت ڕاشكاوانە دان بە بوونییان دا بنێن و ئەو بیروباوەڕە لە مێژینە و كۆنانەی ئەفسانە، ئەو بیروباوەڕە تازانەی ئەمرۆی بە دووای خۆیدا هێناوە، چونكە خاوەنی ئەم بیروباوەڕانە چ كۆنبن، یاخود تازە داهێنەرەكەی هەر مرۆڤەكان خۆیانن.

بۆیە خوێندنەوە و ووردبوونەوە لە هێڵە گشتی و تایبەتییەكانی ئەفسانە بەو ئەنجامەمان دەگەیەنێت كە بڵێین ئەفسانە لە توانایدایە لەگەڵ گۆڕانكارییەكانی ژیاندا هاوشان بوەستێت و تایبەتمەندی خۆشی لە دەستنەدات، و لە هەمانكاتدا لە توانایدا لە تەك بوارەكانیتری ژیاندا ڕۆڵ و ئەركی خۆی بگێڕێت بە جۆرێك هەم چێژی هەبێت، هەم سوود. ئەمەش پاڵنەرێكی باشە بۆ ئەوەی مرۆڤەكان لە كەلله ڕەقی و سەرسەختی خۆیان بێنە خوارەوە لە سەرەتاوە چۆن لە شت و دیاردە و بابەتێكییان ڕوانیووە تا كۆتایی بەم شێوەیە لێیەوە نەڕوانن، چونكە هەموویان خوێندنەوە و لێكدانەوەی زیاتر هەڵدەگرن و لە توانایاندایە گۆڕانكارییەكان لە خۆیاندا باربكەن بە مەبەستی دیدێكی كراوەتر و تازەبوونەوە و گونجانی لەگەڵ گیانی سەردەمدا.

## شیكردنەوەی دەقـــەكـــان

خودی كەسایەتیی حەمەدۆك، گۆڕانی بەسەرهاتوو، و لە ڕەگەزی مرۆڤەوە گۆڕاوە بۆ ڕەگەزی پەرییان، و لە ئەوەی دوایشییاندا بۆتە جنۆكە. لەهەمانكاتدا بە هیچ شێوەیەك گوللە حەمەدۆك ناپێكێت، و ئەگەر پێكاشی خوێنی لێنایە و كاری لێناكات. ئەم حاڵەتە تەنیا حەمەدۆكی نەگرتۆتەوە، بەڵكو ئەسپەكەشی هەمان حاڵەتی بەسەرداهاتووە.

**( ئادەم گوتی:**

**"برا لە دورسوون، دەبێ چاوم بە ئاغای بكەوێ، مزگێنییەكم هێناوە".**

**دورسوون نەڕاندی:**

**"وەرە بزانم، مزگێنییەكەت سەرت بخوا بۆمان بوویە ژانەسەر".**

**"دەبێ ئاغای ببینم".**

**"وس بە، پێت وایە ئاغا دەیەوێ چاو لە ڕووت كا. وەپێش كەوە دەی".**

**ئادەم وەپێشی كەوت و ڕۆیشت:**

**"بابچین، بچین ئەتۆش بە چاوی خۆت ببینە كە بە هیچ جۆر گوللەی وێ ناكەوێ. چاك بوو. جێی ئەسپەكە پێ دەزانم. ئێستا هەر بگەینە وێ وەك بە دەستی خۆم دام نابێ بۆت دەبینمەوە. گوللەی لێ نادرێ. ئەگەر لێشی بدرێ كاری لێ ناكا. بەڵام مەسەلەیەك كە دەمەویست باسی بكەم شتێكی دیكەیە... حەمەدۆكێك هەیە ها؟ ئەمن دیتم كچێكیشی لەگەڵ بوو... ئەگەر پێت خۆش بوو ئەتۆش تفەنگێك بە ئەسپەكەوە بنێ،بزانە دەتوانی لێی دەی؟ ئەو لە ڕەگەزی پەرییانە. كەس ناتوانی تفەنگی لێ دا. ئەو جنۆكەیە... ئەوەی دەمەویست بیڵێم ئەمە نەبوو حەمەدۆكێك هەیەها؟ ئەمن دیتم. جارێ با ئەسپەكەت پێشان بدەم، پاشان دەچین و جێی ویشت نیشان دەدەم... ).**

(( حەمەدۆك، ب ٢، ل ٥٠٠ ))

**( بەژن و باڵای بە قەد دێویك دەبوو... دارەكاژێكی داگیرساندبوو و بە دەستیەوە گرتبوو، لە نێو دێ دا دەگەڕاو یەك بە یەك ماڵەكانی ئاور تێ بەردەدا... وەك با لە نێو ئاوایی دا دەسووڕایەوە.... ئەگەر ماڵێك خەریك دەبوو بكوژێتەوە، دووبارە دەگەیشتەوە سەری و سەرلەنوێ ئاوری تێ بەردەدایەوە. ئەگەر دیتباتان لێی دەترسان. لە تاریكایی شەودا ئاوری لە چاوان هەڵدەستا... لە پڕ درێژ دەبوو هێندەی چنارێك و پاشان لە ناكاو كورت دەبووەوە... گوللەش كاری لێ نەدەكرد... ئەو هەموو گوللەیەی لێ درا، یەكیان نەچووە نێو گۆشتییەوە... ).**

(( حەمەدۆك، ب ١، ل ٣٩٢))

واتە كارەكتەرێكی حەمەدۆك بۆتە هەڵگری سیفەتی نەمریی، و گیانی بە هیچ چەشنێك دەرناچێت و جەستەكەشی بۆتە ئاسن و پۆڵا ئاسا بۆیە بە هیچ شێوەیەك گوللە نایبڕێت.

ڕۆمانی "ئەودیوی کوێستان، گیای نەمر" ڕۆمانێکە، دەتوانین ناوی بنێین "ڕۆمانی ئەفسانەکان" چونکە ڕۆمانێکە تژییە لە ئەفسانەی جۆراوجۆر. ئەو ئەفسانانەش زۆربەیان پەیوەستن بە (چقورئاوا) ی شوێنی نیشتەجێبوونی ڕۆماننووسەوە، و هزر و خەیاڵی فراوانی ئەم ناوچەیە دایهێناون، و هەستییان بە هەر دیاردە و شتێك کردبێت توانای ئەوەیان هەبووە بە چاکی و ڕەوانی ئەفسانەیەکی بۆ چێبکەن، و وای لە خەڵکەکەش بگەینین کە ئەمە ڕاستییە و دەبێت باوەڕی پێبکرێت و دانی پێدابنرێت. بۆیە "ئەحەشێت" زۆر بە ئاسانی دەبێتە "زاوای پەرییان" و منداڵەکانیشییانی بۆ دەحەوێننەوە.

**( بەرەو ئەو ڕێگەیەی ڕۆیشت کە لە چکورئاواوە دەهات، بڕیاری دابوو لەوێ خۆی مات بکا و هەر کات ئەحەشێت بە وێداهات، خۆی پێدابدا بیگرێ، ئەو شوێنەی خۆی تێدا ماتدابوو، ڕێچکەیەکی قوڕ و تەنگەبەر بوو. ئەحەشێت چ لە سەرەوە هاتبایە، چ لە خوارەوە هاتبا، هەر ناچار بوو بەو ڕێیەدا بڕوات لە دەم قووڵکاییەکەی ڕێگەکەوە، دارچنارێکی لێ بوو ناوەکە هوڵۆڵا ببوو. بەرماوەی پیر چنارێکی کۆن، چنارەکە نەمابوو و تەنیا بەشێك لە کۆتەرە نێو بەتاڵەکە لەوێ مابۆوە.**

**هەموو بەهاران لەو بنەدارە غەڵفێکی نوێ شین دەبۆوەو زستانان وشك دەبۆوە. هەموو بەهاران چڵێکی کەسك... مریمۆك چۆوە ماڵێ. بابۆڵە پەنیرێکی هەڵگرت و بە دەم ڕێگەوە بە چێژ و حەزەوە خواردی تاگەیشتە بن دارەکە. ئاوێکیشی بە سەر بابۆڵەکەیدا کرد. ئەوجا چووە نێو کەلێنی دارەکەوە و لەوێ دانیشت: "ئیتر ئەوجارە لە چنگم قوتارنابی، هەی زاوای سەرماڵێی پادشای پەرییەکان. ئەگەر پیاوی ئەمجارەیان خۆت لە دەستم ڕاپسکێنە." پاڵی وەکۆتەرە چنارەکەدا. نێو کەلێنی دارەکە. بۆنێکی تیژی داری تەڕ و ڕزیوی لێ دەهات. برێکی پێچوو و لەگەڵ بۆنەکە ڕاهات و پێی خۆش بوو.**

**"شێتە دەگرم. دەبێ هەر بیگرم"**

**هێنایە پێش چاوی خۆی کە چۆناوچۆن ئەحەی شێتەی ڕازیی کردووە و دەچێتە کۆشکی پەرییان و چۆن لەگەڵ کچی پادشا و ژنەکەی ئەحەشێت کە نوورانین، ئاشنادەبێ و چۆن منداڵەکانییان بۆدەحەوێننەوە ).**

(( ئەودیوی کوێستان، گیای نەمر، ل ٢٤٠، ٢٤١ ))

ئاشکرایە یەشار کەمال، لە "ئەفسانەی کوێرئۆغڵی"دا لە ڕێی ناونیشانەکەیەوە دەیەوێت سەرەنجی خوێنەر بۆ ئەفسانە و ئەفسانەسازی ڕابکێشێت، و خوێنەر بۆ ئەفسانە بخاتە حاڵەتی تەڕتەماغییەوە. لە کاتێکدا "ئەفسانەی کوێر ئۆغڵی" سەر لەبەری دەقەکە لە ئەفسانە ناچێت، و بەڵام هەر هێندە هەیە بەشێکی دەقەکە لە ئەفسانە دەچێت، ئەوەیتر کە دەمێنێتەوە دەچێتە چوارچێوەی گەلێك ژانر و بابەتیترەوە وەك چیرۆك، ڕۆمان، شانۆ، فەنتازیا، ئەدەبیاتی شوانی و کشتوکاڵی... هتد. بۆیە خودی ڕۆماننووس خۆی بۆناگیرێت بە "بەیتی کوێر ئۆغلی" یاخود "داستانی کوێر ئۆغڵی"یش ئاماژەی پێدەکات و ناوی دەبات

**( لە پێشەوە گوتمان، با جارێکی دیکەش بڵێینەوە. لەم داستانەدا کوێر ئۆغلیمان چەند لە کن زل دەبێ ئەسپە بۆرەشمان بەو ئەندازەیە لە کن زل و گەورە بێ. کوێر ئۆغلی بە بێ ئەسپە بۆرە مێردمنداڵێکی هەژاری دەستە پاچە بوو. ئەسپە بۆرە باڵی هەبوو. جووتێ باڵی پێوەبوو...باڵەکانی بەدەرەوە نەبوون لە بن تووکاندا**

**دەیشێردنەوە، هەر کە غاری دەدا دەکرانەوە، وەکو خێوەت دەوروبەری خۆی دادەگرت. پیاو کە چاوی بەم باڵانە دەکەوت سیحری بە تاڵ دەبووەوە. ئەسپەکە ئیدی غاری نەدەدا. هەر بۆیەش بوو نەیدەهێشت کەسی لێ نزیك کەوێتەوە، نەبادا دوونگەی باڵیان کردبا و پێیان زانیبا ).**

(( ئەفسانەی کوێر ئۆغلی، ل ٩٨ ))

ڕۆماننووس، مەبەستییەتی لە ڕێی ناونیشانی "ئەفسانەی کوێر ئۆغلی"یەوە، جۆرە پێوەندی و گونجاوییەك لە نێو ئەفسانە و ڕۆماندا بدۆزێتەوە.

یەشار کەمال، سەرسوڕمان و سەرسامییەکەی لەهەمبەر لووتکەی ئاگری بە ڕادە و چەشنێکە، لە توانایدا ئەم سەرسوڕمان و سەرسامییە بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی ئەفسانەیەك بسازێنێت کە پەیوەست بێت بەم لووتکە بەرزەی کوردان. ئاگری، خاوەن پەرجوو و ئەفسوونی خۆیەتی، هەر کەسێکی بێ پشت و پەنا و لێقەوما و هەژار و نەدارێك ڕووی تێبکات لە خۆی دەگرێت و گڵێدەداتەوە. ئەگەر زانیشی کەسانێك جەوروستەم لە بەرامبەر کەسانیتردا دەکەن ئاوە ئامادەیە لە خۆیدا بیانشارێتەوە بۆ هەتا هەتایە حەشارییان بدات.

گڕ و کڵپەی ئاگری هێندە بەهێز و تین و گەرمە، ئەگەر ئارەزوو بکات ئەوا سەر لەبەری سروشت بە چیا و بەرد و دەریا و خاك و خۆڵ و مرۆڤ و باڵندە و... هتد گڕی تێبەردەدات و دەیکاتە بەشێك لە خۆی.

**( شوانە وێلە ئاشقی کچی بەگ بوو. کچەش ئاشقی ئەو بوو. بەگ پێی زانی. بەگ پازدە گوندی بوون. هەر پازدە گوندەکەشی لە دۆڵی ئاخوڕییێ بوون بەگ گوتی: ئەو شوانە بگرن ئەو شوانەی کە وێراویە دڵداری لەگەڵ کچی من ڕۆنێ. مردوو یا زیندوو هەر دەمە و باڵندەی ئەوین بوو بە ئاگر. هێلانەیەکی لە ئاگر ڕۆنا، لەسەر گڕە دارچنارێك. باڵندەی ئەوین لەو هێلانەیەدا نووست. سێ بێچووی بوون.**

**باڵندەی ئەوین لەگەڵ سێ گڕە بێچووان هەڵفرین. بە هەرلایەکدا هەڵفڕین، لە هەرشوێنێکی بەرد بوو بە گڕ، خاك و خۆڵ بوو بە گڕ، بەری ئاسمان، ئەستێران، هەموو لە نێو گڕ و کڵپەدا شڵەقان. ئینسانەکان هەموو گڕیان گرت. باڵندەی لە ئەوینی لە گڕ و ڕسکاو پەڕییەوە ئەوبەری چیا، ئەو بەری دەریا، ئەو پەڕی چیا بوو بە گڕ، ئەو بەری دەریا سەرتاپا بوو بە گڕ، گڕ لە گولیلك پشکوتوو و ئێکجار ئەوانی هەرە شین شینەکان، زەردەکان، کەسکەکان هەموو گڕ پشکوتوو شوانە وێڵە پەنای وەبەر چیای ئاگری برد و دڵی چیای ئاگری بوو بە گڕ. پیاوی پازدەگوندان وەدووی شوانە کەوتن، بیگرن، بیکوژن. چیای ئاگرییان کون بەکون پشکنی. چیا شوانی وەشێرد. شوانەش بوو بە گڕ.**

**کچە خۆی لە بەر ئەو ئەوینە سەختە پێ ڕانەگیرا، ئەویش دایە چیای منداڵ و مەزار و پیر و جوان، ژن و پیاوی هەر پازدەگوند وەدووی کچەش کەوتن. ئاگری کچەشی وەشێرد. کچەش بوو بە گڕ ).**

(( ئەفسانەی چیای ئاگری، ل ١٢٦- ١٢٧ ))

تایبەتمەندی سروشت، لە مرۆڤەکان بەدیدەکرێت و مرۆڤەکانیش وەك گڕکانەکان گڕیان گرتووە.

لە ڕۆمانی "مارەکەیان بکوشتایە"، کارەکتەرێکی ڕۆمانەکە کە"خلیل"ی ناوە و باوکی کارەکتەری سەرەکی "حەسەن"ە، ڕۆماننووس ئەم کارەکتەرەی بەردەوام بە ئەفسانە کردووە، ژیانی لە نێو مردووانی گۆڕستان دایە،

بەڵام لەگەڵ مردووان و گۆڕستان نادوێ، بەڵكو لەگەڵا زیندووانی دنیا دەدوێت. هەروەها بەردەوام بە ئاژەڵ دەبێت، یاخود لە شێوەی خشۆك و مار خۆی دەنوێنێت، و لە بەرزیی باڵاشدا لە دار چنار و منارە دەچێت.

**(... كفن لە بەرێك كەتە و چەتەوڵ، لە تاریكاییەكەدا جارجارە دەبریسكاوە، چاوەكانی چرا ئاسا داگیرسابوون، ڕێگەی لێ گرتم، ئەوەندە درێژ بوو داچەمیبوو تەماشای دەكردم باڵای بەرزی چنارێكی هەبوو...،... تەماشای ئەوە مەكە بە كفنێكی سپییەوە دەمبینی و باڵام بە قەد منارەیەكە... ڕۆژێك دەبینی بە سەگ دەبم، كە بە سەگ دەبم خواردنی سەگم دەرخوارد دەدەن، چوون سەگێكیش لەم بن تاوێرانەدا دەوەڕم و كەڵاكی تۆپیو دەخۆم... نەهێڵێ باوكی بە مار و بزن و پشیلە ببێ، بوون بە كتك كەمێك ئەهوەنە.... پشیلە چی دەكات، یەك ڕاست گەڕامەوە ماڵێ ژنەكەم تەماشای چاوی كردم و ووتی: ئەم پشیلەیە كت و مت لە خەلیل دەچێ لەقەبێكی پێداكێشام دارێكی بە سەرمادا، هەڵاتم و خۆمم لە دەستی بكوژەكەم ڕزگار كرد).**

(( مارەكەیان بكوشتایە، ل٣٣ )).

ڕۆماننووس، سوودی لە كۆمەڵێك بیرۆكە و دیمەنی نێو ئەفسانەكان وەرگرتووە، و لە ڕۆمانەكەیدا ڕەنگیپێداوەتەوە.

ڕۆماننووس، كار و كردەوەكانی یەكێك لە كارەكتەرەكان كە ناوی "شێخ هەیبەدین" دەكات بە ئەفسانەیەك كە خەڵكی دەوروبەرەكەی بە ناچاری پەنای بۆببەن، تەنانەت پاشەڕۆك و پاشماوەی شێخ هەیبەدین مایەی خێر و فەڕ و منداڵبوون و وەچەنانەوەیە.

**( شێخ كە بەڕێوە دەڕوا، خۆڵی شوێن پێی دەكەنە ناو ئاو و دەیخۆنەوە، لەمە سەیر و سەمەرەتر: ئافرەتێك منداڵی نەبێت میزی شێخی بە دەرمان بۆ دێنن و دەیخواتەوە، ئەم میز خواردنەوەیەش بەبەزم و ڕەزم و سرووتێكی سەیرەوە بەكاردێنن. لە شووشەیەكی دادەنێن و، لەبەر تیشكی ئەستێرەكان شەوێ دەمێنێتەوە ئەمجارە دەیخۆنەوە، هەر ئەو شەوە دەبێ لەگەڵ مێردەكەیدا جووت بێ... كە خوا و ڕاسان منداڵی بوو، دەبێ بە ناوی شێخەوە ناوبنرێت ...).**

(( گەمییەكەی نووح، ل١١٠، ١١١))

ڕۆماننووس، داب و نەریتی میللەتەكەی دەخاتە ڕوو، و دواتریش بە ئەفسانەی كردووە.

باڵندەیەكی وەك داڵ، ڕۆماننووس دەیكات بە ئەفسانە و لە توانایدایە ڕۆڵی فاڵگرەوە و دەستخوێنێك ببینێت و هەموو خەڵكی سەرسام بكات. ئەم داڵە لە قولەی قاف هاتووە، گوایە قولەی قافیش ئەو شوێنەیە دوورترینی دنیایە. ئەم داڵەش هی كابرایەكی كورتە بنەیە و كەچی داڵەكە لە قەبارەدا چەند جار بە قەد ئەم كابرایەیە. ڕۆماننووس ئەم ئەفسانەیەی سازاندووە بەرگێكیتری لە خەیاڵی بەبەردا كردووە.

**( داڵەكە، داڵێكی گەورەیە، لەوانەیە باڵەكەی دوو، سێ مەتر درێژییەكەی بێ، ڕەنگی سوورێكی مسین بوو، دەنووك چەماوە، سەری بە قەد مشتێك، دوو دونگ و نوڕە، چاوی تا ئەو پەڕی كرانەوە كرابوونەوە چاوێكی شێتانەی لێل و وێڵ، نینۆكی دەتگوت پەنجەی دەستن... داڵێكی سوور، كڵاوێكی توركمانی لەسەر نابوو، ئەم كابرا كورتەبنە، قەمسەلەیەكی توكی ڕێوی شڕی بە شاندا دابوو، نەعلێكی لە پێست دروستكراوی**

**بە پێوەکردبوو، بە سەدان پارچە کاغەزی لە تەختەدارێکی کونکون کراودا دانا و بۆ هەر کونێیەك بڕوا بە شانیا دەکات، کە دای دەنێ بەختی پێ دەگرێتەوە.**

**"وەرن، وەرن وەرن برادەران وەرن... ئەم داڵەم لە قولەی قاف گرتووە... مەلی عەنقای ئەم دنیایە.. مەلی عەنقا.. هەزار ساڵ جارێ هێلکە دەکات.. ئالەوفاییە، ئەم داڵە تروکاوە "..).**

(( دەریا تۆرا، ل ١٤٠، ١٤١ ))

ئەم باڵندەیە سیفەت و تایبەتمەندی مرۆڤی وەرگرتووە، و لە توانایدایە بەخت و دەست خوێنی بۆ مرۆڤەکانیتر بکات.

## مامەڵەکردنی ڕۆماننووس لەتەك فەنتازیادا، وەك ڕەگەزێکی پربایەخی ڕۆمان

فەنتازیا، دنیایەکە بۆ خۆی، لە سادەیی و ئاڵۆزی، لە ئاوێتەی واقیع و خەیاڵ، لە بابەتی مەئلوف و نامەئلوف، لە ئاشکرایی و پەنهانیی، لە باو و دژەبا و، لە مرۆڤایەتیی و دڕندایەتی، لە شتی بچووك و درشت، لە بینراو و نەبینراو، لە لۆجیکی و نا لۆجیکی، لە زانستی و نا زانستی لە ئایدیالی و مەتریالی... هتد. فەنتازیا و ڕۆمان، لەم سەردەمەی ئێستاماندا وەك دوانەیەکییان لێهاتووە بێ یەکتر هەڵناکەن، و لەبەرئەوەی گەورەیی قەبارەی فەنتازیا لە گەورە ژانرێکی وەك ڕۆمان دا نەبێت، ناتوانێت بە تەواوەتی هەناسە هەڵمژێت، چونکە سروشتی فەنتازیا وایە لە هەندێك ژانردا ناتوانێت هەناسە هەڵمژێت و دەخنکێت، یان ئەوەتا دەقەکە دەخنکێنێت. لەهەمانکاتدا، فەنتازیا وەك ڕەگەزێکی ژانری ڕۆمان لە تەك ڕەگەزەکانی تر زۆر بە سانایی و بە ڕووبەرێکی فراوانەوە، پێگەی خۆی قایمکردووە. ئەمەش بۆ خودی هێزی فەنتازیا دەگرێتەوە لە دەقێکدا، ئەوە فەنتازیایە ڕەگەزی وەك زمان، و کارەکتەر، و شوێن، و کات، و ڕووداو،...هتد لەئامێز دەگرێت و بە یەکترەوە کۆیان دەکاتەوە. واتە فەنتازیا وەك سەوڵێك وایە بە دەست ڕۆماننوسەوە، لە توانایدایە بەلەمەکە بە چ ئاڕاستەیەك ببات، و کەی ؟ و لە کوێدا ؟ لەنگەر بگرێت. یاخود بە هێمنی نزیکی بخاتەوە لە کەنارەکە.

یەشار کەمال، ڕاستەوانە دان بەو ڕاستییە دەنێت، کە جیهانی فەنتازیا تەنیا خودی نووسەر و داهێنەران، دایان نەهێناوە، و هەر تەنیاش تایبەتمەندنییە بە ئەوان، بەڵکو فەنتازیا تایبەتمەندیی گشت مرۆڤایەتییە، و زادەی بیر و زەین و تێگەیشتنییەتی بۆ یەکە بە یەکەی بابەت و شتە جیاوازەکان ( بێگومان فەنتازیا... فەنتازیا ناوێکی ترە بۆ ئەفسوون ئەمەش، من، یان داهێنەرانمان دایاننەهێناوە. فەنتازیا جوانترین تایبەتمەندی مرۆڤایەتییە)(٣٠). دەکرێت بڵێین فەنتازیا دۆخێکە پێوەندی بە مرۆڤەوە هەیە، ئافرێندراوی خودی مرۆڤیشە. هێزێکە ڕووبەڕووی ڕۆژگارە دڵڕەقەکانی دەکاتەوە، بە ئامانجی بوون. لەم جیهانە فراوانەی کە ئێمەی تێدا دەژین مرۆڤێك نادۆزیتەوە سەر لەبەری ژیانی بۆ واقیع کەچ کردبێت. ئاخر خودی مرۆڤ لە بنەڕەتەوە ڕەگی فەنتازیای لە ناخدا نەچەقیبێت؟ چۆن دەتوانێت لەگەڵ ئەم هەموو واقیعەی کە تێیدا هەیە و داگیری کردووە، مامەڵەبکات و لەگەڵیدا بژیێت. مەگەر بە چوونەدەری گیان لە جەستەی کۆتایی پێبێت. ئەوەی زیاتر پەیوەست بێت بەو خاڵەوە ئەوەیە کە ئەو فەنتازیایەی کە ڕۆماننووس، یان داهێنەری هەربەرهەمێکیتر لە بەرهەمەکەیدا دەیمەرزێنێت لە فەنتازیای مرۆڤی ئاسایی کە پێی تایبەتمەندە، فەنتازیای ئەمانە تایبەتمەندترە. ئەمەش شتێکی چاوەڕوانکراوە. چونکە ڕۆماننووس دەرهەق بەو فەنتازیا تایبەتمەندەی مرۆڤی ئاسایی زیاتری بە ڕەوا دەبینێت، و زێدەتری پێیە دایدەڕێژێتەوە و بابەتی هەستیارتری لێچێدەکات. بێگومان ئەفسوونی فەنتازیاش لە ڕۆماننووسێکەوە بۆ ڕۆماننووسێکی تر جیاوازە، هەروەها لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی گۆڕان بە خۆیەوە دەبینێت.

خودی زاراوەی فەنتازیا، ئاماژەکردنە بە وێنەکردن، یاخود بە مانای توانستی دروستکردنی وێنە. لەسەر بنەمای ئاوێتەی ئەو شت و دیاردانەی کە لە لایەنی سەرسوڕمانییاندا بەسەردا زاڵە و ئاوێتەی ژیانی ئاسایی ڕۆژانەن. بەڵام بە ئاسایی خۆیان نانوێنن و تاریکایی و تەمومژییان تێدەکەوێت، و خوێنەرێکی بە ئەزموونی

پێویستە بۆ ئەوەی خوێندنەوە و لێکدانەوەیان بۆ بکات. هەندێك لەو باوەڕەدان کە فەنتازیا خۆی بۆ خۆی ژانرێکە، زیاتر لە دەقی ڕۆمان و ئەوجا لەدەقی چیرۆکدا بوونی هەیە. ( فەنتازیا ژانرێکە لە ڕۆمان یاخود چیرۆك کە لە ڕێگەیەوە ئەفسوون و هەندێك کەرەستە کە لە سەرووی ڕاستییەوەن وەکو چەند بنەمایەکی سەرەکی لە گرێ و ڕووداو و شوێنکاتی دەقەکە دادەمەزرێنرێت. لەهەمانکاتدا فەنتازیا پێگەیەکی گواستنەوە و وەرچەرخانی هەیە بۆ بوونی یاخود مەزراندنی پێوەندییەکان بە بواری سیاسەت و مێژوو و ئەدەبی لە نێوان کولتووری باو و بنەما و کەرەستەکانی سەردەمی زووتر)(٣١). ناکرێت فەنتازیا وەك ژانرێکی سەربەخۆ خوێندنەوەی بۆ بکرێت و بخرێتە چوارچێوەی ژەنرکانیتری ئەدەبەوە بەڵکو فەنتازیا پاژێکە وەك پاژەکانیتر کە ڕۆڵ دەبینن لە پێکهاتەی دەقێك دا، یان ووردتر بڵێین دەقی چیرۆك و ڕۆماندا، چونکی لە چیرۆك و ڕۆماندا ڕەگەزەکانی کەسایەتی و ڕووداو و شوێنکات بە زەق و زۆریی وەدیاردەکەون و دەقەکە ئاڕاستە دەکەن. هەروەها پانتایی ڕووبەری چیرۆك، و ڕۆمان بە تایبەتی بۆ ئەوەی فەنتازیا ئەرکی خۆی ببینێت بچێتە ناواخنی کەسایەتی و ڕووداو و شوێنکاتەوە و لەگەڵیاندا کارلێك بکات. واتە فەنتازیا هۆیەکە، هونەرێکە، جوانییەکە، لە دەقدا تایبەتمەندی و گرنگی خۆی هەیە. کە ڕەگەزەکانی دەق و تەکنیەکانی و بابەتەکانی بە یەکترەوە دەبەستێتەوە، و بەرگێکی دوور لە واقیعبوونییان پێدەبەخشێت، لەگەڵ ئەوەی ئەو بەرگە زادەی واقیعیەتە. بۆ نموونە لە فەنتازیا دەوەشێتەوە بارودۆخێکی سیاسی سەردەمی ڕابردوو بگێڕێتەوە و ڕەهەندێکی قووڵتر و خوێندنەوەیەکیتری پێبدات و لە چوارچێوەی گێڕانەوە لاساییە کۆنەکە دەریبهێنێت و بە چەشنێکیتر پێشکەشی بکات کە گوتاری ئەدەبی و پڕ لە جوانی بەسەریدا زاڵبێت و ڕاستییەکان ڕاستییانەتر بخاتەڕوو. یان ئەو ڕووداوە مێژووییانەی نەتەوەیەك، کە فەنتازیا دەستلەملانێی دەکات لە قەوارەی خۆیان گەورەتر دەکرێن بە چەشنێك بە دوور نەبێت لە درێژدادری و چەندجارێك جەختکردنەوە و جوانکاری، و ئاوێتەبوونی ڕاستییە مێژووییەکەو خەیاڵی تیژ ڕەوانی ئەدیب و پیشاندانی لە چەند گۆشە و پڕکردنەوەی کون و کەلەبەرەکانی.

فەنتازیا بۆ ئەوەی خۆی کۆك و جوانتر پیشانبدات کولتوورە باو و ناباوەکان و کەلەپوورە کۆن و نوێیەکان تێکەڵ بە یەك دەکات و بابەتی سێیەمییان لێچێدەکات، کە مایەی سەرنجراکێشان و ڕامانگەلێکی خوێنەرانن. بۆیە ( لەبواری مەزراندنی ڕەهەندە فەنتازییەکاندا سروشت و بابەتگەلی وەك میتۆلۆژیا و فۆلکلۆر کۆڵەگەی سەرەکیین)(٣٢). واتە فەنتازیا، هێز و ووزەی خۆی لە سروشت و بان سروشت وەردەگرێت، بە مەبەستی ئەوەی خۆی دەوڵەمەنتر بنوێنێت و توانستی خۆی لە زۆرترین بابەتدا تاقیبکاتەوە. بۆ بابەتە سروشتییەکان کەڵك لە بوونە ماددییەکان وەردەگرێت ئەوانەی شت و دیاردەن بۆ بابەتە ناسروشتییەکانیش جەخت لە بوونی ناماددی دەکاتەوە و ئەوانەی لە مرۆڤەوە دووردەستن و مرۆڤ بە تەواوەتی دەسەڵاتی بەسەریاندا ناشکێت یان لە دەسەڵاتی مرۆڤ زۆر دوورە کە مرۆڤی سەرقاڵکردووە و بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە شتێکییان لێهەڵێنجێنێت و ئەم کێشە و بابەتانە بە کۆتابێنێت کە لە سەرووی ماددەوە هەڵسوکەوت دەکەن. بۆیە دەکرێت بڵێین ئەفسانە، لە لایەن فەنتازییاوە دەکرێت بە ئامانج، ئەویش بە هۆی نزیکییان لە یەکتر، و بوونی شت و دیاردەی سروشت و بان سروشت کە دەبنە کەرەستەیەکی خاو بۆ فەنتازیا بۆ ئەوەی خۆیانی پێ دەوڵەمەند بکات و لە هێز و جووڵە

نەکەوێت. هەروەها بابەتەکانی فۆلکلۆر وەك داستانی ئەڤینداری و نەبەزی و نەبەردی و گاڵتەوگەپ و شۆخی و بەیت و بالۆرە و حەیران و لاوك و... هتد بە ئاسانی وێنەی فەنتازییان تێدا بە دیدەکرێت و تێدا دەبینرێت. بەڵام دەشێت بە چەشنێکیتر بن و گوزارشت لە سەردەمی مێژوویی خۆیان بکەن. بۆیە ئەمانەش دەبنە سەرچاوەیەك کە فەنتازیا دەتوانێت ئاوییان لێبخواتەوە و لە تێنووێتی دا نەمێنێتەوە.

مەزراندنی فەنتازیا، لای نووسەر یاخود ئەدیب هەرئەوەنییە تاکە جەمسەرێك بێت بە مەبەستی نووسینی دەقێك بە تەنیا و بەس. یان مەتەڵێك بێت تەنیا لە ڕێی وەڵامەوە هەڵێنجێنرێت. بەڵکو فەنتازیا دەبێتە ووزەیەك بۆ بیرکردنەوەو پاڵنەرێك بۆ وورووژاندن، و دەبێتە سەرەنجدانێك بەئاراستەی پرسیار و ڕامانگەلێك جا وەڵامییان هەبێت، یا وەڵامییان نەبێت. فەنتازیا، هەوڵێکە بۆ گومان دروستکردن لە بارەی هەندێك شت و دیاردە، لەهەمانکاتدا گومانی شت و دیاردەکان دەڕەوێنێتەوە و ڕاستییان ئاشکرا دەکات. چیرۆکنووس، یا ڕۆماننووس لە ڕێی کارەکتەرەکانی بەرهەمەکەیەوە، خوێنەرانیش بەرەو قووڵایی فەنتازیا پەلکێش دەکات و لە ڕێی ئەوەوە دەیانکات بە بەشێك لە پرۆژەی نووسینی بەرهەمەکەی. ( لەو ڕوانگەیەشەوە مەزراندنی هەر بابەتێکی فەنتازی ئەگەرێکی پێشهاتخوازە، کە لەوانەیە بە شێوەیەکی شاراوەبێت، یان دزەکردن بێت بۆ نێو جیهانی واقیعی، کە لەو سۆنگەیەشەوە کارەکتەرەکان پەلکێش دەکرێن بۆ نێو ئەو جیهانە واقیعییە، یان لە نێو ئەو جیهانی فەنتازییە دەخولێنەوە و ژیان بەسەردەبەن)(٣٣). واتە فەنتازیا دەبێتە ئەفسوونێك بۆ سنگفراوانکردنی دەقێك، کە زۆرترین مانا و خوێندنەوە و شرۆڤە لە خۆیدا جێبکاتەوە و هێندەیتر لە ڕاستی و ناڕاستییەکانی ژیان قووڵبێتەوە، پەیوەندییەکی گەرموگوڕ لە نێوان دەق، و دەقنووس و خوێنەر بە لایەکدا و واقیعی و نا واقیعی بە لایەکیتردا بسازێنێت و لەگەڵ یەکتر بیانگونجێنێت. واتە فەنتازیا بابەتێکە فرە چەشنی تێدا ڕەتناکرێتەوە و لە توانایدایە جەمسەرەکان لە یەکتر نزیك بکاتەوە، بێئەوەی تایبەتمەندی خۆیان لە دەست بدەن دەشێت بڵێین ئەو کارەکتەرانەی کە بەرگی فەنتازیایی دەکرێت بەبەریان لە لایەن ئەدیبانەوە، لە ڕێگەی ئەو گۆڕانە گیانی و دەروونی و جەستەییانەوە بیانناسینەوە کە بەسەریاندادێن. ئەو گۆڕانەش لە کارەکتەرەکان مەرج نییە لە بارێکەوە بۆ بارێکیتربێت و بەڵکو زۆرجار شێواوی و ئاڵۆزاوی تێدەکەوێت. هەر لە سەرووی مرۆڤ و کارەکتەرێکی ئافرێنەری ئاسایی ئەدیب نین، بەڵکو لە سەرووی ئەمانەوەش خۆیان دەنوێنن.

ئەوەی پێوەندی بە توخمی شوێنەوە هەیە لە ڕۆماندا و فەنتازیا هەژموونی خۆی بە سەردا نوواندووە. شوێنگەلێکن کە ناسنامەی جوگرافی و مێژوویی، و سیاسی و... هتد لە دەستداوە، و بوونەتە شوێنێکی ئاوا تا خەیاڵ بڕدەکات درێژەی دەبێت. نەبوونی هەبووە و نەبوونی دەبێت بە چەشنێك کە مانایەك نامێنێتەوە بۆ شوێنبوون جا ئەو شوێنە زۆر بچووك بێت وەك ئەندامە شوێنی مرۆڤ، یاخود گەورەبێت، لە چوارچێوەی وڵاتێك یان هەرێمێك... هتد خۆی بدۆزێتەوە. ئەوەیترییان توخمی کاتە لە ڕۆماندا، و فەنتازیا کاری لەمەش کردووە لە ئاساییەوە بۆ نائاسایی هەنگاوییناوە. بۆیە کات لەمبارەدا بە ئاسایی و دوور لە واقیعییەت بەرچاو دەکەوێت و هەستی پێدەکرێت، بۆ نموونە زۆر ئاساییە چالاکی کات کەم بکرێتەوە یا بە یەکجارەکی بوەستێنرێت. یاخود کات ئەوپەڕی چالاکی و خێرایی دەنوێنێت بە ڕادەیەك نەتوانرێت تۆماربکرێت. واتە کات لە بابەتی

فەنتازیادا، ئەو کاتە نییە کە شت و دیاردەکان چاوەڕێی دەکەن، کە تەمەنییان بژمێرێت و بەسەریاندا بگوزەرێت و تێپەڕببێت و دوواتر لە کۆتایی یەکجارەکی نزیکییان بکاتەوە ئەوەی دەمێنێتەوە لە توخمە سەرەکییەکانی ڕۆمان، بریتییە لە ڕووداوەکان، کە بابەتی فەنتازیا بە چەشنێکیتر ڕاییان دەکات و ئاڕاستەیان دەکات. خودی ڕووداوەکانیش زادەی کارەکتەر و شوێن و کات و هەلومەرجەکانی نێو دەقن بۆیە هەروەك چۆن بابەتی فەنتازیا کاریگەریی لەسەر کارەکتەر و شوێن و کات جێهێشت ئەوە ئاواش کاریگەری دەبێت بەسەر ڕووداوەکانەوە.

کاتێکیش بەمشێوەیە لەسەر بابەتی فەنتازیا دەدوێین و شوێنەوارەکانی باس دەکەین لەسەر توخمەکانی ڕۆمان لە کارەکتەر و شوێن و کات و ڕووداوەکان، مەبەستمان ئەوەنییە بڵێین فەنتازیا مۆرانەیەکە کون و کەلەبەر دەخاتە سەر خودی توخمەکان بە جیا و یاخود لەبەر یەکتریان هەڵدەوەشێنێتەوە. بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە بڵێین فەنتازیا توخمەکانی ڕۆمان شەن و کەو دەکات شتی نوێیان لێچێدەکات، و ڕەهەندیتریان دەخاتە پاڵ، و ڕاستییە شاراوەکان ئاشکرا دەکات، و هزر دەجولێنێت، و ناخ دەهەژێنێت، وپانتاییەکان بەر فراوانتر دەکات، و خوێندنەوە و شرۆڤە و ڕامانیتر دەسازێنێت. واتە فەنتازیا دەبێتە ئەو پنتە کە لێرەوە شت و دیاردەکان لە گۆمی مەنگاوی ڕزگارییان دەبێت و دەیان شڵەقێنێت و دەیان چووێنێت بەرەو خواستی گۆڕان و نەسرەوتن.

فەنتازیا، وەك هەر بابەتێکیتر خاوەنی چوارچێوەی تایبەتی خۆیەتی کە جیای دەکاتەوە لەوانیتر، لەو چوارچێوەیەشدا کۆڵێك ڕێسای تایبەت بە خۆی هەیە و هەریەکەیان ڕۆڵ دەبینن لە ناساندنی فەنتازیا و ڕاگیربوونی لە نێو دەقێکی ئەدەبیدا. بۆیە ( فەنتازیا بە شێوەیەکی سەرەکی شوێنکەوتەی کۆمەڵێك یاسا و ڕێسای تایبەتمەند بە خۆیەتی. کە ئەفسوون و بابەتگەلی فەنتازییەکانیتری لە خۆیدا حەشارداوە و لە دەقدا ئامادەبوونییان دەبێت و کار لە سەر ڕووبەرێکی فراوانی دەقەکە دەکەن)(٣٤). ئەفسوونگەرایی یەکێکە لەو بابەتە سەرەکییانەی کە فەنتازیا پشتی پێدەبەستێت و لەخۆیدا ڕەنگیپێدەداتەوە. ئەدیبیش لە ڕێی گەمە فەنتازییەکانی بە یارمەتی ئەفسوون، لە توانایدایە وەك جادووگەرێکی بە توانا لە ڕێی بەرهەمەکەیەوە توانا و بڕستی خۆیمان پیشانبدات، و خوێنەرانیش سەرسام بکات. چونکە خۆی لە خۆیدا چ فەنتازیا، چ ئەفسوونگەرایی هونەر و بابەتێکی سەرەنجڕاکێش و کاریگەر و وورووژێنەرن. هەر هێندە هەیە کەرەستەکانی چرینییان جیاوازە. فەنتازیا ئەفسوونگەراییەکە وەکو خۆی بەکارناهێنێت، بەڵکو لە ڕێی زمان و کەرەستەکانی ئارەزووی لێبێت سەرتاپای گەردوون لە چاکەکاری نغرۆ دەکات و ئەگەریش بە دڵی نەبێت هەموو گەردوون بکەیت چاکەیەك نابینیتەوە کە شایەنی باسکردن بێت لەبەر نغرۆبوونی لە خراپەکاری. فەنتازیاش درکی بە هێزی لەبن نەهاتوو و لە ڕادەبەدەری ئەفسوونگەرایی کردووە. کە هێزێکە لە سەرووی ڕاستییە ئاساییەکانەوە خۆی دەنوێنێت لە باریدا هەیە ئەو هێزە لە ڕادەبەدەرە بۆ شت و دیاردەکانیش بگوێزێتەوە و بیانچەرخێنێت.

# شیکردنەوەی دەقــەکــان

حەمەعەلی کوردە، ئەو کارەکتەرەی کە بەهۆی چڕینی ئاواز و گۆرانییەوە گوزارشت لە ژیانی واقیعی پڕ ئازاری خۆی و ئاواییەکەی دەکات. لە کاتێکدا ئاواییەکەی خەریکە ئاو ڕایماڵێت و چەڵتوکچێنەکان دەیانەوێت سەرلەبەری ئاواییەکە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاربێنن و خەڵکەکەشی دەربکەن و بۆ یەکجارەکیش ئاواییەکە بە هۆی چەڵتووکچاندنەوە داگیربکەن. گۆرانییە پڕ سۆز و لاواندنەوە و نائومێدییەکانی "حەمەعەلی کوردی"یش، پەیوەستن بە چوونە لای پیاوەکانی میرییەوە بە تایبەت قایمقام، کە ناتوانێت بەڵێنێکی ئاوا بدات بە سوود و قازانجی خەڵك و ئاواییەکە تەواو بێت.

**( حەمەعەلی، هەر لە پاش دوا گەڕانەوەی لە کن قایمقام وەك دەست و داوێنی لە هەموو شتێ کێشابێتەوە وابوو. وەسەر کەپرەکەی دەکەوت و هەڵی دەکردە گۆرانییەك و گۆرانییەکی زۆر بە سۆز، هەرکە هەڵی دەکردێ پیاو پۆڵە قورینگی بە ئاسمانەوە دەهاتە پێش چاو، دەنگی تا بڵێی نێر و بە گوڕ بوو، شەپۆڵ شەپۆڵ شەپۆڵی دەدا. ناو بە ناو هەناسەیەکی هەڵدەکێشا، بەڵام چ گۆرانی و هەناسە هەڵکێشانێك. گوێت لێ بووایە دەتدایە پرمەی گریان. کێ دەزانێ حەمەعەلی چیی دەگووت و چی هەڵدەڕشت. گۆرانییەکانی زۆر بە پشوو و دوور و درێژ بوون، زۆر بەسۆز و کوڵ و کەسەراوی بوون. سەر لە عەسرانێ بوو. ڕێگەوبان لە دوورەوە تەپ و تۆزیان لێ هەڵدەستا سێبەری تەپەوتەلان بەرەو ڕۆژهەڵات ڕاکشابوو. سێبەرێکی تێر و تاریك. داپیرە زەینۆ لە ماڵ وەدەرکەوتبوو، شڵپ و هۆڕ بە ناو ئاودا بە هەڵەداوان بەرەو ماڵی حەمەعەلی کوردە دەچوو. بای توند ڕۆژئاوا شاقەل و داوێنی هەڵدەماڵی و دەیشەکاندەوە. کاتێ گەیشتە ژێر کەپرەکە، گوتی : "وەرە خوارێ حەمەعەلی، لاواندنەوە بەسە بیبڕەوە. ئەمە بوو بە چی؟ هەر لە سبەینێوە تا ئێوارێ. وەکو ژن دەیلاوێنییەوە. بەسە بیبڕەوە وادێ ئاو ڕای ماڵی هەی لە ژنان جەرگسووتاوتر ).**

(( تەنەکە، ل ٧٩، ٨٠ ))

ڕۆماننووس، ڕووداوی کوشتنی "حەمەدۆك"و "سەیران"ی دۆست و یاری، بە فەنتازیا کردووە. لە ئازایی و بوێری و زۆرزانی حەمەدۆك، "نایب" لە جیاتی ئەوەی حەمەدۆك بپێکێت یەکە بە یەکە بزنی پێکاوە بە بیانووی ئەوەی حەمەدۆك لە پەنا بزنەکانەوە خۆی حەشارداوە، ترسی "نایب" خۆی لە خۆیدا هۆکارێکە بۆ ئەوەی نیشانە و ئامانجەکەی بە تەواوی نەپێکاوە ئەم ترسەی "نایب"یش بۆ ژاندرمەکان دەگوازرێتەوە بۆیە ئەوەی ڕووح بێت تێیاندا نەماوە.!

**(... کاتێك حەمەدۆك ویستوویە بچێتەوە لای سەیرانێ. ئاخر بۆ خۆت دەزانی ئەو سەیرانی مارەکردووە و ئێستا ئەو ژنە خێزانیەتی! نایب تەقەی لێ کردوە ئەویش جوابی تەقەکەی داوەتەوە و دوایی هەڵاتووە. دەربەندەکە هێندێك بزنی لێ بووە، کە لێرەو لەوێ لەوەڕان. حەمەدۆك بە دەم ڕاکردنەوە گەیشتۆتە هەر بزنێکی، لە پەنابەران و پنچکان بە ستوونی یەوە، نایبیش بزنەکانی لەگەڵ حەمەدی لێ تێك چووە، ئەو لێ ی ون بووە و یەك یەك هەموو بزنەکانی کوشتوون. بەو شێوەیە حەمەد دەرباز بووە و ڕاست لەگەڵ وولات ڕووناکبوونێ، خۆی گەیاندۆتە گابەردەکانی ئەناوارزای. لەو تەقە و لێکدانەی دا حەمەد حەوت ژاندرمەی**

**بریندارکردوون. هەموویان بە لاقی ئەنگاون و ئێستا لەویَ کەوتوون. حەمەد ئاخر بزنی لە بەرەوەی کۆنە قەلاکەی لە پەنا پنچێکی بەستبۆوە و بەو شێوەیە بۆی دەرچوو بوو. ژاندرمەکانیش هەروا تەقەیان کردبوو و بزنی چارە ڕەشیان وەك بێژینگیَ دابێژ دابێژ کردبوو. پاشان حەمەد خۆی دەکەرتەشی جاڕوکەی هاویشتبوو و لە بەستێنی چۆمی خۆی حەشاردابوو، کە دیارە ئێستا ئەویَ ئاوی تیَ دانییە و ووشکە. وەلی زۆرزان بە چاوی خۆی دیتوویەتی، ناسیویەتەوە و بە پەلە چووە بە ژاندرمەکانی گوتوە بەستەزمانانە لە ترسان ڕوحیان پیَ نەمابوو ).**

(( حەمەدۆك، ب٤، ل ٥٣ ــ ٥٤ ))

"مەمی دیك"ی کارەکتەر، دووچاری چارەنووسی سیزیف دەبێتەوە، بەڵام سیزیف گابەرد هەڵدەگرێت و دەیەوێت بەسەر بەرزایی بخات، کەچی "مەمی دیك" لاشەی مردووەکەی لێبۆتە بەڵا و چەرمەسەری لەکاتێکدا مردووەکە کە کەوتۆتە نێو بیرێکەوە خۆزگەی ئەوە دەخوازێت بەسەری بخات و بیهێنێتەوە سەر زەوی، بەڵام هەرچەندی دەکات بۆی ناکرێت ئەویش بە هۆی هەڵخلیسکاندنی مردووەکەوە، لە کۆتاییدا کارەکەی ئاکامی دەبێت و مردووەکەی هێنایەدەر ئەمجارەیان هەڵۆکان واز لە مردووەکە ناهێنن بە دووای "مەمی دیك" دەکەون، و ئەویش بە ناچاری لە ژێر خەرمانەی گەنم دەیشارێتەوە، و دواتر هەر هەڵۆکان وازناهێنن ئەویش ناچارە پەنا بۆ سووتانی خەرمانەکە بەرێت بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت لەم دڵە ڕاوکێیە، بەڵام دەبینێت مردووەکەی لە ژێر خەرمانەکەدا شاردۆتەوە، ئەگەر خەرمانەکە گڕی گرت ئەوا بێگومان مردووەکەش گڕ دەگرێت.

**( مەمی دیك سیَ جاران مردووەکەی هێنایە سەر لێواری بیرەکە و هەر سیَ جارەکەش لێی هەڵخلیسکایەوە کەوتەوە خواریَ.**

**هەڵۆکان خووسابوون.**

**ئاخرییەکەی مەمی دیك هەر هێنایەدەر. مردووەکەی لەسەر شانی دانابوو، دەستەیەك هەڵۆ بە شوێنییەوە بوون و ئەو بە غاردان خۆی گەیاندە جیَ خەرمانەکە. گورج تەرمەکەی وەبن مەڵۆ گەنمەکان دا. وش وشی باڵەکان ئاسمانی جیَ خەرمانەکەی پڕکردبوو. بە هەزاران هەڵۆ پێش تریفەی مانگەکەیان گرت و مانگ ون بوو.**

**مەمی دیك بە غاردان خۆی گەیاندەوە سەر بیرەکە و جلوبەرگەکانی لەبەرکردن و گەڕایەوە جیَ خەرمانەکە. کە گەیشتەوە سەیری کرد ئەوە هەزاران هەڵۆ لەسەر خەرمانەکە نیشتوون و بە دەندووکان دەیکۆڵن و بە هەزارانی دیکەش بە ئاسمانەوە دەسووڕێنەوە. جۆش و خرۆش و هەڵلایەکی سەیریان لە زەوی و ئاسماندا نابۆوە.**

**مەمی دیك قوتوە شقارتەکەی لە گیرفانی دەرێنا چلێکی داگیرساند و لە خەرمانەکەی نزیك کردەوە. گلۆشە وشکەکە دەمودەست گڕی گرت و بڵێسەی کێشا. هەڵۆکان بێت و خێرا هەڵنەفڕییایەن، دەسووتان. هەموو ڕایان کرد هەر هێندەی چاو تروکانێك خەرمانەکە گڕی گرت و کێوی بڵێسە، هێندەی دوو منارە لە دەشتەکەی چکوراوا هەستا. مەمی دیك بە خۆی گوت:**

**"ئەوە دەسوتێ، خەریکە دەسووتێ، ئۆخەیش نەجاتم بوو." بەڵام لە ناکاو لە ناخی خۆیدا هەستی بە تەنیایی و بۆشاییەکی تاقەتپڕوکێن کرد. خۆی بە نێو بڵێسەکاندا کرد تەرمەکەی کێشایە دەرەوە بە کۆڵی خۆی دادا و بەرەو ڕووبارەکەی جەیحان کەوتە ڕێ و غاری دا).**

((ئەودیوی کوێستان، گیای نەمر، ل ١٨٤))

دنیای خەو و خەوبینین، دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی ڕۆماننووس فەنتازیای لەسەر بنیاد بنێت. لەهەمانکاتدا ئەم فەنتازیایە پەیوەستە بە بیروباوەڕی سەرەتایی و میللی، و بواری ئەفسانە و سروشتەوە.

**( دەوروبەر بە گاشەبەردی بەرز بەرز و دار و درەختی سەد ساڵە شوورە درابوو. لە پڕ دەنگێکی بەر گوێ کەوت، لە دوور ڕا گرمە گرم دەهات، لە ناو بەردەکانەوە دەزرینگایەوە:**

**"چاوی غەفڵەت بکەوە پیرەمێرد. چاوی غەفڵەت بکەوە! لەو ڕووبارەی پێشەوە، لە تاریك و لێڵەدا، ئاوێك دێ. سێ دانە کەفی بەسەرەوەیە. چاکم گوێ دەیێ. یەکیان سەوز، یەکیان زەرد، ئەوی دیکەیان ڕەگی بۆرە... ئەم کەفانە لە دەفرێ بکە و بیانخۆوە... چاوەکانت دەکرێنەوە، دەبیتەوە بە لاو، سپ و ساغ دەبییەوە".**

**یوسفی مەیتەر دەسبەجێ کوڕەکەی وەخەبەری هێنا هەرچی لەو خەونەدا دیتبوو یەکە یەکە بۆی گێڕایەوە، گوتی:**

**"لاوۆ بڕۆ چاوەڕێی کەفەکان بکە".**

**عەلی ڕووشەن هەستا چووە سەر ڕووبارەکە. لەم مەودا کورتەدا چیی بەسەرهات، کارەساتی وا لە وزە و کێشی مرۆدا نە بوو. لە تاریکاییەوە، لە چیا بڵندە تووشەکانەوە جۆگەلەیەکی باریك لە دۆڵەکەوە دەکشایە نێو تاریکاییەوە و داغان دەبوو).**

((ئەفسانەی کوێر ئۆغڵی، ل ٦٧ ))

وەستا سلێمانی فەلە ئەو کارەکتەرەیە، لە ڕێی سازاندنی کلاوڕۆژنەیەك لە زیندانەکەی سەرای بایزیدێ هەزارەها نزای خێری بۆ دەکرێت لە لایەن هەر زیندانێك ئەگەر لەم زیندانە دەستبەسەرکرابێت بۆیە وەستا سلێمانی فەلە ببوو بە کەسێکی پیرۆز و خاوەن بەهرە، چونکە زیندان بە هۆی ئەم کلاوڕۆژنەوە ڕووناك ڕووناك دەچۆوە، و لەهەمانکاتدا ئاوا سازێنرابوو کە هیچ ستەمکار و زۆردارێك نەتوانێت ئەم کلاوڕۆژنەیە تێکبدات و دابیخات. ئەفسوونی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە وەستا سلێمانی فەلە نامەیەك بەجێدەهێڵێت ئەم نامەیە هەڕەشەیە بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت ئەم کلاوڕۆژنەیە کوێربکەنەوە، چونکە لە کاتی داخستن و کوێرکردنەوەی ئەم کلاوڕۆژنەیە قەڵای سەرای مەحموودئاغا سەراوژێردەبێت، و هەروەها دووچاری هەزار بەڵای ئەولا و ئەملا دەبێت و نەوەکانیشی هەر بەم دەرد و بەڵایە سەردەنێنەوە. بۆیە پێویستە ئەم نامەیە هەموو خەڵکی کۆشك و سەرای لێ ئاگادار بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ڕەگ و ڕیشەی نەپوکێتەوە و شوێنەواری نەبڕێتەوە.

**( کلاوڕۆژنەکەیش بە قەدەر لەپی دەست پان و بەژنە زەلامێکیش بڵند بە میچی ژێرخانەکەوە بوو و کەس نەبوو بەم کلاوڕۆژنەیە نەزانێ و بەسەرهاتەکەیان لەبەر نەبێ. جا هەر لەبەر خاتری ئەم کلاوڕۆژنەیەش بوو کە وورد و درشتی خەڵك سەروەستای زیندانەکەیان بە پیرۆز و تەنانەت، بە خاوەن بەهرە دەزانی. وەستاکە**

**پیاوێی فەلە دەبێ لە زینداندا زۆرمابووە. کەس هێندەی ئەو دەرد و مەینەتی و چەرمەسەرێتی لە زیندان نەچێشتبوو. ڕۆژێکیان وەبیریدادێ دەڵێ : "چ دەبێ بابێ، وەڵڵا دەبێ کلاوڕۆژنەیەك بۆ نێو ئەم زیندانە بکەمەوە بۆ یەکەم جار لە دنیادا ڕووناکی لە دڵی زیندان بەردەم، بە مەرجێ واشی بکەمەوە کە هیچ زۆردارێك نەتوانێ کون و کەلێنەکانی بگرێ و کوێریان کاتەوە."..**

**سەروەستا هەرکە لە دروستکردنی قەڵا و زیندان دەبێتەوە نامەیەك بۆ پاشا بە جێ دێڵێ و لە چاوان ون دەبێ. لە نامەکەیدا نووسیبووی : "هەر کەسێ ئەم کلاوڕۆژنە و کونەباچکانە بگرێ قەڵا و زیندان بە جارێ لەهیم و بنەڕەتڕا دەڕووخێ و نغرۆ دەبێ".**

**"ئەمن ئەم زیندانەم لەسەر ئەم کلاوڕۆژنە و کونەباچکانە و پەنجەرە درێژ و باریکانە ڕۆناوە. هەر کەسێ کونەباچکەی ئەم ڕووناکییانەی زیندان کوێرەوەکا، یەکسەر هەزار بەڵای ناگەهانی بەسەردا دەڕژێ و ببڕای ببڕای نەوەی نەوەی لەپاشەڕۆژدا خێر لە خۆی نابینێ. هەر کەسێکیش ئەم نامەیەم بۆ بە خەڵکی کۆشك و سەرا ڕانەگەینێ ئەویش ڕەگ و ڕیشەی دەپووکێتەوە و ئاسەواری دەبڕێتەوە".**

**لەوەتی ئەم کلاوڕۆژنە و کونەباچکانە دروستکرابوون کەس نەیدەوێرا توخونیان کەوێ. جا بۆیەش بوو کە زیندانی سەرای بایزیدێ بوو بووە بنێشتەخۆشەی سەرزاری چووك و گەوران. هەر گیراوێك چووبا زیندان دووعای خێری بۆ وەستا سلێمانی فەلە دەکرد ).**

(( ئەفسانەی چیای ئاگری، ل ٤٥ ))

ئەو ڕووداوە واقیعە نەخوازراوەی کە بەسەر "حەسەن"ی کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکەدا داهاتووە، هەم دڵ و دەروونی تێکداوە، و هەمیش خەڵکی وەکو شێت و دڵڕەق و... هتد، لەبارەی کوشتنی باوکییەوە قسەی جۆراوجۆر دەکەن و سەریان لێتێکداوە. لە بەدبەختیشی واقیعییەتی کوشتنی باوکی لە بیرچۆتەوە، و بە قسەی ئەم و ئەو باوەڕدەکات. ڕۆماننووس ئەم گێڕانەوە و دیمەنانەی لە زاری ئەمانەوە بە فەنتازیا کردووە.

**( حەیدەرەشێت ئاوای گوت، کەوچکت لە دەمدا سوریدایە**

**"ئەم کابرایە شێت دەبێ، هەموو شەوێ ئاوا... من بە چاوی خۆم بینیم"...**

**ڕەمزی دڵڕەق، کە چەتەیەکی کۆن بوو، خوشکێکی خۆی پارچەپارچە کردبوو وتی"کەس ئاوڕی لێ نەداتەوە، یا شێت دەبێ یاخود."..**

**مەریەمە پیرەش کە دەنگی لە گیزەی مێشوولە دەچوو...**

**"من دوو قسەی لەگەڵدا دەکەم، ئەو بەستەزمانە لە بەر چی بمرێت، ئەوەندەی بەس نییە کە باوکی لە گۆڕ دەردەچێ"...**

**زاڵاینازونوزکەریش دەیگوت**

**"چەند منداڵێکی چاکە، گەورەتر بووایە دەکەوتمە دووای و لەم دنیە هەڵدەهاتین"...**

**مستان ووتی:**

**"بینیم... بەم دوو چاوە بینیم... هەموو شەوێ باوکی دەستی دەگرێت و بۆ ئەناورزا پەلکێشی دەکات بەو تاریکییە دەیباتە قەراغ هەڵدێرەکەوە"**

**داپیرە دەشتێك بڵێ، قسەیەکم لەگەڵدا بکە.**

**هەموو ڕۆژێ کرمی لێ دەوروکا و دەیانخوارد، کە لێی دەبوونەوە، سەر لەنوێ دەبووە خەلیلەکەی جاران... هەموو شەوێك ئەمە دووبارە دەبووەوە ).**

(( مارەکەیان بکوشتایە، ل ٥٨ ))

یەشار کەمال، وێنە و دیمەنە فەنتازییەکانی عارەبانەیەکی کفتەفرۆش، دەخاتە بەردیدی خوێنەران، بە جۆرێك خودی عارەبانەکە فەنتازیبایەکە بۆ خۆیی و هێندە پێویستی بە بیر و خەیاڵی ڕۆماننووس نییە، لەبەر ئەوەی عارەبانەکە هەر بۆ کفتەفرۆشتن تەرخان نەکراوە، بەڵکو بۆ خودی سروشت و پێکهاتەکانیشی تەرخانکراوە.

**(... چاوی بڕییە عارەبانەکەی کفتەفرۆشەکەی سەر تا خوار بە بۆیەی شین بۆیە کرابوو، بە چواردەوریا گوڵی نەخشێنرابوو، لە ناوەڕاست گوڵەکاندا و لە ژێر گەواڵە هەورێکی سپی دا، گوڵێك لە ناو شینایی عەرەبانەکەدا دەبریسکایەوە. لە ناو گۆڵەکەدا چەند مەلێك مەلەیان دەکرد لە قەراغ گۆڵەکە گوڵی مۆر و سوور دەمی کردبووەوە، بنجە قامیشێك شۆڕببووەوە، هەرگیز بنجە قامیشی وا لە دنیادا هەڵناکەوێت، قولینگان قتارەیان بەستبوو، لاکەی تری عارەبانەکە، ئاسکێك قەڵەمبازی دەدا، دیسانەوە ئاسکی وا هەر نەبووە و نابێ... ).**

(( باڵندەکانیش کۆچیان کرد، ل ١١٥)).

ڕۆماننووس، ئەو واقیعەی کە دەیبینێت پێی سەیر و سەمەرەیە و کاریگەریی بەسەریەوە دروست دەکات، بۆیە ڕووداو و گێرانەوەکان بە بەرگی فەنتازیا دەپۆشێت، و لە چوارچێوەی واقیعە سواوەکە دەریاندەهێنێت. بۆئەمەش کارەکتەرێکی ئافرەتی قاچاغچی هێناوە، ئەو کارە قاچاغچێتییەی ئافرەتەکە دەیکات لە نێوان مەئلووف و نامەئلووف بووندایە

**( " زۆر دەوڵەمەندە.. مرواری لە حەڵەبەوە دێنێ.. لە کوێوە دەیهێنێ، چۆنی دێنێ کەس نازانێ گومرگیش دەزانێ قاچاغچییە، منداڵی بەر مەمکان دەپشکنن.. بەڵام هەر دەیهێنێ.. لە کوێ دەیشارێتەوە کەس نازانێ"..**

**"ئای بژی"..**

**"جارێکیان لە ناو پرتەقاڵێکدا مرواری هێنابوو.. توێکڵ ساغ و سەلیم.. مرواری لە ناو پرتەقاڵە.. پرتەقاڵەکەشی دابووە دەست منداڵێکەوە ملچەملچ پرتەقاڵی مژیوە.. تا لە سنوور پەڕیبوونەوە منداڵەکە هەر پرتەقاڵەکەی مژیبوو.. مرواریەکانیشی گەیاند بووە عەنتاب ".. ).**

(( گەمییەکەی نووح، ل١٤٣))

ڕۆماننووس، لە ڕێی باڵندەیەکەوە کە ڕەنگبێت حەوت هەزار ساڵ بێت لە هێلکە هاتبێتە دەرەوە گوزارشت لە ئاسمانەکان و هەوا بکات خشۆکێکی وەك ماریش، دەبێتە ئاماژە بۆ خاك و خۆڵ، یاخود زەوی. هەروەها بوونی کچێك، واتای زۆربوون و زاوزێی مرۆڤەکان دەگەیێنێت. چ باڵندەکە، چ مارەکە، چ کچەکە، هەریەکەیان بە

جیاواز لە ناو کیسەیەکدا دانراون، و کیسەش چەفەنگێکە بۆ ڕاز و نهێنی و پەنهانیی ئاسمان و زەوی و مرۆڤەکان. کە ئێستاشی لەگەڵدابێت پەی بە کەمێك لە نهێنییەکانییان براوە، و زۆرێك لە نهێنییەکان بە هەڵواسراوی ماوەتەوە. ڕۆماننووس ئەمانەی هەموو کردۆتە چوارچێوە و حاڵەتێکی فەنتازییەوە

**(میرسوڵتان لە ژوورەکەی تر لە کاتێکدا سێ کیسەی مەخمەڵی بە دەستەوەبوون گەڕایەوە، لەسەر دۆشەکەکەی خۆی دانیشتەوە، یەکەمجار زارکی کیسە شین و سەر و باڵ کلکیشی لە زێڕ بوو، عەباس دڵی داخورپا. چاوەکانی خاتوون بریسکەیان دەدا. باڵندەکە بە قەد ئەنگوستی شا دەبوو. میر سوڵتان بە پێکەنینەوە گوتی:**

**"ئەمە هەمان باڵندەیەکە. ڕەنگبێ حەوت هەزار ساڵ بێ لە هێلکە هاتبێتەدەر. هێشتاش سپێدان دەخوێنێ نابێ ئەم باڵندەیە لە خۆت دوورخەیتەوە. هیچ بەڵا و ناخۆشییێکت نایەتە ڕێ. ئەمە تەلیسمێکی باشە".**

**میر زارکی کیسەی دووەمی کردەوە کە ڕەنگەکەی نارنجی بوو، لەویشدا مارێکی هێنایەدەر کە ئەویش هەر هێندەی پەنجەیەك دەبوو و سەرکی لە بەردی شین و بەدەنی لە زێڕ دروستکرابوو.**

**"ئەمەش تەلیسمی سەلامەتییە".**

**لە کیسەی سێیەمدا سەری کچێك هاتەدەر کە پێدەکەنی. چاوە گەورەکانی بە چەشنێك کرابوونەوە دەتگوت دەیەوێت هەموو دنیا قووت بدات. لە بڕۆنز دروستکرابوو.**

**میر گوتی: "ئەمەشیان خواوەندێکە ").**

(( بڕوانە فورات خوێناویە، ل ٤٢٨، ٤٢٩))

حوسێن حۆری، یەکێکە لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانی "دەریاتۆرا"، ژیانی ئەم کارەکتەرە هەر لە منداڵییەوە بە دنیای فەنتازیا ئاشنا دەبێت، و شتێکی وا بۆ بە واقیعبوون نامێنێتەوە. واتە ڕۆماننووس لە ڕێی ئەم کارەکتەرەوە وێنەی ژیانی هەندێك لە کوڕانی سەرکردە و فەرماندە و سەرۆك و میر و پاشا و کاربەدەستانمان بۆ دیاردەخات. کە لە واقیعدا بوونییان هەیە و بەڵام کار و کردەوە و ڕەفتارەکانییان لەو واقیعە ناچێت و دیوێکیتری واقیع بە ئەوانی دیکە پیشان دەدەن. لەکاتێکدا ئەم چەشنە کەسانە، نارەسەنن و کوڕی سۆزانی و سۆزانیخانەکانن .

**(... ئەو سۆزانیانە لە تاسووقی منداڵی خۆیاندا هەموویان دایکایەتیان بۆ دەکرد، لە ڕادەبەدەر نازیان دەکێشا و دەیانلاواندنەوە، حوسێن ئەرکیانی بە خەسار نەبرد، چۆنیان ویستبوو لەوە زیاتر دەرچووە. هەر لە نۆ ساڵیەوە جلی گەڕۆکی پۆشی، بێ گوێدانە سنوور و پاسەوانی سنوورەکان، لەم ووڵاتەوە بۆ ئەو وڵات چووە، گوێی بە هیچ نەداوە، وەك دنیای لای ئەو باغچەیەکی پڕ لە گوڵ بێت... ئەو منداڵە نۆ ساڵییە، بەو منداڵەتییەی خۆیەوە چەندین جار ڕۆژنامەکان، لەسەر لاپەڕەکانی یەکەمیاندا بەوێنەوە ڕووداو و بەسەرهاتیان بڵاودەکردەوە و دەبووە بابەتی ڕۆژنامەکان. ..**

**ڕۆژێکی کە، دەتبینی حوسێن خۆی لە ناو پاپۆڕێکدایە و بەرەو خوارووی ئەفریقیا سەری خۆی هەڵگرتووە. کە دەگاتە ئەوێ، لە سەریەك هەواڵ لە دوای هەواڵی لەسەر بڵاو دەکەنەوە... لە ئەڵمانیا، ئەستەمبۆڵ، سویسرا، دەوڵەمەندەکان بەو پەڕی ڕێز و خۆشەویستییەوە حوسێن حۆریان دەبردە ماڵەکانی**

**خۆیان، ئەم منداڵە چاو ڕەشەیان دەبردە لای منداڵەکانی خۆیان چ پۆشاك و جلێکیان لەبەر منداڵانی خۆیان دەکرد،  هەمان جلیان لەبەر ئەمیش دەکرد... ).**

(( دەریا تۆرا، ل ١٢٥، ١٢٦ ))

# نۆستالیژیاکانی ڕۆماننووس

نۆستالیژیا، جیهانێکه پەیوەستە بە خود، ئەو خودەش بە ڕابردوو، ئەو ڕابردووەش لە ئێستا و داهاتووی دەقدا بەرجەستە دەبێت. شاعیر، یا چیرۆکنووس، یاخود ڕۆماننوس بە تاسووقەوە دەیەوێت لە ڕێی نۆستالیژیا وە بەستەڵەکی ڕابردووی لە ئێستا و داهاتوودا بتوێنێتەوە و ئەزموونی لەسەر بنیاد بنێت، و بەو نیازەی ڕابردووی خۆی و ڕابردووی خوێنەر موتوربە بکات، گوزارشت بێت لە ئێستای خوێنەر.

نووسەر هەر بە تیلایەکی چاو، ئاوڕ لەو ڕابردووەی ناداتەوە بەڵکو بە چاوکراوەیی و چاونەترسییەوە ئەوەی بن بەرە دێنێتە سەر بەرە و بە خۆشی و کلۆڵییەکانەوە، بە گەڵادەرکردن و گەڵارێزانەوە، بە منداڵی و تۆڵازییەوە، بە ئارامی و پەرێشانییەوە، بە کاڵفامی و زرینگییەوە، بە لڤین و بێخوستییەوە، بە کازیوە و زەردەپەڕییەوە، بە سەرەڕۆیی و ملکەچبوونەوە...هتد. بەڵێ ئەمانە بابەتگەلیتر کەرەستەن بۆ دەربڕین و گوزارشتکردن لە بارێکی وەك نۆستالیژیا. واتە ئەستەمە نۆستالیژیا هەر لە ڕابردوودا چربکەینەوە هەروەك لە پەرەگرافی پێشتردا ئاماژەپێکرا، بەڵکو نۆستالیژیا دامرکانەوە و هەڵچوونەو هەست و سۆز و دڵ و دەروونە، و گەڕانەوەیە بۆ یەکەمین شوێنی لە دایکبوونی و زێدی خۆشەویستی و ڕەسەنایەتی، و کوچە و کۆڵان و دێهات و باژێر... هتد.

نۆستالیژیا، وەك هەستێکە یاخود وەك تەکنیکێك باڵی بەسەر ژانرەکانی ئەدەبدا کێشاوە. کەم دەقی ئەدەبی هەیە جا لە هەر ژانرێك بێت نۆستالیژیای نەکردبێتە هەوێن بۆ داهێنانی بەرهەمێك بۆ بەرچاوڕوونی ئەگەر چیرۆکنووس یان ڕۆماننووسێك بڵێت بە تاس و حەسرەتەوە لە ڕابردووی خۆم دەڕوانم، و لەو لاوە شاعیرێکیش بۆی هەیە بڵێت، ( منیش غەریبی ڕابردووی خۆم. هەموو شاعیرێك بۆی هەیە غەریبیی ڕابردووی خۆی بکا. کەواتە جیاوازییەکە لەمە دایە کە من لە پەنجەرەی خۆمەوە دەڕوانمە ئەو ڕابردووە نۆستالیژییە )(٣٥). ئەوێکیتر لە پەنجەرەی خۆیەوە. لە بانیژەی نۆستالیژیاوە، ئەدیب دەتوانێت چەشنێك لە چەشنەکان ئاوڕ لە ڕابردووی بداتەوە، و هەستە دڕدۆنگییەکانی پێبڕەوێنێتەوە. بە ئازاترین و بوێرترین شێوە گفتوگۆیەك لەگەڵ خود بڕەخسێنێت بۆ ئەوەی ساتێك لە ساتەکانی ژیان بە ئەوپەڕی قەشەنگ و جوانیی و هونەرییەوە بگرێتەوە کەوا هەست بکەین خودی ئەدیب پاچڤەی خودی خوێنەرەکانییەتی. لێرەدا کە دەڵێن نۆستالیژیای خودی ئەدیب، پاچڤەی خودی خوێنەرەکانییەتی مەبەستمان ئەوەنییە کە بڵێن ئەدیب و خوێنەر لە یەك پەنجەرەوە لە ڕابردوویان دەڕوانن و یەکگوتاریی کۆیاندەکاتەوە. بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە ئەدیب تا چەند لەو گەمە نۆستالیژییە سەرکەوتوو دەبێت بۆ ئەوەی خوێنەرانیش بترنجێنێتە نێو ئەو گەمەیە و بەشدارییان پێبکات. بۆ نموونە زۆرجار ڕۆماننووس کارەکتەرێکی وا دەسازێنێت کە هەم خۆشی و کێشەکانی ڕابردووی خۆی، هەمیش هی خوێنەرانی تێدا بەرجەستەدەکات. بەم هەنگاوە بونیاد و پەیامی دەق ڕوونتر دەبێتەوە و دەقیش دەبێتە ئەو وێستگەیەی کە کۆمەڵێك دید و بۆچوونی جیاواز، و لەهەمانکاتدا کۆمەڵێك دید و بۆچوونی وەکیەك لە خۆیدا کۆبکاتەوە.

مەرج نییە نۆستالیژیا هەر پەیوەست بێت بە ڕابردوو و یادەوەری کەسێك، یاخود ڕۆماننوسێك بەڵکە لە هەندێك باردا نۆستالیژیا بەرجەستەکردنی ڕابردوو و یادەوەری کۆمەڵێکە، یا نەتەوەیەکە، و لە ئێستادا زیندوو دەکرێنەوە بەهایان بۆ دادەنرێت و بە بەرزی ڕادەگیرێن. ( دەتوانین لە زۆر ڕێگەوە، گەڕانەوە بۆ ڕابردوو بکەین ئەویش ئەگەر هۆکارەکان ناوەکی یا دەرەکی، خۆیی یان بابەتی، خەست و خۆڵ، یاخود ڕوون و بێگەردبن )(٣٦)، ئاشکرایە هەر دەقێك بڵاوکراوەیە دەکەوێتە بەردەست و دیدی خوێنەران خاوەندارێتییەکەی لە دانەرەوە بۆ ئەوانیتر لە دەستە و چین و توێژەکان دەگۆڕێت، هەرچەند ناوەڕۆك و بابەتی دەقەکە خودی بێت هەرگیز ناتوانێت خۆی هەڵبوارێت لە بابەتبوون، چونکە ئەوا هۆکاری بابەتی و دەرەکین و هەم چیرۆکنووس، یاخود ڕۆماننووس ئاڕاستەدەکەن، و هەمیش ڕەنگڕێژی دەقەکە دەکەن. چونکە ڕێی تێناچێت نۆستالیژیا هەر هەمووی گوزارشت بێت لە خود یان ڕۆماننووسەکە بە دوور بێت لە دەستی ژینگە و دەوروبەرەکەی و لە هێز و توانا و ڕۆڵییان کەم بکاتەوە. دەبێت ئەوەش بڵێین ڕۆماننووس ئازادە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕووداو و یادەوەرییە خۆش و ناخۆشەکانی سەردەمی زوودا دەکات. بەڵام ئەوەی هێندەیتر نۆستالیژیا جوان و قەشەنگتر دەکات هەست و نەستی تاك لە ڕابردوودا تێکەڵ بە هەست و نەستی کۆ دا بکرێت. هەر یەکێك لە ئێمە تێنووس و تۆماری خۆی هەڵبداتەوە، لە ڕابردوودا و بیهێنێتە سەر تەختەی شانۆی ئەمڕۆی ژیانی.

نۆستالیژیا، بە ئاواتی ئەوەیە شتە لە دەستچووەکانی ڕۆژگاری ڕابردوو، لە ڕۆژگاری ئێستادا بهێنێتەوە بەردەست و گیانییان پێببەخشێت و زیندوویان بکاتەوە. ڕۆماننووس، یاخود چیرۆکنووس دەیەوێت لە ڕێی نۆستالیژیاوە خۆی لەو بارە ڕزگاربکات کە تێیکەوتووە و نائاساییبوونی بەسەردا هێناوە.واتە ( نۆستالیژیا ئاماژەیە بۆ هەستی نێو ناخی مرۆڤ کە لە ڕێگەیەوە بیر و ئارەزووی ڕابردوو دەکات بە تایبەت بۆ ئەو شتانەی کە پێوەندییان بەشتی تاکەکەسێکەوە هەیە. کە بە خۆشی و کەیفسازی بەسەربیردبێت و لە ئێستادا لەدەستیچووبێت)(٣٧). نۆستالیژیا هەوڵدانێکە بۆ ئارامکردنەوەی بارودۆخی دەروون و بیرکردنەوە و گەرمکییەتی هاوسەنگییان بکات و نۆژەنییان بکات و تا بکرێت لە فشارە جیاجیاکان بە دوورییان بگرێت. ئەدیب وەك هەر تاکێکیتری کۆمەڵگە بە دوور نییە لەو ڕەوش و بارودۆخ و ڕووداو و یادگارییانەی کە لە ڕابردوودا ڕووبەڕووی بۆتەوە، بەڵکە زیاتریش کاری لێ دەکات و شوێنەواری لەسەر هەست و نەست و سۆزی جێدەهێڵێت، و بۆ هەر یەك لەمانە دەشێت ئەزموونی تایبەتییان بۆ بسازێنێت و لە هۆشیدا تۆمارییان بکات و دوواتر هەڵیانڕێژێت. بێگومان هەموو ئەمانەش کاردەکەنە سەر پێوەندییەکان، وەك پێوەندی ئەدیب بە مرۆڤەکانیترەوە، پێوەندی ئەدیب بە ژینگە و دەوروبەرەکەی، پێوەندی ئەدیب بە بەها و هزر و بۆچوونەکان، پێوەندی ئەدیب بە دنیای ماددی و مەعنەوی... هتد. بەڵێ ئەمانە هەموو ڕەنگدەدەنەوە لەبەرهەم و ئەزموونێکی هونەری و ئەدیبیدا جا چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ بێت، یاخود بە شێوەی ناڕاستەوخۆ بێت. ئەزموون و تاقی ئەدیبان لە ڕێی نۆستالیژیاوە دوور و درێژە دەکێشێت و تەواو نابێت، ئەوان نەك هەر کار لەسەر ئەو خۆشی و کەیفسازییە دەکەن کە لە ڕابردوودا بینوویانە، بەڵکو خەون و خەیاڵ و ئاواتە بەدینەهاتووەکانیشییان لە ڕابردوودا، کاری نەپساوانەی لەسەر دەکەن، و بە هۆی نۆستالیژیاوە لە ئێستادا وەك ڕاستی و کەواقیعێك پێشانی خوێنەرانی دەدەن. لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە

نۆستالیژیا هەر پەیوەست نییە بە بابەت و شتێکی ڕاستی لە ڕابردوودا بوونی هەبێت، دەشێت پەیوەست بێت بە بابەت و شتێك كە بوونی نەبێت و تەنیا لە چوارچێوەی خەون و خەیاڵ و ئاواتەكانی ئەدیب بێت، و كەسانێتر پەییان بە نهێنییەكان نەبردبێت.

دەكرێت بڵێین نۆستالیژیا هەستێكی قووڵی ئەدیبە، و وایلێدەكات شۆڕبێتەوە بۆ نێو یادگە، و لەهەمانكاتیشدا یاد دەوروژێنێت و یادگاری و بیرەوەری و بەسەرهاتەكانیش كڵپە دەستێنن و بە هۆی پرۆسەی نووسینی دەقەوە دادەمركێننەوە و ئۆقرە بە خۆیانەوە دەبینن، واتە ( ڕۆماننووس كار لەسەر كەرەستەیەكی خاو دەكات ئەویش بریتییە لە یادگە. نزیكبكەوێتەوە یا دووربكەوێتەوە لەو بەرگە دڕ و زبرەی كە لەپشتییەوە وێنەیەكی جووڵاوی ئامادەبووە)(٣٨). ئاشكرایە هەر یەك لە مرۆڤەكان جیاوازن لە زۆر ڕووەوە و بە تایبەتیش لە هەستكردن بە شت و دیاردەكانی دەوروبەرییان، و لەهەمانكاتیش لە كاتی هەستپێكردنییان ئەوا جیاوازی دەربڕین و گوزارشتكردنییان دێتە ئاراوە. لەو سۆنگەیەشەوە ئەدیبەكان لە خەمی نووسیندان و پێیەوە ئاڵوودەبوون یادگەیان بە شێوەیەكی بەرچاو دەخەنەگەڕ و بە شێوەیەكی بەرچاو لە ڕێی دەقەوە كار لەسەر سەردەمی زوویان دەكەن و یادگاری و یادەوەرییەكانییان بۆ خوێنەر بە بادەكەن و وورد و درشتی بۆ دەگێرنەوە، بەمەش خوێنەر هێندەیتر پەلكێشی نێو دەق دەكەن، و هەستێكی وایان لە لا دروست دەبێت ئەوا خۆیانن لە نێو دەقەكە دێن و دەچن و ڕووداوەكان دەجووڵێنن و ڕاییان دەكەن. بۆیە هەستكردن بەدیاردە و شتەكانی سەردەمی بەر لە ئێستا كارێكی هەروا سادە و ساكار نییە، و نەخاسمە زیندوو بكرێنەوە و بووروووژێندرێن و پرسیارییان لە بارەیەوە بكرێت، و بكرێن بە وێنەیەكی پڕ جووڵەی سەردەمی ئێستا و هەر لە سەردەمی ئێستاشدا ئامادەبوونییان هەبێت. بەڵێ لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی كە نۆستالیژیا زیاتر پەیوەستە بە یاد و یادگارییە هەمیشەییەكان كە شوێن و پێگەی خۆیان قایمكردووە لە یادگەدا، و نەوەك ئەو یاد و یادگاری و بەسەرهاتانەی كە تەمەنییان كورتە و كەم خایەنن ناتوانن شوێنێك داگیربكەن لە یادگەدا.

چەمكی نۆستالژیا، چەمكێكە پەیوەستە بە هەردوو چەمكی ئێستا و داهاتوو، و كار لە یەكتر دەكەن و یەكتر كێشدەكەن و لە یەكتر دوور دەكەونەوە. لە هەندێ بارودۆخدا نۆستالیژیا بیانوویەكە بۆ ئەدیب كە ئێستا و داهاتوو بپوكێنێتەوە و تووڕییان بدات. لە هەندێ بارودۆخیش نۆستالیژیا دەبێتە گۆپاڵێكی ئەفسوونئامێز. بۆ ڕوانین لە ئێستادا و ڕامان لە داهاتوودا واتە نۆستالژیا ئێستا و داهاتوو دەدرەوشێنێتەوە دەبێتە بارێكی دەروونی وا كە گەشبینی بە دووای خۆیدا دەهێنێت. بۆیە نۆستالیژیای ئەدیب و ئەوانی دیكە ڕووبەڕووی چەند پرسیارێك دەكاتەوە، ( لەوەی كە ئایا دەكرێ ڕابردوو فەرامۆش بكەین و هەموو داهاتوویەك ببەستین یاخود دەكرێ ئێستە بكەین بە سەنگی مەحەك بۆ هەموو فەلسەفە و بۆچوون و ڕایەكانمان، یاخود دەكرێ بایەخ لە ڕابردوو وەرگرین، بۆ بنیادنانی ئێستە)(٣٩). ئەدیب لە ڕێی نۆستالژیاوە جووڵە و بزاوت و بەردەوامی و دروستبوونەوە و تازەبوونەوە و سەرجەم گۆڕانكارییەكانیتر بە سەردەمێكی دیاریكراوی ڕابردوو ببەخشێت، و ئەو سەردەمە دیاریكراوەی ڕابردوو وا پیشانبدات كە هاوشانی سەردەمی ئێستا و داهاتووە و هیچی لە ئەمانە كەمتر نییە ئەگەر زۆرتر نەبێت. بۆ نموونە ڕۆماننووس كە لە ڕێی نۆستالیژیاوە هەست و نەست و سۆزی دەخرۆشێت، ئەم بارە بۆ

کارەکتەرەکانیش دەگوازێتەوە لە ڕێی ئەمانەش بۆ خوێنەران. واتە لە جیاتی ئەوەی بێت ژیانی کارەکتەرەکان لە ڕابردووییەکی دیاریکراو بگێڕێتەوە و کاریگەریی ڕووداوەکان باس بکات بەسەریانەوە، و یەکە بە یەکەی هەکایەتییان بگێڕێتەوە، دێت لە ڕێی باری دەروونییەوە هەست و نەست و سۆزەوە ئەو ماوە دیاریکراوە بەچڕی و خەستی لە کاتێکی زۆر کەمدا بەسەردەکاتەوە بۆ ئەمەش نۆستالیژیا ئامرازێکی چاکە بەدەستییەوە.

## شیکردنەوەی دەقـــەکـــان

هەندێك لە شار و شارۆچکەکانی وولاتی تورکیا، دەبنە بەشێك لە نۆستالیژیاکانی ڕۆماننووس. ئەوەی واشیکردووە کە ڕۆماننووس بە سەریان بکاتەوە و یاد و یادگارییەکانی گەنجێتی سەردەمی زووی بیربکەوێتەوە سروشتە جوانەکانی ئەو شار و شارۆچکانەیە. کە ئێستاشی لەگەڵدابێت ڕۆماننووس حەسرەتی خۆشی و جوانی و گەشتەکانی ئەو شوێنانەیە، و ئاواتی ئەوە دەخوازێت بۆ جارێکیتر بە ناویاندا گوزەربکات و ئاووهەوا پاك و بێگەردەکەیان هەڵمژێت، و تا بۆی بکرێت تێرتێر بۆنی گژوگیا و گوڵ و دار و درەختەکانی بکات. ڕۆماننووس، هەموو ئەمانە لە زاری "نەرمین"ی کارەکتەرەوە باسدەکات، و قایمقامیش گوێی بۆ شل کردووە.

**( نەرمین باسی ئەسپینداره بەرز و تۆزاوی و بێ کەس و خەمگینەکانی هەردەی ئەنەدۆڵی دەکردە دەریا شینە تێر ڕەنگەکەی بەردەم دۆڵمە باخچە هەندێ جار بەرگی تەم و مژ دەپۆشێ، کەف و کوڵی دەریا لە ناو تەم و مژدا، شەپۆڵی تا کەناران دێ و دەگەڕێتەوە. هۆوە دوو بەیەکی ترنجییە لە منت نەکەوی کاکی کاپتان. گیانی شیرینم کاپتانە تەمەڵا. درشت و زەلام دەستی دەست نییە، لە خۆیداغاراو، کرژ هەڵاتووە. ڕێگا سێبەرەکەی نێوان دۆڵمە باخچە و بێشکتاش، لە ناو گەڵادا نووقم بووە. ڕێگە پڕ کۆترەکە، تاکسیی پڕ بە بریق و باقی پێدادەڕوا. کۆتری سەر پەلك و گەڵازێڕینەکان دەدەنە شەقەی باڵ ).**

(( تەنەکە، ل ٢١١ ))

ڕۆماننووس، دەنگی دەهۆڵا و زوورنای گوندی، لە ئێستادا لە گوێیەکانی دەزرینگێتەوە. سەرلەبەری ئاوایی بە دەهۆڵا و زوورناوە کەوتوونەتە جۆش و خرۆشەوە، و شایی و بەزم و ڕەزم و هەڵپەڕکێ. خەڵکی هەموو لایەکی پڕکردووە، خودی یەشار کەمالیش بە دەر نییە، لەم شایی و هەڵپەڕینە، و خۆشییەکەی لەوەدایە نە کەس ژن دێنێت و نە کەسیش شوو دەکات، بەڵکو ئەم دەهۆڵا کوتان و زوورنا لێدانە بۆ ئەوەیە کە "هەمزەکەچەڵ"ی چاوچنۆك و چاوبرسی و تەماحکار، بە هەقی خۆی گەیشتووە و بۆتە خۆراکی سیسارکە کەچەڵەکان. جوتیارانیش لە عەمباری خواردەمەنی و دانەوێڵەی "هەمزەکەچەڵ" وەربووینە و هەر جوتیارە و بەشی خۆی لێهەڵدەگرێت و دەبیات، و برایانە لە نێوخۆیاندا دابەشیدەکەن سەرەڕای بەشکردنی پارەپوولەکانی و مەڕوماڵات و ڕەشە وولاغەکانی خودی ژنەکانی "هەمزەکەچەڵ"یش بەم ڕووداوە دڵخۆش دەبن و ماڵ و شتومەکەکانی لەگەڵ جووتیاراندا بەش بەش دەکەن، پێدەچێت ئەم دیمەنە بەزمەساتە بەشێکی یادگەی ڕۆماننووسی داگیرکردبێت، و بۆیە زۆر بە تاسووق و خۆشییەوە دەیگێڕێتەوە.

**( جوتیاران ڕۆژێك بە پارێزەوە چوون دەرگای عەمباری خواردەمەنیی هەمزە کەچەڵیان کردەوە، ژنەکانی هەمزە بێ ئەوەی نارەزاییەك دەرببڕن لە دوورەوە وێستابوون و بە بێ موبالاتی تەماشای ئەو جوتیارانەیان دەکرد کە عەمباری خواردەمەنییان دەکردەوە. عەمبار پڕ بوو لە تەنەکە ڕۆن و تەنەکە هەنگوین و هیزە دۆشاو، سندووقە کشمیش، بادام، گوێز، مێووژەتوو، لەتکە سێو و لەتکە هەرمێ. خواردەمەنییەکە لە پێش**

**چاوی هەموو خەڵکی دێ بێ ئەوەی چوکترین ناڕەزایەتی و شکایەتی لێ پەیدابێ، برایانە دابەش کرا. بەشی ژنەکانی هەمزەشییان وەلانا و گوتیان : "بگر، ئەمەش بەشی ئێوە".**

**پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر بە سەر دابەشکردنی خواردەمەنییەکە دا ڕابرد، خەڵکەکە ڕۆژێك لەبەر دەرکی ماڵی هەمزە کۆبوونەوە و داوای پوڵ و پارەکانی خۆیان کردەوە. یەکێك لە ژنەکان توورەکەیەکی گەورەی هێنا و دایە دەستیان کە لێواو لێو پڕ لە پارەی کاغەز بوو. دانیشتن و دراوەکەشیان وەك برایان دابەش کرد و بەشی ژنەکانی هەمزەشییان جیاکردەوە و وێ یان دان. پاشان هەر کەسە چوو، ئەسپ و ووڵاغ و بزن و گا و مانگای خۆی کە زۆربەیان هەمزەکەچەڵ هێشتا نەی فرۆشتبوون، لە دەرکی ماڵی هەمزە ڕابردە و بەردەرکی خۆی. ئەمجارەب دەرگای ئەم عەمبارەیان کردەوە کە چەندین ساڵ بوو پڕ کرا بوون لە گەنم و جۆو هەزن و ئەویشیان برایانە دابەش کرد وەك هەمیشە بەشی ژنەکانی هەمزەشییان دیاری کرد.**

**ڕۆژێکیان بەیانی هێشتا هەتاو نەکەوتبوو، لە گۆڕەپانی نێوەڕاستی دێ دەنگی دەهۆڵێکی هاتە بەرگوێ. دەنگی دەهۆڵەکە بڵێند و پڕ متمانە سەنگین بوو.**

**جوتیارەکان دەسبەجێ زانیان کە ئەو دەهۆڵا کوتە لە ئەبداڵی ئۆغلی بایرام بەو لاوە کەس نییە. چونکە لە سەرانسەری توورووس دا کەس نەبوو بتوانێ وەك بایرام دەهۆڵا بکوتێ. "جومەك"ی کوڕیشی زوورنای لێ دەدە. ئەویشیان بە دەنگی زوورنایەکەی ناسیەوە ئەبدال ئۆغلی بایرام لەگەڵا کوڕەکەی بە هەموو قەوەتەوە خۆی دەهۆڵی لێ دەدا، دادەنیشت و هەڵا دەستایەوە. هەڵبەز دابەزی دەکرد، دەیگەڕاند و هەڵلا و هەنگامەی وەرێ دەخست، هەڵا دەسوورا و سەمای دەکرد. خۆی لە نێو جۆش و خرۆشێکی بێ پایان دا بەرەڵلاکرد بوو، ببو بە گەردەلوولێك لە شادی و دڵخۆشی و لە نێو ئاوایی دا دەستی کردبوو بە گرمە و هەرا...)**

(( حەمەدۆك، ب٢، ل ٥٤٠ ــ ٥٤١ ))

ڕۆماننووس، سەرسامە بە لێزانی و شارەزایی "خەلیلەپیر"، کە خەڵکی هەمووی گوێی بۆ ڕادەدێرن بە مەبەستی وەرزی بە دیارکەوتنی ئیزگیل و دەست بە لۆکە چنین کردن. بە چەشنێك ئەگەر بڵێی لە چلەی زستان، یاخود لە چلەی هاوین وەرزی چنینەوەی بەرهەم بە گوێی دەکەن. بە هۆی ئەوەی کەس لە گوندییان نەیانتوانیووە ڕۆڵی ئەو بگێڕن و خۆیان ڕابێنن لەگەڵ کاتی چنینەوەی لۆکە و بە باشی لەم کاتە نازانن، بۆیە ئەمیش بە بەردەوامی لۆمەیان دەکات و جنێویان بۆ دەژمێرێت بە بێ ئاوەز و چاو و گوێ و هەست و خوست وەسپیان دەکات. بێگومان یەشار کەمالیش، یەکێکە لە دانیشتوانی گوندی "خەلیلەپیر" و ئەمە وەك یادگارییەکی ڕۆژانی ڕابردوو دەگێڕێتەوە کە خودی خۆشی کرێکاری لە نێو ئەم مەزرایانەدا کردووە، و یەکێك بووە لەوانەی کە بە قسەی "خەلیلەپیر" چۆتە سەرکار بە مەبەستی چنینەوەی لۆکە.

**( گوندی بۆچی هێندبێ ئارەزن؟ بۆ هێندبێ چاو و گوێ و بێ هەست و خوستن. بۆ هێند ناوریا و نادیارن؟ ئەمە سی ساڵە خەلیلەپیر نەبوایە چییان نەدەکرد؟ وا خەلیلەپیر مرد. دەی چ دەکەن؟ بۆ چقوور ناچن؟ بۆ لۆکەچنینێ ناچن؟ کوڕە هەی تەرەسینە، تا ئێستا بەگێلتان، ڕۆژێ لە ڕۆژان وەرزاو وەرز نەهات بڵێ هاپۆ خەلیل بتڕەژم، تۆنەبی هەموو وەرزێ ئێمە چۆن دەق لەسەر وەختی خۆیدا، بێ کەم و کورتی دەتوانین بگەینە**

**سەرکێڵگە و دەست بە لۆکەچنین بکەین ؟ کەسێ هات بڵێ ئافەرین هاپۆ خەلیل بۆ خۆت و هونەرت.... "هاپۆ خەلیل، چەند ڕۆژی ماوە پۆڵە ئیزگیلەکانت وەك قورینگ بە دیارکەون ؟ چەند ماوە بۆ چوونە چقوور؟ هاپۆ خەلیل، گیان و سەرمان و گوندێ بە دەستی تۆوەیە، هاپۆخەلیل، بتەوێ لە پاش سێ مانگی دیکە بۆ لۆکەچنینمان بەڕێ دەکەی ناوەندی زستانێ. هاپۆخەلیل ").**

(( کاریتە، یا ئەودیوی چیا، ل ١٠، ١٢ ))

ئەو نۆستالیژیایەی کە ڕۆماننووس، لە ڕۆمانی "ئەفسانەی چیای ئاگری"دا، تیشکی خستۆتەسەر، نۆستالیژیایەکە هەر پەیوەست نییە بە خودی ڕۆماننووسەوە، بەڵکو نۆستالیژیایەکی گشتگیرە و لە کۆ نەستی کورددا بە درێژایی سەردەمەکانی مێژوودا بوونی هەبووە و ئێستاشی لەگەڵدابێت بەردەوامە. ئەویش خۆی لە وەرزی بەهار و جەژنی نەورۆزی سەری ساڵی کوردیدا دەنوێنێت. ئەم وەرز و جەژن و بۆنەیە ڕەنگاوڕەنگی بە دووای خۆیدا دێنێت و ووشکی و کاڵ و کرچی تووڕدەدات، و لە نێو ئەم ڕەنگاو ڕەنگییەشدا سەوزی گژوگیا و دەوەن پشکی شێریان بەردەکەوێت نەك هەر لەبەر ڕەنگەکانیان، بەڵکو بە هۆی بۆن و بەرامەکانییان .

**( هەموو ساڵێ کە بەهار لەگەڵ بەفر چوونەوەدا چاو هەڵدێنێ و نەورۆزێکی بە شان و شکۆ و پڕ هەیت و هوت بە چیای ئاگری دەتەقێتەوە. دەوروبەری گۆڵەکە، جۆگەتی باریك، پڕدەبن لەگولیکی کورتە بنە و تیژ، ڕەنگییان تا خەیاڵ بڕکا گەش و ڕوونە. کامیان لە هەموویان چکۆڵەترە، شین، سوور، زەرد، مۆر هەریەکە لە ڕەنگێ خۆی دەنوێنێ، لە دوورەوە دەڵێی تیشکی ڕەنگە و دەچریسکێنەوە. بۆنیان زۆر تفت و تیژە. بۆن و بەرامەیەکی هێندە تیژ لە نێو گۆلەکە و خۆڵە سوورەی مس ڕەنگ دێ ئیدی بە جارێ پیاو گێژ و مەست دەکا).**

(( ئەفسانەی چیای ئاگری، ل ٧ ))

بەشێك لەو نۆستالیژیایەی ڕۆماننووس، لە ڕۆمانی "مارەکەیان بکوشتایە"، لە کارەکتەری سەرەکی "حەسەن" بە دیدەکرێت، و ڕۆماننووس لە ڕێی چیرۆکگێڕەوەی کەم شتتزانە و پێمانی ڕادەگەینێت. هەر لە ڕێی حەسەنەوە تامەزرۆیی خۆی بۆ کەرەی نێو مەشکە و نانی گەرمی بەیانییان دووپات دەکاتەوە. کاتێك منداڵ بووە لە گوندەکەیان بە دەستی دایکی بۆی ئامادەکراوە.

**( بەیانییان پێش گزنگدان دایکی کەرەی لە مەشکەی تازە ژانراودا بۆ دەردەهێنا و لە بەردەمی دادەنا حەسەنیش نانێکی گەرمی هەڵدەگرت و دەچووە بن دارێکی دوور تاکو دایکی نەیبینێ. هەموو بەیانییەك ئەوە حاڵی بوو، نەیدەزانی چ بکات چی دەکات. شێت ئاسا گوندی خوارو ژوورو دەکرد، لە دووایشدا هەر نەیدەزانی چی بکات ).**

((مارەکەیان بکوشتایە، ل ٦ ))

ڕۆماننووس، دڵی بۆ ساڵانی لەمەوبەر لێدەدات کە ڕووی کردۆتە ئەستەمبوڵ، و پیر و پەککەوتە و منداڵ و ماڵ و بازاڕی ئەو شارە سەرەنجی ڕاکێشاوە، و یادگاری و خۆشی لەگەڵیاندا ئەنجامداوە، بۆیە ئارەزووی ئەوە دەکات لە ڕێی نووسینەوە ئەو یادگاری و خۆشییانەوە تۆماربکات، و بۆ هەتا هەتایی لە بیری نەچنەوە.

**(... ئاسمانی ئەستەمبووڵ بە مەلی هەرزان بەها دەتەنرا... ئازادکردنی بە ڕەڵلاکردنی مەلەکان لە لایەك منداڵەکان و لە لایەکی ترەوە پیرەمێردەکی پێ دڵخۆش دەبوو... ساڵانی لەمەو بەر، تازە هاتبوومە ئەستەمبووڵ، کابرایەکی پیری پەککەوتە، پاڵتۆیەکی یەخە کوڵکنی لەبەردایە، لەگەڵ منداڵێکی حەوت هەشت ساڵاندا دەهاتنە مەیدانی "تەقسیم" جارێکیان بینیم مەلی لە منداڵێکی پێ خاوسی پانزەساڵانی ڕەنگ زەرد دەکڕی و ئازادی دەکرد، قەفەسی گەورەی بەتاڵ کرد، جارێ خۆی، جارێ منداڵە کە بەرەڵلای ئاسمانی دەکرد، لەگەڵ ئازادکردنی هەر مەلێکدا، سێ کەس بە جارێ هاواری خۆشی خۆشییان لێ هەڵدەستا ).**

(( باڵندەکانیش کۆچیان کرد، ل ١٦ ))

یەشار کەمال، کە چیای ئاگری دەبینێت باران بە سەر چیاکەوە دەبارێت، و خاك و خۆڵەکەی تەڕ دەبێت و بۆن و بەرام بڵاودەکاتەوە، ئەم بۆن و بەرامە دەچوێنێت بە زێدی لە دایکبوونی و سەردەمی منداڵێتی، چیای ئاگری دەبێتە ئاگرێکی بڵێسەدار ئاگر لەدڵ و دەروونی ڕۆماننووس و ئاوایی چوقورئاوا هەڵدەگیرسێنێت، چونکە چکورئاوا وەك لانکەیەك وابووە بۆ ڕۆماننووس.

**( ئێوارەیەکی پاش بارانە.. کەمپەکەمان لە ڕاستاییەکی دامێن ئاگریدایە.. پاش بارانەکە خاك و خۆڵی ئەو ناوە بۆنی مسکیان لێدێت. ئەم خاکە.. ئەم خاکە، وەك خاك و خۆڵ لە وەرزی بەهار بۆن و بەرامەیەکی خۆشی هەیە. ئەم بۆن و بەرامەیە، هەر لایەقی ئاگرییە.. بۆن و بەرامەکە تێکەڵ بە بۆنێکی کە دەبێ، شتێکم لێ دەخرۆشێنێ لێ دەوروژێنێ سەر و دڵم دەگرێ، بەڵام تامدار و بە لەزەتیشە بەڵام.. منداڵیمی بەوە بیرهێنامەوە.. بە تەنیشت ئاواییەکەماندا لە چوقورئاوە جەیحان تێدەپەڕی. لە کەناری ئەو جەیحانەدا ڕووەکێکی لێ شین دەبێ "پوران"ی پێدەڵێن.. ئاگرێك هەڵایساوە و چوقورئوەوای وا لە ناو دایە، لێرەش ئاگری نوقمە لە بەفر).**

(( گەمییەکەی نووح، ل١٦))

چوکوراوا و چیای جودی، دەبنە ناوەندی نۆستالیژیای بیری ڕۆماننووس. ئێستاشی لەگەڵدابێت ڕۆماننووس گیانلەبەرێکی ناسکی وەك ئاسك، کە لە سەردەمی زوودا پێی ئاشنابووە و ڕاکردن و جوانی و ئێسك سووکییەکەی سەرسامیکردووە، و نەستی داگیرکردووە. ئەوا ئێستا ڕۆماننووس دەیهێنێتەوە بەرهەستی خۆی و خوێنەران.

**( هەزاران ئاسك. لە فوراتەوە تا دیجلە، لە دیجلەوە تا بیابانی حەران، سوریا، چوکولی، لەوێوە بەرەو دیجلە، بە پانتایی دوو ڕووبار لە چیای جودییەوە تا شاری بەسرا شەپۆلئاسا دەڕۆیشتن و دەهاتنەوە. بە ڕای هەندێك لە بیابانشینەکان ئاسك گیاندارێکی پیرۆزە. )**

(( بڕوانە فورات خوێناویە، ل ٤٢٤ ))

سات و کاتە خۆشەکانی یەشار کەمال لە سەردەمی منداڵی و یادگاری و تاڵی و سوێری و شیرینییەکانی، هەمیشە ڕۆماننووس دەگەڕێنێتەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی، و هەرگیز دەست بەرداری نابێت، ئەویش چقورئاوایە. بە جۆرێك وای لە ڕۆماننووس کردووە ڕەسەنی هەموو کەسێك بۆ ئەو ئاواییەی خۆی بگەڕێنێتەوە و بێجگە لە "چقورئاوا" هیچ شوێنێکیتر شایستەی ئەوە نییە ببێتە نیشتمانی مرۆڤەکان. بۆیە لە کارەکتەرێکی وەك

"سەلیمی ماسیگر"، دەتوانین کەسێتی یەشار کەمالی لێ بەرجەستە بکەین. بە تایبەت لەو کاتەی کە چیا بەرزەکان بەسەردەکاتەوە

**(... ئەوانەی لە تاوی شەڕەکاندا کۆچیان دەکرد گریان و فیخانییان بۆ مردووەکانیان کۆتایی نەدەهات، لێرەوە لە تۆرۆسەوە تا دەگەیشتنە چیا بەرزەکان، قەفقاس، زێدی باوباپیریان، خاکەکەی خۆیان... سەلیم بێجگە لە تۆرۆس گەلێ چیای دیکەی بینی، سەلیم، ئاگری داغ، سوبحان، نەمرود، ئارجیاس، حەسەن داغ، بین بوغا لاریشی بینیوە.. دواجار لە خاکە گەرم و بە پیتەکەی چوقورئاوا بار و بنەیان خست.)**

## پیرۆز و جوانی سروشت لە ڕۆمانەکانی یەشار کەمال دا.

سروشت، ئەو هێز و ووزە لە بنەهاتووە و بەردەوام و هەڵسوڕێنەرەیە کە هەموو بوار و بابەتەکانی ژیان دەبێت خۆیانی لە بەرامبەریدا بە قەرزدار بزانن دەشێت زۆر بابەت و بوار بە تێپەڕبوونی کات و قۆناغەکان گرنگی و بایەخی خۆیان لە دەستدابێت، بەڵام بە پێچەوانەی ئەمانەوە سروشت هەمیشە گرنگی و قورسایی خۆی لە دەست نەداوە ڕۆژ لە دووای ڕۆژیش ئەگەر دەستی داهێنەرانەی بگاتێ دەدرەوشێتەوە.

جوانی و تواناکانی سروشت، یاخود دەقێك هەندێك لایەنی سروشت دەکات بە ئامانج تەڕیی و تازەیی بە دەقەکە دەبەخشێت و بە درێژایی سەردەمەکانی مێژوو بە نەمریی دەیهێڵێتەوە. چونکە ئاشکرایە سروشت و لایەنە هەمەجۆرەکانی خۆی لە خۆیدا و لە بنەڕەتدا خەسڵەتی هەمووەکی و گشتێتییان تێدا هەبووە و بابەتەکانی ئەم گەردوونە پان و بەرینە پیشان دەدەن دەبێت لە ئاستییاندا چۆك دا بدەیت و بکەوینە بیرکردنەوە و ڕامانێکی قووڵەوە. واتە بە پێچەوانەی هەندێك بابەت کە بیر و ئایدیای کەسێتی و تاکێتییان بە سەردا زاڵە و گوزارشتە لە بارودۆخ و سەردەمێکی دیاریکراو، بە تێپەڕبوونی ئەم بارودۆخ و سەردەمە جادووی بابەتەکە بەتاڵ دەبێت و هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆ جێناهێڵێت کە کاربکاتە سەر ئەوانی دیکە.

مرۆڤیش وەك بەشێك لە سروشت، و بە توندی پێیەوە بەستراوەتەوە و بابەت و لایەنەکانی سروشت، هەمیشە بۆ مرۆڤایەتی مایەی سەرەنج و تێڕامان و بایەخن، خودی مرۆڤیش وەك سروشت هەڵگری سیفەتی گشتێتییە ئەم خەسڵەتە بەسەریدا زاڵە. هەر بۆیە سروشت و بابەتەکانی، بە بەردەوامی چێژ و خۆشی بە خوێنەرانی دەبەخشن. ئومێدی تازەیان بۆ دەگەڕێنێتەوە، کاریگەرییەکی دوور و درێژی هەیە و دڵخۆشییەکی زۆر بە وەرگرانی دەدات و دەبێتە جێگەی بایەخ و گرنگییان و ئەدەبێکیش تۆماردەکات کە بۆ هەمیشە ماك و تووی زیندووێتی بە سەرەوە دیاربێت و ڕاز و نهێنییەکانی ڕاستی بێت.

ئاوڕدانەوە و مەزراندنی سروشت لە هەر دەقێکی ئەدەبییدا، لەلایەن نووسەرەکەیەوە پەیوەستە بە کۆمەڵێك مانا و بنەماوە، و بیرکردنەوە و خەیاڵێکی ئاوا دەسازێنێت بۆ خوێنەر کە سەرلەبەری شتەکانی سروشت پیرۆزن. بۆیە پێویستە گیانێکی زیندوویان هەبێت و خۆیان گوزارشت لە زیندووێتی خۆیان بکەن، و ئەم زیندووێتییەش پەیامی جیاجیای لە خۆیدا حەشارداوە. واتە ( ووردبوونەوە لە ترۆپکی سروشت سەربەخۆی شتەکانی لێدەکەوێتەوە و هیچ مانایەك نامێنێتەوە بۆ بەر تەسکی و وا بەستەبوون بە کۆمەڵێك شت، یاخود بیر و ئایدیای دروستکراو هەر بۆیە گوزارشتکردن لە سروشت دەگاتە ئاستی ئازاد بوون و هەنگاونان بۆ نەتەوە و نەتەوەخوازیی)(٤٠) بابەتەکانی سروشت و ڕەنگدانەوەیان لە دەقی ئەدەبیدا بە مەبەستی ئەوەیە شتەکان سروشتی خۆیان وەربگرنەوە، کە بە هۆی کۆمەڵێك یاسا و ڕێساوە لێیان زەوتکراوە. بۆیە بەرپەرچی هەر فشارێك دەداتەوە کە ژینگە و سروشت تەسکدەکاتەوە و ناهێڵێت پێوەندییەکان بەردەوام بێت.

بۆنموونە ئازادی و یەکسانی مرۆڤەکان مافێکی سروشتییە و لەهەمانکاتدا بابەتێکی سروشتیشە کاتێك لە لایەن بیر و ئایدیای جیاجیاوە ئەم ئازادییەی مرۆڤ ئازاردانی لێبکەوێتەوە و یەکسانییەکان لاسەنگ دەبن، ئەمە پەیوەستە بە یاسا و ڕێسای دەسکردەوە کە دەیەوێت دەستە و تاقمێك مرۆڤەکان کۆیلەبکەن و مۆرکە سروشتییەکەی لێبسێننەوە و تەنانەت مافی ئەوەشی نەبێت گوزارشت لە بوونە سەربەخۆیەکەی بکات و بگەڕێتەوە سەر سروشتی کۆمەڵگە و نەتەوەکەی. مرۆڤێکیش ئەمە ژیان و بارودۆخی بێت سەد دەر سەد بەهرە و توانا و هێز و بڕستە سروشتییەکانیشی لەکەدار دەکرێن و ناتوانێت هیچییان لە کاتی پێویست و شوێنی گونجاو بەکاربهێنێت.

بابەتی سروشتی، لە لای هەندێك لە نووسەر و ئەدیبان ڕەواندنەوەی خەمی ڕۆژگار و قەرەباڵغی و جەنجاڵییەکانییەتی کە تەنگی بە ژیانی مرۆڤەکان هەڵچنیووە، و وایلێکردوون ببن بە ئامراز و ئامێر بۆ دەستی گیروگرفت و کێشە و ئارێشەکان، بۆیە لە لای ئەوان سروشت وێستگەیەکی پشوودان و حەسانەوەی گیان و جەستەیە، و ڕزگاربوونە لە گرێ و گۆڵ و چەرمەسەرییەکانی بۆیە ( ڕووکردنە سروشت، ڕووکردنە لە ژینگە و ژیانگەیەکی پیرۆز و ئارام و ئومێد بەخش چالاکییەکە بۆ گەیشتن بە سەربەستی و بەختیاری و تێکشکاندنی کۆت و بەندەکان)(٤١). سروشت ئیلهام دەبەخشێتە ئەدیب و نووسەران، بە مەبەستی ئەوەی بەرهەمی بەرز دابهێنن کە شایستەی ئەوەبێت لە هەموو سەردەمەکان پارێزگاری لە زیندوویێتی و ناسنامەی وولات بکات، و هەروەها ئەدیبەکەش بەم هۆیەوە گیانێکی پڕ لە نیشتمانپەروەری پێدەبڕێت، کەنیشانەی بە ئەمەك و وەفابوونە لەڕاست سروشتی وولات. باسکردن و پەسنی سروشتی وولاتیش کۆمەڵێك ووشەو دەستەواژە و ڕستەی پڕ لە سۆز و ناسکی گەرمکە، کە لە ئاست جوانی سەرەنجڕاکێشی سروشت دابێت، وێنە و وێنای ئاوا دابهێنێت کە بە ڕاستی ڕەنگدانەوەی خودی سروشتەکە بێت کە هەموو لایەك بۆ خۆی کەمەندکێشدەکات.

بۆیە ئەدیبانی کورد، سروشت دەکەنە هۆکارێك بۆ هاوسەنگکردنەوەی هاوکێشەی لاسەنگ کە نەیارانی کورد پێیهەڵساون، و مرۆڤی کوردییان لە سروشتە مرۆڤایەتییەکەی دابڕیووەو ناسنامە نەتەوەییەکەیان لێسەندۆتەوە. هەروەها لەو ڕێگەیەوە مافە نەتەوایەتییەکەی لە تەك مافە مرۆڤایەتییەکەی بە دەست دێنێتەوە. واتە سروشت مەبەست و مانایەك بۆ مرۆڤی کورد چێدەکات هەم لە ڕووە مرۆڤایەتییەکەی و هەم لە ڕووە نەتەوایەتییەکەی، و لەهەمانکاتدا ڕووبەرێکی فراوان بە دەستدێنێت بۆ خۆشەویستی خاك و نیشتمان و وێنەکێشانی ئەو بیر و ئایدیا جیاجیایانەی کە نرخ و بەها دەدەن بە مرۆڤی کورد و ڕەواندنەوەی تاریکییە لە ئاسۆی نەتەوەیی کورد، و سروشتی وڵاتیش دەنگێکی بەرزە بە سەر هەموو ئەو دەنگانەی کە دەیانەوێت مافی بەرگریکردن لە نەتەوەی کورد بسێننەوە و مرۆڤی کوردیش هەر بە چەوساوەی بمێنێتەوە. سروشتی وولاتیش، لەگەڵ پەیامە ئەدەبییەکە دەنگێکی بەرز و پڕ ڕەخنەیە بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی نەتەوەیی کورد و ڕزگارکردنییەتی لە چەوساندنەوە و تلانەوە.

سروشت بە هۆی بابەتە قووڵ و فراوانەکانی کاریگەریی خۆی جێدەهێڵێت لەسەر هەست و نەستی هەموو مرۆڤێك بە بێ ڕەچاوکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییان، بەڵام هەر هێندەیە کاریگەرییەکان ڕێژەییە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکیتر و لە توێژ و چینێکەوە بۆ توێژ و چینێکیتر دەگۆڕێت. واتە ( سروشت ڕۆڵی خۆی دەبینێت و

شوێنەواری خۆی لەسەر هەست و سۆز و ئەندێشەی داهێنەرەکە جێدەهێڵێت، و بەرهەمە هونەر و ئەدەبییەکە بە جۆرێك ئاراستە دەکات کە تایبەتمەندی خۆی بپارێزێت و تا ڕادەیەك هەمووی لە ئەوانیتر نەچێت. ئەم کاریگەرییەش هەر پێوەندی بە داهێنەر و بەرهەمەکەی نییە، بەڵکو کاریگەریی لەسەر وەرگریش جێدەهێڵێت و هەندێکجار بۆی دەبێتە مایەی چێژ و خۆشی، و هەندێکجاریش مایەی ناخۆشی و خەم. یا ئەوەتا دەیخاتە باری وورووژاندن و بیرکردنەوە (٤٢).

سروشت هەموو جەمسەرەکانی ژیان بە یەکتر دەبەستێتەوە و لەهەمانکاتدا بۆ خۆشی کێشییان دەکات. پرۆسەی داهێنانیش بە دوور نییە لەم بەستنەوە و کێشکردنە، ئەو بابەتە سروشتییەی کە سەرەنجی ئەدیب بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت و دەیخاتە دەریای ڕامانەوە، بەستراوەتەوە بە چۆنییەتی ئەو سروشتە و توخم و پێکهاتەکانی. ئەدیبیش لە ڕێی ئەم سروشتەوە ئایا لە توانایدایە کێیەتی خۆی بدۆزێتەوە، و بە هۆی ئەو هەموو کەرەستە حازردەستە کە سروشت هەیەتی توانای تاکێتی بۆ داهێنان و ئەفراندن بخاتە گەر، و سۆز و بیر و بۆچوونی ڕەسەنی خۆی ئاوێتەی سروشت بکات، و بەرهەمێکی وا داهێنەرانە چێبکات کە لە ئاست شێوە گشتییەکەی سروشت و شێوە تایبەتییەکەی خۆی دابێت وەرگریش، نەتوانێت نکۆڵی لێبکات و پشتگیری لەوە بکات کە داهێنەر بە زیاترەوە مافی ئەو بابەتە سروشتییەی داوە و شێوازی خودیشی گرتوتەبەر بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن لە سروشت. کاتێکیش ئاماژە بەوە دەکرێت کە سروشت بەرهەمی هونەری و ئەدەبی ئاراستە دەکات و تایبەتمەندیی خۆی دەپارێزێت. دەشێت ئاوا شیبکەینەوە و لێکیبدەینەوە، کە ئەدەبیاتی هەر ناوچە و هەرێم و وولات و تەنانەت کێشوەرێکیش وابەستەی سروشت و ژینگە و بارودۆخەکەیەتی. نموونەیەکی بچووك لە ئەدەبی کوردی و عەرەبییدا وەردەگرین، دەبینین لە ئەدەبی کوردیدا دەشت و دۆڵ و کەژ و چیا و فێنکایی و باڵندەیەکی وەکو کەو و ئاژەڵێکی وەکو گوێدرێژ نوێنەرایەتی سروشتی وولاتی کوردان دەکەن. کەچی لە ئەدەبی عەرەبیدا بیابان و دڕك و دال و ووشکێتی و گەرمایی و ئاژەڵێکی وەکو ووشتر نوێنەرایەتی سروشتی وولاتی عەرەبان دەکەن.

کاتێك باسی سروشت و ڕازەکانی دەکەین، ڕاستەوخۆ ئاراستەی بیرکردنەوەمان بۆ لای ڕێبازی ڕۆمانسی و سروشتگەرایی دەچێت، کە ئەمەش دووچاری سەرلێشێوان و هەڵەمان دەکات و وامان لێدەکات شتەکان وەکو خۆیان نەبینین و بە ئاڵۆزی و تێکەڵاوی بیانبینین ( لەسەر بناغەی ئەو تێگەیشتنەی کە واقیعییەت دەبەستێتەوە بە سروشتەوە، دەبینین سروشت بەرامبەر ڕۆمانسییەت بۆمان دەوەستێت)(٤٣). واتە مەرج نییە نووسەرێك، یاخود ئەدیبێك ئاماژە و ئاوڕی لە سروشت دایەوە، بخرێتە خانەی پێرەوانی ڕێبازی ڕۆمانسی، یاخود سروشتگەراییەوە. لەبەر ئەوەی سروشت لە هەر یەکێکیان بۆ مانا و مەبەستی جیاجیا بەکارهاتوون. بۆنموونە سروشت لە ڕێبازی ڕیالیزم هۆیەکە بۆ پیشاندان و گەیشتن بە ڕاستییەکان، و نووسینەوەی سروشت کە لەخۆی بچێت و کاردانەوەی بەسەر دەوروبەرەکەی دەردەخات، نەوەك بە خەیاڵ ڕوانین لە سروشت کەچی سروشت لە ڕێبازی ڕۆمانسیزم ڕوانین و تێگەیشتنێکی بەرز و باڵا لە جوانییەکەی دەڕوانرێت. هەروەها بە هۆی خەیاڵی بەرزەفڕەوە سروشت بخەنە ژێر چنگی خۆیان و بابەتەکانی ئەودیو سروشتی پێبپشکنن. ئەمەندەش زیاد لە پێویست لە سروشت دەیانڕوانی بە هۆی خەیاڵەوە تا سروشت نائومێدییان دەکات ڕووبەڕووی گریان و تلانەوە دەبوونەوە. بەڵام

سروشت، لە سروشتگەرایی ڕاستە ناوەکە لە سروشت وەرگیراوە کەچی دەبینین بە چەشنێکی جیاوازتر سروشت دەبینن و خوێندنەوەی بۆ دەکەن و تاڕادەیەکیش لە چەمك و مانا و ڕەسەنێتی سروشتی دایدەبڕن. چونکە ئەمانە بڕیاریان نەداوە کە هەر شت و دیاردەیەك لە سروشت ببینن لە دەقی ئەدەبییدا بیمەزرێنن و سروشت بخەنە قاڵبێکی ڕەهای ئەدەبییەوە، بەڵکو سروشت لە ڕێی ژانری ئەدەبییەوە دەخرێتە چوارچێوەی زانستی ئەزموونگەرایی و پزیشکییەوە، بۆیە بە هەڵە دادەچین ئەگەر هەر کاتێك باسی سروشت کرا بیخەینە چوارچێوەی ڕێبازێك، یاخود چەند ڕێبازێکەوە، چونکە پانی و فراوانی سروشت لە ڕادەبەدەرە لە توانای هیچ کەس و ڕێبازێك نییە بیخاتە ژێر چنگی و بە ئارەزووی خۆی بیچەرخێنێت.

وەك لەپێشتردا ئاماژەمانپێکرد، سروشت لە توانایدا هەموو بوار و بابەتەکانی ژیان بۆ خۆی کێشبکات لە ژیاندا شتێکی وا نابینرێت کە پێوەندی بە سروشتەوە نەبێت و لە پێکهاتەی دانەبێت مرۆڤیش توخمێکی کارا و هەرە چاڵاکی ئەم سروشتەیە و ئەو توانیوویەتی پەی بە بەشێك لە نهێنییەکانی بەرێت. ڕۆماننووسانیش پێوەندی نێوان سروشت و مرۆڤەکان بەرەو قووڵایی دەبەن. بۆیە ( ڕۆماننووسێکی سروشتی، لە خۆی ڕادەبینێت کە جیهانێکی کۆمەڵایەتی و دەروونی و زیندەوەرزانی چێبکات. بۆنموونە چاو یاخود بینایی هۆ و ئامرازێکە کە تەنیا وێنە دەرسکێنێت. دەگوازرێتەوە لەلایەن هونەرمەند، گۆشەیەك لە گۆشەکانی سروشت پیشانبدات لە چوارچێوەی پێوەرێکی دیاریکراو)(٤٤). ڕۆماننووس لە ڕێی سروشتەوە خودی سروشت دەپشکنێت و هەندێك لە لایەنی شاراوەی ئاشکرا دەکات ئەویش لە ڕێی کارەکتەرەکانەوە ئەم پرۆسەیە بە ئەنجام دەگەیێنێت. بۆ نموونە کارەکتەرەکان هەموویان ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتییان هەیە ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەی خودی مرۆڤەکان بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتین و کارەکتەرەکانیش ئەو ڕۆڵەی مرۆڤەکان دەبینن وەك چۆن مرۆڤەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتییان پێوەندی دەسازێنن ئەوا کارەکتەرەکانیش بە هەمان شێوە و زۆر جاریش بە زیاترەوە .

ئەو وێنە و بابەتە سروشتییانەی کە ڕۆماننووسیش هەڵیاندەبژێرێت ووردی و جووڵە و کاریگەرییان پێوەدیارە و هەم وێنەی ڕاستەقینەی سروشتین کە خۆی لە خۆیدا جوانن، هەمیش دەستڕەنگینی و زوومی کامێرای ڕۆماننووسیش ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن لە هێندەیتر جوانترکردنی. بۆیە سروشت لە ڕێی ئەدیبەوە مانایەکیتر دەدات بە دەستەوە، ڕاستە سروشت بە شێوە ئاساییەکەی خۆی ڕەهەندێکی دەروونیی هەیە لە کاتی ووردبوونەوە و سەیرکردنی. وەڵێ ئەدیب مەبەستییەتی شوێنەوار و کاریگەری بەجێبمێنێت لەسەر هەست و نەستی وەرگر و جارێکیتر پێدابچێتەوە بە نرخ و بەهاکانی سروشت کە بە مرۆڤەکانی بەخشیووە. هەستەکان، هەستی مرۆڤین و سروشتین، سروشتیش ئەو هەستانەی بە توخمێکی خۆی بەخشیووە، بۆ نموونە چاو ئامرازێکی سروشتییە و ناتوانین لە ئامرازێکی دەستکردەیی وەك کامێرای وێنەیی و ڤیدیۆیی بچووێنیین، چونکە لە هیچ لایەنێکەوە بەراورد ناکرێن نە لە ووردی و توانا و جوانی و نە لە ڕووی کارامەیی داهێنەرەکانی. سەرەڕای ئەوەی چاو بەخشراوی سروشتە و بە زیندەوەر ناسیەوە بەستراوەتەوە، کەچی کامێرا ئامێرێکی دەستکردی بواری پیشەسازییەوە و بە هۆی نازیندەییەوە ناخرێتە چوارچێوەی سروشتەوە. بۆیە دەکرێت بڵێین ڕۆماننووس لە ڕێگەی سروشت و توخم

و پێکهاتەکانی نەك جیهانی کۆمەڵایەتی و دەروونی و زیندەوەرزانی دەسازێنێت، بەڵکو لە توانایدا بوار و جیهانە جۆراوجۆرەکانیتریش بسازێنێت و بیکاتە کەرەستەی بەرهەمەکانی.

ڕەنگەکان و دەنگەکانی سروشت، پانتاییەتی فراوان لە سۆژەی ئەدیبدا داگیردەکەن، و هەر ئەمەش نییە ڕەنگەکان لە چوارچێوەی بەرهەمەکەیدا بەرجەستەبکات و وێنەیان بسازێنێت، بەڵکو دەنگەکانی سروشتیش گرنگی بایەخی خۆیان هەیە و بێ ئەمە سروشت بە تەواوەتی بە دەر ناکەوێت. وەك ئەو ئەدیبەی ( ڕەنگەکان و ووشە و دەنگەکان بەکاردەهێنێت. هەروەها سۆز و ڕەنگەکان و دیمەنەکان ئاوێتەی یەکتر دەکات)(٤٥). ئەو واژە و ووشانەی کە ئەدیب بەکاریدەهێنێت لە ئاست پەسنی سروشتدا دەبێت لە سەرەتادا هەڵیان بژێرێت و دواتر بیانبێژێت ووشەی ئاوا بن شایانی سروشت بن و هەم ئاواز و پڕ ڕەزم بن کە بتوانن دەنگ بسازێنن، و هەستی بیستنی خوێنەر بووروژێنن و بە شێوەیەکی ئاوا زرینگەی بێتەوە، هەمیش ووشەکان بتوانن وێنە و گرتە و دیمەن بسازێنن هەستی بینینی خوێنەر بووروژێنن، وێنەکان دوورکەونەوە لە وێنەی لاسایی و چەسپاو، و خۆیان لە وێنەی جوڵاو و پڕ ڕەنگی جوانی سروشت بدۆزنەوە. بەمەش خوێنەر پەلکێشی کەش و ژینگە و ژیانگەیەکی سروشتی دەبێت، و هەست بەوە ناکات دەقێك دەخوێنێتەوە کە سروشتی کردۆتە ئامانج، بەڵکو خۆی ترنجاوەتە ناو سروشت و بۆتە بەشێك لە جوانییەکانی سروشت. لە لایەکیترەوە ڕۆماننووسی کارامە و بە توانا، دەتوانێت لە دەنگ و ڕەنگەکانی سروشت کارەکتەر چێبکات لە تەك کارەکتەرەکانیتری دەقدا بیانخاتە گەڕ. واتە زۆر ئاساییە شتەکانی سروشت بێنەگۆ، دار و درەخت باس لە جوانی و ساباتی خۆیان بکەن، چیاو لووتکەکانی لە سەختی و دژواری خۆیان بدوێن، دەشتەکان باس لەپیت و فەرەیی خۆیان بکەن، ئاو باس لە هاژەهاژ و فێنکی خۆی بکات، ڕووبارەکان لە شەپۆلی خۆیان بدوێن. هەروەها بە هۆی پاکی و بێگەردییان چۆن توانیوویانە وێنەی ئاسمان بگرن پەڵە هەورەکان نەك هەر لە ئاسمان بجوولێن بەڵکە لە ناو ڕووبارەکانیش بکەونە جووڵەجووڵە... هتد. هەروەها دەنگی ئەمانە و لەگەڵ میانە و گفتوگۆیەکانییان لە توانای ڕۆماننووسێکی سەرکەوتوو دایە بیانقۆزێتەوە بۆ تەکنیکی فرە دەنگی کە لە ڕۆمانی سەردەمدا بۆتە تەکنیکێکی باو لە تەك گێڕانەوەی ڕۆماننووس و کارەکتەرەکان و شتە سرووشتییەکانیش جڵەوی تەکنیکی گێڕانەوە بگرنە دەست.

ڕووکردنە سروشت، گەیشتنە بە ڕاستی و ڕاستگۆیی، و دوورکەوتنەوەیە لە ئاڵۆزی و جەنجاڵییەکانی ژیان، کە زۆرجار وا دەکات مرۆڤ بە ناچاری تووشی هەڵە و پێچاوپێچی ببێت بۆ خۆدەربازبوونیش چەند هەنگاوێك لە ڕاستییەکان دوورکەوێتەوە و بیانشێوێنێت ئەمەش واتای پشتکردنە لە سروشت، و پشتکردنە لە هیوا و ئاوات، پشتکردنە لە کامەرانی و بەختیاری و سەرفرازییە، و هەڵبژاردنی ژیانێکی دروستکراوە کە کۆت و بەندەکان سازاندوویانە. واتە ( ڕەنگە ئێمە بتوانین گەورەترین سەرکەوتن بە دەستبێنین لە هونەردا، ئەگەر دواندن و ووتەکانمان نزیکترین بێت لە سروشت و ڕاستگۆیی.

چونکە ژیان سروشتە، و هیچ ئاکارێکی لاسایی و ڕووکەش و شل و شلۆق نییە.)(٤٦). لێرەدا ڕووبەڕووی ڕاستی و ڕاستگۆیی ئەدیب و ئەدەبەکەی دەبینەوە و ئەدیبیش بەم واتایە دێت، کە هەموو بابەتێکی لەم چەشنە بتوانێت بیانخاتە ڕوو، و چارەسەریەکی گونجاو و بابەتییانەی کێشە و ئارێشەکانی مرۆڤ بکات، کە سەردەم لە

سروشتی دابڕاندووه و وایلێکردووه تەنیا بیر لە نائومێدی و ڕەشبینی و شکست بکاتەوە و سەرکەوتن و جوانی و گەشبینییەکان وەلا بنێت. بۆیە ئەو دەقەی کە بابەتی سروشتی و لایەنەکانی بەسەردا زاڵە، هەستێکی قووڵی ئەدەبی تێدا بە دیدەکرێت بۆ دەستنیشانکردنی تەنگ و چەڵەمە و ناخۆشییەکانی مرۆڤ، و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاو و شیاو بۆیان. هەروەها لایانووایە خودی ژیان سروشتێکی سروشتیی هەیە، و بە دووره لە هەموو ئاکارێکی لاسایی کوێرانە و شتەکانی سروشت ڕووکەش نین بەڵکە قووڵایی و مانای تایبەتیی خۆیانییانی هەیە، و لەسەر بنەڕەتێکی شل و شلۆق دانەمەزراون و بنەڕەتی پتەوی و تۆکمەیی خاسیەتی دیاری شتەکانی سروشتە. بۆیە ئەدیب لە ڕێی سروشتەوە ناخی ژیانی مرۆڤەکان دەپشکنێت و لا لە جیهانێکی بابەتی دەکاتەوە کە گوزارشت بێت لە واقیعبوون، نەوەك زاڵبوونی خەیاڵێکی ڕووتی خودی کە کاردانەوەیەکی ئاوای نەبێت بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەدا.

بیروبۆچوونی گەلێك لە نووسەر و ڕەخنەگر و ئەدیبان جەخت لەوە دەکەنەوە کە سروشت و ڕاستی یاخود ڕاست و ڕەوانی بە یەکتر بەستراونەتەوە و ناتوانرێت لە یەکتر جیابکرێنەوە. جا ئەو ڕاستی و ڕەوانییە سەر بە ئایدیالیزم بن، یاخود ماتریالیزم بن، گرنگ ئەوەیە ڕاستیین و سروشت و جێگەیانی بۆ کردوونەتەوە.بۆیە جەخت لەوە دەکرێتەوە کە ( سروشت هەقیقەتێکی کۆتایە. ئینجا هەقیقەتێکی ماتریالیزمی یا ئایدیالیزمی بێت)(٤٧). جیهانی ئایدیالی و مەتریالی هەر یەکەیان بە چەشنێك لە چەشنەکان دەڕوانن و پێوەندی ڕاستەوخۆشییان بە سروشتەوە هەیە، و لە ڕێی فەلسەفەوەش دەیانەوێت ڕاز و نهێنیی شتەکانی سروشت ئاشکرا بکەن. ئەوەی پەیوەستە بە ئایدیالیزمەوە ئەوەیە مەبەستی نییە شتەکان بەو چەشنە بخاتە بەر دید و لێبووردبوونەوە، کە وەکو خۆیان هەن. بەڵکە ئەو شتانە بەرزتر دەکاتەوە و چاوەڕێی شێوەیەکی باڵاتری هەقیقەتییان لێدەکات. هەروەها لە ڕێی باری هەستی مرۆڤەوە خوێندنەوەیان بۆ دەکرێت و لە گومانێك و دووان زیاتر هەڵدەگرن و سروشتێکی گیانی مرۆڤییان بەسەردا زاڵە. مەتریالیزمیش بە شێوەیەکیتر بۆ شتەکان دەچێت و هەقیقەت لێرەدا مانایەکیتر بە دەستەوە دەدات چونکە ڕاستەقینەیی شتەکان بەڵگەن لەسەر هەقیقەتییان، و پەیوەستن بە ڕاستی و زانینێکی ڕووتەوە. واتە سروشت بە جیهانە ئایدیالیزمەکەی و مەتریالیزمەکەی خوێندنەوە و لێکدانەوەی زیاتر هەڵدەگرێت و پانتایی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەش لەبارەی سروشتەوە لە دیاردە و شتەکانی فراوانتر دەبێت. لەهەمانکاتدا دان بەو ڕاستییە بنێین کە مرۆڤ بێ سروشت گیانی بە بەرییەوە نامێنێت و جەستەکەشی سەرلەبەری ڕزیو دەبێت.

## شیکردنەوەی دەقـــەکـــان

گوڵ و گوڵزاری مانگی گوڵان، و ڕەنگە سروشتیی و ئاڵا و واڵاکانییان سەرەنجی ڕۆماننووس بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن، هاوکات لەگەڵ مانگی گوڵان بەرە بەرە گەرما مرخی لێخۆشدەکات و سەر لەنوێ دەبێتەوە میوانی سروشت، بەهۆی ئەم نیمچە گەرمایە و فێنکییەوە گوڵە جۆراوجۆرەکان بۆن و بەرامەیان بەم سەر و ئەوسەردا پەخش و بڵاودەکەنەوە.

**( گەرما لەگەڵ مانگی گوڵاندا دەست پێ دەکا. هەرکە گولیلکی زەرد و سوور و ئاڵ و مۆر و وەنەوشەیی و سپی و لە دەشت و دەر و زوورگ و هەڵەت سەر هەڵدەدەن و سوێسن و هەڵاڵە و بەیبوون بۆ نیسان خۆش دەبێ، دنیا سەوز و کەسك هەڵدەگەڕێ و سەرتاپا لە تەڕ و بڕی دەنیشێ و پاك و خاوێن دەشۆرێنەوە چریسکە چریسك دەچریسکێتەوە و گەرمای چقورئاوا بار و بنەدەخاو دەوار هەڵدەدا).**

(( تەنەکە، ل ٩ ))

ڕۆماننووس، لای وایە بریسکایی و تیشکی ڕۆژ کاتێك دێتە دەر بە چەشنێك جوان و ڕازاوەیە و ئاوا خۆی دەنوێنێت کەوا بۆیە کەم جارە خۆی پیشانی جیهان و خەڵکەکەی داوە، و زیندەوەران بە گشتی گیانێکی نوێ دێتەبەریان، و سەرلەبەریان جووڵەیان لێپەیدا دەبێت، و زمانییان دەپرژێت دەست بە خوێندن دەکەن، و هەندێکیشیان بۆن و بەرامەیان دنیا پڕدەکەن و مێشکی مرۆڤەکان پڕدەکەن لە بۆن و بەرامی سروشتی. واتە ڕۆماننووس لەو بڕوایەدایە تیشکی ڕۆژ خێر و بەرەکەت و فەڕێکە دەرژێت بە سەر هەموو ئافرێندراوێك بێ جیاوازی، هەرکامەشیان بیگری بە بێ بوونی تیشکی ڕۆژ هیچ مانایەکی نییە و شتێکیش نامێنێتەوە گوزارشت لە بوونییان بکات.

**( شنەبایەکی خۆش دەهات. ڕۆژ گەرما و تیشکی خۆی بەسەر شاخ و دۆڵ و مێرگان دادەڕشت. باڵندە و گیانلەبەری دی هەموویان لە خەوی زستانێ وەخەبەرهاتبوون، لە کونەکان و هێلانەکانیان هاتبوونە دەرێ و لەبەر شۆقی ڕۆژێ دەخولانەوە.**

**لەماوەی چەند ڕۆژاندا هەمیشە بەهار و گەزیزە سەریان وەدەرنا، پشکوتن و تەپك و دۆڵ و دەرەیان پڕکردن. دەوری پنچکان و سەر جۆگە و دەراوان پڕ بوون لە وەنەوشەی وردیلە و بۆنی خۆشییان دەوڵاتی گەڕا. پۆڵا پۆڵا هەڵاڵە و بەیبوون لە نێو ڕەوەزان پەیدابوون. مێلاقە پشکووتن. گیا شین بوو و شاخ و دەشت پڕ بوون لە گوڵ و ڕووەکی جۆراوجۆر. بەیانی کاتێك ڕۆژ لە ئاسۆ دەرکەوت، ئەوەندە گەش و جوان بوو، دەت گوت یەکەم جارە خۆی بە جیو و خەڵکەکەی نیشان دەدا. هەزار و یەك بۆنی جۆراوجۆر لە هەموو گۆشە و لایەکی ڕاهاتن. پەپوولەی جوان جوانی گەورەگەورە، زەرگەتە کە باڵیان وەك شووشەی ڕوون بوو و خاڵی سەوزایی تێدابوو، مێروو، گورگ، ڕێوی، ورچ، مێشومەگەز و ژووشك و هەموو جڕ و جانەوەری دیکە گیانێکی نوێیان هاتبووەبەر و بە دەشت و شاخان دا دەخولانەوە. باڵندە گۆشتخۆرەکان، هەڵۆکان، شەهێنەکان،**

**باشووەکان و کۆتری هەمەجۆر دەفڕین، لە ئاسمانێ بەرەو ژوور تێ هەڵ دەچوون و هەندێکییان بە دەورە، یان بەڕیز هەڵا دەفرین، هەر کامە و بە شێوەی خۆی دەیخوێند و گمە، قڕەی قیرە و قاوقیژیان دەنگی دەدایەوە. عەرزکە لە خەوێکی درێژخایەن وەخەبەرهاتبوو، لە خۆشی ئەو ڕۆژە جوان و پڕ خێر و بەرەکەتانە مەست ببوو ).**

(( حەمەدۆك، ب٤، ل ٦٧٩ ))

پایزی خەزان و گەڵاڕێزان، لە وەرزی سروشتەوە دەبێت بە وەرزی ئەدیب و هونەرمەندان، و لای هەندێك ئەدیب و هونەرمەند وەرزی جوانی و خۆشی و شادی و خەمڕەوێنییە بە هۆی زەردایی و هەڵوەرینی گەڵاکان، بە پێچەوانەوە لای هەندێکیتر، پایز وەرزی ڕووت و ڕەجاڵی سروشت و ناخۆشی و بێئومێدییە، و وەرزێکە مەرگی بە دواوەیە.

لای یەشار کەمال، لە یەکێك لە ڕۆمانەکانی پایز واتای ئەوەی دوایی دەگەیەنێت بە هۆی ڕەشەباکەی و مات و گورمیلە بوونی باڵندە و نائامادەگی قاسپەی کەو و لە ڕەگ و ڕیشە دەرهێنانی دەوەن و گیا... هتد.

**( ڕەشەباری پایز هاکا هەڵی کرد و کزەیەکی سارد و دەست و پل ڕەچێن پێدەشتە بۆزی لستەوە، باڵدار و پەڕەوەڵ سەریان وەبن گورمیلەکردبوو. سەرماکە سیرەی کردبوون. قاسپەی کەو نەدەهات. شۆپ و شوێنەواری پێیە خەناوییەکانییان لە بن دار و دەوەندا بە دیار ناکەوێ، تا دێ پیاو هێندەی دیکە دەهری دەبێ ؟ ئەم ڕەشەبای پایزە دەبێ چی بێ کەوا ئەم ئیزگیلانە لە ڕەگ و ڕیشە دەردێنێ و لەم شیو بۆ ئەم شیو لەم هەڵەت و زورگ بۆ ئەو هەڵەت و زوورگییان دەبا ).**

(( کاریتە، یائەودیوی چیا، ل ٩ ))

ڕۆماننووس، پێیوایە ئێستاشی لەگەڵدابێت بەشێکی زۆری ئەم سروشتە بە پەنهانی و نهێنی ماوەتەوە، و مرۆڤەکان نەیانتوانیووە پەیی پێبەرن. بۆیە لە هەندێك ساتەوەختدا دەبنەسەرچاوە و مایەی ترس و دڵەڕاوکێ بۆ مرۆڤەکان، و دەیخەنە حاڵەتی بەد گومانی و بە تایبەت لە ساتەوەختێکی تاریکایی شەوێکی ئەنگوستەچاودا. واتە لە حاڵەتێکی لەم شێوەیەدا مرۆڤ پێیوایە ئاسمانەکانیش دێنەوە یەك و ئەستێرەکانیش تروسکاییان نامێنێت، و هیچ ئومێد و هیوایەك بۆ مرۆڤەکان نامێنێتەوە.

**( دۆڵەکە لە چیا بڵێندە تاریکەکەی ئەو بەرەوە دەهاتە خوار. چیاکەی ئەو بەر تا دەهات تاریکتردەبوو، زەق و زۆپتردەبوو، تا دەهات گەورەتر دەبوو. تا گەورەتر دەبوو هێندەی دیکە تاریکتر دەبوو، ئیدی وای لێ دەهات چاو چاوی نەدەبینی. ترسێکی تاریکایی وابوو هەر چوار دەوری گرتبووەوە دەنگی گرم و هۆڕ دەهات. دەنگەکانیش گەورەتر دەبوون، تاریکایی تا دەهات، چیابەرزەکان تا دەهات خەستتردەبوونەوە. ئەو دەنگانەی گرم و هۆڕێکی سەیریان هێنابووە گۆڕێ دەتگووت هەموو بۆ تۆقاندنی عەلی ڕووشەنن. لە سروشتدا، لە نێو ئەو تاریکییە ئەنگوستە چاوەدا بە تاقی تەنێ، بێ کەس و بێ دەرەتان مابووەوە. مرۆ بەرامبەر بە مرۆ، بەرامبەر بە گیانلەبەر دەیتوانی بە جەرگ و ئازابێ. بەڵام بەرامبەر بەم تاریکییە، بەرامبەر بەم چیایەی کە لە تاریکی تاریکتربوو و وەکو پەردەیەك ئەم دنیایەی لێك هەڵاواردبوو، بەرامبەر بەم دەنگە سەرسووڕهێنە و**

**گوێ کەڕ کەرانە چی لە دەست دەهات... لاوێکی زل و زەلام خۆی بە جۆرێ بە ڕەنگی دەوەنەکەوە هەڵواسیبو، هەر هێندەی تۆپێکی مابوو. نواڕییە ئاسمان، ئەستێرەکانی ئاسمانیش لێك ورووکابوون، هێندێکیان لێرە بۆ هۆوێ دەکشان، هێندێکیان لە لایەکەوە خڕ بووبوونەوە و وەك تۆپیان لێ هاتبوو، لە تاریکییەکڕا بۆ تاریکییەکی دی دەفڕین ).**

(( ئەفسانەی کوێر ئۆغڵی، ل ٦٨ ))

ڕۆماننووس، سروشت بە داو و دەرمان و چارەسەری بنەڕەتی ئەو کێشە و ئارێشە و باندۆرانە دەزانێت، کە هەموو مرۆڤایەتی بە بەرییەوە دەناڵێنێت و تەنگییان پێهەڵچنیووە ئەگەر تا دوێنێ "مەم و زین" و "ئەحمەد و گولبەهار" ڕاکەڕاکەیان بوو لە ژێر جەور و ستەمی چەوسێنەرانییان ئەوا سروشت لە توانایدا ژیانێکی نوێیان بۆ هەڵبژێرێت، و بەو پەڕی ئازادی و سەربەستییەوە ئاواز و هۆنراوەی خۆشی و شادی و کامەرانی بچڕن، بێئەوەی یەکێك هەبێت پێیانبڵێت لەسەر چاوانتان دوو برۆ هەن. بۆیە لەم سۆنگەیەوە "ئەحمەد و گوڵبەهار" بە یەکجارەکی بڕیاری ئەوە دەدەن لەگەڵ سروشتدا ئاشتببنەوە و لەم ڕووەوە زیاتر ئاشنایەتییان لەگەڵ سروشت برەو بسەنێت. چاکترین و پاکترین شوێنیش بۆ ئەمان چیا سەرکەشەکانە و لەو چیایانەش چیای ئاراراتە و لە چیای ئاراراتیش لووتکەی هەرە بەرزەکەیەتی کە ئاگرییە. کە مەحاڵە دەستی کەسی بگاتێ لە ستەمکار و چەوسێنەران

**( سەری ئەسپەکانیان کێشا پێش ئەشکەوتی کە لە سەرووی گۆلی کووپەوە بوو. چادر و ڕەشماڵێکی زۆر لە ڕاستایی سەر ئەشکەوتێ، لە لاپاڵەکانی خوارێ هەڵدرابوو. چرا کزەکانی نێو چادر و ڕەشماڵان بە ئاگرییەوە وەرکرابوون، تروسکە تروسکییان بوو. دەوروبەر بۆنێکی هێند تیژ و تاڵی لێ دەهات، پیاوی مەست و گێژ دەکرد. بۆن و بەرامەی مانگی نەورۆز، تیژتیژ، لەو نێوە پەنگابووە و. هەر بۆنی وەکو بۆنی سێوە کێویلەیە کە کۆن و سیس دەچوو. گژوگیای هەڵقرچاو، گوڵاڵەی هەڵپرووزکاوی بەهێز، کورتیلە کورتیلە، کوڵەبنە، کوڵە بنە، خشەخشییان بوو. ئەسپەکانییان بە دەمەنێکەوە بەست، ئەحمەد بە بەردەستێکەی ئاگرێکی هەڵکرد، گوڵبەهار گزرەئاردووێکی هیشکی دار و دەوەن لە دەوروبەرانت خڕ کردەوە. هەردووکیان لە لێو ئاگرەکە، بەرانبەر بە یەك دانیشتن، ئەحمەد نان و پەنیری سەوزی لە هەگبە دەرێنا. دوو بە دوو دەستیان بە خواردنێ کرد. ورتە لە دەمی شتاقییانەوە نەدەهات، نەیاندەڕۆنییە نێو چاوی یەکدی. تەنیا ئەگەر ئاگرەکە ڕووی لە کوژانەوە دەکرد، گوڵبەهار هەڵدەستا دەچوو باوەشێکی ئاردوو دێنا. دووکەڵ گنجی نێو کەپووی دەزووراندەوە، بەڵام هیچیان بە خۆیان نەدەزانی ).**

(( ئەفسانەی چیای ئاگری، ل ١٤٩، ١٥١ ))

ڕۆماننووس هێندە کاریگەری سروشتی لەسەرە، خۆی بۆ ناوەستێت و هەر زوو بە وەسپی سروشت دەستپێدەکات .

**( پێشکە و زەردەواڵە و مێشەنگ لە گوڵە سپییەکان ئاڵابوون، دڕکی زەردەسیری لە جەوشەن و درزی تاوێرەکانەوە سەریان هەڵدابوو...)**

(( مارەکەیان بکوشتایە، ل ٥ ))

بەلایەوە هەموو ئافرێندراوێکی سروشت جوانە، با لە چەشنی پێشکە و زەردەواڵەش بێت قەیناکە، گرنگ ئەوەیە لەگەڵ مێشەنگ لە گوڵ ئاڵاون. زەردەسیریش ئەو گیایە سروشتییە، کە دەرمانی لێچێدەکرێت لەگەڵ ئەم وەسپەدا ڕۆماننووس بەری لە ڕووداو گرتووە و وەستاندوویەتی.

یەشار کەمال، ئەمجارەیان هەر لە ڕێی قەڵەمەکەیەوە گوزارشت لە سروشت و جوانییەکانی ناکات ئەم وەك ئەدیبێك، یاخود ڕۆماننووسێك سەری لە سروشت سووڕنەماوە، بەڵکو ئەوە کۆی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە سەری لە سروشت سووڕماوە و هەموویان بە یەکەوە دەڵێن ئای لە سروشت.!...

**( ئەم سروشتە هەندێ کاری سەرسوڕهێنەری هەیە. ئەم باڵندە بچووك بچووکانە، کە هەر بە قەد پەنجەیەکن و لە بەر بچووکی نەدەکەوتنە دوای منداڵەکانەوە، کێ دەزانێ لێرەکانەوە بۆ کام شاخ و چۆڵایی کاکییەکاکی و بۆ کام قەراغی دەریایەك سەری خۆیان هەڵدەگرن، کێ دەزانێ؟؟. لە کوێ هێلانە دروست دەکەن و لە کوێ هێلکەکانیان هەڵدێنن؟ مرۆڤ سەری لە کاری سروشت سوڕدەمێنێ.. بە تایبەت کاتێ ئەم هەموو باڵندانە بە ئاسمانا دەفڕن و دادەبەزن، بەرزدەفڕن. بە هەزارەها مەلی هەمەچەشن و هەمەڕەنگ، کە بەیەکدا دێن و دەچن، ئای لەسروشت.!.. ).**

(( باڵندەکانیش کۆچیان کرد، ل٥٣ ))

ڕۆماننووس، بە هۆی شارەزاییەوە لە سروشتی وولاتەکەی لە توانایدا وەسپێکی جوان بکات، و خوێنەر کەمەندکێشی سروشت بکات لە ڕۆمانی "گەمییەکەی نووح"، بە هەردوو هەستی بینین و بۆنکردن دەخرێینە نێو سروشتەوە.

**( باشە ئاگری ئاوی لێهەڵناقوولێ ؟.. با، هەڵدەقوولێ. بەڵام هەردوو مەتر ناڕوات ئەو تاوێرە شەقار شەقار بووانە هەڵیدەمژن..ئاوەکان، ئاوەکان، کە هەڵدەقوولێن شینێکی مەیلە و ڕەش دەڕوانی.. لەم چیایەدا، هیچ شتێکی ڕەنگێکی کاڵی نییە !!. سەوزەکەی، سەوزێکی تێرە، زەردەکەی، سوورەکەی تا بڵێی زەرد و سووری تۆخن.. چەرمۆکەی، ڕەنگی شیری هەیە، بۆ هیچ شتێك پێوانەیەکی دیار و ئاشکرا نییە.. ڕەنگەکان سەری خۆیانیان هەڵگرتووە، ڕۆیشتوون ڕەنگەکان مرۆ سەرسام و حەیران دەکەن ).**

(( گەمییەکەی نووح، ل٢٠ ))

**( شنەبایەکی فێنك لەچیاکانمەوە هەڵی کردووە، بۆن و بەرامەی گوڵەکێوی بناری ئەو چیایەی لەگەڵ خۆدا دەهێنا.. بۆنی چیا بۆنێکی تایبەتە، بۆنێکی ترە سەری مرۆڤ بەگێژ دێنێ.. لەم مانگەدا گوڵی چیاکان دەپشکوێن سەردامان چیاکان داری کاژ داپۆشیون. ..).**

(( گەمییەکەی نووح، ل ١١٤ ))

یەشار کەمال، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئێزیدییەکان و سروشت دوو لاپەڕەی، یەك پەڕەن و لە یەکتر جیا نابنەوە. بە چەشنێك کە ئێزدییەکان ئامادەییان تێدایە و لە خۆیان ڕادەبینن کە سروشت بپەرستن بە مەبەستی نزیکبوونەوە لە گیانی چاکە، دوواتر پابەندبوون بە چاکە و کردنی چاکەکاری. بۆیە دەکرێت بڵێین ئێزدییەکان

ویژدانییان بەوە ئاسوودە دەبێت کە سروشت دەپەرستن، و بەردەوام داوای پاڕانەوە و تکای لێدەکەن، بەمەبەستی ئەوەی نزاکانییان گیرابێت.

**( دەڵێن ئەوانە شەیتان و خۆر و خاك و ئاگر دەپەرستن. ئەو شەیتانەی کە سەرپێچی لە فەرمانی خوا کرد، کێ شەیتانی بینیوە، کێ چۆتە حزووری خوا ؟ بە جۆرێك ئێزیدییەکان لە سەر هەقن. خاك و هەتاو و هەوا ئافرێنەری بوونن. ئێزیدیەکان ڕۆژێ سێ جار، جارێك ئەو دەمەی کە خۆر هەڵدێ، جارێك کاتی نیوەڕۆ ئەو دەمەی کە خۆر دروست بە تاقی ئاسمانەوەیە و جارێکیش ئەو کاتەی کە خۆر خەریکە ئاوادەبێ ڕووە و خۆر ڕادەوەستن و دوعا دەخوێنن. سەدان ساڵە ئەمان دەکوژن، لەگەڵا ئەو هەموو ڕاونان و دوورخستنەوانە، ئەو هەموو ئازاردانانە، ئەو هەموو سووکایەتیپێکردنە، کەچی ئەوان نەماندوو بوون نەتوممیشیان بڕایەوە. ئەو ئادەمیزادە توانایەکی وایهەیە کە تەواو نابێ، ناپوسێ، نامرێ، وەکو خاك، وەکو ڕووناکی، وەکو ئاو).**

(( بڕوانە فورات خوێناویە، ل ٤٠٨، ٤٠٩ ))

تیشکی خۆر، سەرەنجی ڕۆماننووس ڕادەکێشێت بە تایبەت لەو کاتەی تیشکەکان دەرژێنە نێو دەریاوە و ئاوی دەریاش سەر لەنوێ تیشکەکان دەدەنەوە. مەبەستی ڕۆماننووسیش لەمە ئەوەیە پێکهاتە سروشتییەکان بە یەکەوە یەکتر تەواو جوان دەکەن و یەکتر تەواو دەکەن و کاریگەریی زیاتر جێدەهێڵن لە سەر هەستی مرۆڤەکان.

**( خۆرەکە تیشکی دەڕژانە دەریاکەوە، دەوروبەرەکە ڕەنگێکی مسینی لە خۆگرت، ماسیەکان، قرژاڵەکان، کولەی دەریا، ڕەنگی ژەنگێکی تۆخ دەرکەوتن، ئاوەشینەکە ژەنگاوی دەدا شەپۆلی دەدەدا، خۆرەکە، مۆر و پەمەیی دیاربوو، لەوێ کە ئاسمان و دەریاکە یەکیان گرتبوو، ئا لەوێدا ڕاوەستابوو، هەورە مۆر و پەمەییەکان دەریاکەشیان مۆر هەڵگەڕاندبوو، ژێر ئاوەکە ڕەنگێکی سوورمەیینی لێنیشت، بریسکدانەوەی ژەنگاوی، ژێر دەریاکەی مەڕمەڕەی گرتبوو. ئەمجا خۆر پەمەیی و مۆرەکەی کەوتە سەر، خۆرەکە تا بن دەریاکەی ڕووناك کردبوەوە...).**

(( دەریا تۆرا، ل ٥٢٠، ٥٢١ ))

## پێوەندی نێوان ئەدەب و هونەر، ڕۆمان و شێوەکاری بە نموونە

بێگومان چ بواری ئەدەب، چ بواری هونەر جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا نییە، کە بە جارێك لە یەکیاندابڕین و هێڵی تخووبیی نێوانییان توخ بکەین. بەمەش وەنەبێت هەر لە خۆیەوە ئەمبارە دروستببێت و بەم شێوەیە ڕەنگیدابێتەوە. بەڵکو ئەمە دڵ و دەروون و هەست و سۆز و ئاوەز و بیر و خەیاڵی مرۆڤە کە بەشێوەیەکی زۆر وورد ڕەفتار لەگەڵ ئەم دوو بوارە هەستیارە دەکات و تا دێت لە یەکتر نزیکیاندەکاتەوە هێڵی تخووبیی نێوانییان کاڵتر دەکاتەوە. بە هۆی پێوەندی لە مێژینەی نێوان ئەدەب و هونەر بە گشتی و ئەدەب و هونەری شێوەکاری بە تایبەتی زۆر ئاساییە یەکێکیان ببێتە کەرەستەیەکی جوان و سازێندراو بۆ ئەویتریان بۆیە دەتوانین بە ئاسانی و بە ئاسایی و بەبێ خجڵبوون پێوەیە بڵێین خودی ئەدەب، هونەرە. لەهەمانکاتیشدا بڵێین هونەر، بە تایبەتی خودی هونەری شێوەکاری بۆ خۆی ئەدەبە. چونکە ئەوەندە بەسە هونەرمەندێکی شێوەکار سەرلەبەری ڕۆمانێك لەبەرگەوە بۆ بەرگ یان بەشێکی ڕۆمان بکات بە تابلۆیەکی هونەری وا کە گوزارشتبێت لێی. بە پێچەوانەیشەوە ڕۆماننوسێك دەتوانێت وێنەیەك، تابلۆیەك کەبۆی هەیە تەنیا لە پەڕەیەکی کاغەز کێشرابێت بیکات بە ڕۆمانێکی چەند سەد لاپەڕەیی و چەندین وێنە و تابلۆی هاوشێوە و هاو واتای یەکتریان لێچێبکات.

بێگومان چ هونەرمەند بێت، چ ئەدیب، کۆمەڵێك تەکنیك و هونەریان لە ناخی خۆیان حەشارداوە و بە هۆی ئەمانەشەوە شێوە و شێوازی خۆیان ڕەنگڕێژ دەکەن و بەرهەمی جوانی لەسەر بنیاتدەنێن. دەشێت بڵێین ( هونەرمەند تەنیا خوڵقێنەری شێوە یان تەکنیکە، چونکە هونەرمەند ئەگەر توانی شێوەیەکی تازە یان تەکنیکێکی نوێ بێنێتە ئارا ئەوانیتر ڕۆحی ئەو یان ژینگەی ئەو ئامادەیە لێوانلێو لەشیعر، لێوانلێو لە چیرۆك لێوانلێو لە ڕۆمان!)(٤٨). بەڵێ تەکنیکەکانی هونەر و ئەدەب کەرەستەیەکی سەرەکین بۆ هەر بەرهەمێك بیەوێت گیانی سەردەمییانەی خۆی بنوێنێت و بێ هیچ گومانێك هیچییان لە ناواخنی بەرهەمەکە کەمتر نییە، ئەوە تەکنیك و هونەرمەندێتییەکی جوان و ڕەنگینە، کە ناواخن و خودی بەرهەمەکەش بەرەو باڵایی دەبات. هەروەها بەرهەمەکەش تێکسڕماو دەکات و هەرچی هەیە لە کون و کەلەبەر پڕی دەکاتەوە و لاوازییەکان دەگۆڕێت بۆ بە هێزی.

ئەگەر باریکبینانەتر لە پێوەندی هونەرمەند و ئەدیب بڕوانین، دەبینین هەردووکیان زمانی تایبەت بە خۆیان هەیە و خوێنەران و بینەران بۆ خۆیان کێش دەکەن و هەر بەم زمانە تایبەتییە ئەوانیش بیاندوێنن. ئاشکرایە زمانی هونەرمەندێکی هونەری شێوەکاری خۆی لە ڕەنگ و هێڵ و شێوە و نەقش و... هتد دەنوێنێت. کەچی زمانی ئەدیب خۆی لە تیپ و دەنگ و ڕیتم و ووشە و ڕستە جۆر بە جۆرەکان دەنوێنێت ئەم زمانەی ئەوان تژی هەستی جوانناسانەیە بۆیە خوێنەر و بینەر دەخەنە باری ڕامانە و وایان لێدەکات بە هزرێکی قووڵترەوە مانا بۆ ئەو هەستە جوانناسانەی هونەرمەندان و ئەدیبان بدۆزنەوە و لە گەڕان و سوڕان بن و نەوەستن و بە دۆشداماوی دانەنیشن.

بێگومان، ئەندێشە ئەو ڕەگەزە گرنگ و پڕ لە بایەخەیە کە ئەدیب و هونەرمەندان جیادەکاتەوە لە توێژ و چینەکانیتر. لەهەمانکاتدا ئەندێشە دنیای فراوانی ئەدەب و هونەر بە یەکترەوە شەتەك دەدات، و لەم ڕووەوە شتێکی

وا نامێنێتەوە کە گوزارشت بێت لە واتای جیای هەم ئەدەب، و هەم هونەریش. لەبەر ئەوەی ڕەگەزی ئەندێشە لە نێو هەردوو دنیای ئەدەب و هونەر بە قایمی ڕەگی خۆی داکوتاوە، و هەردوو دنیاکە ئاراستە دەکات، و بەخاڵی هەرە دیار و جیاکەرەوەش دادەنرێت لە نێوان دنیای ئەدەب و هونەر لە لایەك، و زانستە ڕووتەکان لە لایەکیتر. واتە ئەندێشە ڕۆشنایی بە ئەدەب و هونەر بەخشیووە و خۆی یەکلاکردۆتەوە بۆ ئەمانە بۆیە ( پەیجووری لە هونەر، دەبێت پەیجوورییەکی ژیانی ئەندێشەیی بێت. کەسێك هەڵکەندراوێك یاخود وێنەیەکی جوانی کرد، هەمووی کاردانەوەی ڕووناکیی ئەندێشەیە. هونەرمەندە گەورەکان هەموویان وا دەبینن بینینی کار و بەرهەمەکانییان وەك بینینی خەونێك وایە) (٤٩). لەم سۆنگەیەوە ئەندێشە دنیای فراوانی ئەدەب و هونەر گەییوو تەواوتر دەکات، و دەبێتە ئەو هێزە کە یارمەتیی عەقڵ و لۆجیك دەدات و لە خاڵێکی بەرزتر ڕاگرییان دەکات. هەروەها ئەندێشە ئەو درز و کەلێنانە پڕدەکاتەوە و ئەو زام و برینانە سارێژدەکات، کە عەقڵ و لۆجیك شوێنەواری بەجێهێشتووە لەسەر ئەفراندنی ئەدیب و هونەرمەندان، و لێکدانەوە و شیکردنەوەی وەرگر.

ئاشکرایە چۆن ژانرە ئەدەبییەکان پەیوەستن بە مرۆڤ و سروشت و کۆمەڵگەوە... هتد. ئەوە ئاواش هونەر بە هەموو چەشنەکانییەوە بە مانەوە پەیوەستە و بەڵکو پەیوەستبوونەکە زێدەتریشە. واتە ئەدەب و هونەر دەنگ و ڕەنگدانەوەی ژیانن. (هونەر، بەستراوەتەوە بە مرۆڤ و سروشت و ناوەندە کۆمەڵایەتییەکانەوە. هونەر ڕەنگدانەوەی ژیانە. دەرئەنجامی بەهرەیەکی خۆڕسکە، یاخود وەرگیراوە، و بنەڕەتی جوانییەکەشی گۆڕان و چاکسازییە)(٥٠). ئەدیب چۆن لە ڕێی پەیڤ و دەستەواژەکانەوە گوزارشت لە لایەنە دیار و شاراوەکانی ژیان دەکات، هونەرمەندیش لە ڕێی کۆمەڵێك دەنگ و ڕەنگی جیاجیاوە گوزارشتی لێدەکات. سەرەڕای ئەوەی چۆن ژیان کاریگەریی دەبێت لەسەر ئەدەب و هونەر، بێگومان بەم شێوەیەش ئەدەب و هونەر کاریگەرییان دەبێت بەسەر ڕەوڕەوەی ژیان و کاری لێدەکەن. بەم پێیەش بۆ گوزارشتکردن لە ژیان لە بواری ئەدەبدا زمانی نووسین، و لە بواری هونەردا زمانی بینین و بیستن خۆیان دەنوێنن، و کەم تا زۆریش ئاوێزانێك لە نێوان ئەم زمانانەدا بوونی هەیە، و هەریەکەشیان بە جیا ڕۆڵی خۆی هەیە لە ڕۆشنکردنەوەی بیر و زاخاودانی مێشك و بەخشینی سوود و سۆز و چێژ بە مرۆڤەکان.

دید و بیر و بۆچوونەکان هەموو لەسەر ئەوە کۆکن، کە ئازادیی ئەدیب و هونەرمەند کار و بەرهەم و چالاکیی داهێنەرانە بە دوای خۆی دادەهێنێت، و هەر لە ئاستانەی ڕابردوودا نایهێڵێتەوە، بەڵکو ئاراستەی دەکات بەرەو ئاستانەی ئاییندە، و کار و بەرهەمەکانیش دەپارێزێت لە کرچ و کاڵ و کۆنخوازی و سواوی. بە مانایەکیتر ئەگەر کەسێکی ئاسایی، پێویستی بە برێکی دیاریکراو ئازادی هەبێت، ئەوا ئەم بڕ و ڕێژەیە بۆ ئەدیب و هونەرمەندان چەندین هێندە پێویستە بۆ ئەوەی خۆیان بە تەواوی ڕزگاربکەن لە هەموو کۆت و بەندێکەوە، و خودی خۆیان و کار و بەرهەمەکانییان پێ نۆژەن بکەنەوە. بۆیە ( ئازادی لە نێو هونەردا بە واتای ئەوەیە کە هونەرمەند خاوەن هۆ و ئامرازی کاریگەرە. ئازادی ناخی هونەرمەند بە ڕووبەرێکی فراوان چاکترە لەو ئازادییەی کە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە پێیدەبەخشرێت) (٥١). بە واتایەك لە واتایەکان، پێوەندی نێوان

ئازادییەکان و ئەدەب و هونەر، پێوەندییەکی ڕاستەوانەیە و هەر بەو شێوەیەش کار لە یەکتر دەکەن و دەگۆڕێن و ڕووبەری ئازادییەکان چەندە فراوان بن، هێندەیتر بواری ئەدەب و هونەر چالاك و کاریگەرانەتر خۆیان دەنوێنن.

هەروەها پێویستە ئازادییەکانی ئەدیب و هونەرمەند، خۆڕسك و لە خۆوە بن و سەرچاوەکەی خودی ناخی خۆیان بن نەوەك ئازادییەکی ڕووبەر تەسك کە لەلایەن دەسەلاتدار و سیاسەتباز و سەرۆك چینەکانی کۆمەڵگەوە پێیاندەدرێن، و بەم چەشنەش دەبێت کار و بەرهەمەکانیش بۆ قەد و بالای ئەمانە بە ڕادان بدرێن، و لەگەڵ حەز و ئارەزووەکانییاندا یەکبگرنەوە. هەروەها چۆن یەکە بە یەکەی دەنگەکانی زمان کەرەستەی خاون بۆ ئەدیب، و دەتوانێت بە پێی توانای خۆی دەقی ئەدەبییان لەسەر بونیاد بنێت، ڕەنگە جۆر بە جۆرەکانیش کەرەستەیەکی خاوی دەست هونەرمەند و وێنەکێشن، و لە ڕێی ئەمانەوە دەتوانن چەندین وێنەی هونەری کاریگەر و هەست بزوێن و سەرنجڕاکێش و پڕ لە واتا بکێشن. بۆیە زۆر ئاساییە کۆمەڵە ڕەنگێك بەسەریەکەوە کاتێك وێنەیەکیان لێ چێدەکرێت واتای دەقێك، یاخود خودی دەقێك بەرجەستەبکەن. لەهەمانکاتدا بە پێچەوانەی ئەمەش کارێکی مەحاڵ نییە دەقێکی ئەدەبی واتای وێنەیەك، یاخود خودی وێنەکە بگەیەنێت. واتا ( ڕەنگ زمانە و زمانێکی جواندەربڕ و باش بەرجەستەکەرە. لە ڕێگای ئەو زمانە جوان و ڕەوانبێژییەوە لە وشە کاریگەرتر دەستبالاترە، ڕاستەوخۆ لەتەك هەستەکان و ناخدا دەدوێ بەکەمترین ماوە کاردەداتەوەو کارلێکردن دروستدەکات، وەنەبێ ئەم کارتێکردنەش لە سەدا سەد وەك یەك بێ، یان ڕەهابێ، ئەمەش ڕێژەییە و بە پێی کات و شوێن و بار و حاڵەت دەگۆڕێ )(٥٢). بێگومان چ زمانی دەنگەکان بێت چ زمانی ڕەنگەکان، یاخود چ دەقێکی ئەدەبی بێت چ وێنەیەکی هونەری، کاریگەرییان دەبێت بەسەر هەستەکان، و شوێنەواریان دیاردەبێت بەسەر یەکێك لە هەستەکان دا، و هەروەها مێشك دەجولێنن و بە پێی کاریگەرییەکە چالاکی تێدەخەن، ئاشکرایە ڕەنگەکان، وێنەکان، کەبەر هەستی بینین دەکەون زۆرترین کاریگەری و ئەنجامییان دەبێت بۆسەر دڵ و دەروون و ناخ و مێشکی وەرگر، لەوەی دەنگەکان، ووشەو دەستەواژەکان دەسازێنن لە کاتێکیشدا ئەمانە ئەوە ناگەیەنن کە هەستەکانیتری مرۆڤ بوونییان نییە لە دەقێکی ئەدەبی، یاخود وێنەیەکی هونەری واتە هەستەکانی بۆنکردن و چەشتن و دەستلێدان بە شێوەیەك لە شێوەکان لە کار و بەرهەمێکی هونەریدا بە تەواوی درکییان پێدەکرێت. بێگومان، واژە و دەستەواژە و ڕستەکانی نێو هەر دەقێکی ئەدەبی هەڵگری واتایەك، یا چەند واتایەکن، و ئەم واتایەش لە کەسێکەوە، یان لە خوێنەرێکەوە دەگۆڕێت بۆ خوێنەرێکیتر بەمەش ئاسۆی دەق فراوان دەبێت و ئەدەبیش دەبێتە بوارێك کە هەموو بوارەکانیتر بۆ خۆی کێشبکات. هەر لەم ڕووەوە ڕەنگە جۆر بە جۆرەکانی دەوروبەرمان هەر یەکەیان واتا و مەبەستێك، یان چەند واتا و مەبەست دەگەیەنن و کاردانەوەیان جیاواز دەبێت بە پێی جیاوازیی کەسەکان و تاقی و ئەزموونییان لەگەڵ هەر یەکێك لەم ڕەنگانەدا. ئەگەر ئێمە ڕەنگی ڕەش و سپی بە نموونە وەربگرین دەبینین هەر خودی ئەم دوو ڕەنگە کۆمەڵێك ئاماژە و واتا و مەبەستییان لە خۆدا حەشارداوە. وەك ( ڕەنگی ڕەش : ترس و بیم و، شەو و تاریکی و نابینایی. بۆ پۆشاکی پیاوانی ئایین و بار و مەقام مەقامییان و دەسەلات و ڕووی نەرمی دەلوێ، هەروەها تەعزییەباریی و کۆستکەوتوویی و گەلێك جاریش ویقار و شان و شەوکەت نواندنە. ڕەنگی سپی : فریشتەیی، ساکاریی، پاکژیی، بروادارییی، دڵنیایی، پوختەیی، فێرخوازی، دووریێتی، خۆ بە گەورەگرتن و

لووتبەرزیی و بەعزابوون و لە خۆباییبوون.لەلای گەلانی وولاتە سارد و سەهۆڵبەندەکان هێمای بەفر و سەرما و بەستەڵەکە. )(٥٣). لەمانەوە بۆمان دەردەکەوێت چ دنیای ئەدەب، چ دنیای هونەر، تژییە لە ڕاز و پەنهانی و شتی ئاڵۆز و تێکچڕژاو، لەسەر وەرگر، پێویستە خوێندنەوە لێکدانەوەیان بۆ بکات، بۆئەوەی ئاشکراو سادەیان بکاتەوە و ئامانجەکان شوێنی خۆیان بپێکن.

## شیکردنەوەی دەقـــەکـــان

ڕۆماننووس، ئەو ماڵەی کە لە ڕێی ووشە و ڕستەکانەوە چێیدەکات. نیگار و تابلۆیەکان وەك پێداویستییەکی گرنگ لێیبەدەرنین. ئەگەر پێداویستی و شتەکانی ماڵ چەسپاو و نەگۆڕ و نەجووڵاون، ئەوا نیگار و تابلۆکان با لەسەر شتێکی بێگیان و وەستاو بکێشرێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە هەمیشە لێوانلێون لە جووڵە و گیانێکی ئەبەدی و نەمر. جووڵە و گیانی ئەو نیگار و تابلۆیانەش لە سروشت بە تایبەتی لە خۆرەوە سەرچاوە دەگرن و هەر لە ڕێی ئەو سروشتەوە جوانی و ووزە و برست وەردەگرن.

واتە ڕۆماننووس، پێیوایە ماڵی مرۆڤەکان چەند گەورە و دامەزراوبن. بە بێ بوونی کارێکی هونەری بە تایبەت لە بواری نیگار و تابلۆی ڕەنگاوڕەنگ، یاخود هەر بوارێکیتر کە گوزارشت لە هونەر بکات و چێژ و سوود بگەینن. مانایەکی ئەوتۆ نادەن بە دەستەوە لە مەڕ جوانییەکان. کە مرۆڤ جوانە، دەبێت چێژیشی لەگەڵ جوانییەکاندا بێتەوە. بۆیە هونەر بە هەموو ڕەنگاوڕەنگییەوە چاکترین و لە پێشترین هۆکارن کە دەربڕی جوانییەکان بێت

**( قایمقام سەڵت و بیچوە پیاو بوو، بەڵام خۆ هەر ژنی دێنا. بۆ کوێ دەچوو. کەواتە تەختەکەی دەبێ دوو کەسی بێ. بالیف و پشتی و دۆشەك لە پەڕی ڕووت و پەتی. مافوورەکانی نابێ تەوزێزبن. دەبێ کاشانی ساخ بن. خۆلافانوویەکەیان بە خورێ ڕاخست و ڕازاندەوە، هەر مەپرسە. تەنانەت نیگار و دیمەنی دیوار ڕازاندنەوەشیان لە بیرنەکرد. دەپازدە نیگاری جوان بە دیوارەوەبوون. پیاوەکە تەماشای دەکردن، لەسەر قامیشەکانەوە خۆر لە ئاوابووندا بوو. زەردەپەڕ بوو. گۆلاو سوور دەچوونەوە. ژاژ و قامیش دەتگوت بە دەم باوە دەبزوونەوە. هێندە جوان و زیندوو نیگارکێشرابوون بە دەست بتگرتبان هەڵت کەندبان. پۆلپۆل قورینگی بە سەرەوە بوون ).**

(( تەنەکە، ل ١٦ ))

یەشار کەمال، گەیشتۆتە بڕوا و باوەڕێك کە سەرەڕای ئەوەی وێنە و تابلۆکان چێژ دەبەخشن، تێڕامان دەسازێنن بە دەرنین لە سوود و جوانی، هونەر و هونەرمەندێتییان لێدەتکێت، پەیوەستن بە دەسڕەنگینی و ئاوەز و هەست و سۆز و... هتد. لەگەڵا ئەوەشدا بە گیانەوە پەیوەستییان دەکات، پێیوایە تووماکی پیرۆزییان لە خۆیاندا حەشاردراوە و دەبنە مایەی هەست بە ئارامیکردن، خێر و بێر و فەڕییان لێدەڕژێت، و هۆکارێکن بۆ دوورخستنەوەی مرۆڤ لە ناخۆشی و دوودڵی و خراپە و نەگریسی. ڕۆماننووس ئەم دیاردەیەی دەستڕەنگینی و هونەر و ڕەنگ و ڕوو و ڕووخسارەکان، کە تایبەتن بە وێنە و تابڵۆکان، لە سۆنگەی تێڕامانی حەمەدۆك بە تایبەت و ئەوانی دیکە بەگشتی دەخاتە ڕوو.

**( حەمەد بە نێو دوکانەکەی دا گەڕا و بۆ خۆشی تابڵۆیەکی شووشەی هەڵبژارد کە نەخش و ڕەنگەکانی لەبەر گەشییان دەترووسکانەوە. پیاوێکی بە دیمەن سواری ئەسپێکی بۆرە ببوو، ئەسپەکە هەستابووە سەر پاشوان و پیاوەکەش یەکی چوارشانەبوو، چاوەکانی گەورەبوون و سمێڵی دەتگوت مانگی یەکشەوەیە بە دەوری لێوانی دا هاتبووە خوار و شمشێرێکی ڕووتی بە دەستەوە بوو .**

**ـ ئەوە کێ یە؟**

**ـ کوێرۆغڵی یە..**

**حەمەد گوتی:**

**ـ دەڵێی چی ئەوەش بکڕین ؟**

**ـ دەی کڕین، ئەوە زۆر جوان کێشراوەتەوە، ئەو کەسەی ئەو تابڵۆیەی کێشاوەتەوە، هونەرمەندێکی گەورەیە. ئەو سوارە کە کوێرۆغڵی، کێشك لە مەرقەدی مەلاخونکاری، لە کۆنیایە دەکێشێ و پیاوێکی عادڵا و پیرۆزە کە لە ڕیزی چلسوارەی غەیبی دایە. ئەو تابڵۆیەیان بە ڕاستی پیرۆزن و ئەوانەی تێدابن، شتی خراپ و نگریس ڕووی تێ ناکا، قەت تەڵاق و لێك هەڵبڕان لەو ماڵەی دا ڕوونادا بە پێچەوانەوە پڕ دەبێ لە خێر و بەرەکەت .**

**حەمەد لە پێش تابلۆیەکی دیکە ڕاوەستا: بۆقێکی سەوز کە ئاگری لە زاری دەهاتە دەر.**

**ـ ئەوەیان بە دەستی پیاوچاکان دروست نەکراوە. هیچ نایەنێ، هەر بۆوەی نابێ چاویشی لێ کەی.**

**دیتووتە وێنەکە چەند زیندووە ؟ ئینسان پێیوایە هەر ئێستا هەرچی دەوێنەکە داهەن، دەبزوون. هەر دەڵێی خوا ڕووحی وەبەر وێنەکەی ناوە، هەر بەو جۆرەی کە گیانی وەبەر عەرزی ناکەوێ... مرۆڤ دەتوانێ سوێندی بخوا کە بابە ئادەم و دایە حەوا بۆ خۆیان لەگەڵ ئەو مارەی بەو سێوەیەوە لە نێوەڕاستی بەهەشتێ، لە پێش وێنەکەی ڕاوەستاون و ئەویش وێنەکەی کێشاوەتەوە و ڕەنگی کردووە**

**ـ دایە حەوا جوانە و بابە ئادەمیش زۆر بەشان و شکۆیە.**

**ـ دوای ئەوەی ئەوان لە بەهەشتێ دەرکران، لەش، دڵا، بیری ئینسانیش شێوا. ئێمە هەمووومان لە سەرەتادا لە سەرچاوەیەکی ڕوونەوە هاتووین، بەڵام ئێستا ڕووباری گەورەی مرۆڤایەتی هەر ئاوی لێڵ و پیسی پێ دا دەڕوا ).**

(( حەمەدۆك، ب٤، ل ١٧٨ - ١٧٩ ))

ڕۆماننووس، گەڵای زەردبووی هەڵوەریوی پاییز دەخاتەڕوو بە هۆی بەرکەوتنی بەر تیشکی هەتاوەوە، ئەم گەڵا سوورانە دەکەونە نێو ئاوەوە، ئاوەکە لە فەرشێکی سوور دەچێت بە گەڵای سوور چنراوبێت. ئەسپیی شێش لەو لاوە بوەستێت کە خەریکە باڵدەگرێت و دەفڕێت. ئەمەش وێنەیەکی ڕوونی نێو حەکایەتی میللی و ئەفسانەیە، و ڕەنگی گەڵای چناری هەڵگرتووە.

**( ئێوارەیەکی پایز لە جغشارەوە دەهاتە خوار. گەڵای چنار سوور هەڵگەڕابوو سووریەکی لە پشتەوەڕا بەر هەتاو کەوتوو... لە ترسان، هەرکە هەلی خۆی دەهات، هەمیش ئەوەی وەپێش چاو دەهاتەوە، کێ دەزانێ لە سۆنگەی چی ؟ ئاوێ دەڕۆیشت. ئاوەکە بە گەڵای سوور ڕاخرابوو. ئاونەبوو، سەد سوێندت دەخوارد گەڵاچنارە، ڕووبارە گەڵا دارچنار بەرەوخوار دەڕوا.**

**ئەسپێکی شێ ئاڵی وەختی خۆی دزیبوو. لە گوێکسوینی ژووروو. ڕەنگی ئەسپەکە بە لای ڕەنگی گەڵاچناریدا دەڕوانی. ئەسپەکە لە بنیدا هەر دەتگوت باڵی گرتبووەوە، دەفڕی ).**

(( ئەودیوی چیا، زەوی ئاسن ئاسمان مس، ل ٤٩ ))

یەشار کەمال، لە ڕۆمانی "ئەفسانەی چیای ئاگری" دا، چیتر دان بە خۆ دا ناگرێت لە ڕێی پیت و ووشە و ڕستەوە وێنە و تابلۆیەکان بکێشێت، بۆیە ڕاستەوخۆ پەنا دەباتە بەر هێڵکاری بۆ کێشانی وێنەکان. ئەم وێنە هێڵکارییانە بەسەرهات و ڕووداوە گرنگەکان لە خۆدەگرێت، و ڕۆماننووس دەیەوێت لە ڕێی ئەم وێنە هێڵکارییانەوە بەسەرهات و ڕووداوەکان بگێڕێتەوە، و وەرگر بە ئاسانی و بێ گرێ و گۆڵ لێیان تێبگات. وێنەکان خۆیان لە بارەی خۆیانەوە بدوێن، و لەهەمانکاتیشدا خوێنەریش بدوێنن.

ئەمەش ناونیشانی ئەم وێنە هێڵکارییانە-:

- شوانەکان لەسەر گۆلی کووبە، لە چیای ئاگری بلوێر دەژەنن.
- کۆشك و سەراکەی
- مەحموودخان
- ڕاوەستانی ئەسپەکە لە بەردەرکەی ماڵی ئەحمەد
- ئەو جێی ئەحمەد گوتی : "ئەسپ ئەسپی خۆمە"
- بەگە کوردەکان، لە قسەکانی ئەحمەد تووڕەبوون و گوتیان ئەحمەد لەسەر هەق نیە
- حاڵی سۆفی لە زیندان
- پاشا تووڕە بوو، گوتی : "دەردی من ئەحمەد نییە، ئەسپ نییە"
- گوڵبەهار گوێ لە بلوێری سۆفی دەگرێ
- مەمۆ لە دەرگەی زیندان وەستاوە.
- بە یەکگەیشتنی ئەحمەد و گوڵبەهار
- گوڵبەهار دەچێتە کن یوسفی برای و هەمووشتێکی پێ دەڵێ.
- حوسۆی ئاسنگەر ئاسن دەکوتێ.
- پیری کاروان پاش ئەوەی سەیری ئەستێرەی شینی سەر ماڵی خۆی بیری کردەوە.
- حوسۆی ئاسنگەر ئەسپەکە لە چیای ئاگری دێنێتەوە و لە پێش دەرگەی سەرای پاشادا دەیبەستێتەوە.
- مەمۆ بە شیری ڕووتەوە بەسەر گوڵبەهار و ئەحمەدەوە وەستاوە.
- مەمۆ و گوڵبەهار تەگبیر دەکەن.
- پاشا مێشکی چەخماخەدەدا.
- کۆشکی گوڵبەهار
- دیمەنی زیندان.
- جەماوەرێکی بێ ژمار هێرش دەبەنە سەر کۆشك و سەرا.
- گوڵبەهار و ئەحمەد شیرێکیان لە نێواندایە و نووستوون.
- ئەحمەد لەگەڵ بەگی خۆشابدا دەچێتە ڕاو

- شوانە دڵدارەکە پەنا دەباتە بەر چیای ئاگری و بلوێر دەژەنێ.
- حوسۆ ئەوەی بە زاریداهات بە پاشا دەڵێ.
- عوسمانلی بیر لە هێرشی خەڵکەکە دەکاتەوە.
- جەماوەرێکی لە ئەستێران زۆرتر دەوری سەرا دەدا.
- مەحموودخان لە ترسان ئەحمەد دەبەخشێ.
- گوڵبەهار و ئەحمەد ڕزگاریان دەبێ و دەگەڕێنەوە چیای ئاگری.
- هەموو ساڵێ لە بەهاردا باڵندەی سپی باڵی خۆی لە ئاوی گۆلی کوپە سێ جاران وەردەدا.

ڕۆماننووس، وێنەی پەڕەسێلکەکانی چوکورئاوا بۆ خوێنەران دەخاتە ڕوو لە کاتی وەرزی کۆچ و گەڕانەوە و چۆنیەتی دروستکردنی هێلانە و هێلکەکردن و کڕکەوتنیان.

ئەو وێنە هونەرییەی ڕۆماننووس بۆ قوڵایی ناخ و ئەوپەڕی ویژدانیش دەگوازرێتەوە، لە سۆنگەی ئەوەی تێکدانی هێلانەی پەڕەسێلکە، قووڕ بەسەری و کارەسات و ماڵوێرانی بە دواوەیە، و بکەرەکەی تووشی شێواندن و تێکچوونی جەستە دەبێت. ئەمەش باوەڕێکە لە کۆمەڵگەی کوردیدا باوە.

**( پەڕەسێلکە پۆلپۆل بە ردەرگەی ماڵانیان گرتووە. لێرەکانە، لەچوقورئاوا، پەلەسیرك لە ناو ماڵاندا هێلانەیان دروست دەکرد... لە هەر ماڵێکدا، لە تەوێڵە و کادین و پشتیراندا هێلانەیەکی هەبوو پاشانیش زۆر دەبوون.**

**هەمو ساڵێك کە لە کۆچ دەگەڕانەوە بە پنتکە قوڕ دەستێکیان بەهێلانەکاندا دەهێنا، یاخود هی نوێیان دروست دەکرد، هێلکەیان تیادەکرد و بە سەریا کڕ دەکەوتن و بە چکەکانیان تیا بەخێو دەکرد.**

**پەڕەسێلکە هێلانە لە نێو چاوانیشدا دانێت تێکدانی گوناهێکی گەورەیە.. چەندین کەس لە سەرینی تێکدانی هێلانەی پەڕەسێلکەوە گۆج بوون، کەسانێکی کەش تووشی دەست لەرزە بوون، بە ناو دێدا دەگەڕان، جەستەیان وەك بی دەلەرزی).**

(( مارەکەیان بکوشتایە، ل٤٨ ))

ڕۆماننووس، وێنەی زەردایی پایز دەکێشێت و هەڵوەستەی لە سەر دەکات، ئەو دڕکە تەڕە لاسك سەوزانەی کە لە بەهاران شین دەبن، لە پایزدا لاسکەکان ووشکدەبنەوە، و ڕەنگیشیان لە سەوزەوە بۆ قاوەیی و سوور و ژەنگدار دەگۆڕێت و مەل و باڵندەکانیش بەسەر ئەم دڕکانەدا حەشر و قیامەت بەرپادەکەن.

**(ئەوساڵانەی کە پایزان دەشتاییەکەی ملۆر یەکپارچە دەبێ بە گوڵ، تۆوی دڕکیش لەو ناوەدا زۆر دەبێت، مەلە بچووکە کۆچەرەکانیش مەراقی ئەوتۆوانەن، بۆیە بە هەزارەها مەل وەك هەنگ، لە قەد و لاسك و پۆپەی دڕکە هشکبوونەکانەوە دەلکێن. لاسکی ئەو دڕکانە کە ووشك دەبنەوە قاوەیی و سوور و ژنگار دەڕوانن.. لە دەشتاییەکەوە جریوە و زریوە زریوێکی قیامەت دێ، باڵندەی زەرد، سوور، بۆر، کەسك، مەیلەوشین، بە سەر دڕکاییەکەوە برێشکە ئاس هەڵبەز و دابەزیانە، هەڵدەنیشنەوە وەك تیر فرتە دەکەنەوە ).**

(( باڵندەکانیش کۆچیان کرد، ل٤٢ ))

ڕۆماننووس، لە ڕێی وەسپی سروشتەوە وێنەیەکی هونەری ڕەنگاوڕەنگمان بەر دیدە دەخات. کە لە تابلۆیەکی هونەرمەندی دەسترەنگین دەچێت، کە لە توانای دابێت زۆربەی پێکهاتەکانی سروشت لە وێنەیەکی، یاخود تابلۆیەکی هونەری جێبکاتەوە، بێئەوەی یەکێکیان جێی ئەویتریان تەنگ بکات

**( سێبەری تاوێرە نمدار و داخبووەکان، بەرەو ڕۆژهەڵات درێژبۆتەوە... هەورەکان مانگرتووەکانی ئاسۆی ڕۆژئاواش لە بنە زەرد هەڵگەڕان، خۆرەکە لەو دیوی قەڵای "کەڤرۆ" و خەریکە ئاوا دەبێ، ڕۆژێکی تر بەسەر تاشەبەردەکانی ئەشکەوتەکاندا وا تێدەپەڕێ لەو بانە، بە ئاسمانەوە سەدان داڵ و واشە دێودەچن.. لە بان شاشە بەردێکی گەورە، لەتۆی تاوێرەکانییەوە، دارێك سەوزبووە، ئەم دارە لە ناو ئەم تاوێرە پڕ مەترسیانەدا لە کوێ خاك و خۆڵی دۆزییەوە ؟.. ئەی ئاو ؟... ).**

(( گەمییەکەی نووح، ل٧٤ ))

لەم تابلۆیەی کە ڕۆماننووس نەخشاندوویەتی بە ووشە، کۆمەڵێك دژیەکی تێدا بە دیدەکرێت، وەك هەر وێنە و تابلۆیەکی هونەری وەك نمدار و داخبوو، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوابوون، تاوێری زەوی و هەوری وەستاوی ئاسمان بوونی تاوێر و سەوزبوونی دارە. هەروەها ئەم تابلۆ هونەرییە وەك هەر تابلۆیەکیتر پرسیار لای وەرگر، یاخود بینەر، تەماشاکار دەسازێنێت ئەمەش مایەی زیندوویەتییە بۆ نموونە دارێك سەوزبووە لە نێو ئەو تاوێر و گاشە بەردانەوە، بێئەوەی بزانرێت ڕەگ و ڕیشە و خۆڵ وخاك و ئاوەکەی لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت.

وێنە و تابلۆکان، هەمیشە سەرنجی ڕۆماننووس بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن و دەبنە مایەی ڕۆمان و سەرسوڕمان بۆ خودی بەرهەمەکە. واتە یەشار کەمال، ئەو وێنە و تابلۆیانەی کە دەیانکات مەرج نییە بەرهەمی بیری خۆی بێت، و لە ڕێی تیپ و وشەکانەوە گوزارشتی لێبکات، بەڵکو وێنە و تابلۆکانی ڕابردوو، یا پێش لە دایکبوونی دەق تێهەڵچوونەوەیان بۆ دەکرێت و لە قاڵبێکیتر سەر لەنوێ ڕۆماننووس دایاندەڕێژێتەوە. ئەمەش لە ڕێی وەسپە وورد و جوانەکانی ڕۆماننووسەوە گەڵاڵە دەبێت.

**( نیگارکێشەکە هەموو لێزانی خۆی سەبارەت بە گوڵەکان، کارزانی و جادووی دەستەکانی و ڕووناکیی چاوەکانی بۆ مێشەکانی ئەو گوڵانە بەکارهێنابوو لەسەر ڕووی ڕۆشنایی تابلۆکەدا باخێکی بەهەشتی وێناکردبوو. گوڵ و دیسان دەریایەکی درەوشاوەی خستبووە نێو چوارچێوەوە، دەریایەك کە لەپنتێکی زۆر دوور، لە نێو قووڵایی پەرتەوێکی خرۆشاودا کۆتایی دەهات. لە بان ئەو تۆپەڵە درەوشاوەیە تاقە گوڵێك لە ڕۆشنایی ڕووابوو بە گەڵایەکی مەیلەوشین کە خۆی لە ئاسمانی شین دەنەخشاند. گوڵ ڕەنگێکی سحراویترینی گوڵان بوو بێ دووقاز، دوور لەیەکدی، لە کاتێکدا پشتیان لە گوڵە ورشەدارەکە کردبوو، ڕاست بەرەو لا لێوارەکە دەهاتن، قازێکی تریش، بە باڵی کراوەوە، لە مەودای نێوان دووقازەکەی دی دەهاتە خوار ).**

(( بروانە فورات خوێناویە، ل ٢١ ))

دۆلفینەکانی دەریا، سەرنجی ڕۆماننووس بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن، و ناچاری دەکەن دەستەوەستان نەوەستێت و دەست و پەنجەکانی لەگەڵ پیت و ووشە و ڕستەکان تەواو نەرم بکات، و وێنەیەکی تەواو هونەری جوانییان بکێشێت، و ڕەنگەکانی وێنەکێشان ئاوێتەی ڕەنگەکانی تیشکی خۆر دەبن و لە دەریادا ڕەنگدەدەنەوە.

**(.... دۆلفین زۆرزانە، بۆچی خۆیان نازانن؟**

**....کاتی خۆر بەرەو ئاوابوون دەچێ دەریا ڕاست و بێ گرێ خۆرئاوابووەکە هەزار ڕەنگ دەخاتە دەریاکەوە، شین، سەوز، تورنجی و سوور... دۆلفینەکان بە یاریکردن سەر ئاوەکە دەکەون.... بەیانیانیش کە خۆرەکە قاشێکی دەردەکەوێت، ئەو کاتانەش دێنە سەرئاو و خۆیان دەردەخەن و لەسەر ئاوەکە دەردەکەون...)**

(( دەریا تۆرا، ل ٨١ ))

## پەراوێزەکانی بەشی سێیەم :-

------------------------------


(١) مقدمة في نظرية الأدب، د.عبدالمنعم تليمة، دار الثقافة القاهرة، سنة ١٩٧٦، ص ١٩١ .

(٢) ڕێبازە ئەدەبییەکان، د.هیمداد حوسێن، دەزگای موکریانی، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، ل ١٦٥ .

(٣) رائحة الجوافة غابريل غارسيا ماركيز، ترجمة فكرى بكر محمود، دارمنارات للنشر، الاردن، ١٩٨٩، ص ٧ .

(٤) المصدر السابق ، ص ٧ .

(5 ) Introduction To Magical Realism: Theory, History, Community, Faris, Wendy B. And Lois parkinson Zamora, ١٩٩٢, P. ٥ .

( ٦) Introduction To MaGical Realism: Theory, History, Community, Faris, Wendy B. And Lois parkinson Zamora, ١٩٩٢, P. ٤-٣ .

(٧) Magical Realism, Bowers, Maggie A. New York: Routledge. ٢٠٠٤, P.٣٥.

(٨) کولتوور و ناسنامەی کورد، فیلیپ کرینبروك و کریستییە ئالیسۆن، وەرگێڕانی ووریا ڕەحمانی، دەزگای موکریانی، هەولێر ساڵی ٢٠٠٨، ل ٢١ .

(٩) بەجیهانبوون، کولتوور، شوناس، ئەحمەد گوڵمحەمەدی، وەرگێڕانی عەبدوڵڵا بەهرامی، دەزگای موکریانی، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، ل ٢٣٦ .

(١٠) ئەدەب و دیالۆگ، کۆمەڵێ گفتوگۆی ئەدەبی، وەرگێڕانی سەنگەر زراری، دەزگای موکریان، هەولێر، ساڵی٢٠١١، ل١٢٧.

(١١) الرواية التأريخية في الأدب العربي الحديث، دكتور قاسم عبده قاسم و دكتور أحمد ابراهيم الهوارى، دارالمعارف، القاهرة،١٩٧٩، ص ٢٣ .

(١٢) المصدر نفسه ، ص ٥٨ .

(١٣) متعة الرواية، د.احمد زياد صحبك، دارالمعرفه، لبنان، سنه ٢٠٠٥، ص ٥٢ .

(١٤) The Historical Novel. Penguin Books, Lukacs, Geog, ١٩٨٩,P.١٥.

(١٥) ئەم زانیاریانە هەمووی لە کتێبی کورد و باکووری کوردستان، محمد رسول هاوار ، وەرگیراوە .

(١٦) بۆ ئاشنا بوون بە زانیاری ووردتر و زیاتر لەم سەرچاوەیە بڕوانە :-

کورد و باکووری کوردستان ، محمد رسول هاوار ، بەرگی یەکەم ، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوەی وەرگێڕان ، سلێمانی ، ٢٠٠٨ ، ل ٤١٢ تا ٤١٨ .

(١٧) نووسەرانی بوێروئازا ، نازم حیکمەت و یەشار کەمال و عەزیز نەسین ، وەرگێرانی شوکور مستەفا ، دەزگای ئاراس ، هەولێر ، ساڵی ٢٠١٠ ، ل ١٤٨ .

(١٨) القصة في الأدب السوداني الحديث، د.محمد زغلول سلام، معهد البحوث والدراسات العربية، ١٩٧٠، ص ٣٤ .

(١٩) المصدر السابق ، ص ٣٤ .

(٢٠) دارسات في القصة العربية الحديثة، الدكتور محمد زغلول سلام، منشأة المعارف بالأسكندرية، سنة ٢٠٠٣ ، ص ١٠٨ .

(٢١) The Plan For Novel Writing, Marsh, Eran, Writers Diget Books, ١٩٩٨, ١٤٥P.

(٢٢) Instant remedies for novels, stories, and scripts obstfeld, ray mond, writers digest books. ٢٠٠٧, p.٦٥.

(٢٣) The Hydras Tale. Imagining Disgust, R, Raw don Wilso, ٢٠٠٢, P.٢٨.

(٢٤) نووسەرانی بوێروئازا، نازم حیکمەت و یەشارکەمال و عەزیز نەسین، وەرگێرانی شوکور مستەفا، دەزگای ئاراس، هەولێر، ساڵی ٢٠١٠، ل ١٤٦ .

(٢٦) Myth, Encyclopedia Britta, Kirk, ٢٠٠١, P.٨.

(٢٧) An early Moment In The Discourse Of Terrorim Reflections On Anale from Marco polo. Comparative Studies In Society And History, Lincoln, Bruce, ٢٠٠٦, P. ٢٤٢ .

(٢٨) قصة في العراق جذورها وتطورها، الدكتور يوسف عزالدين، معهد البحوث والدراسات العربية، ١٩٧٤، ص ٤٥ .

(٢٩) خمسة مداخل الى النقد الادبي، ويلبرس سكوت، ترجمة عناد غزوان اسماعيل و معمر صادق الخليلى، دار الرشيد للنشر، ص ٦٨ .

(٣٠) اشكال الرواية الحديثة، وليام فان اوكونور، ترجمة نجيب المانع، دار الرشيد للنشر، ١٩٨٠ ، ص ١٦٤.

(٣١) یەشار کەمال سەبارەت بەخۆی دەدوێت، ئالآن باسکۆی، وەرگێرانی بەکر شوانی، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوە سلێمانی، ساڵی ٢٠١١، ل ٢٩٠ .

(٣٢) Medievalism And The Fantasy Heroine, Jane Tolmie, ٢٠٠٦, P.١٤٥.

(٣٣) The Encyclopedia Of Fantasy, John Grantany John Clute, ١٩٩١, P.٣٣٨.

(٣٤) "The Weakplacein The Cloth", Fantasists On Fantasy Jane Langton, Robert H.Boyer And Kenneth J.Zahors, ٢٠٠١, P.١٦٣.

(٣٥) The Hills Of Faraway: A guide to Fantasy, Diana Waggoner, ١٩٩٧, P.١٠.

(٣٦) بەڵێ من عاشقی فرووغی فەروخزاد بووم، فەرهاد پیربال، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ساڵی ٢٠١١، ل ٤٦ .

(٣٧) الفضاء الروائي عند جبرا ابراهيم جبرا ، د.ابراهيم جنداری ، دار الشؤون الثقافية ، بغداد ، سنه ٢٠٠١ ، ص ١٠٩ .

(٣٨) The Future Of Nostalgia, Boym, Svetlana, Basic Books, ٢٠٠٢, P. Xiv.

(٣٩) اتجاهات جديده فی الادب، جون فليشتر، ترجمه نجيب المانع، دارالسحريه للگباعه، بغداد، ١٩٧٤، ص ١٥١ .

(٤٠) ئەدەب و فەلسەفە، نووسین و وەرگێرانی کەریم دەشتی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ل ٦٣ .

(٤١) Roaring Alligators And Burning Tigers, Poetryes Darwin, ٢٠٠٣, P.٣٠٤ .

(٤٢) Human Nature And Conduct, John Dewey, New York, Helt And Co., ١٩٩٢, P.١٠٢ .

(٤٤) Grecien Gradeurs And The Rude Wasting Of Old Time, Casey, Christopher, ٢٠٠٨, P.٣٠.

(٤٥) الرواية في الأدب الفلسطيني ١٩٥٠ – ١٩٧٥ ، د.أحمد عطية أبو محمد ، دار الرشيد، ١٩٨٠، ص ١٩٠ .

(٤٦) الواقيعيه فی الروايه السوريه، فيصل سماق، دار البعپ الجديده، ١٩٧٩ ، ص ٢٩٠ .

(٤٧) موجز تاريخ الادب الامريکی، بيترهای، ترجمه هيثم علی حجازی، دار الميسرة، الاردن، ٢٠٠٣ ، ص ١٠١-١٠٢ .

(٤٨) القصة القصيرة في امريكا ، رای ب.وست، ترجمه سمير عزام، مراجعه جبرا ابراهيم جبرا، دار صادرو دار بيروت، ١٩٦١، ص ٥٢-٥٣ .

(٤٩) المصدر نفسه ، ص ٧٣ .

(٥٠) بەڵێ من عاشقی فرووغی فەروخزادبووم ، فەرهاد پیربال ، چاپخانەی شەهاب ، هەولێر، ساڵی ٢٠١١، ل ١٣٧ .

(٥١) آفاق الفن ، الكسندر إليوت، ترجمه جبران ابراهيم جبرا، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ١٩٧٩ ، ص ٨٢ .

(٥٢) الفن فی اوروبا، الدكتور عفيف البهنسی، دارالرائد العربی، ١٩٨٢ ، ص ٣٥٠ ، ٣٥١ .

(٥٣) الفن التشكيلي المعاصر في العراق، عادل كامل، دارالعربية للطباعة والنشر، بغداد ، ١٩٨٦ ، ص ٨ .

(٥٤) ڕەنگ لەڕەنگداندا، ئەحمەد سالار، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠٠٩ ، ل ٧٤ .

(٥٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٧٩ .

# ئـــەنجـــام

# ئــەنجــام

١. ناسنامەی نەتەوەیی ، وەك پرسێكی هەستیار و پەیوەست بە هەموو لایەنەكانی نەتەوە ، یەشار كەمال لە سەر لەبەری ئەو ڕۆمانانەی كە خراوەتە بەر تیشكی لێكۆڵینەوەكە ، توانیویەتی ئەم پرسە بە شێوەی جیاجیا بخاتە ڕوو و هەڵوەستەی لە سەر بكات ، لە ڕێی گوتاری ئەدەبییەوە بەرجەستەی بكات .

٢. ڕۆماننووس ، لە ڕۆمانەكانییدا ناسنامەی نەتەوەیی بە مانە شەتەك داوە وەك ناسنامەی نەتەوەیی و كولتوور ، ناسنامەی نەتەوەیی و كەلەپوور ، ناسنامەی نەتەوەیی و ئەدەبیاتی فۆلكلۆری ، ناسنامەی نەتەوەیی و تاك ، ناسنامەی نەتەوەیی و كۆمەڵگە ، ناسنامەی نەتەوەیی و سروشت ، ناسنامەی نەتەوەیی شوێنكات ، ناسنامەی نەتەوەیی و ڕووداوی مێژوویی.

٣. خوودی یەشار كەمال ، و نەتەوەی كوردیش ڕوو بە ڕووی توونددترین سیاسەتی زەبر و زەنگ و توند و تیژی بوونەتەوە ، بۆ ئەوەی ناسنامە نەتەوەییەكەیان بشێوێندرێت و دواتر لێیان بسەندرێتەوە ، بەڵام ڕۆماننووس لە سۆنگەی ڕۆمانەكانییەوە ئەوە ڕوون دەكاتەوە ، نە خۆی وەك تاكێك ، نە نەتەوەكەشی ئامادە نەبوونە سازش لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بكەن و حاشا لە بەها نەتەوەییەكانییان بكەن ، بەڵكو خودی دەقەكانی ڕۆماننووس جەخت كردنەوەیە لە زیندوو ڕاگرتنی ناسنامەی نەتەوەیی وپێداگری كردن لە سەریدا .

٤. ڕۆماننووس ، لەگەڵ ئەوەی گرنگیی بە ناسنامەی نەتەوەیی داوە لە ڕۆمانەكانییدا ، بەڵام هەرگیز وای نەكردووە ئەم پرس و بابەتە دەقەكان بخنكێنێت ببن بە ووتار و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی و بیر و بۆچوونی ڕاگوزاریی . واتە ڕۆماننووس توانیویەتی هاوسەنگییەكی تەواو چێبكات ، لە نێوان ناسنامەی نەتەوەیی و ڕەگەز و تەكنیكەكانی ڕۆمان لە كەسێتی ، و كات ، و شوێن ، و ڕووداو ، و گێڕانەوە ، و دایەلۆگ ، و مۆنۆلۆگ ، و فلاش باگ ، و فەنتازیا ، و ئەفسانە ، و شێواز .... هتد .

٥. بەهۆی هونەرمەندێتی و شارەزایی یەشار كەمال ، هەست بە هیچ سنوورێكی لە یەك دابڕاو ناكرێت ، لە نێوان ژانری ڕۆمان و گەلێك لە بابەت و بواریتر . بەتایبەت ژانری ڕۆمان و یاد و یادگە و یادەوەری منداڵی ، ژانری ڕۆمان و ئەفسانەسازی ، ژانری ڕۆمان و بیرەوەری یاداشت و گەشتی ژیان ، ژانری ڕۆمان و هونەری شێوەكاری .

٦. ڕۆمانەكانی یەشار كەمال ، بە تایبەت ئەو ڕۆمانانەی لە لایەن ئێمەوە بە ئامانج كراوە شایستەی ئەوەن نەك هەر لە بواری ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبییەوە تیشكییان بخرێتە سەر ، بەڵكو چەشنە بەرهەمێكن دەتواندرێت لە بواری كۆمەڵناسی و مرۆڤناسی كوردییەوە لێیان بكۆڵدرێتەوە ، و ببن بە سەرچاوەیەكی بە پێزی ئەم بوارانە ، و بە مەش هێندەیتر ڕۆڵ دەگێڕن لە ناساندنی ناسنامەی نەتەوەیی كورد .

٧. لە ڕۆمانەكانی یەشار كەمال دا ، ململانێ پانتاییەكی زۆری داگیر كردووە ، بێگومان ئەم بارەش ڕەنگدانەوەی خودی ژیانی ڕۆماننووس و نەتەوەكەیەتی ، چونكە ئاشكرایە چ خودی ڕۆماننووس ، چ نەتەوەیەكی ستەمدیدەی وەك كورد بەردەوام لە سەنگەری پێشەوەی ململانێیەكان دا بووینە . ئەم

ململانێیانەش بەم شێوەیە خۆیان دەنوێنن : ململانێی مرۆڤ و مرۆڤ ، ململانێی مرۆڤ و سروشت ، ململانێی مرۆڤ و خود ، ململانێی مرۆڤ و ئایین و ئایینزاکان .

٨. بەرهەمەکانی ڕۆماننووس ، بە وەسفی دوور و درێژ ناسراوە ، و بە جۆرێك ئەگەر ڕووکەشانە لێی بڕواندرێت وا هەست دەکرێت ڕۆماننووس پەنای بۆ هووشەکاری بردووە و وەسفی شت و دیاردەکان دووبارە و چەند بارە دەبنەوە و سواونەتەوە . بەڵام گەر لە وەسفەکانی ڕۆماننووس ڕابمێنین و وورد بینەوە دەگەینە ئەو بیر و باوەڕەی وەسفەکان هەموویان ئامانجدار و پەیامدارن ، و تەنانەت سەرلەبەری وەسفەکان هەرگیز لە یەکتر ناچن و تەواو لە یەکتر جیان و دووبارەییان تێدا بەدی ناکرێت . خوێنەر بەچاکی کەمەندکێشی دەقەکان دەبێت ، و دەبێتە بەشێك لە خودی وەسفەکانی نێو دەقەکان .

٩. ئەگەر دەقەکانی ڕۆماننووس بخەینە بەر تیشکی خوێندنەوەیەکی ورد ، ئەوا بەتەواوی ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە خودی دەقەکان بە تەنیا گوزارشت نین لە شت و دیاردە ڕاست و ئاسایی و باو و بینراوەکانی سروشت و ژیانی مرۆڤەکان ، بەڵکە ڕۆماننووس جلەوی بۆ خەون و خەیاڵ و حەز و ئارەزو و خولیاکان و بابەتی لەم چەشنانە شلکردووە ، و دەقی بەرەو ئاراستەی واقیع و ئەندێشە ئاراستە کردووە .

١٠. ڕووانین و شیکردنەوەی ڕۆمانەکانی یەشار کەمال ، بەو ڕاستییەمان دەگەیەنێت کە گرێچنی ڕووداوەکان مەبەستی دوو سەرەیان هەیە ، و هەم وەك پێویستییەکی دەق ، و هەمیش وەك لایەنی جوانکاری دەق بەکار هاتوون ، و دەقەکانیشی بە جووڵە خستوون .

١١. یاخیبوون دەبێتە ناوەندێك ، کە خودی ڕۆماننووس زۆر جەختی لە سەر دەکاتەوە . یاخیبوونیش لای ڕۆماننووس و کارەکتەری دەقەکانی وەك ئەرك و پێویستییەك وایە بۆ ڕەواندنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ و هەڕەشە و شەرم ، و وەستانەوە و ڕوو بە ڕوو بوونەوەیە لە هەمبەر توند و تیژی و تۆقاندن و چەوساندنەوە و داگیرکاری .

١٢. ڕۆمانەکانی یەشار کەمال ، و خودی کەسێتی ڕۆماننووس هەڵگری تووماکی بوێری و ئازایین ، چونکە کاتێك ڕۆماننووس دیمەن و دیاردەیەکی نێو کۆمەڵگەکەی دەخزێنێتە نێو دەقەوە ، هەر بە ئەوەندە ناوەستێت تەنیا وەك خۆیان وێنەیان بگرێت و بیانگێڕێتەوە و شێوەیەکی وەسفی بنوێنن . بەڵکو خامەی ڕۆماننووس وەك نووکی نەشتەر وایە ، تاکو کۆمەڵگەکەی پێ شی دەکاتەوە و ڕوو بە ڕووی ڕەخنەیان دەکاتەوە .

١٣. بونیادی مەعریفیی و ئەدەبیی یەشار کەمال ، پێوەندی بە خود ، یا متمانە کردن بە خود ، و ئینجا ژینگە و کاریگەریی نووسەر و ئەدیبانیترەوە هەیە .

١٤. ڕۆماننووس ، بە شێوەیەکی جوان و سەرنج ڕاکێش وێنە و وێنای کۆمەڵگەی کوردی کردووە ، و لە نێو سەرتاپای کۆمەڵگەی کوردیش سێ نەخۆشی هەرە کوشندەی وەك دواکەوتوویی و چینایەتی و نا داد پەروەری دەست نیشان کردووە ، و پێی وایە ئەمانە وایان کردووە تا ڕادەیەك کۆمەڵگەی کوردی بە چەقبەستوویی بمێنێتەوە .

١٥.ئەدەبی فۆلكلۆر بە هەموو بابەتەكانییەوە ، دەبنە كۆلەگە و پاشخانێك بۆ خودی یەشار كەمال ، و ڕەنگڕێژكردنی ئەم جۆرە ئەدەبییاتە لە بەرهەمەكانی ، و دواتر دەبنە هۆكار و پاڵنەرێك بۆ ئەوەی ڕۆماننووس خۆی لە ترۆپكی داهێنان دا ببینێتەوە.

١٦.ڕۆماننووس ، باوەڕی بە خوا ، و بە ڕێكەوت هەیە ، هەر بۆیە چارەنووسی كارەكتەرەكان و بیر و باوەڕەكانییان ، و ڕاییكردنی ڕووداوەكان ، بەمانەوە بەستراونەتەوە و ڕۆڵ دەگێڕن لە ئاراستەكردن و پەرچە كردارەكانییان .

١٧.وێنە پەرجوویی و ئەفسونی و ئەفسانەیی و فەنتازیایی و ئەندێشەییەكانی یەشار كەمال ، ڕوویەكی جوانییان بە یەكە یەكەی دەقەكان بەخشیووە ، و بوونەتە هۆكارێك بۆ ئەوەی وێنە ڕاستەقانییەكان جوانتر و پڕ ماناتر خۆیان بنوێنن .

١٨.بەهۆی لە دەستدانی بەشێك لە بینایی لە تەمەنێكی پڕ هەستیاری وەك منداڵیەتی ، ڕۆماننووس ئەم بارە لە دەروونیدا ڕەنگیداوەتەوە و خۆی لە نەستی مەلاس داوە ، كەم تا زۆر لە زۆربەی دەقەكانیدا ئەم بارەی بەرجەستە كردووە ، و خۆی چوواندووە بە باڵندە و مەلی باڵشكاو .

# لیستی سەرچاوەکان

## دەقی ڕۆمانەکان


١. مارەکەیان بکوشتایە ، و.ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل ، دەزگای ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٢.

٢. گەمییەکەی نووح ، و.ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل ، بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێران ، سلێماني ، ٢٠٠٥

٣. باڵندەکانیش کۆچیان کرد ، و.ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل ، دەزگای وەرگێران ، هەولێر ، ٢٠٠٧.

٤. بڕوانە فورات خوێناویە ، و. ڕێباز مستەفا ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، ٢٠٠٨.

٥. دەریا تۆرا ، و.ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، ٢٠٠٩.

٦. ئەفسانەي کوێر ئۆغڵی ، وەرگێڕانی شوکر مستەفا ، دەزگای ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٩.

٧. تەنەکە ، وەرگێڕانی شوکر مستەفا ، دەزگای ئاراس ، هەولێر ٢٠١٠.

٨. کاریتە یا ئەودیوی چیا ، وەرگێڕانی شوکر مستەفا ، دەزگای ئاراس ، هەولێر ٢٠١٠.

٩. زەوي ئاسن ، ئاسمان مس ، وەرگێڕانی شوکر مستەفا ، دەزگای ئاراس ، هەولێر ٢٠١٠.

١٠. ئەوديوي کوێستان ، گیاي نەمر ، وەرگێڕانی ڕەسووڵی سوڵتانی ، دەزگای موکریاني ، ٢٠١٠.

١١. ئەفسانەی چیای ئاگری ، وەرگێڕانی شوکر مستەفا ، دەزگای ئاراس ، هەولێر ٢٠١٠.

١٢. حەمەدۆك (ب١) ، و.عەبدوڵڵا حەسەن زادە ، دەزگای موکریانی ، هەولێر ، ٢٠١٢.

١٣. حەمەدۆك (ب٢) ، و.عەبدوڵڵا حەسەن زادە ، دەزگای موکریانی ، هەولێر ، ٢٠١٢.

١٤. حەمەدۆك (ب٣) ، و.عەبدوڵڵا حەسەن زادە ، دەزگای موکریانی ، هەولێر ، ٢٠١٢.

١٥. حەمەدۆك (ب٤) ، و.عوسمان ئیسماعیلي ، دەزگای موکریانی ، هەولێر ، ٢٠١١.


## سەرچاوەکان بە زماني کوردی


١٦. ئەدەب و دیالۆگ، کۆمەڵێ گفتوگۆی ئەدەبی، وەرگێڕانی سەنگەر زراری، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠١١.

١٧. ئەدەب و فەلسەفە، نووسین و وەرگێڕانی کەریم دەشتی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی .

١٨. ئەدەبیات بۆ؟، ماریوبارطاس یۆسا، وەرگێرانی بۆ فارسي عبداللە کوثری، وەرگێرانی بۆ کوردی دڵشاد خۆشناو، ماسی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠١١.

١٩. ئەزموونی خوێندنەوە، چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٢٠. ئەنترۆثۆلۆجیا ، ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، دیار عەزیز شەریف، دەزگای چاپ و پەخشی ڕێبین، هەولێر، ٢٠٠٤.

٢١. بەجیهانبوون و شوناسی نەتەوەیی، کۆمەڵە ووتارێکي وەرگێردراوە، وەرگێرانی ئازاد وەڵەد بەگی، چاپخانەی دیلان، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٢٢. بەجیهانبوون، کولتوور، شوناس، ئەحمەد گوڵمحەممەدی، وەرگێرانی عەبدوڵڵا بەهرامي ، دەزگای موکریانی ، هەولێر ، ٢٠٠٧.
٢٣. بەڵێ من عاشقی فرووغی فەروخزاد بووم، فەرهاد پیربال، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١١.
٢٤. توێژینەوەي سایکۆلۆژي لە داهێنانی شیعریدا، ثامر حسن جاسم، وەرگێرانی حەمەی ئەحمەد ڕەسوڵ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠.
٢٥. جەیمز جۆیس، ج.ئی.م.ستیوارت، وەرگێرانی عەتا نەهایی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٢٦. جۆرج لۆکاچ، ئیمري جۆرج، وەرگێرانی مەنسوور تەیفووری، بەڕێوەبەرایەتي خانەی وەرگێران، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٢٧. ڕازو ڕەمزەکاني ڕۆمان، دیدارو چاوپێکەوتنی چەند ڕۆماننووسێك، وەرگێرانی محەمەد کەریم، دەزگای چاپ و پەخشي سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٢.
٢٨. ڕەنگ لەڕەنگداندا، ئەحمەد سالار، بەڕێوەبەرێتي چاپ و بڵاوکردنەوەي سلێمانی، ٢٠٠٩.
٢٩. ڕێبازە ئەدەبییەکان، د.هیمداد حوسێن، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٧.
٣٠. شاعیري مرۆڤدۆست نازم حیکمەت، سەربەست کەرکوکی، دەزگای چاپ و پەخشي سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠.
٣١. چەمکە ئەنترۆپۆلۆژییەکان، دیار عەزیز شەریف، چاپخانەی مەحوی، هەولێر، ٢٠٠١.
٣٢. فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی ، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد ، بەڕێوەبەرێتي چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێماني ، ٢٠١١.
٣٣. کاریگەری کولتووری ئەوان لەسەر کورد ،عەتا قەرەداغی ، چاپخانەی وەزارەتي ڕۆشنبیري ، سلێماني ، ٢٠٠١.
٣٤. کەلەپورنامەي کوردەواری، یاسین حەسەن گۆران، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٩.
٣٥. کورد لە یاداشتەکانی ئارچی ڕۆزڤێلت دا، وەرگێرانی کارزان محەمەد ، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران ، سلێماني ، ٢٠٠٣.
٣٦. کورد و باکووری کوردستان ، محمد رسول هاوار، بەرگی یەکەم ، بەڕێوەبەرێتي گشتی چاپ و بڵاوکردنەوەی وەرگێران ، سلێمانی ، ٢٠٠٨.
٣٧. کورد و بونیاتنانی ئوممەت ، مارتن برۆنسین ، وەرگێرانی محەمەدي مشیر ، دەزگای موکریانی ، هەولێر ، ٢٠٠٧.

٣٨. كوردەكاني ئەستەمبۆڵی كۆن ، ڕۆهات ئالاكۆم ، بەكوردی كردنی ئەحمەد تاقانە ، دەزگای موكريانی ، هەولێر ، ٢٠٠٥ .
٣٩. كوردستان : كۆلۆنييەكی نێودەوڵەتی ، دكتور ئيسماعيل بێشكچی ، وەرگێڕانی ڕێبوار رەشيد ، چاپخانەی ڕۆشنبيري ، هەولێر ، ١٩٩٣.
٤٠. كولتوورو ناسنامەي كورد، فيليث كرينبروك و كريستيية ئاليسۆن، وەرگێڕانی ووريا رەحمانی، دەزگای موكريانی، هەولێر ٢٠٠٨.
٤١. كولتوورو ناسيۆناليزم ، د.ڕەفيق سابير ، مەڵبەندی كوردۆلۆجی ، سلێماني ، ٢٠٠٨.
٤٢. لێكۆڵينەوەی ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی، د.عيزەددين مستەفا ڕەسووڵ ، چ ٣ ، دەزگای ئاراس ، هەولێر ، ٢٠١٠.
٤٣. ناودارانی جيهان ، كەريم شارەزا ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٤٤. نووسەرانی بوێرو ئازا، نازم حيكمەت و يەشار كەمال و عەزيز نەسين ، وەرگێڕانی شوكور مستەفا ، دەزگای ئاراس ، هەولێر ، ٢٠١٠.
٤٥. يەشار كەمال سەبارەت بەخۆی دەدوێت ، ئالان باسكۆی ، وەرگێڕانی بەكر شوانی ، بەڕێوەبەرێتيي چاپ و بڵاوكردنەوەی سلێمانی ، سلێمانی ، ٢٠١١.

## سەرچاوەكان بە زمانی عەرەبی

٤٦. إتجاهات جديدة في الادب، جون فليشتر، ترجمة نجيب المانع، دارالسحرية للطباعه، بغداد، ١٩٧٤.
٤٧. أثر التراث الشعبي في الرواية العراقية الحديثة، صبري مسلم حمادى، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ١٩٨٠ .
٤٨. اشكال الرواية الحديثة، وليام فان اوكونور، ترجمة نجيب المانع، دار الرشيد للنشر، ١٩٨٠.
٤٩. آفاق الفن ، الكسندر إليوت، ترجمة جبران ابراهيم جبرا، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ١٩٧٩.
٥٠. أفول المعني في الرواية العربية الحديثه، فخري صالح، دارالفارس للنشر والتوزيع، الاردن، ٢٠٠٠ .
٥١. البطل المعاصر في الرواية المصرية، احمد ابراهيم الهوارى، دارالحررية للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٧٦.
٥٢. تأصيل النص، محمد نديم خشقه، مركز الانماء الحضارى، حلب ، ١٩٩٧.
٥٣. التشكيل الروائي عند نجيب المحفوڤ ، د.محمد أحمد القضاة ، دارالفارس للنشر والتوزيع ، الأردن ، ٢٠٠٠.
٥٤. تطور فن القصة القصيرة مصر، سيد حامد النساج، دارالكتاب العربي للطباعة والنشر بالقاهرة، ١٩٩٨.
٥٥. خمسة مداخل الي النقد الادبى، ويلبرس سكوت، ترجمة عناد غزوان اسماعيل و معمر صادق الخليلى، دار الرشيد للنشر .
٥٦. دارسات في القصة العربية الحديثة، الدكتور محمد زغلول سلام، منشأة المعارف بالٌاسكندريه، ٢٠٠٣ .

٥٧. دراسات في الاصلاح الزراعي، د.عبدالصاحب العلوان، بغداد، سنة ١٩٦١.
٥٨. رائحة الجوافة غابريل غارسيا ماركيز، ترجمة فكري بكر محمود، دارمنارات للنشر، الاردن، ١٩٨٩.
٥٩. الرواية التأريخية في الأدب العربي الحديث، دكتور قاسم عبدة قاسم و دكتور أحمد ابراهيم الهوارى، دارالمعارف، القاهره،١٩٧٩.
٦٠. الرواية العراقية وقضية الريف، باقر جواد الزجاجى، دارالرشيد، بغداد، ١٩٨٠.
٦١. الرواية اليابانية الحديثه، عبدالواحد محمد، دارالشؤون الثقافية العامه، بغداد، ١٩٨٦.
٦٢. الرواية في الادب الفلسطيني ١٩٥٠ – ١٩٧٥ ، د.أحمد عطية أبو محمد ، دار الرشيد، ١٩٨٠.
٦٣. صورة المرأة المصرية في الرواية المعاصره، د. طه وادى، مركز متب الشرق الاوسط، قاهره، ١٩٧٣ .
٦٤. الفضاء الروائي عند جبرا ابراهيم جبرا ، د.ابراهيم جنداري ، دار الشؤون الثقافية ، بغداد ، ٢٠٠١.
٦٥. الفن التشكيلي المعاصر في العراق، عادل كامل، دارالعربية للطباعة والنشر، بغداد ، ١٩٨٦.
٦٦. الفن في اوروبا، الدكتور عضيف البهنسى، دارالرائد العربى، ١٩٨٢.
٦٧. الفولكلور قضاياه وتأريخه، يوري سوكولوف، ترجمة حلمي شعراوي و عبدالحميد حواسى، الهيئة المصرية العامة للتأليف والنشر، ١٩٧١ .
٦٨. في الادب الفرنسي المعاصر، د.سامية احمد أسعد، الهيئة المصر القلعة لكتاب، ١٩٧٦.
٦٩. القصة القصيرة في امريكا ، راي ب.وست، ترجمة سمير عزام، مراجعة جبرا ابراهيم جبرا، دار صادر و دار بيروت، ١٩٦١.
٧٠. القصة في الأدب السوداني الحديث، د.محمد زغلول سلام، معهد البحوث والدراسات العربيه، ١٩٧٠.
٧١. القصة في العراق جذورها وتطورها، الدكتور يوسف عزالدين، معهد البحوث والدراسات العربية، ١٩٧٤.
٧٢. قضايا القصة العراقية المعاصرة، عباس عبد جاسم، دار الرشيد، ١٩٨٢ .
٧٣. متعة الرواية، د.احمد زياد صحبك، دارالمعرفة، لبنان، ٢٠٠٥.
٧٤. المسألة القومية في الاتحاد السوفياتي ، ايفان عزوشيق ، ترجمة فارس غصوب ، دارفارابي ، بيروت ، ١٩٧٣.
٧٥. مقدمة في الفولكلور، د.أحمد علي مرسى، دارالثقافة للطباعة والنشر، القاهره، ١٩٧٥ .
٧٦. مقدمة في نظرية الأدب، د.عبد المنعم تليمه، دار الثقافة القاهرة، ١٩٧٦.
٧٧. ملتقي القصة الأول، اعداد: دائرة الشؤون الثقافية، بغداد ١٩٧٨.
٧٨. موجز تاريخ الأدب الأمريكى، بيترهاى، ترجمة هيثم علي حجازى، دار الميسرة، الاردن، ٢٠٠٣.
٧٩. انفتاح النص الروائى، سعيد يقطين، المركز الثقافي العربى، ١٩٨٩.
٨٠. الواقعية في الرواية السورية، فيصل سماق، دار البعث الجديده، ١٩٧٩.

## سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزي :


81. Against Inter Textuality, Irwin, William, 2004
82. Ahand BOOK OF CRITICAL APPROACHES TO LITERATURE, Guerin, Wilfred, ETAL, HARPERANDROW, 1979.
83. An early Moment In The Discourse Of Terrorim Reflections On Anale from Marco polo. Comparative Studies In Society And History, Lincoln, Bruce, 2006 .
84. An Introduction To Theory In Anthro Pology, Layton, Robert, Cambridge. Cambridge University Press, 1998.
85. Anthropology, Paul Bohannan, New York, Holt, Rinehart And Winston, 1996.
86. Colonialism: Athoretical Overview Trans. Shelley Frisch, Osterhammel, Jurgen, Makus Weiner Publishers, 2005.
87. Companion To Linguistic Anthropology, Durant, Alessandro ed., Malden, Black Well, 2004.
88. Confessions Of Belonging: My Motiol Journey As Amedical Translator, Hurdm E., 2010.
89. Culture and civilization, elkley, Richard, the university of Chicago press, 2002.
90. Encyclopedia Of Nationalism, Volume 1, Motyl, Santiago, California, USA. London, England uk. Academic Press, 2001.
91. Grecien Gradeurs And The Rude Wasting Of Old Time, Casey, Christopher, 2008.
92. Human Nature And Conduct, John Dewey, New York, Helt And Co., 1992.
93. Instant remedies for novels, stories, and scripts obstfeld, ray mond, writers digest books. 2007.
94. Inter Textuality, Allen, Graham, 2005.
95. Introduction To Magical Realism: Theory, History, Community, Faris, Wendy B. And Lois parkinson Zamora, 1992.

96. Kurdish Women, Encyclopedia Of Women And Islamik Culture, Boston Mausa Josephsuad, Najm Badi, Afsaneh, Eds, Brill Academic Publishers, 2003.
97. Literary Theory And Criticism, Patricia Waugh, OUP, 2006.
98. Literature And Artifacts, Tanselle, G.Thomas, University Of Virgina, 1998.
99. Magical Realism, Bowers, Maggie A. New York: Routledge. 2004.
100. Medievalism And The Fantasy Heroine, Jane Tolmie, 2006.
101. Multicultural Citizenship, Kymlicka, Wik, Oxford: Oxford University Press 1995.
102. Myth, Encyclopedia Britta, Kirk, 2001.
103. Origins: Saussure, Bakhtin, Kristeva “I Allen, Inter Textuality” The New Critical Idiom, Allen, Graham, London. Routledge. 2010.
104. Personal Identity And Socialst Racture In Sint Martin/ Saint Martin: Aplural Identities Approach, Rumens, J., Newyork, Newyork University, 1993.
105. Post-Colonial Theory, Hart, Jonathan; Goldie, Terrie, Toronto, University Of Toronto Press, 1993.
106. Preface To Colonialism, Tignor, Roger, Markus Winner Publishers.
107. Racism Encyclopedia Of Race, Ethnicity And Society, R.Schaefer, 2008.
108. Racism: A global reader. Reilly, Kevin, Kaufman, Stephen; Bodino Angela, Armonk, N.Y: M.E.Sharpe, 2003.
109. Recovering Morality. Pragmatic Sociology And Literary Studies, Dromi, S,M, Louze,E,1993.
110. Reflections on the politics of culture, Christian parenti, 1999.
111. Roaring Alligators And Burning Tigers, Poetryes Darwin, 2003.
112. Simmel: on individuality and social forms, Levine, Donald, Chicago university press, 1991.
113. Sociology, macions, gerber, john, Linda, toranto university press, 2010.
114. The Encyclopedia Of Fantasy, John Grantany John Clute, 1991.

115. The Formative Yars, Johnson, Christopher, Claude Levi-St Rauss, Cambridge University press, 2003.
116. The Future Of Nostalgia, Boym, Svetlana, Basic Books, 2002.
117. The Hills Of Faraway: A guide to Fantasy, Diana Waggoner, 1997.
118. The Historical Novel. Penguin Books, Lukacs, Geog, 1989.
119. The Hydras Tale. Imagining Disgust, R, Raw don Wilso, 2002.
120. The Niagara Componion Explorers, Artists And Writers At The Falls, From Discovery Through The Twentieth Century, Revie, Linda L., Wilfrid Laurier University Press, 2003.
121. The Plan For Novel Writing, Marsh, Eran, Writers Diget Books, 1998.
122. The Politics Of Literature, Ranciere, Jaques, Polity Press, Cambridge, 2001.
123. The Weakplacein The Cloth", Fantasists On Fantasy Jane Langton, Robert H.Boyer And Kenneth J.Zahors, 2001.
124. Thinking From Things: Essaysin The Philosophy Of Archeology, University Of California Press, 2002.
125. Western Images Of Womans Rolein Kurdish Society In Women Of Anonstatenation, The Kurds, Ed, By Shahrzadmojab, M.Gallette, Costamesa Publishers, 2001.

## سەرچاوەکانی ئەنتەرنێت

١٢٦. http://ar.wikipedia.org/wiki/%D9%8A%D8%B4%D8%A7%D8%B1_%D9%83%D9%85%D8%A7%D9%84
١٢٧. http://archive.lalishcenter.org/index.php?option=com_content&view=article&id=1119:2009-07-29-23-24-47&catid=36:2009-02-02-12-45-41&Itemid=63
١٢٨. http://bahoz.hostoi.com/wehab-talebany99.html
١٢٩. http://bas-news.net/ar/ArticleDetail.aspx?articleid=965
١٣٠. http://www.annabaa.org/nbanews/51/197.htm
١٣١. http://www.yek-dem.com/adab%20we%20fan=2-23-2-2006.htm
١٣٢. http://ykurdistan.com/vb/showthread.php?t=25275